# راما‌ن
RAMAN

154

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم / ساڵی چواردە / ئاداری ٢٠١٠

**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان / هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦ – ٤٤٩٤٦٦٢

(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨

تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی / دهۆک

نرخ / ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان

● **سەروتار**


- «پێداچوونەوە» بە وەرگێڕانەکانماندا کارێکی پێویستە/ سەرنووسەر/ 3


● **دەق**


- نووح لە دامرکاندنەوەی لافاو شارەزایە/ زانا خەلیل/ 6
- شەو کراسی نارنجییە/ هاشم سەراج/ 8
- ئەی یار.. نا نا.. ئەی هاوڕێ/ عەبدولڕەزاق بیمار/ 10
- ڕەنگین کەڤان/ مەریوان سندی/ 11
- چەپکێ شیعر/ لە فارسییەوە: جەلال هانیسی/ 13
- ڕێگایەک بۆ ئاسمان/ حوسێن ئەحمەد/ 15
- شەممەی نووسەرێک تا پلیکانی حەوتەم/ کاوە عیزەتخا/ 18
- هەستی بێ کەڵکی/ بەکر دەروێش/ 22
- چوارەمین کەس/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 25
- هێسرێن چڤیکان/ چیا مازی/ 28
- ڕامانی پاک لە تەنیاییدا/ موحسین محەممەد/ 30


● **هەڤپەیڤین**


- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (عەلی دەسماڵی)ی شاعیر و ڕۆژنامەنووس/ ئا: عادڵ محەممەدپوور/ 40
- وتووێژێک لەگەڵ (ناسر کەریمی)ی نووسەر و هونەرمەند/ ئا: سەلاح نیساری/ 51


● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**


- کۆکردنەوەی دژەکان و لێکچووەکان لە ڕۆمانی «پێنجەمین کتێب»دا/ ئارام سدیق/ 56
- تەکنیک لە ڕۆمانی درێژترینساڵدا/ سالار ئیسماعیل سەمین/ 65
- گەشتنامەکانی گۆران چەند هەنگاوێک لەودیو گەشتنامەی شیعرییەوە/ عەبدوڵڵا قەرەداغی/ 73
- پۆست مۆدێرنە و ڕەگوریشەکەی وەک چەمک و مەعریفە/ وەهبی ڕەسووڵ/ 82


● **هزر و فەلسەفە**


- نیکۆلاوس کوستانوس.. کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست/ د. حەمید عەزیز/ 89
- فەلسەفەی ئاکار و تێگەیشتن لە نەریت/ پێشرەو عەبدوڵڵا/ 97


● **وتار**


- زیندەخەو، زمان و چەند ڕەگەز لە پێکهاتەی داڕشتندا/ هادی حەبیبی/ 108
- ڕەخنەی ڕەخنە (ئەرک و بنەماکانی)/ کارزان کەریم ئەمین/ 113


● **خوێندنەوەی کتێب**


- لەگەڵ «دەبێ، یان نابێ!؟»ی شێکسپیر و هاملێتدا/ مارف خەزنەدار/ 118
- (چنینەوە) ژیان و خەم/ کەمال غەمبار/ 123


● **گەشت**


- سەفەرێک بەرەو چین/ دانا ڕەئووف/ 132


● **مێژوو**


- گەشتێک لە (سۆمەر)ەوە بۆ بەهەشتی (عەدن)/ لە عەرەبییەوە: وریا ئەحمەد/ 146


● **هونەر**


- ورشەی گوڵەستێرەکانی شانۆییەک/ د. سەلام فەرەج کەریم/ 153


● **زاراوەسازی**


- دیالۆگ/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 157


● **نرخاندن**


- چواردە ساڵی ڕامان لە حەوت خاڵدا/ عەبدولخالق یەعقووبی/ 159


● **سووکە لەنگەر**


- هونەری شێوەکاری کوردی پشتیوانی زیاتری دەوێ/ سلێمان شاکر/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# «پێداچوونەوە» بە وەرگێڕانەکانماندا کارێکی پێویستە

**سەرنووسەر**

* هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆکە «پێداچوونەوە» لە کاری وەرگێڕاندا لەلای ئێمە بەکارێکی ناپێویست و جۆرێک لە عەیبە زانراوە، وەرگێڕی ئێمە پێی نەنگە و لای وایە لە هەیبەت و گەورەیی ئەو کەم دەبێتەوە، وەرگێڕانی خۆی نیشانی کەسانی لەخۆی شارەزاتر بدات، بۆیە هیچ بایەخێک بەو لایەنە گرنگە نەدراوە. لە پرۆژەکانی وەرگێڕاندا، پێداچوونەوە هەر بە تەنیا بۆ بەراوردکردنی نێوان دوو زمانەکە نییە، بەڵکو پێداچوونەوەیە بە زمانی وەرگێڕانەکەشدا، چونکە بەهۆی زمانەکەیەوە وەرگێڕانەکە دەبێتە بەشێک لە کولتووری نەتەوەیی نەتەوەکە. لەکاتێکدا لەلای ئەو میللەت و نەتەوانەی بایەخی بەرچاو و شایانی باسیان بە بزاڤی وەرگێڕان داوە، گرنگییەکی زۆر بەکاری «پێداچوونەوە» بە وەرگێڕانەکانیان دراوە و لەلایان بووەتە نەریتێکی باو، مەگەر تەنیا ئەو (وەرگێڕ)انە ئەمە نەکەن کە ئەزموونی دوورودرێژیان لە بواری وەرگێڕاندا هەیە و بە تەواوی بەسەر هەردوو زمانی بۆ وەرگێڕاو و لێ وەرگێڕاودا هەیە، لە هەندێ داوودەزگای وەرگێڕانی لای خۆشیان، هەر خۆیان ناهێڵن ئەو کارانە بەبێ پرۆسەی «پێداچوونەوە» و بەراورد کردنیان بە دەقی بنچینەیی وەرگێڕدراوەکە بەسەریاندا تێپەڕێ، ئەمەش بۆ پاراستنی ناوبانگی دەزگاکە و ئاستی خۆیانە، چونکە نایانەوێ قومار بەو ناوبانگەی خۆیانەوە بکەن و وەرگێڕی ناشی و ناکارە و تازەکار بێت و بە ئارەزووی خۆی بەناو بکەوێ و پەلاماری گەورەترین و گرنگترین و هەستیارترین شاکاری دنیا بدات و خۆی لێیمان بکاتە فس فس پاڵەوانی مەیدانی وەرگێڕان و ئەو دەزگایەش ڕیکلامی بۆ بکات و بیخاتە ڕیزی وەرگێڕە بەناوبانگ و خاوەن ئەزموون و مێژوو و بەتوانایەکانەوە، لەکاتێکدا زۆر لەو وەرگێڕانانە ئەگەر لەگەڵ دەقی ئەسڵییاندا پێک بەراورد بکرێن، ئەوە دەبینین وێرانن و هیچیان بەسەر هیچەوە نییە، چونکە زۆر کەمیان بەسەلامەتی لەو پێداچوونەوە و بەراوردکردنانەدا دەردەچن، تەنانەت هەندێکیان نوکتەی سەیریان لێ دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی شتی عەنتیکەیان تێدا قەوماوە کە هەرگیز کاری کردە نییە، تەنانەت ئەو زانیاری و بیروڕایانەی لەو وەرگێڕانانە وەردەگیرێن، زانیاری چەواشەی پڕ لە هەڵە و چەوتین.

* خوالێخۆشبوو (د. ئاوڕەحمانی حاجی مارف) کە لەلایەک ڕووسی زان و لەلایەکی دیکەشەوە زمانزان بوو، کوردییەکی باشی دەزانی، بەڵام هەرچی لە ڕووسییەوە وەری دەگێڕا دەیدایە حەمەی مەلا کەریم تا بە وەرگێڕانە کوردییەکەیدا بێتەوە، تەنانەت لەسەر بەرگی کتێبە چاپکراوەکانی خۆی دەینووسی (پێیداچووەتەوە و دایڕشتووەتەوە)، ئەوکاتە ئەم کارە مقۆمقۆیەکی لەناو ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا نایەوە. دەیانپرسی بۆچی کەسێکی ڕووسی و کوردیزان، قەیناکە وەرگێڕانەکەی پێداچوونەوەی بۆ کراوە و زمانەکەی چاک کراوە، وەلێ خوێنەری ئەوکاتانە، وشەی (دایڕشتووەتەوە) یان پێ قووت نەدەچوو، بەڵام ئایا ئەم کارەی (د. ئاوڕحمان حاجی مارف) ئەوپەڕی خاکەڕایی و بێ فیزی و لە خۆبوردوویی نییە؟ ئەم ئەو کارەی لەکاتێکدا کردووە کە کەسانی وا هەبوون و هەن تا لای ئەژنۆی ئەو نە ڕووسی و نە کوردییان نەزانیوە و کاتێک کارێکی لەو جۆرەیان کردووە و دەستیان بۆ وەرگێڕانێک بردووە، پێیان بچووکی بووە کەسێک بە زمانی وەرگێڕانەکەیاندا بێتەوە، یان بۆیان بەراورد بکرێ و هەوڵ بدرێ وەرگێڕانەکەیان بە پاک و پوختەیی و ڕەوانی و بێ کێشە و گرفت و ئاڵۆزی بخرێتە بەردەستی خوێنەرانەوە، چونکە ئەو جۆرە کەسانە لە بنەڕەتەوە نە مەبەستیان خزمەت کردن و نە خوێنەری کوردە، ئەوەندەی مەبەستیان ناوبانگی خێرا و دەسکەوتی خێرایە، بەتایبەتی ئێستاکە کە بە پارەی مفت ئەو کارە بەخەڵکانێک دەسپێردرێ کە مەبەستیانە بڵێن فڵانە دەزگا، فڵانە کتێبی گرنگی وەرگێڕاوە، ئیتر هیچ حسابێک بۆ مێژوو و ئایندە ناکەن کە چۆن ئەو کارە جێ بەجێ دەکرێ. وەرگێڕ کە جاران حیسابی وشەی بۆ دەکرا و یەکسەر پارەکەیان دەدایێ، ئەمڕۆکە حیسابی لاپەڕەی بۆ دەکرێ، بۆیە حەز دەکات زۆرترین لاپەڕە بە زووترین کات وەربگێڕێ و

زۆرترین دەسکەوت و داهات و پاداشت و خەڵات بۆ خۆی حەڵاڵ بکات. ئەگەر وەرگێڕێک ڕێز لە عەقڵی خوێنەران بگرێ هەرگیز بەو ئاراستەیەدا کار ناکات.

* لەلای میللەتانی دەرودراوسێ و میللەتانی دیکەشدا زۆرجار کتێبی گرنگ و قووڵ و هەستیار لیژنەیەک دەکەونە وەرگێڕانی، یان دەزگایەک بە لیژنەیەکی چەند کەسیی دەسپێرێ، ئەمەش بۆ زاڵ بوونە بەسەر وەرگێڕانەکەدا و دیقەت کردنە لە هەردوو زمانەکەدا، بەتایبەتی ئەم لیژنەیە بۆ وەرگێڕانی کتێبی تیۆری و ڕەخنەیی و هزری و فەلسەفی تەرخان دەکرێت. ئازایەتی نییە کەسێک بە تاقی تەنیا بکەوێتە وەرگێڕانی کتێبێکی قەبە کە هەموو کەس لە عۆدەی نایەت و ناوێرێ دەستی بۆ ببات، تەنیا بۆ ئەوەی وەرگێڕەکەی بیسەلمێنێ و ئەوە بەدەربخات کە ئەو بە تەنێ دەتوانێ ئەو کارە گەورەیە بکا و خۆی لە قەرەی بدات، چونکە لێرەدا گرنگ ئەوەیە ئەو وەرگێڕە چەند دەتوانێ هەقی وەرگێڕانی دەقەکە بدات. کەسێکی وەک جەبرا ئیبراهیم جەبرا کە بەشێخی وەرگێڕەکان ناودەبرا جارێکیان لێیان پرسی تۆ کە دەرەقەتی وەرگێڕانی (الصخب والعنف)ی فۆکنەر هاتووی، چۆنە ناکەویتە سەر وەرگێڕانی (یۆلسیس)ی جێمس جۆیس؟ جەبرا کە خۆشی ڕۆمانی بە زمانی ئینگلیزی دەنووسی گوتی: پێی ناوێرم و ناتوانم خۆم لە قەرەی کارێکی وا گەورە بدەم، چونکە فرۆفێڵی لەفزی زۆری تێدایە، هەروەها لە زمانەکەیدا چەند شێوەزارێک بەکارهاتووە کە من نایانزانم و دەسەڵاتم بەسەر هەموو ئەو شێوەزارانەدا ناشکێ تا وا بە ئاسانی بکەومە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی. ئەوە لەلای من لوتکەی هەست کردن بە بەرپرسیارەتییە لەلای وەرگێڕێک و زانینی قەبارە و توانایی خۆیەتی. ئەم خاکەڕایی و زانینی توانستە زاتییەی ئینسان وا دەکات (وەرگێڕ) خۆی لێ نەگۆڕێ و تووشی خەیاڵ پڵاوی و واهیمەی بکات، یان وا بزانێ خۆی هەموو شتێکە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو جۆرە کتێبێکدا هەیە وەری بگێڕێ، چونکە لەلای ئێمە زۆرن ئەوانەی لە توانایی خۆیان تێ نەگەیشتوون، کەچی پێیان وایە بە پەلاماردانی کار و پرۆژە و شاکاری گەورە، وادەزانن گەورە دەبن. خۆ کە پێیان دەگوترێ کاکە گیان تۆ جارێ ماوتە دەست بۆ کاری وا گەورە ببەیت، یان ناکرێ ستەم لەو داهێنەرە گەورەیە بکرێ و شانۆنامەیەکی بازرگانی، یان کورت کراوەی لێ وەربگێڕی، چونکە مەرج نییە تۆ کە دەرچووی بەشی زمانی ئینگلیزی بوویت، ئیدی دەرەقەتی وەرگێڕانی هەموو کارێک بێیت، کەچی برای نەرگسی و لەخۆباییمان لە جیاتی ئەوەی ئەو بیروڕایەت بە دڵسۆزییەوە لێ وەربگرێ، جارێ سەری کەپووی دەزووڕێتەوە، ئەوجا با قسەکەی تۆ ڕاستیش بێ. دواییش کە هەرزەکاریی تەمەن و هەرزەکاریی نووسین تێدەپەڕێنێ و ساڵانێکی زۆر دەگوزەرێ، کاتێک پێویستە ڕۆژگار و ئەزموون پتر ئەو بیروڕایەی بۆ بسەلمێنێ، کەچی بە ئامان و زامان دەسبەرداری هەرزەکاریی و هەرزەگۆیی نابێت و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئێمە دەبوایە درۆی لەگەڵدا بکەین و بەناوی هاندان و دەستگیرۆیی کردنەوە بیخەڵەتێنین. ئەرێ کێ ئەو مافەی بە فەریکە وەرگێڕێک داوە شانۆنامەی شەکسپیر کورت بکاتەوە و دەستکاری بکات؟ شەکسپیرێک کە وشەیەکی لەخۆڕا دانەناوە، چۆن دەکرێ لێی بقرتێنرێ و بینای شانۆنامەکەی لێ تێک بدرێ؟ کەسێک عاقڵ بێت و سەرەتای وەرگێڕانی بێت، چۆن لەو سەرەتایەوە بێ سێ و دوو پەلاماری وەرگێڕانی شەکسپیر دەدات؟

* ئێمەی کورد مەگەر بە ڕێکەوت دوو (وەرگێڕ) کە ئاگایان لە یەکدی نەبووە کتێبێکیان لەیەک کاتدا وەرگێڕابێ، یان لە بێ ئاگایی ئەو وەرگێڕانەی کە ئاگایان لە کارەکانی ڕابردوو نییە و نەیانزانیوە پێشتر چی کراوە و هەر بەڕێکەوت کەوتبێتنە سەر وەرگێڕانی دەقێک، دەنا دووبارە و سێ بارە وەرگێڕانەوەی دەق و کتێبە گرنگەکانمان نەکردووە بە بەرنامە و بە نەریت. تەنیا شتێک لە بواری فرە وەرگێڕاندا لەلای ئێمەدا بە (بەرنامە) کرابێ، وەرگێڕانی چوارینەکانی (خەییام)ە، پێم وایە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە جارێ بە وەرگێڕانی زۆر دەق و کتێبی گرنگ ڕانەگەیشتووین تا بە فرە وەرگێڕانەوە خەریک بین. بۆ نموونە عەرەبەکان بۆ زۆر لە شاعیر و داهێنەرەکانی بواری ڕۆمان و شانۆنامە و چیرۆک و نۆڤلێت ئەم فرە وەرگێڕانییەیان بەجێ گەیاندووە، لەوانەش بۆ نموونە شیعرێکی (لامارتین) دەهێنینەوە کە بەناوی (دەریاچە)ەوە تا ئێستا زیاتر لە چەند جارێک بە شیعر و بە پەخشان وەریان گێڕاوە، دەشڵێن وەرگێڕانە پەخشانییەکەی (ئەحمەد حەسەن ئەلزەیات) لە هەموو وەرگێڕانەکانی دیکە وردبینی زیاتری تێدا کراوە کە بەم جۆرەی وەرگێڕاوە:

**أهكذا قضى الله أن نمخر في عباب الحياة**
**مدفوعين في ظلام الأبد من شاطيء الى شاطيء**
**دون أن نملك الرجوع الى ملجأ، أو الرسو ذات يوم على مرفأ؟!**
**أنظري أيتها البحيرة! هاهو ذا العام قد كاد**
**يشارف تمامه، وأنا وحدي بجانب أمواجك الحبيبة**
**أرتقب عبثا عودة جوليا اليها. جالسا فوق الصخرة**
**التي كنت ترينها جالسة عليها..!**

(عەلی مەحموود تاها)ش ئەم شیعرەی (لامارتین)ی بەم جۆرە وەرگێڕاوە:

**ليت شعري أهكذا نحن نمضي**
**في عباب الى شواطيء غمص**
**و نخوض الزمان في جنح ليل**
**أبدي يضني النفوس و ينضي**

هەروەها (د. نیقۆلا فەییاز) هەمان شیعری بە شیعر کردووە بە عەرەبی و دەڵێ:

**أهكذا أبدا تمضي أمانينا**
**نطوي الحياة و ليل الموت يطوينا**
**تجري بنا سفن الأعمار ماخرة**
**بحر الوجود ولا نلقى مراسينا**

هەر ئەو شیعرە لەلایەن (د. إبراهيم ناجي)یەوە بەم شێوەیە کراوە بە عەرەبی:

**من شاطيء لشواطيء جدد**
**يرمي بنا ليل من الأبد**
**ما مر منه مضى، فلم يعد**
**هيهات مرسى يومه لغد**

ئیدی خوێنەری خاوەن چێژ و ورد و بە سەلیقە مەگەر خۆی

بزانێ لەناو ئەو چوار وەرگێڕانەدا کامیان جوانترە و کام وەرگێڕەیان سەرکەوتووانەتر لەوەی دیکەیان ئەم پارچە شیعرەی وەرگێڕاوە؟ لەکاتێکدا جیاوازی زۆریش لەنێوان هەر چوار وەرگێڕانەکەدا بەدی دەکرێ. ئەوە ئەگەر بەگوێرەی قسە و بیروڕای هەندێ کەسی لای خۆمان بێ، نابێ وەرگێڕەکانمان ئەو شیعرە لە جارێک زیاتر خۆیانی پێوە خەریک بکەن و وەری بگێڕنەوە، یان نابێ ئەو هەموو جیاوازییە زەق و زۆرەش لەنێوان وەرگێڕانەکانیاندا هەبێ، چونکە بەپێی قسەی ئەوانە بێ، ئەگەر «جیاوازی» هەبوو، ئەوە بە دوور لە دەستپاکی و «نائەمین»ی ناوزەد دەکرێ و مۆری مایەپووچی بە تەختی تەوێڵی وەرگێڕەکەیەوە دەنێن، دەنا دەبێ هەموویان لەکەسی یەکەمیان وەرگرتبێ و وەرگێڕانی یەکەم ڕتووش کرابێ و بڵاوکرابێتەوە، کە ئەم بیروڕایەش زۆر گێڕ و سەقەتە و لە ڕاستییەوە دوورە.

* هۆیەک لە هۆیەکانی پاشەکشەکردنی وەرگێری کورد لە وەرنەگێڕانی شیعر و چیرۆک و بابەتەکانی دیکەی نووسەرانی کورد بۆ سەر زمانی دووەم ئەوەیە کاتێک دەبینرێ ئەو وەرگێڕە دەکەوێتە سەر وەرگێڕانی چەپکە شیعری چەند شاعیرێک، یان چەپکە چیرۆکی چەند چیرۆکنووسێک بۆ سەر زمانی دووەم، ئینجا ئەوە زمانی عەرەبی، یان فارسی، یان هەر زمانێکی دیکە بێت، بێ گومان وەرگێڕەکە بۆ (هەڵبژاردن)ی دەقەکان بەپێی چێژ و ڕۆشنبیری و ئاگاداری و پێوەرە ڕەخنەیی و ئیستێتیکییەکانی خۆی دەکەوێتە کارکردن و هەوڵ دەدات ئەو دیمەنە بەپێی تێگەیشتنی خۆی بۆ زمانی دووەم بگوێزرێتەوە و بنەخشێنێ، کەچی لە پاش بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی تووشی زۆر تانووت لێدان و ناحەزی و هەراو زەنا دەبێتەوە، بە تایبەتی لەلایەن ئەوانەی خۆیان پێ شاعیر و چیرۆکنووسی گەورە و چاکە و هەر ئەوانە دەپرسن و پێیان وایە کە بۆچی دەبێ ئەو وەرگێڕانە بەرهەمی ئەوانی نەگرتبێتە خۆی و ئەم چەپکە وەرگێڕانە بۆچی (شاکار!)ی ئەوانی تێدا نییە؟ چۆن دەبێ ناوی ئەو نەیەت و نەخرێتە ڕیزەوە؟ ئەگەر سەرەتا مەرایی و مامە حەمەیی بۆ وەرگێڕەکەی بۆ نەچووبێتەسەر، یان بە هەزار شێوازی تایبەت بەخۆی نەیتوانیبێ خۆی لە وەرگێڕ نزیک بخاتەوە و خوان و میوانداری و ئاین و ئۆین و جاری وا هەیە (خەڵات) و (دیاری)ی پێش وەختیش دادی نەدا و جێی خۆی نەگرت، یان کاریگەری و جادووی خۆی بەسەر وەرگێڕەکەوە نەبوو، ئەوە پاشقوڵ گرتن بەرانبەر «وەرگێڕ»ەکە دەستپێدەکات، پاشان خۆیان «وەرگێڕ» بۆ بەرهەمەکانیان دادەتاشن و وەرگێڕی تایبەت بۆ خۆیان و کارە نەکڵۆکەکانیان دەدۆزنەوە و بەڕادان دەدەن، بەمەش بزاڤی وەرگێڕان لە ڕاستەڕێی خۆی لادەدەن و دۆخەکەی دەشڵەژێنن و باری سەرنجێکی ناشیرین و شێواو لە بارەی دیمەنی داهێنانی کوردی دەدەنە خوێنەرەکانی زمانی دووەمەوە.

* ئێمە کە پێویستە وێنەیەکی گەشی ئەدەبیاتی کوردی و نموونەی هەرە جوانی شیعر و چیرۆک و نووسینی کوردی وەربگێڕینە سەر زمانی دووەم، کەچی لەوەشدا میزاج و هەندێ جار بەرژەوەندی تایبەتی، خۆی بەسەر کار و وەرگێڕانەکانماندا سەپاندووە، زۆرجار دەبینین ئەوانەی بەرپرسی داوودەزگایەکی ئەدەبی و کولتوورین و دەسەڵاتی زۆریان هەیە و لەبەر دەستە، یان لە پەنای حەجەکەوەن و دەستیان دەگاتە شوێنە بەرزەکان، ئەو جۆرە وەرگێڕانە کە دڵنیان لەوەی ئەو کەسانە دەتوانن دەمیان چەور بکەن، یان بیانگەیەننە شوێنی مەبەست، بۆیە ئەو «وەرگێڕ»انە دەکەونە کارکردن بۆیان و دەکەونە وەرگێڕانی کارەکانیان، ئەوانە دڵنیان لەوەی ئەو دەست ڕۆیشتووانە دەتوانن زوو وەرگێڕانەکانیان بۆ لە چاپ بدەن، ئەو بەرپرسانەی داوودەزگا و کەناڵە ڕۆشنبیری و ئەدەبیانەش دەزانن بازاڕ بۆ خۆیان بدۆزنەوە و شیعر و چیرۆک و بەرهەمی خۆیان بە وەرگێڕان بدەن و ئیش بۆ خۆیان بکەن، با لەولاوەش شیعر و چیرۆک و داهێنانە جوانەکانیش سەرکزۆڵە لە شوێنی خۆیان بمێننەوە. ئەگەر وا نییە با پرسیارێکی گرنگ هەیە و لە خۆمانی بکەین: ئەمڕۆ ڕێژەی وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەر و ئەدیبە مردووەکان بە بەراورد لەگەڵ زیندووەکان چەندە؟ ئەگەر مەبەست لە وەرگێڕان خزمەت گەیاندن و ناساندنی کولتوور و داهێنانی میللەتێکە بە گەلانی دیکە، ئەی بۆ ڕوو ناکەنە وەرگێڕانی شیعری کلاسیکی کوردی، پێش وەرگێڕانی ئەو شیعر و چیرۆکە بێ سەروبەر و بێ نموودانە؟ باشە ئەگەر مەبەست لە وەرگێڕانەکە دڵسۆزییە بۆ داهێنان ئەی بۆ (هەر بۆ نموونە) شیعری شاعیری وەک (هەردی) و (دیلان) و (کامەران موکری) و (جەلالی میرزا کەریم) وەرناگێڕن؟ ئایا ئەوە لەبەر ئەوە نییە کە وەرگێڕانی شیعری ئەوانە نیسکان نایینی و هیچی لێ شین نابێ؟ ئایا وەرنەگێڕانی شیعری (جەمال شارباژێری) و (ئەنوەر قادر جاف) و کێ و کێی دی لەبەر ئەوە نییە کە ئەو جۆرە کەسانە دوورن لە ناوەندەکە و خەریکی ئیش کردن بۆ خۆیان نین؟ کەی ڕاستە خۆمان بە وەرگێڕانی شیعری کاڵوکرچ و چیرۆکی کەم خوێن و لاواز و بێ نموودەوە خەریک بکەین؟ ئایا نیشاندانی ئەو شیعرۆکە و میعرۆکانە بە خەڵکانی دەرەوەی خۆمان، پێشکەش کردن و نیشاندانی ئاستی لاواز و دواکەوتووی ئەدەبی میللەتەکەمان نییە؟ لەکاتێکدا لەپێش ڕاپەڕین بەرنامەیەک هەبوو کە ڕژێم پیادەی دەکرد و دەیویست هەمیشە لە ڕێگەی وەرگێڕانی ئەو ئەدەبە لاوازەوە بڵێت کورد میللەتێکی دواکەوتووە و لە فۆلکلۆر زیاتر هیچی دیکەی نییە و ئێمە خێرمان پێ کردووە و چاکەیەکی زۆر گەورەمان لەگەڵدا کردووە کە ئەو فشە مافانەمان داوەتێ؟!

* عەرەبەکان لە چوارچێوەی بزووتنەوە سەرتاپاگیرییەکەی وەرگێڕانی خۆیاندا کە لەسەردەمی عەباسییەکاندا دەستی پێ کردووە کاری گرنگیان کردووە و بناغەیەکی پتەویان بۆ «وەرگێڕان»ی خۆیان داناوە، پێویستە کوردیش چاخێکی زێڕینی لەو جۆرە بۆ خۆی دەست پێبکات، واتە دەبێ وەرگێڕانەکانمان لە پرۆژەی تاکەکەسییەوە بگوێزینەوە بۆ پرۆسەیەکی بەردەوام و چالاک و کاری نەوعیی تێدا ئەنجام بدرێت. داخەکەم ئێمە وەک چۆن لەپاش ڕاپەڕین نەمانبیستووە قوتابییەک کە دەوام ناکات، یان قوتابییەکی تەمبەڵ و تەوەزەل کە هەق نییە دەربچێت، کەچی هەمیشە لەپاڵ قوتابییە جددی و زیرەکەکان دەردەچن، بە هەمان دەستووریش نەمبیستووە کەسێک کە خۆی پێ بلیمەتی مەیدانی وەرگێڕانە و کتێبان وەردەگێڕێ، کتێبەکەی هەر ئاستێکی هەبووبێ حەتمەن بۆی چاپ کراوە، لێرە نا، لەولا، لەو دەزگایە نا، لە دەزگایەکی دی خۆت بگرە هاتم، ئیدی ئەو وەرگێڕە چۆن خۆی پێشدەخات و چۆن بەخۆی دادێتەوە؟ بۆیە لەپاش چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی، نەک ڕەخنە و گلەیی لە کەس قەبووڵ ناکات، بگرە بیروڕایەکانی زۆر لەخۆی و لە نووسەرە گەورەکانی جیهان گەورەترن. لەکۆتاییدا ئەو سەرە قەڵەمانەی لەو چەند وتارەدا نووسیمانن، دەرەنجامی کۆبوونەوە و کەڵەکە بوونی باری سەرنج و تێبینی و ئەزموون و خوێندنەوەی خۆم بووە کە ساڵانێکە لەلام گەڵاڵە بوون و ئێمە لە گۆڤاری ڕامان-دا بەو بەرنامە و بۆچوون و سیاسەتەوە لە بواری وەرگێڕاندا کارمان کردووە.

# نووح لە دامرکاندنەوەی لافاو شارەزایە

زانا خەلیل

**پێنجشەممەیەک خۆی ڕادەخات**

پێنجشـەممـەیەک دەبێتە لاپەڕە
تا بە قەڵەمی درەخت لەسـەری بنووسـین:
ڕوان.
ئێمـە لەسـەری دەنووسـین: خەون.

پێنجشـەممـەیەک دەبێتە خۆر
بۆ ئەوەی ئێمـە بە ڕۆشـنایی
خۆمـان بشـۆرین..
چاوە زەردەکان بە پێکەنینـەوە دەڵێن: ترس.

پێنجشـەممـەیەک
زەمـین و خوا گۆرانییـان گوت
ئێمـە حەزمـان کرد
گوێ لـە خـەیاڵ بگرین
لەبەر ورێنە هیچ لە خـەیاڵ تێنـەگـەیشـتین.

پێنجشـەممـەیەک، لای مـاڵتان پڕە لە تاکسـی
شـوفێرەکان شـارەزان لـە ئەدرێسـە نهێنییـەکان
لەولا مـاڵێک هـەبوو وەکو دوورگە
ئێمـەش لێومـان هـەیە بۆ مـاچ
زمـان بۆ خوێندنەوەی جـەسـتە
پێنجشـەممـەیەک خۆی ڕادەخـات
ئێمـە بە پێکەنینـەوە هـاوار دەکەین
با خـەون بچێ لـەسـەری بخـەوێ.

**نووح لە دامرکاندنەوەی لافاو شارەزایە**

کە باران لـە جامی ئۆتۆمبێلـەکەی دا
نووح ئاخیر پێکی هـەڵدا
چاوسـوور.. هێلاک
بە نزمی گۆرانی دەگوت
باشـبوو لافاو زوو هـات
بەڵام نووح لـە دامـرکاندنەوەی لافاو شـارەزایە
بە مـاچێک



نه هیلاکی و نه لافاو
هیچ شتێک نەما
بۆ بەیانی کە باران لە جامی ئۆتۆمبێلەکەی دا
نووح ئاخیر پێکی هەڵدا
چاوسوور.. هیلاک
بە نزمی گۆرانی دەگوت
باشبوو لافاو زوو هات
بەڵام نووح لە کپکردنەوەی لافاو شارەزایە
بە ماچێک
نه هیلاکی و نه لافاو
هیچ شتێک نەما
بۆ بەیانی کە باران لە جامی....

نا نا ئەوە لافاو نییە،
گەمەیەکە عاشقان حەزی لێ دەکەن.

### ناوی خۆت بنێ خۆشەویستی

من عاشقی شیعرم
شیعر خۆشەویستی خۆشدەوێ
خۆشەویستی منی خۆشدەوێ
من خۆشەویستەکەی خۆمم خۆشدەوێ
ئەو تەنیا هەندێ جار منی خۆشدەوێ
دەی توخوا ناوی خۆت بنێ خۆشەویستی
بۆ ئەوەی تا هەتایێ منت خۆشبوێ
چونکە خۆشەویستی
بۆ هەمیشەیی منی خۆشدەوێ.

### شێت بوون لە نێوانی عیشق و ڕقدا


پێرێ شێت ببووی لە عیشقی مندا
دوێنێ شێت ببووی لە ڕقی مندا

ئەمڕۆ
گومانم نییە
کە هەمدیس بەشێتی دەتبینمەوە

بەڵام نازانم
لە عیشقی من
یان لە ڕقی من؟

# شەو کراسی نارنجییە

هاشم سەڕاج



(١)
شـەو لـەژێر گڵۆپە تیشـک مۆرەکە
کراسـە پرتەقاڵییـەکەی دادەکەنێ
شـەو لـەژێر گڵۆپە تیشـک مۆرەکە
سـتیانە ڕەشـەکەی
شـەو لـەژێر گڵۆپە تیشـک مۆرەکە
ئاوەڵکراسـە ئاگرییـەکەی
کە
ئامێزی بۆ دەکەمـەوە
لـە
گورزە تیشـکێکی سـپی
بەولاوە
هیـچی دیم بۆ
دەسـگیر
ناکرێ!

(٢)
مـن نەک هـەر
پێکەنینـە زەرد باوەکە و
کراسـە پرتەقاڵییـەکە و
ڤێللا ڕەشـەکە و
شـەوبۆی بەرمووبەقە
جوانەکەشـتم
خۆشـدەوێ!

(٣)
نازانم
نە
تۆ
شـیعرێکی
نارنجیت
نە
شـیعر
کراسـە
نارنجییـەکەی
تۆیە
کە
ڕوخسـارت
دەردەکەوێ
دڵ

دەبێتە
تیشکخانەیەک
لە
نارنج و
ڕوحیش
ڕەنگخانەیەک
لە
غوبارە
مۆسیقییەکانی
مەرگی
ناوادەی
نارنجی!

(٤)
شەو کراسی نارنجییە
ڕۆژ کراسی نارنجی
شەو لەبەر تیشکی مۆری
گڵۆپە سوورەکە
کراسە
پرتەقاڵییەکەی
داکەند
دەمم
نا
بە
گۆپکەی
لیمۆ
تورتەکانی
خەیاڵێکی
سپی
بردمییەوە
و
خۆم
لە فیردەوسی
لەززەتخانەیەکی
زەردا
دۆزییەوە
هێدی هێدی
تەمەنی پەرشوبڵاوم
بە
ڕەنگی
مەرگی
نارنجی
و
مەرگی
ڕەنگی
نارنجی
دەسپارد!

٢٠٠٨/١٠/٢٥

# ئەی یار.. نانا.. ئەی هاوڕێ

عەبدولڕەزاق بیمار
(کۆیە)



ئەوا لەژێر شووشەی سپی چاویلکەدا
چاوت هەروا ئاورینگ دێنێ
لەو کانییە ڕووناکەدا
تیشکی موژدە، ئاوێنەی دڵم دەدوێنێ.
چۆن بتوانم؟
چۆن بتوانێ هەنگی تینوو
بەسەر پێڵووی بەنازتەوە
جادووی تیشکی کانی چاوت
بەچاو بمژێ؟
چۆن بتوانم پەرژینی ساڵان بشکێنم
جگە لە گوڵە بنەوشەی (چاک و چۆنی) و
قاوتە وشەی ڕێبوارانە
گوڵە باخی لە توێی دەفتەردا مات داوم
دەربهێنم؟
❊ ❊ ❊
ئای ئەو ڕۆژە!
یادگارت ورووژاندم
هەستی وێڵم
چۆن بتوانم جڵەو بکەم؟
– «ئێستا چۆنی؟
«ئێستا لە کوێی؟
«چیت پێ بڵێم؟ چیم پێ دەڵێی؟
ڕۆژگاری بێ بواری جاراغمان
نوقمی نەفرین بێ!
دیلی چارەنووسی ڕەش بووم
هەی زەمانە ڕووڕەشی ناخی زەمین بێ!
❊ ❊ ❊
دە بەو دەس و خەتە وردەت
بۆم بنووسە ناوونیشانت
ئەی یار.. نانا.. ئەی هاوڕێی
بەڕێز، ئەی خانم!
ئەی بلبلی سەر باڵکۆنی تەلارەکە
کێ بوو بەند بەند
بەستەی سەرگەرمی دڵداری
سەردەخست بۆ لای تۆی هیوای دڵدارەکە؟
تۆ ئەمڕۆکە وڵاتێکی
من ناتوانم هێڵی سنوور ببەزێنم
هەر دەستخەتی ناوونیشانت
بەسە خۆی پێ بخافڵێنم..
خۆ دەزانم
لەو کتێبە پەڕپووتەدا
گەڕانەوە بۆ سەر دەرسی یەکەم نابێ.
بەڵێ هاوڕێی ناسیار.. خانم!
بەند و دەسرازەی سەوز و سوور
لە بێشکەی ژین ناپچڕێنم
تێر بۆم بڕوانە.. بزانە
هێشتا شایان کاروانی تۆم؟
ئەی ناسیار و هاوڕێکەی خۆم!

# رەنگین کەڤان

مەریوان سندی
(زاخۆ)


دی مـژیلانکین خوە
مـسـکارە کم
ب قـاس بلـنداهییا بروییێن تە
رەنگین کەڤان
ژ مـالا مـە دوورە!
پێلاڤێـن مـن
جـووت کرینـە و
سـهوانەیا مـژیلانکێـن مـن ڤـەکری
خـەریبـم
ژ بێهنا نێرگزان
خـەریـب
بلا ژ بلـنداهییا تە
باران ببـاریت.

## خەفکا ژیانی

ئەو شـمکا
ناڤێ تە ل سـەر هـاتی نڤێسـین
ل خـەفکا ژیانێ هـانگفت
شـکەسـتن
پێـن مـن
ژاندارن
ئاھ ژاندار
بنێرە!
کچـا مـن
پەنجـەییێن دەمی
هـەر ئووفـەکا ب لێڤێـن مـە ڤـە نووسـاندی
خـەونا قـەیرەکجـا کولانا مـە داغ دا!!

## درەوەکا چاڤ زیق

ل دەسـپێکێ
لـەشـێ رویسـێ دومـاهیکێ
دوری
چاڤێـن شـەڤێ کل کرن
دا بووکا ژاندارا چـاڤێن سـپێدێ بپـەڤت



زەلامێ
سباهی
یومباغا سۆر گرێدەت
ب کولاڤێ سپیێ
پشیکا خوە
پورا سپیا عەوران ڤەشێرت
ئەو زەلامێ هە
دیسان
ل سەر نشیڤێن سپیدەهییان
ل مژلانکێن شەڤێ هلنگڤت
رەنگێ کلێ چاڤێن تە
رەنگێ درەوەکا چاڤ زیق بوو!!
هەرە دەستێن خوە
کفن کە.

**بیهنا تەحلیشکێ**

دەمێ رەنگێ ئاخێ
رووکێن من مکیاج کرین
بیهنا تەحلیشکێ
گەوریا بهارێ تژی تف کر!!
دەستێن ئادەکەرێن دەیکا من
ل دووکارێ شەوتین
بابێ من
بۆ ڤەخوارنا قەهوەیەکا تەحل رێکا خەما ب دویکێلا
جگارا خوە پیڤا.

**ئەو گوزکێ شکەستی**

دوو هەسپێن رەش و سپی
کالسکەیا بووکانییا من
ژ حەشامەتا بازارچییان بۆ گوندێ خوزییان دایە رێ
تو گریایی
لێڤێن تە هەلوەریان
ماچێن هەرشی
ب بەلگێن پەئیزێڤە نووسان
ئەو گوزکێ شکەستی
ب دەنکێن گەنمی ڤە
ب دەنگێ دینارێن ئاسنی ڤە
دەنگێ شکەستنا دلێ ژیانێ بوو

# چەپکێ شیعر

**شەمس لەنگرودی**
**لە فارسییەوە: جەلال هانیسی**
**(سنە)**

**(١)**
بارانی پاییزی دەبارێ و
منداڵانی قوتابخانە چوونەتەوە
تەنیایی وە بیر دێنێتەوە
کەسێک بەدواتدا نەهات.


«چ دەبوو ئەگەر دیکتەیەک نەبوایە
قوتابخانەیەک نەبوایە
نەمدەزانی چۆن ناوی خۆم بنووسم
نەمدەتوانی کاتژمێرەکان بخوێنمەوە
وەک دارەکان لە باراندا تەڕ دەبووم،
چ دەبوو ئەگەر باڵندە بوایەم و
یەکە یەکەی گەڵاکانم
بە دەندووک بژاردبا
گوڵێکم وەبیر دەهێناوە
کە لە پەڕی پێیەکانمدا خەوی لێ کەوتووە...»

بارانی پاییزی
بێ دەنگ و مژاوی دەبارێ
تۆ تەنیا وەستاوی و
پەڕ و پۆیەکت نییە.

**(٢)**
قسەیەک بکە، هێسترە ماندووەکەم، کۆلکە فەیلەسووفە
بێ دەنگەکە!
قسەیەک بکە
مات بەسەر ڕێیەکانی ڕۆژانەتدا بیر لەچی دەکەیەوە

هزرە دوورەکان
بەهیچ شوێنێکت ناگەیەنن
بەڵام دەگەنە بنەی خۆیان
سوارەکانی سەرپشتی سووتاوی تۆ.

**(٣)**
گورگێکی بریندارم
لە شەقامێکی بارانیدا
ترساوتر لە ڕێبوارانێک
کە پەنایان بۆ دوکانی
کاتژمێر فرۆشێک بردووە.
چەندە تامی خۆشی هەیە مەرگ
لە زاری لاشەخۆرێکدا کە برسییە،
چەندە تامی خۆشی هەیە مەرگ



گورگێکی برسی کە بەرخ و شوان پێکەوە هەڵدەدڕێ،
چەندە تامی خۆشی هەیە مەرگ
ڕانی سوورەوە کراوە لە زارتدا.

چەندە درەنگ زانیومە
ڕێیەکی نییە بۆ گوندێ
کوێرە هێستریک
کە باری شیشەکانمان دەگوازێتەوە،
چەندە درەنگ زانیومە
خاک
فەرشی ژێر هەنگاوی مرۆڤ نەبوو
کەپری نوێنگەی ئەو بوو.

قالاوی لەسەرخۆ!
کە سێ سەد ساڵ، تەمەنی پڕ بەرت
لەناو بەفردا گوزەراندووە
بۆ نووسینی مێژووم
شتێک بڵێ!
ئەم کۆنە برینە چەندە دەخایەنێ ساڕێژ بێت.

ڕووبارە پڕ هەنگوینەکان لە دەمارمدا ڕەوانن
ڕووبارە پڕ لە مێشە شێت بووەکان،
خوێنم مەهێنە کوڵ!
مێشە خەوتووەکان
لەخەونی گوڵەکان ڕاو مەنێ!
بە ڕوحی بریندارەوە
ئاسان نییە
کایەی ژیان.

لە دوکانی کاتژمێر فرۆشیدا
کات بێ واتایە و
مەرگ
لەپێشدا هەڵاتوویەکە
کە بە دوایەوە کەسێک نییە.

**(٤)**
هەر شتێ بچێنی دروێنەی دەکەی
جیا لە با
کە باهۆز پێکدێنێ،
ئێمە موسافری نوێی ئەم شۆرەزارەین
باهۆزێک دروێنە دەکەین
کە نەمانچاندبوو.

بەد گومان بە
بە لمەکان و بریقەی کوڵوە خوێیەکان بەد گومان بە
ڕووگەی دوڵپایە ئەم قاقڕە
پەرییە پەنامەکییەکان
کە خۆراکیان ئاگر و خوێیە و
گوڵی سنگیان
بنچکی دڕووە.

تا بەیانی نەهاتووە
لە نوێنگە مەجووڵێ و
مەڕوانە
کە مانگ ئەفسوونت دەکات،
ئەم شەوقە جوانە
مژی بەر لە بارین نییە
گێژە بایەکی چڕە
کە تۆزەکەی کۆ دەکاتەوە،
دڵنیای باران بە
بەرەچەی شۆرەکات
جیا لە
لمی خوێ چی تر نییە.

هەر شتێ بچێنی دروێنەی دەکەی
جیا لە باهۆز
کە بە دەستی بایە١٠.

**(٥)**
باران
ببارە
ببارە و شەقامەکان غەورکە
لەم چوار ڕێیانە
چاوەڕێی نووحین.


باران ببارە و وەڕەز مەبە
ئەگەر ئاو کەلاوی نەکردبێ
گەمی نووح
ناگات.

نووح دێت و
کۆترەکەی
لە مەیدان و ئێدارە دفن کراوەکاندا ڕەها دەکات
لە باهۆزدا
تا لە ترۆپکی بانکەکاندا بنیشێتەوە و
هەواڵێک
لە ڕزگاری بێنێ.

بڕێ خێراکە باران
بڕوانە
دەڵاڵەکانی دار
چلۆن بەم لاو بەو لادا هەڵدێن و ئارەق دەڕێژن
باران
ببارە و شەقامەکان غەورکە
تەنیا گوڵۆپەکان مەشارەوە
با ڕوومەتی نووح ببینین
ئێمە کۆڕی بەلەم
تەنیا ئیبلیس دەناسین.

**سەرچاوە:**

**نشر: آهنگ دیگر- ٢٦ فروردین، ١٣٨٧ کتاب باغبان جهنم- شمس لنگرودی.**



# ڕێگایەک بۆ ئاسمان

**حوسێن ئەحمەد**
**(فەرەنسا)**

«چۆن فیرار کەم هەتاکو بمگریت؟ چۆن بجەنگم تا تۆ ئەسیرم کەیت؟»
**عەباسی مەعرووفی**

من خۆم بەخێو دەکەم، تا ئێرەم کە نووسیوە ئەشێ درۆ نەبێت. ئەشێت وابێت و من مامەڵەم لەگەڵ بەروبوومی وەرزەکاندا زۆرتربێت لە خۆشەویستەکەم. وەک ئەوەی گوریسێک لە دنیا ببەستین و ڕایکێشین و ببیەین، من هەموو خۆم دەبەم و ئەوەشی کە لەگەڵ خۆمدا دەیهێنم کۆی ئەو خەمانەیە کە من دەخەنە ئیش.

ئەگەر ویستم هەبێت، ئەتوانم لە مانگێکدا زەڕنیخی پادشا و مەلیکە کۆنەکانیش بفرۆشم و بیر لەوەش بکەمەوە کە بەهەشت و دۆزەخم بسێنم و نرخیان لەسەر دانێم. ئەشێ من ئەوە بتوانم، وەلێ پێویستم بە مەزاتێک هەیە تا هەموو ئەستێرە و کەوکەبەکان بەچنگ بهێنم و ساغیان بکەمەوە. تا وابکەم هەتاو و جەنگەڵ و تریفەکان بکەمەوە بە ئیش. کێ ئەوە ناخوازێت! ماندووبوون لەسەر ئەوەی کە هەیت، کە دەبیت، کە بوویت، خراپ نییە! ئەوە خراپە کە نەبوویت، کە نەبیت و کە نیت. لەسەر جادەیەکم، لە شوێنێک کە خەریکن کۆشکی پەرییەکان دروست دەکەن. من دەستم بە هەناسەمەوەیە، شتێک وەک نائومێدی و دەرد بەدوای هەنگاوە تێکەڵەکانمدا کێش دەکەم. دەستەکانم پیسن، قاچەکانم پیسن، هەناوم خراپتر. مەگەر خۆم بخەمەوە سەر دوێنێ، مەگەر خۆم تەنیا کەم. دنیا لە زەینمدا لارە، من حیسابەکانی خۆم لەگەڵ خوا ڕێک دەکەمەوە. من بە دوو دەستی پیس و بەدڵێکی شکستەوە لە غەمگینی لاچووم، تا زەوی لە شوێنی خۆیدا بێت و ئیدی بەختەوەری لانەچێت. کێ ئەمە دەزانێت؟ لە شوێنێکمەوە بارانە، من ئەڵێم قەزای تۆم لێ کەوت! من ئەڵێم مانگ گیرا و ئیدی بەشێکمان ڕەش دەبێت. ئیدی بەهەشت تاریک دەبێ و نوور لەماڵمان دەبڕێت، تۆ وەڵامت نییە. من دەڵێم گوڵتر بە، تا هەنگێک ماچت کا و من هەنگوینەکەی بفرۆشم! تۆ

بێ دەنگیت خەستە و بەزیخیک هەموو شووشەکانی دنیا لە دلّما دەشکێنیت. سەرم لە بازاڕەکاندایە و وەک پەنجەرە هاڕەدەکەم، وەک دیوار دەڕووخێم و دلّم لە دووری دوورەوە دەکەوێت. پێت دەلّێم: قیامەت ئاوەها دروست دەبێت، تۆ ئەلّێی خوا بیکات.

پێت دەلّێم: مەرگم ڕەوا نەبوو، تۆ ئەلّێی بۆ ناشێ؟ ئەمە قسەی دایکیشم بوو کاتێک باوکم لە ڕەنجەکانی خۆیدا مەلەی دەکرد. هەلّبەت ئەوانی تریش هەروان. بڕیارە بۆ هەتا هەتایێ واز لەم قسانە بهێنم و شتێک لەوەی کە بەناوی یادەوەرییەوە قسەدەکات بخەمە سەر سینگم و ئیتر بۆ دوورترین دوورگەکانی خۆم بڕۆم، بیر لەخۆم بکەمەوە کاتێک لە شارێکدام هیچ شتێک ڕوو ناکاتە مەلاکەم پیوبلیسیتێ نەبێت. لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر و لەجادەیەکەوە بۆ جادەیەکی دیکە ئەڕۆم. لە دلّما هەموو دنیا یەک ڕیتمی گۆشەگیریی هەیە. وەک زاهیدێک پەنام لە ژیان گرتووە، وەک دەروێشێک لە سینەی خۆم ئەیەم و ڕووبەڕووی هیچ قسە ناکەم. خاوەن کارەکەم پێم دەلّێت: تۆ بۆ هیچ نەکراوی، پێویستت بە نووستن هەیە، یان ئەوەی کە بڕۆی بۆ ئەستێرەیەکی ئاسانتر، لێرە ژیان قورسدەکەوێت لەسەرتۆ. بیر لەوە دەکەمەوە هیچ شتێک لێرە باش ناڕوات. تەنانەت سەگەکانیش خوویان بە منەوە نەگرتووە و لەبەر خۆمەوە قسەی سووک بە خاوەنەکانیان دەلّێم. هەموو دنیا وەک خەیالّی پاترۆنەکەم حیساب دەکەم و ئەگەمە ئەوەی کە ئەبێت ئیش بکەیت. ئیش کردن لە شوێنێک کە مرۆڤەکانی لە کەر ماندووترن، مانای ئەوەیە حیسابێکت نییە بۆ ئەوەی کە ماندوو نەبیت. ڕۆژانە زیاد لەوەی کەرێک ئیش دەکات هیلاک دەبم. ئارەقەکانم خەتیان لەسەر جل و پۆشاکەکانم کێشاوە، قژم لە تووکی بەرخ و مەڕە شیاکاوییەکان دەچێت. ڕوخسارم شێواوە و ناسینەوەم لە چاوی خەلّکیدا ئاسان نییە. بەیانییان شەقامەکان چۆلّن، جادەکان بێ دەنگ و منیش وەک بێ کەسترین پیاوی دنیا ڕێگاکەم تا شوێنی ئیشەکەم درێژ دەکەمەوە. کەس لەسەر ڕێگاکەم نییە. خۆم و ئامانج و خەونەکانم دەڕۆین. داهاتوو لە پێشمەوەیە و من حەزم لەوەیە بەدەستی خۆم دروستی بکەم. ژیان لێرە بەو شێوەیەی کە ئەژیت مانای ئەوەیە ئەبێت ئیشت هەبێت، ئەگەر ئیشت نەبێت وەک پشیلە بێ نان و ئاو دەبیت. کەسێک دەنووسێت (تەنیا بە ئیش دەتوانی لەئیش فیرار بکەی) ئەم ڕستەیە لە زەینی مندا دەڕوا و دێت. کە بیری لێ دەکەمەوە بەیانییان زووتر لە کاتی ئاساییم هەلّدەستم، ئازاتر لە جاران ڕووبەڕووی بێزاری ئیش کردن دەبمەوە و پاترۆنەکەم پێم دەلّێت:

بوویتە شێر. هەلّبەت ئەگەر ڕاستتر بیگێڕمەوە، هەموو پاترۆنەکان لەیەک دەچن. بەوەدا کە حەزیان لە خەلّکی ماندووە. حەزیشیان لەوەیە تا دواتنۆک عارەق بڕێژین و نەگەینە سەر هاوار. ئەوەی ئەم ڕۆژانە ئەزموونم کردووە، جۆرێکە لە لەرزین و ڕووخان و بەیەکداچوونی هاوارەکان، خەلّکی بۆ ئەوە دروست بووە هاوار بکات، ئەوەی هاوار نەکات ناژی. زۆربەی کات خەریکم بە ئاوێنە و شووشە و جامخانەکانەوە و کێشەم ئەوەیە شتەکانی دەرەوە پاک بن و ئیدی شوێنێک لە هەناومدا پیس دەبێت. هەمیشە وا بووە، خەلّکی حورمەت بۆ دەرەوەی دەگەڕێنێتەوە و لەناخیدا بێ حورمەتی گەورە دەژی. ژیان خۆی بێ حورمەتییە. هاوکارەکەم لە مەسجێکدا بۆی ناردووم: کە خەریکە لە دەست دەچێت. ویستم وەلاّمی بەمەوە و پێی بلّێم: ئیش کردن یانی ئەوەی لێرە بیت، یانی ئەوەی نەڕۆیت و ببیتە کۆیلەی سەعاتەکان. وەلێ بۆ دوایین جار نەمنووسی و هەستم کرد ڕقم لە کاتژمێرەکان بووە. بەیانییان کە دەچم بۆ کار، لە زەینما هەموو دنیا و جادە و ماشێنەکان دەڕۆن، تەنیا سەعاتەکان نەبێت. ڕقم لە یەکەمین کەسە کاتێک کات دیاری دەکات. شەو تا دەرکەوتنی تیشک بەسەر جێگاکەمەوە تل دەخۆم و یادەوەریم پڕ بووە لە وەڕسیم لە ژیان، کێشەم لەگەلّ هەموو شتێکدا دەستی پێ کردووە و وا بڕوات نەگبەتی دەهێنم و وەک هێسترێک لەبەردەم دەرگاکەمدا ئەیبەسمەوە. من هەموو شتێک دەبەسمەوە. لەکارەکەمەوە دەست پێ دەکەم و بڕیارە ڕۆژانە بە پەتێک کە بە نائومێدییەوە بەسراوە هەموو ئەم گەردوونە بەشوێن هەنگاوەکانمدا ڕاکێشم. وەک بێ منەت بووبم لەوەی ژیان لە مالّەوە بەهایەکی نییە، سواری میترۆ و پاس و ترامەکان دەبم و ئەڕۆم، ئەڕۆم تا ئەو جێگەیەی شتێک وەک نەفخی سوور جەستەم ئاگادار دەکاتەوە و دەنگی نالّینێکی شپرزە لە بەیەنمەوە دروست دەبێت. هەولّەدەم لە بیری خۆمدا تەنیا ئەوە دووبارە بکەمەوە کە ماندوو نیم و تا چەند کاتژمێرێکی دیکەش مقاوەمەم هەیە. پێ نازانم پاترۆنەکەم ئەمنێرێت بۆ هەلّگرتنی شتێکی قورس، قورس وەک بەرزکردنەوەی ئەستێرەیەک تا سینگت، قورس وەک جنیوێک بە حەنەکەوە وێرانت کات. قسە ناکەم و هاوکارەکەم دەلّێت:

ژیان بەم جۆرە دەردە دەرد!

سەیری شێواوی قژییەکەم، کە لە خوری حەیوانەکان دەچێت. وەلاّمی دەدەمەوە ماندوو بوون سەر بە ئامانج نییە. کەسێک ئاسۆیەکی بۆ بینین و ئومێد و ئامانجەکانی هەبێت ماندوو نابێت. ئەو بێ دەنگ دەبێت و من دەست ئەدەمە بەشێکی تر لەو بارەی کە دەبێت

دواجار بیفرۆشینەوە. پاترۆنەکەم لە دوورەوە دەبینم، جگەرە دەکێشێ و قسە لەگەڵ هاوڕێکانی دەکات، بە پەنجەی شایەتومان هێمایەک دەکەم و دەست دەکەمەوە بەکار. هەوڵەیەم وەک ئێشچییەک بنوێنم و کەس گاڵتە بە جووڵانەوەم نەکات. کەس نەڵێت کرێکارێکی ماندووە. لە دڵیشەوە تەمامە بەسەر کار و ژیان و پارە و هەموو دراوەکانی دنیادا بڕشێمەوە. بیسمیلا بکەم لە شەیتان و تف لە سووڕانەوەی ئەو ئەستێرەیە بکەم، کە هەر سوڕێکی بەشی ئەوە دەکات بتکوژێت، یان ئیدی غەمگینت کات. لەپڕ دەبینم هاوکارەکەم ڕەنگی خاو بۆتەوە، جلەکانی هەڵدەکێشێ و ئاگادارم دەکاتەوە کە حەزی لە ئیش کردن نییە، بەڵام ئەیەوێت مانا بات بەژیان. هەڵبەت لای هاوکارەکەم ئەوە دروست بووە کە کارکردن یانی خۆدزینەوە لە بێ مانایی قووڵ. منیش پێی دەڵێم ڕاستەکەیت و خەریکی خەیاڵی خۆم دەبم. (لە دیدەمدا زەوی سەخیف بووە. هەست بە بچووک بوونەوەی ژوورەکەم دەکەم و تکادەکەم بەیانی زوو نەگات. تکا دەکەم سبەینێ ئیش نەبێ و کەمێک ئاسانتر میلی کاتژمێرەکەم لەبیر کەم، ئەگەر سبەینێ زوو دابێت، من ئەبێت پیاز پاک کەم.. هاوڕێکەم کە حەوسەڵەی منی نییە پێم دەڵێت؛ ژیان وەک پیاز جنین سووکە. من دەڵێم سبەینێ با نەیەت. ئەگینا پاترۆنەکەم هەموو پیازی دنیا بە دەستەکانی من پاک دەکات. هاوڕێکەم پێدەکەنێ و من بیر لەوە دەکەمەوە چەند ڕۆژێکە کەمتر خواردن ئەخۆم. کەمتر لەگەڵ خۆشەویستەکەم دەدوێم و تێل دەکات کە خراپ ڕووی داوە. ئەم ڕۆژانە بێ دەنگی من دڵیان وەستاندووە و تەنانەت لە سێبەرەکەی خۆشی ماندوو بووە. لە تەلەفوونەکەدا بێ دەنگ دەبم و هەوڵ دەدەم تێی گەیەنم کە بارودۆخەکە خراپ نییە. تێلەکە دادەخاتەوە و لە نامەیەکدا بۆم دەنووسێت بیرم کە. من هێواش لە یەکەم و دوایەمین حەرف و ڕستەکان دەڕوانم. دووجار دەیخوێنمەوە و بۆ سێیەم جار بۆشاییەک لە هەناومدا وەک خەرەندی لێ دێت. قووڵ دەبێت، ئەکرێتەوە و بەشێکی زۆر لە مندا چۆڵ دەکات. تێلەکەم هەڵدەگرم و لەپڕ بەسەرمدا دێت و نامەیەکی بۆ دەنووسم. لە خەیاڵمدا نییە. ڕەنگە نووسیبێتم باش نیم، یان ئەوەی کە ژیان لەمە زیاتر بۆ من ناگوزەرێت. وەڵامم دەداتەوە و ئەنووسێت ئارام بە. وەلێ تا ئەو پێم بڵێت ئارام بە من خراپتر بیر کردنەوە لە نائارامی دەمکوژێت. دەستم بەرز ئەکەمەوە وەک ئەوەی شتێک هەڕەشەم لێ بکات هاوار دەکەم تەسلیم. من حەزم لە ئیش کردن نییە، من بۆ ئەوە نەکراوم بەم جۆرە هێسترێک لەخۆمدا بەرز بکەمەوە.

تێلەکەم دادەنێم و بەشوێن خراپترین وێنەی تەنیاییدا ئەگەڕێم. خراپترین وێنەی دەرد تا هەست بکەم بەختەوەری و بەدبەختیم بەیەک گەیاندووە. خەڵکی تەنیا بەو جۆرە دەتوانن گەورە بن. فاڵچییەک پێی گوتم:

بەختی تۆ بەستراوە. ئەمەم بۆ خۆشەویستەکەم وتەوە و بێ ئاگا پێکەنی. وتی مەگەر من چیم؟ گوتم ئەوەی کە هەیت و وەک ڕوح ناتوانم بت پێوم، دەستت لێ نادرێت. ئەو دیسان پێکەنی و من سەری خۆم کرد بەژیر لێفەکەمەوە.

گوتی: دەستیشت گرتم نا؟

هێواشێک لە زارم کەوت و گوتم دڵم ئێشێت. گوتم لەوانەیە بمرم و بێ پرس دیار نەمێنم. گریا و باوەشی پێدا کردم. گوتی نا.. نا.. گوتم مردن خراپ نییە (سپێدە) ئەوە خراپە کاتت نەبێت بمریت. گوتی من خەم دەخۆم و ئێستاش قەزای خۆتم لێخە. هەستا و فرمێسکەکانی وەک مردن لە چاوی بریندارێکدا دڵۆپەیان دەکرد. گوتم: قەزای کەس لەکەس ناکەوێت (سپێدە) کەس ناتوانێت مەرگی کەس بنوێنێت. ئەگەر مردم چیم بۆ دەکەیت؟ بۆم دەگریت؟ لێم ڕۆشت و بە زوڵفێکی تێکشکاو و ئاڵاوەوە گوتی هیچێ. خۆمم ماندوو نەکرد. گوتم هەر دێتەوە و منیش بڕیار ئەیەم نەمرم. گوتم حەفتا ساڵی دیکەش بە زوڵفێکی پەشمەکییەوە دێت بۆ لام. گوتم تێلێک دەکا و ئیتر هەر چۆن بێت پێی دەڵێم نامرم و لەلای تۆ گۆشەگیر ئەژیم. زۆرم گوت و ئێستاش زیاتر لەوەی کە ئیش دەکەم بیر لەوە دەکەمەوە ئەو کوانێ؟ شەوان حاڵم نییە. ژمارەی نامە و ئەو نووسینانەی بۆی ناردووم کوشتوومی. وەک منداڵێکی گرینۆک بە شوێنیدا ڕادەکەم، ئەکەوم و ئەگریم و بەرز دەبمەوە و ڕا دەکەم، بەپێی پەتی و کراسێکی دڕاوەوە خۆم ئەخەمە قوڕەوە و ئەڵێم من نەمردووم، یانی نامرم و ئیتر حەزەکەم لای من بیت. ئەڵێم وەرە و بە کەیفی خۆت وەک بووکە شووشەکەت کۆیلەم کە شەوانە دوای هەموو ئەو ڕێگا دوورانەی وەک دێوانە و ڕەبەن و شەوگەڕەکان دەیپێوم. دەرگای ماڵەکەم دەکەمەوە و وێنەی ئەو لەسەر بست بە بستی ژوورەکەمە. دەستی ئەو لەسەر کلاقیەی پیسییەکەم و دەسکی دۆڵابەکە و شووشەی پەنجەرەکانە و وەک ئەوەی ماندوو بووبێت لەوەی چەند پەتیارەم، بەرزیان دەکاتەوە و پێم دەڵێت خواحافیز...!



# شەممەی نووسەرێک تا پلیکانی حەوتەم

**کاوە عێزەتخا**
**(بۆکان)**

کاتژمێر هەشتی شەوی شەممەی مانگی جۆزەردان.

سەدیق لە پشت مێزی کۆمپیوتەرەکەی دەستە ڕاستی بەر چەناگەی دابوو، بێ ئەوەی هۆشی لەسەر شاشەی مۆنیتەرەکە بێ، بە دەستی چەپ کلیکی دەکرد. دەنگی شکانی ئاوێنە دیوارییەکە وەئاگای هێنایەوە. تۆپە جیرە چکۆلەکەی "مەمەدی" لەگەڵ لەتی ئاوێنەکە کەوتنە سەر ڕایەخەکە و مەمەدی قاقا پێکەنی.

– مەمەدی! ئاقڵ بە کەرە، ئەوە ئاوێنەکەت شکاند، ئەها...

ڕووی وەرگێڕایەوە لەسەر شاشەی مۆنیتەرەکە بە خەتێکی بیست نووسرابوو:

سلاو خۆشەویستم! لە پارکی ساحلی لای چەرخوفەلەکەکە چاوەڕێتم.

بێ ئەوەی گوێ بەو ڕستەیە بدات کەوتەوە ماڵی بیرکردنەوە:

«ئەهھاااا! تۆ بلێیی دۆن کیشۆت و سانچۆپانزا لە درێژەی گەشتەکەیان بۆ کوردستان تووشی مامەڕەشەی یاغی نەهاتبن؟

– یاخوا دوات بڕێ، ئەوە تۆ بۆ ئەوەندە هاری؟

دەنگی خێزانی کە لە گەرمەی هەڵاتن بە دوای تۆپەکەیدا قۆڵی مەمەدی دەگرێ و بە پشتە دەستی لە بناگوێی ڕادەکێشێ.

سەدیق لە کورسییەکەی هاتەخوارێ و چوو بۆ ئاودەست. کە هاتەوە سەرێ جێگاوبان ڕاخرابوو، خێزانی و مەمەدی خەوتبوون، لێفەکەی هەڵدایەوە و بە هێواشی تێیخزا.

"هههھاااا دۆن کیشۆت"

بیری لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە دۆن کیشۆت گۆچانێکی بەرووداری بە دەستی ڕاستەوە و دەستی چەپی لەنێو دەستی سانچۆپانزادا جووتێک لاسیقی کوردانەی لە بەردا و تەپلەی لباد بە سەرەوە لە لاپاڵەکانی شاڵەبەگی دەهاتە خوارێ و لە کانی ئاو دەلەمەڕان تووشی پۆلێک بێری دەهات کە شیرمەشکەکانیان داناوەتە عەرزی و ماندوویەتی دەردەکەن.

جانتاکەی لە شانی دەکاتەوە و بەزمانی خۆی شتێک دەڵێ! بێرییەکان لە قاقای پێکەنین دەدەن و... هەهاهاها..

– ناکاتوش!!؟؟

– بەو تەپلە و لاسیقەتەوە خۆت نێو دەنێی چی؟!؟!

– ڕەنگە خێوەت و بارەگاکەشت هەر ئەوە بێ بە کۆڵتەوەیە؟!

– قورت بەسەری لەنێو هەشتاوهەشت داناندا؟!

– هەشتاوهەشت کوڕە پاشا؟!

– ئەدی کوا ئەسپ و نۆکەرت؟!

بێ ئەوەی هیچ تێ بگا و هیچی لێ تێ بگەن، جانتاکەی بە شانیدا کردەوە و...

کاتژمێر دەی شەو، شوانێک بە گۆچانێکی بەرووداری و تەپلەی لباد و لاسیقی کوردانەوە لەسەر کانی ئاو دەلەمەڕان دوو لاشەی نیوە زیندوو، بەڵام بێ هێز و بێ هۆش دەبینێت کە پیاوەکە سەری کردۆتە سەر ڕانی ژنە و ژنەش بە سەریدا نووشتاوەتەوە، وەک ئەوەی بیەوێ شتێکی بە گوێدا بچرپێنێ. هەڵیان دەگرێتەوە و هەردووکیان لەسەر پشتی ئەسپێکی سپی دادەبەستێ و دەیانباتە چوار فەسڵییەکی شووشەبەند کە کۆڵەکەکانی بە بەرد و سارووج داندراون و سەربانەکەشی بە پنگە و قامیش سەری گیراوە. خەزاڵ بانگ دەکا: جامە مەڕێک شیر بێنن و شیرەکەیان بە زاریدا دەکات.

دۆن کیشۆت لە لەندەن لە کۆشکی ئێلیزابێت، لە ئاهەنگی پازدەمین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی شاژن، بە مۆسیقای جازێکی زۆر توندوشاد، لە کاتێکدا ئامێزی لە قەدی سانچۆپانزا ئاڵاندبوو، گرووپی سەمای تایبەتی شاژنی دەدی کە بە نەرمە شەپۆلێکی هێدی بەر موسڵدان و ناوک و زگیان کەرویشکەی دەکرد و سمتیان وەک دەفی دەرویشێکی جەزم گرتوو زکری دەکرد و...

کاتێک سانچۆپانزا چاوی هەڵێنا، سروەیەکی فێنک گەڵای بنە میچەکەی دەلەراندەوە و لە کونی قامیشەکاندا لوولی دەخوارد. جوانێک کە تەمەنی ڕەنگە لە پازدە ساڵ زیاتر نەبوو، بەکراسێکی ئاوریشمی کەسک و پشتوێنێکی پەشمی فەرانسە و جووتێک کەوشی پاژنە بڵندی پەنجە زیوینەوە کە چینی زوڵفی بەسەر شان و ملیدا بە نەرمە شەپۆلانەوە هاتبوونە خوارێ و هەردووک مەمکی بە هەوای هەڵکێشانی هەناسەیەکی توندەوە زکریان دەکرد و چاوە کاڵ و نەرمەکانی بە نەرمە شنەی سروەکە پڕ دەبوون لە ئاو و ئاوەکەیان دەڕژایە سەر گۆنا و بەرگەردنی بلوورینی، لەپشت سەریان، لەبەر شووشەبەندی چوار فەسڵییەکە، دەستی چەپی لە کەلەکەی نابوو، دەستی ڕاستیشی بە نازەوە لە ملی خۆی ئاڵاندبوو، ڕاوەستابوو چاوی بێ ترووکاندن بڕیبووە ڕێگاکەی ئەوبەر.

دۆن کیشۆتی بینی کە لە پەنایدا ڕاکشاوە و بە دەم خەوەوە هەوڵ دەدا ئامێزی لە قەدی وەربێنێ. لە لەندەن، لە کۆشکی ئێلیزابێت. لە ئاهەنگی پازدەمین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی شاژن، لەسەر مێزە بلوورینەکەی بەردەمیان، بە دەم ئاهەنگی جاز و نەرمە سەمای گرووپی سەمای تایبەتی شاژن، ڕاست لەو کاتەدا کە سەری شووشەی ئەسپە سپییەکەی با دەدا و پیاڵە زیوینەکەی خۆی و سانچۆپانزای پڕ دەکرد و داوای لێ دەکرد لێکیان دەن و بۆ خۆشی هەرچی عاشقە هەڵیدەن.

بە دەنگی فلاشی دووربینەکەی خۆی وەئاگا هات کە چاوی هەڵێنا، سانچۆپانزای دی کە دووربینەکەی بە بەرچاویەوە گرتبوو.

ئیتر دۆن کیشۆت و سانچۆپانزا هەرکام جامە مەڕێکی کەیان شیر خوارد و بە دەم بەخێرهاتنی گەرمی خاوەن ماڵەوە لە چوار فەسڵی هاتنەدەرێ و بەنێو هەزار بە هەزاری کووچە و کوڵانی خێوەت و بارەگای ڕەنگینی هەشتاوهەشت کوڕە پاشادا هاتنە خوارێ و..

کاتژمێر دوازدەی نیوەشەو سەدیق بە دەم بیرکردنەوەوە هێواش تلی دا، سەر شانی ڕاست و لێفەکەی بەسەر خۆیدا دا و:

"هههاا دۆن کیشۆت.."

* * *

کاتژمێر دەی شەوی دووشەمەی مانگی جۆزەردان.

سەدیق ماندوو و شەکەتی گەڕان لەنێو شاری لەسەر گازی پشت ڕاکشاوە.

مەمەدی: «بابە تەلەفۆن»

سەدیق: «ئەلۆ،... فەرموون...»

– بچۆ سەر وێبلاگەکەت...

"بەڵێ؟... ئەلۆ..."

بە وەڕەسییەوە دوو شاخەی کۆمپیوتەرەکەی لە پرێزی

کارەباکە دەدا، تا کۆمپیوتەرەکە وە کار دەکەوێ لیوانێک ئاو دەخواتەوە و کورسییەکەی کە مەمەدی لەسەری دانیشتووە لەبن مەمەدی دەردێنێ و دەیهێنێتە پشت مێزەکە و دەستی چەپی لەسەر ماوسەکە دادەنێ، بیری دێتەوە کە لەگووشی تەلەفوونەکەی پێکەوە نەبەستووە. سیمی تەلەفوونەکە پێکەوە دەبەستێت. کارتەکەی کە چەند ڕۆژ لەوە پێش کڕیبووی و هێشتا تەواو نەبووە، ئینتەرنێت، کلیک... کلیک... کلیک.

کاتێک چووە سەر وێبلاگەکەی، بە خەتێکی بیست نووسرابوو: "دوو شەو و ڕۆژە چاوەڕێت دەکەم، ئاوی چاوم ڕژا هێندەی چاو ببڕمەوە ئەوسەری شەقام."

سەدیق دوای هێندێک تێ ڕامان، کلیک، کلیک، کلیک، کلیک، کۆمپیووتەرەکەی کوژاندەوە و سەری کردە سەر سەرینەکە و ".. ئههههاا دۆن کیشۆت..."

بێ دەنگییەکی خەمهێنەر ژوورەکەی داگرتبوو، تەنیا پڕخەی مەمەدی و هەناسەکانی خێزانی بوو کە تێکەڵ بە ویزەویزی مێشوولەکان دەبوون و لە بێ دەنگی ژوورەکەدا لوولیان دەخواردەوە...

– "تۆ بڵێی دۆن کیشۆت ئێستا لە کام گەوە و پێچی شاڵەبەگی بە دیار سانچوپانزاوە کە لەبەر ماندوویەتی و هەناسەبڕکێ هەڵتروشکاوە و دەکۆخێ ڕاوەستابێ؟ تۆ بڵێی تا کانی ئاو دەلەمەڕان چەند فەرسەنگیان مابێ؟ ئاه سانچوپانزا، تۆش، بەو هەناسەسوارییەتەوە، ئاه، دە دەوام بێنە ماڵوێران، ئەو بێ چارەیە ئاو لە چاوی بڕا و ئەو چاوی وا جوانی بوونە گۆمیلکەی خوێن."

سەدیق بە دەم وڕێنەوە ئەودیواودیو دەکات و...

لە گەوە پێچەکانی شاڵەبەگی، بە سەر ڕێچکە تەق تەق و بەردەکاندا ئەو ڕێچکانەی لە بەروپشتیان گوڵە زەرد و سوور و کەسکەکان لە سوێسن و هەڵاڵە و بەیبوون و گیاخاو و بزنەڕیشە کە ڕێبوار دەخەنە ئەندێشەی موقەدەساتی ئاوێستایی بە تایبەت "هوم"ەوە، دۆن کیشۆت کە دەستی ڕاستی بە قەفی گۆچانە بەڕووەکەوە گرتووە و دەستی چەپی لە پشتەوە لەنێو دەستی سانچوپانزادایە و بە شوێن خۆیدا ڕاکێشی دەکا، بە جووتێک لاسیقی کوردانە و تەپلەیەکی لبادەوە ڕێگە دەبڕێ تا سەرەنجام لە نیوەشەوێکی چوارشەممەدا بەوپەڕی ماندوویەتی و شەکەتییەوە دەگاتە کانی ئاو دەلەمەڕان.

کاتژمێر دوازدەی نیوەشەوی چوارشەممەی...

سەدیق لەسەر کورسییەکەی لەپشت کۆمپیوتەرەکەی لە حاڵێکدا کە کۆمپیوتەرەکەی لە تەلەفۆنەکە دەبەستێت کارتە ئینتەرنێتە تازەکە کە ئێوارەی هەر ئەو ڕۆژە لە (سفر و یەک)ەکەی سەر شەقامەکەی خۆیان کڕیوەتی، بەستووە و زۆر بێ سەبرانە وێبلاگەکەی کردۆتەوە و چاوەڕوانە، کاتژمێرە دیوارییەکە چرک، چرک، چرک کات دەژمێرێ و چرکەکانی تێکەڵ بە ترپ، ترپ، ترپەی باران دەبێ کە لە شووشەی تەم گرتووی پەنجەرەکە دەدەن. شەوێکی ئەنگوستەچاو و تاریک و نووتەک تا چەند بست ئەوبەرتری پەنجەرەکەوە کە چاوبڕدەکات، هیچ بوونەوەرێک نابینرێ. جاروبار شریخەی هەورەکان داروديواری ژوورەکە دەلەرزێنێتەوە و لەبەر ڕووناکی تیشکی هەورە برووسکەدا پەنجەرە و کلاوڕۆژنە و گوێسوانە و داروديوار ئاوی چاویان دادەڕژێت و گۆنا بلوورینەکانی پەنجەرە تەڕ دەبێ.

کاتژمێرەکە هەروا چرکە و کات و سات دەژمێرێ و... سەدیق هەروا دەستی چەپی بن چەناگەی داوە و دەستی ڕاستی لەسەر ماوسەکەیە و بێ ئەوەی سەرنج بداتە دەوروبەر و کاتژمێرەکە چاوی بڕیوەتە شاشەی مۆنیتەرەکەی، ساتەکان یەک لە دوای یەک تێدەپەڕن و سەدیق لەنێو هەزار بە هەزارەی ساتەکاندا کلیک، کلیک، کلیک ،کلیک دەگرێ و جاروبار هەناسەیەک بە لووتیدا هەڵدەکێشێ. مشەی دێ و بە ئەنگوستی شەهادەی چاویلکەکانی کە بەسەر لووتیدا هاتوونە خوارێ هەڵدەکێشێتەوە، قووقەی کەڵەشێرێک وەخۆی دێنێتەوە و تەماشای کاتژمێرەکە دەکات: کاتژمێر چوار، بێ ئەوەی کۆمپیوتەرەکە خامۆش کات، یان تەنانەت لە ئینتەرنێت بێتە دەرێ، هەردوو دەستی لە ئانیشک بەرەوخوار وەک ئەوەی بیەوێ چوارگۆشەیەک دروست بکات، یان ئامێزی لە کۆڵەکەی چوارگۆشەی چوار فەسڵییەک ئاڵاندبێ، جووت لەسەر مێزی کۆمپیووتەرەکە ڕاکشاوە، سەری وەک بارێکی قورس کردۆتە سەر...

نیوەشەوێکی تاریک و ئەنگوستەچاوی مانگی جۆزەردان لەنێو تەمومژێکی خەستدا لەبەر لێزمەی بارانێکی بەخوڕەم کە تەپ، تەپ، تەپ هەروەک دەنگی ڕێژەی سپای نازییەکان دەچوو، لەگەڵ زرمەی دەهۆڵی گەوری هەورەکان لەبەر شەوقی هەورەبرووسکەیەکی توند دۆن کیشۆت چاوی بە جوانێک کەوت کە تەمەنی ڕەنگە لە پازدە زیاتر نەبوو، بە کراسێکی ئاوریشمی کەسک و پشتوێنێکی پەشمی فەرانسە و جووتێک کەوشی پانیە بڵندی پەنجە پرچی کە چینی بەسەر شان و ملیدا بە نەرمە شەپۆلانەوە هاتبوونە خوارێ و هەردووک مەمکی بە هەوای هەنیسکی توند زکریان دەکرد و چاوە کاڵ و سوورەکانی لەبەر تنۆکەکانی بە لێزمەی باران خوڕ خوڕ

خوێن و ئاویان پێدا دەهاتە خوارێ و دەرژا سەر گۆنا و بەرگەردنی بلوورینی و لەسەر کانییەکە چۆکی هەڵداوە و هەردووک دەستی وەک ئەوەی بیەوێ چوارگۆشەیەکیان پێ دروست بکات، یان ئامێزی لە کۆڵەکەکەی چوارگۆشەی فەسڵییەک ئاڵاندبێ جووت لەسەر چۆکی ڕاکیشاوە و سەری وەک بارێکی قورس کردۆتە سەر...

کاتژمێر پێنجی بەیانی ڕۆژی هەینی مانگی جۆزەردان.

سەدیق ماندوو و شەکەتە لە پارکی ساحلی لە لای چەرخوفەلەکەکە لە کاتێکدا کە ڕوونووسی سەر وێبلاگەکەی کە شەوی چوارشەممەی ڕابردوو بۆی هاتبوو لە دەستدا بوو، چاوی بە جوانێک کەوت کە تەمەنی ڕەنگە لە پازدە زیاتر نەبوو، بەکراسێکی ئاوریشمی کەسک و پشتوێنێکی پەشمی فەرانسە و جووتێک کەوشی پانیە بڵندی پەنجە زیوینی کە چینی زوڵفەکانی بە سەر شان و ملیدا بە نەرمە شەپۆلانەوە هاتبوونە خوارێ و هەردوو مەمکەکەی بە هەوای هەناسەیەکی توندەوە زکریان دەکرد و چاوە کاڵ و نوقرەییەکانی بە دەم خوێندنەوەی وشە ڕەش و سپییەکانی کتێبە ئەستوورەکەی سەر کۆشی پڕ دەبوون لە ئاو و ئاوەکەیان دەرژایە سەر گۆنا و گەردنی بلوورینی و کە لەسەر کورسییە بە چیمەنتۆ دروست کراوەکە دانیشتبوو و هەردووک دەستی وەک ئەوەی بیەوێ چوارگۆشەیەکیان پێ دروست بکات، یان ئامێزی لە کۆڵەکەکەی چوارگۆشەی چوارفەسڵییەک ئاڵاندبێ، جووت لەسەر کتێبەکەی ڕاکێشاوە و سەری وەک بارێکی قورس وێ کردووە و...

چاوێکی بە کتێبەکەی سەر کۆشیدا دەخشێنێ:

بوومەلێڵی بەربەیانێکی فێنکی مانگی جۆزەردان لەگەڵ جریوە جریوی مەلی بەیان و شەقەی باڵی شەوپەڕ و قاسپەی کەوێکی مێ ڕۆژدا لەبەر شەوقی سیس و بێ تینی ئەستێرە زەرد هەڵگەڕاوەکاندا کە هەر وەک شۆڵەی مۆمی بەر بایەک دەچن. دۆن کیشۆت و سانچۆپانزا لە شیرین خەوێکی خۆشی بەرەبەیان بە دەنگی خەزاڵ کە دەیگوت «دوعای مردنت لێ ناکەم، بەڵام یاخوا بە تیری چڵکنی پیس گرفتار بی» لە خەو ڕادەپەڕن.

ئێستا ئەو چرکەیە شەش ساڵ و سێسەد و پەنجاو نۆ ڕۆژ و بیست و سێ سەعات و پەنجاو نۆ دەقە و دۆعایە تێدەپەڕێ. دۆن کیشۆت و سانچۆپانزا لە لەندەن لە مۆزەخانەی تایبەتی یادەوەری ئاشقەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەموو شەوێ لە سەعاتگەلی جۆراوجۆردا سەردانی ٢٥٢٠ مۆمی یادەوەری لاسیان دەکرد.

هەر شەوە فوویان بە مۆمێکدا دەکرد و دەیانکوژاندەوە و بۆ ماوەی حەوت چرکە دەستیان وەبەر ئەژنۆیان دەدا و فرمێسکیان هەڵدەوەراند تا سەرەنجام لە بوومەلێڵی بەیانییەکی فێنکی مانگی تەمووزدا بە دەم گریانی بەکوڵی فلووتێک و دەنگی زکری دەفێکی جەزمەگرتوو لەگەڵ کوژانەوەی گڵۆپە نیۆنەکانی مووزەخانەکەدا فوویان بە دوایین مۆمی تەمەنی لاسدا کرد.

لە بۆکان لە پارکی ساحلی، لە کن چەرخوفەلەکە بڵندەکە لە چێشتەنگاوی هەینییەکی مانگی جۆزەرداندا کارمەندانی زبڵ ڕشتنی شارەوانی لە گەرمەی خاڵی کردنی سەتڵە زبڵەکانی پارکەکەدا چاویان بە لاشەی بێ گیانی سەدیق کەوت.


لەسەر کورسییە بەچیمەنتۆ دروست کراوەکە هەردووک دەستی لە ئانیشک بەرەو خوار وەک ئەوەی بیەوێ بە دەستەکانی چوارگۆشەیەک دروست بکات، یان ئامێزی لە کۆڵەکەکەی چوارگۆشەی چوارفەسڵییەک ئاڵاندبێ، جووت لەسەر کتێبە ئەستوورەکە کە لاپەڕەکانی مۆری کۆن بوونیان پێوەیە و لە کۆنییان زەرد هەڵگەڕاون، ڕاکشاوە و سەری وەک بارێکی قورس کردۆتە سەر.

دوو کەسیان کە کراسێکی سووری نووسراویان لەبەردا بوو و کڵاوێکی سووری نووسراویان بە سەرەوە بوو، جووتێک دەسکێشی زەردی جیر لە دەستدا و بە پەڕۆیەکی سپی بەردەمیان هەڵدابوو بە ئەسپایی کتێبەکەیان لەسەر کورسییە بەچیمەنتۆ دروست کراوەکە دانا و بە چوار دەستی تەرمی سەدیقیان خستە ئامبوڵانسێکەوە و بەرەو ساردخانە بەڕێیان کرد.

کاتژمێر هەشتی شەممەی مانگی جۆزەردان

لەبەر گڵۆپی نیۆن لە پارکی ساحلی بۆکان دوو گەڕۆک چاویان بە کتێبێکی ئەستووری پەڕ زەرد کەوت کە لەنێو زەرد و سووری گوڵەکانی پارکدا لە لای چەرخوفەلەکەکە لەسەر کورسییە بەچیمەنتۆ دروست کراوەکە بە دەم سروەی فێنکی چۆمی تەتەهووەوە پەڕەکانی هەڵدەدرانەوە.

هەڵیانگرت لە کیفە سامسۆنێتەکەیان خست و بەیانی ڕۆژی دواتر لە فرۆکەخانەی میهرئابادی تارانەوە بەرەو لەندەن وەڕێ کەوتن و لە مۆزەخانەی تایبەتی یادەوەری ئاشقانی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەگەڵ پێشوازییەکی گەرم وگوڵ بارانێکی زۆردا بەرەو ڕووبوون.



# هەستی بێ کەڵکی

**بەکر دەروێش**
**(خورماتوو)**

ئەم ئێوارەیە لە هەموو ئێوارەکانی دیکە زیاتر هەست بەبێ کەڵکی خۆم دەکەم، هەست دەکەم ئیتر پێڵاوێکی دڕاوی بێ کەڵکم و تورِ هەڵدراومەتە سووچیماڵێک، کەس بێزی نایە بمکاتە چەکیش. لێتان ناشارمەوە هەست کردنم بە بێ کەڵکیم گێژاوێکە، سەدەیەکە لەنێو سەرما شەپۆل دەدات. وای لێهاتووە شەرم لە بوونی خۆی دەکات، هەمیشە لە خۆی بەگومانە و بەخۆی دەڵێت: زللەی بێ کەڵک، جێگر و نان خۆری بێ سوود، جگە لە پیس کردنی ژینگە کوا بەرهەمت؟ کوا داهێنانت؟ زەمانێکە هەوری ئەم بێ کەڵکییە بەسەر سەریەوە گەواڵە دەکات، بووە بە کرمێک و بە قامەتیا هەڵدەزنێ، پێی دەڵێ: بێ کەڵک، ژەنگی بێ کەڵکیی لێتی داوە، شەرت بێ هەناوت بخۆم. بەم ڕۆژگارە هیچ کاروکاسبییەکم لە دەست نایەت، بیروهۆشم دەڵێیی داخراون، فامی هیچ ناکەم. هەمیشە خەوی دێت و باوێشک دەدات، زۆرجار بەخۆم دەڵێم: توخوا ئاژەڵێک ببوایەم لەم بەشەرەی ئێستامە باشتر نەبوو؟ لەوانەیە گایەک، چێڵێک، وشترێک، کۆرە هێسترێک ببوایەم لە ئێستام باشتر بوایە، هەر هیچ نەبوایە ئەوسا دوو کەس سوودی لێ دەبینیم، باری قورسی دوو ڕێبوارم دەگەیاند، چۆرێک شیرم دەدا بە منداڵێکی بێ دایک و باوکی بەجێماو لە کاروانەکەی نوگرە سەلمان، بەڵام ئێستا سوودم چییە؟ من ناڵێم ئێوە بڵێن ئاخر سوودی من چییە؟ کابرایەکە داڵاشی ڕۆژگار تەنیا ئێسک و پرووسکی بۆ هێڵاوەتەوە، چەرمی زگی نووساوە بە پشتییەوە، لە دارێکی وشکەوە بووی ڕزیو دەچێ، درێژی باڵام نزیکەی سەد و پەنجا سانتیمەترە، ڕەنگی چاوم نەرگسییە، پێستم گەنم ڕەنگە، پرچی سەرو ڕیشم ماشوبرنجە، هیچ نیشانەیەکی جیاوازم نییە پێی بناسرێمەوە، یان لە خەڵکانی دیکەم جیاکاتەوە، تەنانەت جۆری خوێنەکەشم (O-). زۆربەی شەوان کە دەچمە خەو لەنێو جێگاکەمدا بیر لە خۆم دەکەمەوە، ئەو خۆمەی کە

گومانم هەیە خۆمێکی ڕاستەقینە بێت، ڕاستەقینەی ئەوە نە، کە هەموو بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارەیەک دەخۆم و دەخۆمەوە، ئەمەیان گومانم لێی نییە و بوونێکی حاشاهەڵنەگرە، ئەو بوونەیە کە جگە لە هێنانی خەیاڵی ئاشکە و پاشکە هیچی ترم پێ نابەخشێ، ئاخر بەڵام لە خۆمدا ئەمە چ بوونێکە؟ من حەزم دەکرد لە دەشتێکی پانوبەریندا، لەسەر ڕێگەیەکی قەرەباڵغ لە نێوان دوو شاردا، دارێکی سەوز بوومایە، چوار وەرزەی ساڵ پرشەی گەڵام هاتبا، هەمیشە میوەی گەییو بەرهەمی ڕۆژانەم بوایە، کانییەکی سارد و شیرینیش لە بنمدا بوایە، جێگای حەوانەوەی ڕێبوارانی ماندوو بوایەم، گەڵای سەرم، لقوپۆم، هەمیشە پڕ بوایە لە جریوەی باڵندەی ئەو پێدەشتانە، ئەوکات دەبووە مەزاری ئەو ژن و کچانەی کە دەهاتن و لەبنی ئەودا دەفی دڵشکانی خۆیان دەژەنی، ڕازونیازی خۆیان بۆ من دەگێڕایەوە، هانایان بۆ من دەهێنا، تیکەی کراسەکانیان بە لقوپۆپەکانی مندا هەڵدەواسی، ئەو نامانەی بۆ دڵدارە کۆچ کردووەکانیان نووسیبوو، لەلای ئەو بەجێیان دەهێڵا، لەبنی ئەودا بەنیازەوە دەخەوتن، نهێنی دڵی خۆیان بۆ ئەو باس دەکرد، کچانی قەیرە و ناشیرین دەهاتن چەندان تاو بۆ ناشیرینی و پیری خۆیان دەگریان، ئەوان وا تێگەیشتوون هەموو ناشیرینێک کەسێکی خراپە، کوڕانی قیت و قۆز، دڵشکستەی عاشق و چاو پڕ لە فرمێسک، پیاوانی ڕیشن و کوڵکن، لە وێنەی پیاوی چەرخەکانی ڕابردوو، ئەوانەی لە دڵەوە دەگریان و لە بانیشەوە عەیبیان دەهات ئاشکرای کەن، بۆیە بە بزەیەکی قەڵپ دەیانشاردەوە، دەهاتن لە سێبەری ئەودا دادەنیشتن و وێنە و نامەی دڵدارەکانیان لەو چۆڵەوانییە لە گیرفانیان دەردەهێنا، تێر سەیری وێنەکانیان دەکرد و نامەکانیان دەخوێندەوە، لەگەڵ هەر وشەیەکدا هۆن هۆن فرمێسکیان دەڕژاند، منیش دڵم دەدانەوە و بە گوێلێ ئاوی سارد فرمێسکەکانم بۆ دەشۆردن، ئەو پیاوە ماندووانە سەریان دەخستە سەر تاشەبەردێکی ئەو دەشتەو خڕ دەخەوتن، کاتێک بە ئاگا دەهاتنەوە وەک دێوانە گیا لەنێو گوێچکە و کونە لووتەکانیاندا ڕوابوو، ئەو پیاوانە بەو خەیاڵەوە خەوتبوون گوایە سەریان لەسەر ڕانی خۆشەویستەکانیان داناوە، من حەزم دەکرد دارێکی ئاوا بم و کانی و ئاوێکی ئاواش لەبنمدا بوایە، نەک پیاوێک بم وەک هەمانەی بەتاڵ پڕ بم لە (با)ی بێ کەڵکیی، وەک جاخێکی فڕێدراو پڕ بم لە گووی مشک، لە جیقنەی مریشک، لە تەپاڵەی مانگا، من ئێستا پیاوێکم ئاخێنراوم لە خورافات، لە حیکایەت و مەتەڵ، ئەڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان پەڕەیەک قاقەزم نەخوێندووە و بێ سەوادم، لە فەرهەنگی بیرمدا جگە لە حیکایەتەکانی دز و قازی و فەتحی قەڵای خەیبەر بەولاوە هیچی ترم لەبیر نەماوە، چەند مانگێک پێش ئێستا لەو دەمەی لە حوجرەی سەراسیمە بوون دەهاتمەدەر کۆمەڵێک تووتکە سەگی برسی ڕێگایان پێ گرتم، من سەگی وڵاتی خۆم و شاری خۆم و گەڕەکی خۆم باش دەناسم، سەگی وڵاتی من هەموویان ڕەش و بۆرن، سەریان زلە و کلکیان کورتە، کەڵبەیان تیژە و چاویان زەقە، ئەو سەگانە دەیانویست بمخۆن و پارچە پارچەم کەن، بەڵام کاتێک زانییان من چوار ئێسقانی ڕەق و تەقم و بەکەڵکی خواردن نایەم هەموویان میزیان پێدا کردم، ڕەنگە ئەمەیان بۆ هەندێ کەس بەزەحمەت قووت بدرێ و فامی بکەن، بەڵام بۆ پیاوی بۆرەک و قونتەی وەک ئەو کارێکی سادە و ساکارە و سوێندیش لەسەری دەخۆم کە ئەوەی دەیڵێم ڕاست و دروستە، خۆشی نازانێ بۆ هەمیشە هەست بە بچووکی و نابوودی خۆی دەکات؟ یادوەرییەکانی لە وەڕەی سەگ و لوورەی گورگ و چەقەی کەمتیار و واقەی ڕێوی بەولاوە هیچی تری تێدا نییە، زۆرجار بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێو سەری، مێژووی، تەمەنی، پەنا وەبەر خوێندنەوەی شیعرەکانی حاجی قادر و قانیع و بێکەس دەبات، بەڵام جگە لە پەرێزێکی بەتاڵ هیچی تری تێدا نابینێت، پەرێزی بیرم پڕە لە نائومێدی، لە نەهامەتی، لە دیمەنی ئەو کەلاوانەی کە کەنەفتکارانی ئەم خاکە بە کڵۆڵیی خۆیان بنیاتیان ناوە و داربەدەستەکان و کاربەدەستە چڵێسەکان لووشی دەکەن، ئاخر چۆن وام لێ نایەت لە خواری ماڵی ئێمەوە ماڵی خودایە، مزگەوتێکی گەورە بەڵام بەتاڵ لە ئیمان و پڕ لە موسڵمان، سەرووی ماڵمان کۆڵانێکی درێژ و تاریکە، درێژ وەک مێژووە خوێناوییەکەی ئەم نیشتمانە، پڕە لە بارەگا، لە تەکێ، لە دیوەخان، لە خانەقا، لە هۆڵی پرسە، لە خانەی مەشورەت، لە سینەما، لە فیلمی پڕ لە فرتو فێڵ، ئای کە سەیرە دنیای دەوروبەرم، دنیای خەیاڵ و گڕوگاڵم، کێ کردی و کێ خواردی، گا کردی و کەر

خواردی دروشمی سەر زمانمە، (زمان بهێڵێ سەر ڕەحەتە) ئای لەو دنیایەی کە من دەیبینم؟ دنیای دەسخەڕۆکردنی خەڵک، خەڵکێکی نیوە گیان، بێ بەهرە، ڕەنجەڕۆ، ئێستا ئیتر سیمام لە سیمای شاشەیەکی تەڵخ دەچێت، جگە لە فیلمی (صور من المعرکة) بەو لاوە هیچی تر پیشانی منداڵە تۆزاوییەکانی ئەم مەملەکەتە نادات، مەملەکەتی قاوەی بەرازیلی و چای مەحموود و برنجی گوڵدان. هاوسێی دەستەڕاستم ماڵی مەلایەکی نەخوێندەوارە، دەستەچەپیشم بەرپرسێکی کۆڵەوارە، سەرەوەشم مامۆستایەکی چەنەبازە، خوارەوەشم بازرگانێکی هەتیوبازە، ئەمانە هەر شەوێک لە ماڵی یەکێکیان کۆدەبنەوە، مەلا باسی حەزرەتی جبرایلیان بۆ دەکات چۆن هاتووەتە خەوی و پەیامی بەهەشتی داوەتێ، برای بەرپرسیش باسی پەیکێکی وڵاتە یەکگرتووەکانیان بۆ دەکات کە چۆن هاتووەتە لای و بەڵێنی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی پێداوە، مامۆستاکەش باسی ئەوەیان بۆ دەکات کە چۆن (بان کی مۆن) نامەی بۆ ناردووە و خوێندنی کوردی لە کەرکووک بە فەرمی ناساندووە، بازرگانەکەش باسی ئەوەیان بۆ دەکات کە چۆن وەزیری بازرگانی چین (چیان چۆنگ) تەلیفۆنی بۆ کردووە و بەڵێنی دە هەزار cd و هەزار تەن باڵەی پێداوە، تا لە جەژنی ڕەمەزانی داهاتوودا بەسەر هەژارانی کوردستاندا دابەشی کات، ئەوێک کە لە نێو بازنەی ئەم چوارەدا بژی ئیتر چۆن لە خۆیەوە پووک نابێتەوەو نابێتە کڵناشکەی بەر باهۆزی سەرەتای پاییزی بێ ئومێدی، ئاخر چۆن؟ من ناڵێم ئێوە بڵێن؟ دەزانم ئێوەش وەک منی کۆڵەوار و بێ دەرەتان لەبەرانبەر ئەم دیمەنانەدا دۆش داماون و بەسەرنجەوە لێیان دەڕوانن، ڕوانینێک تەنیا بەرچاوی خۆتان دەبینێ و هیچی تر، بۆیە ئێوەش وەک من لە سێبەرەکەی خۆتان ڕاماون و بێ دەنگ بێ دەنگ لە تارمایی بێ کەڵکی خۆتان دەڕوانن، من لەهەر یەکێ لە ئێوەدا کەسێک دەبینم، کوتومت لە من دەکات کوتومت.



# چوارەمین کەس

**منیروو ڕەوانی پوور**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

ماوەیەکی زۆر بوو دەیویست چوارەمین کەس بناسێ. چوارەمین کەس کە بتوانێ لایەکی تابووتەکە بنێتە سەر شانی و بەنێو شاردا بگەڕێ، هەروا کە سالانێکی زۆر بوو سێ پیاوی سێیینە بەشەقام و کۆلانی شاراندا دەگەڕان و چاویان بۆ دەگێڕا، لەسەر ئەو باوەڕە بوون هەتا چوارەمین کەس نەناسن، تووشی نابن و ناشیدۆزنەوە. هەربۆیە تووشی سەرسوڕمان بوو. ڕاست لەکاتێدا هاتبوون کە لەبەر ئاوێنەیەکی گرد دانیشتبوو و تالی باریک و درێژی قژە سپییەکەی هەلدەکەند.

با لە کۆلانەکەدا هاژەی دەهات. تۆزێکی مەیلەو زەردی بەسەر شاردا دەپرژاند، تەپوتۆزێکی خەست. وەک باران دادەباری. بارانێکی بێ بڕانەوە. وەک ئەو ڕۆژەی کە یەکەم کەسی دیتبوو و ئاسمان وەک شێتی لێ هاتبوو، باران بە خوڕ دەباری و ئەو ملی داخستبوو تاکو قامچی باران لە بۆقەتە ملی بدات و گولالەی چارە چەقیلە لەژێر قامکی شووش و باریکی ئاسماندا هەلنەپرووکێ.. وەک ئەو ڕۆژە کە ئاسمان منجڕانە بەرقدا چووبوو.

بەو تەپوتۆزە زەرد باوەدا تێگەیشتبوو کە دەبێ لەو نزیکانە بێ، بەلام نەک ئەوەندەش نزیک، ئەی چوارەمین کەس؟ لە کوێ بوو؟ جارێکی تر چاوی لەنێو ئاوێنە گردەکە بڕی. دوایین چلی سپیی قژی هەلکەند و لە خۆڕا زەردەیەکی گرت. دەستی کێشا شانەکە هەلگرێ، بەلام زرەی بەردەوامی زەنگەکە خۆی لە ئاوێنە گردەکە هالاند، هەستا دەستێکی بە دیوارەکەوە گرت و بە لەقەلەق و لەسەر چۆک ڕۆیشت و لەپشت ئایفۆنەکەوە پرسی:

«کێتان دەویست؟»

دەنگێکی گڕی ئاشنا گوتی:

«هەر جێیەک کە ئێوەی لێ بێ.»

بۆ کونابۆک لەپشت شووشەی پەنجێرەکەوە ڕوانی و چاوی پێیان کەوت. پیاوانی سێیینە شانیان وەبەر سێ سووچی

تابووتەکە دابوو. تابووتێک کە دەتگوت لەسەر شانیان شین بووە.
ئەگەر ڕەنگ و ڕوخسارییانی لەبیر نەمایە پێی وادەبوو بە هەڵە هاتوون.
دیسان هاتەوە پشت ئایفۆنەکە و پرسی:
«زوو نییە؟»
گوێی لەدەنگی پیاوانی سێیینە بوو کە یەک دەنگ گوتیان:
«ڕێگایەکی دوور و درێژمان لەبەرە.»
بەکۆخەیەک گەرووی تەڕ کردەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی پێکەوە قسەیان دەکرد و دەستیان ڕادەتەکاند و پێکەوە لە زەنگەکەیان دەدا، گوێیان لە لەرزینی دەنگی نەبێ.
«بەڵام ئەی سووچی چوارەم؟»
پیاوانی سێ قۆڵی گوتیان:
«ئێمە ئیتر ماندوو بووین، دەبێ لە شوێنێک ئەم تابووتە دانێین، کەسێک دەبێ ڕێگاکەمان نیشان بدا.»
«مەگەر کاری ئێوە هەر ئەوە نییە؟»
«با، هەر ئەوەیە، بەڵام تۆ دەست هەڵناگری، دەست هەڵناگری.»
دەیویست گوێیان نەداتێ، بۆ ئەوەی دەورێکی تر لێدەن، بەڵکو بتوانێ چوارەمین کەس بدۆزێتەوە..
ساڵانێکی زۆر بوو دەگەڕا، هەر بیرەوەرییەکی داخراوی ئاوەڵا کردبوو، هەموو پووچ بوو. وەک گوێزێکی کوێرە، ئەگەرچی دەیزانی هەتا ئەوکاتەی دەیدۆزێتەوە دەبێ بڕوا..
گوێی لە نەڕەی پیاوانی سێیینە بوو:
«چوارەمین کەس لە ئاوێنەدا دەژی.»
بەڵام زرەزرێ لە پەستای زەنگەکە نەیدەهێشت تەنانەت چاو لە ئاوێنەکەش بکات.
وەتاغەکە لەژێر زرەی زەنگەکەدا دەبوو بەبەرد، ژیان وردە وردە دەکشایە دواوە و پیاوانی سێیینە دەستیان لەسەر زەنگەکە هەڵنەدەگرت. پێکەنینێکی تاڵیان لەسەر لێو بوو: «کاتی ڕۆیشتنە». چوار بەستەی لەجانتایەک دەرهێنا. سێ بەستەی ڕەنگی بواردوو، بەستەی چوارەم تازە. ئەو نامانەی نووسیبوونی، بۆ ئەوان و بۆ خۆی.
ئەوکاتە وەک گوڵی چارە چەقیلە لاسکی تەڕ و تەرچکی هەبوو.
یەکەم کەس گوتبووی: «چارە چەقیلە؟»
ئەویش لە داخی ئەو چاوانەی کە گوڵی چارە چەقیلەی نەدیتبوو، دەستی کرد بە گریان.
هەر ئەو ڕۆژە باران باری. بارانێکی بەخوڕ و بێ بڕانەوە، ئاسمان بەرقدا چووبوو...
«پەلاکی یەک، دۆزینەوەی دژوارە..»
«پەلاکی یەک، بە چەپکێ گوڵی چارە چەقیلە و پرچی پەلکە کراوەوە...»

بەنێو کۆڵانە تاریک و تەنگەبەرەکانی شاردا گەڕابوو.. پەلاکی یەک.. کۆڵانەکان هەموو تاریک و پێچەڵاوپووچ. دەنگێکی بەسام کە جار جارە دەهات و ون دەبووەوە..
چاوی لەسەر دەرانەی دەرگاکە و پەنجەرەکان بوو.. هەموو ژەنگیان هەڵێنا بوو و هەموو پەلاکی یەک بوون.. دەست بۆ دەقولبابی کام درگا بەرێ؟ زیرە لە زەنگی کام درگا هەستێنێ..؟ ماڵێک.. دوو ماڵ.. سێ ماڵ.. پەلاکی یەک.. ئاخری لە درگایەکی دابوو. زۆری خایاند تا درگاکە کرایەوە؟
دەنگێکی بەسام نەیدەهێشت.. توندتری لە دەرگاکە دابوو. چەند جاری لێ دابوو و دەرگاکە لەسەر پاژنە و گرێژەنە سووڕا بوو:
«دوو سەعاتە لەدەرگا دەدەم.»
«کارم دەکرد.»
«کاری چی؟»
«شتێکیان پێ دابووم دروستی بکەم، هەر ئەو ڕۆژەی کە چاوم بە تۆ کەوت.»
دەستی هەڵبڕیبوو و ئاماژەی بەداری گوڵی ئاوریشم کردبوو.
«دەبێ لە ساقەتەی ئەو دارە شتێک سازکەم.. سەبرکە.»
چەپکێ گوڵی خاشخاشکی نابووە ژێر چۆکی و دەسکی هەڕەکەی توند گرتبوو، لەبنەوە بە ساقەتەی دارەکەیدا دێنا و دەمی هەڕەکە تەواو چوو بووە خوارێ.
«جارێ مسەبایەکم لێ بگرە.»
تەپوتۆزێکی زەردباو ئیتر لەو کاتەوە لە سەرتاپای نیشت و لێی نەبووەوە. خاکە هەڕەی داری گوڵی ئاوریشم... جارێ سەبرکە...
خەریکی بڕینەوەی دارەکە بوو، تاو نا تاوێ ئاوڕی دەدایەوە، دەیڕوانی و پێدەکەنی. پێکەنینەکەی جار لەگەڵ جار زیاتر لە شێوە پێکەنینی مرۆڤ دوور دەکەوتەوە کە هەوا تاریک داهاتوو و قوولێک لەسەر دەموچاوی پیاوەکە پەیدا بوو، قوولکەی دەموچاوی لێک ڕەوییەوە و دەیویست هەموو شتێک هەڵلووشێ، بۆیە ئەو هەڵات.لەماڵی پیاوێک هەڵات کە بۆنی تەختەداری لێ دەهات و لەو ڕۆژەوە کە چاوی پێی کەوتبوو شتێکی وەرگرتووە دروستی بکات و نەیدەگوت چییە و هەر پرسیارێکی لێ دەکرد پێدەکەنی و پێکەنینەکەی لەشێوەی مرۆڤ دوور دەکەوتەوە...
تەپوتۆزی زەردباو و پێکەنین، هەموو ئەو ساڵانە وەک گوریسێکی کە لەملیان خستبێ بەدوایدا دەکشان و ڕاوەدوویان دەنا، ئەوەبوو کە دووەمی دیتەوە بۆ ئەوەی پێی بڵێ هەوا چەندە لێڵ و تەپوتۆزاوییە و ڕەنگدانەوەی پێکەنینێکی وشک و نەخۆش چۆن شەو و ڕۆژ هۆش و داڵغەی لەتوکوت دەکات. بە کۆڵانی باخێکدا دەڕۆیشت کە

چاوی بە پەپوولەیەک کەوت. چاوی بەدوای پەپوولەکەدا خۆشی. دەستی برد بیگرێ. پەپوولەکە هەڵفڕی و لەوکاتەدا بوو کە چاوی بە ئەو کەوت. پیاوێک کە بەدوای پەپوولەدا هەڵدەهات.. ڕاوەستا هەتا دووەمین کەس تا ئەو سەری باخەکە ڕۆیشت و کاتێک گەڕایەوە وەهانکە هانک کەوتبوو: «بۆم نەگیرا.. بەڵام ڕەنگەکەیم دی، زەردبوو خاڵی ڕەشی پێوە بوو...»

دووەمین کەس چاوی لە چاوی نەکردبوو، بەڵام ئەو توانی پێکەنینە نهێنییەکەی ببینێ. پێکەنینێک کە دەتگوت دەیەوێ بتەقێتەوە و شتەکانی دەوروبەری لەبەریەک بەرێ.

زۆری پێ چوو هەتا ئەو دەنگەی بیست... ساڵێک، دوو ساڵ، سێ ساڵ، ئەو تەپوتۆزە مەیلەو زەردەشی هەر لەگەڵدا بوو... بەڵام بیرەوەری لە داڵغەیدا لەتوکوت دەبوون، دەتگوت پێکەنینێک بەردەوام لەنێویاندا دەتەقێتەوە و لەتوکوتی بیرەوەرییەکانی پرشوبڵاو دەکاتەوە. هەربۆیە نەیدەزانی وەدوای شتێک بکەوێ، یان نەیدەویست...

«بڕوانە.. بڕوانە ئەو تەپوتۆزە زەردباوە.»

«لەگەڵ تۆ هاتووە، لەگەڵتدایە و بۆ هەر کوێیەک بچی... ئەویش دێ.» نیوەشەوێک لە خەو ڕاچەنی. ئەوی لەلا نەمابوو. دەنگی گوماناوی ئاشنایەک دەهات، بۆیە هەستا و وەشوێن دەنگەکە کەوت. ئەژنۆی دەلەرزی. نەیدەویست بیبینێ، بەڵام هەر دەڕۆیشت بەدوایدا. بە چەند داڵانی پێچەڵاوپووچدا تێپەڕی و گەیشتە ژوورێک، چاوی پێی کەوت هەڕەیەکی بەدەستەوەیە و خەریکی بڕینەوەی تەختەدارێکە.. بۆنی تەختە!

دەمەوێ شتێکی نیوەچڵ تەواو بکەم... چاو لێکە.»

پیاوە دارێکی درێژی پێشان دابوو. بریقەی چێژێک لەچاویدا درەوشابۆوەوە و لێوی داچەقاندبوو و لە قاقای پێکەنینی دابوو...

کە بەستەی سێیەمی کردەوە دەستی بە گریان کرد چەندەی لاسایی پەلەوەر کردبووەوە.

دەستی وەک باڵی پەڕۆک ڕاوەشاندبوو گوتبووی.. جووک.. جووک... هەتا سێیەم کەس کە باڵندەی وشک دەکرد، چاوی پێی بکەوێ، ئەویش جۆرێک لە ئەو دەڕوانی، دەتگوت دەیەوێ بزانێ، چۆن دەتوانێ ئەویش وشک بکات. ئەو بۆنەش بۆنی تەختە زیاتر بووبوو، تەپوتۆزە مەیلەوزەردەکەش هەروا. سێیەم کەس هیچ شتێکی نەدەشاردەوە، جاروبارێک تەختەکانی پێک دەگرت و دەیبڕینەوە، هەتا ڕۆژێک توانی چوار تەختەی درێژ پێکەوە بنووسێنێ و بیکاتە لاکێشەیەک پەپوولەیەکی زەردیشی دی لەسەر تەختەکان هەڵکەندراو بوو و سەر باڵی خاڵی ڕەشی پێوە بوو.

«هەر ڕۆژێک تەواو بێ هەڵدێم.»

ئەو ڕۆژە پیاوەکە دەستی گرت، دلۆڤان بووبوو:

«تەنیا دەمەوێ بزانم ئەندازەکە تەواوە، یان نا!»

گوتبووی جووک جووک... باڵی لێک دابوو و سێیەم کەس خۆی بۆ فڕێ دابوو و بەمشت وەرگەڕابووە سەروچاوی و ئەویش جارێکی تر تێی تەقاند بوو... کاتێک بڵێسەی ئاور لەسەر کاغەزە کۆن و لەمێژینەکان بەرزبووە، هەستا.

لە ژوورەکە هاتە دەرێ و بەسەر پلیکانە تەنگ و تاریکەکاندا ملی ڕێی گرت. لە ڕێگا چاوی دەگێڕا بەڵکو دەروویەک بدۆزێتەوە و سۆراخێکی بکا کە بتوانێ حەکایەتی چارە چەقیلە و پەپوولەیەکی بۆ بگێڕێتەوە کە خاڵی ڕەش بەسەر باڵییەوە بوو، بەڵام هەموو جێیەک تاریک داگەڕابوو و بەردەوام زڕەی زەنگەکە دەهات و وڵاتی داگرتبوو.

لەخوارەوە لای دەرگاکە، پیاوانی سێیینە چاوەڕوانی بوون و باوێشکیان دەدا. ئۆقرە لێبڕاوانەوە چاوی لێ دەکردن، بەڵکو ڕێبوارێک گوێی لەدەنگی دڵی بێ، بەڵام دەتگوت هیچ کەس نابینێ و پیاوانی سێیینەش هەروا..

«دابیهێننە خوارەوە با بچم لەناویدا ڕاکشێم.»

پیاوانی سێیینە پێکەنین:

«کەوایە کێ ڕێگاکەمان نیشان بدات؟»

پاشان سووچی چوارەمیان نیشاندا. دەتگوت شتێکی نادیار و پڕ لە ڕاز بەرەو لای خۆی بەکێشی دەکات، لاقی بێ ئیختیار هەنگاویان دەنا و گوێی لە پێکەنینی وشکی ئەوان دەبوو:

«چوارەمین کەس...»

دوای تاوێک دیتی لەژێر چوارەمین سووچی تابووتەکەدا وەک بای شەماڵ دەفڕێ بەرەو گۆڕستانێکی نادیار و نەناسراو، دەتوانێ ئەوانیش ببینێ کە جاروبار ئاوڕیان دەدایەوە، پێی پێ دەکەنین و چاویان لێ دەکرد، پیاوانی هاوشێوە و هاوقەڵافەت کە وەک یەک پێدەکەنین، وەک یەک دەستیان ڕادەوەشاند. چۆن بوو ئەو درەنگ تێگەیشت کە پیاوانی سێیینە دارینەن؟

بەهەڵە پڕووزکێ دەستی بە لەشی خۆیدا هێنا کە دڵنیا بێ و... دەتگوت دەست بە مەخمەردا دێنێ، چاوی لێ دەکرد هەزاران وردە گیا لە پێستی لەشییەوە هاتوونە دەرێ و چەقەرەیان داوە. ئۆناقێک گەرووی داگرت و جارێکی دیکە سەریان وەرسووڕاند. بەهیوا بوو، بەڵکو لەو ڕێگایەدا تووشی کەسێک بێ کە گوڵی خاشخاشک بناسێ و بتوانێ پەپوولەیەکی زەردی بۆ بگرێ کە سەرباڵی خاڵی ڕەشی پێوە بێ.

**سەرچاوە:**

**کتێبی «سیریاسیریا» چاپ اول تابستان ١٣٨٧، چاپ گلشن انتشارات نیلوفر.**



# هێسرێن چڤیکان

**چیا مازی**
**(مێردین)**

شەڤ... شەڤا رەش وتاری... نە ئاسیمان و نە ستێرکێن وێ دبرقین و نە رێیا کاکشینکێ... نە ئاسۆ، کو هیڤ د سەر رە دچرووسینە... نە دەنگێ چەقەلان و نە دەنگێ کەلەشان. تەنێ دەنگێ چەند سەهان. تەنێ دەنگێ بێتکان و خوشخوشا بارانێ.. و تەنێ مەحموود... وشەڤ..

شەڤا کۆر، شەڤا تاری ب مژێ رە بوویە هەڤال ئیرۆ . و باران هێدی هێدی دلیزە ژ وان رە. باران... چقاس ب کەسەر دبارە ئیرۆ. چقاس ب کۆڤانی دبارە، وەکی هێسران.

کی دبێژە بارانا پاییزێ ب کۆڤانە؟ کی دبێژە بارانا پاییزێ ب کەسەرە و بارانا بهارێ ب شاهی یە؟ ئەڤ نە ڕاستە ژ وی رە. ئیشەڤ کۆڤانی... ئیشەڤ کۆڤانیا ژیانا چل سالی. کێف و سەرپێهاتیێن چل سالی، ب بارانا بهارێ رە تێن خوارێ. هەر چپکەک دیمەنەکە. ل سەر سەرێ وی دبن چەم. ل سەر ستراخان دبن کۆم و د شوورکێ رە، د شوورکا دلێ وی رە دحەرکن خەم و خەیال، وی دبن کۆلانێن پیران، وی دبن سەرێ کانیێ، کۆلانێ بیرکێ. دیسا، ئەو برە شەڤەکە وەها ب مژ و باران. لێ جوداتییەکە وێ شەڤێ هەبوو. با ژی هەبوو. با وێ شەڤێ کۆرۆ تەمام دکر. ئەو دیسا ل سەر دکا مالا خوە یا گوند روونشتبوو. کۆرۆ تەمام بوو. با، باران، مژ و دەنگێ چڤیکان. ڤیزە ڤز و هەمەهما بایێ قەرەجداغێ...

ل ئاسۆیا رەشێ دو کەس خویا بوون. هێدی هێدی بەر ب وی دهاتن: دوو رە یەکی دن، دوو رە دوو دوویێن دن و دوو رە هەموو ل حەوشێ، ل دۆرا وی کۆم بوون:

– هەڤالێ مەحموور... تویی؟

رابوو بوو سەر خوە وێ دەمێ. بخێرهاتن ل هەڤدو دابوون و روونشتبوون.

گفتووگۆیا ب جغارەیێ شێرین دبوو و ب چایێ رە دهاتە برین، ل بەر دەنگێ وی بایی. پاشیڤا خوە ب دلپاکی خواربوون. چایێن خوە ب کێفخوەشی ڤەخواربوون. گەلەک جغارەیێن ستوور ژ قوتیا مەحموود پێچابوون و هم پەیڤیبوون

هم ڤەخواربوون.

هەتانی نیـڤێ شـەڤێ دۆم کـربوو. وێ شـەڤێ ل سـەر وەلێت و ل سەر مرۆڤان نیقاش کربوون.

«چقـاس خوەشـبوو ئەو شەڤا تاری. چقاس خـوەش بوو ئەو باران. با و لۆریکا چڤیکان.»

ب دەنگەکی ئەو خـەیال، ئەو رامـان، ئەو دیمەنانا وەندا بوون.

– مەحمووووود..! مەحمود! توبێ بمری کورۆ. ما تە خێرە ڤێ شلیا؟ قەی تو ل مرنا خوە دگەرِی؟

بەلێ... ڤێ پەیڤێ ئەو د سـەر رامـانێـن کـوور دە زەفت کربوو و عەین ل مرنا خوە دگەرِیا. دەنگێ مرنێ بیستبوو جارەکێ... ئێدی خویا بوو کو چقاسی نێزیک بوویە ئەو ژاهر. رهسـتێن و بژشکان ژێ رە گـۆتبـوون «هەرِە سێ مەهێن دن. هەکە تو باش نەبوویی وەرە «لێ ئەو ل بەندا وێ دەمێ نەسەکنیبوو. دخوەست نەخوەشیا خوە فێم بکە و ب مـرنێ رە کـەتبـوو بازارێ. ژ بەر وێ یەکێ ژی، ناڤـا زڤستانێ چووبوویی هەتانی بازیدێ، با حەکیمێ لۆقمان، ژبۆ دەرمـانێ گـهـایی. لێ وی ژی تشـتـەکی دن ژێ رە گـۆتبـوو «بژیشک مـادێ مـرنا تە دایە تە. وەکی ژ تە رە گۆتیە هەتا سێ مەهێن دن هەکە تو ساخ ما...!»

و ئیـشـەڤ سێ مەهێن وی دقەدیا. ئیـجـار ئەو ل مـرنا خـوە نەگـەرِە کی دێ لێ بگەرِە؟ گـەلۆ ئەو نە خـەمگین بە کی دێ خەمگین بە؟ گەلۆ ئەو خاتر ژ بارانێ نەخوازە کی دێ بخوازە؟ گەلۆ کیێ جارا داوی ل شەڤا تاری بنێرِە؟

گەلۆ ئەو نەبێژە شانەشێن خوەشە و ئەز ژ شەڤێ ژی، ژ ڤی بایی و بارانێ ژی حەز دکم و نەبێژە بلا ڤە ئەز سەرمێ بگرم، کی یێ ببـێـژە؟ لێ نەدخـوەست دلێ ژنا خـوە ژی بهێلە گۆت:

– بلا... ئەزێ ببم هوندر، لێ نە ئانهـا. ئیـشـەڤ پرِ خوەشە، نە سارە. پرِ خوەشە، ئیشەڤ ژ من رە. دڤێ ئەز بێهنەکە دن ژی ل سـەر ڤێ دکێ بسـەکنم و جـارەکە داوی تاهما ڤی هەوایێ بستینم.

ئەو شەش مەه بوو کو د ناڤا نیڤانان دە بوو مێڤانەک دهـات یـەک دچـوو، دەه دهـات و دەه دچـوون. ئـەو وەستاندبوو و نەدهشتن ژ خوە رە رۆژێن داوی ب دلێ خوە بژی. ئەو برینا غـەدار و نەخـوەشـیا گـران، سەردانێن پرِو ژیانا ب پیڤـان. بێهنتەنگ بوو بوو. جارنان ب زارۆکێن خوە رە، جارنان ب برایێن خوە رە، جارنان ب هەڤالژیانا خوە رە شـەرِ دکر. جـارنان ژی زارۆک کـۆم دکـر و یەک ب یەک ستـران ژ وان دخوەست و وی ژی دسـترا. جـارنان پرِ ب حەنەک، جارنان ژی پرِ ب کەسەر دپەیڤی و دگۆت:

– ئاخ....! ئاخ ئەزێ بمرم و من ئازادی نەدیت..

بەلێ، ئەوێ بمرا و وێ ب حەسرەتا یەکی د تەلەڤزیۆنێ دە دەرکـەڤە و ببـێژە «ڤێ دەرا ناڤـەندا تەلەڤزیۆنا کـوردی یە» بچوویا. حەسرەتێن وەها مەزن دهشتێ وی دە دچوون و دهاتن، گەلۆ رۆژەک هەبوو کو زارۆکێن وی داوەتەک مەزن پێک بئـانیـانا؟ گـەلۆ رۆژەک هەبوو کـو بگۆتانا «ئیـرۆ سـەرکـێـشـێ دەولەتا مـە چوو یە فـلان دەولەتێ و ب سـەرکـێـشێ فـلان دەولەتێ رە هەڤـدیتن چێ کـریە؟» کـاااا!... ئەو رۆژ؟ دە بلا ئەو رۆژ ئیــرۆژ بوویا و بلا مەحموود ب وی حەسرەتێ نەچوویا.. هێڤیا وی هەبوو. هێڤـیـا وی ژ ئازادیێ هەتا داویێ هەبوو. لێ.. لێ ژیانا وی نەمابوو.

ب وان رامـانێن خـوە یێن کـوور دزڤـرِی سـەر زارۆکـان و دگۆت:

– بەلێ، زارۆکێن من.. هوونێ ببینن. مـحەقەق هوونێ ببینن.»

گەلەک کەسان ب ڤێ حەسرەتێ سەری دانین سەر ئاخا سار. لێ باوەرِ بکن، ژ بۆ کو هوون ژیانەکا خوەش و ئازاد ببینن. ئەو کەسێن دلێن خوە فەدایی مرۆڤان کرن، ژبۆ مە، ژبۆ ژیانێ مرن. تشتەک نابە زارۆکێن من. هەکە رۆژەکێ حەسـرەتا دلێ باڤێ وە هاتە جهـ، هوونێ وێ رۆژێ وەرن سەر گۆرِا من و تژە کولیلک بکن. سێ کـولیلکێن ئانهـا قەدەغە، یەکێ ل سەر سەرێ من، یەکێ ل سەر نگێ من و یەکێ ل سەر دلێ من بچکینن. ئەو بەسە ژ من رە.

بەلێ... شەڤ... شەڤ وەها دچوون، رۆژ وەها دچوون ب حەسابکرنا ژیانەکە ب روومەت... وەکی هەر دەمێ و دیسـا ژیان د رێ دە بوو. چەم د حـەرکێن دیسـا، دار کل دبوون... دیسا دەنگێ چاکووچێن حەدادێ مـێردینێ بلن دبوون. دیسـا زارۆکـان ب دەست هەڤ دگـرتن و دلستن. گـورِینا عـەوران، ویقـەویقا چەقـەلان و دەنگێ کـەلەشان تەڤلی هەڤ دبوون. لێ تەنێ دەنگێ بارانێ مـەژیێ وی سەرمەست دکر و تەنێ شیرە شیرِا چڤیکێن ل سەر شباکێ دهاتە وی و دلێ وی نکول دکرن.

ئەو شەڤ... شەڤا دن و شەڤا دیتر... باران و مژ...

گوژە گوژا ترەمپێلان، ڤرِینا بالەفرِان، رۆناڤێژ و ڤیژبنێن زارۆکان... رۆناهیا لەمپێن باژێرِ. قەبەقەبا تەلەڤزیۆنان و ژیان... و شەڤا داوی...

مژ..

باران...

و هێسرێن چڤیکان...

**ئەڤ کـورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (مستـەک ژیان) رووپەلێن (١٣٧– ١٣٩) هاتیـە وەرگـرتن کـو ل سـالا (٢٠٠٣)ێ ل چاپخـانەیا ئەنگین مـاتبـاجلک– سـتـەنبـۆل و ژ ئالیێ وەشانخانەیا (سی) هاتیە چاپ و بەلاڤکرن.**

**«رامان»**

# ڕامانی پاک لە تەنیاییدا

موحسین محەمەد


**کارەکتەرەکان:**

* پیرەمێرد
* پیرەژن
* منداڵێک
* کوڕەکە
* ژنەکە
* کەسی یەکەم
* کەسی دووەم
* کەسی سێیەم
* پێشکەشکار
* دراوسێی یەکەم
* دراوسێی دووەم

(کۆمەڵە کەسێک لە فەرمانبەر و وێنەگر و موزیکژەن و گۆرانیبێژ و خزمەتگوزار)

**شوێن:** ماڵی پیرەژن و پیرەمێردێکە. کات، شەوی نەورۆزە. هۆڵێکی ئاسایی ماڵێک، ڕاڕەوێکی تەسک هۆڵەکە دەکاتە دووبەشەوە، دەرگایەکی بەسەرەوەیە، پەنجەرەیەک لەلای چەپی ڕاڕەوەکە هەیە، دەڕوانێتە سەر باخچەی ماڵەکە، گوڵ و ڕووەکی باخچەکە دیارن، گڤەی بادێ، گەڵاکان دەجوولێنەوە، لەسەر دیواری پەنجەرەکە وێنەی ڕەش و سپی پێشمەرگە هەڵواسراوە، وێنەی سەردەمێکی زووتری پیرەژن و پیرەمێردەکە هەیە. ڕاڕەوێک دەچێتە مەتبەخی ماڵەکە. ژوورەکە تاخمێک قەنەفەی تێدایە، ڕادیۆیەکی گەورەی کۆن لە سووچێکی ژوورەکەوەیە، ماڵەکە تەواو تاریکە. دەنگی تۆپەکانی یاری ئاگرپژێن و گرمەی هەورەتریشقەی بەهاری دەبیستریێن. کارەبا کوژاوەتەوە.

**پیرەمێرد:** (تەمەنی حەفتا ساڵ دەبێ، ماندووە، سەرو



ڕیشی سپییه، بە ویقارە) تاریکی تاریکی تاریکی.. دیسان ئەو کارەبا نەفرەتییە کوژایەوە.. پیرەژن، پیرەژن.. ئەی خودایە.. کچێ وەڵام بدەوە دڵم شەقی برد.. ئاه.. ئەوە خۆشە، نە ڕووناکی هەیە، نە پیرەژن.. کچێ فریام کەوە چرایەک دابگیرسێنە، باخۆم بە شتێکدا نەدەم...

**پیرەژن:** (تەمەنی شەست و پێنج دەبێ، ماندوو دیارە بەڵام خۆڕاگرە، چرایەکی بە دەستەوەیە دێتە ژوورەوە) ئۆف ئۆف، لەوەتەی هەی هەمیشە بە پرتە و بۆڵەی.

**پیرەمێرد:** وادەزانی چاوەکانم کزبوونە، پشتم ڕووی لە چەمانەوەیە، ئێ خۆم بەشتێکدا بدەم ئەسکوردم دەشکێ، دەمە بەڵا بەسەرتەوە. هەرکە کارەبایان کوژاندەوە چرایەک دابگیرسێنە.. کوژانەوە دیارە بەڵام ڕووناکبوونەوە دیار نییە.. هەست دەکەم گوێم لە دەنگی تۆپ و تەقەی بەیەکدادانە.. گوێت لێیە ئافرەت؟

**پیرەژن:** گوێم لەهیچ نییە.. خۆ من میوان نیم.. تەمەنێکم لەگەڵ تۆ بەسەربردووە.. هێشتا نازانی گوێیەکانم شتی دوور نابیستن.

**پیرەمێرد:** (هەست ڕادەگرێ) کچێ بەخودای ئەوە دەنگی تۆپ و تەقەیە.. دیسان دەبێ چی ڕووی دابێ

**پیرەژن:** ئەوە سێ ڕۆژە کەسمان لە ماڵەکە نەچووینەتە دەرەوە.. دەبێ چی ڕووی دابێ؟

**پیرەمێرد:** ماوەیەک بەر لە ئێستا دەنگۆی ئەوە هەبوو کێشەی زۆر توند کەوتۆتە ناو ژەنەڕاڵەکانی بەغدا لەسەر گەڕاندنەوەی کوردستان.. دەترسم هەر ئەو کێشەیە گەورە بووبێ..

**پیرەژن:** شەڕی ژەنەڕاڵەکان کۆتایی نایە.. نازانم دەنگی تۆپە، گرمەی هەورە.. هەوە.. بێ گومان هەوە.. لام وایە تاکە شەڕ دەبێ کە تۆی تێدا نەبێ.

**پیرەمێرد:** ئاخ ئاخ.. کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەوەی لە چاویدا بوو.. هەوە.. هەوە.. زرمەی تۆپەکان دوورن، بەڵام وا پێدەچێ نزیک ببنەوە. هەتا مابن چاویان لە داگیرکردنەوەی ئەم وڵاتەیە.. میللەتێکن لەگەڵ خۆیان هەڵناکەن، کەچی دەیانەوێ هەمیشە داگیرکەربن. ئافرەت ئاووخۆراکمان چۆنە؟

**پیرەژن:** سێ ڕۆژە نەمتوانیوە بچمە بازاڕ، باران کەلێنی نەدایە.. چی لەم ماڵەدا ماوە.. بەدبەختییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەبن.. گەڕانەوەی عەسکەریشی هاتە سەر. وا چاکە هەندەک خۆت گورج بکەی و بچییە دوکانەکانی گەڕەک.. ڕەنگە یەک دووانەکیان مابێ.

**پیرەمێرد:** زۆر سەختە بتوانم بەم شەوە ڕێ بکەم.. شارەکە لە تاریکی و زرمەی تۆپدا نقوم بووە.. کێ ئەم شەو شت دەفرۆشێ؟.. ئەوانە لە ڕۆژێکی ئاوا دەگەڕێن، ئێستا هەموو شتێک شاردراوەتەوە (زرمەیەکی گەوری ئاگرپژێن دێت، پیرەمێردەکە بەردەبێتەوە، پیرەژن هاوار دەکا، دەچێت ڕاستی دەکاتەوە، هەناسەبڕکێ دەبن) نەفرەتیان لێ دا، خەون بە ئازادکردنی قودسەوە دەبینن، هێرش دەکەنە سەر کوردستان. (هەردووکیان پشتیان داوەتە قەنەفەکەوە، سەیری یەک دەکەن، سۆز و خۆشەویستی دەگۆڕنەوە) ناترسێی؟

**پیرەژن:** ناترسم.. تا بەیەکەوە بین ناترسم.. ئەگەر بێنەوەش هەر دەبێ بگەڕێنەوە.

**پیرەمێرد:** بەڵام ئەوەی دروست کراوە دەیڕوخێنن.. ئەوەی خەونمان پێوە دەبینی دەیسووتێنن.. بیرتە ژەنەڕاڵ تاها شەکەرچی چی لە کۆیە کرد؟ ئەدی عەلی حەسەن مەجید، ئەوەی ئەو کردی ناگێڕدرێتەوە.. وای دەزانی کورد زیندەوەرە، بۆیە دەبێ بە دەرمان بکوژرێ.. ئەوان ئەهلل بەیت بوون، ئەوانەی ئێستا ئەهلل بەیتن.. هەموویان ئەهلل بەیتن.

**پیرەژن:** تەنیا من دەزانم ئێوە چ ئازار و ژانێکتان بینیوە.. چیتان نەبینی؟.. هەموو شتێک.. هەموو شتێک. هەموو ئەو شتانەی بەگێڕانەوە ناچنە ئەقڵەوە.

**پیرەمێرد:** هەرکە بێنە ژوورەوە بەدوای کەسانی وەکو ئێمەدا دەگەڕێن.. زۆر بێ بەزەیین.. میللەتێکی زۆر بێ بەزەیین.. ساڵانێکە سەری یەکتر دەبڕن.. کە دێنە ناو شاروگوندەکانی ئێمە پاداشتی سەڵاحەددین دەدەنەوە.. ئەوەی دەیانەوێ بە جوولەکەی بکەن و دەستیان ناگاتێ، بە ئێمەی دەکەن.

**پیرەژن:** ئەم جارە ئێمە تەنیا پاشماوەی شەڕەکە دەبینین.. چییان داوە لە پیرەژن و پیرەمێردێکی وەکو ئێمە؟

**پیرەمێرد:** بڕوا مەکە (هەڵدەستێتەوە).. بە پیریی خۆت بڕوا مەکە.. هەموو سەردەمێک ڕاپۆرتنووسی خۆی هەیە. (پیرەژنەکە هەڵدەستێتەوە)

ئێستا ئەوان لە پێشەوەی شەڕەکە، ڕێگایان بۆ ڕووناک دەکەنەوە.. ئەدی هەر ئەوان نەبوون لە ڕاپەڕین

لوولەی تفەنگەکانیان لە (ڕەفیقەکانی) خۆیان کردەوە.. هەموو زەمانێک ڕاپۆرتنووسی خۆی هەیە.

**پیرەژن:** گوێی پێ مەدە.. گوێی پێ مەدە.. تۆش هەموو زەمانێک گوێت بەو شتە قۆڕانە نەداوە.

**پیرەمێرد:** خودایە.. خودایە، ئەی خودای گەورە، کوڕە تاقانەکەی سەلاحەددین لەپێناو ئازادی گەلەکەی هەموو ژیانی بەتاریکی و نەهامەتی بردەسەر.. خودایە.. خودایە، ئەدی بە ویستی تۆ نەبوو تامی ئازادیمان چەشت؟.. ئەمڕۆ جارێکی دیکە.. پیاوانی خاکی پیرۆز دێنە پێشەوە.. هەر ڕۆژەی بە بیانوویەک دێنە پێشەوە.

**پیرەژن:** مزگەوتەکان ڕۆژانی هەینی پڕ دەبن لە خوداپەرستان.

**پیرەمێرد:** لە ڕۆژانی ڕاپەڕین پڕ دەبن لەو سەربازانەی لە بەرەکان تێکدەشکێن..

زۆریان دەوێ تا دەگەنەوە هەوارگەی خۆیان.. هەرگیز لە خۆیان ناپرسن.. قەت لەخۆیان ناپرسن، بۆچی ئەو هەموو ڕێگا دوورەیان بڕیوە.. ئەوان لەناو دارخورما و بیابانەوە دێنە سەر خاکێک، بە چاو دیارە خودا بە جیاوازی دروستی کردووە، کەچی هەر دێن، هەرکە تێکدەشکێن، هەموو تاوانەکان دەخەنە ئەستۆی سەرکردەکانیان، ئەمە دادپەروەری نییە.

**پیرەژن:** خودای گەورە کوردی خۆش دەوێ، بۆیە تووشی ئازاری دەکا.

**پیرەمێرد:** خودای گەورە هەموو نەتەوەیەکی خۆش دەوێ، ئەگینا دروستی نەدەکردن.

**پیرەژن:** ئەدی بۆ یەکتر دەکوژن؟

**پیرەمێرد:** هەموویان ئەم پرسیارە دەکەن.. ئەوانەی سەردەکەون وەڵامیان لە هەگبەدایە، ئەوانەی ژێریش دەکەون، دەڵێن: ئێمە نەتەوەیەکی بەدبەختی ئەم سەرزەمینەین.. سەیرە.. زۆر سەیرە، (قائیدلئومە) بەناوی ئومەوە کوشتاری بردە هەموو شوێنێکی ئەم وڵاتەوە.. ئەوانەی لەسەر پشتی دەبابەکانی ئەمریکاوە گەڕانەوە ناسریە و عیمارە و بەسرا، دەیانەوێ لە خانەقینەوە بچنە قەندیل.. کوڕە کابرا ئەتۆ ناتوانی گەڕەکەکانی خۆت ڕێک بخەیتەوە، چیت لە پێدەشتی حەمرین داوە؟

(دەنگی تۆپەکان جارجار زۆر دەبێ، جار جار کەم دەبێتەوە، بریسکەی ڕووناکی لە پەردەی پەنجەرەی ماڵەکەوە دەبینرێ، پیرەژن و پیرەمێردیش سەیری ڕووناکییەکە دەکەن و لە یەک نزیک دەبنەوە ترس و نیگەرانییان پێوە دیارە) ئەم ڕووناکییە زۆر سەیرە، لەوانەی شەڕەکانی پێشوو ناچێ.. ڕەنگە چەکی نوێ بێ (سەیری پەنجەرەکە دەکەن، ڕووناکییەکە بەو شێوەیە دیار نییە بناسرێتەوە، ڕەنگەکان دیارن، شێوەکانیان دیار نییە)

**پیرەژن:** جار بە جار گوێم لە دەنگی تۆپەکان دەبێ، تۆش وەکو من جار جارە گوێت لێ دەبێ؟

**پیرەمێرد:** بەدبەختی من لەمەدایە.. هەمیشە گوێم سووکە، خۆزگە چاوەکانم وەکو گوێیەکانم دەبوون.

**پیرەژن:** ئەم دنیایە زۆر خراپ گۆڕاوە.. سێ ڕۆژە نەچووینەتە بەر دەرگا.. کەسێک ناپرسێ، کەسێک سەر بە ماڵەکەدا ناکا.

**پیرەمێرد:** سێ ڕۆژە باران بە لێزمە دەبارێ.. هیچ ساڵێک ئەوەندە باران نەبارییە.. هەموو لە ژوورەکان خۆیان حەشارداوە.. بەدبەختی لەمەدایە، هەر ساڵێک، کورد سەری لەدەست زوڵم و زۆرداری هەڵگرتبێ، ئەو ساڵە لە هەموو ساڵێک زیاتر باران باریوە، کە دەگەڕێتەوە و گوندەکانی ئاوەدان دەکاتەوە، ئەوجا باران نابارێ.

**پیرەژن:** سێ شەو و سێ ڕۆژان بەدەم ڕێگاوە دڵشادم لەسەر پشت بوو، باران هەر لێی نەکردەوە.

**پیرەمێرد:** سوپا ئەمەی بەدەرفەت زانیوە، بۆیە هێرشی هێناوە، ئەمەیە نەگبەتییەکانی مێژوو، چاکی دەخوێننەوە، ئەوان ڕۆژە مێژووییەکان هەڵدەبژێرن، ئینجا هێرش دەکەن (بێ دەنگی).

**پیرەژن:**.. کێشتانی باران کەمێک لێی کردەوە.. دەبوایە بپرسن.. پیرەژن و پیرەمێردێک دراوسێن، کەس لێیان ناپرسێ (بێ دەنگی) ئەوان لەو شتانە دڵنیان. بۆیە ئارەزووی گەڕانەوە دەکەن. بابێن.. کێندەرێ ئارەزوو دەکەن بابێن.. هەر دەگەڕێنەوە.

**پیرەمێرد:** پێش ئەوەی بگەڕێنەوە لە مزگەوتی حاجی عەبدوڵلای حەمامچی سەرخەوێک دەکەن، پارووەیەک نان و ماست دەخۆن.. (بە پەلار) دەی کوڕینە ماست ببەن.. نان ببەن.. کوڕە ئەوانە سەربازن زۆر گوناحن.. کە سەردەکەون و گوندەکان داگیردەکەن، زۆردارن، کە ڕادەکەن.. کە تێکوپێک دەشکێن، زۆر گوناحن،

ژەنەراڵەکان تاوانبار دەکەن.. کێ هەیە لە کلۆڵیی ئەم میللەتەی ئێمە تێ بگا. (بێ دەنگی).

**پیرەژن:**.. باران کڕەکی بداتێ.. دوو سێ ڕۆژ خۆش بێ.. کەنگر و تۆڵکە پێدەگا.. هەر بە ڕێگاوە خەڵک کەنگر و تۆڵکە دەخوا.. کەس لە برسان نامرێ.. خودا کەریمە.

**پیرەمێرد:** سامانێکی زۆر کۆکراوەتەوە.. زۆر زەحمەتە ئەو هەموو سامانە لەدواوەی خۆیان جێ بهێڵن، سوپایەکی زەبەللاح هەیە.. نا.. نا، ئەم جارە شەڕ دەکەوێتە کۆڵانەکان.. دوو ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، لەبەر ئۆتۆمبیل، پیاو نەیدەتوانی پیاسەیەک بەناو شاردا بکا، دەبێ ئێستا ئەو شەقامانە چییان بەسەرهاتبێ؟

**پیرەژن:** کە لە ڕۆژی جەژن لەسێدارەیان دا، خێر و بەرەکەت بەسەر وڵاتدا باری.. دیسان دەیانەوێ زیندووی بکەنەوە. پیاوێک بوو، جەستەی یەک پارچە بوو لە خوێنی تۆڵەسەندنەوە. وای دەزانی هەموو پیاوانی عیراق زڕبابی ئەون.. دایکێکی کلۆڵ کوفری کرد، دوو مێردی کرد..

**پیرەمێرد:** سەرچیغ مەڕۆ هەون.. هەر ئەوانن.. هەر خۆیانن.. تەنیا ناوەکانیان گۆڕاوە.. هەموویان وادەزانن ئێمە زڕباوکیانین و دایکی ئەوانمان مارە کردۆتەوە.. چ میللەتێکی قین لە دڵن.. مەگەر ڕوحی پاکی حەسەن و حوسێن ئەوانە بناسێ..

ئەها ئەوە کارەبا هاتەوە (کارەبا دێتەوە) دەی چرایەکە بکوژێنەوە.. با ڕادیۆیەکە پێ بکەم بزانم ئەم هەرایە چییە (پیرەمێرد دەڕوا ڕادیۆکە پێ بکا، پیرەژن دەڕوا چرایەکە بکوژێنێتەوە لە دەرگا دەدرێ) یاڵلا خێر، دەرگاکە بکەوە واز لە چرایەکە بێنە.

**پیرەژن:** با چرایەکە بکوژێنمەوە، ئینجا دەرگاکە دەکەمەوە.

**پیرەمێرد:** کچێ دەرگاکە بکەوە خۆ چرایەکە هەڵنایە، هەندێک لەوانەی لە دەرگا دەدەن، ئارامیان نییە، دەیانەوێ یەکسەر دەرگایان لێ بکرێتەوە، ئەگەر بۆیان بلوێ هەر لەسەر دیوارەوە ئاودیو دەبن، دەی پەلە بکە دەرگاکە بکەوە. ئەمڕۆ ڕۆژی چاوەڕێ کردن نییە.

(دەڕوا دەرگاکە بکاتەوە، پیرەمێرد ڕادیۆکە دەکاتەوە، مارشی ڕاپەڕین دەبیسترێ، منداڵێکی دە ساڵان جلی کوردی لەبەرە، سینییەکی پێیە، دوو شووشە شیری لەسەرە، دێتە ژوورەوە. لەگەڵ کرانەوەی دەرگا بۆنی تایەی سووتاو دێتە ژوورەکە) کچێ ئەوە چی بوو دایخەوە دەرگاکە داخەوە، بۆنی تایەی سووتاو هێرمان دەکا، دەڵێی نەورۆزە..

**منداڵەکە:** ئەدی چییە باپیرە؟.. ئەدی ئەم شەو نەورۆز نییە؟

**پیرەمێرد:** ئەوە چ دەڵێی؟!

**منداڵەکە:** وتم، ئەدی ئەم شەو نەورۆز نییە؟

**پیرەژن:** نەورۆز؟!

**پیرەمێرد:** بەڕاست ئەم شەو نەورۆزە؟

**منداڵەکە:** نەورۆزە.. دایکم وتی ئەم دوو شووشە شیرە بۆ داپیرە و باپیرە ببە.. لەبەر باران نەچوونەتە بازاڕ. (پیرەژنەکە دوو شووشە شیرەکە لەسەر سینییەکە هەڵدەگرێ، دانەیەکی دەداتە پیرەمێردەکە، دانەیەکیش بۆ خۆی، یەکسەر شیرەکە دەخۆن).

**پیرەمێرد:** بۆ ڕۆڵە بازاڕ هەیە؟ (بەردەوام سروود و مارشی نەورۆز و ڕاپەڕین لە ڕادیۆکەوە دەبیسترێ)

**منداڵەکە:** بەڵێ بازاڕ هەیە.. بۆ بازاڕ نییە؟

**پیرەمێردەکە:** هەموو لە بازاڕن؟ (بەدەم شیرخواردنەوە)

**منداڵەکە:** نا.. هەندێک لەبەر باران دوکانیان نەکردۆتەوە.

**پیرەمێردەکە:** شیرەکە گەرمە.

**منداڵەکە:** دایکم وتی بە گەرمی بیبە، با بیخۆن.

**پیرەمێردەکە:** لەگەڵ دەرگا کردنەوە بۆنی تایەی سووتاو دەهات.. (بە هەندێک تووڕەیی) کارەبا کوژایەوە.. ڕمبەی تۆپ دێ.. نەورۆز کەی وابووە.

**منداڵەکە:** منداڵانی گەڕەک تایەی زۆریان لەسەر یەک دانابوو، ئاگریان تێ بەردا، مەحەویلەی کارەبای گەڕەکی پشتەوەمان تەقی، بۆیە کارەبا کوژایەوە.

**پیرەمێرد:** ئەدی سەربازەکان؟

**منداڵەکە:** لەسەری هەموو کۆڵانەکان ڕاوەستاون.

**پیرەمێرد:** بۆچی لەسەری هەموو کۆڵانەکان ڕاوەستاون؟

**منداڵەکە:** دەڵێن لەبەر تیرۆریستەکانە.

**پیرەمێرد:** ئەدی ڕمبەی ئەو تۆپانە چییە؟

**منداڵەکە:** تۆپی یاری ئاگرپژێنن.

**پیرەژن:** (وەک بیەوێ پیرەمێرد ڕزگار بکات) باشە کوڕم ئەتۆ بڕۆ.. دەستی دایکت خۆش بێ بۆ ئەم دوو شووشە شیرە.

**منداڵەکە:** نۆشی گیانت بێ پووری، خوا حافیز (دەڕوا).

**پیرەژن:** خوات لەگەڵ کوڕەکەم.. دراوسێکانمان زۆر باشن.. دراوسێکانمان کوڕوکچی ئێمەن.. هەر باش بوو ئەم جارەش لە شەڕوشۆڕ ڕزگارمان بوو.

**پیرەمێرد:** (حەپەساوە، شووشە شیرەکەی بەدەستەوەیە، بێ دەنگی).. گەمژەن.. هەرگیز بیر لە کەسانی وەکو ئێمەمانان ناکەنەوە، ئاخر نازانن ئەو خەڵکە ژیانی هەموو شەڕوشۆڕ بووە، ئەم تەقە و ڕمبە و هەرایە چییە.. هەر کە گوێم لە دەنگی تەقە و ڕمبەی تۆپ دەبێ وا دەزانم لەناو گەرمەی شەڕ و کوشتارم.. زەینم دەڕوا.. بەدەست خۆم نییە توانام نەماوە.. دەمەوێ هیچ دەنگێک نەیە.. هیچ دەنگێک.. هیچ هیچ..

**پیرەژن:** (بەدەم خاوێنکردنەوەی کورسی و قەنەفە و کەلوپەلەکان) سێ ڕۆژ شار چۆڵوهۆڵ دەبێ.. ئەگەر باران لێ بگەڕێ، جگە لە نەخۆش و پیر و پەککەوتەکان، کەس لە شاری نامینێ.. هەموو بە دەشتو دەروەردەبن.. هیچی تریان نییە، ئاقار و کەسکایی.. کەسکایی.

**پیرەمێرد:** سێ ڕۆژە بارانە.. سێ ڕۆژ هەواڵەکان باس لە گەڕانەوەی سوپای بەغدا دەکەن بۆ پێدەشتی حەمرین.. ژیانمان هەمووی ترس و نیگەرانییە، ڕۆژانە جگە لە هەواڵی ناخۆش، هیچی دیکە نابیستین.. نازانین بە کێ بڕوا بکەین.. بەکێ ها بەکێ، بڕوا بکەین.. هەواڵەکان، یان تۆپە ئاگرپژێنەکان؟

**پیرەژن:** دەیانەوێ ئاسمان ڕووناک بکەنەوە.. دڵیان خۆشە.. نەبوونییان زۆر دیتییە.

**پیرەمێرد:** ئەمەیە نەگبەتی.. ئاخر ئەمەیە نەگبەتی.. لە جیاتی ئەوەی هەوڵ بدەن سەرزەوی ڕووناک بکەنەوە، دەیانەوێ ئاسمان ڕووناک بکەنەوە.. نامەوێ ئەو ڕووناکییەم ناوێ (بە گورجی دەڕوا ڕادیۆکە دەکوژێنێتەوە).. نامەوێ.. نامەوێ (بێ دەنگی).

**پیرەژن:** هەر ئەوەیە.. بتەوێ، یان نەتەوێ هەر ئەوەیە.

**پیرەمێرد:** نامەوێ.. نامەوێ (لە دەرگا دەدرێ، لەسەر یەک لە دەرگا دەدرێ) واز لەو شتانە بێنە دەرگاکە بکەوە.. (هاوار دەکا) دەرگایە دەرگا!! (پیرەژن دەڕوا دەرگاکە بکاتەوە) ساڵەهایە، بمانەوێ، یان نەمانەوێ هەر ئەوەیە (پیرەژن دەرگاکە دەکاتەوە، کۆمەڵەکەسێک بەخێرایی دێنە ژوورەوە، کامێرای تی ڤی، بێژەر، سێ بەرپرس، فەرمانبەر، خزمەتگوزار، پیرەژن و پیرەمێرد سەرسام دەبن).

**کەسی یەکەم:** (بەرپرسێکی گەورەی حکوومەتە تەوقە لەگەڵ پیرەمێرد دەکا) پیرۆزە (دەڕوا لەلایەک دادەنیشێ).

**کەسی دووەم:** پیرۆزە زۆر پیرۆزە (دەڕوا لە تەنیشت کەسی یەکەم دادەنیشێ، سەر لەبن گوێی یەکتر دەنێن و بە چرپە قسە دەکەن).

**کەسی سێیەم:** زۆر زۆر زۆر (بە پەلە دەچێتە لای کەسی یەکەم و دووەم دادەنیشێ بەشدارییان دەکا، ئەم سێ کەسە بەردەوام لەنێوان خۆیاندا قسان دەکەن، بایەخ بە دەوروبەری خۆیان نادەن، هەموو ئەوانەی دێنە ژوورەوە کڵاوی جەژنی لەدایکبوونیان لەسەرە، ئافرەتێک سینییەکی بەدەستەوەیە مەدالیایەکی لەسەرە، دوو کڵاوی زیادەی لەسەرە، بێژەر و کامێرامان کڵاویان لەسەرە، هەموو بەردەوام چەپڵە لێ دەدەن، تەنیا سێ کەسەکە نەبێ).

**پێشکەشکار:** ئامادەبووانی بەڕێز.. خۆشەویستان.. بەناوی گشت هاووڵاتیانی شارەکەمانەوە، لە شەوی نەورۆزی پیرۆزدا.. لە شەوی ئاگری هەڵگیرساوی هەزاران ساڵەدا.. وەکو نەریتێکی باوی شارەکەمان.. ئەم شەو خەڵاتی ڕێزلێنانی کەڵە پیاوان بەناوی خەڵاتی لەدایک بوون، هەر لە ماڵەکەی خۆیاندا لە ڕێوڕەسمی شایستەدا، خەڵات دەکرێن. ئەم شەویش ئا لەم ماڵەدا و لە پەخشی ڕاستەوخۆی کەناڵی ئاسمانییەوە ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتەکەتان بۆ دەگوێزینەوە.. (هەموو چەپڵە لێ دەدەن، کەمانجەژەن و ژەنیاری ئۆکۆردیۆن کە لەگەڵ فەرمانبەرەکان هاتوون، ئاوازی هەموو ساڵێک بەخۆشی دەژەنن و چەند جارێک دووبارەی دەکەنەوە، هەموویان چەپڵە لێ دەدەن، ئافرەتەکە کڵاوێکیان لەسەر پیرەمێردەکە دەنێ و ئەوی تر لەسەری پیرەژنی دەنێ) بەڕێزان ئێستا کاتی خوێندنەوەی بڕیاری شارەوانییەکەمانە.

**کەسی یەکەم:** (هەڵدەستێتەوە، کاغەزێک لە گیرفانی دەردێنێ، دەچێتە لای بێژەرەکە، ڕوو لە کامێراکە دەکا).

**بەڕێزان:** بەناوی دانیشتوانی شارەکەمانەوە، بڕیارمان دا خەڵاتی لە دایکبوون ببەخشینە ئەو پیاوەی پەنجا ساڵ خەباتی بێ وچانی لەپێناو ئازادی شارەکەمان کردووە،

هەر بۆیە ئەم شەو هەر لە ماڵەکەی خۆی مەدالیای ڕێزلێنانی لە مل دەکەین، ئەمەش نموونەیەکە لە خەرمانەی گەورەی نیشتمانەکەمان. هیوادارین نەوەکانمان هەمیشە چاو لەم پیاوانە بکەن کە لەپێناو ئازادکردنی وڵاتدا کۆڵیان نەداوە.. شاد و سەرکەوتووبن. (هەموو چەپڵە لێ دەدەن، موزیکژەنەکان دووبارە ئاوازی هەموو ساڵێک بە خۆشی دەژەننەوە، کەسی یەکەم مەدالیاکە لەسەر سینییەکە هەڵدەگرێ لە ملی پیرەمێردەکەی دەکا، پاشان دەچێتەوە شوێنی خۆی، دوو کەسەکەی تر لەبەری هەڵدەسن، پاشان هەرسێکیان دادەنیشنەوە).

**گۆرانیبێژ:** (دەچێتە پێشەوە گۆرانییەک بۆ خۆشی ئاهەنگەکە دەچڕێ، فەرمانبەرەکان شەربەت و کێک بەسەر ئامادەبوواندا دابەش دەکەن، پێشکەشکار دەچێتە لای چەند کەسێک لە ئامادەبووان و بیروڕایان وەردەگرێ، بەڵام دەنگەکانیان نابیسترێ، پیرەژن و پیرەمێرد سەیری یەک دەکەن، سەرسامن و بایەخ بە ئاهەنگەکە نادەن، سێ کەسەکە لەگەڵ خۆیان قسان دەکەن. بایەخ بە دەوروبەریان نادەن، فەرمانبەرێک پەڕی گوڵ بڵاودەکاتەوە، یەکێکی تر میزلڵدان و شتی سەیروسەمەرەی ئاهەنگەکان بڵاودەکاتەوە. پێشکەشکار پیرەمێرد دەداتە لایەکی ئاهەنگەکە بۆ دیمانەی تەلەفزیۆنی، دەنگی ئاهەنگەکە کز دەبێ دەکەوێتە دواوەی دیمەنەکە).

**پێشکەشکار:** بەڕێز دەتوانی پێمان بڵێی، چۆن کاتەکانت بەسەردەبەی؟

**پیرەمێرد:** من.. (دەیەوێ خۆی بناسێنێ، پێشکەشکار ئاخافتنەکەی دەبڕێ).

**پێشکەشکار:** دوایی دوایی، ئەمەیان زۆر گرنگ نییە، خۆمان باست دەکەین. ئێستا پێمان بڵێ: چۆن کاتەکانت بەسەر دەبەی؟

**پیرەمێرد:** هەموو دەزانن...

**پێشکەشکار:** بەڵێ بەڵێ هەموو باش دەزانین.. بەڵام دەمانەوێ بزانین چۆن کاتەکانت بەسەر دەبەی.

**پیرەمێرد:** من و پیرەژن..

**پێشکەشکار:** لەمەشیان گەڕێ، خۆت خۆت، خۆت چۆن کاتەکانت بەسەر دەبەی؟

**پیرەمێرد:** لە بەیانی تا ئێوارە؟

**پێشکەشکار:** لە بەیانی تا ئێوارە. زۆرباشە لە بەیانی تا ئێوارە. ئایا دەچی بۆ دیوەخانی باپیران؟

**پیرەمێرد:** ئەو سەردەمەی من...

**پێشکەشکار:** با واز لە سەردەمی کۆن بێنین، ئەوکاتە دیوەخانی باپیران نەبوو.

**پیرەمێرد:** هەر گوندێک دیوەخانی خۆی هەبوو.

**پێشکەشکار:** بەڵام دیوەخانی باپیران نەبوو، بەڕێز.

**پیرەمێرد:** دیوەخان بۆ هەموو کەسێک بوو تەنیا ژن و منداڵ نەبێ.

**پێشکەشکار:** زۆر جیایە.. بەڕێز زۆر جیایە، دیوەخانی باپیرانی شارەکەمان زۆر جیایە.

**پیرەمێرد:** دیوەخان هەر دیوەخانە.

**پێشکەشکار:** (بە نابەدڵی) بەڵێ دیوەخان هەر دیوەخانە. ئایا تۆ دەچی، یان ناچی؟

**پیرەمێرد:** ئەو دیوەخانەی تۆ لە کوێیە؟

**پێشکەشکار:** لە هەموو گەڕەکێکی ئەم شارە دیوەخانی باپیران هەیە.. بۆ کەسانی بە ساڵاچووی وەکو تۆ، لە هەموو گەڕەکێک دیوەخان دروست کراوە.. پیرەکان خۆشترین کاتیان بەسەر دەبەن، زۆربەیان لە بەیانی تاوەکو ئێوارە لە دیوەخان دەمێننەوە.. بەمەش ئەرکی سەرشانی خێزان زۆر سووک بووە، تەنانەت هەندێکیان، یەکتری داوەت دەکەن، منداڵەکانیان نانیان بۆ دێنن، هەر لەوێ بەیەکەوە نان دەخۆن و نایانەوێ لەیەک داببڕێن.

**پیرەمێرد:** ئەگەر وابێ.. وایە.

**پێشکەشکار:** بێ گومان وایە، ئایا تۆ ئامادەی بچییە ئەو دیوەخانەیە؟

**پیرەمێرد:** دەتوانم پیرەژنەکەم ببەم؟

**پێشکەشکار:** نەخێر ناتوانی، چونکە دیوەخانی باپیرانە.

**پیرەمێرد:** بڵێ دیوەخانی گوندییە.

**پێشکەشکار:** شاشەی سینەمای تێدایە، ژیانی گوند دەبینی و لاوک و حەیران دەبیستی.

**پیرەمێرد:** شەڕی ڕەنگەکانی تێدایە؟

**پێشکەشکار:** شەڕی ڕەنگەکان باشترین خەسڵەتی دیموکراسییە باپیرە.

**پیرەمێرد:** (دەچێتە لای پیرەژن) تەنیایی ماڵەوە باشترە لە شەڕی ڕەنگەکان.

**پێشکەشکار:** میوانە بەڕێزەکان، لە شەوی بلێسەی

ئاگـری نەورۆزدا، لە شـەوی توانەوەی شـەختـە و بەستەڵەکدا، هەر لە ماڵی خۆی ڕێوڕەسمی مەدالیای ڕێزلێنان پێشکەش کرا، بەنیازی دیدار، تا ساڵێکی تر بۆ ماڵێکی تر.

(کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم هەڵدەستنەوە، کلاوەکانیان لەسەر دەکەنەوە، دەچنە لای پیرەمێرد تەوقەی پیرۆزبایی لەگەڵ دەکەن، دەردەچن، هەموویان وەکو سێ کەسەکە پیرۆزبایی دەکەن، دەردەچن، پاشماوەی کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ و پەڕی گوڵ لەدوای خۆیان بەجێ دەهێڵن، ماوەیەک بێ دەنگی ژوورەکە دادەپۆشێ، پیرەژن و پیرەمێرد سەیری یەکتر دەکەن، مۆسیقایەکی غەمگین بە نزمی دەبیسترێ).

**پیرەمێرد:** ڕۆژگارێکی سەختە سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێ.. سێ ڕۆژ باران باری.. سێ ڕۆژ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان باسی چاوچنۆکی سوپایان کرد.. لە پڕ هەموو شتێک گۆڕا.

**پیرەژن:** (هێدی هێدی ژوورەکە خاوێن دەکاتەوە) نەیانهێشت.. نەیانهێشت.. ژوورەکە.. نەیانهێشت.

**پیرەمێرد:** نەیانهێشت چی؟

**پیرەژن:** نەیانهێشت ببینم.. هەستم دەکرد شتێک هەیە دەبێ ببێ.. کە ئەوانم بینی زانیم هەوە، ئەوەی دەمویست ببینم.. نەیانهێشت. هەمیشە پیاو.. وڵاتی پیاو.

**پیرەمێرد:** (ئەی ڕاستی..!
کەی دەتوانم بتبینم
ئەی ڕامانی پاک..!)*

**پیرەژن:** ئەوان بۆ خۆیان هاتبوون.. هاتبوون خۆیان ببینن..

**پیرەمێرد:** ئەوان لێرە نەبوون.. لەوێ بوون، ئەوان لەوێ بوون.. سەیری منیان دەکرد.. لێرە نەبوون.. (ئەی ڕاستی و ڕامانی پاک و زەمان پێی ببەخشە)**

**پیرەژن:** هەمیشە پاشماوەکان بۆ ئێمە بەجێ دەهێڵن (بە دەم کۆکردنەوە لەگەڵ خۆی دەدوێ، پیرەمێرد ئەم سەرو ئەو سەر دەکا، مەدالیاکەش لەملی دێ و دەچێ، لە دەرگا دەدرێ)

**پیرەمێرد:** (بەدەنگی بەرز) ئەو دەرگایە بکەوە، میوانەکان بۆ پیرۆزبایی دێن.. هیچ نەبێ با دڵی ئەوان خۆش بێ.

**پیرەژن:** (دەڕوا دەرگا بکاتەوە، بە دەم ڕێگاوە) دراوسێکانمان باشن.. زۆر باشن.. ئەوان کوڕ و کچەکانمانن.. زۆر باشن (دەرگا دەکاتەوە، کوڕەکەیان و ژنی کوڕەکیان کە ئەڵمانییە، بەتاو دێنە ژوورەوە، تەمەنیان لە سەرووی پەنجا ساڵییەوەیە، ژنەکە سەگێکی بەدواوەیە، پیرەژن و پیرەمێرد سەرسام دەبن).

**کوڕەکە:** دەرچوون.. ئاخ دەمزانی فریایان ناکەوین.. ڕۆیشت ئەم دەرفەتەشمان لە دەست چوو، (دەچێتە لای دایکی) دایکە چۆنی، بیرت دەکەم (دەچێتە لای باوکی) باوکە پیرۆزە شایستەی زۆر لەمە گەورەتری.

**پیرەژن:** (حەپەساوە) کوڕەکەم؟! ئەمە کوڕی منە!

**ژنەکە:** (دەچێتە لای پیرەژنەکە بە ئەڵمانی چاک و چۆنی لەگەڵ دەکا، پاشان دەچێتە لای پیرەمێرد پیرۆزبایی لێ دەکا، دەگەڕێتەوە لای مێردەکەی، هەر بە ئەڵمانی) تکایە ئاگات لە کات بێت، ناتوانین ئەوەندە بمێنینەوە. (سەگەکەی لە ڕاڕەوەکە دەبەستێتەوە)

**کوڕەکە:** ئۆه.. (بۆ باوکی) ژنەکەمە، ئەندازیارە، زۆر بە پەلەیە پرۆژەیەکی گرنگی بۆ شارەکەمان هەیە.

**پیرەمێرد:** (بەویقار و تووڕەیی) سی ساڵە.. سی ساڵە شارەکەت بەجێ هێشتووە.. بێ سەردان.. بێ وەڵام.

**پیرەژن:** (بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە) سی ساڵە.. سی ساڵە.. کوڕەکەم.. ئەوە هەو نییە!

**کوڕەکە:** باوکە، دایکە.. بڕواتان هەبێ زۆر پڕ ئیش بووم.. ئیش زۆر خێرایە، ژیان زۆر خێرایە، من حەوت ڕۆژە هاتوومەتەوە، دەمەوێ پارێزگار ببینم نەمتوانیوە.. پێویستە کەسێک بناسی، ئینجا دەتبەن بۆ لای پارێزگار، ژیان چۆن وا دەڕوا، مەزنترین پرۆژەمان بۆ شارەکەمان هێناوە، کەچی کەسێک نییە گوێ ڕادێرێ، باوکە، دڵنیام دڵی ئێوە زۆر زۆر خۆش دەکا.. ئەدی تۆ هەموو ژیانی خۆت بۆ ئەم جۆرە خەباتکردنە نەخستە مەترسییەوە؟.. بۆ ئەوەی بگەینە ڕۆژی ئاوەدانکردنەوە.. توخوا دڵتان نەیەشێ.. دایە من بۆ گەورەیی ئێوە، ئەم هەموو ماندووبوون و ڕەنجەم کێشاوە.. دەزانم ئێوە حەز دەکەن دابنیشن قسە بکەین، سەردانی خزمەکان بکەین، بەڵام ئەمانە هەمووی ناکاتە خشتێک بۆ ئاوەدانکردنەوە (لە دەرگا دەدرێ، بە گورجی بەرەو دەرگاکە دەڕوا، دەیکاتەوە، داوای لێبوردن دەکا ڕێگەی پێ نادا بێتە ژوورەوە، دەگەڕێتەوە) ئەمەیە بەدبەختی بەبێ تەلەفۆن

کردن، بەبێ مۆڵەت وەرگرتن، بۆ پیرۆزبایی دەیەوێ یەکسەر خۆی بە ماڵەکەدا بکا.

**پیرەمێرد:** (بەتووڕەیی) دراوسێکانمان کوڕوکچەکانمانن، دەرگاکە بکەوە بابێنە ژوورەوە.

**کوڕەکە:** باوکە ئێمە دراوسێکانمان ناناسین.. ژیان لەوێ زۆر خۆشترە (ڕوو لە ژنەکەی دەکا، بە پەلار بە ئەڵمانی) دراوسێکانیان کوڕوکچی ئەوانن، دەیانەوێ پیرۆزبایی بکەن.

**ژنەکە:** (بە ئەڵمانی) خۆشە زۆر خۆشە. دراوسێکان بابێن. خۆزگە ئەڵمانیا وەکو ئێرە دەبوو.

**کوڕەکە:** خۆزگە دەخوازێ ئەڵمانیا وەکو ئێرەبێ.. خۆزگە ئێرە وەکو ئەڵمانیا دەبوو.

**پیرەژنەکە:** (بە قوڕگی پڕ لە گریان) سی ساڵە.. سی ساڵە..

**کوڕەکە:** دایکە سی ساڵ زۆر بەخێرایی تێپەڕ دەبێ.. ژیان لێرە وەستاوە. باوکە دەزانی ئەو پرۆژەیەی ئێمە هەنگاوێکی زۆر گەورەیە، شارەکەمان بەرەو پێشەوە دەبا.

**پیرەمێرد:** (بەتوندی) کام شار.. کام شار، ئێرە، یان ئەوێ؟ سی ساڵە جەرگی ئەو پیرەژنەت داخ کردووە، ئێستا هاتووی بەدوای دەسکەوتەکاندا دەگەڕێی.

**کوڕەکە:** دەسکەوت بۆ هەردوولا، ژیان بەرژەوەندییە باوکە، بیدە.. وەرگرە. (لە دەرگا دەدرێ بەتاو دەڕوا دەرگاکە بکاتەوە).

**پیرەمێرد:** (بەدەنگی بەرز و پڕ لە بڕیار) دەرگاکە بەڕووی دراوسێکاندا بکەوە.

**کوڕەکە:** (دەرگاکە بەهێمنی دەکاتەوە).

**دراوسێی یەکەم:** سەری دەردێنێ، سەرەتا بە زەدەخەنەوە سەیری پیرەمێرد دەکا، پاشان بە سەرسامییەوە ئاوڕ لە کوڕەکە دەداتەوە (بۆ پیرەمێرد) پیرۆزە باپیرە زۆر پیرۆزە.

(بەتووڕەییەوە سەیری کوڕەکە دەکا و دەرگاکە ڕادەکێشێتەوە).

**کوڕەکە:** خۆی ئارەزوو ناکا بێتە ژوورەوە.

**پیرەژن:** (بەتووڕەیی) کوڕە دراوسێکانمان کوڕوکچەکانمانن.. ئارەزوو دەکەن بێنە ژوورەوە، دەرگاکە مەگرە.

**ژنەکە:** (بە ئەڵمانی) دەرگاکە مەگرە با دراوسێکان بێنە ژوورەوە.

**کوڕەکە:** (بە ئەڵمانی) دوایی دوایی، کە ئێمە ڕۆیشتین بابێن پیرۆزبایی بکەن. (بۆ باوکی) دوایی دوایی باوکە.. ئەوان کاتیان زۆرە، ئێمە کاتمان نییە (لەدەرگا دەدرێ، بە تاو دەڕوا دەرگا بکاتەوە)

**پیرەمێرد:** (بە دەنگی پڕ لە بڕیار) ئەو دەرگایە بکەوە.. ئەو دەرگایە بکەوە (بەرزتر) ئەو دەرگایە بکەوە، (دەرگاکە دەکاتەوە، منداڵەکە دێتە ژوورەوە).

**منداڵەکە:** باپیرە باوکم و دایکم سلاو و ڕێزیان بۆتان هەیە، پیرۆزبایی گەرمتان لێ دەکەن.. ئێمە ئێستا میوانمان هات، هەرکە میوانەکان ڕۆیشتن باوکم و دایکم سەردانت دەکەن.

**پیرەمێرد:** زۆر سوپاس.. سلاو لە باوکت و لە میوانەکەتان بکە، ئەو خەڵاتە بە ئەوان بەخشراوە.

**منداڵەکە:** ماڵئاوا باپیرە. (دەڕوا).

**پیرەمێرد:** ماڵئاوا کوڕە ژیرەکەم.. دەڕۆن دراوسێکانمان دەبەن.. دۆست و برادەرەکانمان دەبەن.. کوڕوکچانمان دەبەن.. لە کۆتاییدا هەموو شتێک دەبەن.. چیتان دەوێ ها؟ چیتان دەوێ؟

**پیرەژن:** هەموو شت.. هەموو شتیان دەوێ.. کوڕ.. کچ، دراوسێ.. هەموو شت.. هەموو شت.

**کوڕەکە:** باوکە، ژیان گۆڕاوە.. هەموو شتێک گۆڕاوە.. ئەوێ بۆ ئێمە دەشێ، بەڵام ئێرە بۆ ئەوان ناشێ.. (لە دەرگا دەدرێ، دەیەوێ بڕوا دەرگا بکاتەوە).

**پیرەمێرد:** (بەتوندی) بوەستە.. بوەستە.. خۆم دەرگای ماڵەکەم دەکەمەوە، خۆم (دەڕوا دەرگا بکاتەوە).

**کوڕەکە:** (بۆ ژنەکەی) ئارامت هەبێ دەزانم کاتێکی زۆرمان بەفیڕۆ چوو، لێرە هەموو شتێک ئاڵۆزە.

**پیرەمێرد:** (کەسێک جلی کوردی لەبەرە، دەستی لەناو دەستی پیرەمێردە، لە شێوەی پیرۆزبایی کردن، بەدڵخۆشییەوە دێنە ژوورەوە، کەسەکە دەوەستێ سەیری میوانەکان دەکا هەست دەکا میوان هەیە).

**دراوسێی دووەم:** زۆر بەخێر بێن (ڕوو لە پیرەمێرد دەکا) باپیرە زۆر پیرۆزە، بەڕاستی ئەم شەو دڵمان خۆش بوو کە ئێوەمان لە تەلەفزیۆن بینی.. ئەوجا دەبێ بڕۆم.

**پیرەمێرد:** چۆن دەبێ، تۆ هەرگیز وانەبووی.. دانیشە دانیشە.

**کەسەکە:** باپیرە بە خودای دەبێ بڕۆم.. تۆش میوانت

هەیە، وا دیارە کاتەکەش گونجاو نییە دێمەوە.

**پیرەمێرد:** بەڵێن بێ؟

**دراوسێی دووەم:** بەڵێن بێت. (پیرەمێرد بەڕێی دەکا، ژنەکە ئاماژە بۆ کوڕەکە دەکا، لە یەک نزیک دەبنەوە، بە ئەڵمانی لەنێوان خۆیاندا چرپەیەک دەکەن).

**پیرەژن:** (بە دەنگی بەرز) چیتان لەژێر سەرە (پیرەمێرد دەگەڕێتەوە).

**کوڕەکە:** (دەچێتە لای باوکی، وەک بیەوێ ڕازی بکات) باوکە، ئێمە حەوت ڕۆژە هاتووینەتەوە شار، دەمانەوێ پارێزگار ببینین، بۆ ئەوەی دەرفەتی پڕۆژەیەکمان بدا، کە قازانجی بۆ شارەکەمان و ئەڵمانیا هەیە...

**پیرەمێرد:** چیت دەوێ؟ چی بە من دەکرێ؟

**کوڕەکە:** دەکرێ.. بە تۆ دەکرێ باوکە.. تەلەفۆنێک.. تەنیا تەلەفۆنێک بۆ جەنابی پارێزگار، دەتوانێ ئێمە ببینێ.. ئەوی تر لەسەرەخۆمان.

**پیرەمێرد:** من؟!.. من تەلەفۆن بکەم؟ چی بڵێم؟

**کوڕەکە:** پێی بڵێ کوڕەکەم ئەندازیارێکی گەورەیە لە شاری شتوتگارد لە ئەڵمانیا، ژنەکەشی ئەندازیارە، پڕۆژەیەکیان هەیە، بەڵکو بیانبینی.

**پیرەمێرد:** لەژێر سێبەری خەڵاتی تەمەندا.. ئەی ڕاستی.. ئەی ڕامانی پاک.. دەمەوێ خۆم ببینم.

**پیرەژن:** سی ساڵ.. سی ساڵ فرمێسک و چاوەڕوانی.

**ژنەکە:** (سەیری کاتژمێرەکەی دەکا، بە ئەڵمانی) کاتمان بەرەو تەواوبوون دەڕوا، دوا قسەی چییە؟

**کوڕەکە:** باوکە باوکە تکات لێ دەکەم ئەو هەلەم لە دەست مەدە.. تەلەفۆنێک تەنیا تەلەفۆنێک، شەش مانگ قسەم لەگەڵ ژنەکەم کردووە بۆ ئەوەی ڕازی بکەم بێتە کوردستان پڕۆژەیەک بکەین. باوکە ئەم خەونەی من لەبار مەبە، من شەرمەزاری ئەڵمانەکان مەکە.

**پیرەمێرد:** ئەندازەت لەچی هێناوەتەوە؟

**کوڕەکە:** ڕێگاوبان.

**پیرەمێرد:** ئەو ڕێگایەی سی ساڵە بەسەریدا نەڕۆیشتووی؟

**کوڕەکە:** دیکتاتۆرییەت، باوکە دیکتاتۆرییەت ڕێگەی نەدا بەسەر ڕێگاکانی وڵاتدا بڕۆین.

**پیرەمێرد:** کوڕە دیکتاتۆرییەت چەندین ساڵە لێرە بارگەی تێکناوە. لەوساوە هەمیشە ڕێگا تەخت بووە.

**کوڕەکە:** باوکە دیکتاتۆرییەت بارگەی تێکنا، بەڵام ڕێگای براکوژی کردەوە.

**پیرەمێرد:** (بەتوندی) ئەویش بارگەی تێکنا، جارێکی تر ناگەڕێتەوە.

**کوڕەکە:** ئەها، دیکتاتۆرییەت و براکوژی بارگەیان تێکنا، ئەوە منیش هاتوومەتەوە بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی وڵات بکەم.. منیش مافی خۆمە باوکە.

**پیرەمێرد:** هاتییەوە سەر حازری کوڕە شیرینەکەم.. هاتیەوە سەر حازری.

**کوڕەکە:** باوکە چۆن دڵت دێ بە هەناسەی سارد بەڕێم بکەی؟

**پیرەمێرد:** ڕۆڵە چۆن دڵت هات سی ساڵ فرمێسک بەو دایکەت بڕێژی؟

**کوڕەکە:** کەواتە ئێوە تۆڵەم لێ دەکەنەوە باوکە.

**پیرەمێرد:** خودای گەورە.. ڕاستی.. داد.. ڕامانی پاک، چۆن دڵم دێ خەڵاتی تەمەنم بە گەندەڵیی بەفیڕۆ بدەم؟ (بەتوندی) دەتەوێ سەر بۆ گەندەڵی شۆڕ بکەم؟

**کوڕەکە:** نا باوکە سەر بۆ گەندەڵی شۆڕ مەکە، تەنیا تەلەفۆنێکم بۆ بکە، تەلەفۆنێک و بەس، ئەمە گەندەڵی نییە، مافێکی ڕەوایە.

**پیرەمێرد:** کام مافی ڕەوا ها؟ کام مافی ڕەوا؟

**کوڕەکە:** (هەست دەکا شکستی خوارد، ڕوو لە ژنەکەی دەکا)

شکستم هێنا.. سوودی نییە.. ئەمە وڵات نییە.. بەهەڵەدا چووبووم، وام دەزانی دوای ڕووخانی دیکتاتۆر، هەموو دەرگاکانی دەرفەتی کار ئاواڵەن، بەداخەوە ڕۆتین شوێنی دیکتاتۆرییەتی گرتۆتەوە.. با بڕۆین.

**ژنەکە:** با بڕۆین.

**کوڕەکە:** (دەچێتە لای باوکی سەری دادەنوێنێ).. پیرۆزە باوکە زۆر لەم خەڵاتە شایستەتری (دەچێتە لای دایکی هەردوو شانی دەگرێ، دایکی دەگری) دایە مەگری.. ژیان دەرفەتێکە، یەک جار بە ئێمە دەبەخشرێ، هەرکە لە دەستمان ڕۆیشت ئیتر ناگەڕێتەوە، (ڕوو لە ژنەکەی دەکا بۆ ڕۆیشتن، ژنەکە قایشی سەگەکەی دەکاتەوە، دەڕۆن، دەرگاکە بە نیوە کراوەیی لە دواوەی خۆیان بەجێ دەهێڵن، دەنگی گریانی پیرەژن بەرز دەبێتەوە).

**پیرەمێرد:** ئای لەم ڕۆژگارە بێ بەزەییە، ئەوانەی لەناو

هەناوی ئێمەدا بەردەبنەوە، لە چاوترووکانێکدا دێن و تێدەپەڕن.. تەنیا بۆ بەرژەوەندییەکانیان.. تەنیا بۆ بەرژەوەندییەکانیان.

**پیرەژن:** (بە قورگی پڕ لە گریانەوە) لەزستانی شەختە و بەستەڵەکدا خوێنم لەبەر ڕۆیی.. لە هاویندا گاگۆڵەی کرد.. لە پاییزدا سەری هەڵگرت.. لە بەهاردا بە چاوترووکانێک هات و ڕۆیی.

**پیرەمێرد:** باکم نییە.. باکم بە کەس نییە.. ئاگردانی خۆم، هەمیشە ئاگردانی خۆم.. ئەی ڕاستی، ئەی ڕامانی پاک، سۆز و میهری خۆت بە ئێمە ببەخشە.. ئەی ڕەوانی پاک، لەوانە ببەخشە کە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دێنەوە.

**پیرەژن:** دەڕۆن جەرگمان دەسووتێنن.. دێنەوە جەرگمان دەسووتێنن (بەردەوام دەگریێ).

**پیرەمێرد:** مەگری.. دراوسێکانمان کوڕوکچەکانمانن.. مەگری (گرمەی بەهێزی هەور دێ، کارەبا دەکوژێتەوە، باران بەگوڕ دەبارێ، لە پەنجەرەکەوە باران و هەورەتریشقە دەبینرێ)

**پیرەژن:** (بە نووزە دەگریێ).

**پیرەمێرد:** مەگریێ.. مەگریێ گریان دادات نادا. (دەنگی لێزمەی باران و گرمەی هەور دێ) دابارێنە.. دابارێنە ئەی دلۆڤان و دلۆڤێن.. سۆز و میهری پڕ لە خێروبەرەکەتی خۆت بەسەر پێدەشتی ماندوودا ببارێنە. (ڕووناکییەک لە ڕێڕەوەکە پەیدا دەبێ، لێزمە باران و هەورە تریشقە بەردەوامە) ببارێنە.. دابارێنە.

**منداڵەکە:** (مۆمێکی گەورەی بەدەستەوەیە، دێتە ژوورەوە، بەسەری و بە مۆمەکە بەدوای شوێنی پیرەژن و پیرەمێردەکەدا دەگەڕێ کە شوێنەکەیان دەبینێ دەوەستێ، ئەوانیش سەیری دەکەن، دەنگی پیانۆ و ئاوازی هەموو ساڵێک بەخۆشی دەبیسترێ).

**پیرەمێرد:** ببارێنە دراوسێکانمان کوڕوکچەکانمانن ببارێنە (لەنێوان ئاوازەکەدا) ببارێنە ببارێنە.

**منداڵەکە:** (لەگەڵ ئاوازەکەدا دەچێتە نێوان پیرەژنەکە و پیرەمێردەکەوە) هەموو ساڵێک بەخۆشی.. هەموو ساڵێک بەخۆشی..

**پیرەمێرد:** (مەدالیاکە لەملی خۆی دەکاتەوە، لەملی منداڵەکەی دەکا. لەگەڵ دەنگی هەور و ئاوازی پیانۆکەدا، هاوار دەکا) مەزدا، بەو گوتانەی لە دڵمەوە هەڵدەقوڵێن.. هانات بۆ دێنم.. سکاڵات بۆ دێنم.. ئەی ڕاستی.. ئەی ڕامانی پاک دەمەوێ خۆم ببینم. (نووزەی پیرەژنەکە بەرز دەبێتەوە، منداڵەکە وەکو ئەوەی یارییان لەگەڵ بکا بە دەوریاندا دەسووڕێتەوە) هەموو ساڵێک بەخۆشی.. هەموو ساڵێک بەخۆشی..

هەموو ساڵێ هەموو ساڵێ هەموو ساڵێ

(گرمەی بەهێزی هەور و لێزمەباران بۆ ماوەیەک بەردەوام دەبێ).

**کۆتایی**

**٢٠٠٩/٢/٥**

*** گاتا، بابی سەقزی**

* =



**عەلی دەسماڵی:**
**شیعری هەورامی جوانکارییەکانی زۆرتر لە وەسفی سروشت و کەشوهەوای لیریک و عارفانەدا ماوەتەوە... زمانیش ئاوێنەی باڵانوێنی هزر و ژیانە**

**ئا: عادڵ محەمەدپوور**
**(مەریوان)**

عەلی دەسماڵی شاعیر، نووسەر، ڕۆژنامەوان، لە زاری خۆیەوە: من پیاوێکی ٣٢ ساڵەم بە یەک دنیا هیوا و ئاواتی گەورەوە. یەکێک لە گەورەترین ئاواتەکانم ئەوەیە ڕۆژێک بە چاو ببینم کە خەڵکی کوردستانی ئێران و خودی ئێران فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر ئەوەندی نان و ئاووهەوا و پێکەنین بە پێویست بزانن. لە ماوەی دوازدە سێزدە ساڵدا کە بەکاری ئەدەبی کوردی و فارسی و تورکییەوە خەریک بووم، بابەتی زۆرم نووسیوە، ئێستا دوو کۆمەڵە چیرۆکی فارسیم هەیە کە ئامادەی چاپن، یەک کۆمەڵە چیرۆکی کوردی و یەک کۆمەڵە شیعری کوردیم ئامادەی چاپن. هەروەها کۆمەڵێک شیعری شاعیرانی هاوچەرخی تورکم لە تورکی ئەستەمبوڵییەوە هێناوەتە سەر کوردی و لە دەزگای ئاراسدا بڵاوکرایەوە. کۆمەڵێک چیرۆکی تورکیم بە دەستەوەیە بیانکەم بە کوردی. ئەگەر هەلومەرجی نالەباری ئابووری بوارم پێ بدات حەز دەکەم ڕۆمانێکی (ئورهان پامۆک) بێنمە سەر زمانی کوردی. ڕەحمەتی (محەمەد ئوزون) کاتی خۆی کتێبەکانی خۆی بۆم ڕهوانە کرد هەتاوەکو وەریانبگێڕمەوە سەر کوردی کرمانجی خواروو، بەڵام ڕێ نەکەوت و مەرگ بواری پێ نەدا کە ڕێگای چاپ کردنی ئەو بەرهەمانە خۆش بکات. من زۆر زۆر حەزم لە کاری وتووێژی پسپۆڕانە و تێروتەسەلە. حەز دەکەم ٢٠ وتووێژی بەرخوە لەگەڵ هونەرمەندان و ڕووناکبیرانی کورددا ساز بکەم و بڵاویان بکەمەوە، لەگەڵ تەواوی ئەم هیوا و ئاواتانەدا حەزم لە تەمەنی درێژ نییە. زۆر بە عەیب و شوورەیی دەزانم کە تەمەنێکی درێژم ببێت. حەز دەکەم تا چوار پێنج ساڵێکی تر چەند کار و بەرهەمی باش بخوڵقێنم و ماڵاوایی لە بەرد و باڵندە و کانیاوەکان بکەم.

*** بۆ ئەوەی ئەم دیمانە ئەدەبییە، شێوازێکی سیستماتیک بەگشتی لەسەر ڕەوتی شیعری کوردی بگرێتە خۆی، دەمەوێ پرسیارێکی مێژوویی بورووژێنم تا بەردەنگ بتوانی لەم وتووێژەدا هەندێ شت لە زاروبۆچوونی ئێوەوە، وەربگرێ، ئینجا بێمەوە سەر شیعری هاوچەرخ، بەتایبەت شیعری هاوچەرخی ڕۆژهەڵات، ئەمەش پرسیارەکەیە، بە ڕای تۆ سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری کوردی وەک دەق، دوکیۆمێنت، بۆ کەی دەگەڕێتەوە و لەم نێوەندەدا چ فاکتگەلێکی شێوازناسانە بە دەستەوەن کە جەخت بکاتە سەر ئەم تێکستانە و هەر لە بنەوەڕا تا ئەمێستاکە شیعری کوردی چۆن خانەبەندی دەکەن، دەمانەوێ بە تێروتەسەل باسی بکەن؟**

– باس کردن لە قۆناغە مێژووییەکانی ئەدەب و وێژەی کوردی، گەلێک دژوار و ئەستەمە. هەر بەگشتی باس کردن لەسەر هەموو شتێکی کورد، دژوارە. ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکییە: یەکەمیان نادیاربوون و زوڵاڵ نەبوونی ڕەوتی ژیانی گەلی کورد بە هەموو ڕەهەندە ئابووری و سیاسی و چاندییەکانییەوە. دووەمیان لەبەر ئەوەی ئێمە زۆرجار ناوێرین باسی ڕابردوو بکەین. چونکە لە ئێستای زەین و مێشکی ئێمەدا دنیایەک فەخر و شانازی مێژوویی هەیە کە لەوانەیە تاوتووکردن و ئانالیز و شیکارییەکی پسپۆڕانە بەشێک لەو شانازییانە بخاتە ژێر گومان و تێفکرینەوە. ئێمە وەکو گەلی کورد لەگەڵ «ناسین» و «هزر»دا ناکۆکییەکی زۆرمان هەبووە و ئەم ناسینە ئێستاش بەردەوامە. من نازانم بۆچی بەردەوام ئێمە هەوڵ دەدەین ئیماژ و وێنەیەک لە خۆمان بخەینە بەرچاو کە بەردەوام بوونێکی دەسەڵاتخوازانەی بووە. ئەی بۆ باسی ئەمە نەکەین کە ئێمە هەوڵدانی چاندی و هونەریشمان بووە؟ بەداخەوە مێژووی ئێمە ئەوەندە بە سەرهەڵدان و خەبات و شۆڕش و جموجۆڵی سیاسی و حزبییەوە بەسراوەتەوە، کە باس کردن لەسەر ئاڵوگۆڕە چاندی فەرهەنگییەکانمان ئاسان و ساکار نییە. بۆ وێنە من بۆ خۆم وەکو هۆگرێکی ئەدەب و وێژەی کوردی، بەردەوام بیر لەمە دەکەمەوە کە «لایف ئستایل» یان شێوازی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆچی بەردەوام بەشێوەیەک بووە کە ئەدەب و وێژە و نووسین پێوەندی ڕاستەوخۆی بێت بە هەوڵ و جموجۆڵی پیاوانی ئایینییەوە؟ ئێوە بێن سەیرێکی مێژوو بکەن زۆربەی ئەوکەسانە وا لە پەراو و بەیازە کۆنەکانی ئەهلی حەق و ئێزیدییەکاندا بەرهەمیان هەیە، دەروێش و پیروخەراباتی بووگن. لە چاخەکانی پاش ئەوەشدا ئێمە دەبینین خانای قوبادی و مەلای جەزیری و نالی و خانی و جگەرخوێن و مەلای باتی و فەقێ تەیران و هێمن و هەژار و ...تاد، پیاوی ئایینی و عیرفانی و زانیاری دینی بوون. لە ڕاستیدا ئەدەب و وێژە بەشێک لە پەراوێزەکانی ژیانی ئەوان بووە. لەلای ترەوە ئێمە لە خوێندنەوەی بەسەرهاتی هۆزەکاندا بۆمان دەردەکەوێ کە بەشێک لە پیاوان و ژنانی چینی خاوەن دەسەڵاتی عێڵ و عەشیرەتەکان خۆیانیان بە ئەدەبەوە خەریک کردووە. زۆرجار لە خۆم پرسیار دەکەم: بۆچی لەناو چینی بێ دەسەڵاتی کۆمەڵگە و توێژی ئاساییدا کەسێک بەدوای خوێندن و نووسین و ئەدەبدا نەڕۆیشتووە؟ لە ڕاستیدا من دەمەوێ هەر لەم هەنگاوی سەرەتای وتووێژەوە ئەوپەڕی داخ و کەسەری دڵی خۆم ڕابگەیەنم لە بەرانبەر ئەم هەموو تەموتۆزە وا بەسەر مێژووی کورد بە گشتی و مێژووی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی بە تایبەتی نیشتووە؟ ئێمە بە ڕاستی بۆ دیاری کردنی قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەب و مێژووی کوردی تووشی ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی دەبین. یەکێک لە نووسەرانی لای ئێمە کە حەز ناکەم ئاماژە بەناوەکەی بکەم، لە کتێبێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە یەکەم کتێبی کوردی «ئاڤێستا»یە و بەم پێیەش زەردەشتی پێغەمبەر بە یەکەم نووسەری کورد ناودێر دەکات. ڕاشکاوانە ئەمەتان عەرز بکەم کە من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەم جۆرە بۆچوون و تێڕوانینەگەلەدا ئەوەندە کێشەم هەیە کە حازر نیم لە ناوەی ئاوەها بیروهزرێکدا بکەومە باس و وتووێژەوە. دەزانن بۆ؟ چونکە ئەوە بەڵێن و بڕیاری دا وەک زەردەشت و ئاوێستا بکاتە بنەمای شوناسی ئەدەبی کوردی، لە ڕاستیدا دەیەوێ زۆر بە سادەیی و سانایی هەموو شتێک تەواو بکات و گاتاکان و سروودەکانی ئاڤێستا بکاتە یەکەم بەرهەمەکانی کتێبخانەی کوردی، بەڵام من نە تەنیا لە خوێنەرانی ڕامان، بەڵکو لە ئێوە کە خاوەن ماستەری ئەدەبین و نووسەرێکی کوردن، داوا دەکەم باسی ئەمە بکەن کە ئایا ئێمە وەک کورد دەتوانین تەنیا دێرێکی ئاڤێستا و گاتاکان و سرودەکانی بە پاراوی و بێ گرفت

بخوێنینەوە و چێژی لێ وەربگرین؟ بەواتا دەمەوێ ئەمەتان عەرز بکەم ئەو بەڕێزانەی وا دێن و دەیانەوێ بە زۆرەملێ زەردەشت و شێخ شەهابەدین سوهرەوەردی و بابا تاهیری هەمەدانی بە ناوی نووسەر و شاعیری کورد دەستنیشان بکەن دەیانەوێ لە ژێرباری خوێندنەوە شیکاری و بە دوادا گەڕان دەربچن و خۆیان لە هەموو پرسیارێک قوتار بکەن. ڕەنگە یەکێک لەسەرەکیترین هۆکارەکانی ئەم جۆرە نووسینگەلە، ئەوە بێت کە ئەو برادەرانە دەیانەوێ ئەمانە بکەن بە بنەما بۆ سەلماندنی شوناسی گشتی و بنەڕەتی گەلەکەمان، بەڵام بۆ خۆتان دەزانن کە شێوازی زانستی و پێشکەوتنخوازانەی داڕشتنی ئەنتۆلۆژی ئەدەبییە کۆن و تازەکان ئەم جۆرە شتانە هەڵناگرێت. ئێمە دەبینین کە لە کتێبی «سەرئەنجام» کتێبەکانی تری ئەهلی حەق و ئێزدیدا شاعیری وا پەیدا دەبێ کە هەر لە چاخی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامەوە شیعری کوردی نووسیوە. بۆ وێنە دەتوانین ئەو کەسانە بە «بالوولی ماهی» «بابە لۆڕەی لوڕستانی»، «بابە ڕەجەبی لوڕستانی»، «بابە حاتەمی لوڕستانی»، «بابە قەیسەر» و زۆر کەسی تر ئاماژە بکەین، بەڵام کۆمەڵێ لەو شیعر و بەرهەمانە وا لەم کەسانە بەجێماون هێندە کەم و هێندە فەقیرانەیە کە ئێمە ناتوانین پۆلێنبەندی لەسەر بکەین و تایبەتمەندییە زمانی و مێژوویی و ناوەرۆکییەکانی دەستنیشان بکەین. جیا لەمەش بەشێکی زۆر لەو بەرهەمانە وەکو شێوازی نووسین، وەکو فۆنەتیک، وەکو شیعر زۆرتر لە بابەتی ئەدەبی زارەکی دەچێ.

**ئەزموونی سوارەی ئێلخانیزادە، بە ئەزموونێکی زۆر بەرز و بلند نازانم**

واتا دوور نییە ئەو بابەتانە شیعری سەرزاری خەڵک بووبێتن و شاعیران ئەوانەیان نووسیبێتەوە. ئاستی کاریگەری پەروەردەیی و هونەری و کۆمەڵایەتی ئەدەب و وێژە لەو قۆناغەدا ئەوەندە نەبووە کە شەپۆلی ئەدەبی و هونەری سازبکرێت و خەڵکەکە بەدوای ئەدەب بکەون. لەگەڵ ئەوەشدا کەسێک، یان کەسانێک وەکو خاوەن سامان و خاوەن دەسەڵات پشتگیری وێژە و شاعیری کوردی نەکردووە، هەتاوەکو بێن و شیعر و هۆنراوە دابنێن و تۆمار بکرێت. ئێوە دەزانن کە ئەبولقاسمی فیردەوسی شاعیر و زانای گەورەی ئێران بەداخەوازی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی دێ بەرهەمێکی بەرز و مەزن بەناوی شانامە دەخوڵقێنێ. دوور نییە ئەگەر داخوازی ئەو سوڵتانە نەبوایە فیردەوسی مەیلی نووسینی شانامەی نەبوایە. ئێمەی کورد هێندە کێشەی ژیان و کێشەی دەسەڵاتمان بووە کە نەمانتوانیوە شێوازێکی ئاسایی ژیان دابین بکەین، ئینجا بە کاری پەروەردە و چاند و ئەدەبەوە خەریک بین. لەگەڵ ئەمەشدا هەل و دەرفەتی فێربوونی زمانی زگماکی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردیمان نەبووە، کۆمەڵێ لەم زەمینە و هۆکارانە کە باسم کردن بوونەتە هۆکاری ئەوەی ئێمە نەتوانین بە شێوازێکی پۆلێنبەندی و خانەبەندی مێژووی ئەدەبی کوردی ببین کە هەموومان لە سەر ئەو شێوازە هاوبیروڕا بین. من ئەم شێوازە بەژیرانە دەزانم کە سەرەتاکانی ئەدەب و وێژەی تۆمارکراو و بەرخوەی ئەدەبی کوردی بە مەلای جەزیری و فەقێ تەیران و خانی و خانای قوبادییەوە ببەسرێتەوە، لەوانەیە ئەمەش تۆزێ سەرسووڕمان دروست بکات کە بۆچی ئەدەبی کرمانجی سەرەڕای ئەو ئاستەنگە مەزنانە کە جوگرافیا و مێژووی ناوچەکانی دەوێ بەدی هێناوە دەست پێشخەرییان زۆرتر بووە و لە چاو زۆربوونی ژمارەی شاعیری هەورامی زماندا ئەوانن کە بەرهەمی زۆرتریان لێ ماوەتەوە.

کە دێینە سەر باسی ئەدەبی کوردی کوردستانی ئێران، ئێمە دەبینین کە چۆن ڕەهەندی چالاک و بەهێزی مێژووی وێژەی ئەم پارچەیە دەکەوێتە بەرچاو یەکەم: شاعیرانی دیالێکتی هەورامی دووەم: شاعیرانی دیالێکتی کەلهوڕی و فەیلی سێیەم: شاعیرانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان چوارەم: شاعیرانی ناوچەی موکریان. دیارە ئەمە پۆلێنبەندییەکی تەواو و هەمەلایەنە و گشتگیر نییە. بۆ وێنە من لە ئاستی هەوڵ و تێکۆشانی ئەدەبی شاعیرانی زاراوەی کرمانجی ژوورو سەر بە ورمێ و ماکۆ و ئەو شوێنانە ئاگادارییەکی وام نییە. هەروەها نازانم شاعیرانی کوردی خوراسان چیبیان کردووە، بەڵام خاڵێکی هاوبەش لەناو شاعیرانی سەر بە ئەم چوار ڕەهەندە دەبینین. ئەو خاڵەش نزیک بوونی بەرهەمی هەر چوارلایە لە شێوەی ئەدەبی زارەکی و ئەدەبی نزیک بە گۆرانی و گێڕانەوە. ئاستی ناسک خەیاڵی و مامۆستایەتی شیعر و ئەدەب لە ئەدەبی

هەورامی کوردستانی ئێراندا کەم نەبووە، بەڵام وەک دەزانین شیعری هەورامی جوانکارییەکانی زۆرتر لە خانووی وەسفی سروشت و کەشوهەوای لیریک و عارفانەدا ماوەتەوە.

لە ڕاستیدا شیعر لە مانای پسپۆڕبوونی زمان و شارەزابوونی زمانی شیعریدا لەلای شاعیرانی ناوچەی موکریاندا دەگاتە ئاستێکی هەرە بەرز لە پوختەبوون و وەستایەتی بۆ وێنە. من پێم وایە وەفایی و هێمن و هەژار لە شیعردا بە شوێنێ گەیشتوون کە لە زمانی فارسیدا بە «استاد سخن» ناوی لێ دەبرێت. دیارە ئاستی ئەم وەستایەتییە بە گوێرەی زمانی کوردییە، نەک بە گوێرەی ئەو چاوەڕوانییەی وا ئێمە لە شاعیرانی ناسراوی ئەدەبی فارسی هەمانە. لە کوردستانی ئێراندا شیعرەکانی وەفایی و هێمن و هەژار و سالم و میسباح و تاڕادەیەک مەستوورە، توانیویەتی فەرهەنگی شیعر خوێندنەوە و شیعر هۆنینەوە بەهێز بکات. خاڵی سەرەکی شیعری ئەم شاعیرانەش ئەوەیە کە ئێمە ئاستی کاریگەری ئەدەبی فارسی تێیاندا دەبینین و بەم ڕاستییە دەگەین کە ئەم کەسانە «شیعرناس» بووگن و ئاگاداری چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی شاعیرانە بوون لەگەڵ زمان و ناوەڕۆکدا. ئەگەرچی هەلومەرجی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی پەهلەوی شێوازی ئەدەبی خۆڕاگری و ناسیونالیسم تاڕادەیەکی زۆر بەسەر شاعیراندا دەسەپێنێ، بەڵام لەگەل ئەوەشدا عەشق و لیریک هەر شوێنی تایبەتی خۆی پاراستووە.

* من پێم وانییە پێناسە و بەدواچوونی ڕەوتی مێژوویی و دۆزینەوەی توخمە زوانییەکان بە ڕەوشی زانستی و زوانەوانی- کە لقێکە لە زانستە هەنووکەییەکان- لە گەردوتۆزی ڕۆژگار، خۆ قوتارکردن بێ لە پرسیاری سەردەم، بە پێچەوانە، ئەوانن کە خەریکی وڵامدانەوەن بە پرسەکان. مافی سروشتی هەر نەتەوەیەکیشە کە خۆی بناسێنێ. بەڕای من (گاساکان و یەسنا و هورمزگان و بابا تایەر) و شتی تر موڵکی کوردە، بەڵگە زوانی و مێژووییەکان ئەمە دەسەلمێنێ. سروشتییە کە پێکهاتە و ڕەگەزەکانی زوانی سێ هەزار ساڵ لەمەوپێش لە یەک نەچن، کەواتە بە سانایی بە پێوەری ئەمڕۆژی، پاراو و بێ گرێوگۆڵ نەخوێنرێنەوە.

– بێ گومان لە یەک ناچن. زمان ئاوێنەی بالانوێنی هزر و ژیانە. ئێمە هزراندن و ژیانمان تووشی وەرچەرخانی زۆر مەزن بووە. کە وایە ئەمڕۆ ناتوانین لە پێوەندی و دەربڕین و بیردا هەر ئەو زمانە بەکار بێنین کە سێ هەزار ساڵ لە مەوپێش بوونی بووە، بەڵام ئەمەش قبووڵ بکەین کە ئێمە وەکو کورد، هێشتا نەمانتوانیوە بە تەواوەتی شێواز و ڕێبازی ژیانی ئەو سەردەمەی خۆمان بە وردی و بە جوانی بخوێنینەوە، هەتاکو بزانین ئەمڕۆ لە چاو ئەو دەورانە چەندە پێشکەوتووترین. بە گشتی من بۆ خۆم ئەم هێڵ و ڕێبازە لە لای خۆم دەستنیشان دەکەم کە سەبارەت بەو شتە شانازی بکەم و قسە بکەم کە بە جوانی دەیناسم. دیارە ئێمە زۆر شتمان تووشی فەوتان بووە و بەردەوام قەڵاچۆ کراوین، بەڵام ئەمە نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی بانگەشەی زۆر مەزنمان هەبێت کە سەلماندنی مەحاڵ بێت.

* نازانم تۆ تا چ ڕادە هایداری ڕەچەڵەک و دەروونناسی زوان و ئەدەبی کوردی هەورامیت. من بۆ خۆم شارەزای جەوهەری ئەم دیالێکتە هەم و لەم بوارەدا لەسەر (گاتاکان و درەختی ئاسووریک و هورمزگان) و زوان و شیعر و ئەدەبی هەورامی ئێستا کارم کردووە و تەنانەت بە شێوەی شێوازناسانە و ئەدەبی شیعری هەورامیم خانەبەندی کردووە و بەو ئاکامە گەیشتووم کە توخمێکی جەوهەری زوانی بە ناو نەغمە (کرکە) ئەمانە پێکەوە گرێ دەدات، وێڕای ئەوە کە کۆمەڵێکی زۆر و زەبەند واژە و دەستەواژەی هەورامی لەم دەقانەدا بەجێماوە کە هاوبەشی و هاوخێزانی ئەمانە بەر لە ئیسلام لەگەڵ کوردی هەورامیدا دەسەلمێنێ. ئایا ئەمانە بەڵگە نین بۆ بنەمای سەرهەڵدانی شیعری کوردی بە تێکڕا؟ دە باشە ئەی بۆ فارسەکان دوای ئیسلام بۆ سەلماندن و بەڵگاندن و سەرهەڵدان و زیندووکردنەوەی مێژووی ئەدەبەکەیان تەنیا هەبوونی تاکە دێڕێ دەکەن بە بنەما؟ ئەی بۆ ئێمە دەقی (هورمزگان) لە دەیەکانی ئەوەڵی سەدەی یەکەمی کۆچی مانگیدا، نەکەین بە بنەما. خەریکین حاشایشی لێ دەکەین؟

– بەداخەوە توانستی نووسینم نییە بە هەورامی، بەڵام لە شیعری هەورامی تێدەگەم. من ئێستا کرمانجی خواروو و کرمانجی ژوورو بە باشی دەزانم دیارە ئەگەر زازاکی و هەورامیشم بزانیبایە چێژی زۆرم لە ئەدەبی کوردی وەردەگرت، من پێم وایە ناسین و خوێندنەوەی

ڕێک و ڕاستی دەقی هەورامی یەکێک لە بنەما گرنگەکانی تیوریای ئەدەبی کوردییە. بەداخەوە ئەدەبی هەورامی بە جوانی نەناسراوە و لێک نەدراوەتەوە. ئەڵبەت خاڵێکی گرنگ لێرەدا دەبێ ئاماژەی پێ بدرێت، جوگرافیای هەورامان و شێوازی ژیانی ئەوێ دامەزرێنەری پێوەندی نەبووە، هەر بۆیە ژیانی ئەم زاراوەیە لە شوێنی خۆیدا سنووردار ماوەتەوە. من عاشقی شیعری بێسارانی و سەیدی و مەولەوی و کولیایی و شاعیرانی تری هەورامی بێژم، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە ئاستی قووڵایی و پێشکەوتنی شیعری هەورامی هاوتەریب و هاوڕادەی ئەدەبی کرمانجی خواروو و کرمانجی نییە کە دیارە ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە کە بواری باسی نییە.

لە وەڵامی بەشێکی تر لە پرسیارەکەدا دەبێ بڵێم، نەخێر ئەمانە بەڵگە نین، دەزانی بۆ؟ بەڕای من تەنانەت سەلماندنی ئەوەی کە تەواوی ئاڤێستا و گاتاکان بە هەورامی نووسراوە، ناتوانێ شتێک بسەلمێنێ کە بە قازانجی ئەدەبی کوردی و زمانی کوردی بێ. لە کۆنینەی شیعری هەورامیدا بەرهەمێک دەبینین کە ئاستی فەلسەفی و هەستی ناسی گاتاکان و یەسنا و بەشەکانی تری ئاڤێستا تێیدا بەدی بکرێت؟ ئێمە دەمانەوێ بە سەلماندنی کۆن بوون و دیرۆکی بوونی شیعری هەورامی، بنەماکانی ئەدەبی کوردی دەستنیشان بکەین. باشە ئەگەر ئەوە وەکو بنەما قبووڵ بکەین، دواتر لەسەر ئەو بنەمایە کام دیوار و کۆشک و قەڵا بنیاد نراوە؟ من پێم وایە بە گشتی بەم جۆرە باسانە خەریکین غەدر لە زمان و ئەدەبی کوردی دەکەین. ئێمە بەداخەوە هەنووکە بەردەوامین لەسەر ئەوەی تەواوی باری پێکهێنانی شوناسی کوردی بخەینە ئەستۆی ئەدەب و زمان و شیعری کوردی. ئەمە خۆی لە خۆیدا تووشی ئەو سەرلێشێواوییەمان دەکات کە لە جیاتی بیری پێشکەوتنخوازانەی ئێستا بە دوای هزری مێژووپەرستیدا بڕۆین.

فارسەکان بە هەوڵدان و چالاکی دکتور تەفەزولی توانییان بەشێکی زۆرکەم لە ئەدەبی بەر لە ئیسلامی فارسی پەیدا بکەن و شانازی پێوە بکەن، بەڵام وەک ئێوە ئاگادارن و وەکو ماستەرێکی ئەدەبی فارسی زانیاریتان هەیە ئێستا بنەماکانی شیعر و ئەدەبی فارسی لەسەر ٥ شێوازی خوراسانی، عەراقی، هیندی، (مەشرووتە)، بادانەوەی ئەدەبی و نیمایی پۆلێنبەندی کراوە کە کۆنترینیان شێوازی خوراسانییە. من ناچارم بۆ جارێکی تر ئەمە دووپات بکەمەوە، سەلماندنی ئەوەی کە ئێمە دە هەزار ساڵ مێژووی ئەدەبی کوردیمان بووە ناتوانێ یاریدەدەری و هاندەری ئەدەبی ئێستامان بێت. بەلامەوە سەیرە بۆچی ئێمە ئەوەندەی داکۆکی و ئیسرارمان لەسەر (ماد) بوون و مێدیایی بوون هەیە، باسی پێوەندییە ئاشکراکانی کوردی و پەهلەوی ناکەین. من ناڵێم مێژووی ئەدەبیمان وەلاوە بنێین و بڵێین ساواو و بێ سامان و کۆرپەین، نەخێر ئێمە مێژوومان هەیە، بەڵام مێژووی ئەدەبی ئێمە ئەو شتەیە کە تۆمارکراوە و توانیویەتی بزاڤ سازی و ڕێگە خۆشکەری بکات، نەک ئەو شتەی کە ئارەزوومانە. دیارە مافی ئێمەیە قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئەدەبی کوردی دەستنیشان بکەین، بەڵام بۆ ڕەخنەگرێکی ئازا پەیدا نابێت هەر لە دەمی مەم و زینەوە تا دەمی گۆران بە جوانی پۆلێنبەندی بکات و گۆران بە باشی بخوێنێتەوە و دان بەو ڕاستییە دابنێت کە ئەدەبی ئێستای کوردیمان لە جیاتی ئەوەی پێش بکەوێ بۆ دواوە دەڕوات. ڕێگەی ئەوە بدەن ئەدەبیات، ئەدەبیات بێت، نەک چەک و بەڵگە و لابراتواری سەلماندنی بوون و سنوور و نەتەوەمان. ئەدەبێک کە خوێنەری ئاگا و ڕەخنەگری زیرەک و نووسەری توانا و نوێخوازی نەبێت، تەنانەت ناتوانێ شانازی بە مێژووی ١٠ هەزار ساڵەوە بکات.

**داخ و کەسەری خۆم ناشارمەوە لەوەی ئەدەبی کوردی ئێمە خوێنەری زۆر کەمی هەیە، ڕەخنەگری نییە، هۆگری نییە، پشتیوانی نییە.**

* با بێینە سەر باسی ئەدەبی هاوچەرخی ڕۆژهەڵات، وەک دەزانین سوارەی ئیلخانی زادە بە ئاشنایەتی لەگەڵ بزاڤە ئەدەبییەکانی فارسی ئەو دەمە، بە تایبەت خورپەبەخشی لە نیما: هەندێک بە ناو دەسپێکەر و ڕچەشکێنی شیعری جیاوازی ئەو کاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیناسن، وەک دەزانین هەر بزاڤێکی ئەدەبی کە سەری هەڵدابێ، پێوەندی بە پێش زەمینەکەوە هەیە

کە کاردانەوەی لەسەر ئەو کەسایەتییە، یان ئەو بزاوە هەبووە کە کاریەخش بووە بۆ بە لووتکە گەیاندنی ئەو مەنهەجە فیکری/ئەدەبییە. بەڕای ئێوە فاکتەکانی ئەو مەنهەجە کامانەن و پێش سوارە، یان هاوکات لەگەڵ ئەو جووڵانەوەیەدا، چ کەس، یان کەسانێتر هەبوون ڕێگا خۆشکەر بووبن بۆ سوارە و پاشان نوێخوازی لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چۆنە، نموونەش وەک دەق ئاماژە بەچی دەکەن؟

- من بەش بە حاڵی خۆم ئەزموونی سوارە بە ئەزموونێکی زۆر بەرز و بڵیند نازانم. دڵنیام ئەم بۆچوونەی من زۆر کەس تووڕە دەکات، بەڵام ڕێگەی ئەوەم پێ بدەن من ڕای خۆم بێنمە زمان. ئەگەر بۆچوونی من هەڵەیە با دۆستان ئاگادارم بکەنەوە و بە قەناعەت و بۆچوونی ڕاست بگەم. ئەگەریش هەڵە نییە ئەوە ئیدی جێگای وتووێژ دەبێ. سوارە وەکو ئەدیب و شاعیرێکی کورد کە ئاگاداری ڕەوتی پێشکەوتنی ئەدەبی فارسی بووە و هاتوچۆی تارانی کردووە، هەنگاوێکی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکانی (نیمایوشیج و ئەخەوان سالیس) بە شێوازی خۆی بێنێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا داڕشتێکی خراپ نییە و زۆریش جێگای ڕێزو ستایشە. لە ڕاستیدا سوارە لەبەر خاتری ئەوە لەلای من ڕێزی هەیە و ئاداپتە کردن و پێوەندی دامەزراندنی بووە. سوارە بەم ڕاستییە گەیشتووە کە دەبێ ئەدەبی کوردیش وەکو ئەدەبی فارسی تووشی ئاڵوگۆڕ ببێت، بەڵام ئەزموون و تاقی کردنەوەیەکی زۆری نەکردووە. ئێوە بێن سەیری بەرهەمی سوارە بکەن چەند شیعری لێ ماوەتەوە. شار شیعرێکی جوان و بایەخدارە، بەڵام سوارە چەند شیعری هەیە؟ لەوانەیە دۆستان باسی ئەوە بکەن کە سوارە تەنیا بەو چەند شیعرەوە هەوڵی خۆی داوە و کارێکی زۆر مەزنی کردووە. من دەڵێم نا سوارە زۆری نەنووسیوە و زۆر نەڕۆیشتۆتە پێشەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە لە تاراندا بووە و ئاگاداری بارودوخی شیعر و فەرهەنگ و ئەدەب بووە، تاقی کردنەوەکانی زۆر نین. ئێمە کە باسی شاعیری پێشڕەو، یان ئاوانگارد دەکەین، ناتوانین خۆمان لە باسی بیردۆزی و تیۆریا قوتار بکەین. با پرسیاری ئەمە بکەین کە سوارە بۆ نوێخوازی و نوێ نووسین چ بەرنامە و پلانێکی بووە؟ ئایا پێشڕەو بوون بەبێ بەرنامە و تیۆریا و دەقی نووسراو و ئەزموونی زۆر، دەتوانی قبووڵ بکرێت؟ ئێوە بەباشی لەسەر ڕەوتی شیعری بەر لە نیما و قۆناغی هەوڵدانەکانی (تەقی ڕەفعەت و شەمسی کەسمایی و ئەبولقاسمی لاهووتی و جەعفەری خامنەیی) لێکۆڵینەوەتان کردووە. باش دەزانن کە نیما چەندە لەگەڵ ئەو چوار کەسەدا جیاوازە. من پێم وایە هەر ئێستاش نامەکانی نیما و پەخشانەکانی نیما باشترین نموونەن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە نیمایوشیج وەکو باوکی شیعری نوێی فارسی، بەرنامە و پلانی بۆ نوێ بوونەوە و پێشکەوتن بووە، بەڵام ئاخۆ ئێمە دەتوانین سوارە بە کەسێک بزانین کە بە پلان و تیۆریا و ئاسۆوە شیعری نووسیوە؟ یان زۆرتر دەبێ بە شاعیرێکی بزانین کە لەوپەڕی جوانی و وردکاریدا لاسایی لە شێوازی شیعر و نووسینی شاعیرانی نوێخوازی ئێرانی کردۆتەوە؟

من هەوڵدانەکانی (چاوە و شەریف حسێن پەناهی) لە ڕەوتی گشتی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی کوردستانی ئێراندا جیددی دەبینم، بەڵام بەداخەوە ئەم هەوڵدانانە، ئەوەندە کەم و هندەکن کە تۆ ناتوانی لە فایلی تایبەتدا بە شێوەی بەربڵاو باسیان لێ بکەیت.

***** زەمینەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە دەیەکانی شەست (کۆچی هەتاوی) لەم بەشەی کوردستاندا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ بایەخ بە کامە دەق و بە کامە شاعیر بدرێت؟

- لەو ساڵانەدا بەڕای من گەورەترین ڕووداوی دنیایی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی کوردستانی ئێران، دامەزراندنی گۆڤاری سروە بووە بە هیمەتی مامۆستا هێمن و هاوڕێیانی ئەو. بوونی گۆڤارێک بە زمانی کوردی و دامودەزگایەکی فەرهەنگی بۆ وەشان و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی خۆی لە خۆیدا سەرەتایەکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی نەوەیەکی شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیری نوێ پەروەردە بکرێن. ڕەنگە زۆر کەس ئاماژەی بەم خاڵە کردبێ کە گۆڤاری سروە لە کوردستانی ئێراندا تەنیا گۆڤار نەبووە، بەڵکو فێرگەیەک بووە بۆ پەروردەی زمانی کوردی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ. لەگەڵ ئەمەشدا لەو ساڵانەدا دەقی شیعری زۆر سەرکەوتووانە و پێشکەوتنخوازانە لە شیعری کوردی ئەم پارچەیەی کوردستاندا تۆمار نەکراوە. دیارە ئەمەش ئەو ڕاستییە

دیاری دەکات کە بۆ گەیشتن بە پرۆسەی ئەدەبی چالاک، کەشوهەوایەک پێویست بوو کە دواتر لە دەقەکاندا بەدی هات.

* ڕاستە، دوایی ئەو دەقانە بەدی هاتن، بەڵام بە تێکڕا، پاش سوارە و ئەو کەسانەی کە باست لێوە کردن کە کارتێکردنیان هەبووە بۆ نۆژەن کردنەوەی شیعری کوردی کرمانجی خواروو و کاردانەوەی سروە لە دەیەی شەست کە ئاماژەت پێدا، دوایی ڕەوتەکە، بە کام ئاراستەیەکدا ڕۆیشت؟ فۆرم و ناوەڕۆکی چۆن بووە؟ وەک دەق شتی وامان هەبووە کە باس لە مانەوەیی شیعری ئێمە، بکات؟ من وای بۆ دەچم ئەو دەقانەی لەو مەودا زەمەنییەدا، هەبوون، زۆرتریان شیعری نهێنی/بەرگرییە و ڕەنگدانەوەی باری داخراوی سیاسی ئەو دەمەیە، ئەگینا وەک دەقە شیعری ناب کە لەسەر تەکنیکی جوانیناسانە دانرابێ دەگمەنە. بەڵێ دواتر ئەم بۆشاییە بە هاتنی دەنگی تازەتر، پڕ دەکرێتەوە. ئێوە پەیلواتان (بۆچوون) لەم بارەوە چییە؟ دەنگەکان و جیاوازی هەناسەکانیان؟

– بەڵێ وایە، منیش لەگەڵتاندام. لە ڕاستیدا بڕیار نییە بۆ ناسینی ئەدەبی گەلێک، یان بەشێک لە ئەدەب و وێژەی گەلێک ئێمە وەکو ئەو کەسانە کار بکەین وا بە ئامرازی تایبەتەوە بەدوای زێڕدا دەگەڕێن. ئەدەب و وێژە ئەو شتەیە وابوونی هەیە. ئەدەب ئەو دیاردە زمانی و هونەری و چاندییە تایبەتەیە وا لە کۆمەڵگە و زانکۆدا لایەنگر و هۆگری هەیە. تۆ ناتوانی بە چەند شیعر و بڵاڤۆکی نهێنی ئەو شتە بسەلمێنی کە لەو قوناغەدا ئەم هەوڵدانە، هەوڵدانێکی زیندووی جددی بووە و ئێستاش زیندووە. من پرسیار لە ئێوە دەکەم: بۆچی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هیچ شاعیرێکی کوردی کوردستانی ئێران ئەوەندەی جەلال مەلەکشا ناوی نەکەوتۆتە سەر زار؟ تەنیا لەبەر خاتری ئەوەی هەوڵدانی زۆرتری بووە، چالاکی زۆرتری نواندووە. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیری و شیعر نووسین بۆ جەلال کارێکی زۆر جددی بووە. ئێمە دەبینین کە شەریف حسێن پەناهی بە نووسینی کۆمەڵە شیعری «ملوانکەی شین» بە شوێنێکی باش دەگات، بەڵام دوای ئەوە بەرهەمیتر نانووسێت و تەنیا لە شوێنێدا دەمێنێتەوە کە ئێمە لە لێکۆڵینەوە و ئانتۆلۆژییە ئەدەبییەکاندا باسی لێ بکەین.

جەلال مەلەکشا، مارف ئاغایی، فەرەیدوون ئەرشەدی و ئیبراهیم ئەحمەدی نیا ناوی چوار شاعیری کوردستانی ئێرانن کە زۆر پێشتر لە شاعیرانیترمان بەرەو نوێخوازی و نوێبوون هەنگاویان نا. جەلال زۆر پێشتر لە شاعیرانی دیکەمان بەرەو نوێخوازی و نوێبوون هەنگاوی نا. جەلال زۆرتر لە شیعری خۆڕاگریدا مایەوە و مارف ئاغایی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی باش بوون و توانی تاڕادەیەکی باش ناسنامەیەکی شیعری بۆ خۆی بەدی بێنێ. کاک ئیبراهیم ئەحمەدی نیا هەوڵدانێکی باشی بوو، بەڵام ئەوەندە بۆ پێوەندیگرتن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی کەمتەرخەمی کردووە کە ڕەنگە زۆرکەس نەیناسن، بەڵام فەرەیدوون ئەرشەدی جێگایەکی تری هەیە. بە ڕای من فەرەیدوون شاعیرێکی بەتوانا و بە هێز بوو کە لە ناو شاعیرانی قۆناغی دوای شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەر لە شاعیرانیتر، لە چەند چەمکی بنەڕەتی وەکو فۆرم و تەکنیک و بنەما و زانست ئاگاداری پەیدا کرد و ئەو شتانەی لە شیعری خۆیدا بەکارهێنا.

ئەگەرچی بەر لە فەرەیدوون، کاک قاسم موئەییەدزادە، هەوڵدانێکی باشی بووە لەبواری ڕووبەڕووبوونەوەی جیاواز لەگەڵ زماندا، بەڵام فەرەیدوون بە چاوێکی کراوەتر و ئاسۆیەکی بەرینتر زمانی بەکارهێناوە. لەناو شاعیرانیتری نزیک بەو بەرەیەدا بە پێویستی دەزانم ناوی چەند شاعیرێک بێنم: حەمە سالح سووزەنی، یوونس ڕەزایی، کامبیز کەریمی، ئازاد ڕۆستەمی، بێهزاد کوردستانی تا دەگات بە کەسانێک وەکو ڕەزا عەلی پوور، کەمال ئەمینی، جەمال مەلایی و محەمەد یەعقووبی. هەر کام لەم دەنگانەی کە ناوم هێنان تاڕادەیەک لەیەکتر جیاوازن. بۆ وێنە کامبیز کەریمی هەوڵدانەکانی وەکو شاعیرانیتر بەبواری تەکنیکی زمانی و کەشوهەوا هاتۆتە ئاراوە کە فارسەکان پێی دەڵێن: فەزاسازی.

من پێم وایە ئەمە لە لەحن و دەنگی گشتی شیعردا ڕەنگ دەداتەوە و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە شیعری کامبیز خاوەنی زمانی سەمیمی بێت. لەلای یوونس ڕەزایی شیعر بە شێوەیەکیتر پێناسە کراوە. من ئاگاداری ئەوەم کە یوونس، یەکێک لە پڕکارترین شاعیرانی لای ئێمەیە. پێم وانییە هیچ کام لەم شاعیرانەی ئێرە

ئەوندەی یوونس، شــیـعـریان نووسی بێ، بەڵام من خەسارێکی جددی لە شیعری ئەو شاعیرە چالاکەدا دەبینم، خەسارەکە ئەمەیە کە یوونس بە باشی ئاگاداری ئەوە نییە کە بۆ کوێ دەڕوات و چی لە شیعر داوا دەکات. لای حەمەساڵح سووزەنی خەسارەکە، ڕەنگێکی تری هەیە. پێم وایە حەمەساڵح، بە باشی ئاگاداری تواناییەکانی زمانی کوردی نییە. ئەو بە شێوەیەک نزیکی زمانی کوردی دەبێتەوە وەک بڵێی شیعرەکانی ئەو، وەرگێڕانی شیعری ئەو شاعیرە فارسانەیە کە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی لاسایی شیعری بیانی دەکەنەوە. حەمەساڵح و زۆر کەسیتر تووشی ئەم هەڵەیە بووگن کە لەوپەڕی بنەمادا ئیتر شتێک بە ناوی بنەما، بوونی نییە و هەر جۆرێک کە پێتان خۆش بێت دەتوانن بنووسن، بەڵام دەبێ ئەم ڕاستییە بەباشی تێبگەین کە زمانی شیعر و دەنگی شیعر لە هەر حاڵوهەوایەکدا بێت دیسان لە ناو بنەمایەکدا بوونی هەیە.

لە شیعری ڕەزا عەلی پوور و محەمەد یەعقووبی و کەماڵ ئەمینی-دا ئێمە خوێنەری بەرهەمێکین کە لەوانەیە پێویست بکات بە ناشیعر ناوی ببەین. لە بەرهەمی ئەم چەند کەسەدا زۆر شت وەلاوە نراوە، بەبێ ئەوەی شتێکی نوێ جێگری ئەو شتانە بێت. ماوەیەک لەمەوپێش لە کۆڕێکدا شاعیرێکی ئێرە شیعرێکی درێژی (١٥) لاپەڕەیی خوێندەوە من گوتم بە ڕاستی بەش بەحاڵی خۆم ناتوانم وەکو شیعر پەسەندی بکەم و وەکو شیعر مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، ئەو شاعیرە و چەند کەسێکی هاوبیروڕای خۆی وتیان تۆ ئەو خوێنەرە چالاکە نیت کە لەم شیعرە تێ بگەیت. پرسیارێک لە ئێوە دەکەم، ئەگەر ئەمڕۆ من و تۆ و شاعیران و نووسەرانی هاوڕێمان لەبەرهەمی یەکتر تێ نەگەین و چێژیان لێ وەرنەگرین، ئەوکات دەبێ لە کام وڵاتی ئەورووپایی و ئەمەریکاییەوە، خوێنەر بێنین و ئەم شتانە وەخوێنن؟ بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا کاریگەری شەپۆلی وەرگێڕان، بابەتە تیۆرییەکانی پۆست مۆدێرین بۆ زمانی فارسی و کوردی، گرفت و کێشەی زۆری بەدی هێناوە و دەبینین کە قالەکانی دوێنێ و مچەکانی پێرێ، ئەمڕۆ ناوی گادامێر و بودریار و باختینیان لەسەر نراوە. من پێم وایە، ئەمەش قۆناغێکی کورت خایەن و کاتییە و تێپەڕ دەبێت. لێرەدا حەز دەکەم بۆ چەندەمین جار ئەم شتە دووپات بکەمەوە کە گەورەترین چاوەڕوانی لە شیعرێک ئەوەیە (شیعرییەت) و (حاڵ) و (گفت) و (نیگا)ی شاعیرانەی تێدا بەدی بکەم. ئەگینا زۆر سانایە من لەجیاتی ئەوەی بڵێم: ئاخ سێ شەممە بۆ باران ناباری؟ بڵێم: ئاخ نا نا ناباری ڕێ بۆ شەممە سێ سێ سێ باران.

* بەم حاڵەوە، سەرەتای هەفتاکان باری ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات دەچێتە نێو فازێکی نوێوە، ئەگەرچی لە حاڵەتیتردا ئەم دۆخە ئاڵوزە، بەڵام لەم فەزایەدا بزاڤێکی ئەدەبی/ فیکری/ ڕۆژنامەنووسی دەست پێدەکات، بەرای ئێوە ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە پاڵنەر بۆ ئەم سەرهەڵدانە و وەک پرۆژەی داهێنان لەم جووڵانەوەیەدا، ئاماژە بە چی دەدەن؟

- بەڵێ لە هەفتاکاندا ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی کوردستانی ئێران تاڕادەیەکی زۆر گەشەی سەند. لەم دەیەدا سەرهەڵدانی چەند هەفتەنامەیەک وەکو (سیروان و ئاویەر و ئاسۆ) و بەر لەوان (ئاوێنە و زرێبار) توانییان کەشوهەوایەکی بەر چاو بەدی بێنن بۆ ئەوەی شاعیران و نووسەران بابەت بخوڵقێنن. پێویستە ئاماژە بەم خاڵەش بکەین کە هەر لەو ساڵانەدا دەیان کۆڕی ئەدەبی لە شارەکانی کوردستاندا ئەنجام دران کە ئەوانیش لە گەشەپێدانی ئەدەب و نووسیندا دەوریان گێراوە، بەڵام ئێستا کە من دێم و چاو لەو ساڵانە دەکەم دەبینم کە ڕۆشنبیری و ئەدەبی ئەو ساڵانە بە تەواوی لە ڕێی کاریگەری کوردستانی عیراقدا بووە. هەربۆیە شیعر و بابەتەکانمان کەشوهەوای شیعر و ئەدەبی ئەوێ دێنێتەوە بیر. لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندی ئێمە بە دنیای ڕۆشنبیری فارسەوە تاڕادەیەکی زۆر یارمەتیداین. کە لە زمانی ئەدەبی هاوچەرخی ئێران و جیهان تێبگەین. هەر لەو ساڵانەدا بوو کە ئێمە لە سنە و مەریواندا بازنەیەکی ئەدەبیمان بەناوی داکار بەدی هێنا. لە مەریوان شاعیرانێکی وەکو بێهزاد کوردستانی، ئیبراهیم ئەحمەدی نیا و ئازاد ڕۆستەمی، لە سنە فەرەیدوون ئەرشەدی و من، لە سەقز حەمە ساڵح سووزەنی. ئێمە بەیاننامەیەکمان نووسی و سەرهەڵدانی بزاڤی شیعری ئەدەبی (داکار)مان ڕاگەیاند کە تا ماوەیەک سەرقاڵی و باس و خواستی بەدواوە بوو. لە ئامادە کردنی مانیفێست و ئامانجنامەی (داکار)دا ئێمە لە ژێر کاریگەری

مانیفێستی شیعری حجم، یان بارستاییگەریدا بووین کە لە لایەن چەند شاعیری ئێرانی وەکو (یەدوڵڵا ڕۆیایی) و کەسانیترە وە بەدی هاتبوو. ئەگەرچی ئاگری (داکار) زوو کوژایەوە، بەڵام ئەم ڕاستییەی سەلماند کە ئەدەب و وێژەی کوردی کوردستانی ئێران بە ئاستێک گەیشتووە کە بتوانێ بۆ خۆی بازنە و گرووپ و دەستەگەلێک دروست بکات کە دەیانەوێ بە هزر و داخوازی خۆیانەوە ئاڵوگۆڕ بەدی بێنن.

بەداخەوە ڕۆژنامەکانمان، یان باشترە بڵێم هەفتەنامەکانمان لەبەر خاتری ئەوەی لەجیاتی بوونی فەرهەنگی و چاندی، بوونی سیاسی و حزبایەتی لە لایانەوە گرنگتر بووە. نەیانتوانی کاریگەرییەکی زۆر گرنگ لەسەر ڕەوتی پێشکەوتنە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان دابنێن. لە ڕاستیدا تەنیا بۆ ماوەیەک توانییان بەهرە و وزە شاراوەکان ئاشکرا بکەن.

ڕەنگە ئەم قسەیەی من تۆزێ ڕەشبینانە بێتە بەرچاوتان، بەڵام ئێمە ڕۆژنامەگەر و ڕۆژنامەنووسمان بە واتایەکی پسپۆڕانە نییە. واتا زانست و توانای ئەوەیان نییە کە بۆ خۆیان خاوەنی شیکاری و بۆچوون و تێڕوانینی تایبەت بە خۆیان بن. دەرکەوتنی چەند گۆڤارێکی کاتی و کورت خایەنی وەکو دەق، بەرهەم و هێما و...تاد. تاڕادەیەک ئاستی چالاکییە ئەدەبییەکانی ئێمەی ڕوون کردەوە، بەڵام نەک لەو ئاستەدا کە وەکو ناسنامە و شوناس ناویان بەرین.

* بەڵام هەر لەو پێناوەدا، ئەم بزاڤە بوو بەهۆی ڕسکانی و فراژوێ بوونی هەندێ چەمکی شیعری: بە شێوەیەکی دی بیڵێین: بەرەکان شوێن و شێوازی خۆیان دەگرنەوە و پەیلوای جیاوازی لێدەکەوێتەوە... شیعر جەوهەری تر دەبێ و کاناڵیزە دەکرێ، دەمەوێ بۆچوونی ئێوە لەسەر ئەم دەستەبەندییە بزانم و ئەو توخمانە بوونە هۆی جیاکردنەوەیان کامانەن؟ ئەگەرچی من پێم وایە ئەمە قەیرانی دروست کرد، هەڵبەت قەیران نە لە هەرێمی شیعردا، بەڵکو وەک خۆیشت ئاماژەت پێدا، قەیران لە کلووپی کردنی شیعر و ئەو چەمکە فیکری/ قەرزبیانەی کە بێ یەک و دوو وەرگێران بێ ئەوەی هیچی لەگەڵ لوژیکی جوانیناسانەی ئێمەدا تەبایی هەبێ، دێتە نێو شیعری هاوچەرخمانەوە، بە لاسایی کردنەوە لە شیعری ئێستای فارسی کە ئەوانیش بۆ خۆیان لە شوێنێکەوە وەریان گرتووە.

– شیعری باش بەرهەمی شاعیری باشە و شاعیری باش بەو کەسە دەڵێین کە بەر لە هەموو شتێک دڵ و هەستی دەروونی خۆی بۆ وەرگرتنی زۆڵاڵترین شەپۆلەکانی زانست و هەستی دەروونی، ڕوون و خاوێن کردبێتەوە. تۆ چۆن دەتوانی لە کەسێک چاوەڕوانی شیعری پوختە و بەرهەمی باش بکەیت کە بۆ خۆی هیچ جۆرە ژێرخان و ئامادەکارییەکی ڕوحی و دەروونی ساز نەکردووە؟ دەمەوێ ئاماژە بە شتێک بکەم کە بێ گومان دەربڕینی لەلایەن منەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی تاقمێک لە دۆستان مۆرکی سەلەفی بوونم لێ بدەن، بەڵام گرنگ نییە دەیڵێم.

بە ڕای من باسی شیعر و شاعیری زۆرتر لایەنی ڕوحی و دەروونییەکەی گرنگە. نەک ئەو لایەنەی کە ئێمە بە تەکنیکی لاسایی و چەواشەگەری فێر دەبین. تۆ باش دەزانی کە ئەدەبی فارس چەندە ئەدەبێکی دەوڵەمەند و سامانداره. تۆ کە نامەکانی نیمایوشیج دەخوێنیتەوە هەست بەوە ناکەیت کە ئەو پیاوە گەورەیە دڵ و دەروون و ژیانی شاعیرانە بووە؟ ئەوکەسانە وا تاقم و دەستە ساز دەکەن و جیا لە خۆیان کەسیتریان قەبووڵ نییە و خۆیان بە پۆست مۆدێرن دەزانن و ئەوانیتر بە سەلەفی و پاشڤەڕۆ دادەنێن تەنیا خۆیان ماندوو دەکەن. لە ڕاستیدا سمکوڵانی ئەسپی ئەم برادەرانە تەنیا هەواکە تۆزاوی دەکات ئەگینا هیچ شتێکی بە سوود و بە کەڵک بەدی ناهێنێ، مێژووی شیعر و ئەدەبی گەلانی جیهان پڕیەتی لەو کەسانە وا تەنیا بۆ چەند مانگ و ساڵ توانیویانە جەماعەتێک بە خۆیانەوە سەرقاڵ بکەن. ئێوە سەیری ئەم گۆرانییە بکەن.

**وەنەوشەم چنی دەستم دای لە گڵ**
**شەوگارم شەق کرد نەگەییم بە دڵ**

یان ئەم گۆرانییەی تر:

**چەن ساڵ چەند جەفا چەند خاکەساری**
**بووم بە شوانەکەی حەق نادیاری**

بە لای منەوە ئەم بەیتە گۆرانییە زۆر شیعرتر و مۆدێرنتر لەو بەرهەمانەیە وا برێ لە دۆستان بە ناوی شیعری پێشڕەو دەیهێننە بازاڕ، من نامەوێ نکوڵی لەم ڕاستییە بکەم کە ناسینی زمان و بنەما و تەکنیکەکانی شیعری مۆدێرن پێویست و زەرووره. دەمەوێ ئەمە بڵێم

کە ئێمە لە جیاتی ئەوەی شیفتە و شەیدای کاڵای ڕەنگاوڕەنگی بازاڕ بین، بۆ خۆمان کاڵایەک بەرهەم بێنین.

* بەڵێ ئەمانە هەمووی خەسارناسی شیعر و شاعیری ئێمەیە، ئەگەر پێت خۆش بێ با ئەم پرسیارە تایبەت بکەین بە خودی شیعرەوە، ئەرکی شیعر چییە؟ ئایا شیعر بۆ ئێمە ئەرکی کۆمەڵایەتی هەبووە؟ ئەی بۆ ئێمەی کورد جگە لە ژانری شیعر، بە قەرەی ژانرەکانیتردا نەچووگین و تەنیا قەڵای ڕۆشنبیریمان هەر شیعر بووگە و بەس؟

– کە دەڵێین ئەرکی کۆمەڵایەتی، دەکەوینە ناو چاڵێکی ڕەش و بێ بنەوە. دەزانی بۆ؟ چونکە ئەم ئەدەبیاتە، ئەدەبیاتی سۆسیالیزمی بنیادنراومان دینێتەوە بیر کە هەموومان دەزانین چ پێوەندییەکی نالەباری لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و حزبایەتیدا پەیدا کرد.

من لە جیاتی ئەوەی بڵێم شیعر ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە، دەڵێم شیعر بەر لە هەر شتێک ئەرکی ئەوەیە کە شیعر بێت، لەگەڵ پێوانەکانی جوانیناسین و شیعرناسیندا یەک بگرێتەوە. شیعرێکی جوان و وەستایانە و مامۆستایانە و زیندوو بێ هیچ شک و گومانێک هەم بۆ تاکەکەس بەکاردێ، هەم بۆ کۆمەڵگە. من ئێستاش بە خوێندنەوەی شیعری مەحوی مەست و مەدهۆش دەبم. من کاتێک کە ئەم بەیتەی نالی دێتەوە بیرم کە دەفەرمێ:

**لە کن تۆ با وجودی ناس و ئەجناس**

**کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ**

یەک دنیا ورە و هێز و خەمی هونەرمەندانە بە سەرمدا دەبارێ. جیا لەمە من پێم وانییە کە ئێمە لە لایەن کەس، یان کەسانێکەوە ئەرکی ئەوەمان پێ سپێردراوە کە شیعرێک بنووسین بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە. زۆرجار ئێمەی شاعیرین کە پێویستمان بەوە هەیە کۆمەڵگە هۆشیارمان بکاتەوە.

لە وەڵامی ئەوەی کە دەفەرمووی بۆچی ئێمە بە قەرەی ژانرەکانیتردا نە چووگین. دەبێ ئەمەتان عەرز بکەم کە ئێمە وەکو کورد، شیعر بە باشی ناناسین. پێمان وایە شیعر نووسین و شاعیر بوون زۆر ساناو سادەیە. هەر بۆیە شیعر دەنووسین، بەڵام تەنانەت منداڵێک دەزانێ کە بە ڕاستی نووسینی چیرۆک، ڕۆمان، وتار، شانۆ و سیناریۆ، کارێکی زۆر دژوارە. شیعر زاتوبوونێکی خەڵەتێنەری هەیە. هۆکارێکی تری ئەوەی کە ئێمە هەموومان شاعیرین ئەوەیە کە ژانرەکانیتر وەکو چیرۆک، ڕۆمان و ئەوانیتر پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە ئاستی پێشکەوتنی شارستانیەت و ژێرخان و سەرخانەکانی ژیانی شاری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە. ئێمە هێشتا لەگەڵ هزروبیری شارمەندانەدا ئاشنایەتییەکی وامان نییە.

* با ڕوو بکەینە ڕۆژنامەگەری کوردی، لە گۆڤاری سروە بۆمان بدوێن، ئێستا لە سنە ئیش دەکەن، بۆ ئەم خولە نوێیە چ پلانێکتان بە دەستەوەیە؟ بە تێکڕا باری ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵات چۆن تاوتوو دەکەن؟

– سروە دوای ٢٤ ساڵ چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری هێشتا بوونی هەیە. سروە بۆ ئێمەی کورد یادگارییەکی بایەخدارە. من پێم وایە هەموومان بە جۆرێک قەرزاری ئەو هەوڵ و چالاکییەین وا لەسەرەتای سروەدا بەدی هات و زۆرکەسی فێری خوێندن و نووسینی کوردی کرد.

بەڵام سروەش وەکو هەموو گۆڤار و بڵاڤۆکێکی ئەم جیهانە هەندێ کێشە و گرفتی هەیە. برێ لەم گرفتانە پێوەندی بە سروەوە هەیە برێکی پێوەندی بە زەرفی کۆمەڵگاو ڕۆشنبیرانمانەوە هەیە. سروە ماوەیەکی زۆر لە ورمێ بوو و پاشان چووە تاران و ئێستا لە سنەیە. بەداخەوە لە سروەدا بەڕێوەبەرایەتی بە شێوەیەکی میهرەبانانە و دیموکراتیانە نەبووە. هەرکەسێک لەوێ سەردەبیر و سەرنووسەر بووە پێی خۆش بووە ڕێ بۆ دەستە و تاقمێک بکاتەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بووە هۆی ئەوەی زۆر کەس لە سروە داببڕێ. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی کە من زۆربەی کارەکانی ئەم گۆڤارەم وە ئەستۆ گرتووە هەوڵم داوە ڕێگا خۆش بکەم بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بێتە پێشەوە. ڕاشکاوانە بڵێم زۆرجار ماندوو دەبم. ماندوو دەبم لەو هەموو بۆڵە بۆڵە وا لە لایەن ڕۆشنبیرانی بێ بەرهەم و قسەرەوە پێم دەگات. من هەشت مانگ لەمەوپێش لەسەر داواکاری برادەرێک کۆمەڵێ بابەتم پێداوە کە بۆ بڵاوکردنەوە لە سروەدا وەری بگێرێتە سەرکوردی، بەڵام دوای ٨ مانگ هێشتا خەبەرم لێ نییە. برادەرێکی تر دەڵێ کاکە من پۆست مۆدێرنیم لەگەڵ ئێوەدا نیم. یەکێکیتر دەڵێ ئێوە بۆچی فلان نووسەر بڵاودەکەنەوە، بەڵام با ئەمەش بڵێم هیچ کام لەم قسە و

لۆمانە ناتوانن ببنە هۆکاری ئەوەی کۆڵ بدەم و ڕاوەستم. بەتایبەتی ئێستا بەرپرسێکی دڵسوز وەکو کاک بێهروز جەعفەری لێرەیە کە بە ڕای من هەتا ئێستا باشترین بەرێوەبەر بووە بۆ ئەم گۆڤارە.

ئێستا ئێمە دەبینین کە چەشنە قەیرانێکی تایبەت لە دنیای نووسین و ئەدەبی کوردستاندا بەدی هاتووە و ئاستی بەرهەم هێنانی شیعر و چیرۆک زۆر کەم بۆتەوە. وەکوتر دۆستانی نووسەر و شاعیرمان زۆر ناڕازین لەوەی کە بۆچی لە باتی بڵاوکردنەوەی بەرهەممەکەیان پارەیان پێ نادرێت، دیارە ئەمەش مافی سروشتی خۆیانە. بریا لە ئێرانیشدا وەکو هەموو وڵاتێکی جیهان شاعیر و نووسەر بەرهەمەکانیان وەکو کاڵایەک کە موشتەری و داواکاری هەیە، لە لایەن گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە پارەی بۆ تەرخان بکرابا. لەگەڵ تەواوی ئەم کێشانەدا سروە بەردەوام لە گەشەسەندن و پێشکەوتندایە و من بە داهاتووی سروە دڵخۆشم.

چەند پلانێکم بە دەستەوەیە بۆ ئایندەی سروە، کە ئیستا تاوتووی لەسەر دەکرێ و بۆ ئەوە نابێ وەکو بەڵێن و بریار ئاماژەیان پێ بکەم. ئێستا بەداخەوە لە سنە و کوردستانی ئێراندا ڕۆژنامەگەری گیانێکی زۆر چالاک و هەمەرەنگی نییە. (زرێبار) لە بواری ڕووناکبیری و کاری زانستی و بنەڕەتیدا، هەوڵدانێکی بایەخداری هەیە بەداخەوە سیروان وەکو هەفتەنامەیەکی دەوڵەتی دەرگای لەهەموو نووسەر و شاعیرێ داخستووە و زۆر کز و لاوازە. یەک دوو بڵاڤۆکیتر هەن کە زۆرتر حەزیان لە کاری کاتی و ململانێی سیاسی هەیە. گۆڤاری مەهاباد تاڕادەیەک سەرەڕای ئەو کێشە و گرفتانە کە بەردەوام باسمان لێ کردووە درێژەی هەیە و کار و خەباتی خۆی درێژەی دەدات و جێگای ڕێزلێنان و ئاراستە کردنی سڵاو و ماندوو نەبوونە. بەڵام بە گشتی داخ و کەسەری خۆم ناشارمەوە لەوەی ئەدەبی کوردی ئێمە خوێنەری زۆر کەمی هەیە. ڕەخنەگری نییە، هۆگری نییە. پشتیوانی نییە. بۆ ئەوەی بەم قۆناغە هەستیارەدا تێپەڕین پێویستیمان بە زۆر کاری بنەڕەتی هەیە.

* پێوەندیت لەگەڵ گۆڤاری ڕاماندا چۆنە؟ تا چ ڕادەیەک هایداری چالاکی ئەم گۆڤارە هەیت؟ ئایا ئەم گۆڤارە لەسەر پەرەپێدانی باری ئەدەبی/فەرهەنگی ڕۆژهەڵات کاردانەوەی ئەرێنی هەبووە؟ لەم بارەوە پێشنیارەکانت چین؟

– من چەند جار لە ڕاماندا بابەتم بڵاوکردوەتەوە و ڕامان بە گۆڤارێکی باش و بەکەڵک دەزانم. بەڵێ ڕامان بۆ کوردی کوردستانی ئێران باش بووە. من بۆ بەرپرسانی ڕامان چەند پێشنیارێکم هەیە:

١– کردنەوەی فایلی تایبەت بۆ بابەت و ڕەهەندی جۆراوجۆر هەر سێ مانگ جارێک.

٢– دانانی خەڵاتێک بە ناوی خەڵاتی ڕامان.

٣– پەرەپێدان بە وەرگێڕان.

* دوایین وتەت بۆ بەرەی ئێستا، بە تایبەت ئەوانەی ئەمێستاکە کەڵکەڵەی شیعر وتنەوەیان کەوتۆتە سەر؟

– وتەی من بۆ ئەو دۆستانە ئەوەیە کە هەوڵ بدەن لەگەڵ ئەم چەند شتەدا ئاشنا و ناخەکی بن. سروشت، دەنگی دڵی خۆیان و شیعری شاعیرانی ناودار و سەرکەوتوو.

* لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی لەم وتووێژەدا بەشداریت کرد، سوپاست دەکەم.

– منیش هەروەها سوپاسی ئێوە دەکەم بۆ ئەم هەلەی بۆ منتان ڕەخساند.



## گۆرانیبێژ ناسر کەریمی:
## کۆنترین ئامێری مۆسیقا قورگی مرۆڤە..
## حەیرانیش کۆنترین گۆرانییە کە مرۆڤی ئێمە چڕیویەتی

**ئا : سەلاح نیساری**
**(بۆکان)**

هەروەکو دەڵێن هەرچەندە ئاوی گۆمێک زۆر و زەوەند بێ، بەڵام ئەگەر ئەو ئاوە لە بەری نەڕوا و خوڕ نەبێ و نەجووڵێ، ئاوێکە مردوو. کە وا بوو باخێکی پڕ گوڵیش هەر وایە، با گوڵی ئاڵوواڵای تێدابێ، بۆن و بەرامەی بەرۆکی خونچەی تازەکراوە بە دەم شنەوە کەروێشکە بکا، ئەگەر ئەم باخە بەبێ دەنگی بلبل و جریوەی مەل بوو، سەیرانچی و ڕێبواران هەروەکو دەشتێکی وشک و کاتۆری دەبینن، نە هەست بزوێنە و نە شادی هێنە و نە خەم لابەرە. کە وا بوو ئەوە دەنگە هەر لە کۆن و کەوناراوە کۆمەڵگای بەشەری لە یەک گردو کۆکردوون. کاتێک دەنگێکی بەسۆز لە قوڕگی مرۆڤێکەوە گەیوەتە گوێچکەی بیسەر، ئەوە هەر بە خێرایی هەستی بۆ ڕاگرتووە و ڕەگەڵ ئەو وشە و ڕستانە کەوتووە و بە چەشنی پەپوولەپایزە سروەی ئەو دەنگە لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی، ئیتر لێرەدا هەرچەندە دەنگ بە سەدان لق و چڵی لێ بۆتەوە و لێ دەبێتەوە، ئێمە تەنیا لە بەژنی زراڤی لقێک دەڕوانین و لە ژێر سەیوانی پیرەدارێکی بەشی هونەریدا بە ناوی گۆرانی و مقامات وچان دەگرین و دەکەوینە بەر تاڤگەی دەنگی بەستەبێژانی لەمێژینەی ئەو گەلە زمان پاراوە، کوڵ و کۆی دەروونمان بە دەنگی بەسۆزی مامۆستایان سەید عەلی ئەسغەر و عەلی مەردان و مامەسێوە و حەسەن زیرەک و جەزراوی و دەیان و سەدان شۆڕەسواری ئەم بوارە دادەمرکێنین، تاکو دەگەینە سەر باڵی سیمورغی نیشتوو لە سەر بستووی ناڵەشێکنە، ئەوسا قومێک لە ئاوی سازگاری حەوزە گەورە فڕ دەکەین و شەکەتی ڕێگا و خەفەتی ڕۆژگار بە دەنگە بەسۆزەکەی «ناسر کەریمی» و ئەلبومی «نەورۆز» دەتارێنین، کە وا بوو دەنگ بەڵگە و نیشانەی زیندوویی هەر میللەتێکە.

ناسر کەریمی لە دایکبووی ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی (١٩٧٣ز) و دانیشتووی شاری حەسەن زیرەک، ڕێبواری ڕێچکەی مامۆستا عەلی مەردان، میوانی هەگبە و هەواری دەبین و دەیدوێنین، ئیتر ئەوە خوێنەران و ئەمەش کاک ناسر کەریمی.

* چەند ســاڵە ڕووت کــردۆتە دنیــای گــۆرانی و مقامات؟

– سڵاوم هەیە بۆ بەڕێوەبەرانی گۆڤاری ڕامان کە لە خزمەتی کەلەپووری گەلەکەماندان و هیوادارم تەمەنیان درێژ بێ و زیاتر و چڕوپڕتر خزمەتی ئەم نیشتمانە بکەن و پاشان سڵاوم هەیە بۆ خوێنەرانی بەڕێزتان.

وەک حـەز و خـۆشـەویسـتی هەر لە منداڵییــەوە هۆگرییەکی تایبەتیم بە گۆرانی و مقامات بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە بنەماڵەی ئێمەدا دەنگ خۆش هەبوون. یەکەم باپیرم، دووەم باوکم. باپیرم مام سەعید دەنگێکی ڕەوان و بێ غـەل وغـەشی هەبوو، هێندێ لە شتە ئایینییەکانی دەچڕی، بەستە و حەیرانیشی بە جوانی دەزانی و هێندێ لە بەیتەکانیش وەکو برایمۆک و لاس و خەزاڵی زۆر بەڕێ و جێ دەگوت، لەگەڵ ئەوەی نەخوێندەواریش بوو ئەو شـتـانەی دەیگوت بە جـوانی لێیان تێگەییبوو و بە باشی مامەڵەی لەگەڵ وشەکان دەکـرد، بە زمـانێکی زۆر پەتی و پاراویش دەدوا. لەو بارەشەوە زۆر وشەی ڕەسەنی کوردی هەر لەو فێر بووم.

باوکیشم دەنگێکی بەتام و سۆزی هەبوو، حەیران و گۆرانی ڕیتمی خێراشم لێ بیستووە و "هەوری لار"یش باش دەڵێ. بە ڕادەیەک بوو کــورێکی خــەڵکی ئاوایییەکەی خۆمان پێی دەگوتم ناسر گیان هەوری لار دەزانی؟ دەمگوت بەڵێ. دەیگوت دەبێ بیـزانی، چون گۆرانی خۆتانە، بەڵام بە شێوەی ڕەسمی پێنج ساڵ دەبێ خۆم بۆ گۆرانی و مقامات تەرخان کردووە.

* مقام بە چەند دەسـتە دابەش دەبێ؟ ئەو بەشانەی کـوردسـتـان بە گـشـتی مـقـام سـەری تێدا هەڵداون کامانەن؟

– ئەگــەر لە باری ملۆدییــەوە بڤــەرمــوون ئەوە لە کــوردســتــان دوو دەســتــە مــقــام دەوترێ: یەکـەم ئەو مقامانەی کە تایبەتی میللەتی کوردن و مارک و مۆرکی کـوردیان پێـوەیە. دووەم مـقـامـە ڕۆژهەڵاتیـیـەکـانن کـە هەموو گەلانی ڕۆژهەڵات دەیانچڕن کە هەر گەلە و تام و خوێی خۆی پێوە دەکا. ئەگەریش لە بواری مەعناییەوە بڤـەرمـوون ئەوە مـقـامی جـۆراوجـۆرمـان زۆرە، بۆ وێنە مـقامی شین گێڕی، کۆمەڵایەتی، نیشـتمانی، ئاشقانە و... بۆ بەشی دووەمی پرسیـارەکەشتـان دەڵێم مقام لە هەمـوو ناوچەکـانی کـوردسـتـان سـەری هەڵداوە، هەمـوو ناوچەکـان مـقـامیـان خـوڵقـاندووە، بەڵام ئەو نـاوچانەی مـقـام بە خەسـتی سـەری تێـدا هەڵداون و گـوڵی کـردووە گەرمیان و موکریانن.

لە گەرمیان مقاماتی وەکو ئەڵڵاوەیسی و خورشیدی و هیــجـران و ئای ئای و قــەتار و خــاوکــەر و زۆری تر خوڵقاون، لە موکریانیش ئەو مقامانە خوڵقاون کە پێیان دەڵـێن بەندی و فـــۆلکلۆر، بەڵام بە ڕای من ئەوانە و بەیتـیش دەبێ لە جنسی مـقـام دابنرێن وەکـو سـەیدەوان، کـاکەمـیر و کـاکە شێخ، ئایزە، پایزە، گەلۆ، نیوەشەو، ئایشێ گوڵ و بەیتەکانیش.

* مقـام لە بەشـە جیـاجیـاکانی کـوردستـان وەک یەک دەوترێ؟

– دەکـرێ بڵـێین لە هەمـوو ناوچەکـان بناغـەکـە یەک شتە، بەڵام هەر ناوچەیەک حاڵ و هەوای خۆی هەیە و بە پێی زاراوەکـان و باری جوگرافیای ناوچەکە ئاڵوگۆڕ دێتە پێشێ. بۆ وێنە هەر لەو بۆکانەی کە بۆ خۆمان لێی دەژین ئاوازێک لە ناوچەی فەیزوڵڵابەیگی بە جۆرێک دەوترێ، هەر ئەو ئاوازە لە گەورکایەتی بە شێوەیەکی تر دەوترێ.

* ئەگـەر دەکرێ باسی مێـژووی حەیرانمان بۆ بکە، ئەو دەڤەرانەی زۆر بە خەستی حەیران سەری تێدا هەڵداون لە سەری بدوێ؟

– مـێـژووی حـەیران تەنانەت بە گـشـتی مـۆسـیـقـا و گۆرانی تا ئێستا کەس نەیتوانیوە بە دروستی دیاری بکا و بڵێ لە فلان ساڵ و ڕۆژدا ئەو شتە سـەری هەڵداوە، هەر بۆیە هەمــوو بیــروڕایەکــان ڕێژەییــە، بەڵام هەمــوو مێژوونووسانی مۆسیقا لە سەر ئەوە کۆکن کە کۆنترین ئامێری مۆسیقا، قوڕگی مرۆڤە، زۆربەی کۆنینەناسانیش لە سـەر ئەو باوەڕەن هەولێـر کـۆنـتـرین شـاری دنیـایە، حەیرانیش لە هەولێر و دەوروبەری ئەم باژێڕە مێژووییەدا لە دایک بووە و گەشەی کـردووە، کـە واتە دەگـەینە ئەو ئاکامەی کە حەیران دەبێ کۆنترین گۆرانی بێ کە مرۆڤ چڕیویەتی.

* تۆ کـە ویراوتە خـۆت لە قـەرەی مـقـام و بەیت و باو بدەی، خـۆت بە قــوتابی کـام یەک لە مــقــامــبــێــژ و حەیرانبێژانی کورد دەزانی؟

– لە مقامدا ئەگەر شیاو بم، خۆم بە قوتابی مەکتەبی شاسواری مەیدانی مقامات مامۆستا عـەلی مەردان دەزانم، هەرچەند گوێ لە زۆربەی مقامبێژانی کورد دەگرم و کەڵکی پێـویستـیان لێ وەردەگرم، وەکو مـامۆستایان تایەر تۆفـیق، حـەمـەی مامڵێ، حوسێن عـەلی، سەڵاح

داوده، حەسەن گەرمیانی، عەدنان کەریم، قادر ئیلیاسی، حەمەساڵح دیلان و...

لە بەیت و حەیرانیشدا خۆم بە کەسێکی تایبەتەوە نەبەستۆتەوە، لە هەر باغێ گوڵێکم بۆن کردووە، هەرکەس شتێکی باشی وتبێ ئەو شتەم لەو وەرگرتووە، بۆ وێنە مامۆستا عەلی کەردار لە سەیدەوان و کاکەمیر و کاکە شێخدا دەکرێ بڵێین بێ وێنەیە، مامۆستا حەمەجان پایزە، مامۆستا خدری قادری (خلە دەرزی) ئایشێ گوڵ و ئازیزە و نیوەشەو، مەحمەڵ لەشکری و لە حەیرانیشدا مامۆستا حەسەن سیساوەیی.

✱ بە بڕوای ئێوە حەیران تاکو چ ڕادەیەک ڕۆڵی خۆی لە سەر بە هەرمانی وێژەی کوردی دیوە؟

– شیعر و ئاواز هەر لە کۆنەوە وەک دوو مەلی دڵدار لە یەک هێلانەدا ژیاون و بێ یەکتری هەڵیان نەکردووە، هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین حەیران و گۆرانی لە سەر وێژە و زمانی کوردی شوێنەواریان دیار و بەرچاوە، وەک پێشتر باسمان کرد حەیران لە بواری مۆسیقاییەوە کۆنترین گۆرانی مرۆڤە. ئەوە شانازییەکی گەورەیە بۆ گەلی کورد، شانازی دووهەمیش ئەوەیە هۆنراوەکانی حەیران لەو شێوازە هۆنراوانەن کە دەڵێن لە ئەورووپا سەری هەڵداوە و فارسەکان بە هۆی نیمایووشیجەوە ناسیویانە و کوردیش بە هۆی عەبدوڵڵا گۆرانەوە، بەڵام بە بڕوای من ئەم قسەیە لە ڕاستییەوە دوورە، ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن شیعری نوێ، هەزاران ساڵ لەمەوبەر کورد لە حەیراندا وتوویانە، حەیران لە باری زمانیشەوە پڕ کتێبخانەیەکی وشەی بۆ پاراستووین.

✱ بە بۆچونی ئێوە بۆ پاراستنی مقام و حەیران چی بکرێ؟

– یەکەم، بە بڕوای من گۆرانیبێژەکان ئەمڕۆ مقام بڵێن بۆ ئەوەی گوێی ئەم بەرە نوێیە بە مقام ئاشنا بێ. دووەم، وەکو چۆن بنکەی مقامپارێزی لە کەرکووک لە کۆنەوە هەیە و بەم زووانەش لە هەولێر دانراوە، لە هەموو شارەکانی کوردستان ئەم کارە بکرێ. سێیەم مقامزانەکان یانەی مقام بکەنەوە و گەنج و لاوە هۆگرەکان فێری چڕینی مقامە ڕەسەنەکان بکەن.

✱ هۆی چییە لەم سەردەمەدا کەمتر کەسێ خۆی لە قەرەی حەیران و مقام دەدا؟

– لە ڕاستیدا ئێستاش کەسانێک هەن کە حەیران و مقام دەڵێن، بەڵام ئەو کەسانە دەگمەنن. ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە. یەکێ لە هۆکارەکانی ئەوەیە کە لەمڕۆدا کاری هونەری بێ پارە و ماددییات ناکرێ، هەر بۆیە ئەو کەسانەی پارەیان هەیە گۆرانیبێژیش نین، بەڵام گۆرانی دەڵێن، کلیپی بۆ ساز دەکەن و دەردەکەون و گوێچکەی خەڵک سەقەت دەکەن، ئەوانەی بەڕاستی گۆرانیبێژیشن، دۆسییەیان دەکەوێتە بنەوە و دەفەوتێن، چونکە گۆرانیبێژی بەڕاستی بە دەگمەن هەڵدەکەوێ پارەی هەبێت. یەکی دیکە لە هۆکارەکانی ئەوەیە حەیران و مقام دەنگی تایبەتی دەوێ و بە هەموو دەنگێ ناکوترێ. ئەگەر ئەو دەنگەشت هەبێ، دەبێ پەروەردەی بکەی، مقامبێژانی کورد بناسی و گوێیان لێ بگری، چونکە پێم وایە گوێ گرتن لە سەر دەربڕین کاریگەری هەیە. بە داخەوە زۆربەی گۆرانیبێژانی ئێستا بە شەرمی دەزانن گوێ لە گۆرانیبێژانی ڕەسەن بگرن، گۆرانیبێژێکیش گوێ لە مایکل جاکسۆن و گۆرانیبێژە بیانییەکان بگرێ، هەرگیز ناتوانێ مقامی کوردی بچڕێ.

✱ لە کۆنەوە ڕووداوی خۆش و ناخۆش بۆتە هەوێنی شیعر و مقامات و بەیت و تۆرە بە گشتی. خۆشوێژان و بەیتبێژان هاتوون و ئەو ڕووداو و کارەساتانەیان بە دەنگی بەسۆزیان گوتۆتەوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زار بە زار و سینە بە سینە بیلێنەوە و بیپارێزن، کە دیارە ئەمانەش بۆتە شاکار لە دنیای وێژە و وێژەوانیدا، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەو گشت ڕووداوە و ئەو هەموو کارەساتە هەیە، بۆ دەنگخۆشان خۆی لە قەرە نادەن؟

– ئێستاش ئەو کارە دەکرێ، بەڵام جیاوازی هەیە، بۆ وێنە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە لایەن زۆربەی گۆرانیبێژانەوە شین گێڕی بۆ کراوە و شیعری زۆر بەسۆز و گڕ و تینیان پێدا هەڵگوتووە و بە مقامی زۆر هەڵقرچێنەر وتوویانە، بەڵام دەکرێ بڵێین لە پێشتر کەمترە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێستا سەردەمی ئینتەرنێتە و جەماوەر بە زۆر شتی ترەوە خۆیان خەریک دەکەن و گوێ لە گۆرانی درێژیش ناگرن، جا چ بگا بە بەیت، گۆرانی ئێستا دەبێ لە حەوت خولەک زیاتر نەبێ ئەگینا دەیقرتێنن. بە دەگمەن گوێگر هەڵدەکەوێ گوێ لە غەزەلێک بگرێ کە گۆرانیبێژ بە مقام چڕیبێتی مەگەر گوێگرەکە ئەهلی هونەرەکە بێ.

✱ ئایا مۆسیقای کوردی قەیرانی بە سەردا نەهاتووە و کۆمەڵێک خەریک نین دەمامکێکی چەواشەگەرانەی بە سەردا هەڵبکێشن؟

– بەڵێ بە داخەوە قەیرانی بە سەردا هاتووە، بەڵام قەیرانەکە بەرگی پێشکەوتنی لە بەر کردووە، گورگە و پێستی مەڕی بە سەردا کشاوە و چاوی خەڵکی نووقاندووە. ئەو جەماعەتەی کە نازانم چ ناوێکیان لێ بنێم، ناوی هونەرمەندیان لە سەر خۆیان داناوە و کوێر کوێرانە لاسایی گۆرانیبێژانی گەلانی تر دەکەنەوە و دەفەرموون ئێمە مۆسیقای کوردی دەگۆڕین، زۆر جار مرۆڤ بەم وتەیە دەهری دەبێ و هێندێ جاریش پێکەنینی پێی دێ. سەیر نییە کەسێک خۆی نەزانێ بە ڕێدا بڕوا و لاسایی کەسانی تر بکاتەوە، بەڵام بلێ من ڕێ پیشاندەرم؟ من و کەسی تریش دژ بە پێشکەوتن نین، بەڵام پێم وایە هەر میللەتێک کەلەپوور و فەرهەنگی خۆی هەیە و مۆسیقاش بەشێکە لەو فەرهەنگ و کەلەپوورە، ئەگەر لە بوارەکانی دیکە گرنگتر نەبێ کەمتریش نییە. هەر بۆیە کۆنفشیۆس لە وتەیەکیدا دەڵێ: «ئەگەر ویستتان ڕادەی پێشکەوتوویی، یان دواکەوتوویی میللەتێک بزانن گوێ لە موسیقایان بگرن.» بەم وتەیەی کۆنفشیۆس بۆمان دەردەکەوێ مۆسیقا لە فەرهەنگی گەلێکدا چەندە گرنگە. کە واتە برای بەڕێزم تۆ کە بە شێوەی گەلێکی تر گۆرانی دەچڕی و مۆسیقا دەژەنی، ئەو گەلەی پێ هەڵدەسەنگێنن نەک گەلی تۆ. خۆ ئەوان لە هۆنراوەکە ناگەن، ئەگەر بیشیزانن کوردی! دەڵێن لاسایی مۆسیقای فلان نەتەوە دەکاتەوە و ڕەنگ بێ خۆیان مۆسیقایان نەبێ. ئێمە ئەگەر بمانەوێ مۆسیقاکەمان بەرەو پێش بەرین، ئەوە ڕێگای دروست ئەوەیە لە ناخی ئەو ڕەسەنایەتییەوە هەڵگوێزین، هەروەک دەبینن گۆرانیبێژانی وەک کەریم کابان، قادر دیلان، عومەر دزەیی، قادر سەیاحی هەر لە ناو ئەم ڕەسەنایەتییەیان هەڵکڕاندووە، بەڵام شتێکی تازەیان خوڵقاندووە و پێش ئەوان ئەم شێوازانە نەبوون، بەڵام سەرەڕای ئەو تازەگەرییەش تەواو ڕوحی کوردی لە گۆرانییەکانیاندا هەست پێ دەکەی. با ئەوەش بڵێین پێم وایە نەک فەرهەنگ و کەلەپوور، بەڵکو جوگرافیا و ئاو و هەوا و تەنانەت ناوچەکە ئەگەر دەشت بێ، یان سیاکێو بێ، یان شاخاوی بێ، گەرمەسێر بێ، یان کوێستان بێ بۆ گۆرانی و مۆسیقا جیاوازی هەیە. کارل ئەرف کەسایەتی گەورەی مۆسیقای ئەڵمانی کە مۆسیقای مندالانی داناوە وتەیەکی هەیە دەڵێ: «تۆ ئەگەر بەرهەمەکانی من دەقاودەق بلێیتەوە ئەوە مامۆستایەکی سەرکەوتوو نیت، تۆ دەبێ بە پێی فەرهەنگ و زمان و جوگرافیای میللەتەکەی خۆت بەرهەمەکانی من بگۆڕیت.» ، کەچی بە داخەوە هەندێ لە بە ناو هونەرمەندانی ئێمە هەر وا بە سانایی دەیانەوێ بە ناوی پێشکەوتنەوە دەقاودەق مۆسیقا و ئاوازی گەلانی تر کە لەگەڵ هەست و ڕوح و ویست و داخوازییەکانی ئێمەدا ناگونجێ، بە سەرماندا بسەپێنن و هەستمان بشێوێنن و گوێچکەمان سەقەت بکەن.

* وەک دەنگخۆش وەک بۆ خۆم دەتناسم شارەزای بەیت و حەیران و مقامی، لەگەڵ ئەوەی ئەم شتە قورس و مەتینانە دەڵێی، هۆی چییە لەگەڵ گرووپی هەڵپەڕکێ و زەماوەندەکان کار دەکەی؟

– هەروەکو مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی دەفەرمێ «شاعیر و نووسەریش زگیان هەیە و پێویستییان بە بژێوی ژیان هەیە» گۆرانیبێژیش وەک هەموو کەسی دیکە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆی پارە و پوولی پێویستە و وەک بۆ خۆشت دەزانی هونەرمەندی کورد بێ پەنا و دالدەیە و کەس دەستی ناگرێ. منی گۆرانیبێژ ئەگەر ئەو کارە نەکەم ناچارم دەبێ، یان خەریکی مامەڵە بم! یان کرێکاری بکەم، ئەگەر ئەم کارانەش بکەم ئەوە لە هونەرەکەم دادەبڕێم. بە داخەوە هەرچەند ئەم هونەرە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بە چاوێکی سووک تەماشای دەکرێ، بەڵام من هیچ خۆم بە شەرمەزار نازانم، بە پێچەوانەوە شانازیش دەکەم، چونکە کارێکی بقەم نەکردووە، تەنیا ئەوە نەبێ لە ڕێگای هونەرەکەمەوە نان دەخۆم، لە هەموو وڵاتانی دنیا هونەرمەند لە ڕێی هونەرەکەیەوە دەژی، کەچی لێرە ئەمە شەرمە. ئەگەر بەڕاستی گۆرانی گوتن لە شایی و گۆوەندان شەرم بێ، ئەوە هەڵپەرکێش – ئەو ڕەسمە لەمێژینەیەی گەلی کوردیش – دەبێ شوورەیی بێ، مێژووی مۆسیقای کورد لە ڕاستیدا قەرزاری ئەو هونەرمەندانەیە کە شاییان گێڕاوە. من کتێبێکم خوێندەوە "لە سەر ئامێرە کۆنەکان" کە لە لایەن هونەرمەندێکی گەورەی کوردەوە نووسراوە، لە سەرەتاکەیدا هێرش دەکاتە سەر ئەو هونەرمەندانەی چوونەتە شایی، بەو تاوانەی دەستیان بۆ خەڵک پان کردۆتەوە، کەچی تەواوی کتێبەکەش هەر باسی ژیانی ئەوان و وتووێژ لەگەڵ ئەوانە، یانی ئەگەر ئەوان نەبوایەن ئەم کتێبە ئێستا لە کتێبخانەی کوردیدا نەبوو. دیسان

من به جورئەتەوە دەڵێم ئەگەر ئەو گۆرانیبێژە شایی گێڕانە نەبوایەن لەوانەبوو ئێستا گوێی بەرەی تازە لەگەڵ مۆسیقای کوردی بە تەواوی بێگانە بوایە. ئەوجار ئەگەر گۆرانیبێژێکی گەورە کۆنسێرت بەرێوە دەبا مەگەر هەر بۆ پارە نییە؟ جیاوازییەکە تەنیا لەوەدایە ئەوان لەبەر درگا پارە وەردەگرن، ئێمە لە نێو زەماوەندەکەدا، یان بە واتایەکی دیکە ئەوان لە پێشدا پارەکە وەردەگرن ئەم جار گۆرانییەکە دەڵێن، بەڵام ئێمە گۆرانییەکە دەڵێین جا پارەکە وەردەگرین. ئەوەش دەبێ قەبووڵ بکەین لە سەدا نەوەدی گۆرانیبێژە گەورە و خاوەن سەبکەکانی کورد کۆڕی شایی و داوەتیان گەرم کردووە و لە هەموو دنیاش تا ڕادەیەک ئەم کارە کراوە، بەڵام بە شێوازی جۆراوجۆر. بۆ وێنە جۆزێف هایدن گەورەپیاوی مۆسیقای نەمسا و کەسایەتی جیهانی، کاتێ منداڵ دەبێ لە کلێسا گۆرانی دەڵێ، بەڵام کە دەنگی نێر و ناخۆش دەبێ، ناچار لە پارک و سەیرانگاکان سازی کەمان لێ دەدا و پارەی پێ پەیدا دەکا، بەڵام هەر ئەم پیاوە بوو بە کەسێک کە هەموو دنیا قەرزداری کار و چالاکییەکانی ئەوە. هەر لە ناو کوردیشدا گەورە نووسەری کورد یەشار کەماڵ لە سەرەتادا شیعری وتووە و لە کووچە و شەقام بە تەپڵەوە شیعرەکانی خۆی بە گۆرانی وتووە و چەند ساڵێک بەم جۆرە ژیانی تێپەڕاندووە و ئێستاش بووە بەو یەشار کەماڵەی کە هەموو دنیا پەنجەی بۆ ڕادەکێشێ.

هەندێک دەڵێن لە بەر ئەوە گۆرانیبێژانی شایی بە سووک تەماشا دەکرێن، چونکە کەسانی سووک و چرووکیان تێدایە. بە بڕوای من ئەوە نابێتە پێوانە و ئەو کەسانەی پێ بپێورێ. لە نێو هەموو لک و پۆپەکانی کۆمەڵدا مرۆڤی چاک و خراپ هەیە، ئەگەر لە نێو ئێمەشدا کەسانی وا هەن، کوڕی زۆر باشیش هەیە، ئەگەر ئەو خراپانە دەچنە زەماوەند، ئەوە خەڵک تاوانبارە، چونکە ئەگەر خەڵک چاویان بکەنەوە و لێکیان جیا کەنەوە و ئەوانە نەبەن بۆ شایی و زەماوەندەکانیان، هەر بۆخۆیان دەتوێنەوە و واز دەهێنن و دەڕۆن ملی کارێکی تر دەگرن.

* تاکو ئێستا زۆرم گوێ لە دەنگ و گۆرانی ئێوە بووە، بەڵام دوایین سی دی، یان کاسێت کە بە ناوی «نەورۆز» بڵاو بۆوە، گوێگری تایبەتی خۆی پەیدا کرد. هەرچەند دوا بەرهەمت بە کەمترین ئامێری مۆسیقاوە بڵاو بۆتەوە. هۆی چییە تەواوی گۆرانییەکان شادن، بێجگە لە یەک گۆرانی نەبێ؟

– دکتور محەمەدی موعین لە پێشەکی فەرهەنگی موعیندا دەڵێ: «ئەمە کارێک نەبوو ویستوومانە، کارێکە توانیومانە» نەورۆزیش هەرچەند لە لای خەڵک خۆشەویست بوو، بەڵام ئێمەی ڕازی نەکردووە، چونکە ئامانجی ئێمە لەوە گەورەترە، بە داخەوە مۆسیقاژەنمان وەدەست نەکەوت، ئەگەر دەستیش دەکەوتن، ئێمە داواکانیانمان بۆ جێ بەجێ نەدەبوو، چونکە داوای پارەیەکی زۆریان دەکرد. ئێمەش لە بەر نەداری زەلیل بووین و دۆش دامایین، ناچار بەو چەند ئامێرەی لە بەر دەستماندا بوو و بێ غەل و غەش تەنیا بۆ هونەر کاریان دەکرد قەناعەتمان کرد و ئەو بەرهەمەمان خوڵقاند کە ئێستا لە بەر دەستی هۆگرانی خۆیدایە. لە ڕاستیدا گۆرانی ئارام و سەنگین چونکە گوێگری تایبەتی تری دەوێ، مۆسیقاکەشی دەبێ قووڵ و چڕوپڕتر بێ، ئەوەش بە ئامێری جۆراوجۆر دەکرێ. بەو هۆیانەی لە پێشدا باسم کرد نەگونجا، هەر بۆیە بیرێکی ترمان کردەوە کە بێین لە سەر ڕیتمە شادەکان کارێکی دەوڵەمەندتر بکەین. هەر بۆیەش تا ڕادەیەک توانیمان سەرکەوتوو بین. هەوڵمان دا گۆرانی شاد لە قالبی کووچە و بازاڕ بێنینە دەرێ و کەسایەتییەکی دیکەی پێ بدەین. بۆ ئاوازە تازەکان لە شیعری شاعیران کەڵکمان وەرگرت و وامان لێ کردن کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن.

باسی بەرهەمی «نەورۆز»تان کرد، بە پێویستی دەزانم سوپاسێکی ئەو کەسانە بکەم کە لەم بەرهەمەدا هاوکاریبیان کردم، وەک پێشینان دەفەرموون «دەستێک بە تەنیا تەقەی نایە» منیش ئەگەر هاوکاری ئەو هونەرمەندانە نەبوایە، هیچ کارێکم پێ نەدەکرا. ئەو دۆستانەی هاوکارییان کردم بریتی بوون لە مەنسوور بەهرام بەگی بەنایە، یاسین حوسێن پوور و جەماڵ ساڵحی بە ئۆرگ، موحسین حوسێن پوور دەنگ هەڵگر، ئەمین گەردیگلانی و سەلاح نیساری بە هۆنراوە کە پڕ بە دڵ سوپاسیان دەکەم و دەستی ماندوویان دەگوشم و هیوادارم هەمیشە هاوکارم بن.

* وەک پرسیاری کۆتایی، ئەگەر ڕۆژێک گۆرانی گوتن لە ئێوە بستێننەوە خۆت لە چ قۆناغێکدا دەبینییەوە؟

– ڕەنگ بێ بمرم، چونکە گۆرانی ڕوحی منە، ئەگەر ڕوحیش لە لاشەیەک دەرهاوێن مردن خەڵاتیەتی.

# کۆکردنەوەی دژەکان و لێکچوونەکان
# لە ڕۆمانی «پێنجەمین کتێب»دا

ئارام سدیق
(سلێمانی)

**سەرەتا**

ئەگەر پێش ڕاپەڕین چیرۆک و ڕۆمانی کوردی تەنیا لە چەند بازنەیەکی دیاریکراودا قەتیس بووبێت، ئەوە پاش ڕاپەڕین هەم بازنەکان فراوانتر بوون و هەم ژمارەی ئەو بازنانە، واتە دەتوانین بڵێین هەنگاوە بەردەوامەکانی نووسەرانی ئەم ژانرە توانی قۆناغی باش ببڕێت و دەنگی جیاجیاش پەیدا ببێت. ئەگەرچی دەنگە جدیییەکان زۆر کەمن، بەڵام پێدەچێت بوونی ئەم دەنگانە دەروازە بێت بۆ بەدواداهاتنی دەنگی نوێتر. لە نێو ئەو دەنگانەدا "جەبار جەمال غەریب" دەنگێکە ناکرێت لەتەک هەریەک لە (عەتا محەمەد، ئارام کاکەی فەلاح، عەتا نەهایی، کاروان عومەر کاکەسوور)دا باسی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بکەین و فەرامۆشی بکەین. جەبار لەو دەنگانەیە، کە زیاتر مەیلی کارکردنی لەناو میتۆلۆژیا و ئەفسانەکاندا هەیە و گەڕان بەدوای حیکایەتی مرۆڤە پەراگەندە و نەبینراو و فەرامۆشکراوەکان. لەڕووی تەکنیکیشەوە شێوازی نوێی بەکاربردووە و هەوڵی فرەگێڕانەوەی داوە، کە ئەمە لە نەوەکانی پێشتر جیای دەکاتەوە، یان خاڵێکی جیاو بنەڕەتی ئەم چیرۆکنووسەیە لە نەوەکانی پێش خۆی.

ئایریس مرداک دەڵێت: "دەبێت ڕۆمان هەمیشە دوو کار ئەنجام بدات، یەکێکیان ئەوەیە، کە جیهانی دەرەوەی خۆی بناسێت و دووەمیشیان ئەوەیە لەنێو خۆیدا بۆ دۆزینەوەی زیاتر بگەڕێ، واتە بەدوای زمان و پێکهاتە و شێوەی خۆیدا بگەڕێت"(١). جەباریش وەک "مرداک" لە ڕۆمانەکانیدا بەدوای هەردوو ڕەگەزەکەدا گەڕاوە و دەقەکانی ئەم نووسەرە بۆ هەموو کەس نین، بەڵکو ئەم نووسەر تەنیا بۆ ئەو کەسانە دەنووسێت کە دەیانەوێت لەنێو ئەو زمانە شیعری و فەزا ئەفسانەییەدا لە جەنجاڵی دنیای نوێی تەکنەلۆژیا دوور بکەونەوە. هەربۆیە لەسەر بەرگی پشتەوەی ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب"دا نووسیویەتی: " من بۆ کەسێکی تایبەت نانووسم، بەڵام بۆ خوێنەرێکی تایبەت دەنووسم"(٢). ئەم تایبەت نووسینە بە تەواوی لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەدا هەستی پێدەکرێت و لام وایە ئەم ڕۆمانە نوێیەشی گەواهیدەری تەواوەتی ئەو قسەیەیە، بۆیە نووسەریش بە ئاشکرا لەسەر بەرگی ڕۆمانەکە ئەو ڕستەیەی نووسیوە.

ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەیە قسەکردنە لەسەر ڕۆمانی پێنجەمین کتێب، کە دوا ڕۆمانی "جەبار جەمال غەریب"ە من لەم نووسینەدا دەمەوێت لەسەر چەند لایەنێکی بدوێم، هەم لە ڕووی تەکنیکەوە و هەم لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە، کە زیاتر گرنگیمان بە لایەنی دووەم داوە.

**لەبارەی ناوونیشانی ڕۆمانەکەوە**

ناوونیشان وەک یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی دەق

ئەژمار دەکرێت، بۆیە جێی خۆیەتی بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب" سەرەتا تیشک بخەینە سەر ناوونیشانەکە. لە سەیرکردنێکی ڕووکەشدا ناوونیشان لەم ڕۆمانەدا هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دەقەکەوە نییە، واتە ئەگەر لەبری ئەم ناوونیشانە هەر ناوونیشانێکی تر دابنێین، یان "پێنجەم" بکەین بە "چوار" یان هەر ژمارەیەکی تر کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ناوەڕۆکی دەقەکە جێ ناهێڵێت، بەڵام ئەوەی هەیە دەتوانین وەک ناوونیشانێکی جوان و سەرنجڕاکێش سەیری ئەم ناوونیشانە بکەین، بەڵام لە خوێندنەوەیەکی وردتردا هەست بەوە دەکەین کە پێدەچێت ناوونیشان پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەزموونی ڕۆماننووسیی ئەم نووسەرەوە هەبێت، بەو پێیەی پێش ئەم ڕۆمانە نووسەر خاوەنی چوار ڕۆمانی ترە و پێدەچێت ناوونیشانەکەش لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت، کە ئەمە "پێنجەمین ڕۆمان"ە، بۆیە نووسەر لەژێر ناوونیشانی "پێنجەمین کتێب"دا خستوویەتییەڕوو. بێ گومان ئەمە بێجگە لە ڕایەک، کە دەخوازێت بەشداری لە بیرۆکەی دروستبوونی ئەم ناوونیشانەدا بکات، یان کلیلێک بێت بۆ کردنەوەی کۆدی ناوونیشانەکە هیچ شتێکی تر نییە، هەروەها لە سەرنجێکی تردا دەکرێت بڵێین بەهۆی ئەوەی ڕۆمانەکە لەچواربەش پێکهاتووە و نووسەر ئەو بەشە نەنووسراوەی وەک پێنجەم بەش ناوبردووە و دەخوازێت خوێنەر بینووسێت، یان تەواوی بکات و نووسەر دەیەوێت بەشی پێنجەمی ڕۆمانەکە، خوێنەر بینووسێت و تا ڕۆمانەکە بە "کەماڵ و تەواوەتی" بگات. واتە نووسەر دەلاقەیەکی بۆ بەشداربوونی خوێنەر هێشتۆتەوە و تێکستەکەی بەکراوەیی بەجێ هێشتووە.

لە ڕۆمانی "لەسەر باران دەنووسم"(٣)یشدا ناوونیشان هیچ پێوەندییەکی بە دەقەکەوە نییە، بەڵکو ناوونیشانەکە وەک بوویەکی سەربەخۆ و جیابووەوە لە دەقەکە دەردەکەوێت و هیچ کۆمەکی خوێنەر ناکات بۆ تێگەیشتن، یان ڕوونکردنەوەی خاڵە پەنهانەکانی دەقەکە. لەم ڕۆمانەشدا وەک ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب" هەست بە هەمان خۆ دزینەوەی نووسەر دەکرێت لە هەڵبژاردنی ناوونیشانێکی دیار، کە پەیوەستبوونی بە ناوەڕۆکی تێکستەکەوە هەبێت. لە ڕۆمانی "لەسەر باران دەنووسم"دا هەست بە بوونی ناوونیشانی لاوەکی لە ڕۆمانەکەدا ناکەین، کە بەپێچەوانەوە لە "پێنجەمین



جەبار جەمال غەریب

کتێب"دا لەگەڵ ئەوەی ڕۆمانەکە لە "چوار بەش" پێکهاتووە، بەڵام دەیان ناوونیشانی لاوەکی تێدایە، کە لام وایە دەکرا نووسەر سوودی لەو ناوونیشانانە وەربگرتایە بۆ ناوونیشانی ڕۆمانەکەی. واتە لەڕووی ناوونیشانی لاوەکییەوە ڕۆمانی"پێنجەمین کتێب" خاوەنی دەیان ناوونیشانە، لەکاتێدا ڕۆمانی "لەسەر باران دەنووسم" هیچ ناوونیشانێکی لاوەکی لە خۆ نەگرتووە، تەنیا ڕۆمانەکە بەسەر پێنج بەشی سەرەکیدا دابەش کراوە و هەر بەشەی لەژێر ناوی (کتێبی یەکەم تا پێنجەم)دا خراوەتەڕوو، ئەمە بێجگە لەوەی هەر بەشەی بۆ چەند لقەبەشێکی وردتر دابەش کراوە.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە، کە پەیوەست نەبوون، یان ڕەنگ نەدانەوە و سەربەخۆبوونی ناوونیشان لەگەڵ تێکستدا لام وا نییە نەنگییەکی زۆر بۆ تێکست دروست بکات، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە ڕێگایەک هەبێت بۆ لەدایکبوونی ئەو ناوونیشانە. هەروەها من پێم باشە ناوونیشان یارمەتیدەری خوێنەر بێت بۆ زیاتر چوونە ناو تێکستەکە و کلیلی کردنەوەی کۆدێک، یان زیاتری تێکستەکە بێت.

ئەگەر لەڕووی بنیادەوە سەیری ناوونیشانی "پێنجەمین کتێب" بکەین، ئەوە دەتوانین بە پێچەوانەشەوە ناوونیشانەکە بخوێنینەوە، واتە دەکرێت ببێتە "کتێبی

پێنجەم"، کە لەڕووی واتاوە هیچ لە ماناکەی ناگۆڕێت، بەڵام "پێنجەمین کتێب" لە ڕووی ئیستێتیکاو ئاوازەوە هونەریترە. هاوکات لە ناوونیشانی ڕۆمانی "دنیا لە کتێبێکدا"(٤)شدا هەمان نووسەر دەتوانێ ناوونیشانەکە لە هەردوو لاوە بخوێنینەوە، واتە ببێتە "کتێبێک لە دنیادا"، بەڵام لەڕووی واتاوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، چونکە لە ناوونیشانی "دنیا لە کتێبێکدا"، واتاکەی وا دەکەوێتەوە، کە دنیا لەو کتێبەدا نەخش کراوە، بەڵام لە ناوونیشانی "کتێبێک لە دنیادا" واتاکە تەواو پێچەوانە بۆتەوە.

دەکرێت بڵێین ناوونیشان لای "جەبار جەمال غەریب" سنوورە تەقلیدییەکانی بڕیوە و خوێنەر هەست بە نادیاری و هێمائامێزی تەواو دەکات و پاش تەواوکردنی دەقەکەش لەبیری ناوونیشانەکەدا دەبێت، کە ئەمەش بەتەواوی و بەتایبەت لە ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرەدا ڕەنگدانەوەی هەیە. هەرچەند دەتوانین نموونەی چیرۆکی "نامەکانی ژاکۆن، ئەتکی ڕوح و تەمە پیاو"(٥) وەک ناوونیشانی جوان و سەرنجراکێش بخەینەڕوو، بەڵام من ناوونیشانی ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرە بە سەرکەوتووتر دەزانم تا ناوونیشانی چیرۆکەکانی و هەست دەکەم ناوونیشانی ڕۆمانەکان زیاتر جوانکاری و ئیستێتیکایان تێدایە.

### گێڕانەوە و زمانی شیعری

یەکێک لەو هێڵە هاوبەشانەی کە لە ڕۆمانەکانی جەبار جەمال غەریبدا هەستی پێدەکرێت، بوونی زمانێکی شیعری باڵادەستە، کە زۆرجار شیعرییەت ئەوەندە بەسەر گێڕانەوەدا زاڵ دەبێت تا ئاستی کاڵبوونەوەی دەبا. بە واتایەکی تر لە هەندێک پەرەگراف و بەشی ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرەدا زمانی شیعری زیانێکی زۆری لە گێڕانەوە داوە و لە هەندێک شوێندا تێکستەکە بۆتە شیعر. بێ گومان ئەم حاڵەتە لای نووسەر لە نائاگاییەوە نییە، بەڵکو لە تەواوی ئاگاییەوە ئەو زمانە شیعرییە پەیڕەو دەکرێت، تا دەگاتە ئەوەی لەسەر بەرگی پشتەوەی ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب" نووسەر بنووسێت:

"من بۆ کەسێکی تایبەت نانووسم، بەڵام بۆ خوێنەرێکی تایبەت دەنووسم، کە سەرکێشە و حەز بە زمان و فەنتازیا و خەیاڵی جیاواز دەکات، دواجار خۆیشی دەگاتە حاڵەتێکی شیعری و کتێبەکەم هەڵدەداتە ناو لافاوێک لە خوێن کە بێگومان خوێنی دڵیەتی، من بۆ هەر ڕۆمانێک یەک تاکە خوێنەری وام هەبێ دەتوانم درێژە بە نووسین بدەم"(٦).

بێ گومان ئاماژەدان بە دروستکردنی "حاڵەتێکی شیعری"، ئەمە ئاماژەدانێکە بەوەی نووسەر زمانی شیعری بە هۆشیارییەوە لەنێو تێکستەکەیدا بەکارهێناوە و خۆی دەیەوێت بەو شێوەیە بنووسێت، بەڵام بابزانین ئەو زمانە شیعرییە لە خزمەتی تێکستدایە؟ من لام وایە زمانی شیعری لەنێو تێکستی پەخشانیدا، بەتایبەتیش لەنێو ئەدەبی گێڕانەوەدا کاتێک لە سنوورێکی دیاریکراودا بەکارببرێت لە خزمەتی تێکستەکەدا دەبێت و وەکو ڕەگەزێکی بەهێزکەری تێکستەکە دەردەکەوێت، بەڵام کاتێک "زیادەڕەوی" لەبەکارهێنانی ئەم زمانەدا بکرێت، ئەوە دەبێتە هۆی زیان بۆ گێڕانەوەکە. وشەی "زیادەڕەوی"م لە کەوانەدا بەکارهێنا، چونکە دەکرێت لەبری ئەو وشەیە ئێمە هاومانای تری بۆ دابنێین لەم شوێنەدا بەتایبەت دەکرێت وشەی "ناهۆشیاری" گونجاوتربێت بۆ ئەو شوێنە و دەکرێت بڵێین ئەگەر نووسەر بە هۆشیارییەوە زمانی شیعری لەگەڵ گێڕانەوەدا نەگونجێنێت زیان بە تێکستەکە دەکەوێت. بێ گومان دەکرێت پرسیاری ئەوە بکرێت چ جۆرە زیانێک لە گێڕانەوە دەدات؟ بە بۆچوونی من زاڵبوونی زمانی شیعری لە تێکستی ڕۆمان، یان ئەو تێکسانەی تایبەتن بە گێڕانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەلەل، یان جۆرێک لە دابڕان بۆ خوێنەر دروست بکەن لەگەڵ فەزای گێڕانەوەکەدا.

لێرەدا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستم دەگەڕێمەوە لای باختین" ئەو کۆمەکمان دەکات بۆ ئەوەی زیاتر لە زمانی شیعری و زمانی گێڕانەوە تێبگەین. باختین زمانی شیعر و زمانی ڕۆمان بەوە جیا دەکاتەوە، کە یەکەمیان مەنەلۆژە و لە زمانی خواوەند دەچێت، بۆیە شاعیر بێجگە لە زمانی خۆی هیچ زمانێکی تر بەکارناهێنێت، بەڵام زمانی گێڕانەوە (کە باختین نموونەی ڕۆمانی وەرگرتووە و وەکو زمانی ڕۆمان ئاماژەی بۆ کردووە) کە دیالۆگە لە توانایدا هەیە فرەدەنگ بێت چ لە ڕووی وشە و چ لەڕووی دەنگەوە و دەتوانرێت زمانی ئەدەبی و نائەدەبیش بەکاربهێنرێت، کە نەک نابێتە هۆی لاوازبوون و دابەزینی ئاستی ئەو تێکستە، بەڵکو بەهێزیشی

دەکات. هەروەها باختین دایالۆگ لە بەرانبەر مەنەلۆگدا بەکاردێنێ، چونکە مەنەلۆگ دەنگی تاک و گوزارشتکەری ناوەوەی تاکە، بەڵام دیالۆگ بە هەردوو دنیاکە دەخوڵقێت و لێرەوە فرە گێڕانەوە و فرەدەنگی لە گێڕانەوەدا پەرەدەستێنێت و نووسەر لە تاکزمانی و تاکدیدگایی ڕزگار دەبێت(٧).

لێرەدا دەکرێت نموونەی چەند ڕۆمانێکی کوردی بهێنینەوە کە لام وایە زمانی شیعری زیانی بە گێڕانەوە گەیاندووە. ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"(٨) ڕۆمانێکی جوان و سەرنجڕاکێشی بەختیار عەلی-یە، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی زمانی شیعرییەوە، لە هەندێک بەشدا خوێنەر لە فەزای گشتی ڕۆمانەکە دادەبڕێت. هەروەها لای هیوا قادر لە ڕۆمانی "منداڵێک لەسەر مانگە"(٩)دا دیسان هەست بە زاڵبوونی ئەو زمانە شیعرییە دەکەین کە لە زۆر شوێن و بەشدا هیوا بەتەواوەتی تەسلیمی زمانی شیعرییەکە بووە. هاوکات ئارام کاکەی فەلاح لە ڕۆمانی "چاوەڕوانی"(١٠)دا لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا زمانێکی شیعری بەکارهێناوە و ئارام لە پێشەکی چاپی دووەمدا دانی بەوەدا ناوە کە ئەو زمانە زاڵە شیعرییە زیانی لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە داوە. بێ گومان چاپی دووەمی ئەو ڕۆمانەی ئارام کاکەی فەلاح پاش (١٧) ساڵ لە چاپی یەکەم بڵاوکراوەتەوە و بە وردبوونەوە لە ئەزموونی ئەم چیرۆکنووسە لەسەرەتاوە تا ئێستا هەست بە کاڵبوونەوەی ئەو زمانە شیعرییە دەکەین کە بەدەر لەم ڕۆمانە لە بەرهەمەکانی سەرەتای




ئەم نووسەرەدا بوونی هەبووە. واتە ئارام بە ئەزموون بەو خاڵە گەیشتووە کە زاڵبوونی زمانی شیعری لە تێکستدا زیان بە گێڕانەوە دەگەیەنێت، کە من لەم خاڵەدا هاوڕای ئارامم.

لەو چەند ڕۆمانەی پێشتری جەبار جەمالدا زمانی شیعری بەتەواوی تێکەڵی نێو گێڕانەوەکە بووە و لە هەندێک شوێندا بەسەر فەزای گێڕانەوەدا زاڵ بووە و دەکرێت بڵێین بە زیانی گێڕانەوەکە شکاوەتەوە، بەتایبەت لە ڕۆمانی "لەسەر باران دەنووسم"دا کە زمانی شیعری لەو ڕۆمانەدا زۆر هەستی پێدەکرێت، بەڵام لە ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب"دا لەگەڵ ئەوەی هەست بە بوونی ئەو زمانە شیعرییە لەنێو فەزای گێڕانەوەکەدا دەکرێت، بەڵام زاڵ نییە و لە هەندێک شوێندا نووسەر هەر بە زمانی شیعر دواوە و فۆرمی شیعری بەکارهێناوە، کە دەتوانین ئاماژە بە لاپەڕە (٣٦) و (٢٤٥) بدەین، کە لەو دوو لاپەڕەیەدا نووسەر بەتەواوی گێڕانەوەکەی تەسلیمی شیعرییەت کردووە. لێرەدا من تەنیا لێکدانەوەیەکم هەیە بۆ ئەم حاڵەتە ئەویش ئەوەیە کە بۆ ئەوەی زمانی شیعری بەسەر تەواوی تێکستەکەدا (بە تەواوەتی و وەکو تێکستەکانی تر) زاڵ نەبێت نووسەر لەم دوو شوێنەدا دەربڕینەکانی تەنیا بە زمانی شیعری دەربڕیوە و گێڕانەوەکەی تەسلیمی شیعرییەت کردووە.

بەگشتی لام وایە دووانەی "گێڕانەوە" و "زمانی شیعری" دووانەیەکی دژن و لە کوێدا یەکێکیان بەهێز بێت، ئەوی تریان لاواز دەبێت، بەڵام باشترین حاڵەتێک کە لە ئەدەبی گێڕانەوەدا بەکارببرێت، ئەوەیە نووسەر خۆی تەسلیمی "تەواوەتی" هیچ کام لەم دووانە دژە نەکات و هەوڵی ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوانیان بدات.

## وێنە و حیکایەت

ئەگەرچی ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب" دابڕاو نییە لەو ئەزموونەی کە لەسەرەتاوە "جەبار جەمال غەریب" کاری لەسەر کردووە و وەک درێژکراوەی ئەو ئەزموونە دێتە بەرچاو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕۆمانێکە خاوەنی دنیایەکی جیاوازە لە گێڕانەوە و ئەفراندنی حیکایەتدا، کە لە ڕۆمانەکانی پێشتری ئەم نووسەرە نایبینینەوە، بەڵام لە ڕووی فۆرمەوە هەمان فۆرمی ڕۆمانەکانی پێشتری وەرگرتووە، هاوکات لە ڕووی قەبارەشەوە لە ڕۆمانەکانی پێشتری نووسەر درێژترە. لەم بەشەی

نووسینەکەمدا دەمەوێت قسە لەسەر دوانەی "وێنە و حیکایەت" بکەم، کە ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا گرنگییەکی تایبەتی پێداوە.

ڕووداو و حیکایەتەکانی ڕۆمانەکە لەو کاتەوە دەست پێدەکەن کە "کاکۆی ژەنیاری موراد بەگ"، کە یەکێکە لە کارەکتەرە دیارەکانی ڕۆمانەکە. دەگەڕێتەوە وڵات و لە لادێیەکی ناوچە شاخاوی و بەفراوییەکان لە ماڵێک لادەدات. لەو ژوورەی کاکۆی تێدایە وێنەی "سەید حوسێنی جیهانگیر" هەڵواسراوە و لەو وێنەیەوە کاکۆ دەکەوێتە نێو دنیای حیکایەت و تا دەگاتە ئەوەی لەگەڵ وێنەکەدا بدوێت و وێنەکەش وەڵامی کاکۆ بداتەوە. واتە حیکایەتی کاکۆ لەگەڵ وێنەکەدا دەست پێدەکات. ئەمە بێجگە لەوەی لەلایەکی ترەوە لەڕێی کامێراکەی "جیمس پۆڵ براون"یشەوە لەنێو دنیای وێنەکانیدا نووسەر حیکایەتمان بۆ دەگێڕێتەوە. دوانەی "وێنە و حیکایەت" لەم ڕۆمانەدا دوانەیەکن، کە پێکەوە تەواوکەری یەکترین و دژی یەک نین، بەڵکو بە هەڵکشانی یەکێکیان ئەوی تریشیان هەڵدەکشێت و باڵا دەکات. بۆ ئەوەی وردتر قسە لەسەر ئەم لایەنە بکەم پێوەندییەکانی وێنە و حیکایەت بۆ چوار ئاست دابەش دەکەم:

ئاستی یەکەم بە دەنگهاتنی وێنە: لەم ئاستەدا دەکرێت ئاماژە بە هاتنە قسەی وێنەکەی "سەید حوسێنی جیهانگیر" بکەین لەگەڵ کاکۆدا، کە ئێمە نموونەی دوو وێنە دەهێنینەوە کە هەردوو وێنەکە لەگەڵ کاکۆدا دەدوێن، کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە پەرەگرافێکی لاپەڕە (١١٦)ی ڕۆمانەکە بدەین، کە وێنەکەی سەید حوسێن لەگەڵ کاکۆدا دەدوێت و بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

"سەید حوسێن کە دەیویست ڕێنوێنی کاکۆ بکات و چۆن لە بەردێکەوە بپەڕێتەوە سەر بەردێکی کە گوتی:

-بدوێ چۆن ئارەزووتە، ڕاستە من لە ژوورێکدام، ڕاستە بە دیوارێکەوە هەڵواسراوم، دوور و عاسی، بەڵام تا ئاخیری دنیا بەهەمان زەوق و سەبرەوە چاوەڕێم دەکرد. من دەمزانی تۆ هەر دێی، بۆنێک لەو ماڵە، لە ڕەگی خانەخوێکانتدا هاتنی تۆی پێڕادەگەیاندم گەریدەی هەمیشە ئامادە"(١١).

وێنەی دووەم کە دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم هاتنە قسەی وێنەکەی دایکی کاکۆیە کە لە لاپەڕە (١٩٠) و دواتردا ئەم حاڵەتە بەڕوونی دەردەکەوێت. وەک دەبینین لەم ئاستەدا کە ئێمە بە"دەنگهاتنی وێنە" ناومان بردووە وێنەکان بە دەنگ دێن و لەگەڵ کاکۆی پاڵەواندا دەکەونە قسە و حیکایەتی ژیانی خۆیان دەگێڕنەوە، واتە لەم ئاستەدا وێنە حیکایەتی خۆی لە زاری خۆیەوە دەگێڕێتەوە و بەدەنگ دێن.

ئاستی دووەم دواندنی وێنە: لەم ئاستەدا دەتوانین ئاماژە بە وێنەی کامێراکەی "جیمس پۆڵ براون" بکەین، کە لەوێوە بە حیکایەتی وێنەکان ئاشنا دەبین، واتە حیکایەتەکان لەنێو وێنەکاندان و ئێمە لە ڕێی بینینی وێنەکانەوە حیکایەتەکانمان بۆ دەردەکەوێت، یان پێی ئاشنا دەبین. وێنەکانی کامێراکەی "جیمس پۆڵ براون" وێنەی ئاسایی نین، بەڵکو وێنەی قەتڵوعامی ئەرمەنن، کە ئەو وێنانە هێزی ئەوەیان تێدایە مێژوویەکی خوێناوی بگێڕنەوە.

ئاستی سێیەم دروست کردنی وێنە: ئەم ئاستە تارادەیەک جیاوازە لە دوو ئاستەکەی پێشوو و لەم ئاستەدا ئێمە ئاشنا دەبین بەو وێنانەی ڕۆماننووس دروستی کردوون و ئەنجامی خەیاڵی خودی نووسەرن، بەڵام ئەو وێنانە هەڵگری حیکایەتی جیاواز و سەیر و سەرنجڕاکێشن. دەکرێت لێرەدا نموونەی "ئەشکەوتی هەزار دەریا" بهێنینەوە وەک وێنەیەک، کە خاوەنی حیکایەت و تایبەتمەندی خۆیەتی.

ئاستی چوارەم بە وێنەبوونی مرۆڤ: ئەم ئاستە بە شێوەیەکی بەرفراوان و ڕوون ئاماژەی پێ نەدراوە تەنیا لە یەک شوێندا نەبێت، کە ئەویش لە لاپەڕە(٢١٦) دایە، کە کاکۆ خۆی وەک وێنەیەک زیاتر نابینێت و دەڵێت: "...من تەنیا وەک وێنەیەک لەوێ بووم" لێرەدا مەبەستی ئەو گۆڕستانەیە، کە کاکۆ لەگەڵ شەرەفەدین لێی وەستاون.

دەکرێت لەم ئاستی بە وێنەبوونەدا ئەوە بخوێنینەوە، مرۆڤ کاتێک کۆچی دوایی دەکات دەگاتە ئاستی بە وێنەبوونەوە و ئەوەی بوونی ئەو دەهێڵێتەوە و لە سڕینەوەی یەکجاری دەیپارێزێت وێنەکانیەتی، بۆیە لەم قۆناغەدا ئەم ئاستی بە وێنەبوونە سوودمەندە، یان بۆ ئینسانی نووسەر بەدەر لە وێنەکانی، بەرهەمەکانیشی وەک وێنە، کە دواجار دەکرێت وەک وێنە چاوی لێ بکرێت، ئەویش دەبێتە جۆرێکی تر لە وێنەی پاش مەرگ، بەڵام ئەوەی جەبار لەم ڕۆمانەدا خستوویەتییەڕوو بە وێنەبوونی مرۆڤە لە ژیانی ئاساییدا. ئەمەش ئەوکاتانە سەرهەڵدەدات، کە مرۆڤ لە ئاست پێشهات و

ڕووداوەکاندا بێ دەسەڵات دەمێنێتەوە و تەنیا وەک وێنەیەک بوونی دەمێنێت، وێنەیەک، کە ناتوانێت کاریگەری هەبێت، کاکۆ لە لاپەڕە (٢١٦)دا لەبەرانبەر وێنەکانی کارەساتی ئەنفالدا، کە لەسەر گۆڕستان بیری دەکەوێتەوە، کە سەید حوسێن پیشانی داوە و بۆ شەرەفەدینی باس دەکات هیچ ڕستەیەکی نابێت بیڵێت، بۆیە دواجار خۆی دەگاتە ئەو بڕوایەی، کە تەنیا وەک وێنەیەک وایە، یان بە وێنەبووە. ئەم ئاستی بە وێنەبوونە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا تەنیا لە کاتی کارەسات و پێشهاتە جۆر بەجۆرەکاندا خۆی دەرناخات، بەڵکو هەندێک مرۆڤ هەیە هەر لەسەرەتای بوونییەوە لە وێنەیەک زیاتر نییە و وەکو وێنەیەک ژیان بەسەر دەبات بێ ئەوەی جووڵەیەک بخاتە نێو ئەو ژیان و کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی. بێ گومان قسەکردن لەسەر ئەم ئاستە، دەکرێت لە لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی تایبەتدا بە وردی بخرێتەڕوو و کاری ئەم نووسینەی ئێمە نییە و ئێمە لێرەدا لەسەر ئەم ئاستە کۆتایی بە قسەکردن دێنین.

لەم چوار ئاستەی سەرەوەدا تاڕادەیەکی زۆر گرنگی وێنەمان لەم ڕۆمانەدا بۆ دەرکەوت، بەڵام خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە گرنگی وێنە تەنیا لەم چوار ئاستەدا کورت نابێتەوە، بەڵکو لە چەند خاڵێکی تریشدا نووسەر ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە گرنگی وێنە داوە وەک ئەوەی "ناز جەواهیرخان" لە لاپەڕە (١٣٣)دا دەیخاتەڕوو و لە وەڵامی کاکۆدا کە دەیەوێت لە وێنەکەی "سەید حوسێن" بپرسێت دەڵێت:

"سەید حوسێنی جیهانگیر دەڵێی، لەوەتەی من هەم ئەو وێنەیەی جیهانگیری گەورەش هەیە، زۆر زۆر پێش منیش، لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەک کارمان تەنیا پاراستنی ئەو وێنەیەیە، لە هەڵهاتن و کۆچکردندا ئەومان لە پێش خۆمانەوە ڕزگارکردووە، تا ئێستا بە دەستی خۆم یانزە جار گواستوومەتەوە، تاقە براکەی جیهانگیری مێردیشم، کە بەناوی ئەو کراوەتەوە هەر لەسەر ئەو وێنەیە تیاچوو"(١٣).

لێرەدا دەردەکەوێت کە گرنگی وێنە لەم ڕۆمانەدا لە گرنگی ژیانی مرۆڤەکان زیاتر بووە و دەتوانین ئەوەش لە ڕستەی "لە هەڵهاتن و کۆچکردندا ئەومان لە پێش خۆمانەوە ڕزگارکردووە" ببینینەوە، کە ناز جەواهیرخان بە کاکۆی دەڵێت لەو پەرەگرافەی سەرەوەدا. واتە وێنە گرنگتر بووە لە ژیانی مرۆڤەکان. هەروەها لە ڕستەی "تاقە براکەی جیهانگیری مێردیشم، کە بەناوی ئەو کراوەتەوە هەر لەسەر ئەو وێنەیە تیاچوو"، دیسان ئەوە دووپات کراوەتەوە، کە گرنگی وێنەکەی سەید حوسێن تا ئەو ئاستە بووە، کە خوێن لە پێناویدا ڕژاوە. وێنەی جیهانگیر ئەوەندە گرنگی هەیە، کە ناز جەواهیرخان لە ڕستەیەکی تردا بڵێت: "کە دوژمن وێنەکە بەرێ، ئیتر ئێمە بۆ بمێنین"(١٤)، تا دواجار دەڵێت: "با خوێنی منیش بڕژێ، خوێنی من هیچ لە خوێنی ئەو وێنەیە گرنگتر نییە"(١٥). لێرەوە تەواو هەست بە بوونی ژیان دەکەین لەنێو وێنەکاندا و لەو قسەیەی "ناز جەواهیرخان"ەوە تەواو ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە وێنەکانیش خوێنیان دەڕژێت، کە ئەمەش دیسان دەبێتە پاڵپشت بۆ ئەو بیرۆکانەی لە ئاستی یەکەم و دووەمی سەرەوەدا خستمانەڕوو لەمەڕ وێنە.

ئاماژەدانی ڕۆماننووس بە گرنگی وێنە و کارکردنی لەتەک وێنەکاندا لەم ڕۆمانەدا، تەواو کارکردنێکی نوێیە و بەر لە جەبار جەمال لەنێو ئەدەبی کوردیدا تەنیا ئەو کارکردن و گەمەکردنانەی "عەتا محەمەد"م بینیوە، کە لە کۆچیرۆکی "تینا و چیرۆکە ئەندێشە کراوەکان"(١٦)دا لە نێوان دوانەی "وێنە و ئاوێنە"دا کردوویەتی. عەتا لەو کۆچیرۆکەدا بە شێوەیەکی نوێ و لە ڕوئیای جیاوازەوە کاری لەسەر دوانەی وێنە و ئاوێنە کردووە. هاوکات عەتا لە ڕۆمانی "فەهرەست"(١٧)یشدا بەشێوەیەکی جوان کاری لەسەر وێنە کردووە بەتایبەت لەبەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا کە لەژێر ناوی "وێنەیەک لە خوێندا-عەتا محەمەد و وێنە ڕەش و سپییەکەی سلێمانی"ە. لەم بەشەدا کەسێک دەیەوێت وێنەیەکی سلێمانی لە فەوتان و لە چنگ هێرشی عوسمانییەکان ڕزگار بکات و پاش چەندین ڕۆژ لەڕاکردن لە سیخوڕە عوسمانییەکان، دواجار لە وڵاتی شام بە خەنجەرێک کە دەیچەقێننە سەر دڵی و دەیکوژن و دەبێتە قوربانی پاراستی ئەو وێنە تاقانەیەی سلێمانی. لەم بەشەدا عەتا زۆر بە وردی باسی لە گرنگی وێنە کردووە تا دەگاتە ئەوەی بڵێت: "وێنەکان دژ بە فەرامۆشین"(١٨). لێرەدا نامانەوێت زیاتر لەمەڕ بەکاربردنی وێنە لای عەتا قسە بکەم، بەڵکو ئەمەش تەنیا بۆ ئاماژەدان بوو، چونکە جەبار جەمال غەریب-یش لەم ڕۆمانەدا بەشێوەی جیاواز و لە ڕوئیای نوێوە کاری لەسەر وێنەدا کردووە، کە دواجار وێنە دەبێتە ئەفرێنەری حیکایەت و وەک لە دیالۆگێکی نێوان ناز جەواهیرخان و

کاکۆشدا دەردەکەوێت ڕوح کراوەتە قوربانی پاراستنی وێنەکەی سەید حوسێنی جیهانگیر.

لە دواجاردا دەکرێت ئاماژە بەوەش بدەین، گرنگی وێنە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا پەیدا بووە. بەو پێیەی نووسین لەسەرەتادا بە وێنە بووە و مرۆڤ بەر لەوەی "پیت" دابهێنێت، وێنەی شتەکانی کردووە و بە وێنە گوزارشتی لە خواستە جۆربەجۆرەکانی خۆی کردووە، بۆیە ناکرێت بڵێین گرنگی وێنە شتێکی نوێیە لە ژیانی مرۆڤدا، بەڵکو ئەو بەکارهێنانەی جەبار و عەتا لەنێو تێکستەکانیاندا بەکاربردنێکی نوێیە و پێشتر بەو شێوە هونەری و ئیستێتیکییە کار لەسەر چەمکی "وێنە" نەکراوە وەک چەمکێکی گرنگی فەلسەفی و ئیستێتیکی لە نێو ئەدەبی گێڕانەوەدا.

### کۆکردنەوەی دژەکان و لێکچوونەکان

دەمەوێت لەم بەشەدا زیاتر بچمە نێو ئەو چەمک و بابەتانەی ڕۆماننووس بەکاری بردوون و لێرەشدا لەو چەمکە دژ و لێکچووانە دەدوێم، کە نووسەر پێکەوە بەکاری بردوون و مانای نوێی پێبەخشیون، یان پێکەوە کۆی کردوونەتەوە. سەرەتاش دەمەوێت لە بارەی کۆکردنەوەی چەمکە دژەکانەوە بدوێم، کە نووسەر پێکەوە کۆی کردوونەتەوە، وەکو چەمکی بەختەوەری و غەمگینی، کە لە لاپەڕە (١٢)دا نووسەر دەنووسێت:

"کاکۆی ژەنیاری موراد بەگ، لە ناو بەختیارییەکی غەمگیندا، یان ڕاستتر بەختیارییەکی بەتاڵدا بۆ چەند ساتێک ژیاو ئەوەندەی دەکرا دەیویست هەر لەو بەختیارییەدا بمێنێتەوە بەختیارییەک، کە هی خۆی نەبوو"(١٩).

بەکاربردنی هەردوو چەمکی "بەختیارییەکی غەمگین" وەک دوو چەمکی دژ دەردەکەوێت، بەڵام نووسەر لە دواتردا بەکاربردنی ئەم دوو چەمکە پێکەوە، کە بۆتە چەمکێکی نوێ بۆ مانای تر بەکاربردووە و لە کۆکردنەوەی ئەو دوو دژە مانای نوێی بەرهەم هێناوە، کە وەک دەبینین پاشان نووسەر مەبەستەکەی بەوە ڕوون دەکاتەوە کە مەبەستی لە "بەختیارییەکی بەتاڵە"، یان بەختیارییەکی کاتی. واتە کۆکردنەوەی ئەم دوو دژە لای نووسەر بۆ خستنەڕووی وێنەی بەختیارییەکی چرکە ساتییە، بەختیارییەک، کە تیژ تێپەڕە و تەنیا چەند چرکەیەکی کەم میوانی مرۆڤ دەبێت، یان بەختیارییەک تەنیا لە دڵدایە نەگەیشتۆتە عەقڵ.

هەروەها کۆکردنەوەی هەردوو دژی "ڕق و خۆشەویستی" لە لاپەڕە (٦٤)دا یەکێکی ترە لەو مانا دژانەی نووسەر ویستوویەتی لێیان بدوێت و دەنووسێت:

"حیکمەت لە دنیادا ئەوەیە کە ڕق و خۆشەویستی پێکەوە لە دایک دەبن، پێکەوە دەژین"(٢٠).

ئەگەر لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە لە هەردوو چەمکی (ڕق و خۆشەویستی) بدوێین، دەبینین زۆرجار خۆشەویستی دەبێتە ڕق، کە ئەمەش لە ئەنجامی غیرە، یان لە ئەنجامی جۆرێک لە "داگیرکردن"ەوە دەبێت. واتە دەکرێت بڵێین لە کوێ خۆشەویستی هەبوو، ڕەنگە لەوێش ڕق بوونی هەبێت، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز لەنێو مرۆڤەکاندا دەردەکەوێت، دەکرێت ئەوەش بڵێین کە زۆرجار لەنێو ناخی مرۆڤدا "ڕقی پیرۆز" هەیە، کە مرۆڤێک ڕقی لەشتێک دەبێتەوە، کە دڵنیایە پێی ناگات، بۆیە بڕیار دەدات تا ماوە ڕقی لێی بێتەوە. بێ گومان من سۆسیۆلۆژیست نیم تا ڕاڤەی جۆر بەجۆر بۆ ئەم دوو چەمکە بکەم، بەڵام لام وایە بەکاربردن و کۆکردنەوەی ئەم دوو چەمکە دژە لای جەبار لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، بوونی ئەم دوو چەمکە چەندە دژی یەکن، ئەوەندەش گرێدراوی یەکن، بۆیە پێکەوە کۆبوونەوە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لەم ڕۆمانەدا کە باس لە لێکچوونەکان بکەین. پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە، یان ڕاستتر بڵێین یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە "کاکۆی ژەنیاری موراد بەگە"، کە لە دایکێکی ئەرمەنی و باوکێکی کورد لە وڵاتێکی تر لە دایک بووە، واتە ئەو وڵاتەی لێی لە دایک بووە نە کوردستانە و نە ئەرمەنستان، بەڵکو وڵاتی فنلاندە. لێرەدا چەندە هەست بە جیاوازی نێوان دایک و باوکی کاکۆ بکرێت، ئەوەندەش هەست بە لێکچوونی نێوان ئەم دووانە دەکرێت، بۆیە دواجار ڕۆماننووس بڕیاری ئەوەی داوە کە یەکێک لە پاڵەوانە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەی (کە کاکۆیە) کەسێکی دوو ڕەگی بێت. واتە بوونی خاڵی هاوبەشی نێوان کورد و ئەرمەن وای کردووە، کە ڕۆماننووس کاکۆ بکاتە پاڵەوان و بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکان لە ڕێگەی کاکۆوە بەیان بکرێن، چونکە کورد و ئەرمەن وەکو دوو نەتەوە تووشی هەمان نەخۆشی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بوون، بۆیە دەکرێت کاکۆ وەکو

ڕەمزی بەرگریکردن و هاوبەشی کردن لە خەباتی هەردوو نەتەوەدا ببینرێت

بەگشتی لام وایە کۆکردنەوەی دژەکان و لێکچوونەکان لەم ڕۆمانەدا وەک لەسەرەوەش خستمەڕوو، یەکێکە لە جوانییەکانی تری ئەم تێکستەی جەبار جەمال و دەکرێت خوێندنەوەی وردتر بۆ ئەم حاڵەتە بکرێت، کە ئێمە لێرەدا تەنیا ئەوەندە بە پێویست دەزانین.

## دەرکەوتنی دیوێکی تری ئەنفال

ئەنفال وەکو کارەساتێکی گەورەی سەدەی بیست، بەشێکی زۆری لە زاکیرەی ئێمە داگیر کردووە. بەشێوەیەک زۆر جار، یان دەمانەوێت بە دوای هاوشێوەکەیدا بگەڕێین، یان لەنێو خەیاڵ و فەنتازیادا لێچووی بۆ بدۆزینەوە. لەسەدەی پێشوودا دەیان کارەساتی گەورە لەشێوەی ئەنفال ڕوویانداوە و دوو کارەساتیان زۆر هاوشێوەی ئەنفالن، هەرچەندە خاڵی جیاوازیشیان لەنێواندا هەیە، کە ئەو دوو کارەساتەش هێرۆشیما و قەتڵوعامی ئەرمەنە. هەرچەندە ئەنفال لە چەند ڕوویەکەوە جیاوازی لەو دوو کارەساتە هەیە، بەڵام جۆری لەناوبردنەکان تاڕادەیەک لە یەکترەوە نزیکە.

تا ئێستا لە دەیان تێکستی کوردیدا ئەنفال وەکو بابەتێک بەکاربراوە و لە ڕوانگەی جیاجیاوە لەلایەن نووسەرانی کوردەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە، بەڵام تا ئێستاش من ئەو تێکستانەی کە ئەنفال لە چەند دیدگاوە ببینن. جەبار جەمال غەریب لە ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب"دا لەچەند لایەنێکەوە لە ئەنفال دواوە و هاوکات دەتوانین بڵێین بەراوردی کردووە بە قەتڵوعامی ئەرمەنەکان. نووسەر لەم ڕۆمانەدا بەدەر لەو بەراوردکردنەی ئاماژەمان پێدا وێنەیەکی تری لە ئەنفال دروست کردووە، کە وێنەیەکی فەنتازیی خەیاڵی نووسەرە، وێنەیەک هێندەی کارەساتەکە سامناک و لەهەمان کاتیشدا جوان و پڕ ئیستێتیکا. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە دوو دەرکەوتنی جیای کارەساتی ئەنفال دەکەین و پێدەچێت کەسانی تر هەبن دەرکەوتنی تریشی بدۆزنەوە، بەڵام ئێمە تەنیا ویستوومانە قسە لەسەر ئەم دوو دەرکەوتنەی کارەساتەکە بکەین.

دەرکەوتنی یەکەم بەرجەستەکردنی لە ئاستی واقیعیدا: بەرجەستەکردنی کارەساتی ئەنفال لە ئاستی واقیعیدا دەکرێت ئێمە لە دەرکەوتنی عەتڵوعامی ئەرمەنەوە سەیری بکەین، ئەمەش نووسەر بە مەبەست لە دوولایەنەوە بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە گرێی داوەتەوە کە لێرەدا بە وردی دەیخەینەڕوو.

یەکێک لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب" کاکۆی ژەنیاری موراد بەگە، کە وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە لە دایکێکی ئەرمەن و باوکێکی کورد هاتۆتە دنیاوە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە کامێرامان "جیمس پۆڵ براون" کە لەنێو ڕووداوی ڕۆمانەکەدا ئامادەیی هەیە ئەو فۆتۆگرافەرەیە، کە وێنە دەگمەنەکانی قەتڵوعانی ئەرمەنی گرتووە و هاوکات وێنە دەگمەنەکەی سەید حوسێنی جیهانگیریشی گرتووە، بۆیە دەبینین نووسەر زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ تێکەڵکردن و دەرکەوتنی قەتڵوعامی ئەرمەندا وەکو ئەنفالێکی تر کردووە، یان دەتوانین بڵێین نووسەر ویستوویەتی ئەنفال لەڕێی ئەم ڕۆمانەوە لەنێو تێکستدا بەجیهانی بکات، چونکە یەکێک لە ڕێگەکانی بەجیهانیکردنی شتێک، یان کارەساتێک دۆزینەوەی وێنەی هاوشێوەی ئەو شتە، یان کارەساتەیە، بەتایبەت بۆ گەلە بندەستەکانی وەکو کورد، واتە تێکەڵکردنی دووکارەساتەکە لە دوو ئاستی هاوسەنگدایە. ئاستێک لە ڕێی کاکۆوە، کە وەکو کارەکتەرێکی دوو ڕەگ لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت. ئاستی دووەمیش "جیمس پۆڵ براون"ە کە وەک فۆتۆگرافەرێکی بەناوبانگ کە وێنەی هەردوو نەتەوەی گرتووە دیسان دەخرێتەڕوو.

دەرکەوتنی دووەم بەرجەستەکردنی لە ئاستی فەنتازیدا: جەبار جەمال بەدەر لەوەی لە ئاستی واقیعیدا کارەساتی ئەنفالی بە قەتڵوعامی ئەرمەن شوبهاندووە، هاوکات لە هەمان ڕۆماندا هەوڵی ئەوەی داوە وێنەیەکی فەنتازی بۆ ئەنفال بکێشێت، وێنەیەک کە شایستەی کارەساتەکە بێت. ئەو وێنە فەنتازییەی، کە لام وایە دەرکەوتنێکی تری ئەنفالە لە ڕۆمانەکەی جەباردا "ئەشکەوتی هەزار دەریا"یە، کە بەپێی وەسفەکان کە نووسەر کردوویەتی تاڕادەیەک لە وێنەیەکی فەنتازی ئەنفال دەچێت. دەکرێت لێرەدا نموونەیەک بۆ ئەم وێنەیە بهێنینەوە کە نووسەر لە لاپەڕە (٢١٤)دا نووسیویەتی:

"دەبێ بچم بۆ قوولایی ئەشکەوتی هەزار دەریا، هەموو ئەو کەسانە ون بوون، ئەوانەی بردیان و ئیدی هەرگیز نەگەڕانەوە، هەر هەموویان لەوێن وەک باڵندەی تەڕ و تلیساو لەبنمیچی ئەو ئەشکەوتەدا هەڵواسراون، تۆ

دەپێم بڵێ ئەو ئەشکەوتە لە کوێیە من دەبێت بچم..."(٢١)

یان لە شوێنێکی تری هەمان لاپەڕەدا جەبار دەنووسێت:"شەرەفەدینی چاو بە خوێن نەیدەزانی ئەو کوڕە نیوە کورد و نیوە ئەرمەنییە، نیوە ئەنفال و نیوە قەتڵوعامە..."(٢٢).

لێرەدا بە تەواوی دەردەکەوێت کە لە ڕوویەکەوە نووسەر کارەکتەرێکی کاکۆی لەپێناو کارەساتی ئەنفال و بەراوردکردنی بە قەتڵوعامی ئەرمەندا خوڵقاندووە، هەر بۆیە هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە نووسەر دەیناسێنێت و دواجار لەو لاپەڕەی (٢١٤)یشدا چەمکەکانی (نیوە ئەنفال و نیوە قەتڵوعام)مان دێتە بەرچاو، واتە کاکۆ کارەکتەرێکی دوو ڕەگی ئاسایی نییە، وەک ئەوەی لە دایکێکی ئەرمەن و باوکێکی کورد هاتۆتە دنیاوە، بەڵکو ئەو لە نێو مێژووی ئەنفال و قەتڵوعامدا چاوی هەڵهێناوە و گەورە بووە.

### بەر لە کۆتایی

میشیل بۆتۆر پێی وایە ڕۆمان تاقیگەی گێڕانەوەی چیرۆکە(٢٣). ئەم ڕۆمانەی جەبار جەمال غەریب-یش دەکرێت وەک تاقیگەی گێڕانەوەی چیرۆکە جیاوازەکان ببینین، چونکە ناکرێت بڵێین ڕۆمانەکە تەنیا لە چیرۆکێکی ئاسۆیی پێکهاتووە و گێڕانەوەیەکی سادەی هەیە، بەڵکو پێکهاتەیەکە لە دەیان چیرۆک و حیکایەتی جۆراوجۆر و فرەگێڕانەوە و کارەکتەری جۆربەجۆر، کە دەکرێت لە ئاستی تردا خوێندنەوەی وردتری بۆ بکرێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم من لەم نووسینەدا تەنیا ویستوومە لەسەر ئەم لایەنانەی ڕۆمانەکە قسە بکەم و دڵنیام، کە زۆر لایەنی تر ماوە قسەی لەبارەوە بکرێت، بەڵام من نەمویستووە ئەم نووسینە لەوە درێژتر بکرێتەوە.

جەبار بەم ڕۆمانە ئەزموونێکی تری لە ئەزموونی ڕۆماننووسیی خۆی پیشاندایین، کە جیاوازە لە ڕۆمانەکانی پێشتری و تایبەتمەندترە، هەم لەڕووی گێڕانەوە و حیکایەتەوەو هەم لەڕووی ئەو کارەکتەر و چەمکانەی هەڵوەستەی لەسەر کردووە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- کۆمەڵێک نووسەر، ڕۆمان چییە، وەرگێرانی: جەواد مستەفا، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر (٢٠٠٨).**

**٢-جەبار جەمال غەریب، پێنجەمین کتێب- ڕۆمان، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی هەولێر (٢٠٠٩).**

**٣- بڕوانە جەبار جەمال غەریب، لەسەر باران دەنووسم- ڕۆمان، چاپخانەی ڕەنج-سلێمانی (٢٠٠٦).**

**٤- بڕوانە جەبار جەمال غەریب، دنیا لە کتێبێکدا- ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس-هەولێر (٢٠٠٢).**

**٥-بڕوانە جەبار جەمال غەریب، نامەکانی ژاکۆن-چیرۆک، لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر (٢٠٠٤)**

**٦- جەبار جەمال غەریب، پێنجەمین کتێب- ڕۆمان...**

**٧- میخائیل باختین، دیالۆگ - خەندە - ئازادی، وەرگێڕانی: هادی محەمەدی، لە بڵاوکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم سلێمانی (٢٠٠٨).**

**٨- بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان- ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕەنج ساڵی (٢٠٠٥).**

**٩- هیوا قادر، منداڵێک لەسەر مانگە- ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپی چوارچرا ساڵی (٢٠٠٧).**

**١٠- ئارام کاکەی فەلاح، چاوەڕوانی- ڕۆمان، چاپی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، سلێمانی (٢٠٠٩).**

**١١- جەبار جەمال غەریب، پێنجەمین کتێب- ڕۆمان...**

**١٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو..**

**١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو..**

**١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو..**

**١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو..**

**١٦- عەتا محەمەد "تیناو چیرۆکە ئەندێشکراوەکان"، چیرۆک، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی (٢٠٠٧)، سلێمانی.**

**١٧- عەتا محەمەد، فەهرەست-پێرستی کەسایەتییە ئەندێشەییەکانی جەمیل سائیب، ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم سلێمانی (٢٠٠٩).**

**١٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو..**

**١٩- جەبار جەمال غەریب، پێنجەمین کتێب - ڕۆمان..**

**٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو..**

**٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو..**

**٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو..**

**٢٣- ڕیمۆن ژان، ڕۆمانی نوێ، وەرگێرانی: م. خالید، گۆڤاری سەردەم ژمارە (١) شوباتی (١٩٩٩)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.**

# تەکنیک لە ڕۆمانی درێژترین ساڵدا

**سالار ئیسماعیل سەمین**
**(خورماتوو)**

هەرچەندە دارشتنی ڕۆمانێک بە پلەی یەکەم دەبێتە نازناوێک بۆ نووسەرەکەی، لە هەمان کاتیشدا بۆ ژینگەی لە دایکبوونی ڕۆماننووسەکە دەبێتە نازناوێک و پێناسەیەک. کاتێک ناوی (مارکیز و بۆرخیس) دەبیستین یەکسەر ئاماژە بۆ ئەمەریکای لاتینی دەکەین کە جێگای لەدایکبوونیانە. ئەوکاتەی شاکارەکانی (تۆلستۆی و گۆگۆل و دەستۆیڤسکی و تۆرگنێف و گۆرگی و چیخەف) دەخوێنینەوە. دەڵێین ئەمانە شاسوارەکانی ئەدەبی ڕووسین. ئەوکاتەی ڕۆمانەکانی (عەلی ئەشرەفی دەرویشیان)ت دەکەوێتە بەرچاو، هەرچەندە بەزمانی فارسی دەنووسێ، بەڵام زۆر بە شانازییەوە ئاماژە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات.

کاتێکیش وتیان (زوهدی داودی) کێیە..؟ پێش ئەوەی بڵێن فلانە و کوڕی فیسار، بێ وەستان دەڵێن لەدایکبووی خورماتووی ناوچەی گەرمیانە. لە یەکێک لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی ئەو شارەدا، لە وەرزی گەڵاڕێزانی دووەم ساڵی جەنگی دووەمی جیهانیدا، واتە لە ساڵی ١٩٤٠ی سەدەی ڕابردوودا، چاوی بە لووتکە سەرکەشەکەی ئیمامی عەلی و کەلی هەنجیرەدا هەڵهێناوە.

لەگەڵ شەپۆلە شێتەکان و نرکە ئەزەلییەکەی ئاوە سپیدا گەورە بووە. هەتا هەنووکە. لە بواری چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێڕاندا ١٤ کتێبی هەیە. هەموو نووسینەکانی بەزمانی ئەڵمانی و عەرەبین، لە شاکارەکانی ئەم ڕۆماننووسە سێینە بەناوبانگەکەیەتی بەناوونیشانەکانی (درێژترین ساڵ و سەردەمی هەڵهاتن و وەرچەرخانەکان).

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژە بۆ درێژترین ساڵی دەکەم. کە لە ساڵی ١٩٨٨- ١٩٨٩ی سەدەی ڕابوردوو بەزمانی ئەڵمانی نووسیویەتی. لە ساڵی ١٩٩٣دا چاپی کردووە- هەر خۆیشی لە ساڵی ١٩٩٤ کردوویەتی بە عەرەبی. لە ساڵی ٢٠٠٨دا لەلایەن وەرگێڕ (سەباح ئیسماعیل)ەوە کراوە بە کوردی. لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا ڕۆمانی درێژترین ساڵم بەعەرەبییەکەی خوێندەوە. ویستم لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بنووسم، بەڵام پێش لێکۆڵینەوەکە، چیرۆکێکی ڕۆماننووسم بەناوونیشانی (پرتقالة من یافا) وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی کە تا ئێستاش دەقە وەرگێڕدراوەکە لە ئەرشیفەکەمدایە. ناردم بۆ دەزگای ڕۆشنبیری ئەوکاتە بڵاونەکرایەوە، لەژێر دەقەکەدا نووسرابوو ئەم چیرۆکە بەهیچ شێوەیەک بڵاو نابێتەوە. خاوەنی دەقەکە هەڵاتووە. لەکاتێکدا چیرۆکەکەم لە گۆڤاری (ئەقلام)ەوە وەرگرتبوو. ئیتر سانسۆر بوو بە لەمپەر و بەربەست و بیرۆکەکەم پووچەڵ بووەوە. ئێستاش پاش وەرگێڕانی



**زوهدی داودی**

رۆمانەکە بە تێروتەسەلی دەقە کوردییەکەم خوێندەوە. بە شێوەیەکی زۆر باش ناوەرۆکەکەم لەلا گەلاڵە بوو. وەک ئەرکێکی ئەدەبی دەمەوێ، بە گشتی ئاماژە بەهونەری دارشتنی رۆمانەکە بکەم.

(١)

لە رۆمانی درێژترین ساڵدا، گێڕەرەوە ئاماژە بۆ سنووری دۆڵی کفران دەکا، کە شوێنی لە دایکبوونی رۆمانەکەیە. سەرەتایش بە کورتە چیرۆکی منداڵە شوانکارەکان دەست پێدەکا، کە کۆلاژدم و دووپشک لە کونەکان دەردێنن. نەک تەنیا لەم رۆمانەدا، بەڵکو لە هەموو چیرۆک و رۆمانێکدا (شوێن) رەگەز و بەردی بناغەیە بۆ دارشتنی ئەو دوو ژانرە سەرەکییەی ئەدەبە. تەماشاکە گێڕەرەوە چەند سەرنجراکێشەکە وەسفی دۆڵی کفران دەکا، ئەو دۆڵە دەکەوێتە نێوان چیای مازوخ و قاجرەوە. رووباری ئاوە سپی دێرینیش پێچاوپێچ بەنێو دۆڵەکەدا بەرەو خوار شۆڕ دەبێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی لۆژیکانە و بە راشکاوی، دوور لە هەرێمچێتی و ناوچەگەری، دەمەوێ ئاماژە بۆ لایەنی هونەریی ئەم شاکارەی ئەم رۆماننووسە بکەم. لە هەموو رۆمانێکدا، ئەگەر کەسان و چیرۆکی کەسانی ناو رۆمانەکە نەبێ، ئەوە ئەو رۆمانە لە دایک نابێ. لە رۆمانی درێژترین ساڵدا پتر لە بیست و پێنج کەس بەشدارییان کردووە، بەشێکیان بە کرداری سەرەکی، بەشێکیان بە کرداری لاوەکی، لەوانە (کوێخا زۆراب. کەریم، شێخۆ، رۆستەم، قادر، عەباس، میرزا، سنجان، جەهانگیر، مەردان، سەید جەواد، رەمزی، سائیب، فاتمە، موراد چاوش، گەرەبێت، شەمسە، شێخ بابا، حەمە غەریب، براحەق، فەوزی، عاسم بەگ) لێرەدا رۆماننووس بەشێوەیەکی زیرەکانە، کەسانی ناو رۆمانەکە دەدوێنێ. هەرچەندە زۆربەی زۆری ئەو کەسانە زادەی خەیاڵن، بەڵام لە واقیعی ناوچەکە و رۆژگارەکەوە نزیکن. لەو سەردەمەدا زۆرجار دانیشتوانی دۆڵی کفران لە دەسەلات و حوکمرانانی سەنجەق دادەبڕێن و دەبنە خاوەن دەسەلاتی خۆیان. لە واقیعدا رۆماننووس باس لە چمکێ لە رووداوە مێژووییەکانی سەردەمێک دەکا لەناوچەکەدا، بەڵام بەشێوەیەکی دوکیۆمێنتی نەیخستووەتە بەر دیدی خوێنەران، بەڵکو لەنێو چوارچێوەی رۆمانێکی پابەندکراو بە مەرج و رەگەزەکانی دارشتنی رۆمان شانی داوەتە بەر ئەو ئەرکە پڕ لە شەکەتی و ماندووبوونە، لەم رۆمانەدا ئەوکاتەی منداڵە شوانکارەکان سەرقاڵی یاری دەرهێنانی دووپشکن لە کونەکانەوە، لە رێگا پێچاوپێچەکەی دوور لە دێکەیانەوە سێ سوار بەدی دەکەن یەکسەر کوێخا زۆراب ئاگادار دەکەنەوە کە سێ سوار وەدەرکەوتن، بەرەو ئێرە دێن. کاتێک دەگەنە جێ تەماشا دەکەن یوزباشی و قۆڵچی و چەکدارێکی ترە. پاش ئەوەی چەند رۆژێک لەوێ دەمێننەوە، یوزباشی ئاماژە بۆ ئەوە دەکا لە سەنجەقەوە بە فەرمانێک بۆ دۆڵی کفران هاتوون. ئەویش ئەوەیە بە فەرمانێکی سوڵتانی لە بابولعالییەوە بڕیارە شێخۆ ببێ بە شێخ و سەرەک هۆزی دۆڵی کفران. پاش خوێندنەوەی فەرمانەکەش بە شێخۆ بەگ ناوزەند دەکرێ. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە رۆماننووس کوڕێکی شارییە و لە شاردا لە دایکبووە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر جوان بە زمانێک و وشەگەلێکی ناوچەکە دەدوێ وەک ئەوەی یەکێکە لە دانیشتوانی دۆڵی کفرانی ناوچەی گەرمیان، ئەم جۆرە زمان و تەکنیک و دارشتنە بۆ لێزانی رۆماننووس دەگەڕێتەوە.

(٢)

لەم بەشەدا رۆماننووس ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە چۆن

کوێخا زۆراب دەبێتە ئێشکچی ژنی کوڕەکەی لە کاتی شەوی لەدایکبوونی ڕۆستەمی کوڕەزایدا. ئەو شەوە (فەی)ی جنۆکە دەبینێ و دەیەوێ بێتە گیانی دایکی ڕۆستەم و دواجار دەچێتە ناخی کوێخا زۆراب و بە تەواوی تێکی دەداو تووشی نیوە شێتبوونێک دەبێ، بەڵام لەلایەن پیرەژنە قەرەجەکەوە چارەسەر دەکرێ، بە مەرجێک دەبێ ژنێکی تازە بخوازێ. ئەویش ڕوو لە ئامۆزاکانی دەنێت کە دانیشتووی یەکێ لە دێکانی چیای مازوخ دەبن و ژنیان لێ دەخوازێ.

ژنەکە ناوی (سنجان) دەبێ، خاتووژنێکی هۆزەکەیانە ڕۆژی پێش ئەوەی بە بووکێنی بیبەن، ئەو ژنەی کە لە حەمامدا سنجان دەشوا پیرەژنێکی زۆرزان دەبێ، لەگەڵ سنجاندا دەکەوێتە دیالۆگێکی پڕ سێکسەوە و دەڵێ: (سنجان چاوە ڕەشە درشتەکانی لە یەکنابوو. چێژی لەو شێلانە وەردەگرت. کە پێشتر نەیچەشتبوو. دوای ئەوەی پیرەژن لە دەستپێهێنانی ژێر باڵی بووەوە. زۆر بەناسکی لفکە کەفاوییەکەی بەنێو مەمکۆڵانیدا دەهێنا. دواجار لە سکە لووسەکەیەوە دابەزی بۆ بەرۆکی. لەکاتێکدا هەردوو لاقی پێکەوە نووساندبوو. گرژی کردەوە. پیرەژن دەستی چەپی خستە نێو گەڵێییەوە. وتی پێویست بە خۆ گرژکردنەوە ناکا. ئاگادار بە کاتێک لە ئامێزی هاوسەرەکەتدا دەبی، نەکەی گرژیان کەیتەوە. بیانهێنیتە یەک، ئەو دەمە قاچەکانی خاو کردەوە. پیرەژن نەرمتر دەوروبەری ناو گەڵی دەشێلا. بەسەر پیرەژندا کەوت و دەستی کردە ئاخ و ئۆف).

تەماشاکە لێرەدا ڕۆماننووس وەسفێکی سێکسی سەرەنجڕاکێشەری ئاخنیوەتە نێو ڕۆمانەکەیەوە. وەسفیش لە داڕشتنی ڕۆماندا ڕەگەزێکی پێویست و سەرنجڕاکێشە. ئایا ئەو وەسفەش دەربارەی ڕووداوی دڵتەزێن بێ، یان شوێنی لەدایکبوونی ڕۆمانەکەبێ، واتە سروشت و چۆنێتی شوێنەکە، یان وەسفی کەسایەتی بەشداربووانی ڕۆمانەکە بێ.

(٣)

لە بەشی چوارەمی ڕۆمانەکەدا، کاتێک (ڕەمەزان و شێخۆ و ڕۆستەم) دێن بۆ شار و یەکەم جار بڕیار دەدەن پشووداونەکەیان لە یەکێ لە خانەکانی شاردابێ. دواجار بڕیار دەدەن بڕۆنە ماڵی جەهانگیری خاڵۆی ڕەمەزان. لەو کاتانەشدا نێوان کوێخا زۆراب و جەهانگیر ئاڵۆز دەبێ، لەبەر ئەوەی جەهانگیر لەگەڵ بازرگانە جوولەکەکاندا تێکڵاوی زۆر دەکا. دواجاریش هەر دەچنە ماڵی جەهانگیر و چەند ڕۆژێک دەمێننەوە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە ڕۆماننووس بە زمانێکی جیاواز لەنێو شار و بازاڕ و ماڵی جەهانگیردا کەسانی ڕۆمانەکەی دەدوێنێ. جیاواز لەو زمانەی کە لە دۆڵی کفراندا لەگەڵ کەسانی ڕۆمانەکەیدا هەڵسوکەوتی پێ دەکا. ئەمەش بۆ لێزانیی ڕۆماننووس لە پیشەکەیدا دەگەڕێتەوە. لە تەوەرێکی تری بەشەکەدا کاتێک زۆراب لەژێر دەوارەکەی میرزای ئامۆزایدا لەگەڵ کوڕەکانیدا دادەنیشن و دەست بە ئاخاوتن دەکەن، باس لە بژێوی ژیان دەکەن. زۆراب دەڵێ (ئەوەی گورگ ئاسا پەلامار نەدات، بە تۆڵەکە شێو دەکاتەوە). لێرەدا کوێخا زۆراب مەبەستی کارکردنە.. واتە ئەوەی کار بکا بەردەوام سکی تێر دەبێت. وەکو پێشینان وتوویانە: (دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە). لێرەدا دەتوانم بڵێم ئەم پەندە ڕەمز و سەمبۆل ئامێزە، زۆرجار لەنێوان کۆمەڵگای کوردەواریدا بەکاردەهێنرێ. هەر لێرەدا زۆراب وەک ڕەمزێک ئاماژە بۆ ڕەشماڵەکەی میرزای ئامۆزای دەکات. ئەو ڕەشماڵەی کە لە نالە گورگەی باپیریانەوە بەجێ ماوە. ڕێزگرتن لەو ڕەشماڵە، واتە ڕێزگرتنە بۆ نیشتمان.

لە ڕۆمان بەگشتی و ڕۆماننووسانی هەموو گەلانی جیهاندا سەمبۆل و ڕەمزیان بەکارهێناوە، تا خوێنەر بخەنە نێو دەروازەی هزر و خەیاڵەوە وەک مەتەڵێک ئەو سەمبۆل و ڕەمزە هەڵبێنن. زۆرجاریش ڕۆماننووسەکان ڕەمز دەکەنە مەرجێک لە داڕشتنی ڕۆماندا.

لە تەوەرێکی تری ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس جنۆکەو ئەفسانە لە ڕۆمانەکەیدا تەوزیف دەکا. ئەوکاتەی کەریمی کوڕی زۆراب بەشەو لە ڕووباری ئاوە سپی دەپەڕێتەوە، کچە جنۆکەکە کە ناوی (فەی) دەبێ ڕێی پێدەگرێ و دەڵێ وەرە باپێکەوە زەماوەند بکەین. لەژێر کاریگەری ئەو جنۆکەیەدا کەریم شێت دەبێ و دەپەڕێتە سەری. تەوزیف کردنی ئەم جۆرە تەکنیکە دەبێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی ڕۆمانەکە و زیاترکردنی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر. ئەم جۆرە تەکنیکانەش لە زۆربەی زۆری ڕۆمانەکانی جیهاندا بەدی دەکرێ.

( ٤ )

گەر بێتو بە تێروتەسەلی لە چیرۆکەکانی بەشی شەشەم ل٩٥ وردبینەوە، هەست بە دیالۆگێکی سەرنجڕاکێش لەنێوان ڕۆستەم و قادر و عەباس و ڕەمزیدا دەکرێ، ڕەمزی کوڕێکی شاری و ئەوانیش لە دایکبووی دۆڵی کفران. لێرەدا هەست بە جیاوازی زادەی مێشکی شارییەک و لادێییەک دەکرێ. ڕۆستەم و قادر و عەباسێکی لادێیی، دەکەونە پرسیارکردن لە ڕەمزی: ڕۆستەم ڕووی کردە ڕەمزی و وتی:

* - من ناوم ڕۆستەمە. ئەویش قادری ئامۆزامە و ئەویش عەباسی ئامۆزای باوکمە.

* - منیش ناوم ڕەمزییە، بەڵام بە هەڵە پێم دەڵێن ڕەزمی.

* - لەلای ئێمەش بە قادر دەڵێن قالە و بە عەباس دەڵێن عەبە. قادر بەدەستی ئاماژەی بۆ ڕەمزی کرد:

* - بۆچی ئەو چرایەتان لەوێ هەڵواسیوە..؟

* - ئێمە ئەم چرایانەمان لێرەدا هەڵنەواسیوە. ئەوانە مولکی شارەوانین. کۆڵانەکان ڕووناک دەکەنەوە.

* - ئەی سەگ، سەگتان نییە بۆ ڕاونانی دز.

قادر وتی:

* - ئەی شارەوانی حکومەتە.

* - بەڵێ.

* - ئەی حکومەت کێیە..؟


* - حکومەت نیزامە. خەلیفەش سێبەری خوایە لەسەر زەوی. لێرەدا ڕۆماننووس بە ڕاشکاوی ئاماژە بۆ جیاوازییەکانی ژیانی شار و ژیانی لادێ دەکا.

لە تەوەرێکی تری ڕۆمانەکەدا گۆڕانکارییەکی گەورە لەنێوان بنەماڵەی کوێخا زۆرابی دۆڵی کفراندا ڕوودەدا. بە تایبەت دوای شێتبوونی دووەم جاری کەریمی کوڕی کوێخا زۆراب. هەموو خێزان بیریان لە چاکبوونەوەی کەریم دەکردەوە. کاتی خۆیشی زۆراب دەردی ئەوینێکی کوشندەی بەدەستی فەیی جنۆکەوە کێشابوو. دوا ئەنجام بڕیاریان دا زۆراب و ڕەمەزان و شێخۆ و میرزاو سنجان کەریم بۆ لای شێخ جەواد بڕۆن کە سەیدێکی عەرەب دەبێ لە دێی بنعێز. لەسەر ڕەزامەندی هەموویان ڕەشماڵەکەی نالە گورگەی باپیریان لەگەڵ خۆ برد. کاتێک کاروانی بانشاخ دەگەیشتە بەر دەرگای ماڵی سەید جەواد، سەید دێتە دەرەوە و پێشوازی لە مێوانەکانی دەکا و بە وێردی سەر زمان و دواجاریش بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکا (حي يا الله) کەریم لە ئەسپەکەی دادەبەزێ، بەپێی خۆی بەرەو مام سەید دەچێ و دەستەکانی ڕادەمووسێ. میرزا ڕەشماڵەکەی باووباپیران هەڵدەدا و، بڕیار دەدەن لەو ناوچەیەدا بژین و جارێکی تر بۆ دۆڵی کفرانی پڕ لە دێو و درنج نەگەڕێنەوە.

سەرکەوتنی ڕۆماننووس لەوەدایە. لە واقیعێکی ڕیالیزمییەوە ئاماژە بۆ دابونەریت و ڕەفتار ئەفسانە و کەلەپووری ناوچەکە دەکا. بە شێوەیەکی جوان و پڕ لە ئیستێتیک توانیویەتی گێڕانەوەی مەتەڵی دێو و درنج و دێوەزمەی ڕۆژانی ڕابردوو لەنێو ڕۆمانەکەیدا تەوزیف بکا. هەرچەندێکیش ڕۆماننووس چەپڕەوێکی خاوەن پرەنسیپ و مەبدەئێکی تایبەتی خۆی بووە، کە بە هیچ شێوەیەک بڕوای بە عەقڵییەتی کۆن و جنۆکە و خورافییات نەبووە، بەڵام بۆ ئەوەی تۆکمەییەک و سەرنجێک بدا بە ڕۆمانەکەی، پەلی بۆ بیرۆکە و خەیالاتێ هاویشتووە کە لە پرۆگرام و میتۆدیدا نییە و بڕوای پێی نییە.

( ٥ )

لە بەشی هەشتەمی ڕۆمانەکەدا. تەوەرێکی تری نوێ دێتە کایەوە. لەنێوان دانیشتووانی بنعێز و تازە هاتووەکانی دۆڵی کفران. جەهانگیر دانیشتووی سەنجەقە و ئامۆزای دانیشتووانی دۆڵی کفرانە. وەک



سەرمایەدارێک دێتە گۆڕەپانەکەوە لە ڕۆمانەکەدا. لە دێی بنعێزدا چەند کرێگرتەیەکی خۆی دەبێ وەک مەردانی دارۆغان لە دەوری کۆدەبنەوە. لێرەدا ڕۆماننووس ئاماژە بۆ جیهانی سەرمایەداری و فیودالّی و سووخۆری دەکا، کە چۆن چینی هەژار و دەچەوسێننەوە. کاتێک قادر و ڕۆستەم و عەباس دەچنە سەر مەردانی دارۆغە و تفەنگ و شەقلّ و دارۆغەکەی دەبەن، مەبەستیان دزێتی نەبووە، تەنیا ئەوە نەبێ لە جەهانگیر دووری بخەنەوە و بیترسێنن.

لە بەشی یازدەمینی ڕۆمانەکەدا، ڕۆماننووس ئاماژە بە سێ شتی پڕ لە سەیروسەمەرە دەکا. لەوانە ژن هێنانەکەی ڕەمەزان و میرزایە. دووەمەکەیان سێکس و هەوەسبازییەکەی کەریمی کوڕی زۆرابە لەگەلّ فاتیمەی ژنی هاپۆدا، کە لە ل١٧٤ ئاماژەی بۆ کردووە. لێرەدا گێڕەرەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە چۆن فاتیمە دەستی کەریمی خۆشەویستی دەگرێ و لە شوێنی شایی و هەڵپەڕکێکە دووری دەخاتەوە و بە توندی یەکتر لە ئامێز دەگرن و کەریم سواری دەبێ، بەلّام لە هەمووی پڕ لە سەیروسەمەرەتر، سێکس کردنی قادر و ڕۆستەم و عەباسە لەگەلّ گوێدرێژەکانی هاپۆدا، کاتێک دەچنە نێو تەویلەکەی هاپۆ، هەریەکە گوێدرێژێک دێنێ و سواری دەبێ، جاشکێکی بچووکیش بۆ ڕەمزی دێنن و سواری دەبێ.

لەم بەش و پەرەگرافانەی ڕۆمانی درێژترین سالّدا ڕۆماننووس وەک کوڕە لادێییەک ئاماژە بۆ هەلّسوکەوتی کەسانی ناو ڕۆمانەکە دەکا، نەک وەکو کوڕە شارییەک بگرێ دەلّێی کەسێکە و لەناوچەکەدا ژیاوە. لە ڕەگەزیشدا ئەو لەدایکبووی یەکێ لە شارەکانی ناوچەکەیە، بەلّام وەک کوڕە لادێییەک وشە و ڕستە و دەستەواژە و قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی لە دارشتنی ڕۆمانەکەدا بەکارهێناوە. لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بۆ شتێک بکەم ئەویش ئەوەیە خوێنەر ناتوانێ بلّێ سەد دەرسەد ڕۆمانی درێژترین سالّ ڕۆمانێکی مێژووییە، بەلّام دەتوانین بلّێین ڕۆمانەکە مێژوو ئامێزە، لەبەر ئەوەی زۆربەی کەسانی ڕۆمانەکە خەیالّین. دووریش نییە چەند کەسێکیان واقیعی بن.

کات ڕەگەزێکە لە بنیادنانی ڕۆماندا، بەلّام لە ڕۆمانەکەدا ئاماژە بۆ کاتی لە دایکبوونی ڕۆمانەکە نەکراوە. وەک شوێن کە لە سەرەتای دارشتنی ڕۆمانەکەوە ئاماژەی بۆ کراوە، ئەویش دۆلّی کفرانە. لە ڕۆمانەکەدا شوێنی شاراوەشی بەدی دەکرێ ئەویش (سەنجەق)ە، ڕاستە سەنجەق قەزایە، بەلّام چ سەنجەقێک بە هیچ شێوەیەک لە ڕۆمانەکەدا ناوی شارەکە نابا. تەنیا ئەوە نەبێ ئاماژە بۆ سنووری جوگرافیای سەنجەقەکە دەکا و دەلّێ لە باشوورەوە چەمی ڕۆخانەو لە ڕۆژهەلّاتەوە ئیمام زەینەلعابدین و لە ڕۆژئاواشەوە ئیمام هەوا، مینارە کۆنەکە.

لە سیاقی دارشتنی سنووری سەنجەقەکەوە لەلایەن ڕۆماننووسەوە خوێنەری بەتوانا و بە سەلیقە وەک مەتەلّ هەلّیدێنێ کە سەنجەقەکە (داقووق)ی ئێستایە. هەرچەندێکیش ڕۆماننووس ئاماژەی بۆ (کات)ی لە دایکبوونی ڕۆمانەکە نەکردووە، بەلّام ئەوکاتەی ناوی یۆزباش و جەندرمە و قۆلّچی و چاوش لە ڕۆمانەکەدا بەکاردەهێنرێ، یەکسەر هەست دەکەی ناوەرۆکی ڕۆمانەکە بۆ دواکاتی دەولّەتی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە. واتا کات و شوێن دوو مەرجی سەرەکین لە دارشتنی هەموو ڕۆمانێکدا، نەوەک تەنیا لە ڕۆمانی درێژترین سالّدا. لەم ڕۆمانەدا نووسەرەکەی هەولّی داوە ڕۆمانەکەی نەچێتە قالّبی مێژووییەوە.

(٦)

لە چمکێکی تری ڕۆمانی درێژترین سالّدا ڕۆماننووس تیشک دەخاتە سەر جوولّانەوەی باباییەکانی ناوچەکە. واتا باباییەکان ئەو گرووپەن کە پێیان دەلّێن ئەهلی حەق. لەو سەردەمەدا ئەوانە وەک گرووپێکی ئایینی و سیاسی کەوتنە جوولّانەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبوون و بەسەرۆکایەتی شێخ بابا خەلّکیان لە دەور کۆدەبووەوە. هەر ڕۆژێک بەسەر هۆز و عەشیرەتێکیاندا دەدا و شەبەیخوونیان دەکردن، دەیانترساندن. ئەوەبوو ڕۆژێک دایان بەسەر ئەو چەند مالّەی کە لە دۆلّی کفرانەوە هاتبوون بۆ دێی بنعێز. بەشێوەیەکی ناڕەوا و دڕندانە میرزا ئاغای ئامۆزای کوێخا زۆرابیان فەلاقە کردو سەرو گوێلاکیان شکاند. هەروەکو برووسکی پێش هەورە تریشقە، ئەم دەنگوباسە بلّاوبووەوە. ئەوانەی هاتبوونە سەر میرزاو ئەو چەند مالّە سی سوارێک دەبوون. کاتێک کوێخا زۆراب و خەلّکی دۆلّی کفران بەم

تاوانەیان زانی، کەوتنە کۆمەک و تەگبیر کردن. ئەوەبوو شەوێک کوێخا زۆراب مەردان و شێخۆی نارده سەر شێخ بابای سەرۆکی باباییەکان و گوێبەندێکی گەورەیان پێکردن و پاسەوانەکەیان کوشت و فیشەکێکی تریشیان بە تەنیشت تەرمی پاسەوانەکەوە دانا. ئەوکارەش خۆی لەخۆیدا وەک هەڕەشەیەکە بەرانبەر بە دوژمن. لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە ڕۆمانی درێژترین ساڵ دەچێتە قالبێکی مێژوویییەوە، لەبەر ئەوەی گرووپی ئەهلی حەقەی باباییەکان لە مێژوویەکی دیاریکراودا لە کوردستان سەریان هەڵداوە.

پاش ئەو ڕیسوایی کردنەی شێخو و مەردان لەگەڵ شێخ بابادا کردیان، باباییەکان ترسێکی گەورە کەوتە ناخیانەوە. کوێخا زۆراب بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە ئەو ڕیسواکردنە دەستی ئەوانی تێدا نییە، سەردانێکی شێخ بابای کرد و چەند ڕۆژێک لەلای مایەوە. بڕیاریان دا ژن بە ژنێکیش بکەن و دڵیان لە یەکتر ساف بێ و لە یەکتر نزیک ببنەوە. هەر لەو ساڵەدا شێخۆی کوڕی کوێخا زۆراب بڕیاری دا وەستا حوسێن عەلی کەرکووکی کۆشکێکی لە دێی بنعێزدا لەسەر شێوازی کۆشکەکەی شێخ بابای باباییەکان بۆ دروست بکات. ڕۆژ بە ڕۆژ ئەستێرەی شێخۆی کوڕی کوێخا زۆرابی دۆڵی کفران دەگەشایەوە. لە ڕاستیدا ئەو گورزە گورچکبڕەی، کە مەردان و شێخۆ بە باباییەکانیان گەیاند بە هەموو هۆزەکانی ناوچەکە بووە هۆی دەمکوتکردنیان.

(٧)

لە ڕۆمانی درێژترین ساڵدا ڕۆماننووس لەم بەشەی ڕۆمانەکەیدا ئاماژە بۆ سەرکەوتنی ڕۆستەمی کوڕی کەریمی کوێخا زۆراب دەکا. کە چۆن بۆ خوێندن باروبارخانەی خۆی بەرەو شاری کەرکووک دەپێچێتەوە و دۆڵی کفران بەجێ دێڵێ. لەگەڵ ڕەمزی کوڕی جەهانگیردا لەقوتابخانە پێکەوە دەخوێنن. شێخۆی مامی و کەریمی باوکی لەگەڵ مەرداندا لەگەڵیدا دەڕۆن و چەند ڕۆژێکیش لەوێ دەمێننەوە. هەر لەو ڕۆیشتنەدا باوکی و مامی شێخۆ لەگەڵ حاجی ئەمین ناوێکی بازرگاندا یەکدی دەناسن. ڕۆستەم لە قوتابخانەدا زۆر ئازاو لێهاتوو دەبێ. پاش ماوەیەک ئەنجوومەنی مامۆستایان و بەڕێوەبەر بڕیار دەدەن بۆ خوێندنی باڵا ڕۆستەم بۆ ولایەتی مووسڵ بنێرن. ڕۆماننووس لەو ساڵەدا واتا ساڵی ١٩٠٨ز ئاماژە بۆ جووڵانەوەی حزبی ئیتحاد و تەرەقی دەکا. کە کودەتایەک دژ بە سوڵتان عەبدولحەمید بەرپا دەکەن و سوڵتان لەسەر کار لادەدەن. لە هەمان بەشیشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە سائیبی برادەری ڕەمزی یەکێکە لە گرووپی ئیتحادوتەرەقی لێرەدا ڕۆماننووس جارێکی تر ڕۆمانەکەی دەخاتە نێو چوارچێوەی مێژوویەکی دیاریکراو و بە ئاشکرا ئاماژە بۆ کاتی دوارۆژەکانی سوڵتان عەبدولحەمید دەکات.

دوا بەدوای ئەم بەشەش ڕۆماننووس لە ئاماژەکردنی بارە سیاسییەکانی ڕۆمانەکە دەوەستێ و دەست بە شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی باری ئابووری ناوچەکە دەکات، بەتایبەت ئەو ساڵە وەرزی بێ بارانی و قاتوقڕی دەبێ لەناوچەکەدا. لەم بەشەدا وەک لە پێشەوە باسمان کرد، ڕۆماننووس کابرایەکی چەپڕەوە، بڕوای بە شتی واقیعی و پڕ لە زانیاری هەیە. بە هیچ شێوەیەکی بڕوای بە دوعا و نوشتە و خورافیات نییە، بەڵام بەسەر ئەوەشەوە لە کەشوهەواو دابونەریتی ناوچەکە ناچێتە دەرەوە. تەماشاکە چۆن کەسانی ڕۆمانەکە لەو ساڵە بێ بارانییەدا دەدوێنێ.

بە سازدانی کۆسە بە بارانێ و دوعا و پاڕانەوە لە خودای گەورە. هەتا قاپی ڕەحمەتیان لێ بکرێتەوە. پاش نوێژە بارانەیەکی زۆر و چەندین جار ڕوومەتی مەردانیان بە هیسی قازان ڕەش کردووە و بە کۆڵانەکانی دێیەکەدا سووڕیان داوە. کچان و ژنانی دێیەکە قازانە ئاو و تەنەکە ئاویان بەسەردا کردووە.. هەتا خودا دەرگەی ڕەحمەتیان لێ بکاتەوە. ئەو خەڵکەش بەدوای مەردانەوە بوون هاواریان دەکرد:

**هەیاران و مەیاران**
**خوایە بیکەی بە باران**
**بۆ فەقیر و هەژاران.**

هەر لەو ساڵانەشدا تورکمانی لادێکانی ناوچەکە بەزمانی تورکی بە کۆڵانەکاندا سووڕیان دەخوارد و دەیانگوت:

**ئەڵڵا بر یاغش ئیلە**
**دام دیوار پاشی ئیلە**
**عامم ئوغل گیلەندە**
**قوندەراش یەش ئیلە**

تەماشاکە ڕۆماننووس ئەوکاتەی باس لە شەوە پڕ لە سێکسەکانی کەریمی کوڕی کوێخا زۆراب دەکا لەگەڵ فاتمەی ژنی هاپۆ کە چۆن بە ڕێگای تەویلەی ولاخەکاندا دەخزێنە کۆشی گەرمی فاتیمەی هەوەسباز و یەکتر لە ئامێز دەگرن و گڕی گەرمی ناو گەڵە هەوەسبازەکەی دادەمرکێنێ. ئەمەش توخمێکی پڕ لە داهێنانە کە ڕۆماننووس لە جیهانێکی پڕ لە شەهوەت و هەوەسبازییەوە دەیگوێزێتەوە بۆ جیهانێکی پاڕانەوە لەیەزدان و دوعا کردن و نوێژە بارانە. ئەم بازدانەش لەکاتی دارشتنی ڕۆماندا لە تەوەرێکەوە بۆ تەوەرێکی تر، بۆ زیرەکی ڕۆماننووسەکە دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە زۆرجار تەماشا دەکەی ڕۆماننووسێک ڕۆمانێکی سیاسی، یان مێژوویی و ئایینی و کۆمەلایەتی، یان باس لە کەسایەتی ناودارێک دەکا، بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ لە ڕێباز و مەرجە سەرەکییەکانی دارشتنی ڕۆمان لابدا، بەلام ڕۆماننووس لە درێژترین ساڵدا، توانیویەتی چەمکە سیاسی و ئایینی و کۆمەلایەتی و ئابووری لە ڕۆمانەکەیدا تەوزیف بکا.

(٨)

لەم بەشەی ڕۆمانەکەیدا ڕۆماننووس زۆرتر دەربارەی خێزانەکەی سائیبی برای فەوزی دەدوێ. فەوزی برا گەورەی سائیبە. لەسەر ئەوەی کە پێوەندی لەگەڵ حزبی ئیتحاد و تەرەقیدا هەبووە، گیراوە و سەرنگون کراوە هەرچەندە باوکی یەکێ لە ئەفسەرە دەرەجەدارەکانی دەوڵەتی عوسمانی بووە. لەکاتی سوڵتان عەبدولحەمیددا چەندین نیشانەی وەرگرتووە. واتا نیشانەی ئازایەتی و سەرکەوتن، بەلام هیچ سوودێکی نەبووە و نەیتوانیوە فەوزی پێ بەردا.

ڕۆژێک لە داخاندا هەموو نیشانەکانی دەخاتە ئاودەستخانەکەی ماڵەوە. پاش ماوەیەکیش کۆچی دوایی دەکات. هەر لەم بەشەدا، هەرچەندە سائیب خەریکی ئامادەکردنی ڕوحی مردووەکان دەبێ و سەرقاڵی گرتنەوەی فاڵ و جادوو و دوعاکردن دەبێ. هەر لەو ڕۆژانەدا دەستنووسێکی باپیری لەنێو مەکتەبەکەیدا دەدۆزێتەوە. لەژێر کاریگەری ئەو دەستنووسەدا چل ڕۆژ و لەژێر زەمینەکەی ماڵەوەیاندا دەچێتە خەڵوەتەوە. کاتێک لە خەڵوەت دەردەچێ. زۆر لاواز و بێ تاقەت دەبێ. بەشێوەیەکی زۆرتریش فێری سیحر و چۆنێتی دواندنی ڕوح و خوێندنەوەی فنجان وەک نیوە شێتێک هەڵسوکەوت دەکا. دواجار ڕۆستەم و ڕەمزی دێن بۆ لای و شەوێک لەلای دەمێننەوە. چەند جارێک لەنێو پیاڵەدا بەختی ڕۆستەم و ڕەمزی تاقی دەکاتەوە. ڕۆستەم لەگەڵ ڕوحی ناله گورگەی باپیریدا دەدوێنێ.

دوو پرسیاری لێ دەکا، یەکەمیان لەو دنیادا حاڵی چۆنە بە وشەی (عەجیب) وەلامی دەداتەوە. دووەمیشیان دەربارەی ڕۆیشتنەکەی بۆ خوێندن بۆ ولایەتی مووسڵ، بۆ ئەمەش ناله گورگەی باپیری ئاماژەی بۆ دەکا کە سەرکەوتوو دەبێ.

لە بەشی بیست و سێی ڕۆمانەکەدا، گۆڕانکارییەکی زۆر. لە ڕەوشی ناوچەکە بەتایبەت پاش هاتنی قائیمقام و قوماندانێکی تازە بۆ ناوچەکە بەدی دەکرێ. کەسانی ناودار و سەرۆک هۆز و پیاوماقوولان کەمتر هاتوچۆی سەنجەقیان دەکرد. جەهانگیری سەرمایەدار هەوڵی دەدا خۆی لە قائیمقام و قوماندان نزیک بکاتەوە. دەعوەتیان بکا، بەلام ئەو ڕەفزی دەکرد. لەو کاتانەدا جەهانگیر توانی پێوەندییەکی بەتین لەگەڵ عاسم بەگدا ببەستێ، شەوێک جەهانگیر بۆ میوانی دەچێ بۆ ماڵی عاسم بەگ و بوتڵی شەرابی کۆنی بەعشیقە لەگەڵ خۆیدا دەبا و هەتا شەوگارێکی درەنگ دەخۆنەوە. هەردووکیان بە تەواوی نغرۆی خەیاڵ دەبن. عاسم بەگ بە جەهانگیر دەڵێ:

مام جەهانگیر لە زۆر لە ولایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی کار بەرەو خراپە دەڕوا، بەتایبەت لە ولایەتەکانی سامسۆن و ئەرزروم و تەبلیس و دیاربەکر، لەبەر ئەوەی حزبی ئیتحاد و تەرەقی دەیانەوێ کودەتا بەرانبەر سوڵتان عەبدولحەمید بەرپا بکەن و لەسەر کاری لابدەن، دوور نییە ئەو ئاژاوەیە بگاتە ئێرەش. من پێوەندیم لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرەدا هەیە. فەرمانێک هاتووە دەڵێن سەرۆک هۆزەکان و پیاوماقوولانی سەنجەق دەگرن، لەوانەیە ناوی تۆشیان تێدابێ. هەرچۆنێک بێت و چارەسەری خۆت بکە. کاتێک جەهانگیر دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ دەروازەی خەیاڵبازی لێ دەکرێتەوە. تەنیا دۆڵی کفرانی ئامۆزاکانم دەمشارێتەوە. جەهانگیر بە پەلە هاوار بۆ ئامۆزاکانی دەبا. شێخۆ و مەردان لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا چەند بەرزە ولاخێک دێنن و ماڵ و

حـاڵی جـەهانگیـر بۆ دێی بانشـاخی دۆڵی کـفـران دەگـوێزنەوە. لە هۆزەکـانی ناوچەکـەدا تەنیـا دوو هۆزی تورکـمـان و عـەرەب بۆ دەوڵەت و دەسـەڵات و سـەنجـەق سەرشۆڕ دەکەن. هێزێکی زۆر لـەگەڵ قوماندانداندان بەرەو ناوچەی بنعێز دەڕۆن. خەریکی خۆ ئامادەکردن دەبن بۆ هێرش، بەڵام دوا بەدوای خۆ ئامادەکردن. فەرمـانێکی بابولعالی دێ و داوا دەکا لە قوماندان جارێکی تر بەرەو سەنجـەق بکشـێتـەوە، بە گەڕانەوەی ئەو هێزە وەزعـەکە لەناوچەکـەدا ئارام دەبێ، بەڵام دەنگوباس دژ بە سولـْتـان بەردەوام دەبێ، بەتایبـەت ئەو گـرووپە گـەنجـانەی کـە لە شاکارەکاندا پێوەندییان لەگەڵ حزبی ئیتحاد و تەرەقیدا دەبێ، ڕۆژانە دەڕژێنە شەقامەکان و خۆ پیشاندان دژ بە سولـْتان سازدەکەن.

(٩)

لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، واتە لە بەشی بیست و چواردا چەندین ڕووداوی سـەرسوڕهێنەر دێنە کایەوە. یەکێ لەو ڕووداوانە ئەوەبوو دانیـشـتـوانی زۆربەی زۆری وڵایـەتە عوسمانییەکان چ لادێی و سەنجەق و شارە گەورەکان بێ، چ شەقام و جێگا گشتییەکانی وەک بازاڕ و قوتابخانە و چایخـانە و لە فـەرمـانگەکـانی دەوڵەتدا بە ئاشکرا جوێنیان بە سولـْتان دەدا. پشتگیرییـان لە حزبی ئیتحاد و تەرەقی دەکرد. زۆربەی عەشیرەتەکان لە دەوڵەت یاخی بوون. سولـْتـان بە هیچ شـێوەیەک ناوی نەمـا. لەناوچەی خـۆمـاندا زۆربەی خـەڵـک بۆ دۆڵی کـفـران هەڵدەهاتن. جەهانگیر و ڕەمزی کوڕی و ماڵ و منداڵیان هەڵهـاتبوون بۆ لای کوێخا زۆراب. سائیبی برادەری ڕەمزی و ڕۆستەم لەوێ بوو. دۆڵی کفران لەو کاتانەدا بوو بە قەڵای قایمی ئەو خەڵکە.

بەردەوام سائیب و ڕەمزی و ڕۆستـەم و عـەباس و قـادر دەڕۆیشتن بۆ گەشتوگوزار بۆ هاوینەهەواری خۆرنەوەزان. خەریکی ڕاوە ماسی بوون. لەو ڕۆژانەدا شێخۆ بەردەوام بەسـەر پشـتی ئەسپـەکـەیەوە بوو. دەربارەی ئاگـاداری ناوچەکە. شێخۆ لەپڕ هاواری کرد:

* - جەماعەت... ها...ها... تەماشاکەن لە دوورەوە سێ سـوار بەرەو لای ئێـمـە دێن، هیچ کـەسـیـان سوارەکانیان نەناسییەوە هەتا بە تەواوی نزیکبوونەوە، ئەوکـاتەی بە تەواوی لە دێیـەکـە نزیک بوونەوە. بۆیان دەرکەوت کە یۆزباشی و موراد چاوش و میرزا ئاغـایە، یۆزباشی و مـوراد چاوش جلی کـوردییـان لەبەر بوو. ڕوونیـان کـردەوە کە هەواڵێکی خۆشیـان پێیـە، ئەویش لەسەر کار لادانی سولـْتان عەبدولحەمیدە. ئاماژەیان بۆ خەڵکە ڕاوەستـاوەکە کرد. کە بۆ پێشوازییان هاتبوون. «لە ئەمـڕۆ بەولاوە بەهیچ شـێـوەیەک باج و سـەرانە بەدەسەڵات نادرێ. ئیتحادییەکان دەسەڵاتیان وەرگرت».

پاش بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە خـۆشـە لە هەمـوو دۆڵی کفـران و ناوچەکەدا بوو بە ڕۆژی شادی و زەماوەند. دوا بەدوای ئەم دەنگوباسـە پڕ لە خـۆشی و کـامـەرانییـە، لەشـەوەکـەیدا دەنگوباسێکی خۆشـتـریش لەناو خێـزانی کـوێخـا زۆراب و دۆڵی کفـراندا بڵاوکـرایەوە. دەنگوباس گەیشتە دیوەخانەکەی کوێخا زۆراب کە فاتیمە خێزانی کەریمی کوڕی، کوڕێکیـان بووە، لەبەر ئەوەی دانیشـتوانی دۆڵی کـفـران شـەوێک پێش لە دایکبـوونی کـوڕەکـە پیرداودیان بینیوە وەک بەرق لە ڕووناکییەکەی ناوچەکەدا هەر هەمـوو بڕیاریان دا ناوی کـوڕەکـەی کـەریمی کـوێخـا زۆراب بنرێ «پیرداود».

# گەشتنامەکانی گۆران
## چەند هەنگاوێک لەودیو گەشتنامەی شیعرییەوە

**عەبدوڵڵا قەرەداغی**
**(کەرکووک)**

**(١ – ٢)**

ئەوەی دەکرێ، لە یەکەمین هەنگاودا، لە گەشتنامەیەکی شیعری چاوەڕوانی بین ئەوەیە کە بە زمانێکی نزیکتر لە دڵەوە، شتە تازە و ناباو و نەسواوەکانی ئەزموونێکمان بۆ بگوازێتەوە و بە بەدیهاتنی ئەم مەرجەش، دەشێت بڵێین مەرجەکانی چێژ بەخشین لەو دەقەدا دەرکەوتوون و ئاستێکی دیاریکراوی ڕەزامەندیی خوێنەر، لەم حاڵەتەدا وەدەست دێت. بەڵام ئەمە ناتوانێ بگاتە ئەو خاڵەی شاعیرێکی وەکو «گۆران» قایل بکات و ئەمەش یەکەمین گریمانەی ئەم بابەتەیە.

لە لایەکی دیکەشەوە داهێنانی دەق، بەلای «گۆران»ەوە، هێندەی پێوەندیی بە جوانیگەرییەوە هەبێت و لە دەقە بە ڕاستی داهێنەرەکانیدا ڕەنگی دابێتەوە، پتر شێوەی هاوکێشەیەکی جوانیگەرانەی ئەوتۆی بەخۆوە گرتووە کە نەک هەر پێکهاتەکانی شتی جوانی تێدا کۆکردۆتەوە، بەڵکو هاوتاییەکی نائاسایی لە نێوان ئەو پێکهاتانەدا بەرقەرار کردووە و ئەم پرۆسەیەش لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی شتی جوان، بە پێی ئاستی جوانیی خۆی لە یەکەمین قۆناغدا و هاوئاست کردنی ئەو جوانە لەگەڵ «جوانتر»ەکان، لە ڕێگەی بەکارهێنانی سۆزی شاعیرانەوە، لە دووەمین قۆناغدا، جێبەجێ دەکات. ئەمەش دووەمین گریمانەی ئەم بابەتەیە. واتە مامەڵەی جوانیگەریی گۆران لەگەڵ بابەتەکەی لە سنووری بینین و گواستنەوەی کاریگەریی ئەو بینینەدا ڕاناوەستێ، بەڵکو پایەی «جوانی» ی ئەو «جوان»ە هەڵدەسەنگێنێت و لە تەرازوویەکی نێوخۆیی – دەروونی–ی چێژدا ئەو بەهایەی پێ دەبەخشێت کە بە پێویستی دەزانێت. بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم مەبەستەش، جگە لە وردبوونەوە لە وردەکارییەکانی شتە جوانەکان و دەربڕینیان، هەمیشە لە گەڕاندایە بۆ زیاتر کردنی سەرمایەی جوانیگەریی، بەو مەبەستەی ئەو کانیاوە وشک نەکات، ئەمەش گرنگیی ڕاستەقینەی گەشتە بۆ شاعیرێکی وەکو ئەو. گۆران بە وردی ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە:

**ئەمانەم گشت لا جوان بووە و لا جوانە،**
**بەڵام هەرگیز تەنیا جوانیی ئەمانە**
**بۆی نەشکانووم توینیەتی و ئارەزووی دڵ**
**هەر گەڕاوە مەلی برسیم چڵاو چڵ!**
**لە هەچ باخێک گوڵێکی سورم دیبێ،**
**بۆی چووم هەزار دڕک لە پێم چەقیبێ!**
**هەر ئەوەندەش گیرۆدەی گوڵی سوور بووم:**
**ناشارەزا و پەپوولەی دووربەدوور بووم!**
**ئەمجا ئیتر کەوتوومەتە پەیایی**
**بۆ گوڵێکی تری پێش ئاشنایی..**
– بۆ کچێکی بێگانە ٩ تا ١٣ ل ٤٨ – *

لێرەوە، دوو چەمکی جیاوازی «گەشت»



**گۆران**

سـەرهەڵدەدات: یەکـەمـیـان بەرانبـەر بە هەردوو وشـەی «گەڕان» و «پشکنین»ە، دووەمیشیان هەمان ئەو گەشتە زاراوەییەیە کە لە بواری «گەشتوگوزار»دا بەدیی دەکەین. بەڵام لە هەردوو بەکـارهێنانیـشـدا، بە شـێـوەیەک یان شێوەیەکی دیکە، هەمان مەبەست وەدی دێت کە بریتییە لە وەدەسـتـهـێنانی بابەتی شـیـعـری، ئەگـەرچی لە گەشتوگوزاردا بابەتەکانی جوانیگەری -بابەتی شیعری- زۆرن و لە ڕوانگەیەکی هەمەلایەنەوە چارەسەر دەکرێن و لە گـەشتی ئاسـاییـدا یەک بابەتی سـەرەکی، یان چەند بابەتێکی کـەم هەیە کـە هەر یەکـە لە ڕوانگەیەکی جوانیگەریی تایبەتەوە چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەمە بەو مەعنایە نییە کە هەموو گەشتنامەیەکی شیعری هەر لە هەمان ڕوانگەی گشتییەوە چارەسەر دەکرێت، بەڵکو بەو مەعنایەیە کە هەر یەکە ڕوانگەیەکی گشتیی خۆی هەیە و ئەم نـووسـینەش هەوڵ دەدات ڕوانگەی گـشـتـیی هەر یەک لە «گـەشت لە هەورامـان» و «گـەشت لە قـەرەداغ» بدۆزێتـــەوە و لە چوارچێـــوەی بەیتـــەکـــانی هەر گـەشـتـنامـەیەکـدا، دەکـۆشێ ئەو ڕوانگە گـشـتـیـیـە دەستنیشان بکات و پێکهێنەرەکانی شی بکاتەوە.

جـێی ئامـاژە بۆ کـردنە کـە «گـۆران»، خـۆیشی، لە سـەرەتـای «گـەشت لە قـەرەداغ» دا جیـاوازیی ڕوانگەی گشتیی هەردوو گەشتەکەی ڕوون کردۆتەوە، کە دەڵێ: «بە پێچەوانەی (گەشت لە هەورامان)، ئەم هەڵبەستە وەسـفی هەست و بینینی تاقـە گـەشـتێکە کـە لەگـەڵ کـۆمـەڵێک هاوڕێ پێکهـاتووە، وەکـوو یادگـارنامـە (مـذکـرة)، هەست کـراو و بینراوەکـانی هەنگاو بە هەنگاوی گـەشـتی بە وردی -ئەوەندەی هەڵبـەست مـاوە بدات -تیا تۆمار کراوە». کەچی لە سەرەتای « گەشت لە هەورامـان»دا، پاش ئەوەی ئامـاژە بۆ تەمـەنی نزیکەی بیست ساڵێک «لەمەو پێش» دەکات، دەڵێ: «ئیتر ئەم هەڵبەستە لە خۆلاصەی هەموو ئینطیباعاتی گەشتەکانی کـۆن و تازەم هاتە دی». جەخت کـردن لەسـەر جیـاوازیی هەردوو گەشتەکە، لەلایەن شاعیرەوە، لەم شوێنەدا و بۆ جیاکردنەوەی ڕوانگە گشتییەکان، گرنگییەکی گەورەی هەیە، بۆیە هەر ئەوە دەکرێتە سەرەتاگە، بەڵام لە پرۆسەی شـیکردنەوەدا تـەنیـا پشت بەو سـرووش -ئیـحـا - یانە دەبەسـتـرێ کـە بـەیتـە بە نموونە هێنراوەکـان -تێکڕا-یان کـۆی نموونەکـانی هەر بەیتـێکی خـاوەن تایبـەتمەندیی جیـاواز، دەیدرکـێنن. دەرەنجـامـیش، ئەم گـەشـتنامـانە لایـەنیـــان زۆرە و لیـــرەدا تەنیـــا لایەنی جـــوانیگەری مـــەبەســـتـــە، بۆیە هەر ئەوەش ڕەچاو کـــراوە و چەقی قورسایی خراوەتە سەر.

**گەشت لە هەورامان(١)**

بە بەکارهێنانی زمـانی ژمـارە، لەم گـەشـتـەدا «٦١» بەیت لە ژێر «١٠» ناوونیـشـــاندا بەدی دەکـەین. ئەم ڕاستییەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گەشتەکە سنووردار و خـێـرایە و وەکـو لە کـۆتایی ئەم بابەتەشـدا ڕوون دەبێـتـەوە، هۆی ئەوە دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەوەی شـاعـیـر نەیویستووە، پڕ بە پێستی وشە، گەشتنامەیەک بخاتە ڕوو، بەڵکو چەند وێستگەیەکی لە چەند گـەشـتـێکی جیـاواز و دوور لە یەک، بۆ هەمـان ناوچە و هێندەی لە مـێشکدا پارێزراوە، گـواسـتـۆتەوە و بە بەڵگەی ئەوەی ناوی هیچ شـوێنێکی دیاریکراوی ئەو ناوچەیە نەبراوە، بەڵکو ناوی چەند تایبەتمەندییەکی ژیانی ڕوحی و مادیی ئەو ناوچەیە براوە، دەتوانرێ پەی بەو ڕاستییە ببرێت کە گەشتی بیست ساڵ لەوەو پێش و گەشتە تازەکەش هەر بە هەمـان ئاست کاریگەرییـان هەبووە.. واتە ڕاسـتـەوخۆ ڕەنگدانەوەی دوا گـەشـتی تێـدا نابینرێ، ئەمـەش لە «سەرەتا»ی شاعیر بۆ ئەو گەشتەی کە بە کاتێک، یان وەرزێکی تـایبـەتەوە نەبەسـتـراوەتەوە، دەردەکـەوێ. ناوونیشانی هەر دە وێستگەکە بە گشتی و هەر یەکە لەو ناوونیـشـانانەش، ئامـاژە بۆ تایبـەتمەندییـەکی نیـمـە چەسپـاوی ناوچەکـە دەکەن، لای کـەم، لەو مـاوەیەدا کـە یەکـەمین و دوا گـەشـتی شـاعـیـر بۆ ئەو ناوچەیەی تێدا

ئەنجام درابوون.

لەم «گەشت»ەدا نە هۆکارەکانی گواستنەوە دیارن، نە سەرەتاکانی خۆ ئامادە کردن بۆ گەشت و نە قۆناغەکانی ئەو گەشتەش. ڕاستەوخۆ خوێنەر خۆی لە ئامێزی وەسفێکی سروشتدا دەبینێت، کە ئەگەر ئەو خاڵەی «سەرەتا» کەش ڕەچاو بکات کە «ئەم گەشتنامەیە» «لە هەڵەبجەوە دەست پێ دەکات» و ئەگەر گەشتیار پیادە بوو بێت یان سوار، ئەوە وەسفەکە لەگەڵ ئێستای ئەو دەروازەیەی ناوچەی هەوراماندا یەک ناگرێتەوە:

**کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش،**

**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش ؛**

ناشزانرێ، ئەگەر «دیمەنی ڕێگاوبان» ی ئەو سەردەمە ڕەچاو بکرێت، دڵنیا دەبین لەوەی ئایا ئەو وەسفە لەگەڵ ئەو دەروازەیەدا یەک دەگرێتەوە یان نا، بەڵام بە بۆچوونی من، ڕەنگە وەسفی ڕێگاوبانی ئەو سەردەمەی «هەورامانی تەخت» بێت، کە لەمڕۆماندا دەکەوێتە سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات - کوردستانی ئێران-ەوە و بە پێچەوانەی ناوەکەی، سەختە نەک تەخت. ئەوەی لەو بەیتەوە دەکرێ وەدەست بهێنرێ دیمەنی دۆڵ «شیو»ێکی قووڵە بە ناو زنجیرە شاخێکی پێچاوپێچدا دەڕوات، بەڵام لەم بەیتەدا تەنیا چرکەیەکی ئەو «ڕێگاوبان»ە خراوەتە ڕوو. سێیەمین، پێنجەم، شەشەم و حەوتەمین بەیتی ئەم وێستگەیەش لە خزمەتی ڕوونکردنەوە و چەسپاندنی هەمان مەبەستدان. لە سێیەمین بەیتدا، ئەگەرچی «جۆگەی ئاوەکان» ، بە ڕواڵەت، بابەتی وەسف کردنن:

**جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو:**

**هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو**

بەڵام پتر هەمان ئەو سەختییەی زنجیرە چیا -کۆمەڵە شاخ -ەکە ڕوون دەکاتەوە کە لە یەکەمین بەیتدا ڕاگەیەندراوە، چونکە ئەو گەشتە درێژەی «جۆگەی ئاوەکان» ، کە بە «هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو» تەعبیری لێ کراوە، هێندەی خزمەتی بەرجەستە کردنی زۆریی شیو و دۆڵی ئەو چیایانە و هەمەڕەنگیی تۆپۆگرافیا - شێوەی زەوی لە ڕووی بەرزی و نزمی و کەشەوە -دەکات، نیو هێندە خزمەتی سەربەخۆیی دیمەنی «جۆگەی ئاوەکان» لە ڕووی جوانیگەرییەوە ناکات. هەمان شت بە نیسبەت سێ بەیتەکەی دیکە (٥، ٦، ٧)یشەوە ڕاستە، کە ئەمانەن:

**توولەڕێی باریک، تووناوتوون پشکن**

**ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێ بن...**

**ناو ڕێگا تەق تەق، لاڕێ بەردی زل**

**کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل!**

**گا سەرەو ژووره، گا سەرەو خوارە**

**تاڵی و شیرینیی دنیای ڕێبوارە!...**

لەو سێ بەیتەشدا توولەڕێ، بەردی زل -گابەرد - و ئاستی زەوی لە ڕووی بەرزی و نزمییەوە چەند خاڵێکن لە ڕووکارە گشتییەکەی دیمەنە بەرجەستە کراوەکەدا: «کۆمەڵە شاخێک» و خزمەتی سەختی و گەردن کەشیی ئەو کۆمەڵە شاخە دەکەن، بەڵام لەم وێستگەیەدا دووەمین و چوارەمین بەیت، سەرەڕای ئەوەی لە دیمەنە گشتییەکە جیا ناکرێنەوە، تایبەتمەندیی خۆشیان پاراستووە. دووەمین بەیت کە دەڵێ:

**سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی،**

**بە دارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی...**

لە دوو ڕووەوە دیمەنە گشتییەکە بەو تایبەتمەندییە دادەپۆشێ کە ئەم بەیتە لە هاوشێوەکانی جیا دەکاتەوە. لەو ڕووەوە کە «سەرپۆشی لووتکە» کە نەک هەر وەرزی ئەم وێستگەیە ئاشکرا دەکات بە هۆی بوونی بەفری زۆرەوە، بەڵکو ئەوەش ڕادەگەیەنێ کە مرۆڤاندن - الأنسنة-ی ئەو دیمەنە گشتییە ئەرکێکە بەم بەیتە سپێردراوە، واتە ئەو دیمەنە لە پەناوە، بە کاریگەریی ئەم بەیتە، کراوەتە ئەو خانمەی سەرپۆشی سپیی پۆشیوە، بە شێوەیەکی نزیک لەوەی، لای پیرەمێرد سلێمانی بووە ئەو «بەلقیس»ەی تارای زیوی پۆشیوە. هەروەها لەو ڕووەشەوە کە دارستان، نەک بەرد و پێکهاتەی دیکە «ناو دۆڵی کپ» ی ئەو کۆمەڵە شاخەی لە دەستی باڵ بەسەردا کێشانی تەواوی بەفر ڕزگار کردووە.

لە ڕوویەکی دیکەوە سیفەتی «زۆر سپی» کە دراوەتە پاڵی «بەفر» ەوە دەشێت ئاماژە بێت بۆ ئەوەی تازە باریوە، بۆیە زۆر سپییە و بەمەش دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە سەرەتای وەرزی بەفر بارینە، کە دەکرێ هێشتا زستان دانەهاتبێ، واتە تا پێش هاتنی کوودەتای پاییزانە لە شەوی یەڵدادا، ئەگەرچی دەشکرێ بەفر بارینەکە دوا کەوتبێ یان پێشتر باری بێت و توابێتەوە. هەروەها دەکرێ ئەو سیفەتە: «زۆر سپی» ئاماژە بێت بۆ ئەوەی هێندە باری بووبێت کە هەموو کونێکی تەنی بووبێت و بەوەش بووبێتە «سەرپۆش»ێکی زۆر سپیی بێ گەردی ئەوتۆ کە هیچ کەلێنێکی ڕەشایی تێ نەکەوتبێ. بەپێی یەکەمین لێکدانەوەی «زۆر سپی» تایبەتمەندییە

گەورەکە دەبێتە هی کۆمەڵە شاخەکە، کە بە دارستان دەوڵەمەندن، بەڵام بە پێی دووەمین لێکدانەوە دارەکان – دارستانەکە – دەبنە ئەو چەترەی ڕووبەرێکی گرنگی ئەو کۆمەڵە شاخە لە ژێر چنگی شاڵاوی گەورەی بەفرەکە ڕزگار دەکات. لە هەردوو حاڵەتیشدا هەڵبژاردنی ئەو بەفرە زۆر سپییە و قیت کردنەوەی لە لاپەڕە کۆن، یان نزیکەکانی یادەوەرییەوە مایەی تایبەتمەندیی گەورەی ئەم بەیتەیە و ئەم تایبەتمەندییەش پێوەندیی بە «شوێن» ەوە هەیە.

لە چوارەمین بەیتدا «کات»، لە ڕێگەی پێکهاتەیەکی سروشتەوە، بەرجەستە دەکرێ:

**هاوار و هاژەی کەف چەرێنی چەم**

**بۆ تەنیایی شەو لایەلایەی خەم!(٢)**

بەڵام نە کات، لەم بەیتەدا و نە شوێنیش لە دووەمین بەیتدا ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی هەیە، بەو پێیەی نازانرێ کامە لووتکەی شاخەکانی هەورامان لەو کاتەدا بە سەرپۆشی بەفر ڕووپۆش کراوە، وەک چۆن نازانرێ ئەو هاژەی چەمە بۆ چ شەوێکی تەنیاییە. تەماوی بوونی ئەو سنوورانە لە تێکەڵیی سنووره زەمەنییەکان بە درێژایی دەوروبەری بیست ساڵ و تەماوی بوونی سنوورەکانی شوێن لە تێکەڵ بوونی سنوورەکانی هەورامانی تەخت و لهۆن، بە هەموو تایبەتمەندییە جوگرافیاییەکانیانەوە هەڵدەقوڵێ. ئەگەر پتر لە ڕەهەندەکانی «کات» و «شوێن»ی ئەو دوو بەیتەش ورد ببینەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەردووک بە دوو چرکەی دەروونیی جیاواز، هەروەها تەماویشەوە گرێ دراون، یەکەمیان ڕەنگدانەوەی لە «بەفری زۆر سپی» و «بە دارستان ڕەش»دا دەبینێتەوە و گۆران-یش، وەکو لە شیعری «جوانی بێ ناو»دا دەردەکەوێ حەزی لە ڕەنگ و حاڵەتی زەق نییە:

**قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ**

**ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێک ئاڵ**

**ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپە دوو**

**گەندەمووی دەم و چاو، مەچەک هەڵنەگرتوو..**

**ئەی ئەندام وردیلەی، نەرمۆڵەی ئێسک سووک**

**ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووک!**

– جوانی بێ ناو ١ تا ٣ ل ٤٥ –

واتە «زۆر سپی»، کە زەقە، نابێت لەگەڵ ناخی ئەودا زۆر سازگار بێت، هەروەها دیمەنی دارستانی پاییز و زستانیش، با پێچەوانەی «زۆر سپی» ش بێت، هەر لەگەڵ ناخی ئەودا سازگار نییە، چونکە لەو وەرزەی ساڵدا، چ پاییز بێت و چ زستان، گەڵای دار هەڵدەوەرێت و ژیانی دار و درەخت و تەنانەت گوڵیش ڕادەوەستێت و گوڵ نییە، ئەگەر هەبێ بزەی جوانێکە و ئەویش نییە:

**پاییزە، گەڵای دار ڕژاوە، باغ ڕووتە،**

**گوڵ کوانێ، گوڵ لێوی بە بزە پشکووتە!**

– گوڵی خوێناوی ١٦ –

واتە لەو یەکەمین وێستگەیەدا شاعیر حاڵەتە ناسازگارەکانی زەق کردۆتەوە، ئەگەر لەو گەشتانەشدا پیادە بووبێت، یان سواری وڵاخ، بێ گومان لە بڕینی هەوراز و نشێوەکانی ئەو جۆرە ڕێگەیەدا ڕووبەڕووی ماندوویییەکی زۆر دەبێت، ئەگەرچی ڕێبواری ڕاستەقینە بایەخ بەوە نادات.

دووەمین چرکە بە کاتەوە گرێ دراوە، بەڵام قورسایی حاڵیشی بەسەرەوە دیارە و هەردووک تەماوین. شەو لەو بەیتەدا تەنیایی بەسەردا زاڵە و «خەم»یش کۆرپەی بەنازی ئەو چرکەیەیە کە باڵی بەسەر سەرجەمی بارە دەروونییەکەدا کێشاوە. ڕەنگە ئەو بارە دەروونییە لەوەوە هەڵقوڵا بێت کە گۆران «ئاوەدانیی دڵ» لە ئامادەیی «جوان» و «جوانی» دا دەبینێت و سەرەڕای بوونی ئەو وەزعەی کە بە پێی مەنتیقی بەیتەکە «تەنیایی شەو بە هاوار و هاژە» دەرەوێنێت و «خەم»یش لە لانکی شتێکی زاڵتردا دەنوێنێت، بەڵام پێ دەچێ ئەوە تەنیا دڵدانەوەیەکی «خود» بێت لە سایەی نەبوونی هۆکارەکانی هاوتایی دەروونیی ڕاستەقینەدا، چونکە گۆران، وەکو پێشتریش سەلمێندرا حەزی لە شتی زەق و گەورە نییە، «هاوار و هاژەی» چەمێکی سەر بەرەو خواری ئاوی بە خوڕ هاتووش، بەو شێوەیەی دەتوانرێ لە وەسفی «کۆمەڵە شاخێک» ەوە ئەنجامگیری بکرێ، زۆر زەقە. هێندەی پێوەندیی بەم لایەنەوە هەیە، هەر لە «جوانی بێ ناو» دا بەڵگەی بەهێزی ئەو بۆچوونە بەدی دەکرێ:

**کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو:**

**لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو،**

**جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور**

**شەپۆلی باتە بەر تیژکی ڕۆژ شڵپ و هووڕ!**

– جوانی بێ ناو ٤٦ –

ئەو «ناهاوتاییە دەروونی»یەی لێرەدا بەدی دەکرێ، ڕەنگە لە ناتەبایی گەورەی نێوان سروشتی جوان و هەمەڕەنگ و جۆربەجۆری ناوچەی هەورامان لە لایەکەوە

و نەبوونی هاودەمێکی «جوان»، یان هەر هاودەمێکی دیکە لە لایەکی دیکەوە، هەڵقوڵا بێت. لەم گەشتنامەیەدا شاعیر باسی «هاوڕێ» ناکات، ئەگەرچی لە «سەرەتا»وە دەردەکەوێ کە لە بەشێک لەو گەشتانەی بە درێژایی نزیکەی بیست ساڵ کردوونی هاوڕێی لەگەڵدا هەبووە. هەروەها ئاماژە بۆ جوانێکی دیاری کراویش ناکات بەو شێوەیەی لە شیعری «جوانی سەرەڕێ»، «هەڵبەستی ڕەنجاو»، «هەڵبەستی پەشیمان»، «جوانی بێ ناو»، «بۆ کچێکی بێگانە»، «گوڵی کەم خایەن» و شیعری دیکەدا بەدی دەکرێت، بەڵکو باسی چەندین جوان «کۆمەڵی جوانان» دەکات. ئەو «ناهاوتاییە دەروونییە» سەرچاوەی هێندێک دووریشی هەیە، کە لە وێستگەکانی داهاتوودا هەڵوەستەی لە ئاستدا دەکرێ، بەڵام بە گشتی، دەکرێ تێبینیی ئەوە بکرێت کە سەرەڕای ئەوەی شاعیر لە پەناوە، خوێنەر ڕووبەڕووی ئەوە دەکاتەوە کە پەی بە سەختیی ڕێگا، بێ ئارامی و ئازارەکانی شاعیر ببات، بە تایبەت لەبەر ئەوەی شاعیر خۆی، لە دوا دێڕی یەکەمین وێستگەدا، باسی «تاڵی و شیرینیی دنیای ڕێبوار» دەکات، بەڵام هەرگیز لە چێژی جوانی بێ بەشی ناکات.

دووەمین وێستگەی «گەشت لە هەورامان» - ڕێگای ناوباخ -، بە ڕواڵەت وا دێتە پێش چاو کە وەسفێکی جوانی دوا بەشی ڕێگەی گەیشتن بە ئاوەدانی بێت:

**پێش ئەوەی بگەی بە ئاواتی دێ**
**ئەکشێتە ناو باخ تووڵەماری ڕێ**

بەڵام لە جەوهەریدا ئەوە لایەنێکی ڕاستییەکەیە. شاعیر دەیەوێ ڕاستەوخۆ و بێ پێچوپەنا ئەوە بدرکێنێ کە «گوند - دێ» یەکەمین وێستگەی پشووی پاش ماندوویی نەبووە، بەڵکو ئەم «ڕێگای ناوباخ» ە ئەو وێستگەیە بوو:

**شنەی سێبەری داری گوێز و توو**
**ئەسڕێ ئارەقی ڕێبواری ماندوو.**
**تەسکینیی ڕێگای باخەوباخی وێڵ**
**«ماندوو نەبی»یە: لەم کێڵ، بۆ ئەو کێڵ**
**سەلامون عەلەیک. مامەی بن دار گوێز،**
**سەلامی ماندوو. لە پیری بێ هێز!..**
**- مەرحەبا سەر چاو، بەچکەی کاکۆڵ قیت**
**سمۆرەی سەر دار، ڕۆڵەی زرنگ و زیت!**
......................................

ئەو ماندوویی ڕەوینەی لێرەدا بەدی دەکرێ، پتر لە باخەکە.. بە درەخت و جۆگەلە و شنەی بایەوە، مرۆڤە. ئەو مرۆڤەی بە گوتنی «ماندوو نەبی» دنیایەک سۆز هەستی جوان دەردەبڕێت و بۆ ڕێبواری دەگوازێتەوە. ئەمەیانە، نەک هیچ شتێکی دیکە، کە شاعیر بە «تەسکینیی ڕێگای باخەوباخی وێڵ» ناوی بردووە. هەر ئەم هەناسەیەی ئەم وێستگەیەشە کە لە ئامێزمان دەگرێت و بەرەو دەروازەی وێستگەی داهاتوو دەمان گوێزێتەوە:

**ئەڕۆی هەر ئەڕۆی... تەلانە و تەلان،**
**ئەمجا ئەگەیتە پێچی بەر مالان...**

سەرەڕای ئەوەی وەسفی ئێجگار چڕ و ورد و شاعیرانەی سەرلەبەری گوند (دێ، ئاوایی) لەم وێستگەیەدا بەدی دەکرێت، بەڵام لە پەناوە ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژی، بەڵام بە شێوەیەکی هونەرمەندانەی ئەوتۆ کە کار نەکاتە سەر بەهای شیعریی بەرز، بەدی دەکرێت. ئەم مەسەلەیە هێندە لای شاعیر مەبەست بووە کە یەکەمین دوو بەیت و دوابەیت - واتە کلیلی کردنەوە و قفڵی وێستگەکە - هەر ئەو بابەتەیە:

**کام بەر بەرۆچکەی زۆر با سەفایە**
**چەشنی دڵی شاد دێیە، ئاوایە!**
**خانووی بەگزادە لە سای درەختا**
**ئارامیی بووکە لە کۆشی بەختا**
.................................
**لە دێدا کام جێت گەورە بەرچاو کەوت**
**ماڵی ئاغایە و خانەقا و مزگەوت!.....**

بە ڕەچاو کردنی ئەوەی لە سێیەمین بەیتدا خانووی دانیشتووانی دیکەی گوندیش دابەش کراونەتە سەر دووبەشەوە:

**خانووی ئەهالیش زۆریان دوو نهۆم:**
**هەندێ قنج و قیت، هەندێ لار و کۆم..**

دەتوانرێ لە ڕێگەی وەسفی خانووەکانیانەوە پەی بە ئاستی گوزەرانی خاوەن خانووەکان ببرێ: «قنج و قیت» و «لار و کۆم». خاوەنی یەکەمین بەش ئەوانەی کە پشتیان نەکەوتۆتە ژێر باری قورسایی ڕاستەقینە و گەورەی ژیان و ئەوەش لە شێوەی ڕاوەستان و ڕۆیشتنیدا دەردەکەوێ، بەڵام دووەمین بەشیان وەکو خانووەکانیان «لار و کۆم» و پشت چەماوەی ژێر باری قورسی ژیانن. بە ڕەچاو کردنی ئەم لێچواندنە، ئەم بەیتەش هەر لە خزمەتی دەربڕینی مەسەلە چینایەتییەکەدا دەبێت و تاقە بەیتی ئەم وێستگەیە کە نەخرێتە خزمەتی ئەو مەسەلەیە،

لەم وێستگەیەدا، چوارەمین بەیتە:

**یەک لەسەر یەکتر، بەرەو لووتکەی کێو**
**بۆ ئاسمان ئەچن، وەک پێ پیلکەی دێو!**

ئەم بەیتەش لە خزمەتی سروشتی زەمینە لە گونددا، کە تەختایی تێدا بەدی ناکرێت و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت و بەوەش، بە ناچاری گوندەکە هەر بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ.

لە دوا بەیتی ئەم وێستگەیەدا شوێن خەسڵەتی گشتیی هەیە نەک تایبەتی، بە پێچەوانەی بەیتەکانی دیکە. شاعیر بە «لە دێدا» دەست پێ دەکات کە هێندەی دەکرێ مەبەست «لەم دێیەدا» بێت هێندەش دەکرێ مەبەست «لە هەر دێیەکدا» بێت. لە ڕاستیشدا لە تێکرای گوندەکانی کوردستاندا ئەوە ئاشکرا بوو کە ماڵی ئاغا، مزگەوت و - خانەقا، یان تەکیە -، ئەگەر هەبووبێت، گەورەترین و بەرجەستەترین شوێن بوون. ئەگەرچی «گۆران» ئاماژە بۆ ئەوە ناکات کە گەورەیی ماڵی ئاغا بۆ ویستی خۆسەپێنەرانەی ئاغا دەگەڕێتەوە و خەڵکی بە ناچاری -بێگار -کاریان بۆ دەکرد و گەورەیی مزگەوتیش بۆ ڕەنگدانەوەی ویستی خەڵکی ئیماندار بە گشتی و گەورەیی خانەقاش بۆ ڕەنگدانەوەی ویستی ئەو موریدانەی ئەوێ، لەو گوندە و لە شوێنانی دیکەشدا، بەڵام لە وێستگەی «مزگەوت» دا، بە جەخت کردن لەسەر ڕواڵەتی گشتیی ئیمام، کە وێڕای تەمەن، شوێنەواری باری کۆمەڵایەتیشی پێوە دیارە:

**کەسێک بانگ ئەدا، ئەشڵەقێنێ گۆم،**
**ئیمام هەڵدەستێ، دار بە دەست، پشت کۆم!**

جۆرە پۆلێن کردنێکی ناڕاستەوخۆی ئیمام لە چینی خەڵکە چەوساوەکە، نەک چینی ئاغا، بەدی دەکرێت. جگە لەمەش وەسفی ڕیزی نوێژ، پاش بانگدان و ئەو جموجووڵەی بەم شێوەیە:

**تا تەواو ئەبێ «الله اكبر..»**
**پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژکەر...**

ئاماژەیەکی ڕوون بەدی دەکرێ بۆ ئامادەیی خۆبەخشانەی ئەو خەڵکە لە کارێکدا کە ڕەنگدانەوەی باوەڕی تەواویانە بەو مەسەلەیەی کە بناغەی ژیانی ڕوحییانە.

بە گەڕانەوە بۆ ئەو «ناهاوتاییە دەروونی»یەی پێش چەند لاپەڕەیەک ئاماژەی بۆ کرا، دەکرێ پەی بەو ڕاستییە ببرێ کە ئەم مەسەلە چینایەتییە یەکێکە لە سەرچاوەکانی، بە تایبەت لەبەر ئەوەی وەکو لە وێستگەی داهاتوودا دەردەکەوێ، نووستنی شاعیر لە دیوەخانی ئاغادا بووە، «ژینی دیوەخان» یش، هەر لە سەرەتاوە، بەم شێوە وردەکارانەیە باسی لێوە کراوە:

**کە گەیشتیتە بەر دەرگای گەورە**
**هەر خزمەتکارە و لێت دەدا دەورە،**
**ڕێت پیشان ئەدەن تاکو دیوەخان،**
**ئیتر دیوانە و مەرحەبای میوان..**

بەڵام ئەمە تەنیا سەرەتایە و بەدەر لە ئاماژە بۆ زۆریی ژمارەی «خزمەتکار»، کە جەخت کردنە لە ژێر پەردەوە لەسەر ئاستی چەوساندنەوە لەلایەن ئاغاوە، لەو دوو دێرەدا هەموو ئاماژە ڕوونەکان لە خزمەتی «خانەدانی» و «چاوتێربی ئاغا»دایە و نموونەی ڕەفتارێکی ئاسان کەرەوەی کاری «ڕێبوار»یش دەخاتە ڕوو، بەڵام لەو دوو دێرە بەولاوە ئاراستەکە بە تەواوی دەگۆڕێت و سەرلەبەری ئاماژەکانی بەیتەکانی دیکە لە خزمەتی زەق کردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکاندان، بەو ئاراستەیەشییەوە کە ئەو مەسەلەیە تا سنووری کوشتن و خۆ بە کوشت دانیش، لەلایەن نۆکەر و دەستوپێکانی ئاغاوە دەڕوات:

**دەستەی خزمەتکار: فیشەکدان لە مل،**
**بە چەفتە و مشکی، سەر و تەپلە زل**
**دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان**
**چ بۆ سەر برین، چ بۆ سەر دانان!**
**هەچ کەسێک تازە بێتە دیوەخان،**
**کڕنووشێ ئەکا بە سەر دانەوان،**
**گەرمە دیوانی شەوی بەگزادە،**
**تێکەڵ و پێکەڵ بابەت و مادە،...**

هەر ئەم ئاماژەیانەش ئەو ئەگەرە بەهێز دەکەنەوە کە وا بزانرێ ئەم گەشتنامە شیعرییە، ئەگەرچی سەرەتاکانی کەرەستە بۆ کۆکردنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش هەڵگرتنی ئایدیۆلۆژیی کۆمۆنیزم لەلایەن «گۆران»ەوە، بەڵام داڕشتنی لەم قاڵبەدا دەگەڕێتەوە بۆ پاش ئەو قۆناغە و دووریش نییە زادەی دوا گەشتی پێش نووسینی «گەشت لە هەورامان» بێت، بەڵام وەکو خۆیشی لە «سەرەتا»کەیدا دووپاتی کردۆتەوە، شوێنەواری چەندین گەشتی پێوە دیارە، ڕێک بەو شێوەیەی کە خۆی جەختی لەسەر کردووە: «هەست و بینینی چەن گەشتێکی کات و وەرزی جیاجیای پێشوو لە بیرەوەریما پەنگیان خواردەوە».

ڕەنگدانەوەی مەسەلە چینایەتییەکە، لە ڕێگەی شێواز و ڕواڵەتی مەلاوە، سەرلەنوێ، لە وێستگەی «مەلای

دیوەخـــان» دا زەق کـــراوەتەوە، بەڵام لێـــرەدا ڕەهەندی دیکەشی بەخۆوە گرتووە بە شێوەیەک کە چیدی تەنیا لە بواری ڕواڵەتی دەرەوەدا نەهێـڵـراوەتەوە، بەڵکو بەرەو قـووڵایی مـەسـەلە جـەوهەرییـەکـان شـۆڕ کـراوەتەوە. لە دووەمین بەیتی ئەم وێســتگەیەوە ســەرەتاکــانی ئەو ڕۆچوونە دەردەکـەون، بەڵام ناکـرێ یەکـەمین بەیتی ئەم وێستگەیە فەرامۆش بکرێ:

**لەژێر مێزەرا مەلای نووشتاوە،**

**ڕیشی بۆ سەر سنگ پرش و بڵاوە،**

ئایا ئەمـە نـووشـتـانەوەی تەمـەنە، یان خـوێندنەوەی کـتـێب پاش چاو کز بوون، یان نووشـتـانەوەی ژێر باری سەختی سیستمی کۆمەڵایەتیی فیوداڵی؟ ڕەنگە پتر هی دووەمین ئەگـەر بێت، بەڵام سـێـیـەمین ئەگـەریشی لێ بێبەش نییە، بە تایبەت لەبەر ئەوەی لە دووەمین بەیتدا شـێـوەی مـەلا دەرگـای ڕازێکی گـرنگ و ترسناک ئاوەڵا دەکات:

**قیافەت پەرپووت وەک کتێبی کۆن،**

**زمانی شیرین، سیمای نەختێ مۆن**

ترسناکـیی ئەو ڕازە لەوەدایە کـە سـەرەڕای زانایی و دانایی مەلا، بەرانبەر بە نادانی و ستەمی ئاغا، ئەو لەو خۆشی و دەسەڵاتە و ئەمیش لەم بارەدایە، ئەمەش ڕەنگە سەرچاوەی «مۆن» بوونی بێت:

**بازی ڕۆحی چەش بە شیعر و ئەدەب،**

**بەڵام شێوەی زووی عەجەم و عەرەب..**

**بۆ میوان ببێ مایەی تەسەلا**

**لە کۆڕی شەوا: مەلایە و مەلا!**

**تۆ و مەلا و شیعر و فەلسەفەی ئیسلام، (۳)**

**گوێ ڕاگرتنی تاوتاوی عەوام،**

**بە بێ زیاد و کەم دێنێتە پێش چاو:**

**سەرنجی کوێران لە نامەی نووسراو!...**

ئەو «گـــوێ ڕاگـــرتـن»ە، وێڕای ئـەوەی لە بابەتێکە ناتوانن لێی بگەن و ئەو هەوڵەیان وەکـــو «ســـەرنجی کوێرانە لە نامەی نووسراو»، بەڵام دڵنیا بوونیان لەوەی «مەلا» سەرچاوەی ئەو زانیارییەیە کە دەتوانن وەدەستی بێنن و سـەرچاوەی ڕووناککەرەوەی ژیانیـشیـانە، پاڵیـان پێوە دەنێت، ئەگەر تاوتاویش بێت، گوێی لێ بگرن. لەم کـەشـوهەوایەدا، کـە ڕەنگە مـیـوان تاکـەکـەس بێت لە شـتـێکی ئەو بابەتە بگات کـە مـەلا باسی دەکـات و ئەویش بەو شـێـوەیە وا «قـیـافـەت پەرپووت»ە «وەک کـتـێـبی کـۆن»، ئەگـەر لە ژێر کـارتێکردنی سـۆز و هاوسۆزییە چینایەتییەکەش بێت، مەلا لە کەسانی دیکە لە ناخییەوە نزیکتر دەبێت و بەوەش ڕۆیشتنی ئەو چۆڵ کردنی ڕاستەقینەی دیوەخانە:

**کە دیوان چۆڵ بوو، چوویتە ناو جێگا،**

**دەست ئەکەیتە مل خەوی پاش ڕێگا!**

بەڵام چ خـەوێک، ئەوەی هەمـوو دیمەنەکـانی ئامـێـتـە دەبێت و گەنجینەی سرووشەکانی داهاتووی لێوە پێکدێت و تا ماوەیەکی نەزانراو ختووکەی مێشکی دەدات.

..............................

بەو «دەست لە ملی خەو کردنی پاش ڕێگا»یە پەردەی یەکـەمین قـۆناغی گـەشـتنامـەکـە دادرایەوە. لە هەمـان چرکـەشـدا یەکـەمین ڕۆژی کـۆتایی پێ هات، ئەگـەرچی ڕۆژی ڕاسـتـەقـینەش نیـیـە. ئەگـەر بە وردی سـەرنجی دەروازەی قۆناغی تازە بدەین دەرک بەو ڕاستییە دەکەین کە ئیدی شتی بەرز، یان دوور بەسەر یەکەمین وێستگەی ئەم قۆناغەدا زاڵە و ئەمەش لە یەکەمین بەیتی وێستگەی تازەوە ڕوونە:

**(الله اکبر) مەلا بانگانە،**

**تاریک و لێڵی بەری بەیانە..**

(الله اکبر) بانگەشەی ئاسمانە و لای ئەوانەی بڕوایان پێی هەیە و پابەندین، خـەڵکی ناوچەی هەورامـانـیش لەوانەن، سـەرەتای ڕاسـتـەقـینەی ڕۆژی تازەی کـار و فرمـانە، کە بە بەجێـهێنانی ئەرکی ئاسمـانی دەست پێ دەکات. لێرەشەوە یەکـەمین هێڵی سپیی ڕاستەقـینەی بەیان لە ئاسمـاندا دەردەکـەوێ و شـاعـیـر بە «تاریک و لێڵی بەری بەیان» ئاماژەی بۆ کردووە. ئەو ڕووناکییەی وا خـەریکە دادێت و پەردە لە ڕووی شـتـە جـوانەکـان هەڵدەماڵێ، بەلای شاعیری دۆستی گەورەی جوانییەوە دوو لایەنی هەیە و پەردە بەسـەر چەند شـتـێکی جـوانی دیکەدا دادەدات:

**مانگی بەجێ ماو لە سەفەری شەو**

**زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو!**

ئاماژەی ڕوون و ڕاستەوخۆی یەکەمین بەشی ئەم بەیتە ئەوەیە کـە مـانگ لە نیـوە زیاترە - واتە پاش ١٥ ی مـانگی کۆچییـە -، چونکە پێش ئەو کاتە پێش ڕووناک بوونی دنیـا مـانگ ئاوا دەبێت، کـەچی لێرەدا مـانگی هەست وەبەر خـــراو - بە مـــرۆڤ کـــراو -، چونکە دەترسێت: «زەردە لە ترسی...»، ترسەکەی لەوەدایە کە وا شەو کـۆتایی پێ دێت و ڕووناکیی ڕۆژ بە تەواوی ئەم لە مــەودای دەرکـەوتن دوور دەخـاتەوە و دایدەپۆشـێت.

گــۆران هونەرمــــەندانە «زەردەی ڕۆژئاوا»ی بۆ مــانــگ گــواســتــۆتەوە، چونکە لە ڕێی ئاوابووندایە بە هەردوو مەعنای لە کەل ئاوابوون و داپۆشینی لەلایەن ڕووناکیی ڕۆژەوە و ئەم زەردییەشی بە «زەردیی نەخۆشی –ترس» بۆ مــــانـگ لەقــــەڵەم داوە. هەروەها هونەرمــــەندانە سەرچاوەی مەترسییەکەی کردۆتە قاسپە قاسپی کەو، چونکە لەو کــاتەی ڕۆژدا کــە شــەو بەرەو مــاڵئــاوایی هەنگاو دەنێ، لە ئامێزی ئەو سروشتە کراوەیەدا – واتە لە دەرەوەی ئاوەدانییــەکــەدا –، هیچ دەنگێک هێندەی قاسپە قاسپی کەو بەرز و بەرجەستە و دڵگیر نییە و دڕ بەو پاشماوەی تاریکییە نادات.

ئەستێرەی – ئەستێرەکانی – دەم کەل، کە ڕوو لە ئاوا بوونن، بەخــتــەوەرن بەوەی بەو دەردەی مــانـگ ناچن. شاعیر لە وێنەیەکی ئێجگار دڵگیر و دەگمەندا وشەی عــەرەبیی «مــەغــریب –مـغـرب» کــە لە ڕووی زاراوەوە ئامــاژە بۆ کــاتی نوێژێکی فــەرز دەکــات و لە ڕووی زمانەوانیشەوە ناوی شوێنە و مەبەست لێی ئاراسـتـەی «ئاوابوون»ە بە گـشــتی و «ئاوابوونی ڕۆژ – خــۆر» بە تایبــەتی... ئەو وشــەیەی بۆ ئاوابوونی «ئەســتــێــرە» گواستۆتەوە و کردوویەتییە ناسنامەی جیاکردنەوەی لە ئەستێرەکانی دیکە و لەبەر ئەوەی کەلی ئاوابوون بە بەفر داپۆشراوە، ئەو ئەسـتـێـرەیەی کە هێشـتـا بریسکەی بە تەواوی لەدەست نەداوە، بەڵام کز بووە، بە هێـمای هیـوا «ئەمەل» دایناوە، بەو خاسیەتەوە دڵۆپ دڵۆپ دەتکێتە ناو کەلەوە:

**ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل**
**کز کز ئەتکێتە ناو بەفری سەر کەل!**

وشەی «ئەتکێتە» ی دووەمین بەشی ئەم بەیتە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مەبەست لە «ئەستێرە» تەنیا یەک دانە نییە، بەڵکو چەند ئەستێرەیەکە، بەو مەعنایەی «دڵۆپ دڵۆپ ئەتکێــتــە...»، وشــەی «قــەترە – قطرة» ی عــەرەبیش هەر مـەعنای «دڵۆپ – دڵۆپە» دەبەخـشـێت. لێچواندنی ئەستێرەکانی دەم کەلی ئاوابوون بە «قەترەی ئەمـەل – دڵۆپەی هیـوا» وردەکـارییـەکی جـوانکارانەی سـەیری تێـدایە، چونکە چەمکی «ئاوا بوون» کـە پـتـر هەڵگری دەلالەتی «ڕەشبینی»یە، بە چەمکی «ئەمەل – هیـوا»وە بەسـتـراوەتەوە، کـە هەڵگری گـەورەی دەلالەتی «گەشبینی»یە. وەکو ڕوونیـشـە ئەم بەیتەش پتر هەر بە «ئاسمان»ەوە گرێ دراوە.

ورده ورده شاعیر شتـەکان بۆ ئاستێکی نزمتر دێنێ، بەڵام هێشتا هەر بەرز و دوورن. لە دێڕی پێشوودا هەست بەوە دەکـرێت کـە جـمـوجـوڵ لە ئاسـمـانەوە دەست پێ دەکات: «ئەسـتێرەی مەغریب»، واتە ئەستێرەکانی دەم کەلی ئاوابوون، بکەر ئەو ئەستێرانەن. شاعیر بۆ ئەوەی جوانیی ئەو چرکەیە ڕاو بکات و بە زیندوویی – هەست پێ کراوی – لە مێشکماندا بیپارێزێت، ئەستێرەکان بە «ئاوابوون» ناســپــێــرێت، بەڵکو لەو لوتکە بڵند و سەرکەشـەدا «بەفری سەر کەل» ی پێ دەڕازێنێتـەوە.. بەوەش ئەو کەلە و بەفرەکەی و لووتکەکەش بە گشتی لە ژێر کــاریگەریی ئەو ڕازاندنەوەیەدا دەبن. لەم چرکــە ناسک و دڵگیــرەدا یەکـەمین خـاڵی بە زەوی گـەیشتن، بەڵام لەو لووتکە بەرز و دوورەدا، دێتە ئاراوە، ئەگەرچی پێشـتریش «قاسپە قاسپی کەو»، کە لە دراو – معطی– یەکانی سەر زەوییە، وەکو هۆکارێکی ترساندنی «مانگی بە جێ مـاو لە سەفـەری شەو» هاتبـووە ئاراوە، بەڵام ئەو «قاسپە قاسپ» ە تەنیا هەڵگری دەلالەتێکی دیاری کراو بوو «داهاتنی ڕۆژ –هەڵهاتنی خۆر» مایەی ترسەکە هەر «خۆر» خۆیەتی، بۆیە هێشتا خولگەی ڕووداوەکان هەر لە ئاسماندا مـابووەوە و تەنیا لە بەیتی پێشـووە ئەو بەیەک گەیشتنە هاتە ئاراوە و ئەویش لە بەرزترین ئاستی زەوی لەو ڕووبەرە جـوگـرافـیـیەی کـراوەتە گـۆڕەپانی ئەو ڕەوتە جوانیگەرییە.

لە چوارەمین بەیتــــەوە زەوی، بەڵام بە ئامـــــادەیی ڕاستـەوخۆ یان ناڕاستـەوخۆی ئاسـمان، دەبێـتە شانۆی سەرەکیی دیدی جوانیگەرانەی گۆران:

**لە ڕێی ئەوبەری شاخ دەنگی زەنگ دێ،**
**لە شوێنی ڕاوکەر تەقەی تفەنگ دێ!**

ڕووی تفـەنگ لە چییـە!؟، گۆران ئەوەی مـەبەست بوو بێ یان نە، وا مــژدەدەری هەڵهــاتنی خــۆر و داهاتنی ڕووناکی دەبێـتـە یەکەمین قوربانیی ئەو بابەتی مـژدەیە: ئایا «کەو» لێرەدا هەمان ئەو ڕۆڵەی پەروانە «پەپوولە»، لە پێـوەندیی لەگـەڵ مـۆم «شـەمع – شـەم»دا، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە، دەبینێت؟

ڕووداو لە «لووتکە» وە بەرەو «بنار» شۆڕ دەبێـتـەوە. لێرەدا دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر شتەکاندا دێتە ئاراوە و پێ دەچێ ئەو دەســەڵاتە، هەر لەو یەکـەمین هەنگاوەیەوە، ئاوەها بەو کـارە قـێـزەونەی «کـوشتن» و «خـوێن ڕشتن» دەست پێ بکات. ئەو کارە قێزەونەش ئاوەها ئەو باڵندە جوانەی خـاوەن ئەو دەنگە خۆش و کاریگەرەی پێش هەر قـوربانییـەکی دیکە کردۆتە ئامـانجی خۆی. سەیرەکـەش

لەوەدایە کە مرۆڤ، هەر لەبەر ئەوەی بوونەوەرێکی عاقڵە ئەو چیرۆکەی کردۆتە پاساوی ئەو کوشتنە کە «کەو» باڵندەیەکی «خۆ خۆرە» و بەو خوێندنەی – ئەو قاسپە قاسپەی – کەوی دیکە دێنێتە نێو داوی کوشتن و ڕاو کردنەوە، بێ ئەوەی ئەو ڕاستییە باس بکات کە هەر خۆی – واتە مرۆڤ– – کەوی فێری ئەو کارە کرد و بەو شێوەیەی ڕاهێنا. شاعیر ئەمەی نەگوتووە، بەڵام دەری بڕیوە، یان بەلای کەمەوە زەمینەی خۆش کردووە بۆ بیر لێ کردنەوە، یان ئەو ئیحایەی بەخشیوە. ئەمەش زەنگی مەترسییە، بەڵام جیاوازە لەو زەنگەی «لە ڕێی ئەوبەری شاخ»ەوە دەنگی دێت، ئەویان ڕەنگە هی ڕانەمەڕ بێت کە بەرەو لەوەڕگەکانیان دەبرێن. لە هەموو حاڵەتێکدا شاعیر «دووربین»ی خۆی داناوە و دوور و نزیک، لە سروشت و لە ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی مرۆڤەوە، بینراو هەست پێ کراو و نەبینراو و هەست پێ نەکراوەکانیشمان، ڕاستەوخۆ، یان لەژێر پەردەوە بۆ دەگوازێتەوە، ئەمەش هەستیارترین لێدانی دڵە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی جوانیدا.

ئەم چرکەیە «دەنگی تەقەی تفەنگ هاتن» پێویستی بەوە هەیە دنیا هێندە ڕووناک بێت کە بتوانرێ نێچیر بە جوانی ببینرێت، ئەمەش ڕەوتی کات لە ڕێگەی چرکە بە چرکەی چاودێری کردنی سروشتەوە دەیخوازێ. لە بەیتی پاش ئەوەدا ئەم ڕووناک بوونەی دنیا ڕاگەیەندراوە:

**وا بە تەواوی دنیا ڕووناکە،**
**هەر سیحری ڕووتە دنیا ئێستاکە!**

بەڵام پێ ناچێ ئەم دوو حاڵەتەی ڕووناک بوونەوەی دنیایە یەک بن، ئەگەر واش بزانین یەکن، دەبێ ئەوە لە مێشک دوور بخرێتەوە کە گۆران لەو «تەقەی تفەنگ هاتن»ە مەبەستی دەربڕینی ئەو دەسەڵاتەی مرۆڤی هەبوو بێ بەو شێوە قێزەونەی ئاماژەی بۆ کرا. لەم بەیتەدا بە تەواوی ڕووناک بوونی دنیا مایەی سەرتاپا جوانی «سەرانسەر جوانی – سیحری ڕووت» بوونی دنیایە و ئەمەش لەگەڵ ئەو شێوە قێزەونەدا یەک ناگرێتەوە و ناتەبایە.

سێ بەیتی دیکەی وێستگەی «بەیان»، ئەگەرچی بە تەواوی ئەو چرکەیەی بەجێ هێشتووە کە بکرێ بەو ناوە ناو ببرێ، تەواوکەری هەمان ئەو هێڵە گشتییەی نزیک بوونەوەی سروشتی وەسف کراوە:

**لە درەخت ئەدا شنەی بای سەحەر:**
**جم و جووڵیەتی چەشنی سەودای سەر!**
**لەسەر جۆگەی ئاش قاز و مراوی**
**چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی،**
**بەڵام تا خولقی نەکا چێشتەنگاو**
**نایەتە ناو دێ پرشنگی هەتاو!..**

بەڵام لە یارییەکی زەینیی دڵگیردا خوێنەر دەگێڕێتەوە بۆ ئەو چرکەیە: «چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی». جەوهەری ئەم یارییە زەینییە لەوەدایە کە ئەم جارە لەسەر بناغەی بوونی تیشکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ڕۆژ «خۆر»دا دەکات، دەنا کاریگەریی هەڵاتنی بەسەر دنیادا دەمێکە ڕاگەیەندراوە: «وا بە تەواوی دنیا ڕووناکە» و تەنانەت تیشکەکەشی دەمێکە لووتکەکانی ماچ کردووە. ئەم ڕوانگەیە هی ناو گوند خۆیەتی، یان هی دەوروبەری ڕاستەوخۆی: «لەسەر جۆگەی ئاش». سەرلەنوێ شاعیر پەنا دەباتەوە بەر «مرۆڤاندن – الأنسنة»ی شتی دیکە «ڕۆژ – خۆر»: «بەڵام تا خولقی نەکا چێشتەنگاو».. لێرەدا ڕۆژ «خۆر» میوانێکی ئێسک سووک و ڕێز لە خۆ گرتووە و بێ ئەوەی داوەت بکرێت نایەتە سەر خوانی گوند. ئەمە یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی «وەسف» لای گۆران کە بە بەردەوامی «وەسف کراو» لە حاڵەتی ژیان و بزووتن و زیندووییدا ڕادەگرێت و ئەو خەسڵەتە لەدەست نادات، بەڵام بەدەر لەو ڕوونکردنەوەیەی لە پەراوێزی ئەو بەیتەدا خراوەتە ڕوو، دەکرێ سەرنجی ئەوە بدرێ کە ئەم بەیتە خوێنەر دەگێڕێتەوە بۆ دەروازەی سەرەکیی ئەم گەشتنامەیە کە یەکەمین بەیتی یەکەمین وێستگەیەتی:

**کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش،**
**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش**

بەو پێیەی زۆر درەنگ گەیشتنی هەتاو بۆ ناو گوند خزمەتی ڕاگەیاندنی سەختی و کووڕیی شاخەکانی دەوروبەری دەکات و ئەو بەیتەش هەر هەمان مەبەستی ڕاگەیاندووە، بەڵام بە ڕاشکاوی.

# پۆست مۆدێرنە و ڕەگوڕیشەکەی وەک چەمک و مەعریفە

وەهبی ڕەسووڵ
(سلێمانی)

**ڕەگوڕیشەکەی چەمک و مەعریفە**

پێناسەکردنی پۆست مۆدێرنە و دەستنیشان کردنی، کە مایەی سەرقاڵی و گرنگی پێدانی زۆرێک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری مەعریفە و زانست و هونەرە، هەمیشە ورووژێنەری بابەتێکی ترە، کە لە گرنگی و هەستیاریدا هیچی لە بابەتی پۆست مۆدێرنە کەمتر نییە، ئەویش خودی بابەتی (مۆدێرنە) خۆیەتی، بەشێوەیەک کە چەمکی مۆدێرنە لەمیانی ئەو چەمکە دوورە دەستانەدا دێت کە پێناس و دەستنیشان ناکرێن و هەموو نموونەیی بوونێک ڕەت دەکاتەوە. ئەمەش بە ڕادەیەکە کە شتێکی قورس و گرانە لە بەرانبەریدا چەمکێکی تەواو و ئامادەت دەست بکەوێت. گەر حاڵەتەکە بۆ دیاریکردنی چەمکی مۆدێرنە وەهابێت، ئەوە پۆست مۆدێرنە زۆر لەویش زیاتر ئەم حاڵەتە دەیگرێتەوە، وەسفکردنی بە هیولا، یان ئەمیبیا، لەو هەنجەتەوە سەرچاوە دەگرێت کە کەس توانای گرتنی تەنیا پێناسەیەکی نییە بۆی، (دیڤید هارڤی) واتەنی "هەر چۆن بۆ ساڵانێکی درێژ، مانای مۆدێرنەمان لەلا داخراو و نەگیراو بوو، هەرواش ئەو پەرچەکردارەی کە بەناوی پۆست مۆدێرنە دەناسرێت، ئەویش بە داخراوی دەمێنێتەوە، بەڵام بە چۆنایەتییەکی دوو ئەوەندەوە"(١) کەواتە بیروڕاکان هەندێ جار تا ئاستی لێکدابڕان دژ بە یەکن و هەندێ جاری تریش جیاوازبوونەکان لەیەکتر، ڕێژەیین. لەبارەی دەستنیشان کردنی چەمکەکە و ڕەگوڕیشە مێژوویی و مەعریفییەکەی، ئەوەی لەدواجاردا ماوەتەوە و دەمێنێتەوە، دیالۆگ و لێکتر نزیک بوونەوەیە و کارکردنە لەسەر دانان و بەخشینی بێ لایەنییەکان نەک دیاریکردنەکان. سەرباری هەستکردن بە بوونی بەراییەک بۆ ئەم بزاڤە لای هەرکامێک لە (نیتشە، مارکس، فرۆید و هایدگەر)، تێزەکانیان بنەمایەکی فیکری بۆ بزاڤی دوای بونیادگەرایی پێکهێنا، کە لە بری بنەواچەیەکی تیۆرییە بۆ پۆست مۆدێرنە، بەڵام لەگەڵ دەستنیشانکردنێکی زەمانی- فیکری بۆ پۆست مۆدێرنە، نووسەرە تایبەتمەند و پسپۆڕەکانی ئەم بوارە، کۆک و تەبا نابن لەسەر یەک دەستنیشان کردنی کۆکراوە و سەرجەمگیر، بەڵکو زۆرێک لە هەوڵ و کۆشش لەم بارەیەوە خۆدەخەنە ڕوو.

لە هەوڵێکدا بۆ بەدواداچوونی دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە، توێژەری ئەمریکی- بە ڕەگەز میسری- و تیۆریستی پۆست مۆدێرنە لە ساڵانی حەفتاوە (ئیهاب حەسەن)، کۆششی زانینی بنەڕەتی زاراوەکە دەکات و ئەمەش لە وتارە بەناوبانگەکەیدا (بەرەو چەمکی پۆست مۆدێرنە) وەهای دەبینێت کە یەکەمین کەسێک ئەم زاراوەیەی بەکارهێنابێت (فیدریکۆ دی ئۆنیس)ی ئیسپانی بووە، لە کتێبەکەیدا (ئەنتۆلۆژیای شیعری ئیسپانی و ئیسپانی- ئەمریکی) ساڵی (١٩٣٤)،

"ئەمەش هەمان شتە کە (زیائەدین سەردار) جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە وەک بزاڤێکی پەرچەکردار لەسەر، وەسفی دەکات و لە چوارچێوەی مۆدێرنەدا"(٢) و (دولی فیتس)یش سەرلەنوێ لە کتێبەکەیدا (ئەنتۆلۆژیای شیعری ئەمریکی- لاتینی هاچەرخ) ساڵی (١٩٤٢) وەریگرتۆتەوە(٣) هەردووکیان (مەبەست لێرەدا فیدریکۆ و دولی فیتس)ە، ئاماژە بە پەرچەکردارێک دەدەن کە بە پلە دوو دێت لەسەر مۆدێرنە و دامەزراوە لەناویدا، بەڵام چارلز جینکز کە "لە هەڵبژاردنی ناوونیشانەکەی (دی ئۆنیس)دا وەک بنەڕەتی ڕێتێچووی زاراوەکە پێش (ئیهاب حەسەن) کەوتووە"(٤)، دواتر بەم مێژووەدا چووەوە و ڕایگەیاند کە زاراوەکە لە ساڵی (١٩٢٦)وە هەیە، بۆ جاری دووەم بەخۆیدا چووەوە و لەنامەیەکی بەناوبانگدا بۆ (پاشکۆی تایمزی ئەدەبی) ئەوەی ڕاگەیاند "یەکەمین کەسێک کە زاراوەکەی بەکارهێناوە، هونەرمەند و نیگارکێشی بەریتانی (جۆن واتکنس چاپمان)ە، ئەوەش بۆ نیگارکێشانی پاش مۆدێرنەیی، یان پاش ئیمپرێشنیزمی (ئینتیباعی) لە دەیەکانی ساڵی (١٨٧٠)دا"(٥) هەرچۆن ئاماژە بۆ "دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە لەلای (ڕۆدۆلف بانفتز) دەدات لە ساڵی (١٩١٧)دا"(٦) ئەمە لە کاتێکدا جیف فۆنتاین لەم بارەیەوە دەڵێت "یەکەمین بەکارهێنانێک بۆ ئەم زاراوەیە لە ساڵی (١٩٤٧)دا بوو لەلایەن (ئارنۆڵد توینبی)یەوە (١٨٨٩- ١٩٧٦) لە کتێبەکەیدا (کۆڵینەوەیەک لە مێژوودا) بۆ وەسفکردنی دوا قۆناغ لە مێژووی ڕۆژئاوادا، یان لە مێژووی شارستانیەتی ڕۆژئاوادا، کە ئەم قۆناغە بەپێی بیروڕای (توینبی) ڕێڕەوێکی ناعەقڵانی و نائومێدی و ڕەشبینی لە توانانەبوون بۆ بەدەستهێنانی هیچ پێشکەوتنێک و خۆپەرستییەکی زێدەڕۆ و دڵەڕاوکێ، بەسەریدا زاڵ دەبێت. وەک چۆن مەبەستی لێی (واتە لە بەکارهێنانی بۆ زاراوەکە) دیاریکردنی بازنەیەکی تری نوێیە لە شارستانیەتی ڕۆژئاواییی کە لە ساڵی (١٨٧٥)وە دەست پێ دەکات"(٧) لای دانیال ئادامس وای دەبینینەوە "یەکەم بەکارهێنانی زاراوەکە لە ساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بووە، بۆ ئاماژەدان بە بزاڤێکی ئەندازەیی کە ڕۆڵی پەرچەکردارێکی دیوە بەسەر نموونە هێڵبەندییەکان لە بزاڤی ئەندازەی مۆدێرنەدا، ئەم زاراوەیەش فراوان دەبێتەوە تا بزاڤەکانی نێو ئەدەب و هونەر و تێکەڵەیەک لە فەلسەفە و زانستی کۆمەڵناسی لەخۆ دەگرێت، کە وای لێ دەکات بە تیۆرێکی ڕەخنەیی بناسرێت"(٨) هەرچۆن (لیوتار) لە کتێبەکەیدا (دۆخی پۆست مۆدێرنەیی The post-modern Condi-tion) ساڵی (١٩٧٩)" دەرکەوتن و بەرزبوونەوەی قۆناغی پۆست مۆدێرنە بۆ ساڵانی پەنجای سەدەی بیستەم دەگێڕێتەوە، کاتی تەواوبوونی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ئەوروپا، چونکە لەم ماوەیەدا کۆمەڵگەی ئەوروپی چووە نێو سەردەمی پاش- پیشەسازییەوە، بەمەش کولتوور پێی نایە قۆناغێکی ترەوە، کە بە قۆناغی پاش مۆدێرنە دەناسرێت"(٩) بیروڕایەکی تریش هەیە دەڵێت "چەمکی پۆست مۆدێرنە لە میانی حەفتاکانی سەدەی پێشووەوە، خرایە بواری بەکارهێنانەوە. لە بوارە جیاوازەکانی وەک (فەلسەفە، هونەر، زانستەکان، زووبانەوانی، شیکارە دەروونییەکان، سۆسیۆلۆژیا، سیۆلۆژیا، ئەدەب، سینەما، بیناسازی..) پێگەی ئەو بەشێوەیەکی باش دیاری کراوە، بەڵام لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانی هەمان سەدەدا، ئەوەی زیاتر بووە چەمکێکی بەکارهاتووە لە مشتومڕە تیۆرییەکاندا، هاوکات کتێبێکی زۆر لەو ماوەیەدا لە ئەوروپا و ئەمریکا لەچاپ دران، کە بابەتی پۆست مۆدێرنەیان لەدووتوێی خۆیاندا هەڵگرتبوو، هەتا ئەو کتێبانەش ناوونیشانی پۆست مۆدێرنەیان بەشێوەیەک لە شێوە ڕاستەوخۆکان لەخۆگرتبوو"(١٠) و هەردوو نووسەر ئارفنگ هاو لە ساڵی ١٩٥٩، و هاری لیڤین لە ساڵی ١٩٦٠ لە دوو کتێبەکەیاندا (کۆمەڵگەی جەماوەر و هونەری چیرۆکی دوا مۆدێرنە) و (مۆدێرنە چی بوو)، هەردووکیان بەشێوازێکی شیوەن و لاواندنەوە لە پۆست مۆدێرنە دەدوێن، بەو وەسفەی کەوتنە خوارەوەیەکە لە بەرزاییەکانی بزاڤی مۆدێرنیزمی گەورەوە، وەک (ئیهاب حەسەن) وەهای پێ دەڵێت. هەرچۆن بیروڕا هەیە "سەرەتای پۆست مۆدێرنە بە دۆزینەوەی ئەمریکاوە دەبەستێتەوە، هەر لەوێش کۆتایی هاتووە، لە ساڵی (١٩٦٩) ئەو دەمەی یەکەم مرۆڤ نێردرا بۆسەر مانگ، لەو ساتەوەختەدا سەردەمێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتی دەستی پێ کرد"(١١) هەندێکی تر بە "کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە" دەیبەستنەوە(١٢)، لەبەر ئەوەی جیهان کەوتە قۆناغێکی نوێوە بەهەموو شتێکەوە، ڕامیاریانە و ئابووریانە و کولتووریانە و تەکنۆلۆژیانە. بەرانبەر بەم

خستنەڕووە هەندێکی تر بۆ ئەوە دەچن "کۆتایی جەنگی سارد و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت و پاشەکشەی ئایدۆلۆژیای مارکسی، بکەنە سەرەتایەک بۆ قۆناغی پۆست مۆدێرنە و کۆتاییەک بۆ قۆناغی مۆدێرنە کە لەنێوان ساڵانی (١٧٨٩- ١٩٨٩)دا درێژبۆتەوە و بەکۆتا هاتنی، کۆتایی بە سەردەمی ڕۆشنگەریی" هات(١٣) ئەمە لەکاتێکدا کەسانێکی تر "ڕووخانی دیواری (بەرلین) ساڵی (١٩٨٩) بە دەستنیشان کردنی سەرەتایەک دەزانن بۆی"(١٤) گەر ئەم دەرەنجامانە بەبەستینەوە بە دەرکەوتنی پۆست مۆدێرنەوە، بە ڕوودانی گۆڕانکارییەک لە لایەنی سیاسیدا، بەتایبەت دوای تیاچوون، یان نەمانی سەنتەرگەری دوو جەمسەری لەو سەردەمەدا، واتە ماوەی نێوانی وەرچەرخانی سەنتراڵیزم و جۆرەکەی، گەر ئەو ماوەیە ماوەیەکی کورتیش بوبێت.

لە بەرەنجامی کردنی تر هەیە لە هەوڵی بەستنەوەبیدان بە لایەنی تر، وەک شۆڕشی پیشەسازی سێیەم و هەڵکەوتنی کۆمەڵگەی پاش پیشەسازی (کۆمەڵگەی مەعریفە)، کە مەعریفە دەبێتە بنەما لە چالاکی ئابووریدا و کەرتی خزمەتگوزاری دەبێتە سیمای ئەو چالاکییە، هەرچۆن لای (فریدریک جیمسۆن) دەرکەوتنی پۆست مۆدێرنە بە دەرکەوتنی سەمتی سەرمایەداری نوێوە دەبەستێتەوە، کە ئەویش سەرمایەداری دواکەوتووە کە خۆ بە کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانەوە دەبەستێتەوە و ئەنجامیش فراوانبوونێکی گەورەی کولتوورە لەسەر درێژبوونەوەی بواری کۆمەڵایەتی، بەئاستێک کە بتوانی تێیدا بڵێیت "هەموو شتێک لەژیانی کۆمەڵایەتیماندا بۆتە کولتووریی"(١٥) و لەهەمان ڕەوتدا (دیڤید هارڤی) وای دەبینێت کە پۆست مۆدێرنە "بەرهەمی پرۆسێسەکانی وەرچەرخانە لە ماوەی فۆردیی- کەنزییەوە بۆ قۆناغی کەڵەکەبوونی نەرم" گەر ئەم هۆکارانەی لێی دواین بۆ سەرهەڵدانی فیکری پۆست مۆدێرنە هۆکاری ئابووری- کۆمەڵایەتی بن و خۆیان لە گەیشتن بە لووتکەی ئابووری سەرمایەداریدا بدۆزێتەوە، ئەوە هەندێ شیکردنەوەی تر "پەرەسەندنی تیژڕەوی زانست و تەکنۆلۆژیا، بە هۆکاری دەرکەوتنی دەزانن. وەک هەندێ بۆچوون کە دەستپێکەکانی پۆست مۆدێرنە بە دەرکەوتنی تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەرەوە، لە سەرەتای ساڵانی شەستدا دەبەستێتەوە، وەک هێزێکی هەژموونگەرا بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە"(١٧) بیریارێکی وەک (جان بۆدریارد) هۆکارەکانی دەرکەوتنی دەبەستێتەوە بە فراوانبوونی کاریگەری ڕاگەیاندنی نەرێنی (سلبی) و جیهانی وێنەوە لە پروپاگەندە جەماوەرییەکاندا لەسەر پێودانگە کۆمەڵایەتییەکان و دەڵێت "ئێمە لە جیهانێک لە وێنەدا دەژین، بەڵام هەمووی وێنەی ساختەیە، ئێمە بەرەو سەردەمێ دەگوازرێینەوە حەقیقەتی تێیدا بەرهەمە بۆ پێودانگە کۆمەڵایەتییەکان و زانست تێیدا تەنیا ناولێنانێکە بە چەندین جۆرە لێکدانەوەی دیاریکراوەوە دەبیەستینەوە"(١٨) هاوکات کەسانێکیش هەن کە مێژوویەکی وردی بۆ دیاری دەکەن، "یەکێ لە نووسەران کاتژمێر سێ و نیوی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە لە مانگی تەمووزی ساڵی (١٩٧٢)، بە سەرەتایەک بۆ سەردەمی پۆست مۆدێرنە دادەنێت، کاتێک بیناکردنی تەلارێک بۆ نیشتگە لە (سانت لویس) لە ویلایەتی (میسۆری) ئەمریکا تەواوبوو، ئەم تەلارە بەجێ لووتکە دادەنرێت لە پێشەنگیکردنی بیناسازی لە سەردەمی مۆدێرنەدا"(١٩)، بەڵام وێنەکە لەپڕێکدا گۆڕا، ساتێ ئەم تەلارەیان بەبێ کەڵک دایە قەڵەم بۆ نیشتەجێبوون، بەو مانایەی ئەوەی گونجاوە بۆ سەردەمی مۆدێرنە، بەسەرچووە لەوەی لەگەڵ بەخشەکانی سەردەمی نوێدا بگونجێت، لەمیانی زانستی ئەندازەی بیناسازیدا"(٢٠) کەسانێکی تر بۆ ئەوە دەچن "کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای بیست و یەک بە خاڵی جیاکەرەوە دابنێن، لەنێوان نموونەی کۆن (مۆدێرنە) و سەرەتای نموونەی نوێ (پۆست مۆدێرنە) کە پێدەچێت ئەم قۆناغە جێگیر نەبێت و لێوانلێو بێت لە هاودژیەکان، لەبەر ئەوەی لەخۆیدا تایبەتمەندی لە مۆدێرنە و لە دوارۆژی پۆست مۆدێرنەیی هەڵگرتووە"(٢١) لەم بارەیەوە (مطاع الصفدي) دەستنیشانکردنێکی فیکری بۆ سەرەتای پۆست مۆدێرنە دەکات، یان مۆدێرنەی دواین (الحداثة البعدية)، وەک خۆی حەزدەکات وەها ناوزەدی بکات و دەڵێت "گەر بکرێت مێژوویەکی مادی هەبێت بۆ لە دایکبوونی مۆدێرنەی دواین، ساتەوەختی خستنەڕووی ئەم پرۆسە ڕۆژئاواییە لە لووتکەی لێکدژی و یەکێتییە قەوارەییە هاوچەرخەکەی دەبێت لەنێوان میتافیزیکیا و ئارکیۆلۆژیا، لەنێوان میتۆدێک بۆ نواندن و گشتگیری بەلایەک و تەرخانکردن بەلایەکی تر، لەنێوان دەسەڵاتی بێ کۆتای فیکری بێ کۆتا و پێوەر و باوەڕەکانی،

لەنێوان ئەوەی ناوزەد دەکرێت بە ناوی گشتی بۆ کۆتابوون، ئەو شتەی ناتوانرێت دەرباری بوترێت بە یەک تایبەتمەندێتی نەبێت ئەویش کە: (جیاواز)ە."(٢٢) بیرورایەک لە بیروراکان کە خاوەن بەهای خۆیەتی، دەستپێکی دەرکەوتنی پۆست مۆدێرنە دەگێڕێتەوە بۆ شۆڕشەکەی خوێندکاران لە فەرەنسا، ئایاری ساڵی (١٩٦٨) کە ئایدۆلۆژیا و دروشمی تایبەتی لەو بارەیەوە هەڵگرتبوو، جا لەلایەنی تیۆرییەوە بێت، یان لەلایەنی پراکتیزەکردنەوە بێت بەرانبەر سیستمی زانکۆیی ئەو کاتە، {هەروەک (ریجس دوبریە) بە(پاسەوان، یان پۆلیسی فیکر)(٢٣) وەسفی ئەم سیستمە دەکات.} کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر بنیادنانی فیکری (هەڵوەشاندنگەرایی- پاش بنیادگەرایی) کە لەدواییدا بووە بنەمای فیکری پۆست مۆدێرنە.

شۆڕشی خوێندکاران کە بەها و بنەمای ئاکاری دەسەڵاتی کۆمەڵگەکانی، جا ئەو کۆمەڵگانە سەرمایەداری بووبن، یان کۆمۆنیستی، خستە ژێر پرسیارەوە و جۆرێک لە گومانی وای لەسەریان دروست کرد کە گەیاندییە قۆناغی داماڵینی متمانە لە ڕەواییان، هەرچۆن "یەکەمین بزاوتێک بوو لە پێوەندەکانی مرۆڤ لەم کۆمەڵگەیانەدا تێگەیشت، هاوکات لە هەردوو ڕووی فیکر و پراکتیزەکردنەوە کاری لەسەر ئازادکردنی، لە کۆتوبەندەکانی کۆمەڵگەی خەرج و بەکارهێنان (ئیستیهلاکی)(٢٤)، یان کۆمەڵگەی وەبەرهەمهێنان کرد و هەوڵی بۆ سیستمێکی کۆمەڵایەتی نوێ دا، کە مرۆڤ لە سایەیدا توانای بەدیهێنانی سەربەخۆیی هەبێت، لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ژیانی خۆی بە ئازادییەکی ڕەها و بەبێ هیچ پێوەندێک،کە لەم ئەرکەشدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام هەوڵێک بوو شۆڕشگێڕانە(٢٥) "لە بزاوتی خوێندکاراندا، جا وەک دروشم و فیکر، یان پراکتیزەکردن و ئاسەوار، بەر جۆرێک لە نەهلستی و جیاوازی و گەڕانەوە بۆ پەراوێز دەکەوین، کە لە سیمای فیکری (هەڵوەشاندنگەرایی- پاش بنیادگەرای)یە و بە بنەمای فەلسەفی و فیکری بۆ پۆست مۆدێرنە دادەنرێت، کە بەبێ ئەمە ناتوانرێت هەڵوەستە لەسەر واتای پۆست مۆدێرنە بکرێت،" لە دیارترینی ئەو بیرۆکە کولتووریانەی شۆڕشی ئایاری خوێندکاران ساڵی (١٩٦٨) خستییەڕوو، بیرۆکەی (جیاوازی) بوو، ئەم بنەمایە کە بزاڤی هەڵوەشاندنگەرایی بنیادی فەلسەفی خۆی لەسەر دامەزراند و دواتریش پۆست مۆدێرنە بنیادی فیکری کولتووری خۆی لەسەر کرد"(٣٠)

هەروەک چۆن هەندێ لە بیریاران لە دەستنیشانکردنیاندا بۆ نوێترین مێژوویەک بۆ ڕەگوڕیشەی پۆست مۆدێرنە، دەستنیشانی ڕووداوەکانی (١١ی سێپتەمبەر)دەکەن، تێیدا جیهان تەنیا سەنتراڵبوونی خۆی لەدەست دا، کە لە دوای شکست و کەوتنی یەکێتی سۆڤێت پراکتیزەی دەکرد و بەدەستی هێنابوو، لە دیدگەی ئەم بۆچوونەوە "ئەمڕۆی جیهان خاوەنی هیچ سەنتراڵییەک نییە، ئەم ڕووداوەش کۆتایی بە ڕەوایەتی و هەژموونی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی" هێنا(٣١) گەر بمانەوێت لە دیاری کردنی دەستپێکێ بۆ قۆناغی پۆست مۆدێرنە هەوڵێ بدەین و گەر بەچاوی ئیعتیبار، بڕوانینە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە دەڵێت (هەموو شتێک هەڵگری دژە خودی خۆیەتی لە خۆیدا)، هەروەک چۆن لە دیموکراتییەتدا دەیبینین، گەر داهێنان و تازەکاریی تێدانەکرێت، ئەوە لە خودی خۆیدا دەبێتە هەڵگری تۆتالیتاریزم، "دیموکراتیەت، وەک دوژمنێک، تۆتالیتاریی، لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە"(٣٢) دەربارەی مۆدێرنەش هەمان حاڵەتە، کە هەر لە بەراییەکانی خۆیەوە تۆوی فیکری پۆست مۆدێرنەی لە ناواخنی خۆیدا هەڵگرتووە و لەگەڵ پێگەیشتن و کامڵبوونی مۆدێرنەدا، ئەویش لە باڵاکردندا بووە و دەوروبەرێکی گونجاویشی بۆ هەڵکەوتووە، تا لەشێوەی بزاوتێکی تێڕامان و ڕەخنە و لەبریدانانی بنەماکانی خودی مۆدێرنە بێتەکایەوە.

گەر زاراوەی مۆدێرنە لە خانەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە سەوز بووبێت، دواتر سوودی لێ وەرگیراوە و خراوەتە نێو کایە مەعریفییەکانی تری وەک سۆسیۆلۆژیا و ڕامیاری و شیکاری دەروونی و تەکنیک و زمانەوانی و ئابووری و لاهووت، تا ئاماژەیەک بێت بۆ ماوەیەکی زەمەنی مێژوویی کە ڕۆژئاوا پێیدا تێپەڕیوە، ئەوە زاراوەی پۆست مۆدێرنە وەک لە گوتاری ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی پێشوودا دەرکەوتووە، فەیلەسووفانی بیناسازی دەستپێشخەربوون لە بەکارهێنانیدا، گەر پێش ئەمانیش وتەیەک لای ڕەخنەگرانی ئەدەب هاتبێت، بە گوزارشتی (فریدریک جیمسۆن) کە یەکێکە لە گرنگترین

ڕەخنەگرانی پۆست مۆدێرنە، "هیچ کایەیەک نییە هێندەی کایەی بیناسازی، کە خەڵکی تێدا هەستیان بە (مەرگی مۆدێرنە) کردبێت، یان بەو شێوە تیژە بانگەوازیان بۆی کردبێت، هیچ کایەیەکیش نییە هێندەی ئەو، سنوورە تیۆری و پراکتیکییەکانی، بۆ گفتوگۆ لەسەر شێوەی بەرنامەیەک، تێدا ڕوون کرابێتەوە"(٣٣)

(جان فرانسوا لیۆتار)یش جەخت لەسەر ئەم دەستنیشانکردنە دەکات بۆ کایەی بیناسازی و وای دادەنێت کە "بواری بیناسازی ئەو بوارەیە کە پرسیاری پۆست مۆدێرنەی بە سەختترین تیژیی تێیدا خرایەڕوو، لە گرنگترین دۆستانی ئەم ڕێبازەش (لۆکۆر بۆزێ و فرانک لویدرایت)ن، کە پشتگیری ئەم شۆڕشگێڕانەیان کرد وەک بانگەوازێک بۆ نوێبوونەوە لە شێوەدا و بە گۆڕانکاری کردن لە بۆشایی بیناسازیدا، بە ئامانجی ئەوەی ببێتە گۆڕانکارییەک لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە گشتی و دەبێتە بەدیلێک بۆ شۆڕشێکی سیاسی"(٣٤) کۆمەڵێ کاری تیۆری بەرایی، لە دووتوێی چەند کتێبێک و لەلایەن چەند نووسەرێکی پسپۆڕەوە، دەربارەی دامەزراندن و تایبەتمەندییەکانی بیناسازی پۆست مۆدێرنە بەدەرکەوتن. دەربارەی پێش دەستی کردن لە بەکارهێنانی زاراوەی پۆست مۆدێرنەدا، لەلای (نک کای) ڕێکەوتی بۆچوونێکی تر دەکەین کە دەڵێت "بەکارهێنانی زاراوەی پۆست مۆدێرنە لە بواری تیۆری و ڕەخنەی درامادا بۆ هونەری سەماکردن لە سەرەتای ساڵانی شەستەوە، پەیوەستە بەو گۆڕانکاریانەوە کە لە هونەری سەماکردندا لە ئەمریکا ڕوویان دا، ڕەنگە زۆر زیاتر لە پەیوەستبوون بەهەر هونەرێکی ترەوە. هەروەک چۆن ڕەخنەگر چارلس جینکس شێوازە نوێیەکانی هونەری بیناسازیی کردە خاڵێکی دەرچوون بۆ وەسفکردن و ناساندنی هونەری پۆست مۆدێرنە، هەرواش زۆرێک لە ڕەخنەگران لە شۆڕشی سەماکەران و هونەرمەندانی تیپی جادسۆن بۆ شانۆی سەما لە نیویۆرک، لەسەر سەمتی سەمای ئەمریکی مۆدێرن و شێوازە بە ئاگاکانی و ڕەتکردنەوەی ئەوان بۆ ئەم سەمت و شێوازانە، سەرەتایەک لە لادانی ڕیشەیی لە دارشتن و سەمتە هونەرییە مۆدێرنەکان دەبینن."(٣٥)

بەشی هەرە زۆری بوونی کێشەی توانایی نەبوون بۆ (تەنانەت) بە نزیکی دەستنیشانکردنی ڕیشەی بەکارهێنانی چەمکی پۆست مۆدێرنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نووسەرانەی حەزیان لە گەمەی دۆزینەوەی پشتی مێژوویییە (هەروەک ئیهاب حەسەن وایان ناو لێدەنێت) و کار لەسەر گێڕانەوە و دۆزینەوەی پێشینە ڕابردووەکان دەکەن، نەک هەر هێندەو بەس، بەڵکو بە ئارەزووی خۆیان توانایی کشان دەبەخشنە زاراوەکە و بەکاری دەهێنن بۆ هەر شتێ خۆیان ئارەزووی بکەن. تا وای لێهاتووە زاراوەکە پانوپۆڕ و فشۆڵ بووە، وەک (ئەمبرتۆ ئیکۆ) دەڵێت "هەستێکی وام لا دروست بووە، ئەمڕۆ بەکاردەهێنرێت بۆ گوزارشتکردن لەهەر شتێ، بەپێی ئارەزووی بەکارهێنەرەکەی، ئەمە بێ لەوەی کە هەوڵێک هەیە بۆ کردنی بە خاوەن ئاسەوارێکی کۆنەخوازی (مێژوویییانە)، لە سەرەتادا بەسەر ژمارەیەکی دیاریکراو لە نووسەر و هونەرمەندانی چالاک لە دوو دەیەی ڕابردوودا پراکتیزەکرا، ئینجا بەرەبەرە بەرەو سەرەتاکانی سەدەکە دابەزی، دواتر بۆ زەمەنێکی لەپێشتر، ئەم بەرەو دوا ئاراستەگرتنە بەردەوام دەبێت و زەمەنێکی ئەوەندەی پێ ناچێت، تا وتەزای پۆست مۆدێرنە بەسەر (هۆمیرۆس)یشدا پراکتیزە دەبێت"(٣٦) بەڵام ئەوەی شایەنی تێبینی کردنە جیاوازی کردنە لەنێوان دوو ساتەوەخت، بەلایەنی مێژووگەرایی زاراوەکەوە، ئەو ساتەی بەدوای پشتێنەیەکدا بۆ زاراوەکە دەگەڕێین لەنێوان زۆر جۆرە نووسەر و سەردەمانی جیاوازدا، بەڵام بەشێوەیەک، کە پاڵپشتێکی وەها پێکبهێنێت، هێزێکی مێژوویی و ڕەسەنێتی کولتوور ببەخشێتە زاراوەکە. ساتەکەی تریش ساتی وشیاری جیاوازکارییە، ئاشکرایە کە ساتەوەختی دووەم بەدوای یەکەمدا دێت و هاوکات لەخۆگریشیەتی، بە شێوەیەک کە یەکەم لەنێو دووەمدایە، ئەم ساتە بەو بازنە زەمەنییە دیاری کراوە، کە دەستنیشانی چەمک و هزری تێدا کراوە، لە میانی بەخششە مەعریفییەکانی سەردەمەکەیەوە، بەوەش کە بەخششێکی هزریی نوێ پێکدەهێنێت، کە بارودۆخی مێژوویی ئامادە نەبووە بۆ دەرکەوتنی لەم ساتە زەمەنییەدا نەبێت، بەمەش پۆست مۆدێرنە بەنووسینی ئەو نووسەرانەی هەوڵیاندا بیکەنە چەمکێکی جیاوازی ئاوێتە بەسەر چەمکی مۆدێرنەدا، بە دیاری کراوی لە ماوەی ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی ئەم سەدەیەدا.

**پەراوێزەکان:**


**(١) الشيخ، محمد و ياسرالطائري، مقاربات في الحداثة**

ومابعد الحداثة، حوارات مشتقاة من الفكر الالماني المعاصر، بيروت: دار الطليعة، ١٩٩٦،ص.١٠.

(٢) سردار، ضياءالدين: مابعد الحداثة و الآخرالامبريالية الجديدة للثقافة الغربية، عرض جريدة البيان الإماراتية. دبي، الخميس ٢٤ مايو، ٢٠٠١.

(٣) حسن، إيهاب: نحو مفهوم لـ(مابعد الحداثة) ت: صبحي حديدي، مجلة الكرمل، العدد: ٥١، ربيع ١٩٩٧، ص١٣.

(4) Charles Jencks what is post-modernism? Academy Edition, 1986.

وەرگیراو لە : رضوان جودت زيادە. صدى الحداثة، الدار البيضاء : المركزالثقافي العربي، ٢٠٠٣ ، ص,١٨

(*) لە دیالۆگێکی هاورێ هونەرمەندە ئیمپرێشنیستەکانیدا، بەستایلی نیگارکێشانەکەی (چاپمان) دەڵێن ئەمە کارێکی هونەریی مۆدێرن نییە (چونکە ئەو دەمە کارێکی هونەریی ئینتیباعییان بە کارێکی هونەریی مۆدێرن ناوزەد کردووە، بەو هۆکارەی ڕێبازی سەرەتای بزاڤی مۆدێرنە بووە) ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: کەواتە ئەمە کارێکی هونەریی پاش مۆدێرنە. کە مەبەستی پاش ئیمپرێشنیزم بووە. (و. ر)

(٥) حديدي، صبحي: الحديث، الحداثة، مابعد الحداثة: ماذا في ال(مابعد) من قبل ومن بعد؟ مجلة الكرمل، العدد: ٥١، ربيع ١٩٩٧، ص٥١.

(٦) الرويلي، ميجان و البازعي، سعيد: دليل الناقد الأدبي، بيروت: المركز الثقافي العربي، ط/ ٢، ٢٠٠٠، ص ١٣٨.

(7) Jeff Fountain, Post-Modernity. A global Weather change? http:// www.hfe-org. resource articles / postmod.html.

(8) DANIEL JADAMS. Toward A Theological understanding of post modernism. http: www.corsscurrents.org / adams.html.

(٩) ابو احمد، حامد: نظريات مابعد الحداثة، ضمن كتاب الحداثة ومابعد الحداثة (مجموعة مقالات) جمع وترتيب: قسم الثقافة و الدراسات – الجماعة الاسلامية في كردستان العراق. مكتب الاعلام/ ٢٠٠٣، ص٣٤، والمقال من صفحة ٢٦ الى صفحة ٤٨.

(١٠) حەمە، ئازاد : بیری پۆست مۆدێرنیزم،سەرچاوەی ئاماژەبۆکراو٢٠٠٢، ل,٥٤

(11) Vaclav Havel, The Need for Transcendence in the post modern world, File/ A the need for transcendence in the post modern world.html.

(١٢) النقاش، فريدة: قضايا مابعد الحداثة في الادب والنقد، بيروت: دار الفكر، ١٩٩٨، ص١٣.

(13) Roy Edgemon, post Modernism and Evangelism, http:/ www.bawnet.org.

(14) Howard Cincotta, Post-Modern Diplomacy and the new media hhttp./ www.cisp.org/imp/july-2001/07/01 cincotta.html/.

(15) Hidr Eid, worlding Deconstruction postmodernism, http: //node 9 . phil 3.unifreiburg , de / 1999/ eid . html.

(١٦) هارفي، ديفيد. حالة ما بعد الحداثة، ترجمة :د.محمد شيا، م: د.ناجي نصر و د.حيدر اسماعيل بيروت: المنظمة العربية للترجمة، ٢٠٠٥،ص ١٧١.

(17) Dr. Mary Kluges, post modernism , http://www.colorado.edu / Engle 2012.

(١٨) الحسيني، خالد. اشكالية الحداثة في عالم مابعد الحداثة، www.Fikrwanakd.aljabriabed.com

(19) Andrew Boyd, save western civilization now. Ask me how! http //www. wander body .com.html.

(20) Jeff Fountain, post- modernity: a global weather change? Op , cit.

(21) Suzanne Meyer, Unitarian universalism and postmodern imagination, www.edgenet.net /fearpenter/ meterpst.html.

(٢٢) الصفدي، مطاع : الكلمات و الاشياء، بيروت: مركز الإنماء القومي، ٢٠٠٢، ص ٩.

(*) شۆڕشی خوێندکاران لە فەرەنسا لە (٢٦)ی نیسان لە زانکۆی (نانتیر)وە هەڵگیرسا و لە(٣)ی ئایاردا بەیەکدادان لەنێوان خوێندکارانی زانکۆ لە ڕاستڕەو و چەپڕەو لە زانکۆکەدا ڕوویدا، کە بووە هۆی بانگکردنی هێزی پۆلیس کە چواردەوری زانکۆکەیان دا، کە ئەمەش پاڵی نا بە خوێندکارەکانەوە بۆ بەردەوامی لەسەر مانگرتن و داواکاریی کشانەوەی پۆلیس و

کـۆتاییـهـێنان به دەوڵەتی پۆلیس، لەبەرانبەر کـۆتاییـهـێنان به مانگرتنەکە، بەڵام هێزی پۆلیس هێرشی کردە سەر خوێندکاران و شەڕ لە گەڕەکی لاتینی ڕوویدا، دوای ئەوە خوێندکاران توانیان دەست بەسەر (سۆربۆن)دا بگرن و سەربەخۆبوونی ڕاگەیەنن، هەر لە سـەرەتاوە، هاوشـانی ئەم مـانگرتنانەی خـوێندکـاران، کرێکارانیش مـانیـان گـرت، کـه فـەڕەنسـای هێنایە سـەر خـاڵی وەرچەرخـان، گـەر دەسـتـێوەردان و هاتنەناوەوەی سپـا نەبوایە و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و سەرلەنوێ کردنەوەی هەڵبژاردن، کە بە سەرکەوتنی (دیگۆلیەکان) کۆتایی هات، ئەمەش پشتگیریی دا بە (دیگۆل) کە سەرکوتی ئەو شۆڕشە خوێندکاریە بکات (شۆڕشی ئازادی لە وڵاتی ئازادیدا). لەم بارەیەوە بڕوانە هەریەک لە:

(23) May of 1968, http:// may 68 html. . www.geocities.com./youth4sa

(٢٤) مـراد، أحمـد: ثورة الطلاب، دراسـات عربيـة، العـدد: ١٢، ١٩٧٢.

(٢٥) العجيـزي، عبد العزيز. ثورة آيار (مايو) ١٩٦٨ في باريس، مجلة السياسة الدولية، العدد: ١٤، ١٩٦٨.

(٢٦) حرب، علي: أوهام النخبـة أو نقـد المثـقف، بيـروت: المركز الثقافي العربي، ١٩٦٦، ص ٢٥.

(٢٧) شـبـيـر، افـرام داود: دور المثـقـفين في التـحـولات الاجتـمـاعيـة، رسالة مـاجستـيـر مـقدمـة الى كليـة القـانون و السياسة، جامعة بغداد، ١٩٧٩، ص ٤٢٧.

(٢٨) شبير، افرام داود: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤.

(٢٩) بڕوانە هەریەک لە: ليـكس، مـارك: أحـداث (١١) سيبتمبر أعلنت نهاية شرعية الحداثة الغربيـة كنموذج مسيطر، لقاء العدد، إعداد سوسن حسين، مجلة السياسة الدولية، العدد: ١٥ أكتوبر ٢٠٠٢،ل ١٢٠.

هەروەها: زياده، رضوان جودت: صدى الحداثة: مابعد الحداثة في زمنها القـادم، دار البيضـاء: المركز الثقـافي العربي ٢٠٠٣، لەلاپەڕە (٩٧) بۆ لاپەڕە (١٥٥).

(٣٠) خـريسـان، باسم علي: مـابعـد الحـداثة: دراسـة في مشروع الثقافي الغربي، دمشق: دار الفكر، ٢٠٠٦، ل ١٤٠.

(*) یەکـەمین بەکـارهێنانی زاراوەی (مـۆدێرنە) لە زمـانی ئینگلیزیدا، لە کتێبی (پێوانەیەک بۆ شیعری مۆدێرن– survey of modernist poetry)ی (گریڤز و رایدنگ Graves and Riding)دا بووە، کە لە ساڵی (١٩٢٧)دا چاپ کراوە. بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: بروکـر، بيـتـر: الحـداثة ومـابعـد الحداثة، ت: د.عبدالوهاب علوب، م: د.جابر عصفور، ابوظبي: منشورات المجمع الثقافي، ط، ١٩٩٥، ل٢٠.

(٣١) جـيـمـسـون، فـريدريك: سـيـاسـات النظرية،الواقف الآيدولوجية في جدل مابعد الحداثة،ت: فخري صالح،الكرمل،ل ٤٠.

(٣٢) ليـوتار، جان فـرانسـوا: الوضع مـابعـد الحداثي، ت: احمد حسان، القاهرة: دار مشرقيات، ١٩٩٤، ل ١٧.

(*) لەنێـوان ئەو کـارانەدا: کـتـێـبـەکـەی (ڕۆبرت فـینـتـوری) بەناونیشـانی (فـێـربون لە لاس فـیـجاسـەوە) سـاڵی (١٩٧١). زنجیرەیەک دیالۆگ کە (کریستـۆفەر جینکس) وورووژاندوویەتی و ئەو نمایشـەش کـە (بیـیـر باولۆ بۆرتۆگـیـزی) لە (لەپاش هونەری بیناسازیی مۆدێرن) کردی و کـتێبی (جێن جاکۆبز) بەناوونیشـانی (مەرگ و ژیانی شارە گەورە ئەمریکییەکان) کە ساڵی (١٩٦١) لەچاپ درا و بڵاوکرایەوە، نووسەر تێیدا پێشبینی خواستێکی شـارنشـینانەی نوێی کـردووە و وای دەبینێت کـە ئەو پانتـاییـە شـارنشـینانەی مـۆدێرنە دروسـتی کـردوون، لە ڕووی مـادییـەوە، خاوێن و ڕێکخراون، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕوحییەوە، لە مردن نزیکترن. هەروەها کتێبەکەی (مارشاڵ بیرمان)ی بەناوبانگ (هەر تەنێکی ڕەق دەتوێتـەوە و بە تۆز و هەبا دەبێت–all that is solid melts in to air) و کـتـێـبـەکـەی ڕۆژنامـەنووس (تۆم وۆڵف) بەناوونیـــشـــانی (لە باوهاوســـەوە بۆ مـــاڵە هاوچەرخەکانمان– from Bauhaus to our house) کە مشـتومڕێکی گەرمی لەنێـوان لایەنگران و نارەزایانی بزواند. لەم بارەیەوە بڕوانە:

رضـوان جودت زيادة، صدى الحداثة: مابعد الحداثة في زمنها القادم، سەرچاوەی ئاماژەبۆکراو، ل ١٩.

(٣٣) كـاي، نك: مابعـد الحداثيـة و فنون الآدائيـة، ت: نهـاد صليحـة،القـاهرة:الهيـئـة المصرية العـامـة للكتـاب،١٩٩٩، ص ١١١.

(٣٤) ايكو،أمبرتو:مابعد الحداثة والسخرية والامتـاع، ت: د.عبدالوهاب علوب، ابوظبي: منشورات المجمع الثقافي،١٩٩٥ ص ٣٥٤.

# نیکۆلاوس کوسانوس کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

**سەرەتا**

١- نیکۆلاوس کوسانوس (Nicolaus Cusanus) (١٤٠١- ١٤٦٤ز) بەدوا لاهووتی و فەیلەسووفی سەدەکانی ناوەڕاست دادەنرێ. لە دەڤەری کویسی نزیک باژێری تریر لە ئەڵمانیا هاتۆتە دنیاوە. بەرابەرێک لەو ڕابەرانە دادەنرێ کە هەوڵی ڕیفۆرم و چاکسازییان لەنێو کڵێسەی مەسیحیدا داوە. لە پەرەپێدانی زانستی سەردەمی خۆی و بیرکاری و لاهووت و فەلسەفەدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، ئەگەرچی خۆی لە بنەڕەتدا لاهووتییە و لە چوارچێوەی جیهاندیدی کڵێسەدا گۆش کراوە، بەڵام ئەوەی بۆ تۆمارکراوە کە لە تێکدانی ئەو جیهاندیدەدا دەستبەکار بووە. بێ گومان لە چ گۆشە و سۆنگەیەکەوە تەماشای ئەو چالاکی و قۆناغە بکرێت سروشتەکەی دیاری دەکرێت. لە کاتێکدا لاهووتییە لایەنگیرانی مەسیحیەتی سەدەکانی ناوەڕاست بە گومان و ئەگەرەوە سەرنجی لاهووت و فەلسەفەی کوسانوس دەدەن و بە دیاردەیەکی شێواندنی سروشتی ئەو قۆناغەی دادەنێن، مێژوونووسانی فەلسەفە بە تایبەتی ئەڵەمانەکان نیکولاوس کوسانوس بە سوارچاکێکی سەردەمی خۆی دادەنێن کە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستی بە سەدەکانی سەردەمی نوێ گرێداوە. پردی نێوان فەلسەفەی لاهووتی مەسیحی و فەلسەفەی ئەڵەمانی هەڵبەستووە، ئەو پردە دەستەبەری بەردەوامی و درێژەکێشانی بزاڤی بەرەوپێشچوونی گیانی ولاتانی خۆرئاوا بووە.

کوسانوس ڕێچکەی هزر و لاهووت و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی شکاندووە و بە لایەکی دیکەدا ئاراستەی کردووە، بەو لایەدا هیچی تر بیری لە سرووش (وەحی) و دۆگم و کاروباری لاهووت و ئایینی کڵێسە نەکردۆتەوە، بەڵکو ڕووی لە ژیریی مرۆڤ کردووە و گازندە و ڕەخنەکانی ئاراستە کردووە، بۆیە بە

دامەزرێنەری فەلسەفەی ئەڵەمانی دانراوە(١) و کارێکی گەورەشی لە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمان کردووە.

بەپێی ســــەرچاوەکـــــان دەربارەی لاهووتـی نـارێ (نێگاتیڤ) شتی گرنگ و بایەخداری تۆمار کردووە کە لەسەدەی نۆزدە و بیستدا بە تەواوەتی خەتو خاڵی داوە، بە تایبەتی دەربارەی پەی بردن بە بوون و خەسڵەتەکانی ڕەب و ئەو بابەت و خـالانەی بە نهـێنییــــە پاک و پیرۆزەکانی دۆگمی کڵێسە دانراون. لە زانین و پرۆسەی پەی بردندا هەنگاوی ســەرکـەوتووانەی بەرەو پێـشـی هەڵگرتووە. هەوڵی داوە ئەو بۆچوونە پشت ڕاست بکاتەوە، ئەو شــتـانەی مـرۆڤ دەیانزانێ و پەیان پێ دەبات گەوهەر و پوختەی شت ناگرنەوە، زانینیش خۆی لە چەند گریمانە و مەزندەکردنێک بەولاوە پتر نییە. ئەو پرۆسـەیە بەو جـۆرەیە کـە مـرۆڤ دەیەوێ هەمـیــشــە لە سـۆنگە و گـۆشـەیەکی نوێوە سـەرنجی بوون و بوونەوەر بدات، لێــرەوە نـوێی و مــۆدێرنی هەڵوێســتــەکـــە بەدەردەکەوێ، ئەمەش خۆی تەنیا هەر هەوڵ و کۆششە.

**پرۆسەی زانین**

١- پرۆســەی زانین بەگــشــتی و بابەتی زانین وەک ڕێبـازێک بەدەروازەی چوونە نێـو جـیـهـانی پانوبەرینی جیهاندیدی فەلسەفە لاهووتییەکەی کوسانوس دادەنرێ. ئەگەرچی لەو لایەنەی فەلسەفەکەیدا کە ناکرێ بە لقێکی سەربەخۆ دابنرێت، جۆرە گومانێکی نیمچە میتۆدەیی، بەڵام سـادە و سـاکـار بەدی دەکـرێت، بە تـایبـەتی لەو سۆنگەیەوە پشت ئەسـتـوور بە قـسـەکـەی سـوکـرات کـە هەمـیــشــە کـردبووی بە دروشم: شــتـێک دەزانێ ئەویش ئەوەیە: هیچ نازانێ، باسی نەزانینی مرۆڤی کردووە چۆن شت نازانێ و وادەزانێ دەیزانێ. لە بابەتێکدا کـە لەسەر شێوازی گفـتوگۆ و پرسیار و وەڵامە بەناوی«مرۆڤێکی ساکـار و قسـەکەرێکی گەورە» نووسـیـوبەتی چەمکێک بەناوی: «نەزانینە سـەر ناسـەکـە» docta ignorantia دادەڕێژێ، ئەمە لە خۆیدا لایەنی گومان و ئەگەرەکە پشت ڕاست دەکـــاتەوە: ســەرناسی نەزان، شت زانی نەزان کـاتێک شت دەزانێ ئەگـەر هاتو پێی زانی شت نازانێ لەو بابەتەدا کـە شـانۆکـەی لە سـەرتاشـخـانەیەک -Ba bierstube ڕوویداوە بەو جۆرە دەست پێدەکات:

لەســەرەتادا دەپرســێ: ژمــاردن، پێــوان، کــێــشــان (تەرازوو) چۆن ڕوودەدات؟ لە وەڵامــدا دەڵێ بەوەی لە یەکتری جودا و جیاواز بکرێن. دیسانەوە دەپرسێت باشە لە یەکـتـری جـودا و جـیـاواز کـردن چۆن دەبێ و چۆن دەقەومێ؟! ئایا ئەمە بەهۆی یەکەوە ناژمێردرێ، بۆ نموونە جارێک دەگوترێ یەک دووجار دوو، سێ جار سێ و چوار جار چوار..؟ لێرەوە کوسانوس دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ژماردن لە یەکەوە دەکرێ بکەوێتەوە. کەوابوو سەرچاوە و بنەمـا یەکە، ئەگـەرچی هەمـەڕەنگی خـۆی ئەو بابەتەیە سـەرنجڕادەکـێشێ. بنەڕەتی هەمـوو شت و شـمـەکـێک ئەوەیە بە هۆیە و لێـــیـــەوە هەمـــوو کـــەوتووەوەیەک دەکەوێتەوە و پەیدا دەبێت(٢). بەلای کوسانوسەوە ئەو یەکــە، ئەو بنەمـــایە بەهۆی شـــارەزایی و ئەزمـــوون و هەستەکانەوە پەی پێ نابرێ و نازانرێ، بەڵکو ئەو زانین و پەی پێبردنە بە شێوازێکی پێشیییانەی Aprioismus بێ پێـشـەکی و بەبێ ئەنجـامگیـری دەبێت، کـە لەسـەر شێوەی بۆ هاتنێکی لەناکاو دەبێ.

٢- ئەگــەر مــرۆڤ لەو ســەرچاوانە وردبێــتــەوە کــە دەربارەی فـەلسـەفـەی دوا قـۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست بەگشتی و کوسانوس بە تایبەتی نووسراون، ئەو وێنەیە لە مێشکیدا ڕەنگ دەڕێژرێ کە ئەم لاهووتییە شێوازی هزر و نووسینەکەی لۆژیک و بیرکاری (ماتماتیک) بووە، بەڵام لە توێژینەوەکەیدا ئەم دووانەی ئاوێتـەی لاهووت و میـتـافیزیک و سۆفێتی کردووە. ئەو چەمکانەی بەکاری هێناون و پرۆســــە و ڕەوتی زانـینی پێ دیار و دەست نیـشـــان کـردوون، ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکـەنەوە. زانین ئیـتـر زانینی بابەتی کۆتایی و سنووردار بێ، یان هی بێ کـۆتایی و ڕەهاو بێ سنوور بێ لە زانینی ئەوەی نازانرێ و پەی پێ نابردرێ بەولاوە نییە.(٣)

ئەو بڕیارە لە ڕەوشێکی دەروونی سۆفێتی ناکەوێتەوە، بەڵکو ڕێگایەکی زانینی ڕەخنەگرانەی فەیلەسوف نیشان دەدات کــە لەو باوەڕەدایە گــیـــان و هۆشی مــرۆڤ لە نـەزانـیـنـدا شـت دەزانـن، نـەزانـین و پـەی پـێ نـەبـردن سەرچاوەی زانینە، دوا قۆناغ و تایبەتمەندییە کە مرۆڤ بتــوانێ شت نەزانێ!! بە ئاگـــابوون لەو ڕەوشـــە و هۆشیـاربوون لە بارەیەوە و بە تەواوەتی خـەتوخـاڵ دانی ئەو تێگەیشـــتنە Einsicht زانســـتی نەزانینەکـــەی لێـدەکـەوێتـەوە و لێـوەی پەیدا دەبێ. لەلایەکی دیکەوە کـوسانوس گـوتەنی، چەندە بڕوامـان بەو توانای نەزانینە هەبێ، ئەوەندە پتر خۆمـان لە ڕاستی و هەقـیـقـەت نزیک دەکـەینەوە. ئەو بۆچوونەی ئەم لاهووتییــە کـە پتـر لە ڕێـگـایـەکی نـارێ دەچێ، دەکـــرێ بە لاهـوتی نـارێ نێگاتیڤ دابنرێت. ئەگــەر مــرۆڤ نەتوانێ شــتــێکی

دیاریکراو کە تایبەتمەندی خۆی هەبێ پێناسە بکات، دەکرێ بەو جۆرە پێناسەی هەمان شت بکات کە شتە، خۆی شتێکی تری پێچەوانە بێت و ئەو تایبەتمەندییەی نەبێت. مرۆڤ ناتوانێ یەک ڕەنگی و یەکتایی و بێ وێنەیی بوونەوەرێکی هێز و توانا لە سنوور بە دەری سەرووسروشتی پێناسە بکات، بەڵام دەتوانێ بە پێچەوانەوە پشت ئەستوور بە سەلمێنە و بەڵگەی ژیر و لۆژیک ساغی بکاتەوە کە ئەو بوونەوەرە ناکرێ فرە ڕەنگ و هەمە جۆر و هێز و توانا سنووردار بێت. ئەو بابەتە دەکرێ لە لۆژیکی ڕوخسارەکی فۆرمیدا پتر ڕوون بکرێتەوە:

لۆژیکی ڕوخسارەکی بە بنەمای ناکۆکی- بێ ناکۆکییەوە خەریک دەبێ و ئەو چەمکە بە یەکتری ناکۆکانە بەرانبەر بە یەکتری ڕادەوەستن و گەوهەری خۆیان لە دەست نادەن:

ئەگەر: A هەبێ ئەوە B نابێت.

ئەگەر: B هەبوو ئەوە A نا دەبێ، ئەنجامەکەش بەم جۆرەیە(٤):

ئەو بنەمایانە بنەڕەت و ڕێسای فام «تێگەیشتن»، تێگەیشتن خۆی کە لە هزر بەولاوە نییە، بۆیە وەک ناکۆکییەکان سنووری یەکتری نابەزێن، ئەویش ناتوانێ سنووری زانینەکە ببەزێنێ و لە توانایدا نابێ پەی بە ڕەهایەتی ڕەببانی بەرێت.

٣- ئەگەر بابەتی سەرووسرووشتی ڕەها نەکرێ پەی پێ ببردرێ، ئایا دەکرێ بابەتی تری ئاسایی کە سروشتی و سنووردارن بزانرێن؟ ئەگەر وەڵامەکە بە ئا بێت ئەم پرۆسەی زانینە چۆن دەبێت؟ بەلای کوسانوسەوە ئەگەر نەکرێ مرۆڤ پەی بە بوونەوەری ڕەها بەرێ، ئەوە مرۆڤ بەهۆی شتی دیاریکراوی سنووردارەوە ناتوانێ بگاتە ئەو ڕادە و قۆناغەی بە زانینی بوونی ڕەهای بێ سنوور (ڕەب) بگات، بەڵام ئەو شتە سنووردارانە دەتوانن بزانرێن و پەیان پێ ببردرێت. زانین خۆی لەخۆیدا بریتییە لە ژماردن و پێوان و بەراوردکردن. ئەو ژماردنە پشت بە ژمارە دەبەستێ، گیان خۆی چالاکییەکی توندوتۆڵی ئەو زانینە دەگرێتە خۆی هەر خۆی ژمارە دادەهێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی گیانی مرۆڤ توانایەکی سنوورداری هەیە، دەتوانێ تەنیا لە پرۆسەی زانیندا توانایەکی سنووورداری داهێنانی هەبێ، بۆیە گیان لە پرۆسەی زانیندا خۆی فۆرم و ڕوخسارەکە دادەهێنێ(٥) و پشت بەو کەرەسە و بابەتە دەبەستێ کە بەدەستی دەهێنێ، ئینجا دەکرێ بگوترێ بابەتەکانی زانین پابەندی خۆ (خودی) مرۆڤن، چونکە ئەو ڕوخسار و دوا فۆرمیان پێ دەبەخشێ.

مرۆڤ کاتێک شتی ئاسایی سنووردار دەزانێ و پەی پێدەبات ئەگەر ئەو شتەی دەیەوێ بیزانێ لەگەڵ شتێکی تردا کە دەیزانێ جۆرە پێوەندییەکی لەنێوانیاندا دروست کرا، ئەو پێوەندییە بریتییە لە بەراوردکردن. هەردووکیان بەراورد دەکات بۆ ئەوەی لە یەکتری چوون و لە یەکتری جیاوازییان دیار و دەستنیشان بکات، ئەم پرۆسەیە دەستەبەری پەی پێبردن و زانینەکە دەبێ. شتی سنووردار و ئاسایی لەیەکتری جیاوازن، بۆیە دەکرێ بەشێوازی جیاواز لەیەکتری جیابکرێنەوە و بزانرێن. بەهۆی ئەزموونی پەیبردن و زانینی جیاوازی نێوان شتە سنووردارەکانەوە چەندین چەمکی دیاریکراو ڕۆدەنێین و دادەڕێژین(٦).

## بنەما بنەڕەتییەکانی هزر

لە جیهاندیدە فەلسەفەییە لاهووتییە هەمەڕەنگییەکەی کوسانوسدا چوار خاڵ بە بنەما بنەڕەتییەکانی پرۆسەی هزر دانراون:

**یەکەم:** بنەمای بوون و جیهان یەکڕەنگی و گیانە.

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفەوە لە یۆنان ساغکردنەوەی بوونی بنەمای بنەڕەتی کە هەموو شتێکی لێکەوتۆتەوە و پەیدا بووە، بەڵام خۆی پەیدا نەبووە و گۆڕان نایگرێتەوە خولیای مێشک و ناخی دەروونی فەیلەسووفەکان بووە. ئەم کۆششە پرسیارێکی تری وروژاندووە، ئەگەر بنەمایەکە کەرەسە و یەکڕەنگی و یەکەیەک بێ، ئەو جیاوازی و فرەڕەنگییە چۆن و لە چییەوە هاتووە؟

بەلای کوسانوسەوە ئەو فرەڕەنگییە و جیاوازییەی هەیە بە هەلومەرجێک پشت ئەستوورە ئەویش یەکێتی و یەکڕەنگییە لە بنەما بنەڕەتییەکەیدا. فرەیی ڕێککەوتە و تەنیا هەر یەکە و یەکڕەنگی ناچارەکییەکی(٧) هەبوونە. فرەیی تەنیا ئەو کاتە دەزانرێ و پەی پێدەبردرێ ئەگەر هاتو لە یەکڕەنگی بەشداری بکات و لەوەوە بکەوێتەوە. ئەو بنەما یەکڕەنگییەی جیهان ئەگەرچی یەک یەکەیە لەگیان- ژیر بەو لاوە نییە. دەبێ تا چ ڕادەیەک کانت و هیگڵ سوودیان لەو بۆچوونە وەرگرتبێ؟!.

**دووەم:** ئەوەی هەیە ڕاستییە (حەقیقەتە) یان لەو دەچێ.

بەلای ئەو لاهووتییەوە ئەوی هەیە ڕاستییە، یان لە

ڕاستی دەچێ و لێوەی نزیکە. ئەوی ڕاستی نەبێت، یان لە ڕاستی نەچێ، ناکرێ و ناشێ هەبێ و بوونی هەبێ(٨) ئەگەر لە جیاتی وشەی ڕاستی وشەی بوون دابنرێت، ئەو هاوکێشەیە بەم جۆرە دەبێت:
– بوون لەخۆیدا.
– بوون لە یەکێکی تردا.
– بوون لەنێو و بەهۆی لە یەکچوونەوە.
بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دابەشکردنە کوسانوس نموونەی گەرمی دەهێنێتەوە: گەرمی لەخۆیدا هەبێ، یان لە بابەتێکی گەرم بوودا هەبێ. گەرمی هەبوون لەو گەرمییەدا هەیە کە لە بەڕاستی گەرمییەکەی خۆیدایە. هەبوونی لە بابەتی گەرم و گەرم بوودا، هەبوونە لە هی تردا بەپێی لەیەکتری چوون. لە یەکتری چوونیش یەکەیەکی لەوی تردا هەبوونە. ئەو بۆچوونە تیۆری نموونەی بەرزی ئەفلاتوون دەهێنێتەوە یاد. چۆن بەهۆی شتی لەیەکتری چووەوە نموونەیەکی بەرز دەکەوێتەوە تایبەتمەندی هەموو بوونە جیاوازە لە یەکتری چووەکان لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە. ناکرێ ئەو لایەنەش پشتگوێ بخرێت کە شت لەخۆیدا و بۆ خۆیی شت خۆی ئەو سێ بابەتە بوون کانت لەتیۆری زانیندا باسی کردوون.
لە یەکچوونەکە یەکە و یەکڕەنگی لە ئەوی تردابوون بەرجەستە دەکات: ڕاستەقینە و هەڵکەوت بە تێکڕایی، لە دەستنیشانکردنێکی ڕووت و ڕەوان، یان لە بابەتەکانی ئەزموونەوە کە تێیدا دەستنیشانکردنە ڕوون و بێ گەردەکان تێکەڵ بە یەکتری دەبن، پەیدادەبن و پێکدێن.
**سێیەم**: پرۆسەی شت زانین لە سێ ئاست پێکهاتووە:
– زانینی هەستەکی (بەهۆی هەستەکانەوە)
– زانینی ژیرەکی (بەهۆی ئەقڵەوە)
– زانینی ئەوەی لەسەرروو سنوور و توانای ژیرەوەیە(٩).
لەو بنەمایەدا سکوتس پشت ئەستوور بە قسەکەی سۆفستاییەکان کە مرۆڤیان کردووە بەسەرپشکی هەموو شتێک، وای داناوە مرۆڤ گەوهەرێکی هەستیاری ژیرە و دەتوانێ سنوور ببەزێنێ و ئەو سنوور تێپەڕاندنەی بریتییە لەوەی بتوانێ ببێ بە پێودانگ و پێوەری هەموو شتێک. مرۆڤ بە گشتی بەو شێوازە جۆراوجۆرانەی زانین کە لەتوانایدا هەیە، پێوەری جیهان دادەنێ و ڕەنگ دەڕێژێ.

**چوارەم**: مرۆڤ داهێنەری کولتوور و جیهانی چەمکەکانە
بەلای سکوتسەوە دوای ڕەب، مرۆڤ دووەم داهێنەرە، ئەگەر ڕەب خۆی دنیای داهێنابێ، ئەوە مرۆڤیش وەک داهێنەری دووەم جیهانی کولتوور و چەمکەکانی داهێناوە(١٠).
ئەگەر لەنێوان داهێنانی ڕەب و ژیرەکەی لە یەکچوون هەبێ، ئەوە بەرهەمهێنانی هونەر و کاری دەستی مرۆڤ لەگەڵ ژیرەکەیدا لەیەکچوون هەیە. ئەم لە یەکچوونە دەکرێ ببێ بە بنەمایەکی لە یەکچوونی لە یەکچوو: ناکرێ بگوترێ لەنێوان کۆتایی و سنووردار و بێ کۆتایی و بێ سنوور پێوەندییەکی ڕێژەیی نییە، بە هەمان جۆر و شێوە دەکرێ بگوترێ:
لە یەکچوونی لەیەکچووی ژیری ڕەببانی لە ئارادا هەیە.. مرۆڤ بەو داهێنانەی بەدییان دەهێنێ لە یەکچوونی پلەی دووەم بەدەست دەهێنێ، لە یەکچوونی لەیەکچووی ژیری ڕەب... مرۆڤ ژیرە، بەهۆی ژیرییەوە شت دادەهێنێ، ئەو داهێنانە لە جێگای خۆیدا لەو داهێنانە دەچێ کە ڕەب بەهۆی ژیرەوە بەدی هێناون، هەروەک چۆن فۆرم و ڕوخساری دەرەکی کار و پیشەی دەست و هونەر لە ڕوخساری سروشتی شت دەچن دەربارەی ئەوەی مرۆڤ بەو داهێنانەی لە ڕەب دەچێ، شتەکە هەروایە و لەوە بەولاوە نییە.

## ڕەب، جیهان، گەردوون

١– ئەگەرچی نیکۆلاوس کوسانوس لەسەردەمی خۆیدا پلەوپایەیەکی گرنگ و بەرچاوی لە دەزگاکانی کڵێسەدا هەبووە، بەڵام لە جیهاندیدە لاهووتییە فەلسەفەییەکەیدا تۆمەتی ترسناکی لە پارسەنگ نراوە و بە توندی سەرزەنشت و گازندە کراوە. گوایە گومڕا بووە، باوەڕی بە بنەما بنەڕەتییەکانی ئایینی مەسیحی و دۆگمەکانی کڵێسە نەماوە. لە نووسینەکانیدا سنووری نێوان ئیمان (بیروباوەڕ) و زانستی نەک هەر بەزاندووە، بەڵکو شێواندوویەتی. بەجۆرێک ئاخافتووە جیهان و ڕەببی کردووە بە یەک و هیچ جیاوازییەکی لەنێوانیاندا نەهێشتۆتەوە. بڕوای بە سێ ڕەنگی «ڕەب و ڕۆڵە و گیانی پاک» لە دەست داوە. لەوەش پتر ڕەب لەلای بووە بەبێ سنوور و بێ کۆتاییەکی لەدەست نیشانکردن نەهاتووە! ئینجا بەچاوێکی ڕێز لێ نەنانەوە تەماشای بنەماکانی تەورات و ئینجیلی Bible کردووە. ڕەب

لەلای ئەو هیچ جۆرە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کەسایەتی تاکی یەسوعەوە نەماوە، چونکە بە تێکڕای مرۆڤایەتییەوە بەند کراوە(١١).

ئەگەر مرۆڤ لەو گازندە و ڕەخنانە وردبێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە پتر سروشتی ئایینی و لاهووتییان هەیە و پشت بە هەست و سۆز و بڕوا و باوەڕ و ئیمان دەبەستن و لە ڕوانگەی فەلسەفەی پیادەڕەوەکانەوە فەلسەفە و جیهاندیدی ژیرەکی کوسانوس دەکات بە نیشان و تیرەبارانی دەکات.

ئایا ڕاستە کوسانوس سنووری بنەما و ڕێساکانی کڵێسەی ئایینی مەسیحی بەزاندووە و گومڕابووە؟! ئەگەر لە ڕوانگەی ئەرستۆوە ڕەخنە کرابێ، دەبێ فەلسەفەکەی خۆی چ سروشتێکی هەبووبێ؟!

٢- بەپێی سەرچاوەکان کوسانوس گومڕا نەبووە، بەڵکو بڕوای بە بوونی ڕەب هەبووە کە بەلاتینی تایستی theistisch پێدەگوترێ، بەڵام لە نووسینەکانیدا هەندێک چەمکی بەکارهێناوە لەگەڵ بۆچوون و جیهاندیدی لاهووتی کڵێسەی مەسیحی سەردەمی خۆیدا نەگونجاون. ئەو لاهووتییە باسی پێکەوە هەڵکردنی ناکۆکییە دژ بە یەکترییەکانی کردووە بە جۆرێک کە جیاوازییەکانی نێوانیان پێکەوە دێنەوە. ئەو پێکەوە هاتنەوەیە ئەگەرچی جۆرە بوون بە یەکڕەنگییەکی لێوە دەکەوێتەوە، بەڵام ئەوە نابەخشێ کە هەموو جیاوازییەکان نەمێنن و لەناو بچن. ئەمە ئەو تیۆرییەیە کە بە وەک یەکی دژە ناکۆکەکان ناوبراوە. لە بوونەوەری سنووردار و کۆتاییدا (کە مەبەست مرۆڤ و زیندەوەری ئاساییە) جیاوازی و ناکۆکی دژ بەیەکتری هەیە و سەرنج ڕادەکێشن. بۆ نموونە زیندەوەری سنووردار و کۆتایی لە بوون و گەوهەر پێکهاتوون و ئەم دووانە لە یەکتری جیاوازن و جیان، بەڵام لە بوونەوەری بێ سنووری ڕەهادا (مەبەست ڕەببە) ئەو جیاوازییانە پێکەوە دێنەوە و لەگەڵ یەکتریدا دەگونجێن.

ڕەب کە بوونەوەرێکی ڕەهای بێ سنوور و بێ کۆتاییە تێیدا ناکۆکە دژ بە یەکترییەکان یەک ڕەنگ دەبن، خۆی لەخۆیدا گەوهەرێکی ڕەهای لە ڕادەبەدەر گەورە و مەزنە، ناکرێ لەوە گەورەتر بێ کە هەیە و وایە. هەروەها ناکرێ بچووکتر بێ لەوەی کە وایە، ئەگەر ئەو ئەوپەڕی بێت Maximum، ئەوە دەکرێ کەمترینیش بێ Minimum. ئەو لە پێکەوە هاتنەوەی تەواوەتی ناکۆکە دژ بە یەکترییەکان هەردووکیانە «ئەوپەڕەکەی و کەمترینەکەی(١٢).» بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانرێ بوترێ ڕەب هیچ کامێکیان نییە نە ئەوپەڕی گەورەیە و نە ئەوپەڕی کەمترین و بچووکترینە!

ڕەب چالاکی و توانا و قودرەتێکی ڕەهای بێ سنوور و بێ کۆتاییە، لەودا لەنێوان ئەوی دەکرێ ببێ و ئەوی هەیە هیچ کەلەبەر و جیاوازییەک نییە. ڕەب هێز و توانایەکی سەرووسروشتی ترانسندێنتی ئەوتۆیە هیچ هێزێکی سنووردار و کۆتایی ناتوانێ پەی پێ بەرێ. لەگەڵ ئەوەشدا جیهانی هەڵکەوت ئەو داهێنەریەتی و ڕەب نیشان دەدات و بەرجەستەی دەکات. داهێنراوەکان کە کرانەوە و بەدەرکەوتنی ڕەب نیشان دەدەن جۆرە «هاتنەوەیەکی» بێ سنوور و بێ کۆتاییە لە سنووردار و کۆتاییدا، ئەوپەڕی یەکەیەکی یەکڕەنگی ڕەهایە لە فرەڕەنگیدا، نەمرییە لەنێو کاتدا.

جیهان کە لە بوونەوەر و زیندەوەری سنوورداری کۆتایی پێکهاتووە دەکرێ بەشێواز و واتایەکی دیاریکراو بەبێ سنوور دابنرێ، چونکە جیهان لەخۆیدا توانایەکی بێ کۆتایی بەردەوام بوونی هەیە. ئەوی پێوەندی بە جێگاشەوە هەیە Raum جیهان سنووری بۆ نییە، چونکە لە دەرەوەیدا شتێک نییە سنووری بۆ بکێشێ و سنوورداری بکات، بۆیە ناکرێ لە جیهاندا باسی سەرەوەی و ژێرەوەی و ناوەندەکەی بە واتایەکی ڕەها بکرێت. بەو پێیە کاردینال کوسانوس خۆی لە یەکڕەنگی بوون کە بە عەرەبی بە «وحدة الوجود» ناوبراوە نزیک دەکاتەوە. جیهان وێنەی لەبەر گیراوەی Abbild وێنەی ڕەببانییە و چۆن ئەنجام لە هۆکاردایە، ئاوەهاش شتەکان لە ڕەبدان(١٣).

پشت ئەستوور بە تەوراتی جوولەکە کە بنەمای ئینجیلی کڵێسەی مەسیحییەکانە بڕوای بە داهێنانی جیهان هەبووە هەروەک چۆن لە سفری پەیدا بووندا باس کراوە، بەڵام هەوڵی داوە لە سۆنگەیەکی فەلسەفەیی لاهووتییەوە شرۆڤەی بکات:

گەردوون سەبارەت بە ڕەوش وەک قەومان سەبارەت بە کردار وایە. ڕاستە بە لێکەوتنەوە(*) (فیض) جیهان لە ڕەببەوە پەیدا بووە، بەڵام ئەو پەیدا بوونە لە جەوهەری ڕەببەوە نەبووە، بەڵکو بەهۆی بیرکردنەوە و لە هزرییەوە کەوتۆتەوە و پەیدا بووە، بۆیە دەکرێ بوترێ ڕەب هۆکاری داهێنەرە. هەروەک چۆن لە یەکڕەنگی و یەکەی بێ سنووردا هەموو شتێک هەیە، لە ئارامیدا بزووتنەوە و لە بزووتنەوەدا کات و لەنێو لە یەکچووندا جیاوازی هەیە،

ڕەب خۆی هەموو شتێکی گرتۆتە خۆی و هەموو شتێکی تێدایە. جیهان و گەردوون کرانەوە و بەدەرکەوتن و بەرجەستەکردنی ڕەبن کە بەچاو نادیترێ و پەی پێ نابردرێ، بەڵام ڕەب خۆی لەخۆیدا بەدەرنەکەوتوو و پەی نەبراو و نەدیتراوی بەدەرکەوتووی دیار و ئاشکرایە. ئەو خۆی هۆکاری داهێنەر و گیان و نەفسی جیهان و گەردوونە. سروشت خۆی لە ڕەبدا ڕەبە و لە گیانماندا گیانە و لە هەستەکاندا هەست و هۆشە.

٣- لە فەلسەفەی سروشتیدا بە تایبەتی ئەوەی پێوەندی بە زەوی و جیهانەوە هەیە کوسانوس بە پێشەکی فیزیکی نوێ، بە تایبەتی بە پێشەنگی ئەو پرۆسەیە دادەنرێ کە لەلای کۆپێرنیکۆس (١٤٧٣-١٥٤٣ز) بە تیۆرتەسەلی باس کراوە و بەرگێکی زانستی بەپێی ئەو سەردەمە بە بەردا کراوە.

کوسانوس خۆی ئەگەرچی لاهووتییە، بەڵام لەنێوان سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنێسانسدا، لەنێوان لاهووت و فەلسەفەدا چالاک بووە، هەوڵی داوە وەڵامی چەند پرسیارێک کە شێوەی کێشەیان هەبووە وەک یەکڕەنگی سێ لایەنی «ڕەب، ڕۆڵە، گیانی پاک» بداتەوە. لە کایەی پرۆسەی زانین و زانستی سروشتدا بیروبۆچوونی بوێرانەی هەبووە، کۆششی کردووە پشت ئەستوور بە بابەتی هاوردە و شایەتی هەستەکان ئەو وێنەی جیهانییە کە کڵێسە داکۆکی لێکردووە و تارادەیەک خوێنی فەلسەفەی سروشتی ئەرستۆ لە شادەمارەکانیدا بووە، بلەقێنێ، لەو کۆششەیدا سەرکەوتوو بووە و ئەو وێنەی جیهانی فیزیکی سەردەمی خۆی هێناوەتە لەرزین.

لە وێنەی جیهانی فیزیک (فەلسەفەی سروشتیدا) کوسانوس باوەڕی بە ڕێژەیی بزووتنەوە و جێگا هەبووە، هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە زەوی مەڵبەند و چەقی جیهان نییە و دەجووڵێتەوە، ئەگەرچی مرۆڤ وا بە ئاسانی هەست بە بزووتنەوە و جووڵانەوەی زەوی ناکات. زەوی ناکرێ ئارام بێ و نەجووڵێتەوە ئێمە لەسەر زەوی وەک ئەو کەسە واین کە لە کەشتییەکی نێو دەریا دایە هەست بەوە ناکات ئاوەکە، یان شەپۆلی بە تەوژمی ئاوەکە پاڵ بە کەشتییەکەوە دەنێ و مرۆڤی ناو کەشتییەکەش قەراغی دەریاو وشکانی نابینێ(١٤) کوسانوس زەوی لە چەق و ناوەندی جیهان لادەبات، چونکە لە توانای مرۆڤدا نییە و ناکرێ خاڵ و چەقێکی ڕەهای ناوەند دەستنیشان بکرێت، ئەگەر ئەو چەقە ڕەهایە ناوەندە دەستنیشان بکرێت و ساغ بکرێتەوە دەبێ ئارامی ڕەها و سەقامگیری زەویش پشت ڕاست بکرێتەوە، ئەو دووانە هیچیان لە کردن نایەن!. ئەگەرچی ئەو بڕیارە بوێرانەی ئەو لاهووتییە کە تیۆری و بۆچوونی جیوسەنتەری (زەوی ناوەند و چەقی گەردوونە)ی ڕەت کردۆتەوە، بەڵام لەو باوەڕەدا نەبووە، یان نەیتوانیوە ساغی بکاتەوە و بیزانێ کە زەوی بە دەوری خۆر (ڕۆژدا) دەخولێتەوە. ئەو بۆچوونەی ئەو لاهووتییە هەر لەسەردەمی خۆی لەلایەن لاهوتییە لایەنگیرەکانی جیهاندیدی کڵێسەی مەسیحی هێرشی توندی کراوەتەسەر، چونکە بەلایانەوە ئەو بڕیارە دەبێتە مایەی کەم کردنەوەی شکۆمەندی زەوی و پایە و پلەی پیاوچاکان کە لەسەر ئەو زەوییە ژیاون و ژیانیان بۆ پەرستنی ڕەب و یەسوعی مەسیح و داکۆکی کردن لە کڵێسە بەخت کردووە. هەروەها ئەو بۆچوونەی کوسانوس- بە قسەی ڕابەرانی کڵێسە- لەو ڕاستییە کە یەسوعی مەسیح هاتۆتە سەر زەوی و زەوی پیرۆز کردووە چاو دەپۆشێ!.

زەوی وەک جاران ناوەندی گەردوون نەماوە و ئەو شوێن و مەڵبەندە دیار و تایبەتییەی هەیبووە لە دەستی داوە، جگە لەوەش دەبزوێ و دەجووڵێتەوە. ئەگەر نەکرێ زەوی ناوەند و چەق بێ، ناشکرێ قەوارەیەکی دیاریکراوی هەبێ، چونکە ئەگەر زەوی ئەو دوو شتەی هەبێ، دەبێ سەرەتا و دەستپێک و کۆتاییشی هەبێ و ئەمانە هەر ناگونجێن. لە دەرەوەی زەویدا جێگا و شوێن Ort نییە ئەگەر ئەمە هەبوایە سنوورێکی بۆ زەوی دادەنا، ئەوەش بە پێچەوانەی ڕاستییەوەیە(١٥) ڕاستە ناکرێ بە چاوی ئەم سەدەیە تەماشای ئەو بیروبۆچوونە بوێرانەی ئەو لاهووتییە بکرێت، بەڵام ئەو بڕیارەش هیچ ئەگەر و گومانێک هەڵناگرێت کە جیهاندیدەکەی ئەم لاهووتییە بەهیچ بنەمایەکی ئەزموونی و تاقیکردنەوە و ئەسترۆنومی پشت ئەستوور نەبووە، بەڵکو لە چەند بۆچوون و وردبوونەوە و مەزەندەیەکەوە کەوتوونەتەوە. خۆی لە سەرەتایەکدا بە مەزندە ڕەبی عیسای مەزندە کردووە، بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەو مەزندەیە ئەو تایبەتمەندییانەی کە داویەتییە ڕەب کە بێ سنوور و ڕەهایە زەوی و بوونی سروشتی لێ بێ بەش کردوون.

سەدەکانی ناوەڕاست ئەگەرچی ئەو بەرهەمەی لە چوارچێوەی کولتوور و شارستانی مرۆڤدا داویەتە دەست بە بەراورد لەگەڵ ئەو دە سەدەیەی خایاندوویەتی و ئەو هەموو مێشک و خامەیەی پێوەی خەریک بوون کەم و

لاواز و بێ پێــز دێتــە بەر چاو، بەڵام خــۆی لەخــۆیدا قــۆناغــێکی ناچارەکی بووە ڕێژێمی دەرەبەگی و لاهووتی لەســەر داروپەردووی کــۆبلایەتی جــێگیــر کــردووە و دایمەزراندووە، ئەو هەنگاوە لـە خـــــۆیدا جـــــۆرە پێــشکەوتنێکە، یان دەکرێ بەپێی سـەردەمی خـۆی بە جـۆرە پێـشکەوتنێک لە ژیانی مرۆڤـایەتیـدا دابنرێت. ئەگـەر ئەو قـۆناغـە نەبوایە، بە دڵنیـاییـەوە قـۆناغی ڕێنێسـانس و شۆڕشی مەزنی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩ز کـە سـەرتاپای ژیان و کـولتـوور و شـارسـتـانی گـۆڕی نەدەهاتە دی، یان نەدەکرا لە کردن بێت.

لەو سـەردەمـەدا مـەسـیـحـیـەت لە ئایینێکی دەست پانکەرەوە و پاڕانەوە (ئەگەر لە لای ڕاستیان سرەواندی لای چەپی بۆ ڕابگرە) بوو بە ڕێژێمی کــاربەدەست لە سەرانسەری ئەورووپا (ئیتر ڕاستەوخۆ، یان بەهۆی قەڕاڵ و ئیمپراتۆر و شاکانەوە) کۆمەڵگایەکی نوێی توێژ و چین جــیـــاوازی داهێنا، ئەوەبوو لە ســەدەی یازدە بەهۆی جێگیربوونی پلەوپایەی ڕێژێمی دەرەبەگایەتییەوە پلە و پایەکانی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیەش پتەو و جێگیر بووە، دەسەڵاتی سیاسی لە ژێر پەردە، یان بە پاڵپشتی ئایین و کـڵێـسـەوە جێگیـر بووە. لە کۆتایی ئەو قـۆناغـەدا بە تایبـەتی لە سـەدەی سـێزدە بەدواوە زانست وردە وردە لەسەرخۆ و هێمنانە گەشەی کردووە، زانیاری کۆبۆتەوە، گـۆڕانیش لەلای خـۆیەوە بەسـەر جـیـهـاندیدی باوی هزرمەندان و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا هاتووە. ئەوە ئەم مـەبەسـتــەیە کـە وتراوە: پیـشـە و سنعـات بەرەوپێش چوون، ڕۆڵی دەرەبەگـایەتی لە ژیانی شـار و مەدەنیدا رووی لە لێژی کردووە. جێ دەستی سیاسی و ئابووری چینی بەرهەم هێنەر ڕوو لە پتر بووە. ئەوە بووە ڕژێمی دەرەبەگــایەتی وەک پێکهــاتەیەکی ئابووری و سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتی و فـەلسـەفـە و لاهووت دوای سـەدەی سـێـزدە زۆر تایبـەتمەندی سـروشـتی خـۆی لە سەرەتادا لە ئینگلتەرە و ئینجا لە فەرەنسا و بەلچیک و ئیسـپـانیـا و ئەڵمـانیـا لە دەست داوە(١٦). بەم پێیـە هزرمـەندان وێنەیەکی نوێی جیـهـاندیدیان نەخشـاند، جیهاندیدێک بڕوا بە توانایی ژیر و هزری مرۆڤ بکات، پێی لەسـەر مـەڵبـەندی مرۆڤ لە جیـهـانی سـەر زەوی دابگرێت، پشت بەهێـز و توانای مــرۆڤ لە پرۆســەی بنیادنانی کۆمەڵایەتیدا ببەستێ بۆ گۆڕینی ئەو تواناییانە لە شـیــاوەکی و هێـزەکـیــیـەوە بەرەو ڕاسـتــەقـینە و هەڵکەوت. ئەمــەش خــۆی بریتی بووە لە پشــتکردنە خێروبێری مەسیحیەت کە لە ژیانی دوای مردندا گوایە ئیـمـاندار و لایەنگیـرانی کـڵـێـسە پێی شاد دەبن بەرەو ڕووکردنە خێروخۆشی ژیانی ئێستـای سـەر ئەم دنیـایە لەسـەر زەوی، ئەو هەڵوێسـتـەی مـەسـیـحـیـەت چ وەک لاهووت و دۆگم، چ وەک فەلسەفە لەوەوە هاتووە کە هیچ جـۆرە بڕوایەکی بە چەمکی «پێـشکەوتن» نەبووە. ئەو پێــشکەوتنە چ وەک چەمک و چ وەک پرۆســە و دیاردە بەبێ ئەگـەر و گـومـان بە ژیر و لۆژیک و ئازادی پشت ئەسـتــوورە، ئەم سێ چەمکەش «ژیر، لۆژیکی ژیرەکی و ئازادی» نەک هەر دەگـــمــەن بوون، بگرە هیچ جـــۆرە جێگایەکیـان لە فەرهەنگی کولتووری ئەو قۆناغـەدا بۆ دانەنراوە. وەک ئەنجامێک کە لەو بۆچوونەی مەسیحیەت و کـڵـێـسـە کـەوتبـۆوە، بەخـتـەوەری مـرۆڤ بووە! بەلای کـڵـێـسـە و دامـودەزگـاکـانیـیـەوە بەخـتـەوەری و کـامـڵی بەهرەیەکـە تەنیـا لـە دنیــای دوای مـردندا ڕەب هەر بە مرۆڤی مەسیحی دەبەخشێ!

بە جۆرێکی تر هەڵوێست بەرانبەر بە کێشەی گرێکوێرە ئاسـایی بەدکـاریی (کـە بەعـەرەبی شـەڕی پێـدەگـوترێ) دەستنیشان کراوە. ئەگەر لە جیهاندیدی مەسیحیدا پشت ئەستوور بە تەوراتی جوولەکە (تایەفەی موسا) مرۆڤ لە هەڵەکەی ئادەم و حەواوە بەدکاری بۆ مابێتەوە و چووبێتە ژێر باریەوە، ئەوە دوای پێچرانەوەی قۆناغی دەزگاکانی کڵێسەی مەسیحی، ئەو گریمانەیە داکۆکی لێکراوە کە مــرۆڤ توانایەکی تایبــەتی هەیە پێی دەگــوترێ ژیر (عــەقڵ) Vernunft، ئەوەندەی بابەتەکـە پێـوەندی بە بەدکاری سروشتییەوە هەیە، مرۆڤ دەتوانێ ژیری خۆی بەکــاربهــێنێ و ژیرانە بیــر بکاتەوە کــار بکات لە قـانوونەکـانی سـروشت بگات و ئەگـەر لە کـرداری ژیانی ڕۆژانـەدا پەیڕەوی ئەو قـــانوونانە بکات، دەتوانێ بە ئاشتی و ئاسوودە و بەختەوەر بژیت. بەم پێیە خەسڵەتی بەدکــاری لە مــاددە کــراوەتەوە. ئەوەندەی بابەتەکــەش پێوەندی بە بەدکاری کۆمەڵایەتی و سیـاسییـەوە هەیە، جــارێکی تر ســەرنج بۆ لای پەروەردەی کــۆمــەڵایەتی ڕاکـێـشـراوە، پێ لەسـەر بایەخی ژیانی کـۆمـەڵایەتی و پێـوەندییـە کـۆمـەڵایەتییـەکـاندا گـیـراوە. بەدکـاری و پەروەردەی کــۆمــەڵایەتی، یان بەدکـــاری و ژینگـەی کـۆمـەڵایەتی خـراونەتە نێـو دوو تای یەک تەرازووەوە، مــــرۆڤ بە ئازادی و چاکـــەیی لەدایک دەبێ، بەڵام سروشتی پەروەردە و ژیانی کـۆمـەڵایەتی بەچاکە، بە بەد دەیگۆڕن، بۆیە دەبێ سروشتی سادە و ساکاری مرۆڤ لە

تۆبزی و زۆر بۆ هێنانی کۆمەڵگا بپارێزرێت. ئەگەر بویستریێ مرۆڤی چاکەکار هەبێت، دەبێ کۆمەڵگا چاک بکرێت. ژیریش لەو کایە و بوارەدا ئەو ئامرازەیە کە یارمەتی دەدات.

کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست بەهزر و لاهووت و فەلسەفە و جیهاندیدییەکەیەوە سەرەتای دەستپێکی قۆناغێکی دیکەیە کە بەهەموو جۆرێک هەوڵ دراوە تێیدا پشت لەو بنەما دۆگمییانە بکرێت کە کلێسەی مەسیحی و لاهووتەکەی کۆششی جێگیرکردنیان کردبوو. زانست، ژیر، ئازادی، مرۆڤی تاک چۆن هەیە و دەژی و کردار دەکات بوون بەو چەمک و بابەتانە کە تانوپۆی جیهاندیدە نوێیەکەیان پێکهێناوە. کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی کلێسەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست کە بە داگیرکردنی شاری کۆستەنتەنۆپلی یۆنانی لەلایەن تورکی عوسمانییەوە (١٤٥٣ز) کە دواتر ناوی ئیستەمبوڵی بەسەر دابڕاوە، گرێ دراوە، دیاردەیەکی لێکەوتۆتەوە سێ لقی سەرەکی هەبووە: کولتووری، ئابووری، سیاسی(١٧). لەلایەنی کولتووریدا مرۆڤ و هێز و تواناکانی بە تایبەتی ژیرەکەی و ئەو ڕۆڵەی چاک، یان بەد لە ژیان و کۆمەڵگەدا دەیگێڕێ بایەخی پێدراوە.

لایەنە ئابوورییەکەشی، فیودالیزم (دەرەبەگایەتی) لاواز کردووە و شۆڕشی فەرەنسای لێ کەوتۆتەوە کە ئەو شۆڕشەش لەلای خۆیەوە چینی پەرجووئامێزی سەرمایەداری جێگیر کردووە، ئەو سەرمایەدارییەی کولتووری سەردەم و دوای خۆی ڕەنگ ڕشتووە و داهێناوە. لەلایەنی سیاسیشەوە ئەگەرچی عەلمانیەت ویستوویەتی پاشەکشێ بە دەسەڵاتی کلێسەی مەسیحی بکات، بەڵام بەهۆی ئەو گەشتە زانستییە جوگرافیانەی کران و ناوچە و دەڤەر و کیشوەری نوێ ئاشکرا بوون، جۆرە داگیرکردنێکی وڵاتان و ژێردەستە کردنی میللەتان دەستی پێکردووە. ئەنجامەکەشی سەرلەنوێ دابەش بوونی گۆی زەوی بە دەڤەری جیاواز بەپێی کولتوور و ئابووری و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە.


**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- Johannes Hirschberger., Geschichte der Philosophie Bd. I. Komet 1980. S.570 ff.**

**2- Franz Schupp., Geschichte der Philosophie im Uberblick. Band 2. Meiner. 2003. S.518.**

**٣- یوهانس هیرش بیرگەر: هەمان سەرچاوە بە ئەڵەمانی ل٥٧٤.**

**4- Joseph Bern hart., Die Philosophie des Mittelalters. Darmstadt WB 1980. S.216.**

**5- Wolfgang Rod., Der Weg der Philosophie. Bd. I. Munchen 1994. S.409.**

**6- F.C. Copleston., Geschichte der Philosophie im Mittelalter. Munchen 1976. S.302. ff.**

**7- Kurt FLasch., Nicolaus Cusanus. Verlag C.H.Beck 2007. S.33 ff.**

**8- Kurt FLasch., Ebenda. S.49.**

**9- Kurt FLasch., Ebenda. S.66-67.**

**10- Kurt FLasch., Ebenda. S. 77-78.**

**11- Kurt Flasch., Einfuhrng in die Philosophie des Mittelalters. WB. Darmstadt 1994. S.183.**

**12- F.C. Copleston., Ebenda. 303.**

**13- Joseph Bernhart., Ebenda. S.223.**

**14- Dr. Harald Hoffding., Geschichte der neueren Philosophie. Leipzig 1921. S.85.**

**15- Franz Schupp., Ebenda. S.524.**

**١٦- غ. س. کوتشیرینکا: الثورة الفرنسیة الکبری. ئەم باسە لەو کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە:**

**أکادیمیة العلوم السوڤیاتیة: من تأریخ الحرکات الاجتماعیة والفکر الأجتماعي، مجموعة مقالات ترجمة: د. طنوس شلهوب. دار الفارابي، ط١، بیروت ١٩٨٧. ص٢١٥.**

**١٧- روجیه غارودی: الازمة الحالیة الدولة: ئەم توێژینەوەیە بە عەرەبی لێرەدا بڵاوکراوەتەوە: محمد آرکون: الاسلام و الأخلاق والسیاسة. ترجمة: هاشم صالح، مرکز الإنماء القومي، بیروت، ٢٠٠٧، ص٢٢١.**


**(*) ئێمە لە ڕامان-دا پێمان وایە لێکەوتنەوە لە جیاتی وشەی (فیض)ی عەرەبی پڕ بە پێستی مانا نەهاتووە، ئەوەندەی (سەرڕێژ) لە جیاتی (فیض) لە جێگەی خۆیدایە.**

# فەلسەفەی ئاکار و تێگەیشتن لە نەریت

پێشڕەو عەبدوڵلا

(١ - ٢)

**بەرایی**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ دووبارە دارشتنەوە و رۆنانەوەی هەردوو چەمکی ئاکار و نەریت، چونکە ئەم دوو چەمکە لەسەر ئاستی چەمکەوە بۆ سەر ئاستی وشە دابەزیون. رۆژانە بەکار دەهێنرێن، ئەوەش ئاشکرایە چەمک کاتێک دەکرێتە وشە کە بیرکردنەوەکەی لێ دابېڕێت و وەک فۆرمێکی بەتاڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لە ڕاستیدا ئەم باسە گەڕانەوە و گەڕانە بە شوێن ئەو بیرکردنەوە بزربووەی پشت ئەم وشانە و دووبارە گەڕانەوەیانە بۆ سەر ئاستی چەمک. دواتر لەمیانەی تێگەیشتن لەم چەمکانە هەوڵمان داوە بەشێک لە کولتووری بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد دەربخەین، لەگەڵ خوێندنەوەی بەشێک لە مێژووی گەلەکەمان. ئەگەرچی ئەمە زۆر کورت و کەمە و حەقی خۆیمان پێ نەداوە، بەڵام بنیادی ئەو کارەمان بۆ کاری گەورەتر و تێرتر دامەزراندوە.

تەواوی ئەم باسەشمان لەبەر رۆشنایی بیروراکانی فەیلەسووفی ئەڵمانی (کانت)دا ڕاڤە کردووە، چونکە بە ڕاستی کانت بۆ تێگەیشتن لە چەمک و بەهای ئاکار کۆمەکی گەورەمان دەکات، ئەمەش بەو دەربڕینە هەمەکییەی کانت، ئێمە دەکەوینە ژێر رۆشنایی بیروراکانی کە دەتوانین وەک بەرچاو ڕوونی و پێش داوەربییەک، جەوهەری چەمکەکانی لێوە هەڵێنجێنین و بۆ بەدیارخستنی گەلێک لایەنی شاراوە و نادیاری مێژووی گەلەکەمان لەم باسەدا عەینی بکەینەوە.

**١- سۆسەکردن بۆ بنەما یەکەمینەکانی ئاکار**

بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاکار بە گشتی ئێمە ناتوانین لەو بابەتانەی جیا بکەینەوە کە ڕاستەوخۆ بە بابەتە عەقڵییەکانەوە پەیوەستن، چونکە لێکۆڵینەوە خۆی لە



**کانت**

خۆیدا کردەی بیرکردنەوەیە. بیرکردنەوەش دەرکەوتە و نمایشی عەقڵە لەخۆی و لەو بابەتانەی ئاراستەی دەکرێن. ئاراستەکردنی بابەت بەرەو عەقڵ زۆر جیاوازە لە ئاراستەکردنی عەقڵ بۆ بابەتێک. لە ئاراستەکردنی بابەتێکدا بۆ عەقڵ، عەقڵ لایەنی کەم پێشینەی نییە و لەخۆ ئامادەکردن بۆ ئەو بابەتە دوورە، هەربۆیە ناچارە بگەڕێتەوە ناوخۆی و بەبێ پشت بەستن بە یادەوەری بکەوێتە هەڵکۆڵین سەبارەت بەو بابەتە، بەڵام ئەگەر سەرەتا عەقڵ ویستی خۆی ئاراستەی بابەتێک بکات، ئەوە لێرەدا مرۆڤ دێتە ناو هاوکێشەکەوە و بابەتەکە جەوهەری خۆی بەدەستەوە نادات، ئەوەی لەو بابەتەدا پێمان دەبڕێت هەر ئەو بەشەیە کە لە جیهانی هەستیدا هەیەتی. جا لێکۆڵینەوەی ئێمە لە ئاکار زیاتر مەبەستمانە تووشی سەرسوڕمانێک ببێت کە یەکەم جارە دەکەوینە ناو ئەم پانتاییەوە، بۆیە پشت بەو یادەوەرییانە نابەستین دەربارەی ئەم بابەتەی هەمانە، تەنیا لەو یادانە نەبێت کە ڕایەک، یان بۆچوونێک بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی بابەتەکە وەربگرین.

لەگەڵ ئەمەشدا لێکۆڵینەوە لە ئاکار بە جۆرێک یادکردنەوەی کانتی فەیلەسووفیشە، یادکردنەوەیەک بە مانای تووش هاتنی ئەو فەیلەسووفە، چونکە بە ڕاستی کە باسی ئاکار دەکەین و دەمانەوێت بە ڕیگای ئەو باسەدا بڕۆین ئەوە ئێمە لەو ڕێیەدا تووشی ئەو فەیلەسووفە دەبین. بە کۆمەکی خۆی هاوکاریمان دەکات، چونکە بە ڕاستی لەپێش ئێمەوە لەم ڕێگەیەوە ڕۆیشتووە و لەم دەشتە پانوبەرینەدا باریکە ڕێگای خۆی دۆزیوەتەوە.

ئیمانوییل کانت لە سەرەتای دامەزراندنی فەلسەفەی ئاکاردا سەرەتا دێت جیاکارییەک دەکات بۆ ئەوەی بە ڕاستی خەیاڵی خۆی ئاسوودە بکات و تەنیا لەسەر ئاکار بووەستێت. «هەموو زانینێکی عەقڵی، یان ماددییە. بابەتێک لە دەرەوەی خۆی دەکاتە جێگەی تێڕامان، یان ئایدیاڵییە و بە ئایدیای عەقڵ و بیرکردنەوە بەگشتی خۆی سەرقاڵ دەکات بەبێ ئەوەی بابەتەکان بەش بەش بکات. بە فەلسەفەی ئایدیاڵی دەوترێت لۆژیک، بەڵام فەلسەفەی ماددی، کە خۆی بە کەرەستەی دیاری کراوەوە خەریک دەکات، بۆ دوو بەش جیادەبێتەوە ئەوانیش یاسای فیزیک و یاسایی ئازادین. یەکەمین زانستی فیزیک و دووەمیان تیۆری ئاکارە» (١).

کانت لێرەدا بۆ بەرچاو ڕوونی خۆی هەموو فەلسەفە بەگشتی دەخاتە ناو تێڕامانەوە و فەلەسەفەی ئاکار وەک بەرئەنجامی ئەم بیرکردنەوەیە جیادەکاتەوە، کانت مەعریفەی عەقڵی جیادەکاتەوە. یەکەمیان ماددییە. واتە عەقڵ دەکەوێتە ناو تێڕامان لە شتێک کە بابەتە و وەک هەبوویەک لە جیهانی هەستیدا هەیە، ئەم بەشەیان ناودەنێت فەلسەفەی ماددی. واتە فەلسەفەیەکە لەماددە دەکۆڵێتەوە، بەڵام نەک وەک زانستی سەردەم و تەکنەلۆژیا، بەڵکو فەلسەفەیەکە کە بە شوێن بنەما کەسێتەکان و جەوهەرەکاندا وێڵە. واتە فەلسەفەی ماددی فەلسەفەیەکە کە لە خودی میتافیزیک جیاناکرێتەوە، چونکە میتافیزیک لە جەوهەردا ئەوە نییە کە ئێمە بە یەک ڕستە بڵێین (ئەودیوی سروشت) و تەواو، نەخێر! ڕاستی ئەوەی ئەم ڕستەیە بەرهەم دەهێنێت و بەردەوام وەک وەڵامێکی پێش وەختە پرسیارکوژمان دەکات، بۆ ئەوەیە کە خۆی لەو نەزانینە بدزێتەوە کە بەرانبەر بە میتافیزیک هەیەتی. میتافیزیک تەواوی فەلسەفە لەخۆ دەگرێت و لە هیچ چەمکێکی فەلسەفی جیا نابێتەوە وەک (هەقیقەت، لۆگۆس، فەلسەفە...تاد) چونکە سروشتی فەلسەفە وەهایە کە هەمووی پێکەوە وابەستەن و بەبێ تێگەیشتن لەو چەمکانە ناتوانین لە فەلسەفە تێبگەین. واتە ئێمە کاتێک لە میتافیزیک تێنەگەیشتین ناتوانین لە فەلسەفە و لە لۆگۆس و...تاد تێبگەین. ڕێگەیەکیش نییە کە لێوەی دەست پێبکەین و بڵێین دەبێت سەرەتا لێرەوە

برۆین، چونکه فەلسەفە ڕێگەی نییە بۆ تێگەیشتن هەتا ئێمە دەلیل بدۆزینەوە و نیشانمان بدەن، بەڵکو ئێمە دەکەوینە ناویەوە و هەمووشی پێکەوە سەردەردەهێنن و پێکەوەش بزر دەبن. ئەو هەولانەش لەناو ڕۆشنبیریی دوای ڕاپەرین بۆ سادە و ئاسانکردنی فەلسەفە هەیە ئەوەیە ئەو بەڕێزانە ناتوانن بگەنە فەلسەفە و پەلەشیانە بۆ ئەوێ و دێن فەلسەفە دەهێننە لای خۆیان. واتە لە جیاتی ئەوەی خۆیان لەگەڵ فەلسەفەدا یەکانگیر بکەنەوە، دێن فەلسەفە لەگەڵ ئەو تەنکە بیرکردنەوەیەی خۆیاندا تەبا دەکەنەوە.

جا بە ڕاستی بۆ تێگەیشتن لە میتافیزیک ئێمە دەبێت ئەوە بلێین کە بریتییە لە (بوونی هەبوو- وجود الموجود)، ئەم ڕستەیە دەبێت سەرەتا بیرکردنەوەیەکی ڕەسەن بەرهەمی هێنابێت. کە ئەویش ئەوەیە لەناو ماددەدا ئێمە جەوهەر بدۆزینەوە کە هەم پنتی یەکەمی خولقانی ئەو ماددەیەیە، هەم ڕێگەی تێگەیشتنە لەو ماددەیە. واتە فەلسەفەی ماددی خۆی لەخۆیدا میتافیزیکە. دواتر کانت فەلسەفەی تیۆری جیادەکاتەوە و ناوی دەنێت (لۆژیک- منطق)، چونکە بۆ لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەی ئاکار ناکرێت ئێمە بە تەنیا لۆژیک بگرین و بەس، چونکە لۆژیک هیچ بەشێکی ئەزموونی ژیانی واقیعی تێدا نییە و ئاکاریش خۆی لە خۆیدا ئەزموون و ژیانی واقیعییە. واتە لێکۆڵینەوە لە ئاکار لێکۆڵینەوەیە لە ماددە و کەرەستەیەکی دیاریکراو کە هەیە، بەڵام هەرچی لۆژیکە تیۆرییەکی ڕووتە و دەکرێت ئاکار پابەندی بێت وەک پێش داوەریەک، بەڵام ئاکار لە جیهانی هەستیدا ڕووی داوە و چاوی لە بنەماکەیەتی کە ئایا لێی ڕازییە، یان نا. دواتر کانت فەلسەفەی ماددی بۆ دوو بەش جیا دەکاتەوە، ئەوانیش فیزیک (سروشت) و ئاکارن. وابەستەکردنی فیزیک و ئاکار پێکەوە و ڕیز بەندکردنیان لەژێر ناوی فەلسەفەی ماددی، بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە چ ئاکار و چ فیزیک هەردووکیان بەشێکی عەقڵی تێدایە لەگەڵ بەشێکی واقیعی. واتە فیزیک جەوهەرێکی عەقڵی هەیە کە خولقاندوویەتی و وەک تیۆرییەک سروشت ئەو بنەمایە تەواو دەکات و خۆی بەرەو کامڵ بوون دەبات. ئاکاریش بەپێی تیۆرییەکی عەقڵی مرۆیی خۆی دەهاوێتە ناو جیهانی هەستییەوە و خۆی بنیاد دەنێت. جا لێکۆڵینەوە لەم فەلسەفەیە ئێمە دەباتە بەردەم دوو جۆر لە میتافیزیک «بەم چەشنە بیرۆکەی دوو جۆر میتافیزیک لە ئارادایە، یەکەمیان میتافیزیکای سروشت و دووەمیان میتافیزیکای ئاکارن. فیزیک دووبابەتە ئەزموونی و عەقڵی، ئاکاریش بە هەمان شێوە»(٢)

واتە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاکار و دامەزراندنی بنەمای باسەکەمان ئێمە دوو لایەنی گرنگی ئاکارمان لەبەردەمە، لایەنێکیان ئەوەیە کە ئەزموونییە و ڕۆژانە ئێمە هەڵسوکەوت دەکەین. لایەنی دووەم عەقڵییە و ئایا ئەو هەڵسوکەوتانە لە چ بنەمایەک کەوتوونەتەوە. ئەوەی لایەنی دووەم کە عەقڵییە و تیۆرییەکە کە بنەماکانی شاراوەن، هەمیشە وەک جەوهەر و بنەما مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لێکۆڵینەوە لەم تیۆرییە ڕاستی لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفەیییە و لە فەلسەفە جیاناکرێتەوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە بەشی ئەزموونی و ئەوەی کە لە جیهانی هەستیدا هەیە و دابڕانی لە ئەم بنەمایە، یان لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژییە، یان سایکۆلۆژییە، چونکە ئەوکاتە دەبێت ئەو هەڵسوکەوتە هەڵبسەنگێنین بەپێی دەوروبەر و کولتوور و ئەو واقیعەی تێیدا ئەنجام دراوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە هەمان هەڵسوکەوت هاوتەریب بەو تیۆرە عەقڵییە لێکۆڵینەوەیەکە کە دەمانباتە بەردەم میتافیزیکای ئەو ئاکارە و بەرەو فەلسەفەیەکی پاک و ڕەسەن دەڕۆین بەسەر ئاکار و بنەماکانی. بۆ لێکۆڵینەوەش لە ئاکار دەبێت هەر سەرەتا لایەنە ماددی و دەرکەوتووەکەی وەلا بنێین و بەلای تیۆری و بنەماکانیدا ڕوو وەرگێڕین.

پێویستە لایەنی ئەزموونی لە ئاکار جیا بکرێتەوە بۆ ئەوەی بزانرێت کە مەعریفەی بێگەرد لە هەردوو بارەکەدا چۆنە و لە کام سەرچاوەوە خۆی دەهێنێت(٣). بەم پرسیارە ئێمە ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە ئاکار و بنەماکانی خۆش دەکەین. فڕێدانی ئەم بنەمایە و دەستگرتن تەنیا بە لایەنی ئەزموونییەوە ئێمە لە فەلسەفە دوور دەخاتەوە و بەرەو زانستەکانی تر دەڕۆین، دوورکەوتنەوەکە لە فەلسەفەش ڕاستی دوورکەوتنەوەیە لە میتافیزیک و دوورکەوتنەوەیە لە بوونی هەبوو. هەر بۆیە کانت دواتر تەواو خۆی یەکلا دەکاتەوە و دەڵێت:

«ئایا باشتر نییە کە فەلسەفەیەکی ئاکار گەڵاڵە بکرێت و لە هەموو لایەنێکی ئەزموونی و واقیعی پاک بکرێتەوە و بژار بکرێت»(٤) لێرەدا ئێمە نامانەوێت کە لە بەهای زانستەکانی تر کەم بکەیتەوە نەخێر! بەڵام هاوڕا لەگەڵ (کانت)دا جیاکردنەوەیەک هەیە کە ئەویش ئەوەیە زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی، بەشی

ئەزموونی ئەو کارە وەردەگرن، بەڵام هەرچی فەلسەفەیە قـوولتـرە و لایەنی تیـۆری و عـەقڵ وەردەگـرێت. دەروونناسی دێتەوە ناو مرۆڤ، بەڵام بەپێی واقیع ئەو یادەوەرییە دەخوێنێتەوە و هەڵاوگێڕی دەکات. هەربۆیە بەبێ بوونی میتافیزیکای ئاکار هیچ مومکین نییە، لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی دەربارەی ئاکار بنیاد نێین. «دەبێت میتافیزیکای ئاکار جەوهەرەکەی ویستی عەقڵ بێت نەک کردار و حەزەکانی مرۆڤ کە بەگشتی لە سایکۆلۆژیاوە دەکەونەوە بکات بە کەرەستەی لێکۆڵینەوە» (٥).

واتە لێرەدا کانت ئەوەش جیادەکاتەوە کە هەموو هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ ئاکار نییە و دەبێت بنەماو سەرچاوەی ئەو کردارە دیاری بکەین، ئینجا بەرەو ئاکار برۆین. ئێستا با پرسیار بکەین ئاکار چییە؟ ئایا ئەوەی کردارێک دەکات بە ئاکار چییە؟ بەچی کردارێک ئاکارە و بەچی ئاکار نییە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە بە درێژایی ئەم باسە خۆی هەڵدەگرێت و هەمیشە ئەم باسە ئاراستە دەکات بۆ گەیشتن بە وێستگەکانی خۆی. دیارە ئێمە لە سەرەتادا کردارمان بۆ دووبەش جیاکردەوە، ئەوانیش لایەنی هەستی و لایەنی عەقڵین. واتە تیۆرە و کردار، کردارەکە ئەوەیە کە ئیتر دەردەکەوێت و وەک هەڵوێست، یان کردارێک خۆی نمایش دەکات، تیۆرەکە ئەوەیە کە وەک بنەما و ئەندازەگیری کردارەکە ئاراستە دەکات، واتە لێرەدا شتێک هەیە چنگمان دەکەوێت ئەویش ئەمەیە هەموو کردارێک بنەمایەکی هەیە. وەک ئەو گوتەیەی هێراکلیتس کە دەڵێت «هیچ شتێک لە نەبووەوە نایەتە بوون» واتە کە نییە ناتوانێت نە خۆی نە شتێکی تریش بهێنێ، لێرەدا کردارەکانی مرۆڤ بەبێ بنەما و هەر لەخۆوە نین، سەرەتا بیرکردنەوەیەک، پێشینەیەک، تیۆرییەک هەیە، ئەوجا ئەو کردارە لە دایک دەبێت. بۆ تێگەیشتن لە ئاکار، ئەوە دەبێت بنەمایەکی عەقڵی رووت هەبێت هەتا ئاکار بێتە ئاراوە، یان ئاکار هەبێت.

وابەستەکردنی ئاکار بەخودی عەقڵەوە، لە تێگەیشتن لە عەقڵەوە هاتووە، چونکە عەقڵ خۆی لە خۆیدا تیۆرییەکی رووت و ئەندازەگیرییەکی هەمەکییە، کە بەگشتی مرۆڤ ئاراستە دەکات و بەرەو کامڵ بوونی دەبات، هەر لێرەدا ئاکاریش وەک دەرکەوتە و عەینی بوونەوەی ئەم تیۆرییە لەواقیعدا بە دەربڕینی ئەو بنەمایە کە نە لاساییکردنەوەیە و نە چاولێکردنە، خۆی دەکاتە ئاکار و وەک ئاکارێکی عەقڵی خۆی بەسەر کردارەکانی دیکەدا دەسەپێنێت.

«تەنیا لەو بیرۆکەوە دەزانێت کە عەقڵ وەک بنەما و ئەندازەگیرییەک پێش ئاکار دەکەوێت کە بە چەمک و بۆچوونی ویستی ئازادەوە بەستراوەتەوە. لاساییکردنەوە بەهیچ جۆرێک ئاکار نییە» (٦).

واتە ئێمە سەرەتا بەرچاو روونییەک هەیە کە دەبێت جێگیری بکەین، ئەویش ئەوەیە ئاکار بنەماکەی عەقڵە. واتە عەقڵ لە عەینی بوونەوەی خۆیدا لەناو ئاکاردا، ئاکارێک دێتە ئاراوە کە بنەمایەکی عەقڵی و میتافیزیکی هەیە. لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین کە ئێمە کاتێک ناوی ئاکار دەبەین، ئەوە راستی ناوی عەقڵمان هێناوە و دەشمانەوێت ئەم دەریچەیە پتر واڵا بکەین کە تەواو بە ژیانی رۆژانەمانەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر لۆژیک بەوەی تیۆرییە و دانابەزێتە سەر واقیع، بۆیە مرۆڤ لێی بێ تاقەتە و بەرەو پیری ناچێت، ئەوە ئاکار و فەلسەفەی ئاکار تەواو بەژیانی رۆژانەمانەوە بەستراوەتەوە، چونکە بەشێکی ئەزموونی و واقیعییە. جا بە راستی زۆر گرنگە مرۆڤ ئەگەر رۆژێک بریارێک بدات لەناو خۆیدا کە تەواو سەرنج بداتە خۆی و بەردەوام وەک چاودێرێک بەسەر خۆیەوە ئەو پرسیارە بکات: ئایا ئەو کردارەی من کردم لەسەر چ بنەمایەک بوو، بۆ بەدەست خستنی سوود و قازانج بوو، یان بۆ خۆ دەرخستن بوو، یان بۆچی؟ سەرنجدان لەو بنەمایە سەرەتایەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە میتافیزیکای ئاکار کە ئەم باسە ئەم ئومێدەی وەک خەونێک لە خۆیدا هەڵگرتووە کە پێ بەپێ لەگەڵیدا دەرۆین بۆ تێرامان لە فەلسەفەی ئاکار.

## ٢- بەدەنگەوە چوونی عەقڵ و لە بنەمای یەکەمی ئاکار

ئێمە لە سەرەتادا بنەمای یەکەمینی ئاکارمان بۆ خودی عەقڵ گەڕاندەوە کە عەقڵ وەک ئەندازەگیرییەک دەبێتە رێنمایی ئاکار و ئاکار وەک کردارێک دەخاتەوە، لێرەدا ئێمە لەناو مرۆڤدا کار دەکەین و دەمانەوێت بچینە ناو تەواوی بیرکردنەوەی مرۆڤەوە، کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە بەردەم واقیعێکی وەها کە دەبێت بریار بدات. واتە لە کاتی ئەوەی مرۆڤە کە ناچارە خۆی لەسەر واقیعێک و بابەتێک یەک لا بکاتەوە، دەکەوێتە بەردەم دوو هێزی جیاوازەوە. هێزی یەکەمیان عەقڵە و ناوەکییە. هێزی دووەمیان کۆمەڵگەیە و دەرەکییە. ئەوەی هێزی یەکەمە سەرەتا لە ناو مرۆڤەکەدا دەست بە دەرکەوتن دەکات و

وەک ڕۆشنایییەک و بیرکردنەوەیەکی ڕەسەن زانیاری تەواوی جەوهەری ئەو واقیعە دەداتە مرۆڤەکە دەربارەی خۆی و ئەو بابەتەش، واتە لێرەدا عەقڵ ئەندازەگیری ئەو واقیعە ڕوون دەکاتەوە، کۆمەڵگەش وەک هێزێکی ئاراستەکەر لەناو مرۆڤەکەدا سوود و قازانج و ئامانج و دەوروبەری ئەو واقیعە بۆ مرۆڤەکە ڕۆشن دەکاتەوە. لێرەدا مرۆڤ دەکەوێتە ناو لایەنگیرییەوە، واتە دەبێت یەکیان قبووڵ بکات و یەکیان وەلا بنێت. لە قبووڵکردن و بەدەمەوەچوونی عەقڵدا مرۆڤەکە بە تەنیا ئەوەی لا مەبەستە کە عەقڵ لە خۆی ڕازی بکات، بەم بە دەنگەوە چوونەش ئاکار دێتە ئاراوە، بەڵام بەدەنگەوە چوون بۆ هێزی دووەم ئەوە دوورکەوتنەوەیە لە عەقڵ و ئاکار نایەتە ئاراوە. واتە لەنێوان عەقڵ و واقیعدا مرۆڤ هەیە و لەنێوان مرۆڤ و عەقڵ و واقیعدا لایەنگیری و بەدەنگەوە چوون هەیە. کانت ئەم لایەنگیری و بەدەنگەوە چوونە بە (ویستی چاکە) ناو دەبات و بە پنتی سەرەکی ئاکاری دەزانێت، واتە کانت ئەم بەدەنگەوە چوون و هەڵبژاردنی عەقڵە بە جەوهەری هەموو کارێک دادەنێت هەتا ئەو بارەی دەڵێت:

«تێگەیشتن، زیرەکی، حوکمدان و بەهرەکانی تری عەقڵ و گیان و ئازایەتی و بڕیاردان و سووربوون لەسەر ئاواتەکان وەک سیفەتەکانی مرۆڤ، ئەمانە هەموویان بەبێ هیچ ئەگەرێک چاک و باشن، بەڵام دەشکرێ ببنە مایەی ژیان و بەدکاری ئەگەر ئەو مەبەستەی ئەم بەهرانە دەخاتەوە ویستی چاکە نەبێت» (٧).

واتە ئەگەر هاتو هەموو ئەو شتانەی کە لەدێرزەمانەوە هەموو خەڵک بە مایەی خۆشی و بە چاکی دەزانن. ڕوون ببنەوە لەوەی خۆیان نەدەنە دەست عەقڵ، ئەوە مرۆڤ بەرەو زیان و بەدکاری و لووت بەرزی دەبەن و لە بەختەوەری ڕاستەقینە دووری دەخەنەوە، واتە دەبێت هەموو خواست و ئاوات و بەهرە و ئارەزووەکانی مرۆڤ لەگەڵ هەموو کردارەکانی خۆیان بدەنە دەست عەقڵ و ئەوە هەڵبژێرن کە عەقڵ داوای دەکات. واتە لەسەرەتادا پێش ڕوودانی هەر کارێک مرۆڤ دەبێت ویستی وەها بێت کە ئەو کارەی ئەو دەیکات لەگەڵ عەقڵدا یەکانگیربێتەوە. ئیتر لەگەڵ ئەم بنەمایەدا، کارەکە ڕەسەنی و مانای خۆی دەپارێزێت. خۆ ئەگەر هاتو کارەکەش نەتوانرا بەهۆی واقیعێکی نالەبار ئەنجام بدرێت، یان نەبوونی زەمینەیەک بۆ دەرکەوتنی ئاکار، ئەوە ئەم ئاکارە لەناو مرۆڤدا هەروەک گەوهەرێک دەدرەوشێتەوە و مانای خۆی لەدەست نادات(٨).

«ویستی چاکە بەوە چاکەیە کە بەدی دەهێنێت و بەوەش نییە کە بگات بە ئامانجێکی دیاریکراو و بەسوود، بەڵکو بەهۆی بەدەمەوە چوونەوە چاکە، واتە لە خۆیدا چاکە و بەبێ ئەوەی بە شتی دیکە بەراورد بکرێت» (٩).

لە ڕاستیدا ئاکار بەوەی کە خۆی لەگەڵ خودی عەقڵدا تەبا دەکاتەوە، ئەرکەکەی دەگۆڕێت و لەمە دوور دەکەوێتەوە مەبەستێکی هەبێت. واتە ئاکار کاتێک لەدایک دەبێت بۆ ئەوە نییە کە ئەو مرۆڤە کاتێک ئەو ئاکارەی لێ ڕوودەدات، ئەوە مەبەستی بەوە هەبێت، کە لەناو کۆمەڵگەدا دەربکەوێت، یان بیەوێت ئامانجێکی پێش وەختەی خۆی بهێنێتەدی، بەڵکو ئەو مرۆڤە ئەو کارە دەکات، چونکە لەخۆیدا چاکە و چاوەڕێی هیچ سوود و قازانجێک ناکات، بگرە چاوەڕێی ئەنجامەکەشی ناکات، کە ئایا ئەو ئاکارەی لەسەر خراپ دەکەوێتەوە، یان نا، چونکە مادام ئەم ئاکارە بەپێی هێزی عەقڵ ڕووی داوە و ڕوودەدات. ئەوە مرۆڤەکە بەدەنگییەوە دەچێت و سەیری ئامانج و ئەنجامەکەی ناکات، چونکە بەڕاستی بەختەوەری ڕاستەقینە لەوێدایە کە مرۆڤ کارێک بکات کە لە خودی خۆیەوە کەوتبێتەوە و وەک ئەرکێکی سەرشان ئەنجامی بدات. ئەرک بە مانای ئەوە نا کە دوایی بەرانبەر بە خەڵک و بە یاسای وڵات بەرپرسیار دەبێت. نەخێر! بەڵکو ئەرکێکە کە بەختەوەری ئەو کەسە بەو کارەوە بەستراوەتەوە، واتە کەسەکە لە جەوهەردا بۆ خۆی ئەو کارە ئەنجام دەدات، ئەگەرچی دوایی بە خێری من، یان کۆمەڵگەش بکەوێتەوە. واتە خۆبەخۆ و لەناو خۆیدا ئەو کارە ئەنجام دەدات. لێرەوەیە کە بەهای ئەم ئاکارە لەناو خۆیایەتی و هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێت بەهای کەم، یان زیاد بکات. «بەم بارە وا دەردەکەوێت کە ویستی چاکە مەرجی هاتنەدی بەختەوەرییەکە کە شایستەی مرۆڤە» (١٠).

وەدەست هاتنی بەختەوەری لە ئاکاردا ڕاستی لە کردنەکەیەتی، نەک لە ئەنجامەکەی، واتە ئاکار بەوەی کە لەناو مرۆڤدا دەردەکەوێت، بەختەوەری دەخاتەوە کە دەردەکەوێت، واتە بەختەوەرییەکە لە دەرکەوتنەکەدایە، نەک لەو سوود و قازانجەی کە بە دەستی دەهێنێ، یان لەو سەرکەوتنەی کە فەراهەمی دەکات.

لەڕاستیدا ویستی چاکە، دەتوانین بڵێین ئەوەیە کە مرۆڤ بەپێی ئایدیاڵی چاکە بجووڵێتەوە هەتا چاکە وەک

ئاکار بکەوێتەوە، واتە ئەگەر مەرجی ئاکار بەختەوەری بێت، ئەوە ناکرێت بەختەوەری چاکە نەبێت. واتە چاکە لە خۆیدا بەختەوەرییە، ئەوەیە کە عەقڵی مرۆڤ داوای دەکات و پەسەندی دەکات. کانت بۆیە بە ویست گوزارشتی لێ دەکات، چونکە زۆرجار مرۆڤ دەیەوێت، یان مرۆڤ بەدەنگەوە چوونی دەبێت بۆ عەقڵ، بەڵام ئەم ویستنە نابێتە کردار، بەڵام دەبێتە ئاکار. واتە ئاکار مەرج نییە کردار بێت، بەڵکو ویستن و هەڵبژاردنەکەیە. ئیتر کارەکەش ڕوونەدات، ئەوە ئەو ویست و ئیختیارە ئاکارە.

کەواتە ئاکار دوو قۆناغی هەیە. قۆناغی ناو مرۆڤ کە لە ناو مرۆڤدا ڕوودەدات و وەک خۆزگە و ئارەزوو دەردەکەوێت. قۆناغی دەرەوەی مرۆڤ کە ئاکار فیزیکییانە دەردەکەوێت. هەر ئەم بنەما و تیۆرەشە وا لە کانت دەکات بیکاتە بنەمای یەکەمین ئاکار. کە دەکرێت هەموو ئەو شتانەی باشن و چاکن، بەڵام لە حاڵێکدا کە خۆیان بێ بەری دەکەن لەوەی عەقڵ نەبن، دەبنە مایەی خراپە و زیان. ئەگەرچی لە واقیع و لە ڕووکاری دەرەوەیاندا وا دەربکەون کە باشیشن، چونکە باشی و چاکی ئاکار لە چۆنایەتییەکەیدا نییە، بەڵکو لە جەوهەر و بنەماکەیەتی. لێرەدا وا باشە کە ویستی چاکە کەمێک ڕۆشنتر بکەینەوە. ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە مرۆڤ کاتێک دەکەوێتە بەردەم ئەوەی بڕیارێک بدات ئەوە دوو هێز دەورەی دەدەن، ئەوانیش عەقڵ و کۆمەڵگەیە. کاتێک عەقڵ وەک پاڵەپەستۆیەکی ناوەکی پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت کاتێک ئەم مرۆڤە قبووڵی ئەم پاڵەپەستۆیەی کرد، ئەوە ویستی چاکەی لەو بڕیارەدا هەیە، بەڵام هاتنی ئەم عەقڵە بە ویست و ئیرادەی مرۆڤ نییە، بەڵکو عەقڵ خۆی سەروەری خۆیەتی لەوەی چ کاتێک و لە چ شوێنێک و چۆن و چەندە دێت. مرۆڤەکە دواتر کە سەیری خۆی دەکاتەوە خۆشی بەرانبەر بەخۆی دەکەوێتە ناو سەرسوڕمانەوە، چونکە ئەم ئاکارە یەکەمین جارە کە دەردەکەوێت و پێشتر نەبووە.

واتە ویست لێرەدا تەنیا قبووڵکردن و هەڵبژاردنی عەقڵەکەیە نەک ئیرادەکە، یان ویستەکە ئاکارەکەی خوڵقاندبێت نەخێر! مرۆڤ ناتوانێت هەر کاتێک ویستی ئاکار بنوێنێت، بەڵکو خۆی وەک دەروازەیەک ڕێگەی دابەزینی عەقڵە بۆ ناو واقیع، بەڵام لەوێدا مرۆڤ خاوەن ویست و ئیرادەیە، کە ئایا کام هێز قبووڵی دەکات. ئایا هێزی عەقڵ، یان هێزی کۆمەڵگە قبووڵی دەکات. لەم حاڵەدا مرۆڤ ویست و ئیرادەی هەیە، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە، کاتێک مرۆڤ دەگاتە ئەوەی بەختەوەری ئاکار بدۆزێتەوە، ئەوە ئیتر ئیرادەی جار دوای جار بەهێز دەبێت بۆ ئەوەی ئاکاریانە هەڵسوکەوت بکات، تا دەگاتە پلەیەک کە ویست و هاتنی عەقڵ لە ناویدا دەبنە یەک و ئەو نێوانە نامێنێت، کە مرۆڤەکە تووشی وەستان و دوودڵی دەکات. لێرەدا هەر مرۆڤە، کە بە ڕاستی دەگاتە بەختەوەری و خۆش دەژیت، چونکە دڵی خۆی لەخۆی ڕازی دەکات. نەک دڵی کۆمەڵگە و ئەوی دیکە.

### ٣- کەرەستەی ئاکار

لەبەر ئەنجامی باسی پێشوودا ئەوەمان بەرچاوخست کە جەوهەری ئاکار خودی عەقڵ خۆیەتی کە مرۆڤ دەیەوێت ویستی خۆی بخاتە ژێر ویستی عەقڵەوە. لێرەدا کە ئاکار ڕوودەدات ئەوە تیۆرەیی عەقڵ دەست بەدەرکەوتن دەکات. لێرەدا ئاکار خۆی لەخۆیدا کردەنی کردنی عەقڵە لە ژیانی ئەزموونی و ڕۆژانەدا. واتە ئاکار بەخودی عەقڵ خۆی یەکسان دەبێت، چونکە زۆرجار ئاکار وەک کردار دەرناکەوێت، یان ئاکار خۆی جەوهەرەکەی ڕایدەگرێت، واتە ئاکارێتی ئاکار، بنەما و جەوهەرە، نەک ئەو چۆنایەتییەی کە دەردەکەوێت. گرنگی و بەهای ئاکاریش وەک پێشتر گوتمان جەوهەرەکەیەتی (عەقڵ)، نەک دەرکەوتەکەی، چونکە ئاکار لەجەوهەردا خۆ نمایشکردنی عەقڵە و ئاکاریش بە عەقڵی بێ گەرد دەبێتە ئاکار. جا ڕاستی ئەم ئاکارە لەگەڵ خودی عەقڵدا یەکسان دەبێتەوە. مادام ئاکار خۆی تیۆرەیەکی هەمەکییە و وەک کاتیگۆرییەکی ئەبستراکت هەیە، ئەوە بۆ دەرکەوتن پێویستی بە کەرەستەی تایبەت هەیە، جا کەرەستەی ئاکاریش دابەش دەبێت. بەشێکی پێوەندی بە ژیانی ڕۆژانە و ئەزموونی ژیانەوە هەیە وەک هەڵسوکەوت کردن و گوتە.

واتە لە ژیانی ڕۆژانەدا مرۆڤ گوتەکانی لەگەڵ کردارەکانیدا دەبنە هەڵوێست. بۆ گوتەکان کە دەبنە بار بەسەر مرۆڤەوە، ئەم گوتانە کاتێک دەبنە ئاکار کە وەک یاسایەکی هەمەکی خۆیان بەیان دەکەن و توانای بەشەکی بوونەوەیان لە زەمینەی جیاوازدا هەیە و خۆشیان بەپێی یاسایەکی هەمەکی دێنە ئاراوە. هەرچی کرداریشە وەک ئاکار دەردەکەون، چونکە بەکارەکی کردنی خودی تیۆرەی عەقڵە لەواقیعدا، ئەم دوو کەرەستەیە، یەکیان زمانی قسەکردنە و ئەوی دیشیان کردارەکانی ڕۆژانەی مرۆڤە.

که جەستەی بایۆلۆژی مرۆڤ دەینوێنێت. بەشێکی دیکەی ئاکار بەناوەوەی مرۆڤەوە پەیوەستە کە وەک کردار، یان زمانی ڕۆژانە دەرناکەوێت، بەڵکو زۆرجار حاڵەتی ناوەکی مرۆڤە کە هیچ کەرەستەی نییە بۆ دەرکەوتن، بەڵکو هەر بە تیۆریی دەمێنێتەوە و وەک بڵێیسەیەک. لەناو مرۆڤدا گەشە دەکات و مرۆڤەکە دەکەوێتە ناو ژیانێکی ناوەکی و عەقڵییەوە و وێنای ژیانێکی بەهەشتییانە دەکات و بەختەوەرییەکی ڕاستەقینە لە ناوەوەی ئەو مرۆڤەدا دەردەکەوێت و ئومێد جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ناو مرۆڤەکان، ئەمەش هەمووی وەک ئەندازەگیرییەک دەردەکەوێت و مرۆڤ ئاراستە دەکات، بەڵام ڕاستی مادام ئێمە باسی ئاکار دەکەین، ئەوە هەر دەبێت بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و کردارەکانی و گوتەکانی مرۆڤەوە ببەسترێینەوە، چونکە هەروەک لە سەرەتادا کانت واتەنی ئاکار بەشێکە لە فەلسەفەی ماددی، بەڵام بۆ تێگەیشتن و بەرچاو ڕوونی هەر دەبێت بڕۆینەوە لای بەشی تیۆری و عەقڵ لەم کارەدا، چونکە جەوهەر و بنەماکەی هەر خودی عەقڵ خۆیەتی و میتافیزیکانە دەتوانین لە چییەتی ئاکار تێبگەین، ئەمەش بۆ دوو حاڵەتی جیاواز بەکاردەبرێت. یەکەمیان هەستکردنە بەو یاسا ناوەکییەی لەناو مرۆڤدا هەیە و بەدەنگەوە چوونیەتی. دووەم گەڕان بە شوێن ئەو یاسا هەمەکییەتییەدا، لەو کردار و گوتانەی ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبنەوە و دەورەمان دەدەن. بەم کارەش بەرچاو ڕوونی مسۆگەر دەکەین کە هیچ نەبێت بەرەو هەڵخەڵەتاندن و فریو نەڕۆین. بە چۆنایەتییەکی ڕازاوە و جەوهەرێکی بۆشەوە، لە بەرانبەر ئەمەدا دۆزینەوەی ئەو جەوهەرانەی کە هێشتا چۆنایەتییان نییە، یان بێ چۆنایەتی خۆیان دەردەخەن و ئێمە ناتوانین درکیان پێ بکەین.

## ٤- چۆنایەتی ئاکار

باسکردنی چۆنایەتی ئاکار گەورەترین غەدرێکە کە لە بابەتەکە دەکرێت، چونکە ئێمە ناتوانین چۆنایەتی ئاکار دیاری بکەین و بڵێین ئاکار دەبێت لەو چۆنایەتییەدا بەرجەستە ببێت، چونکە بە ڕاستی ئاکار بەوەدا تیۆرەیە و پاڵپشتە بە عەقڵ، ناتوانین بەهیچ شێوەیەک وێنای بکەین و بڵێین بەم چۆنایەتییە دەردەکەوێت، بەڵام دەتوانین دەرک بە بنەما یەکەمەکانی وەک تیۆرە بکەین و وەک فەلسەفەی ئاکار بیخەینە ڕوو، بەڵام هەرچی چۆنایەتییە ئەوە هەتا ئاکار دەرنەکەوێت، نازانین چۆنە و دوای دەرکەوتن ئێمە دەزانین کە چۆنە، بەڵام دەرکەوتنی ئاکار وەک گوتمان پێویستی بە کەرەستە و چۆنایەتییە، واتە لەگەڵ دەرکەوتنی ئاکاردا چۆنایەتییەک وەردەگرێت و دێتە ناو جیهانی هەستییەوە، زیاتریش ئەم چۆنایەتییە لەناو ژیانی ئەزموونیدا دەردەکەوێت ئەویش، یان لە گوتەدا، یان لە کرداردا. چۆنایەتییەک دەبەخشێت بەو گوتەیە و ریزبەندی دەکات، یان بەو کردارە کە چۆن بێت. گرنگ چۆنایەتی لەم باسەدا ئەوەیە، کە چۆنایەتی ئەو بەشە دیارەی ئاکارە، کە دەبێتە بابەت و کۆمەڵگە دەیبینێ و ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

جا ئەم چۆنایەتییە کە لەسەرەتادا بنەما و جەوهەرێکی هەیە، بنەماکە دەرناکەوێت وەک تیۆرەی ئاکار و چۆنایەتییەکە دەردەکەوێت و خۆی بەیان دەکات و دەکەوێتە بەردەم کۆمەڵگەو نەریتی کۆمەڵگەوە. دیارە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاکار کە بمانەوێت لەم چۆنایەتییەوە دەست پێ بکەین، ئەوە هەر دەبێت بە شوێن تیۆرەی ئەم چۆنایەتییەدا بڕۆین و هەر ئەمەمان لا مەبەست بێت. لێرەدا دوو شت لە یەکتر جیادەبنەوە ئەوانیش فەیلەسووف و کۆمەڵگەیە.

* **کۆمەڵگە:** کە ئەم چۆنایەتییەی دەکەوێتە بەردەم ئەگەر زانی لە شێوەیەکدا دەردەکەوێت کە جێگەی فەزڵ و دەستخۆشییە. ئەوە کۆمەڵگە دێت ئەم چۆنایەتییە وەردەگرێت و دواتر دەیداتەوە تاکەکانی. تاکەکانی کۆمەڵگەش هەوڵی لاساییکردنەوەی ئەم چۆنایەتییە دەدەن، بەم هەوڵی دووبارە کردنەوەیەش ئەو ئاکارە لە ئاکارێکی خۆی دەکەوێت و بەبێ ڕوح دەمێنێتەوە و دەبێتە نەریت و گشتی دەبێتەوە، بەمەش کۆمەڵگەیەک بەرهەم دێت کە بنەکەی بۆشە و هەمووی لەسەر بنەمای چۆنایەتی و وێنە دادەمەزرێت. کێشەی کۆمەڵگە ئەوەیە ئیتر دەبێت هەر لەو چۆنایەتییەدا مرۆڤ کردارەکان ئەنجام بدات، ئەگەرنا دەرچوون لەو چۆنایەتییە دەرچوونە لە عەقڵی کۆمەڵگە و تاوانە، هەروەک ئەوەی لە ئەورووپادا هەیە. کە پیاو نابێت پیاو ماچ بکات، چونکە ئەم ماچکردنە چۆنایەتی دوو پیاوی هۆمۆسێکسوالین و بە دووبارەکردنەوەی ئەم چۆنایەتییە ئەوە کەسەکان دەبنە هۆمۆسێکسوال. لەگشتی کردنەوەی ئەم چۆنایەتییەدا کۆمەڵگە فێڵێک هەیە ئەنجامی دەدات، ئەویش ئەوەیە ناهێڵێت کە دوو برادەری یەکتر کە زۆر خۆشەویستی یەکترن و هۆگرن بەمانای هاوڕێیەتی، یەکتر لە باوەش

بکەن و دڵیان بۆ یەکتر واڵا بکەن، واتە کۆمەڵگەی ئەوروپا لە ڕێگەی ئەم گشتاندنەوە سنوور بۆ مرۆڤ دادەنێت و قاڵبەندی دەکات. ئەمە وەک نموونەیەک بۆ لایەنە نێگەتیڤەکەی ئەم بیرە، وەک نموونەیەکی پۆزەتیڤیش کاتێک وازانراوە کە پارەدان بە هەژاران چۆنایەتییەکە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوپەڕی چاکە و پیاوەتییە، ئیدی بەگشتی بوونەوەی ئەم چۆنایەتییە سواڵکەر (دەرۆزەکەر) فێڵێک هەیە ئەنجامی دەدات، ئەویش ئەوەیە کەسەکان تووشی بارێکی شەرم دەکات، هەتا پارەیان لێ بستێنێ، یان کەسی پارەدەر ئەم چۆنایەتییە دەبات و ناوبانگی خۆی پێ گەورە دەکات، کۆمەڵگەش چاکە سنووربەند دەکات و ناهێڵێت مرۆڤ ئازاد بێت لەوەی چۆن چاکە ئەنجام بدات، بەڵام بۆ کەسی دووەم کە:

* **فەیلەسووفە:** لە ڕاستیدا فەیلەسووف بە چۆنایەتی و کەرەستە هەڵناخەڵەتێ و بەردەوام لەناو ئەو چۆنایەتییەدا بە شوێن بنەما و پنتی یەکەمی ئەو کارەدا دەگەڕێت و پرسیار لە چییەتی ئەو کارە دەکات. هەروەها فەیلەسووف هەرگیز چۆنایەتی پەلکێشی ناکات و نایوەستێنێ.

«لە هەموو ئەمەش گرنگتر ئەوەیە فەیلەسووف بە هیوای گەیشتن بە دڵنیاییەوەیە کە بێجگە لە بنەما و جەوهەر هیچی دیکەی نییە» (١١)

واتە فەیلەسووف لە چۆنایەتییەکان ڕوو وەردەگێڕێت و شوێن تیۆرەکان دەکەوێت تا لە ڕێگەی ئەم بنەمایەوە بەرچاوڕوونی بۆ خۆی و بۆ بەرانبەرەکەی فەراهەم بکات. لێرەدایە فەیلەسووف هەمیشە وەک دانا دەردەکەوێت و شتەکان هەست پێ دەکات و دەناسێتەوە، چونکە ئەو بە ڕۆشناییەک شتەکان دەخوێنێتەوە کە جێگەی گومان و دوو دڵی نین. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە فەیلەسووف هەوڵی دۆزینەوەی هەمەکییەتی ئەو ئاکارە دەدات. واتە ئاکارەکە دەبێت هەمەکی بێت هەتا توانای عەینی بوونەوەی خۆی لە دەست نەدات، چونکە ئەگەر هاتو ئاکار بە یاسای هەمەکی نەکەوتەوە، ئەوە ئەو ئاکارە ڕەسەن نییە و تێکەڵە بە حەز و ئارەزوو و هەوەس، بۆیە ڕاستی فەیلەسووف لە پێناوی دۆزینەوەی بنەما یەکەمینەکان بژاری ئاکار دەکات.

«بەڵام عەقڵ ناچارم دەکات. کە ئەم یاسایە بە بەرز ڕابگرم ئەوەیە دەبێت فەیلەسووف لێی بکۆڵێتەوە» (١٢)

فەیلەسووف لە بەرانبەر ئاکاردا هەمیشە میتافیزیکانە لەپێناوی دۆزینەوەی یاسایەکی هەمەکیدا دەڕوانێتە ئاکار و بەشە تیۆری و عەقڵییەکەی لەبەرچاودەگرێت، چونکە فەیلەسووف خۆی بە شتە سنووردار و بەش بەشەکانەوە سەرقاڵ ناکات، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ شتە بێ پایان و هەمەکییەکاندا مامەڵە دەکات، بۆ دۆزینەوەی خودی عەقڵ و ناسینەوەی ئاکار. دواتریش نەچوونە ژێر باری لاساییکردنەوە و چاولێکردنی ئەو چۆنایەتییە کە کۆمەڵگە وەک پرۆسەیەک ئەنجامی دەدات، بەڵام فەیلەسووف نەک هەر تەسلیمی نابێت، بەڵکو تەواو هەڵاوگێڕی دەکات، هەتا بنەماکە بزانێت. واتە فەیلەسووف ئاکارەکەی لەپێناوی خۆیدا دەوێت، بەڵام کۆمەڵگە چۆنایەتییەکەی دەوێت لە پێناوی ئەوەی تاکەکان گێژ بکات و وایان لێ بکات لەبەر یەکتر و لەبەر ناوبانگی خۆیان ئەو کارە بکەن، چونکە ئەو چۆنایەتییە پێشتر جێگەی چەپڵە بووە، بەمەش فەیلەسووف و کۆمەڵگە هەمیشە دەکەونە بەرانبەر یەک کە زۆرجار کۆمەڵگە لەسەر ئەم کارە ترسناکەی فەیلەسووفی تیرۆر کردووە.

### ٥- دەرکەوتنی ئاکار

هەر بەوەدا ئاکار تەعبیر لە عەقڵ دەکات و لە دوو شێوازی جیاوازدا دەردەکەوێ، ئەوە ئێمە دەبێت لە سەرەتادا ئەم دوو شێوازەی لە یەکتر جیابکەینەوە. لە ڕاستیدا ئاکار کاتێک دەردەکەوێت ئەوە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەردەم کۆمەڵێک لە ئاکاری دیکە و ڕووبەڕووی دەوروبەری خۆی دەبێتەوە، جا ئاکار بۆ دەرکەوتن هەروەک توخمێکی عەقڵی پێویستی بە کەرەستە و چۆنایەتی هەیە، چونکە خۆی لە بنەڕەتدا سەر بە عەقڵە و توخمێکی پەتییە و بۆ عەینی بوونەوەی پێویستی بە جەستەیەک هەیە هەتا دەرکەوێت. لە ساتی دەرکەوتنیشیدا دووباری جیاوازی هەیە ئەوانیش باری فیزیکی و باری ناوەکی، هەرچی باری فیزیکییە ئەویش دوو بارە:

### (١-٥) ئاکاری کارەکی

لێرەدا ئاکار تەواو بە ژیانی مرۆڤەوە بەندە و مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا دەینوێنێت. هەروەک ناردنی پزیشک لەلایەن سەڵاحەدینەوە بۆ سەرکردەی کریستیانە خاچپەرستەکان، یان کە هێرش دەکاتە سەر گوندێک و ئەو گوندە ژنێک لەکاتی منداڵ بووندایە، کاتێک

پیرەژنێک دەچێتە لای سەلاحەددین و داوای لێ دەکات و سەلاحەدینیش ئەو هێرشە رادەگرێت. لە راستیدا ئەم کارەی سەلاحەدین کارێکە کە تەواو ئاکارییە و بەپێی بنەمای عەقڵ رووی داوە.

ئەگەر ئێمە بۆ نموونە بگەرێین ئەوە لە مێژووی خۆماندا وەک گەلی کورد زۆر نموونەمان بەرچاو دەکەوێت، کە بەپێی ئەم بنەمایە لەناو سەرکردە و سیاسییەکانی کورددا روویان داوە و ئاکار ئامادەیی تێیاندا هەبووە.

لە سێدارەدانی قازی و خۆ بەخشین بەوەی کە قازی محەمەد کردی، یەکێکە لەو رووداوە ئاکارییانەی، کە بەداخەوە هیچ شتێکی کەمتر نییە لە مردنەکەی فەیلەسووفی یۆنانی سوکرات، بەلام ئێمە وەک کورد تائێستا لێکۆڵەری وامان نەبووە کە مێژوو نەگێرێتەوە، بەڵکو بنەماکانی ئەو رووداوە مێژووییانە راڤە بکات و ئاشکرایان بکات. قوربانیدانی قازی محەمەد بە جەستەی خۆی لەپێناوی روحی نەتەوەدا، یەکێکە لە کردە ئاکارییەکان کە کانتی فەیلەسووف وەک تیۆرە باسی لێوە دەکات واتە قازی محەمەد بە کردەنی کردنی ئەو تیۆرەی (کانت)ە لە خۆیدا، کە دەبێت ئەم رووداوە زۆر ورد لێی بروانین، بەلام بۆ مەلا مستەفا بارزانی ئاکار لەوێدایە کە خۆی تەسلیم نەکات. واتە خۆ تەسلیم نەکردنی مەلا مستەفا بە سەربازانی ئێران ئاکارە و خۆ تەسلیم کردنی قازی محەمەدیش بە ئێران ئاکارە. واتە ئەگەر هاتوجێگەیان گۆرابا، ئەوە هیچیان ئاکارییانە نەدەجوولانەوە، قازی محەمەد روحی نەتەوەیەک رزگار دەکات بە مردنی جەستەی خۆی، مەلا مستەفاش بەخۆ تەسلیم نەکردنی ئەو روحە هەڵدەگرێت و ئاگری شۆرشێکی دی پێ خۆش دەکات، جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئێمە بۆ ئاکاری کارەکی کەسێک درێژی بکەینەوە و کۆمەڵێک نموونەی زیندووی ناو گەلەکەمان وەربگرین، چونکە ئاکاری کارەکی تەواو بە ژیانی رۆژانەمانەوە بەندە، بۆ زیاتر والا بوون و راڤەکردنی تیۆرەکە.

### (١-١/٥): شێخ مەحموودی نەمر وەک بەرجەستەکاری ئاکاری کارەکی

لێرەدا یەکێک لەو نامانەی شێخ بە دیار دەخەین کە ئاراستەی (کۆمەڵەی نەتەوەکان)ی کردووە و لە گۆڤاری (بازیک نیکتین)(١٣) کە بە فەرەنسی لە ساڵی (١٩٥٠)دا بلاوکراوەتەوە.

دیارە ئەم نامەیە ئەگەرچی بۆ خۆی زمانە، بەلام ئەم نامەیە تەواو بە ئاکار و کرداری شێخەوە بەندە لە بەرانبەر جیهان و گەلانی دنیادا، واتە کرداری شێخ بووە بەرانبەر بە جیهان، کە چۆن شێخ بەم بنەما ئاکارییە ئەو کردارەی لەبەرانبەر (کۆمەڵەی نەتەوەکان)دا نواندووە، دیارە ئێمە ناتوانین هەموو نامەکە بنووسینەوە و لەژێر رۆشنایی ئەم تیۆرەدا شی بکەینەوە، بەلام بە تەنیا یەک پارچەی لێ وەردەگرین و هەوڵ دەدەین لەژێر روانینی (کانت)دا رامانی بۆ بکەین، کە چۆن شێخ لە ئاراستەی نامەکەدا دەگەرێتەوە ناوخۆی و قسەی دڵی خۆی بە رووی جیهاندا دەدرکێنێ. شێخ لەم هەڵوێستەیدا ئاگای لەوە نییە کە ئایا ئەم هەڵوێستە بە دڵی (کۆمەڵەی نەتەوەکان)ە، یان نا! واتە ئەوەی شێخ پەیرەوی دەکات ئەوەیە کە دڵی دەیەوێت، نەک ئەوەیە کە (کۆمەڵەی نەتەوەکان) دەیەوێت، شێخ لە بەشێکی ناوەکەیدا دەڵێت: «ئێمە داوای ئەوە ناکەین حاکم و زاڵمی هیچ میللەتێک بین، یان چاومان لە خاک و وڵاتی هیچ گەلێک بێت، بەلام رازیش نابین کەس حوکممان بەسەردا بکات و فەرمانمان بەسەردا رابوێرێ. ئێمە تەنیا حوکم و سەرۆکایەتی و فەرمانداریی خۆمان ئەوێ»(١٤).

دیارە شێخ لێرەدا لەبەردەم هەموو جیهاندا دەوەستێت و تەعبیر لە یاسایەکی هەمەکی دەکات دەربارەی خۆی و گەلەکەی، واتە شێخ کاتێک دێت دڵی (عەقڵ)ی خۆی رازی دەکات لە خۆی و گوزارشت لەو شتە دەکات کە دڵی پێی ئارام دەبێتەوە، ئەوە لە هەمان کاتیشدا گوزارشت لە گوتارێکی نەتەوەیی و بە کۆمەڵ دەکات. واتە کاتێک شێخ دڵی خۆی رازی دەکات، ئەوە دڵی میللەتیش لەخۆی رازی دەکات، واتە تەعبیر لە شتێکی هەمەکی دەکات کە بەسەر هەریەک لە تاکەکانی گەلدا دەچەسپێت و خەمی هەموو گەلی کوردە نەک بۆ ئەوکات، بەڵکو بۆ تەواوی ژیانی بە درێژایی مانی لەسەر زەویدا، واتە شێخ بەم دەربرینە لە شتە هەمەکییەکانی روحی نەتەوە، گەورە دەبێت و وەک مەلیک دەردەکەوێت، نەک بە هەڵبژاردن و بە دەزگای راگەیاندن خۆی گەورە بکات، چونکە گەورەیی مرۆڤ لەوێدایە کە عەقڵ گەواهی بۆ دەدات، نەک خەڵک. ئەم هەڵوێستە کە خۆی لەو یاسا هەمەکییەدا دەبینێتەوە کە دەڵێت (نە کۆیلەتی کەس قبووڵ دەکەم بۆ خۆم و نە دەشبمە کۆیلەی کەس)، ئەم یاسا هەمەکییە بەوە دەبێت، بە یاسایەکی عەقڵی ناوەکی رووت کە توانای عەینی بوونەوەی هەیە، لە هەموو بارە بەشەکی و واقیعە جیا جیاکاندا. ئەگەر تەماشای تەواوی شۆرشی

کورد بکەین لەپێش شێخ و دوای شێخ، هەمووی بۆ ئەوە بووە کە نە زوڵم بکەین بەسەر کەسدا و نە کەسیش بێتە زاڵم بەسەرماندا، واتە دنیا با لێمان گەڕێت ئازادانە لەناو ماڵی خۆماندا خۆمان حاکمی خۆمان بین. ئەوەی ئەم هەڵوێستە بە شێخ دەردەبڕێت ڕاستی ئەوە نییە شێخ ئەم ڕستەیەی لە کتێبێکدا، یان لە فەلسەفەیەکدا وەرگرتبێت و لێرەدا دایبنابێت، نەخێر!، ئەوەی لەپشت ئەم ڕستەیەوە هەیە، ئەو خەمە قووڵ و چوونە ناوەکییەی شێخە، بەناو عەقڵی خۆیدا، لەوێدا دەیدۆزێتەوە کە دڵی خۆی و میللەتەکەی چی دەوێت. لەم نامەیەدا شێخ سازش لەسەر ئەوە ناکات، کە پارە، یان سامان، یان شتێکی دنیایی دەستەبەر بکەن بۆ خۆی و گەلەکەی، بەڵکو ئەو داوای ئەوە دەکات خۆی حاکمی خۆی بێت. ئیدی گرنگ نییە پاشا بێت، یان گەدا. ئەم هەڵوێستەشی لە کاردانەوەی ئەوەدایە. کە گەلان ئەوسا بە گومانەوە سەیری خەباتی چەکداری شێخیان کردووە. شێخیش بەم هەڵوێستە قسەی دڵی خۆیانی بۆ ئاشکرا دەکات و دڵی میللەتەکەشی بەیان دەکات. ئەم هەڵوێستە ئاکارییانەی شێخ لە ئاکاری کارەکی خۆی دەنوێنێت و لەگەڵ ئەو تیۆرەی (کانت)دا تێک دێتەوە، کە ئێمە چۆن عەقڵ دەربڕین بۆ ئەوەی ئەو دەربڕینە وەک یاسایەکی هەمەکی دەرکەوێت. دیارە ئەم داوایە لە هیچ سەردەم و شوێنێکدا کۆن نابێت، چونکە شتێکی عەقڵییە و سروشتی عەقڵیش وەهایە کە ڕابردوو و ئایندەی نییە و نابێتە مێژوو، ئەگەرچی بەداخەوە ئەمڕۆ ئەوەندەی هەوڵی بە مێژووکردنی شێخ دەدرێت، ئەوەندە هەوڵ لە ئارادا نییە، کە یاسا هەمەکییەکانی ناو گوتە و کارەکانی شێخ بدۆزرێتەوە بۆ لە دایک بوونی تیۆرەیی ئاکار و فەلسەفەیەکی ئاکار. کە کوردانە لە عەقڵ لەناو کایەی ئاکاری کارەکی و گوتەیدا دەربڕابێت.

## (٢-٥) ئاکاری گوتەیی

گوتە وەک کردەیەک لە ژیانی ڕۆژانەماندا باجێکی گەورەی لەسەرە و ڕاستە و دەربڕی ناوەوەی مرۆڤە. جا گوتە هەیە بەپێی ویستی چاکە نایەتە گۆ و پێش کردن کەسەکە، سەیری دەوروبەر و واقیعەکە دەکات کە ئایا ئەو گوتەیە بە زیانی تەواو دەبێت، یان بە سوود و قازانج؟ ئەم جۆرە لە گوتە نائاکارییەوە دەچێتە ژێر قاڵبی ماستاوچێتی و دووڕوویییەوە، بەڵام گوتەیەک کە خۆی لەگەڵ عەقڵی مرۆڤدا دەکاتەوە و مرۆڤەکە ناترسێ لەوەی کە ئایا ئەو گوتەیە چەند لە سەری دەکەوێت، یان نا، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئەو گوتەیە لەگەڵ عەقڵدا تەبا بێتەوە نەک لەگەڵ واقیعدا. گوتەی نائاکاری واقیع لە خۆی ڕازی دەکات، بەڵام گوتەی ئاکاری عەقڵ لەخۆی ڕازی دەکات. جا ئەم گوتەیە وەڵامدانەوە بێت بۆ کەسی بەرانبەر، یان بریتی بێت لە ئامۆژگاری و وتاردان و ڕێنمایی کردنی خەڵکی بۆ ئەوەی خۆیان نەدۆڕێنن و خۆیان بەدەستی بێگانەوە نەدەن و هەوڵ بدەن کە ئەوەی دەیکەن ئاکارییانە بێت، نەک واقیعیانە. بۆ ئەو گوتەیەی وەڵامدانەوەیە، ئێمە نموونەیەکی زیندوومان لەبەردەمدایە، ئەویش لە سێدارەدانی گەورە هزرڤانی کورد (ناسری سوبحانی)، کە بە ڕاستی ئەگەر ڕۆژێک ڕێبازێک، یان قوتابخانەیەکی هزری بۆ لێکۆڵینەوە لە لاهووت و خواناسی و ئایین دابمەزرێت، ئەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ بیرکردنەوە ورد و فەلسەفییەکانی (ناسری سبحانی) ئەو کارە ناتەواو دەبێت و هەمیشە قاچێکی شەل دەبێت. دیارە مامۆستا ناسر گرنگی ئەو بۆ ئێمە لەوەدا نییە کە مەلا بووە، نەخێر! بەڵکو بیرکردنەوە و عەقڵی ئەو بۆ ئێمە گرنگە، چونکە بە ڕاستی هاوکارە بۆ ئەوەی ئێمە وەک خۆی لە خواو لەگیان و لەگەردوون تێبگەین. دیارە وتارەکانی ناسری سبحانی کۆمەڵە گوتەیەکن کە تەواو ئاکارین و تیۆرەی ئایینێکی عەقڵی ڕووت بەرهەم دەهێنێت، هەتا دواتر ژیانی خۆیشی لەسەر دانا. ئەم تیۆرە عەقڵییە ئایینییە، کاتێک ناسری سبحانی دەسەڵاتی ئێرانی ئەوسا لەگەڵ سەڵاحەددین بەهاددین دەستگیری دەکات کاتێک هەردووکیان بانگ دەکەن سەڵاحەددین بەهائەددین بە گوتەیەک وەڵامی کاربەدەستان دەداتەوە کە تەواو واقیعییە و بەپێی بەرژەوەندی و سوود و قازانج وەڵام دەداتەوە کە دەڵێت (من گەنجەکانی ئێوە فێری ڕەوشت و ئەخلاق دەکەم)، ئەم گوتەیە گوتەیەکی بەرژەوەندی گەرایەو بەپێی ئەو واقیعە مامەڵە دەکات و لە ترسی مردن خۆی قوتار دەکات.

بەڵام گوتەکانی ناسر سبحانی تەواو لەگەڵ عەقڵی خۆیدا یەکانگیر دەکەوێتەوە و دەترسێ خوا ڕازی نەکات، بۆیە مردن قبووڵ دەکات نەک ژیانی سەرشۆڕی. ئەوەی ناسر وەڵامی دەداتەوە ئەوەیە کە حەقیقەت دەربخات و ئەوەشی سەڵاحەددین بەهاددین دەیڵێت ئەوەیە خۆی ڕزگار بکات. لێرەوە گوتەی سەڵاحەددین نائاکارییە و ناسریش ئاکارییانە وەڵام دەداتەوە. ئەم ڕووداوەش

هەروەک ڕووداوی لە سێدارەدانی قازی محەمەد خاوەنی ڕاز و نهێنی خۆیەتی و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە و پەردە لەسەرلادان هەیە، بۆ لە دایک بوونی تیۆرییەکی ئاکاری بێ گەرد.

بۆ گوتەی ڕێنماییەکە خۆی لە شێوازی ئامۆژگاریدا دەردەخات، ئێمە هەر شێخ مەحموودی نەمر وەردەگرین، چونکە بەڕاستی شێخ مەحموود تا ئێستا بە مێژوو کراوە، نەک بە ئاکار بکرێت و بنەمای شیعر و ئاکارەکانی کەشف بکرێت، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ لێی بەهرەمەند بێت، نەک ساڵ و خەباتی دەرخ بکات و هیچ لە بنەماکانی نەزانێت.

### (٥-٢/١) شیعرەکانی شێخ مەحموود وەک ئاکاری گوتەیی

شیعرەکانی شێخ مەحموود ئەگەرچی زۆر نین، بەڵام بۆ ئەم باسەی ئێمە سەنگ و بەهایان هەیە، چونکە بەڕاستی کۆمەڵێک شیعری هەن کە تەواو یاسایەکی هەمەکی دەردەبڕن و مرۆڤ دەتوانێت ئەو یاسا هەمەکییانە بباتە ناو زۆر بواری تر و زەمینەی تری پێ بخوێنێتەوە.

**چی بەسەرهات تاقی کیسرا هەیبەتی سوڵتان ڕەشاد**
**حوکمی هارونە ڕەشید و تەخت و بەختی کەیقوباد**
**چەند هەزار ئینسانی ناسک جوملە بوونە خاک و خۆڵ**
**کورەیی ئەرزە سەراسەر پڕ لە ئێسقانی عیباد**
**نەسرەت و ماڵی جیهانیش بێ بەقایە ئەی ڕەفیق**
**عاقیبەت دنیا نەمانە قەت نەکەی فیتنە و فەساد**
**فرسەتە عومری عەزیزت بێ سەعی زایع مەکە**
**تەرکی ئەربابی سەفاکە و ڕێی فەلاکەت مەگرەیاد** (١٥)

ئەم شیعرە وەک ئاکاری گوتەیی خۆی لە زاری شێخەوە دەردەخات، وشەی (بێ سەعی) و لەو لاشەوە (فیتنە و فەساد) جێگەی تێڕامانن، کە ئەم دوو وشەیە، یان ناوەڕۆکی ئەم شیعرە ناکرێت لەو خوێندن و زانیارییە ئایینییەوە هاتبێ کە شێخ تێیدا گوزەراوە، ئەوەندەی ئەم شیعرەی بەرهەمی تێڕامان و بیرکردنەوەی وردە و عومر لای شێخ فرسەتێکە بە مرۆڤ دراوە، هەتا ئەوەی وەک چاکە و ویستی چاکە تێیدایە، بیکاتە کردار و لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ئەم چاکەیە ئەنجام بدات و ئەو فرسەتە لە کیس خۆی نەدات. کە دنیا ڕۆژێک بۆ مرۆڤ نەمێنێت و کاتەکەی تەواو بێت و فیتنە و فەسادیشی کردبێت، ئەوە ئیتر بەدبەختە، خۆی نەیتوانی ئەم ئاکارە هەمەکییەکانی ناوخۆی دەرەکی بکاتەوە و وەک مرۆڤێکی بەختەوەر ژیان بکات. لە ڕاستیدا کانت بەختەوەری بە ویستی چاکە بەستەوە و چەندەی مرۆڤ بەرەو ئەم بنەما ئاکارییە بڕوات، ئەوە بەرەو بەختەوەرییەک دەڕوات کە هەر شایەنی مرۆڤە. شێخ لێرەدا هەمان بنەما بۆ ئێمە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت ئەوەی شوێن سەفا و کەیفێکی دنیایی و ئارەزوو پەرستانە کەوت و لە ژیانێکی بێ فیتنە و فەساد دوورکەوتەوە و سەعی کرد بەوەی کە تەمەنی خۆی خستە خزمەتی چاکەوە، ئەوە بە ڕاستی لەماڵ وێرانی و فەلاکەت و سەرگەردانی دووردەکەوێتەوە. ئەم بنەما هەمەکییە کە ئەوەی ئارەزووپەرست بێت، ئەوە تووشی سەرەڕۆیی و فەلاکەت دەبێت. یەکێکە لەو یاسا هەمەکییە ئاکارییانە، کە لە ویستی چاکەوە دەکەوێتەوە، ئەم شیعرەش ئەگەرچی لە دەرەوەڕا زۆر سادە خۆی دەخاتە ڕوو، بەڵام بەڕاستی گەوهەرێک لەناوەوەیدایە و بەردەوام دەدرەوشێتەوە، بەزەمەن و شوێنێکی دیاریکراوەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو ئەم شیعرە وەک یاسایەکی ئاکاری بەردەوام مرۆڤ دەتوانێت لە بچووکترین هەڵوێستی ژیانی خۆیدا لێی بەهرەمەند بێت، بەوەی کە ئایا لەم کردەیەمدا، یان لەم گوتەیەمدا کامیان هەڵبژێرم، شتێک کە تەعبیرە لە ئارەزوو و هەوا، یان شتێک کە تەعبیرە لە چاکە و لە سەعیدایە بۆ گیانی مرۆڤ. ئەرێ ئەم کەسە بە ڕاستی تووشی بەختەوەری دێت، چونکە ناچێتە سەر ڕێگەی فەلاکەت و ڕیایی و سەرگەردانی، هەر بۆیە مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی وەک عەلائەدین سەجادی و مارف خەزنەدار و...تاد کە دێنە سەر باسی ڕیزبەند کردن و گەڵاڵەکردنی شاعیران و شیعری کوردی ناتوانن شێخ نەخەنە ئەو لیستەوە، چونکە ئەم گەوهەرەی لەو شیعرانەدا دەدرەوشێنەوە، بەڕاستی مرۆڤ ناتوانێت چاوی خۆی لێیان دابخات و پشتگوێیان بخات. واتە بە تەعبیرکردن لە یاسا هەمەکییەکانی ئاکار، ئەم شیعرە وەک بەهای شیعریش خۆی نمایش دەکات و زۆر شیعرییانەتر لە شیعری گەلێک شاعیری دیکە کە خۆی بە شتە واقیعی و هەستەییەکانەوە خەریک کردووە.

# زینده خەو، زمان و چەند ڕەگەز لە پێکهاتەی داڕشتندا

هادی حەبیبی
(بۆکان)

خولقاندنی کەسایەتی ڕۆمان و چۆنیەتی دەست پێکردنی ئەو بابەتەی ڕۆماننووس بۆ دەربڕینی ئیحساسی خۆی هەڵیدەبژێرێ، دەتوانێ کاریگەری زۆری لە بەشوێن داچوونی خوێنەر بۆ بابەتی ڕۆمان هەبێ. بێجگە لەو دوو ئەسڵە، بابەت (Subject)یش یەکێکە لە ڕەگەزی سەرەکی ڕۆمانەکە و بەشێک لە بنەڕەتیترین ئەرک لە هونەری ڕۆماننووسی وەئەستۆ دەگرێ. لە مەڕ بابەتی ڕۆمان، گرفتێکی گرینگ کە سۆمەرست مۆم (نووسەری ئینگلیزی) دەیخاتە ڕوو ئەوەیە کە زۆر بابەتی ڕۆمان پێویستی بەوەیە نووسەر باس لە تاقمێکی تری ناو ڕۆمانەکەی بکا و بارودۆخی ژیانیان، زیاتر بۆ خوێنەر شی بکاتەوە، کە دیارە ئەم ئاڵوگۆڕە و لادان لە باسی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمان و باس لە تاقمگەلی تری ڕووداوەکە، دەبێ ئەوەندە شارەزاییانە بێ کە خوێنەر پێ بە پێی خوێندنەوەی ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی ناو ڕۆمان، بتوانێ لە چارەنووسی هەمووان بگا و چێژیان لێ وەربگرێ. بەرچاوترین نووسەر لە ئەدەبی ڕۆماننووسی جیهانی کە لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتووە، نووسەری بەناوبانگی ڕووسی، تۆلستۆیە. ئێستراخۆف (ڕەخنەگر و هاوەڵی نزیکی تۆلستۆی) دەڵێ: «ڕۆمانی جەنگ و ئاشتی وێنەیەکی تەواو لە ژیانی مرۆڤەکانە، هەروەها وێنەیەکی تەواو لە ڕووسیای ئەو سەردەمە و لە هەموو ئەو شتانەیە کە خەڵک بەختەوەری و گەورەیی، خەم و بێچارەیی خۆیانی تێدا دەدۆزنەوە» (١)، بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا دێتە ئاراوە، ئەوەیە کە چ پێویست دەکا نووسەر تا ئەو ڕادەیە درێژدادڕی بکا و بابەتی ڕۆمانەکەی کە دەکرێ بە وتەیەکی کەمتر بگوترێ، درێژ بکاتەوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ڕەنگە پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەندێشە و سەرەتای دەست پێکردنی ڕۆمانەکەدا هەبێ. کۆندێرا لە نووسەرانی بەناوبانگی ئەوروپایی بە تەواوی دژی درێژدادڕییە.

هەرچەندە بۆ خۆشی لە زۆر جێگای بەرهەمەکانیدا- بە



**فەتاحی ئەمیری**

سەرنجدان بەوەی کە نەیتوانیوە بێ لایەن بێ -دەست لە کەسایەتی ڕۆمانەکانی وەردەدا و هەر ئەو دەست تێوەردانەش زۆرجار- نەخوازراویش بێ- بۆتە هۆی درێژدادڕی بابەتەکانی. شتێکی کە لە خوێندنەوەی ڕۆمانی زیندەخەوی فەتاحی ئەمیری-دا زۆر زوو وەبەر چاوی خوێنەر دێ، ئالوگۆڕی خێرای بابەتەکانە کە وێڕای ئەوەی ئەو ئالوگۆڕە لە سەرەتای وتارەکەوە وەک گرفتێک بۆ جیهانی ڕۆماننووسەکان باسی لێ کرا، نووسەری زیندەخەو زۆر شارەزایانە توانیویەتی بە سەریدا زاڵ بێ. لەوەش گرینگتر، ئالوگۆڕی خێرای خودی خەیاڵ و خەونەکانە: «زەری منداڵ مەبە! پردەکانی پشت سەرم تێک دراون، گەڕانەوە ناکرێ، دەو کارەدا ڕۆیشتن مانای مردنە. بەدڵشکاوی پێشدەستییەکان بەرەو ئاشپەزخانە دەبا، سەروپرچی درێژی لە خوار کەمەریەتی، وەک ماشەری ئاوریشمی لە هەموو ڕەنگان دەنوێنێ، قاوەیی توند بەسەر هەمەوواندا زاڵە و لەبەر خاوێنی ترووسکەی دێ. لە ڕوانینی تێر نابم، نەختاڵێکی ئیراد تێدا نییە، بەتەواوی خۆم بە بەختەوەر دەزانم، ئاه بەلەکی چەندە خۆشتاش و مەرمەڕیە. بەژن و باڵای وەک سەرووی نازە، هەموو گیانم لە تاوانی مێرولان دەکا. ئاواتم ئانێک باوەشی گەرمیەتی، بۆنی غولووری و پیاوەتی وەک هەڵم لەسەرم هەڵدەستێ. قەرارە ئەمشۆ لەلای بمێنمەوە، چاوەڕێم لە ئاشپەزخانە بێتەدەر، هەر ئانێکم بە سەعاتێک لێ درێژ دەبێتەوە، لە نەکاو لەبەر چاوم ، تاوانباری جوانەگا، وەردەگەڕێتە زەری، دەستم بەستراوە، لاق و لەتەری وەبەر کابل دەدا، مچوڕکم پێدا دێ، بەری پێی تک تک خوێنی پێدا دێ، دە ئاووخوێی هەڵدەکێشێ، هاوار دەکەم، دەنگ دەرنایە، چەق و چۆمە، وەخەبەر دێم، نیوەشەوە و چاو چاوی نابینێ...»، بەڵام باسی سەرەکی و پێوەندیدار بە وتارەکە، باس لە زمان و چوار ڕەگەز لە پێکهاتەی دارشتن (طرح) لەزیندەخەو دایە؛ کە سەرەتا باسێکی کورت لە چۆنیەتی بە کارهێنانی زمان لەو بەرهەمەدا دەخەینە بەرچاو و دواتر چوار پێکهاتەی دارشتی تێدا هەڵدەسەنگێنین.

زمان لە زیندەخەودا: شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە زمان لە پێکهاتە (ساختار)ی دارشتنی ڕۆماندا، گرینگایەتییەکی زۆری هەیە. زمان (Language) چۆنیەتی لێدوان و دەربڕینی وتەکانی نووسەرە. ئەگەر بێتو نووسەر لە چۆنیەتی دەربڕینی بابەتدا زاڵ و لێهاتوو نەبێ، زۆر زوو بەردەنگ لە خۆی دەتارێنێ. بێجگە لەوە زمان دەکرێ وەک ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی چیرۆک، یان ڕۆمان باسی لێ بکرێ. مێژووی ڕۆماننووسی جیهانی ئەوە بە ئێمە دەسەلمێنێ کە نووسەرانی گەورە، زۆر جار بە جیاوازی زمانی لەیەک جیابوونەتەوە و هەندێکیان گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرچاو لە هونەری چیرۆکنووسی، کە هەر بەو زمانە جیاواز و تایبەتە توانیویانە خاوەن سەبک و شێوازی تایبەت بە خۆیان بن. زمان لە زیندە خەودا، زمانێکی بە دەسەڵات، کوردانە و جێ کەوتووە. زمانێکە کە دەسەڵاتی دەربڕینی زاراوەی موکریانی بە باشی پێوە دیارە. بێجگە لەوە، دایە خەیاڵ کە یەکێک لە قارەمانانی زیندەخەوە، بە تێکەڵێک لە سێ زاراوەی شارویران، مەهاباد و مەنگوڕ قسە دەکا کە هەموویان دیسان بەشێک لە زاراوەی موکرین. شتێکی گرینگ کە لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەدا وەبەر چاو دێ، ئەوەیە کە بە پێی پێویست و ئەو تایبەتمەندییانەی قارەمانی ڕۆمان تێیدا دەژین، ڕاوێژ زۆر بە جوانی دەگۆڕدرێ و خوێنەر کاتێک مەلی- ئەو کچە هەڵکەوتە و ڕۆشنبیرە- باس لە ئەشق دەکا، لەگەڵ ئەو کاتەی زەری مەزڵوومانە داوا لە حوسێن دەکا کە شوغڵەکەی بگۆڕێ، بەتەواوی دوو ڕاوێژی جیاواز دەبینێ کە تەنانەت دەبنە هۆی جیاوازی زمانیش. جوانکاری زمان (آرایە زبانی)یش دیسان یەکێک لە تایبەتمەندییە زمانییەکانی زیندەخەوە. سەنعەت گەلێکی وەک کەسایەتی بەخشین، شوبهاندن، ئوستوورە، وێنەسازی، تەوس، وەسف و ئاوێتەکاری هەستەکی (حس آمیزی)ی لە زمانی زیندە خەو دا دەبیندرێ. زمان لە زیندەخەودا هەندێک جار تەوسیفی، هەندێک جاریش بە تەواوی زمانێکی پڕ لە تەوسە. لەگەڵ ئەوەدا کە بەگشتی دەکرێ بڵێین زمان زمانێکی ڕەشۆکی (عامیانە)یە، بەڵام لە چەند شوێنێدا خوازە و ڕەمز بەتەواوی زمان بەرەو خۆیان

رادەکێشن. بڕواننە ئەو زمانە شاعیرانەیە لە بەشێک لە ڕۆمانی زیندەخەودا: «زەری دەزگیرانم، ئێوارەی هاوینە، هەوا بە تەواوی فێنکە، زریان بۆنی دەریای بەسەر شار وەرکردووە...»، یان ڕستەی : «سۆزی شەماڵ سنگی ئەرز گەرم دەکاتەوە» لەم ڕستەیەدا جوانکاری کەسایەتی بەخشین (Personafication) بە ئەرز دراوە و زمان بە تەواوی زمانێکی شاعیرانەیە، یان جوانکاری وێنەسازی (imagery) لە ڕستەی: «ناهید "غروب توی کوهستان" دەڵێ، ئەشرەف خانم نەرم نەرم دەگەڵی دەڵێ، جاری وایە دەنگ هەڵدێنێ، دەنگی هەردووکیان زۆر خۆشە، نەرم نەرم ئاهەنگ خەم دەبارێنێ...» هەروەها جوانکاری ئاوێتەکاری هەستەکی (حس آمیزی)ی لە: «تەلەڤیزیۆن دەنگوباس بلاو دەکاتەوە، دایکم ئارامە، ئیشتیای باشە، چەشنێک دڵخۆشی تێدا دەبینم، بۆنی خەم و هەناسە وردە وردە کەم دەبێ...» باشترین نموونەش بۆ جوانکاری ڕەمز، ڕووداوی ناو بەندیخانەیە: «حەوشەی زیندان چۆڵ بووە، تەنیا من و ئەحمەد ماوینەوە، لە دەلاقەی ژوورێدا دەنگی "مچە کەچەڵ" دێ: هەر لە من دەدەن، سەد کەس بەشەڕێ، لێکی دەکەنەوە. من جەفەنگ لێ دەم جووتان دەخۆم، دەڵێی مەختەی شەپانم، شەرتە ئیرەج ئاژان تۆڵەی سەد ساڵت لێ بکەمەوە» مچەکەچەڵ ڕەمزی پیاوێکی هەژار و بێ دەسەلاتی کوردە کە لە زۆر شوێندا نەخوازراو وەبەر پەلاماری ئاژانەکانی ناو بەندیخانە- کە ڕەمزی بێگانەن- دەکەوێ، بێ ئەوەی تاوانێکی لێ ڕوودابێ، یان ئەگەر تاوانێکیشی کردبێ شایانی ئەو دارکارییە نییە و لێدان و دارکارییەکەی بە تەواوی نابەرابەر و نامرۆڤانەیە. مچەکەچەڵ، هەروەها ڕەمزی پیاوان و تێکۆشەرانی میللەتێکە کە بە درێژایی مێژوو، پرسیارە ئینسانیەکانیان تەنیا بە لێدان و کوشتن و بڕین وەڵام دراوەتەوە. زمان لە ڕۆمانی زیندەخەودا هەڵگری باسێکی تری تایبەتە و مەبەست تەنیا ئاماژەیەکی خێرا بەهەندێک لە جوانکاری زمانی بوو کە لێرەدا کۆتایی پێ دێنم و دەچمە سەر هەڵسەنگاندنی چوار ڕەگەز لە پێکهاتەی داڕشتن لەو ڕۆمانەدا:

١- دەسپێک: بێ گومان دەسپێک (opening) لە ڕۆماندا گرینگایەتی زۆری هەیە.

ڕۆماننووس بە چۆنیەتی دەست پێ کردنی ڕۆمان دەتوانێ هەر لە سەرەتاوە خوێنەر بەرێتە ناو دنیای خەیاڵی خۆیەوە، یان بە پێچەوانە لە دنیای خەیاڵی خۆی دوورخاتەوە. ئەوەی کە دەسپێکی ڕۆمان بە لای نووسەرێکی وەک کارویرەوە(٢) گرینگ بووە، دەتوانێ سەلمێنەری گرینگایەتی دەسپێک لە ڕۆماندا بێ. هەڵبەت ئاماژە بەوەش بکەم کە دەسپێک بەشێکە لە داڕشتی ڕۆمان و وەک باسی لێکرا گرینگایەتی زۆری هەیە، بەڵام نابێ نێوەرۆکی چیرۆک، یان ڕۆمان بەتەواوی لە دەسپێکدا پوخت بکرێتەوە و ئەوەش هیچ کات لە گرینگایەتی و ڕۆڵی ئەم ڕەگەزە- وەک ڕەگەزێک لە پێکهاتەی داڕشتنی ڕۆمان، یان چیرۆک- کەم ناکاتەوە. دەسپێک بە پێچەوانەی" هاوارە بەرە" و " میرزا " کە بە تەواوی لەو دوو ڕۆمانەدا تەوسیفییە - لە زیندەخەودا دەسپێکێکی سەرنج ڕاکێشە کە بە خەون و خەیاڵ دەست پێدەکا. ئازاد یەکێکە لە قارەمانە سەرەکییەکانی زیندەخەو کە ئەو خەونانە بە بەلایەکی گەورە بۆ ژیانی خۆی دەزانێ. خۆی دەڵێ لە مێژ منداڵییەوە خەون ئاراوقارای لێ هەڵگرتووە و وەک مۆرکە وردە وردە خواردوویەتەوە. زیندەخەونێک کە قاڵب و شکڵ و فۆرمی هەیە و لە بیر ناچێتەوە. ئازاد لە خەوندا ئەفسەرێکی ئازەربییە کە ئازادیخوازێکی کورد بە ناوی ئەمیر ئەشکەنجە دەدا. تەنانەت پەنجەی بە پێلاقە دەشکێنێ. لە ڕاستیشدا ژیانێکی ئاسایی هەیە، بەڵام خەونەکانی هەر ئەو هەقیقەتانەن کە وەک تراژیدییەک لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆی و نەتەوەکەیدا وجوودی هەیە، تەنانەت لە خەونیشدا بڕوا ناکا دەسەلاتی بێ. بێ گومان سەراسەری ئەو خەونانە کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمان وەبەر چاوی خوێنەر دێن، جیلوەیەکی بەرچاو لە ڕیالیزمن. بڕواننە دەسپێکی زیندەخەو: «هەرچەند دەکەم ئەو خەونە دەستم لە کۆڵ ناکاتەوە، بریا خەو هەبا خەون نەبا، من بۆیە نانووم خەون ببینم؛ بە لای خۆمەوە دەڵێم هێندێک وەحەسێم، ماندوویێم بەسەرچێ، کەچی خەونی لامەسەب وەک دۆڵپا سواری ملم دەبێ». وەک دەبینین لەو ڕۆمانەدا، دەسپێک جیاوازە، لێدوانی ئازادە لەگەڵ خۆی، گلەوگازندە لەو خەونانەیە کە وەزاڵەیان هێناوە. جیاوازی ئەو دەسپێکە لەوەدایە کە خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەو چەند ڕستەیە، تامەزرۆیە زۆر زوو بزانێ ئەو خەونانە چین و سەرەنجامیان بە کوێ دەگا.

٢- پەرە گرتن: بەر لە باس کردن و لێدوان لە ڕەگەزی پەرەگرتن (development) پێویستە بڵێم لە ڕۆماندا زۆر جار ڕووداوێکی نائاسایی ڕوودەدا و ئەو ڕووداوە نائاساییەش بە تەواوی کاریگەری لەسەر بەشەکانی تری ڕۆمان دادەنێ. ڕۆمانێکی سەرکەوتوو هیچ کات خۆی دیلی بابەتێکی یەک دەست ناکا و زۆر بە خێرایی تێیدا بابەتەکان دەگۆڕێن و ئەو گۆڕانانەش تاموچێژێکی تایبەت بە خوێنەر دەدەن. ڕۆماننووسێکی سەرکەوتوو گەلێک جار تێگیراوییەک لە ڕۆماندا دەخولقێنێ و پاشان بابەتی ڕۆمان لەو تێگیراوییە دەرباز دەکا. گەلێک جاریش هەندێک پرسیار دروست دەکا و وەڵامیشیان دەداتەوە. لە هەر حاڵدا دەکرێ بڵێین نووسەر بەو کارە، چەشنێک ناتەبایی لە نێو بابەتی نووسراوەکەیدا دێنێتە ئاراوە کە جاری وایە ئەو ناتەباییە لە نێوان دووکەس، یان دوو

چەشنە بیرکردنەوە، یان لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا وەبەر چاو دێ. ناتەبایی دەکرێ ئەخلاقی، یان زەینی، یان ئاشقانە و هەر چەشنێکی تریش بێ، کە دیارە زیاتر پێوەندی بە بابەتی ڕۆمانەوە هەیە. ڕەگەزی ناتەبایی لە زۆر جیگای ڕۆمانی زیندەخەو دا خۆ نیشان دەدا. بۆ نموونە هەر لە سەرەتای ڕۆمانەوە، ئێمە چەشنێک ناتەبایی لە نێوان ئازاد و بیریدا دەبینین. ڕستەی: «ئەو خەونانە بەڵایەکی گەورەن بۆ ژیانی ئاسایی من» سەلمێنەری ناتەبایی نێوان ئازاد و خەونەکانیەتی کە ئەو ناتەباییە تا کۆتایی ڕۆمان بەردەوامە. بێجگە لەوە، نووسەری زیندەخەو ناتەباییەکی ئاشقانەی زۆر شاعیرانە و ناسک لە نێوان ئەشقی مەلی بەرانبەر بە ئازاد دەخاتە پێش چاو. دوودڵییەکانی مەلی لە خۆشەویستی ئازاد بەرانبەر بە نەشمیل و فەوزیەی ئامۆزای و ئەشرەف خانمی جیرانی، نموونەیەکی ئاشکران کە لە ڕاستیدا چەشنێک ناتەبایی نێوان سوننەت و مۆدێرنیتەن. تا ئێرەی باسەکە ناتەبایی، زیاتر ڕۆڵی پێشەکییەکی بۆ ڕەگەزی پەرەگرتن هەبوو. دوایی ناتەبایی، نووسەر بابەتی ڕۆمان درێژە و بە چەشنێک پەرە پێدەدا. پەرەپێدان لە ڕاستیدا هێنانە ئارای بیری تازە و وتەی نەگوتراوە. خوێنەر بە خوێندنەوەی ڕۆمان تووشی هەندێک وتەی شاراوە و پرسیار دێ کە ڕوونکردنەوەیان دەبێتە هۆی پەرەسەندنی بابەتەکە. لە ڕۆمانی زیندەخەودا وتەکانی دایە خەیاڵ، بێجگە لەوەی لە ڕاستیدا چەشنێک ئوستوورەن، بە تێکڕایی ئەرکی گرینگی پەرەگرتنی بابەتیان لەسەر شانە. سەرنج بدەنە بەشێکی پێوەندیدار بەو باسە: «دایە خەیاڵ! دەروێش عەلی کێ بوو؟/ کەسوکارم لەوهەی گەڕێ، هەر وا بەزارم داهات/ دایە خەیاڵ بێدەنگ بووە، دنیایەک حەز و داخازم دە ناوی دەروێش عەلی دا دیت/ وەک ئەو ناوە دەپنج و بناوانی ژیانی دایە خەیاڵدا ڕیشەی داکوتابێ/ ئەوندە بە غوربەتی ئەم ناوەی کوت یا چاکترە بلێیم ئەم ناوەی سووتاند، شکم پەڕیە سەر مەسەلەکە...» ئەم پرسیارەی ئازاد لە دایە خەیاڵ، لە ڕاستیدا پرسیاری خوێنەرە، کە لە درێژە دا ئازاد گرووی گێڕانەوەی باسی دەروێش عەلی لە دایە خەیاڵ دەگرێ و دایە خەیاڵ ئەو پرسیار و ئیبهامە ڕوون دەکاتەوە. یان نموونەیەکی تر گێڕانەوەی بیرەوەری ڕابردووی ئەحمەدە لە زمان خۆیەوە و هەروەها چۆنیەتی ئاشنا بوون لەگەڵ حەسەن. ئەوەش حەسەن و ناساندنی خۆی بە ئەحمەد: «ڕاوەستە با بە تەواوی حاڵیت کەم، خەریکە شێت بی/ بەڵێ ئەحمەدە گێلی ماڵ وێران، حەپەمێش خۆری قوڕوەسەر، دە دنیای ئێمە دا هەر کەس ڕاست بڕوا لە برسان دەمرێ/ کەسبی حەڵاڵ ئەگەر هەبێ تەنیا نانی ویشکی دەردێنێ/ من بە ڕۆژ مجێورم، بە شەو دز، هەر شەوەی ماڵێک، دووکانێک، جێگایەکی دەبڕم/ هۆدەیەکم لە حەوشەی مزگەوتدا دراوەتێ، لەوێ دەیشارمەوە هەتا دەنگ و باس دەخەوێ/ پاشان سەبرێکی ڕایدەگوێزم بۆ ئێرە، لێرەش دەیتوێنمەوە...»

٣- لووتکە: ئاماژە کرا بەوەی کە خوێنەر لە بابەتی ڕۆماندا تووشی هەندێک پرسیار و وتەی شاراوە دێ کە ڕوون بوونەوەیان دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ڕۆمان. لێرەدا لەگەڵ ڕوون بوونەوەی بابەتەکان، خوێنەر ڕوحی خۆی تێکەڵ بە درێژەی ڕووداوەکان دەکا و زۆر جار دەخوازێ، داهاتووی چارەنووسی قارەمانانی ڕۆمان پێشبینی بکا. لەو کاتە دایە کە ڕۆمان دەگاتە لووتکە. لووتکە (climax) لە وشەدا بە مانای بە ئارامی چوونە سەرێ و گەیشتن بە ئاخری پەیژە، یان پلیکانە. بەڵام لە دەستەواژەی چیرۆکدا: «بە کاتێک دەڵێن کە لەسەرجەم بابەتی ڕۆماندا، ناتەبایی بەئەوپەڕی خۆی دەگا» (٣) . لە بەشێک لە ڕۆمانی زیندەخەودا کاتێک ئەحمەد باسی کوشتنی کابرای قەرزدار بۆ ئەمیر دەگێڕێتەوە، بابەتی ڕۆمان بە پرسیارێک دەگاتە لووتکە: «... لای نیوە شەو بە جیرەی دەرکە وەخەبەر هاتم، هەروا خەواڵوو بووم، دەستەوخەنجەر هەڕرای کردمێ. خەنجەرێکی لە قۆڵم دا. گەرمەبرین بوو بە ئێشی خۆم نەزانی. تێکڕۆ هاتین، نازانم چم کرد و چ کرا. بڕوام پێ بکە دەسکی خەنجەرەکە هات دە دەستمەوە، مۆڵەتم نەدا و کوشتم. لاقم دەبەست چوون. هاواری ژن و منداڵەکەی، گەڕەکی وەسەر گێڕام. کەوتمە ژێر ئەزیەت و سوال و جواب، تەنیا قسەیەکم دەکرد: «قەرزم لەسەری بوو، قەرار بوو بەیانی بمداتێ، قەستی بوو بمکوژێ، من کوشتم» ژن و منداڵی کوژراویش لەوەبەدەر چیان نەدەزانی، هەرگیز ناوی حەسەنم نەبرد. باسی ڕابردووشم نەکرد، تکا دەکەم تۆش باسی مەکە. حەسەن دوای گیرانی من ماوەیەک ڕای کرد و ئێستێ وەک بیستوومە تۆبەی کردووە و پیاوانە دەژی. ئەوێ دەمێ دەمکوت هاواڵمە و بیپارێزم باشە، ئێستاش دەڵێم پاک بۆتەوە با پیسی نەکەمەوە. حەسەن ئەو حەسەنە نییە، منیش ئەو ئەحمەدە نەماوم. نازانم کێ تاوانبارە؟ من؟ حەسەن؟ کوژراو؟ کۆمەڵ؟ یا ...؟« بەو پرسیارە، نووسەر بابەتی ڕۆمان دەگەیەنێتە لووتکە و تەواوی دەردەکانی کۆمەڵگاکەی پێ خەسارناسی دەکا. لە بەشێکی دیکەی ڕۆماندا نووسەر بابەتێکی ئاشقانە دەگەیەنێتە لووتکە. ئەو کاتە مەلی خۆ دەخاتە باوەشی ئازادەوە و ئازاد خەریکە سنوور دەشکێنێ، قسەی مەلی، لووتکەی ئاشقانەی ڕۆمانە: «خۆ دەباوەشم داوێ. گێژومەنگی دامدەگرێ نازانم چۆنم، لە خۆوە لەشم وەک بی ناو ئاو دەلەرزێ. بۆنی بسک و بناگوێی خولێک بە مێشکم دادێنێ. نازانم چ دەکەم و چ پەلەقاژەیەکمە. لە نەکاو هەردووک گوێم دەگرێ: «دڵداری بە ڕووسووری» لە بواری نەتەوایەتیشدا،

لووتکەی ڕۆمـان لەو شـوێنە دایە کـە ئەفسـەرەکـە پاش محـاکـەمـەی ئەمـیـر، داوای هاوکـاری لێـدەکـا و دواییش ڕاسـتــەوخــۆ پێ لەســەر بێ تـاوانی ئەمــیــر- کــە ئازادیخوازێکی کوردە- دادەنێ:» ئەمیر بۆ نایەی هاوکاری ئێـمـە بکەی؟/ نامـەوێ خـۆ فـرۆش بم/ یانی من خـۆ فرۆشم؟/ سـەرێکم لێ بادەدا/ خـۆت دەزانی من نامـەوێ لۆمـەت بکەم، تەنیـا جوابی پرسـیـارەکـەت بوو/ ئەمیـر بە ڕاستی تۆ جیاوازیخواز نەبووی؟/ هەرگیز/ ئەی بۆ وایان بە ئێمە سەلماندووە؟/ بۆوەی بەگژ یەکی وەک منت داکەن/ ئەمـیـر بە بڕوای مـن، تۆ بێ تاوانی/ ئەدی بۆ پەنجـەت بە پێلاقە شکاندم؟/ خەجالەتم ئەمیر...» بێجگە لەو دوو نموونانە بەگشتی لە سەرجەم بابەتی ڕۆمانی زیندە خەودا، ڕستەی : «... دە کۆمەڵێکدا دەژیم کە هەقم نییە ناویش بە سەلیقەی خۆم هەڵبژێرم» ، یان «حکومەتی دژی ئازادی، ناتوانێ بەرەو شارستانیەت بڕوا» هەرکام لە جێی خۆیدا لووتکەی ئەو بەرهەمـەن، هەروەها بە بڕوای من جـوانتـرین جـیلوەی ڕەگـەزی لووتکە لە لێـدوانەکـانی ئازاد لەگـەڵ ئێلاهەدا خۆیایە.

٤- کـۆتایی: ڕەگـەزی کـۆتایی(Ending) یەکـێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهاتەی داڕشتنی ڕۆمانە. دوای ئەوەی نووسـەر بەرهەمـەکـەی دەست پێکرد، ناتەبایی و پەرەســەندن وەک دوو بەشی بنەڕەتی تێــدەپەڕێنێ و سەرەنجامی بابەت دەگەیەنێتە لووتکە. لە دوای ڕەگەزی لووتکە، ڕۆمان بە ئارامی لە وێنەیەکی کورتدا دەبڕێتەوە، کە بەو بڕانەوە دەگـوترێ: کـۆتایی. ڕۆمـانی زیندەخـەویش پاش تێپەڕکردنی ئەو قۆناغـانە، بە بیرێکی ئینسانییەوە بەرانبــەر بە ئازادی، کــۆتایی پێ دێ. کــۆتایی لە زیندەخـەودا، کـۆتاییـەکی تەواو ئینسـانیـیـە و ئازاد لە کۆتایی ڕۆماندا وەشوێن فـێر بوون و فێر کـردنی ئازادی، دەکـاتە هۆی گەڕانەوە بۆ ولاتەکەی. سروشـتـیـیە کـۆتایی هەرچەندە کــاریگەری زیاتر بێ، ڕۆمــانیش ئەوەندە مـاندگارترە. هونەریتـرین کۆتایی ئەوەیە کە خـوێنەر دوای تەواو کـردنی ڕۆمـان، بەبیـرێکی قـووڵەوە سـەرگـەرمی دۆزینەوەی وەڵامی پرسیـار و بابەتە جۆراو جۆرەکـانی ناو ڕۆمان بێ. ئەو چەشنە کۆتاییە، کۆتاییەکی سەرکەوتووە. بێجگە لەوە ڕەگەزی کۆتایی زۆر جار لە ڕاستیدا هەڵگری پەیامی شاراوە و سەرەکی نووسەریشە. بێ جێ نییە لێرەدا ئامـاژەیەکی کورت بە هەندێک لە پەیامـەکـانی ڕۆمـانی زیندەخـەو بکرێ. یەکـێک لە پەیامـە سەرەکـیـەکـانی ئەو ڕۆمـانە، ڕوانگەی ئینسـانی بەرانبەر بە ژنە. وەک لە زۆر بەشی زیندەخەودا دەبینین مـەلی ئەشقی پاک و بێ وێنەی خـۆی پێـشـکەش بە ئازاد دەکـا و تا کـۆتایی ڕۆمــان، داوێنپـاکی خـۆی وەک گـەوهەرێکی کـوردانە دەپارێزێ. مـەلی بگێـڕەوە (ڕاوی)ی بەیتی خـەج و سـیـامـەندە و بەشـانازییـەوە دەڵێ: من شـاگـردی "خـەج"م. لەوانەش گرینگتر، مەلی- وەک (جەفەنگی) کچێکی هەڵکەوتەی کورد- شووکردن بە مەرگی ئەشق دەزانێ و خۆشەویستی، لە ژیانی ژن و مێردایەتی پێ گەورەترە. بەخشینی ڕۆڵێکی ئاوا بە مـەلی، دەتوانێ پیشـاندەری ئەو پەیامە بێ کـە ژن بەشێکی بنەڕەتی و گرینگ لە ئێمە و کۆمەڵگەی ئێمەیە کـە دەتوانێ خـاوەن شـعـوورێکی بەرز و بێ وێنەی وەک مـەلی بێ. مـەلی پێش لەوەی کـچێک بێ، دایکێکە کە خـۆشـەویسـتـیـیـەکـەی بۆتە لووتکەی پاکی و لە ڕادە و سنووری تێپـەڕاندووە. ماف خـوازیش دیسـان یەکـێک لە پەیامە ڕوونەکانی زیندەخەوە. مافێک کە "لە ئینسان جیا نیـیـە" و " لە زاتی ئینسـان دایە". پەیامی هەرە گـرینگ ئەوەیە کـە مـاف خواردن نەتەنیا دەردێک چارە سـەر ناکا ، بەڵکو تەنیـا مـاف بەخـشـینە کـە دەتوانێ کـۆمـەڵ بەرەو پێـشکەوتوویی و شـارسـتـانیـەت ببـا ، وەک لە کـۆتایی ڕۆمانیشدا دەبینین نووسەر، فێربوونی کردۆتە پێشەکی بۆ فـێـر کـردنی ئازادی کـە ئەوەش دیسـان دەتوانێ هەڵگری پەیامێکی گرینگی ئینسانی بێ. هەندێک لە قارەمانانی زیندەخەو، هەوڵ دەدەن کە لە پێوەندی ئاشقانەی خۆیاندا، ئازادی ئەزمـوون بکەن و لەو ڕێیەوە مـانا بە ژیانی خـۆیان ببـەخـشن. ڕێک وەک ئەو ئەرکـەی کـە مـیـلان کـۆندێرا خستوویەتە سەر کەسایەتی ڕۆمانەکانی، تا بسەلمێنێ کە ڕۆمـانێکی سـەرکەوتوو هیچ کات لە ئەزموون کـردنی هەر چەشنە دیاردەیەکی کـۆمـەڵگە ناترسێ و تەنیـا لە ڕێگای ئەزمــوونەوەیە کـە بە کـەشف و ناسـینی دنیـای هەسـتی کۆندێرا و پێـشگووییەکانی گوستاڤ فلۆبێر دەگات. ئەو چەشنە پێشگوویانە لە ڕۆمانی زیندەخەویشدا کەم نین.


سەرچاوە و پەراوێز:

**١- موام ، سامرست ( دربارەی رمان و داستان کوتاە) ترجمە کـاوە دهگان، تهـران، شـرکت انتـشـارات علمی و فـرهنگی ( ١٣٨٢) ص٢٤.**

**٢- ڕیمۆند کـارویر (چیـرۆکنووسی ئەمـریکایی) دەڵێ جـارێک ویستم چیرۆکێک بنووسم کە تەنیا دەسپێکەکەی هاتە زەینمەوە و دواتریش بە چیـرۆکـێکی زۆر باش دەرچوو. ڕسـتـەی: « خـەریکی جاڕوو (گەسک) لێدان بوو کە تەلیفۆن زەنگی خوارد» دەسپێکی ئەو چیـرۆکـە بوو کـە بە گیـان و دڵ هەسـتم دەکـرد چیـرۆکێک بەو دەسپێکە بەڕێوەیە.**

**٣- داد، سیـما ( فرهنگ اصطلاحات ادبی، واژەنامە مفاهیم و اصطلاحـات ادبی، فــارسی و اروپایی بە شـــیـــوە تطبـــیـــقی و توضـیـحی) تهـران ، انتـشـارات مـروارید چاپ اول (١٣٨٢) ، ص٤٩٤.**

# ڕەخنەی ڕەخنە
# (ئەرک و بنەماکانی)

**کارزان کەریم ئەمین**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**

یەکێک لەو بابەتانەی کە هاوشان لەگەڵ ئەو پەرەسەندن و گۆڕانانەی کە لە دنیای ئەمڕۆی ڕەخنەی ئەدەبیدا شیاوی پەیڤین و ورووژاندنە، ڕەخنەی ڕەخنەیە. ئەم زاراوەیە لە ژێدەرەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا کۆمەڵێک زاراوە و دەستەواژەی دیکەی بۆ بەکارهاتووە، لەوانە: (میتا ڕەخنە[١]، ڕەخنەی دیالۆگی [٢]، شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی [٣]، خوێندنەوەی ڕەخنە [٤]،...تاد). هەموو ئەم زاراوە و دەستەواژانە ئەگەرچی بە ڕواڵەت جیاوازن، بەڵام لە کرۆکدا هەڵگری یەک واتان.

ئەگەر بمانەوێت لە چەمک و واتای ڕەخنەی ڕەخنە وردبینەوە، پێویستە بەر لەوە بگەڕێینەوە بۆ ناساندنی زاراوەیەکی دیکەی پەیوەستدار کە ئەویش ڕەخنەی ئەدەبییە، هەرچەندە ئەم زاراوەیە چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، لەوانە:

- (رینیە ویلیک) دەڵێت: «ڕەخنەی ئەدەبی لە مانا گشتییەکانی ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبییە، دەرخستنی چێژ و ڕەگەزە ئەدەبییەکانە، دیاریکردنی مەبەستی شاکاری ئەدەبییە» [٥].
- (ئیبرامز) دەبێژێت: «ڕەخنە جۆرە توێژینەوەیەکە کە بایەخ بە ناساندن و پۆلینکردن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکان دەدات» [٦].
- لە (المعجم المفصل في الأدب)دا هاتووە: «ڕەخنەی ئەدەبی هەڵسەنگاندن و بڕیاردانە لە ڕووی هونەری و ئەدەبییەوە بەسەر دەقی ئەدەبیدا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی شێوازی پەیڕەوکراودا» [٧].

ئەگەرچی ئەم پێناسانە لە ڕواڵەتی دەربڕیندا جودان، بەڵام تاڕادەیەک کۆکن لەسەر ئەوەی کە ڕەخنەی ئەدەبی پرۆسەیەکە هەوڵی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی پێکهاتە و ڕەگەزەکانی دەقی ئەدەبی دەدات، بایەخ بە دەرخستنی بەهای ئیستێتیکی و ئایدیۆلۆژی دەقی ئەدەبی دەدات.

بە سەرنجدان لەم پێناسەیە بۆمان دەردەکەوێت کە هەریەک لە دەربڕینەکانی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن ئەرکی خۆیان لە پرۆسەی ڕەخنەگرتندا هەیە، کە دوو بنەمای گرنگی کاری ڕەخنەیین، یەکەمیان پتر خۆی لە مانای وەسفکردنی ڕەگەز و دەرخستنی چۆنیەتی پێکهاتنی دەقی ئەدەبیدا دەبینێتەوە،[٨] بەبێ خۆبەستنەوە بە بڕیاری پەسندکردن و پەسند نەکردنی دەق. هەڵسەنگاندنیش واتای ئەو ڕاڤەکردن و لێکدانەوانە هەڵدەگرێت، کە لەسەر بنەمای هەندێک پێوەری ڕەخنەیی بڕیار لەسەر هەردوو لایەنی هونەری و ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی دەدات [٩]، [١٠].

لەم سۆنگەیەوە دەکرێت بڵێین: ڕەخنەی ڕەخنە بریتییە

له خوێندنەوە و پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەموو ئەو کــارە ڕەخنەییــانەی کــە ئەرکــیــان شــیـکردنەوە و هەڵســەنگاندنی دەقی ئەدەبییــە، کـە ئەمــەش لەپێناو بنیــادنانی گــوتارێکی ڕەخنەیی و مــەعــریفی کــە تایبەتمەندێتی بابەتیانە و ئیستێتیکانەی دەقی ئەدەبی ڕەچاو بکات.

ڕەخنـەی ڕەخـنـە وەک دیـاردەیـەک لـەنـاو تـوێـژیـنـەوە ڕەخنەیی و ئەدەبییـەکاندا، هەر لەخۆیەوە بە چەشنێکی هەرەمەکی چێ نەبووە، بەڵکو پەرچەکردارێکە لە هەمبەر ئەو بار و کـەشـەی کـە دەوری ڕەخنەی ئەدەبی تەنیـوە، یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی ئەو پەرەسەندنانەی کە تیۆر و مـیـتـۆدە ڕەخنەییـەکـان بە خـۆیانەوەیان بینیـوە، کـە زۆربەیان سیما و ئەرک و ئامانجی تایبەتی خۆیان هەیە، تەنانەت هەژمارکردنیشیـان چەشنی تێگەیشتنیـان سانا نیـیــە. هەر ئەمــەش وای کــردووە کــە جـۆرە تەنگژە و ئاڵۆزبوونێک بەرۆکی ڕەخنەی ئەدەبی بگرێتــەوە، کــە ڕەخنەگری ئینگلیـزی (ئای. ئەی. ڕیچاردز) ئەم دیاردەیە بە (ئاژاوەی تیـۆرە ڕەخنەییـەکان) ناودەنێت، ئاماژە بەو بەنێویەکداچوونەی نێوان تیۆرە ڕەخنەییەکان دەکات، کە بەدرێژایی مــێـــژووی ڕەخنەی ئەدەبی بەدوای یەکـــدا هاتوون[ ١١ ]، ئەم ئاڵۆزبوونەش ڕەخنەی ئەدەبی کـردۆتە گـۆڕەپانی تاقـیکردنەوە و سـەڵماندنی زۆر جـۆرە تیـۆر و مـیــتــۆدی ڕەخنەیی جـیــاواز، تەنانەت ڕەخنەگــرانی سـەربەیەک جـۆری ڕەخنەش لە دیدی جـیــاواز کــاریان کـردووە، هەربۆیە بە تایبـەتی «لەکۆتاییـەکانی سەدەی بیستەمەوە ڕەخنە هەوڵی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی گـوتاری ڕەخنەیی داوە. بێ گومـان لەگـەڵ گـۆڕانی بواری ئیـشکردنی ڕەخنە لە (دەق)ەوە بـۆ (گـوتاری ڕەخنەیی) ســتــراتیــژییــەتی هاوکــێــشــەی (شــیـکردنەوە و هەڵسەنگاندن)یش گۆڕاوە»[ ١٢ ].

لەم سـۆنگەیەوە دەکـرێت بگوترێت کـە ئەرکی کـاری ڕەخنەیی لەگـەڵ ســەرهەڵدانی چەمکی ڕەخنەی ڕەخنە سنووری جوگرافی خۆی بەزاندووە بە ڕووبەرێکی فراوانتر ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، بەشێوەیەک «خودی ڕەخنە بووەتە کەرەسەیەک بۆ ڕەخنەگرتن.. بەمەش ڕەخنە بە چەشنێکی هۆشیـارانەتر، بەشێـوازێکی پڕ بایەخـانەتر هەوڵی چاکترکردنی ئامرازەکانی خۆی دەدات».[ ١٣ ].

ئەو ئامانجانەی کە ڕەخنەی ڕەخنە هەیەتی بۆ پاراستنی کـاری ڕەخنەیی لە هەر هەڵەیەکی بابەتیـانە، ڕەخنەگـری ڕەخنە دووچاری بارێک ئەرکی قــورس دەکــاتەوە، کــە لەکــاتی شــیـکردنەوە و هەڵســەنگاندنی ئەزمــوونە ڕەخنەییــەکــاندا یەخـەی دەگـرێت، ئەمـەش بە ئامـانجی «دەرخستنی ئەو میکانیزمانەیە کە خودی پرۆسەی ڕەخنە بەڕێوە دەبەن»[ ١٤ ].

لە ڕێگەی ئەو میکانیزمانەوە حەقیقەتی جۆری کارە ڕەخنەییەکە ئاشکرا دەبێت، ئەمەش بە شوێن هەڵگرتنی هەنگاوەکــانی کــاری ڕەخنەیی و چۆنیــەتی ڕوانینی ڕەخنەگر، کە دەبێتە هۆی ناسینەوەی کارە ڕەخنەییەکە، لە ڕێگەی ئەم ناسـینەوەشـەوە دەتوانرێت ترس و گـومـانی هەرچی تێکەڵکاری و هەڵە تێگەیشتن هەیە بڕەوێتـەوە، بەمــەش ڕەخنەی ڕەخنە ئەرکی «وریاکــردنەوە لەلایەنە شاراوەکانی نێو دەقی ئەدەبی و پرۆسـەی ڕەخنەگـرتن لە هەمان کاتدا و ئەو ئاڵۆزی و بە یەکداچوونانە دەبینێت، کە هەریەک لە ئەدەب و ڕەخنە ڕۆڵیـان لە شاردنەوەیاندا هەیە»[ ١٥ ]. بەمەش لەم کردەیەدا ڕەخنەی ڕەخنە لە بری ئامــــانجــــێـک، دوو ئامــــانج دەپێکێت، واتا: «خــوێندنەوەیەکی جــووت ئامــانج دەکــات، ئەویش بەخــــوێندنەوەی کــــاری ڕەخنەیی خــــوێندنەوەیەکی هەڵســـەنگێنەرانە، لەهەمــان کــاتدا لە مــیــانەی ئەم خوێندنەوەیەدا تێگەیشتنێکی تایبـەتی بۆ دەقی ئەدەبی ڕەخنەلێگیراو دەبێت»[ ١٦ ]

ســەرباری ئەمــەش ڕەخنەی ڕەخنە هەندێک جــار بە هەڵبژاردنی کۆمەڵێک کاری ڕەخنەیی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ڕووی مەبەستی خۆی ئاراستەی پەیڕەوی باو و یاســای گـشــتی ئەدەبی و ڕەخنەیی دەکـات، بەمـەش ڕێڕەوی گـشـتی بزووتنەوەی ئەدەبی دەردەکـەوێت، ڕادەی ســـــتی و بووژاندنەوەی هەنگاوەکـانی بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی دەردەکـەوێت. هەر لەم گۆشـەنیگایەوە (ئینریک ئەندرسۆن ئیمبرت) دەڵێت: «یەکێک لە ڕێچکەکانی ئەم ڕەخنەیە خـۆی لە هەڵبــژاردنی کــارە ڕەخنەییــەکــانی ژمـارەیەک لە ڕەخنەگرە مـەزنەکاندا دەبینێـتـەوە، لەگـەڵ لێک هەڵوەشـاندنەوەی ڕەمــزی تێگەیشــتنە تاکــە کەسییەکانیان دەربارەی جیهان، سەرنجەکانیان لە بارەی بەهای ئەدەبی و شـێـوازەکـانیـانەوە، واتە: مـامـەڵەکـردن لەگـەڵ ڕەخنەگـران بە هەمـان شـێـوەی مـامــەڵەکـردنی ڕەخنەگرانە لەگەڵ شاعیراندا»[ ١٧ ].

لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەی سەرەوەدا، بە ئاوڕدانەوە لە کاری ڕەخنەیی ڕەخنەگرانی خاوەن ئەزموون، دەتوانرێت هێڵە گشتییەکانی بزاڤی ڕەخنەیی ڕەنگرێژ بکرێت، هاوتەریب لەگەڵ ئەمەشدا پەنجەی پەی بردن بۆ هەموو ئەو هۆکارە ناوەکی و دەرەکییانە درێژ دەکرێت، کە لە هەمان کاتدا ڕۆڵیان لە پەرەسەندن و لاوازکردنی بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی هەیە، هەروەها بە شیکردنەوەی ڕوانینە ڕەخنەییەکان ژێدەری مەعریفی ڕەخنەگر، ڕادەی ڕۆشنبیرییەکەی دەخرێتە ڕوو، بۆچوونی تایبەتی، لێهاتوویی و هەڵکەوتووییەکەشی دەردەکەوێت، بەمەش: «بۆچوونە ڕەخنەییەکان لێک هەڵدەوەشێنەوە، بۆ پشکنینی توخمە ئایدیۆلۆژییە دەمامکدراوەکانی نێو تیۆرەکان» [١٨].

ئەم کارەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەرکی ڕەخنەگری ڕەخنە قەتیس دەبێت لەگەیاندنی ڕەخنەگرێک بۆ لووتکە کە ئەو بە بلیمەتی دادەنێت، یان هێڵێکی ڕاست و چەپیش بەسەر ئەو ڕەخنەگرە دادەهێنێت کە پەسندی ناکات، بەڵکو ڕەخنەی ڕەخنە بۆ ئەوە لە دایک دەبێت کە «ڕەخنە نەبێتە مەیدانی سەنگەرگرتن لە لایەنێک، کە تێیدا سەرکەوتوو و ژێرکەوتوو دەستنیشان بکرێت، لە میانەی بڕیاردان لەسەر حەقیقەتی مەسەلەکان» [١٩]. کەواتە لەنێو پرۆسەی ڕەخنەییدا (دەق، ڕەخنە، ڕەخنەی ڕەخنە) ، ئەم سێکوچکەیە لە بازنەی خزمەتکردنی دەقی ئەدەبیدا هاریکاری تەواوکردنی کارەکانی یەکترن، بەبێ بواردان بۆ لاسەنگکردنی هاوکێشە ڕەخنەییەکان.

هەموو ئەو هەوڵانەی کە ڕەخنەی ڕەخنە، لەپێناو پاراستن و بەرگریکردن لەو هەڵکشان و داکشانانەی کە ڕەخنە لە ڕێکردنی بەنێو تەنگژە و ئاریشە ڕەخنەییەکاندا دەیدات، ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، مەبەستداربێت، یان بێ مەبەست، بەدەم ئەم کارەشەوە کۆمەڵێک ئاکامی باشی لێدەکەوێتەوە، لەوانە: هاریکاریکردنی خوێنەر لە خوێندنەوە و شیکردنەوەی کارە ڕەخنەییەکان و دەقە ئەدەبییەکان لەیەک کاتدا، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی کە «قۆناغی تێگەیشتن لەوەی کە ڕەخنەگری ئەدەبی دەربارەی دەقی ئەدەبی گوتوویەتی جێ بهێڵێت، هەنگاو بنێ بەرەو قۆناغی ئەوەی کە ڕەخنەگر چۆن و لەبەرچی ئەمەی گوتووە؟» [٢٠].

هەروەها پێشکەشکردنی بۆچوون و دیدی تازە بۆ کارە ڕەخنەییەکان، ڕەخساندنی هەل بۆ خستنەڕووی پرسیاری یەک لەدوای یەک دەربارەی ناسنامە و کەرەسە و ئامراز و بوارەکانی کارە ڕەخنەییەکان[٢١]، جگە لەمانەش ئاسانکاریکردن و دەستگرتنی ڕەخنەگران بۆ دۆزینەوەی ڕێگای داهێنان، چۆنیەتی بژارکردنی بابەتەکان، هەروەکو (تێری ئیگڵتن) کە لە بارەی ڕۆڵی ڕەخنەی ڕەخنەوە ئاماژە بەوە دەکات کە تەنیا کاری ڕەخنەی ڕەخنە، دانانی پێوەرێک نییە بۆ هەڵسەنگاندنی تیۆرە ڕەخنەییەکان، بەڵکو نەخشەدانانە بۆ فەراهەمکردنی پرۆسەی داهێنان و پشکنینی لۆژیکییانەی ئەو گوتانە کە تێگەیشتن لێیان ئاسان نییە[٢٢].

ئاریشەیەک هەیە کە شایانی ڕامانێکی قووڵە، ناکرێت فەرامۆشی بکەین، زۆرجار لە تەک باسکردنی ڕەخنەی ڕەخنەدا دووچاری دەبینەوە، ئەویش ڕادەی سەربەخۆیی ڕەخنەی ڕەخنەیە لە ڕووی بوون و نەبوونی کەرەسە و ئامراز و تیۆرێکی تایبەت بەخۆی، هەروەها چۆنیەتی پابەندبوونی بە میتۆدبەندی لە پرۆسەی ڕەخنەگرتندا.

هەندێک لە سەرچاوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بانگەشە و پێشنیاری سەربەخۆیی ڕەخنەی ڕەخنە دەکەن، پێیانوایە کە ڕەخنەی ڕەخنە پێویستی بە تیۆر و سەرچاوەیەکی مەعریفی تایبەت بەخۆی هەیە، وێڕای ئەو کەرەسە و ئامرازانەی کە ڕەخنەی ئەدەبی دەیانخاتە بەردەست، لەگەڵ ئەوەشدا هەستیان بەوە کردووە، کە تاکو ئێستا ڕەخنەی ڕەخنە نەیتوانیوە ئەم سەربەخۆییەی خۆی ڕابگەیەنێت[٢٣]، [٢٤]. هەندێک ژێدەری دیکەی ڕەخنەیی زۆر ڕوون و ئاشکرا سەربەخۆبی ڕەخنەی ڕەخنەیان ڕەت کردۆتەوە، ڕاشکاوانە بڕیاری کارپێکردنیان لە بازنەی ڕەخنەی ئەدەبیدا داوە، چونکە پێیانوایە کە ڕەخنەی ڕەخنە تائێستا پرۆژەیەکی کراوەیە لە سنوورێکی دیاریکراو و سەربەخۆدا میتۆدبەند و تیۆریزە نەکراوە[٢٥] [٢٦].

لە سۆنگەی ئەم دوو بۆچوونە جیاوازەوە باری سەرنجمان بەرەو ئەوە دەچێت، کە لەبەر ئەوەی ڕەخنەی ڕەخنە بابەتێکی تازەیە لەنێو ڕەخنەی ئەدەبیدا، لە ڕووی تیۆریزەکردنەوە بە دەگمەن مشووری بۆ خوراوە، سەرەڕای ئەمەش ئەو توێژینەوە ڕەخنەییانەی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون، ئەگەر باسیشیان کردبێ پتر لە چوارچێوەی پراکتیکدا بوونی خۆیان سەلماندووە، نەک بە داڕشتی

تیۆر، دروستکردنی زاراوە، لێکدانەوەی چەمک و واتای تایبەتی، هەوڵی شرۆڤەکردنی ئەم بابەتەیان دابێت(*). ئەمەش گەواهیدەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕەخنەی ڕەخنە تا هەنووکەش نەیتوانیوە جارێ سەربەخۆیی وەک مەعریفەیەکی ئەدەبی دابڕاو لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بدات، هەر لەبەر ئەمەشە (کارلونی و فیللو) لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا بێ دەنگ نامێننەوە، دەڵێن: «ڕەخنەی ڕەخنە چەشنی مەعریفەیەکی ناسەربەخۆ دەردەکەوێت، هەروەکو پۆلهان ئاماژەی بۆ دەکات، تەنیا ئەویشە کە بنچینەی ڕاستەقینەی ڕەخنە متمانەدار دەکات» [٢٧].

هەرچی پێوەندی بە پابەندبوونی ڕەخنەگری ڕەخنەوە هەیە، لە بەکارهێنان و هەڵبژاردنی میتۆدێکی ڕەخنەیی لە پرۆسەی ئەنجامدانی کارە ڕەخنەییەکاندا، ئەوە دەشێت بگوترێت: «ئاساییە بۆ ڕەخنەگری ڕەخنە کە دەستبەرداری ئاماژەکردن بە یەکێک لە میتۆدەکانی ڕەخنەی دەق بێت، ئەم هەڵبژاردنە بۆ خودی ڕەخنەگرانی دەق جێ بهێڵێت، چونکە بواری ڕاستەقینەی لێکۆڵینەوە تایبەتییەکەی ئەو، مەعریفە نییە، بەڵکو مەعریفەی مەعریفەیە» [٢٨]، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە خۆی لە هەموو جۆرە دەستەمۆبوونێک بە میتۆد دەپارێزێت، بەڵکو سروشتی ئەو کارە ڕەخنەییەی کە ئیشی تێدا دەکات، چۆنیەتی و چەندێتی بەکارهێنانی ئامراز و چەمک و کەرەسەکانی میتۆدی ڕەخنەی دەقی ئەدەبی ئەم سوودمەندبوون و پابەندبوونە بە میتۆد دیاری دەکات. کە ئەمەش بەپێی کارە ڕەخنەییە جیاوازەکان دەگۆڕێت، چونکە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕەخنەی ڕەخنە بەراوردکردن و بەرانبەرکردنی کارە ڕەخنەییەکەیە لەگەڵ حەقیقەت و ژێدەری بنەڕەتی ئەو میتۆد و جۆرە ڕەخنەییەی کە ڕەخنەگری دەق کاری پێکردووە، یان بانگەشەی بەکارهێنانی کردووە، لەمیانەی ئەو بەراوردکردن و بەرانبەرکردنەشدا «دوو هەنگاوی میتۆدییانە هەن، کە لەسەر ڕەخنەگری ڕەخنە پێویستە پەیڕەویان بکات، یەکەمیان: پابەندبوون بە بنەمای بێلایەنی لەمەڕ ئەو میتۆدەی کە ڕەخنەگری لێکۆڵراو هەڵیبژاردووە...، هەرچی هەنگاوی دووەمە: بە گەڕخستنی هەموو مەعریفەمان دەربارەی میتۆدی پیادەکراو، لەپێناو کۆنترۆڵکردنی ڕەخنەگر لە گوزارشتکردن لە بۆچوونە تایبەتییەکانی» [٢٩].

کەواتە ڕەخنەی ڕەخنە وەکو پرۆسەیەک لە بۆشاییدا ڕوونادات، پێویستییەکە پێوەندییەکی پتەوی بە باری ڕەخنەوە هەیە لە دۆخە جیاوازەکاندا، ئەم پێویستییەش پتر لە دوو دۆخی جیاوازدا ڕەگوڕیشەی خۆ دادەکوتێت، بوونی خۆی دەسەلمێنێت. یەکێکیان لەدوای ئەوەی کە کەرەسەیەکی ڕەخنەیی زۆر کەڵەکە دەبێت لەماوەیەکی زۆر، یان کەمدا، ئەمەش جۆرە تێکچڕژانێک دروست دەکات کە ستراتیژیەتی گوتاری ڕەخنەیی پەرت دەبێت، کە کاری ڕەخنەی ڕەخنەیە بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی لەم دۆخە دەرباز بکات.

دۆخەکەی دیکەش لەدوای ئەوەی کە لە ماوەیەکی دوور و درێژدا کەرەسەی ڕەخنەیی کەم دەبێتەوە، ئەمەش پێویستی بە زانینی ژێدەر و هۆکاری ئەو پاشەکشێ و سستییە هەیە، لەبەر ئەوە ڕەخنەی ڕەخنە لە هەردوو دۆخەکەدا دێتە مەیدان بۆ خستنەڕووی ڕەهەندە جیاوازەکانی کارە ڕەخنەییەکان، بژارکردن و پۆلینکردنیان بە زۆری لە دۆخی یەکەمدا، بە مەبەستی کاراکردنی بزاڤی ڕەخنەیی وەک پەرچەکردارێک دژی دۆخی دووەم، دەستنیشانکردنی ئەو کەلێن و کەموکورییانەی کە کاری ڕەخنەییان ئیفلیج کردووە، بۆ پاراستنی ڕەخنە لە سڕەوتن و جوینەوەی کۆن، ئەمە بە زۆری لە دۆخی دووەمدا.

**پەراوێزەکان:**

**١- تيري ايغلتون، نظرية الأدب، ترجمة: ثائر ديب، منشورات وزارة الثقافة، دمشق- ١٩٩٥. ص٥٤.**

**٢- تزفيتان تودوروف، نقد النقد (رواية تعلم)، ترجمة: سامي سويدان، دارالشؤون الثقافية العامة، الطبعة الثانية، بغداد- ١٩٨٦. ص١٤٣.**

**٣- سعيد يقطين، قراءة النقد: مدخل الى الخطاب النقدي، الشعر العربي عند نهايات القرن العشرين، عائد خصباك (إعداد)، مهرجان المربد الشعري التاسع، المحور الرابع، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد- ١٩٨٩، ص٤٦.**

**٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.**

**٥- مجموعة من الأساتذة، حاضر النقد الادبي، مقالات في طبيعة الادب، ترجمة: محمود الربيعي، دارالمعارف بمصر، الطبعة الثانية، القاهرة- ١٩٧٧. ص٥٠.**

**٦- م. هـ. أبرامز، المدارس النقدية الحديثة في معجم المصطلحات الآدبية، ترجمة: د. عبدالله معتصم الدباغ، مجلة**

الثقافة الاجنبية، العدد(٣)، سنة (١٩٨٧).، ص٥٦.
٧- محمد التونجي (د.)، المعجم المفصل في الأدب، الجزء الثاني، دارالكتب العلمية، الطبعة الثانية، بيروت- ١٩٩٩. ص٨٦٤.
٨- مجدي وهبة، معجم مصطلحات الأدب، مكتبة لبنان، بيروت- ١٩٩٤، ص١٦.
٩- محمد عبدالمنعم خفاجي (د.)، أصول النقد، مكتبة الكليات الازهرية، القاهرة- ١٩٧٥، ص٩.
١٠- حسين خمري (د.) بنية الخطاب النقدي، دارالشؤون الثقافية العامة، الطبعة الأولى، بغداد- ١٩٩٠، ص٨٢.
١١- أ. ا.رتشاردز، مبادىء النقد الادبي، ترجمة: د. مصطفى بدوي، مراجعة: د. لويس عوض، المؤسسة المصرية العامة- ١٩٦٣، ص٤١-٤٦.
١٢- فوئاد رەشيد (د.)، ناسنامەی دەق، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٥، ص٩٠.
١٣- نايف العجلوني، عرض الكتاب (دائرة الإبداع: مقدمة في أصول النقد، شكري محمد عياد)، مجلة العربية للعلوم الانسانية، العدد (٣٦)، سنة (١٩٨٩)، ص٢٥٠.
١٤- عبدالسلام المسدي، في آليات النقد الآدبي، دارالجنوب للنشر، تونس-١٩٩٤، ص١٢.
١٥- سەرچاوەی پێشوو، ص١٢.
١٦- باقر جاسم محمد (د.)، نقد النقد أم الميتانقد؟. (محاولة في تأصيل المفهوم)، مجلة عالم الفكر، العدد (٣)، المجلد (٣٧)، سنة (٢٠٠٩)، ص١٢٢.
١٧- إنريک أندرسون إمبرت، مناهج النقد الأدبي، ترجمة: د. الطاهر أحمد مكي، مكتب الاداب، القاهرة-١٩٩١، ص٦٥.
١٨- باقر جاسم محمد (د.)، نقد النقد أم الميتانقد؟، (محاولة في تأصيل المفهوم)، مجلة عالم الفكر، العدد (٣)، المجلد (٣٧)، سنة (٢٠٠٩)، ص١٢٢.
١٩- سلطان سعد القحطاني (د.)، نقد النقد: الآليات و الرؤى، ضمن الكتاب: تحولات الخطاب النقدي العربي المعاصر، مؤتمر النقد الدولي الحادي عشر، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، عمان- ٢٠٠٨، ص٤٦٥.
٢٠- باقر جاسم محمد (د.)، نقد االنقد أم الميتانقد؟، (محاولة في تأصيل المفهوم)، مجلة عالم الفكر، العدد (٣)، المجلد (٣٧)، سنة (٢٠٠٩)، ص١٢٣.
٢١- طراد الكبيسي، مداخل في النقد الأدبي، داراليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان- ٢٠٠٩، ص٧٥.
٢٢- تيرى ايغلتون، نظرية الأدب، ترجمة ثائر ديب، منشورات وزارة الثقافة، دمشق-١٩٩٥، ص٢١٣.
٢٣- صبري مسلم (أ.د.)، ما جذور نقد النقد وما ضرورته؟، مجلة دبي الثقافة، العدد (٤٢)، سنة (٢٠٠٨)، ص٧٤.
٢٤- باقر جاسم محمد (د.)، نقد االنقد أم الميتانقد؟، (محاولة في تأصيل المفهوم)، مجلة عالم الفكر، العدد (٣)، المجلد (٣٧)، سنة (٢٠٠٩)، ص١٢١، ١١٢-١٢٢.
٢٥- محمد سويرتي، النقد البنيوي والنص الروائي، الجزء الأول، دار أفريقيا الشرق، الطبعة الثانية، (؟)- ١٩٩٤، ص١٨٣.
٢٦- محمد الدغمومي (د.)، نقد النقد، مجلة الأقلام، العدد (٦)، سنة (١٩٩٠)، ص٥٠.
(*) ئەم مەسەلەیە بە ڕوونی لەم توێژینەوە ڕەخنەییانە ڕەنگی داوەتەوە:
أ- تزفيتان تودوروف، نقد النقد (رواية تعلم)، ترجمة: د. سامى سويدان، دارالشؤون الثقافية العامة، الطبعة الثانية، بغداد- ١٩٨٦.
ب- أحمد الرقب، نقد النقد، يوسف بكار ناقدا، داراليازوري.
ج- نبيل سليمان، مساهمة في نقد النقد الأدبي، دارالطليعة للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، بيروت- ١٩٨٣.
٢٧- كارلوني و فيللو، تطور النقد الأدبي في العصر الحديث، ترجمة: جورج سعد يونس، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت- ١٩٦٣، ص١٤١.
٢٨- ميجان الرويلي (د.)، سعد البازعي (د.)، دليل الناقد الأدبي، المركز الثقافي العربي، الطبعة الخامسة، بيروت- ٢٠٠٧، ص٤٠٣.
٢٩- سەرچاوەی پێشوو، ص٤٠٤.

# کتێب و بیبلۆگرافیا
# لەگەڵ «دەبێ، یان نابێ!؟»ی شێکسپیر و هاملێتدا

**مارف خەزنەدار**

(١)

دەبێ، یان نابێ!؟ تەعبیرێکە زیاتر لە چوار سەدە لەمەوبەر کەوتۆتە ناو نێوەندی ئەدەبی لە هەموو گێتیدا. ئەوەی ئەم تەعبیرە دەبیستێ لە پێشاندا ناوی «هاملێت»ی دێتەوە یاد، ئینجا شێکسپیر. ڕستەیەکە، یان ڕاستتر پرسیارێکە بەبێ وەرام ماوەتەوە. دەچێتە ناو فەلسەفە و بیرکردنەوەی قووڵی زانستی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و تاقیکردنەوەی ڕەوشت و کردەوەی ئادەمزاد.

بەم جۆرە هەموو ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر دەبێتە پرسیار «دەبێ، یان نابێ!؟»، «بووە، یان نەبووە!؟» و پرسیارەکە بەبێ وەرام دەمێنێتەوە. شێکسپیر ئەمەی کردووە بە موفاجەئە و شانۆی «هاملێت»ی لێ دروست کردووە. ئەمە لە پاشاندا وەک مەزنترین درامایەکی گێتی کەوتۆتە ناوەوە. ڕەخنەگرانی ئەدەب دەڵێن: ئەم شانۆگەرییە لوتکەی داهێنانی شێکسپیرە لە سەرانسەر ئەدەبی ئینگلیزیدا، لەبەر ئەوە بە دوا سنووری بەرز و هەڵچووی شێکسپیر حسێب دەکرێ. لەپاش هۆنینەوەی هاملێت لە لووتکە دێتە خوارەوە و بەرهەمەکانی دیکەی لە ڕووی جوانکارییەوە بە تەواوی لە پلەوپایەی ئەم بەرهەمە نایابە دەچنە دەرەوە.




(٢)

هێشتا لە تەمەنی مێردمنداڵیش نەبووم کە ناوی شێکسپیرم کەوتبووە بەرگوێ، لە ڕێگەی هەندێ کۆوار و چاپەمەنی میسرییەوە ئەم ناوە و ناوی هەندێ شاعیر و نووسەرانی کلاسیکی نەتەوەکانی ئەورووپام بیستبوو. لە قۆناغی قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی کەوتبوومە خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانە لە کۆواری (گەلاوێژ ١٩٣٩- ١٩٤٩) و هەندێ کۆواری میسری و سووری و لبنانی، وابوو لەو کاتەی قوتابی ئامادەیی بووم و پێش خوێندنم لە کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا دوو بەرهەمی نووسەرانی کلاسیکی ئەورووپام وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، یەکەمیان درامای «ڕۆمیۆ و جوولێت»ی شێکسپیر و دووەمیان ژیان و بەرهەمی چێخوف، ئەمەیان لە کۆواری گەلاوێژ و ئەوی تریان لە ڕۆژنامەی «هەولێر= ئەربیل» (١٩٥٠- ١٩٥٣) بڵاوکرانەوە.

(٣)

لە هەموو قۆناغەکانی ژیانمدا ئەدەبی نەتەوەکانی ئەورووپام نەخستبووە پشتگوێ، بە تایبەتی شیعر. بۆ ئەم مەبەستە کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا دەرگایەکی تازەی بە ڕوومدا کردووە، لەو کاتەی ئەگەرچی لە بەشی زمانی عەرەبی بووم، بەڵام کۆلێژی ئەدەبیات بایەخێکی زۆری بە زمانێکی ڕۆژئاوا و زمانێکی ڕۆژهەڵات دەدا. یەکەمیان ئینگلیزی بوو، دووەمیان فارسی بوو. جێگەی بەختەوەری بوو، مامۆستای زمانی ئینگلیزیمان جەبرا ئیبراهیم جەبرا بێ.

ئەم مامۆستا ژیر و بەتوانایە تەنیا فێری زمانی ئینگلیزی نەدەکردین، بەڵکو مامۆستا و پسپۆڕ و ڕەخنەگرێکی بەتوانای دراماکانی شێکسپیر بوو. زۆر شتی تازەی فێرکردم، بەڵام هێشتا نەگەیشتبوومە ئەوەی لە پسپۆڕی ئەدەبی نەتەوەکانی ئەورووپا نزیک ببمەوە، چونکە هەموو کۆششم لە پێناوی زمان و ئەدەبی کوردی بوو، لە زانستگاش دەبوو ئاگاداری زمانی عەرەبی بم، چونکە قوتابی ئەو بەشە بووم.

(٤)

بایەخدانی ڕاستەقینەم بە ئەدەبی میللەتانی ئەورووپا بە تایبەتی ئەدەبی ئینگلیزی و ڕووسی لە کاتێکدا بوو کە زانستگای عەننابە لە وڵاتی جەزائیر کورسی مامۆستایەتی ئەدەبی عالەمی (ئەدەبی بێگانەی) دامێ. نموونەی کۆششم لە ئەدەبی ئینگلیزی ولیەم شێکسپیر بوو، لەبەرهەمی ئەویشدا زیاتر خەریکی «هاملێت» و «ڕۆمیۆ و جوولێت» بووم. هەرچی ئەدەبی ڕووسیش بوو لە کۆنەکان خۆم خەریکی پووشکین کرد و لە تازەکان ئاوڕم لە پاستیرناک دەدایەوە.

سەرچاوەی بنچینەییم لە شێکسپیر بە تایبەتی هاملێت و ڕۆمیۆ و جوولێت وەرگێڕانەکانی جەبرا ئیبراهیم جەبرا بوو، چونکە لەوە دڵنیام لە وەرگێڕانە عەرەبییەکانی بەرهەمی شێکسپیر ئەوەی جەبرا لە هەموویان چاکترە و جێی متمانەیە، هەروەها سوودم لە وەرگێڕانە ڕووسییەکانیش وەرگرت، لەوێش بە تایبەتی وەرگێڕانی پاستیرناک، چونکە ڕەخنەگرە ئەورووپاییەکان دەڵێن ئەگەر شێکسپیر زیندوو ببێتەوە دەڵێ وەرگێڕانەکانی پاستیرناک لە هەموو ئەوانی دیکەی بەرهەمی من لە ئینگلیزییە ئەسڵییەکە نزیکترە.

بەم جۆرە ڕێگەم بەخۆم دا لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٩ لە هەولێر لەگەڵ سەلاح بابان پێکەوە بە وردی «هاملێت»-ەکەی ئەو بخوێنینەوە، وەکو ئەو دەڵێ کارێکی ئەدەبی بە پێز و بە کەڵکمان گەیاندە ئەنجام.

(٥)

سەرچاوەی شێکسپیر بۆ دانانی چیرۆکی شانۆی هاملێت حیکایەتێکی ئەدەبی میللی سەرزاری (فۆلکلۆری) دانیمارکی بووە. وا دەگێڕنەوە سەرچاوەی ئەویش حیکایەتێکی میللی بووە لە ئەدەبی ڕۆمانی کۆن (لاتینی). دیارە ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە ئەدەبییەی لاتینی بەشێوازێک بووە نزیک لە ئەفسانە. کە پەڕیوەتە دانیمارک، سیغەیەکی دیکەی وەرگرتووە، جا شێکسپیر لە ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە شتێکی دیکەی دروست کردووە، ئەم شتە تازەیە بێ گومان ڕەنگە تەنیا لە بوونی هاملێت وەک قارەمانی چیرۆکەکە لە یەکترییەوە نزیک بن، هەروەها لەوانەیە حیکایەتە دانیمارکییەکەش پێوەندی لەگەڵ سیغەی ڕۆمانییەکە هەروەها بێ.

وەکو ئاشکرایە سەرچاوەی ڕووداوی شانۆگەرییەکانی شێکسپیر تەنیا خاکی بەریتانیا نییە، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی لە مێژوو و کۆمەڵی ئەو وڵاتە وەرگیراوە، بەڵام سەرچاوەکان بۆ زۆربەی نەتەوەکانی ئەورووپا و حەوزی زەریای سپی ناوەڕاست دەگەڕێنەوە. من لە موحازەرەکانمدا زیاتر بایەخم بەو شانۆگەریانەی شێکسپیر داوە کە سەرچاوەیان لە دەرەوەی خاکی بەریتانیا بووە، وەکو هاملێت و ڕۆمیۆ و جوولێت.

(٦)

نویشکی چیرۆکە شانۆییەکەی هاملێت ئەوەی شێکسپیر دایناوە و دایڕشتووە و بووە بە گرێی سایکۆلۆژی لای میری دانیمارک، هاملێت ئەوەیە مەلیکی دانیمارک ئەویش ناوی هاملێت بووە، لە ڕووداوێکی ئەفسانەیی نهێنی دوایی بە ژیانی هاتووە، گۆیا لەناو ناخی باڵاخانەکەی کە بە شەو لە خەودا بووە مارێک پێوەی داوە، یان جانەوەرێک، یان درندەیەکی نهێنی دەستی لێ وەشاندووە و مردووە.

هاملێتی کوڕ منداڵ دەبێ، لە خەڵک دەبیستێ مەلیک بە مردنی خۆی نەمردووە، بەڵکو کلۆدیەس، مەلیکی دانیمارک و مامی هاملێت

کوشتوویەتی بۆ ئەوەی عەرشی مەلیکی لێ داگیر بکا، نەوەکو تەنیا ئەوەندە، بەڵکو گیرتروودی دایکی هاملێتیش بکا بە هاوسەری خۆی. ئەمە بووەتە کێشەیەکی سایکۆلۆژی، ئەوەی مەسەلەکەی قووڵتر کردۆتەوە ئەوەیە کلۆدیەس بەوە نەوەستاوە، بەڵکو بە ڕەسمی گیرتروودی لەخۆی مارە کردووە، ئەمە تاوانێکی گەورەیە لە ئایینی مەسیحیدا، چونکە براژن بە زیندوویی و مردوویی مەحرەمە بۆ پیاو، تاوانێکە وەکو ئەوەیە پیاو خوشکی خۆی مارە بکا.

بۆ دڵنیایی خەڵک هاملێت هان دەدەن بە وردی لە مەسەلەکە بپێچێتەوە بەوەی لەنیوە شەودا لە باغی کۆشک و باڵاخانەدا لەگەڵ تارمایی باوکی قسە بکا و لێی ببیستێ کە مامی باوکی کوشتووە. هاملێت ئەمە تاقی دەکاتەوە.

تارمایی باوکی دێتە ناو باغ و باغچەی کۆشک و سەراو بەدەمی خۆی دەڵێ: کلۆدیەسی برام منی کوشتووە. بەمە قسەی خەڵکی ڕاست دەردەچێ، بەڵام هاملێت لەگەڵ باوکی زیندووی قسەی نەکردووە، بەڵکو لەگەڵ تارمایی بووە، ئەمە لە ئەفسانە و سیحر دەکا، دەبێ ڕاست بێ!؟.

ئەوەی زیاتر ناخی دەروونی هاملێتی بریندار کردووە ئەوەیە دڵداری لەگەڵ کچێکی جوان و ڕەوشت پاکدا بووە، ناوی ئۆفێلیا بووە کچی پۆڵۆنیسی ڕاوێژکاری مەلیک کلۆدیەس. ئەو کچە لەلایەن باوکییەوە ناچار کراوە ڕوو لە هاملێت وەربگێڕێ، چونکە نزیک بوونەوەی لە هاملێت زیانی بۆ باوکی هەبووە.

ئەم «دەبێ، یان نابێ!؟» یانە، مێشکی هاملێت دەگوشن. مامی باوکی کوشتووە، دایکی داگیر کردووە، ئۆفێلیای دلبەر و خۆشەویستی لێ دوورخستۆتەوە.

هاملێت شێت دەبێ، یان خۆی دەکا بە شێت، بۆ ئەوەی بگاتە حەقیقەت، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو حەقیقەتە و نازانێ لە دوا ڕۆژدا دەیگاتێ، یان نا! ئەمەیە «دەبێ، یان نابێ!؟» یان گرێی هاملێت، لە هەموو ڕۆژگار و جێگایەکدا لە گێتی ڕووی داوە و ڕوو دەدا، هەتا ئادەمزادیش خاوەنی ڕووی زەوی بێ، دەمێنێ.

(٧)

سەلاح بابان دۆست و هاوڕێی خوێندنی زانستگاییمان لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری سانت پیترسبۆرگی ڕووسیا و ئێستا دانیشتووی بەریتانیا دەمێکە خەریکی وەرگێڕانی شانۆگەرییەکانی شێکسپیرە بۆ زمانی کوردی. لەوەپێش شانۆگەری «ماکبێس»ی وەرگێڕا. کارەکەی بە دڵم بوو، بۆیە هانم دا بیگەیەنێتە ئەنجام.

لە بەهاری ٢٠٠٩ سەلاح بابان هاتەوە نیشتمان، لە هەولێر ماوەیەک پێکەوە لەگەڵ چیرۆکی شانۆیی هاملێت ژیاین. من زۆر بەختیار بووم، چونکە بەڕاستی لە بەرهەمی شێکسپیر ئاشنایەتیم زیاتر لەگەڵ لیریک و سۆنێتەکان و چیرۆکی شانۆیی هاملێت و ڕۆمیۆ و جوولێت هەبوو. ئەوەی زیاتریش هانی دام ئەوە بوو هاوڕێی سەردەمی مامۆستایەتیمان لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا کەمال مەحموود فەرەج یارمەتی سەلاح بابانی دابوو. لەگەڵیدا بە وردی بە وەرگێڕانەکەدا چووبوونەوە. جێ پەنجەی ئەوی تێدا دیار بوو. ئەمە ئەرکی منی لەپێداچوونەوەدا کەمتر کردەوە.

(٨)

لەم وەرگێڕانەدا ئەدگاری هەموو ئەو جۆرە وەرگێڕانانەی پسپۆڕی ڕەخنەی ئەدەبی دایناوە ڕەچاوکراوە، ئەگەر لە هەندێ وەرگێڕاندا زمانی دووەم دەرقەتی زمانی یەکەم نەیە هیچ جۆرە تەنگوچەڵەمەیەک ناکەوێتە ناوەوە، ئەگەر وەرگێڕ هۆشیار و زیرەک بێ، دەتوانێ لەیەک چوونێک لەنێوان هەردوو زماندا بدۆزێتەوە، ڕەنگە هەندێ جار تێکستی زمانی دووەمەکە لە ئەسڵەکە جوانتر بێ، بەڵام ئەم تیۆرییە بۆ زمانانی ئەورووپا و بە تایبەتی زمانی شێکسپیر دەست نادا، لەبەر ئەوە سەلاح بابان گیروگرفتێکی یەکجار سەخت هاتۆتە ڕێی، بەوە بەرانبەر زمانێکی کۆن وەستاوە، لە لایەکی ترەوە ئەوەی یارمەتی داوە بە سەریدا زاڵ بێ، ئەوەیە لە زمانی ئینگلیزیدا شێوازی درێژدادڕی و ڕستەی تەفسیری و بەکارهێنانی وشەی سینۆنیم (مرادف) ئەوەندە بایەخیان پێ نادرێ.

کۆششی بەجێ و داهێنانی جوانکاری سەلاح بابان لەم وەرگێڕانەدا ئەوەیە دیالۆگی شانۆگەرییەکەی بە شیعر نووسیوەتەوە، بە کێشی سیلابی خۆماڵی دە کەرتی (هیجایی). قسە درێژەکان دە کەرتن، قسە کورتەکان پێنج کەرتن.

هەندێ جار قسە درێژەکان وەستانیان لە ناوەڕاستدا دەبێ (٥+٥).لەم حاڵەتەدا ڕستەکە کێش و ڕیتمی پێوە دیار دەبێ، بەڵام ئەگەر وەستانی تێدا نەبێ، ڕەنگە خوێنەر هەست بە شیعرییەتی نەکا، بە تایبەتی ئەگەر قافیەش لە یەکترییەوە دووربن.

(٩)

چیرۆکی شانۆیی هاملێتی شێکسپیر لە پێنج پەردە پێکهاتووە.

**پەردەی یەکەم پێنج دیمەنە:**

١- شەوێکی زۆر سارد، فرانسیسکۆ ئێشکگری لە کۆشکەکەی شا «ئێلسینۆر» دەکا برنادۆت دێت جێگەی بگرێت.

٢- کلۆدیەس شای دانیمارک، گێرتروود شاژن، هاملێت بەجلی ڕەشەوە، پۆلۆنیەس، ئۆفێلیا، ڤۆلێتمان، کورنێلەس لەگەڵ چەند خانەدانێک دەردەکەون.

٣- لێرتێس و ئۆفێلیای خوشکی دەردەکەون.

٤- هاملێت و هۆراشیۆ و مەرسیلەس دەردەکەون.

٥- هاملێت و تارماییەکە دەردەکەون.

**پەردەی دووەم دوو دیمەنە:**

١- لە ژوورێکدا، لە ماڵی پۆلۆنیەس و ڕەینالدۆ دەردەکەون.

٢- کلۆدیەسی شاو گێرتروودی شاژن وڕۆزنکرادنش و گڵدنستێرن لەگەڵ یاوەرەکانیان دەردەکەون.

**پەردەی سێیەم چوار دیمەنە:**

١- کلۆدیەس و گێرتروود و پۆلۆنیەس و ئۆفێلیا وڕۆزنکرانتن- و گڵدنستێرن دەردەکەون.

٢- هاملێت لەگەڵ نیاڤانەکاندا دەردەکەوێت.

٣- کلۆدیەس و ڕوزنکرانتز و گڵدنستێرن دەردەکەون.

٤- گێرتروود و پۆلۆنیەس دەردەکەون.

**پەردەی چوارەم حەوت دیمەنە:**

١- کلۆدیەس و گێرتروود لەگەڵ رۆزنکرانتز و گڵدنستێرن دەردەکەون.

٢- هاملێت دەردەکەوێ.

٣- کلۆدیەس و دوو سێ کەس دەردەکەون.

٤- فۆرتێنبراس بە سوپاکەوە دەردەکەوێ.

٥- هۆراشیۆ و گێرترووود و خانەدانێک دەردەکەون.

٦- هۆراشیۆ و نۆکەرێک دەردەکەون.

٧- کلۆدیەس و لێرتێس دەردەکەون.

**پەردەی پێنجەم دوو دیمەنە:**

١- دوو گۆڕ هەڵکەن دەردەکەون.

٢- هاملێت و هۆراشیۆ دەردەکەون.

(١٠)

لە دیمەنی پێنجەمی پەردەی یەکەم لە سەرەتادا دیالۆگی نێوان هاملێت و تەرمی باوکی بەم جۆرە دەچێتە سەر. هاملێت و تارماییەکە دەردەکەون.

**هاملێت:**

من بۆ کوێ دەبەیت؟
ئاخر پێم بڵێ
لەمە دوورتر من یەک هەنگاو نارۆم.

**تارمایی:**

گوێ لەمن، بگرە.

**هاملێت:**

بەڵێ، گوێم لێتە.

**تارمایی:**

کاتی، من بگرە وا تەواو دەبێت
دوای ئەوە دەبێت
تەسلیم بم بچم
ئازار بچێژم
لەناو ئاگر و گڕی فۆسفۆری

**هاملێت:**

هەژار، تارمایی، داخت بە جەرگم.

**تارمایی:**

بەزەییت بە من، با نەیەتەوە.
بەڵام گوێچکەتم بەرێ دەمەوێت
تۆ، بە گرینگی گوێ بگریت لەوەی
کە ئێستا بۆتی دەگێڕمەوە

**هاملێت:**

فەرموو گوێم لێتە

**تارمایی:**

دوای ئەوەی، تۆ ئەمەم لێ دەبیستیت
پێویستە تۆڵەم بسەنیتەوە

**هاملێت**:

ئایا، تۆڵەی چی؟

**تارمایی:**

من خێوی باوکتم، حوکم دراوم
کە بۆ ماوەیەک کاتی شەوانم
بسووڕێمەوە
بە ڕۆژیش دەبێت بە برسێتییەوە
لەناو ئاگردا ئازار بچێژم
تا گشت تاوانە بۆگەنەکانم
ئەوانەی کردم کاتی ژیانم
دەسووتێ و گیانم پاک دەبێتەوە
ئەگەر ڕێ دەدرام پەنهانەکانی
بەندیخانەکەم
بگێڕمەوە
سووکترین وشەی، جەرگی دەکێڵایت
خوێنی لاوێنیت دەیبەست و

خۆشتی
وادەحەپەساند.
دوو چاوەکانت، وەک دوو ئەستێرە
هەریەک لە سوڕگەی خۆی
دەردەپەڕاند
پرچەکانتی، پرش دەکردەوە
هەردانە موویەک لە مووەکانی
وەکو شووژنێک ڕەپ ڕەپ
دەوەستاند
هەروەکو دڕکی
سیخوڕ لە کاتی ورووژاندنی
بەڵام پەنهانی
ژیان و دنیای هەتا هەتایی
نابێت و ناشێت
بە گوێچکەی گۆشت و خوێن
بگوترێت
ئاخ، گوێم لێ بگرە، هاملێت گوێ
بگرە
قەت ئەگەر ڕۆژێک
باوکی شیرینی خۆت،
خۆشویستبێت.
**هاملێت:**
ئای خوایە، گەردوون
**تارمایی:**
تۆڵەی کوشتنی،
من،
بەو جۆرە بیسەنە، نائاساییە
دەبێت بەجۆرێک بسەنیتەوە
**هاملێت:**
کوشتنی؟
**تارمایی:**
هەرە باشتری، چەپەڵ و پیسە
بەڵام ئەمەیان، ئیتر بەجارێک
نائاساو گەلێک پیس و نەگریسە
**هاملێت:**
خێرا پێم بڵێ، تێم بگەیەنە
تا بە دوو باڵی
گورج، وەک خەیاڵی عەشق و
دڵداری
بفڕم و تۆڵەت بسێنمەوە...

(١١)

لە دیمەنی یەکەمی پەردەی سێیەم، دیالۆگ لەنێوان کلۆدیەسی و گیرتروود بەم جۆرە بەرێوە دەچێ.

**کلۆدیەس:**
گێرتروود، گیانە
تۆش ئیتر ئێمە، بەجێ بهێڵە.
چونکە ئەوەتا،
بە نهێنییەوە، بە شوێن هاملێتدا
ناردوومانە بێت
تا وا دەرکەوێت بە ڕێککەوت
لێرە
لەگەڵ ئۆفێلیا ڕووبەڕوو دەبێت
من و باوکیشی دەبین بە سیخوڕ
بەجۆرێک خۆمان دەشارینەوە
بینین، بەڵام، کەس نەمانبینێت
خۆی چۆن دەنوێنێت
کە لەناکاودا ڕووبەڕوو دەبێت
لەگەڵیا ئەوسا
بڕیاری ڕەوا دەتوانین بدەین
ئایا ئەو دەردەی کە تووشی بووە
خۆشەویستییە
یان دەردێکی ترە دەیچێژێت؟
**گێرتروود:**
گوێڕایەڵ دەبم (ڕوو دەکاتە
ئۆفێلیا)
دەربارەی ئەتۆش، ئۆفێلیا خۆزگە
جوانی تۆ دەبوو بەهۆی شادمانی
شێتییەکەی هاملێت
هیواداریشم، ئەدای ڕەوشتت
بیهێنێتەوە
بۆ سەر ڕێی ئاسایی ڕەوای
جارانی
هەردووکیش بەوە ئابڕوودار
دەبوون..

(١٢)

یەکێ لە پێویستییەکانی بوونی کۆمەڵێک خەڵک بە «نەتەوە»، و بەڕاستی خاوەنی خۆی بێ پێویستە بەرهەمی ئەدەبی کلاسیکی بەرزی مرۆڤایەتی بە زمانی ئەو نەتەوەیە هێندەی کلاسیکی خۆی بایەخی پێ بدرێ، بۆیە پێویستە تەواوی بەرهەمی شیعری شێکسپیر بکرێ بە کوردی. ئەگەر ئەم پڕۆژەیەی سەلاح بابان لەگەڵ وەرگێڕانەکانی دیکەی بەرهەمی شێکسپیر لە یەکتری بدرێن، بەوەی ئەوەی نەکراوە بکرێ، بێ گومان نامەخانەی کوردی شانازی بەخۆیەوە دەکا.

دوا وشەم لەم لایەنەوە ئەوەیە، سەلاح بابان ڕەنجێکی زۆری بۆ ئەم کارە خەرج کردووە، شایانی ئەوەیە ئافەرین بکرێ، ئەگەر کەموکورییەکیش لە چاپی هاملێتی شێکسپیر بکەوێتە بەرچاو، ئەوکاتە لە چاپی داهاتوودا زاڵ دەبێ بەسەریدا، پێویستە ئاگاداری هەڵەی چاپیش بین، لە چاپەمەنی زمانی کوردیدا لەپێش کۆمپیوتەر هەڵە زۆر کەمتر بوو لەپاش کۆمپیوتەر.

**«کتێبی چیرۆکی شانۆگەری هاملێت، شازادەی دانیمارک، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە دوکتۆر سەلاح بابان، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٩، (٤٣٨ل)».**


# (چنینەوە) ژیان و خەم

کەمال غەمبار (*)

ئەگەر شاعیر ڕەخنەگری شیعرەکانی بێت، ئەی ڕەخنەگری شاعیر دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ شیعردا بکات؟ بەتایبەتی ئەو شیعرەی لە ناخی شاعیرەوە هەڵقولابێ و ڕەنگدانەوەی بارە دەروونییەکەی بێت و خەموپەژارەو مەینەتییەکانی ژیان وا تەنگیان پێ هەڵچنیبێت کە زیاتر بەرەو قوولایی دەروونی خۆی شۆڕبێتەوە و بەبێ ڕتووش هەستونەستی خۆی دەربڕێت و لە مەسەلە خودییەکاندا ورد و قووڵ بێتەوە.

هەرچەندە شۆڕبوونەوە بۆ ناخی خود و هەنگاونان بەرەو جیهانی فەنتازیا بە خەسڵەتێکی ڕۆمانسی ناسراوە، چونکە: «ڕێبازی ڕۆمانسی بایەخ بە دنەدانی کشانەوە بەرەو خود دەدات، هونەر لای (کۆلیرج) ناوەوەی پێچەوانە کراوە بۆ دەرەوە و لای (وۆردز وۆرث)یش هەڵقولانێکی لەپڕی هەستەوەرییە بەهێزەکانە لە ساتە هێمن و سەقامگیرەکاندا، شاعیریش سەرچاوەیە و پیاوێکە دەدوێ». (۱) لەگەڵ ئەوەشدا کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات ڕۆمانسییەت ڕێبازێکی ئەدەبی گەورەیە، بەڵام ئەم خەسڵەتە خودییە بە تەنیا هەر هی ڕۆمانسییەت نییە و زۆرجار بە هەڵە ئەو دەقانەی ئەم خەسڵەتەیان تێدا بەدی دەکرێت، بە ئاسانی بەرگی ڕۆمانسییان بە بەردا دەکرێت، چونکە ئاشکرایە کە چەندین ڕێبازی ئەدەبی دی بێجگە لە ڕۆمانسی لەم خەسڵەتە خودییەدا هاوبەشن، وەک دادائی و ڕەمزییەت و سوریالی و بوونگەرایەتی و تاڕادەیەکی زۆر دەتوانرێت بوترێت هیچ ڕێبازێکی ئەدەبی لە چەردەیەک زۆر بێت، یان کەم، لەم خەسڵەتە بەدەر نییە و هونەر بەبێ خود نایەتە دی و هەموو برووسکەیەکی داهێنان و ئەفراندن لە خودەوە سەرهەڵدەدات.

لەم دیوانەشدا ئەگەرچی ئەم خەسڵەتە خودییە بەدی دەکرێت و دەبێتە خولگەیەک لە خولگەکانی، بەڵام نابێتە ڕێبازێکی هەمیشەیی دیوانەکە، پێ دەچێ شاعیر پابەندی ڕێبازێکی تایبەتی نەبێت بە قەدەر ئەوەی دەیەوێت دەربڕین لە بیر و سۆز و ئازارەکان بکات و ڕاستگۆیانە گیان بە بەری دەقی



هۆنراوەکـاندا بکات و مـۆرکـێک و شـێوازێکی تایبـەتی خـۆیانیـان پێ ببەخشن.

زۆر وێنەی ئەم دیوانە لەگـەڵ خـەم چاو هەڵـدەهێـنن و ژیان و خـــــەم هاوەدەمی یەکن، خۆ ئەگەرچی مرۆڤ زۆرجـار لە خـەم بێـزارە، بەڵام ژیان بەبێ خـەم نابێت و مـرۆڤ بێ خـەم مـرۆڤ نییـە، ئەوەندەی خـەمـەکـان مـرۆڤ ئاڵـۆزدەکـەن، ئەوەنـدە زیاتر قـــاڵ و گـــەورەی دەکـــەن، لەم ڕوانگەیەوە خـەم دەبێــتـە خـورەی تاڤگەی سەرچاوەیەکی ئەم دیوانە و ژیان و خـەم ئاوێزانی یەکـتـر دەبن و دیاردەیەکی ئاشکرا پێکدەهێنن و تا ڕادەیەک زۆرجار خەم لە قاڵبی ئاڵۆز و ناشیرینی خـۆی دێتـە دەرو دەبێت بە هاوڕێ و بە باڵـندەیەکی جـوانی ڕەنگاوڕەنگی خۆشخوان، لە هەمان کـاتدا بەردەبازەکـانی ژیان هێـشـتـا چەسپ و ڕاخــــراون بـۆ پەڕینەوە و دەرگـــاو دەلاقـــەکـــان بەشی ئاوەڵا بوونیان تێدا ماوە تا شنەی بایەک و تیـشـکی ڕۆژێک خـۆیان بە ژووردا بکەن.

هەروەها خـــەمـــەکـــان لە بازنەی خـــوددا قـــەتیس نامـــێـنن، بەڵکو کەوانەی سێ خـەمی گەورە، خـەمی خـود و کـۆمـەڵ (مـیللەت) و بـوونی مرۆڤ یەکتر دەبڕن و بەیەکدا دەچن، ئەوەنـدە بەیەکـــدا دەچن بەڕادەیەک زۆرجـار جیـاکـردنەوەیان مـەحاڵە و خـەمی خـود لە خـەمی مـیللەت و بووندا دەتوێتەوە و خۆی دەبینێتەوە، هەریەک لەوانی دی بەهەمـان شـێـوە لە خەمی یەکتردا خۆیان دەناسنەوە و دەبـن بـەیـەک ڕووبـاری خـــــــەم و تامــوچێــژێکی تایبــەت بە وێنە و دیمەنی دەقەکان دەبەخشن.

لێـرەدا لە کـەوانەی خـەمی خـوددا ئەو گـرفـتـــانەی بوونەتە مـــایەی نیگەرانی و هەمیشە بیرکردنەوە لەو ئازیزانەی بـارودۆخـێـکی کـــاتی و تایبـەتی نایەڵێ بیـانبـینێ، بـوونەتە تەقـــینەوەی وزەی شـــیـــعـــری و خوڵقێنەری زمانێکی تایبەتی، من ڕام وایە بە پێــچــەوانەی بـۆچوونی (محـسن الموسوي) بەرانبـەر زمانی شیـعری خودی، یان ڕۆمـانسی کـە دەڵێ «مـــەرج نیـیـــە جـوان و باش بێت» (٢) بەلای منـەوە زمـــــانی شیعری خودی تەڕوبڕو سفتوسۆڵ و پاراو و ڕوونە، چونکە شـیـعـری خـــودی لە دڵ و ویژدان و ســـۆز و خەیاڵەوە هەڵدەقوڵێ، بە پێچەوانەی شیعری واقیعی، یان سیاسی وشک کە دەچێتە کایەی پەندەوە، هەر بۆیە وتراوە (مـــوتـەنەبی) (حکیم)ە و (بوحتری) شاعیرە.

لە مەودای ئەم کەوانە خودییەدا، ئەگـەر ئاوڕێک لە چەند کـۆپلەیەکی شیـعرەکـانی (چنینەوە) بدەینەوە لە شیعری (گەڕانەوە)دا شاعیر دەڵێ:

**«ئەم کۆڵانە تازانە**
**بەرگی منداڵی منیان کۆن کرد**
**بەم باڵەخانە بەرزانە**
**نایەڵن لە هەیوانەکەمانەوە**
**باخـــچـــەی گـــوندەکـــەی باپیــــرم ببینم» (٣)**

لەم وێنەیەدا گـۆڕانکاری دەبێـتـە چەقێک و هەردوو ڕەهەندی شوێن و کـات پێکەوە دەبەسـتـێـتـەوە و دەیانخـــاتە ژێر دەســـەڵاتی خـــۆی، بەگۆڕینی جێگە و بانەکان سیما و ڕواڵەتی خـۆیان لەگـەڵ سـیـمـای منداڵـیـدا لە دەست داوە، بەمـــەش ژیان پچـــــڕان و کـــــەلێنێکی تێ دەکەوێت بە جۆرێک کە ئەو خۆشی و نۆشییە و ئاوەدانی و ژیانی هێمن و ئاسوودەیی جاران نەماون کە باوەشی بـۆ بکەنـەوە و لەو تـەنیـــــــایی و ئاوارەییـە دەربازی بکەن و دەرگـای ئەو ژیانەی گـەرەکـیــیــەتی بۆی بکەنەوە، هەتا پڕ بەسـیـیـەکـانی هەناسـەی تێدا بدات و بەکـامی دڵ بحـەسێـتـەوە و لەزەت و خـۆشی لە هەواو کەشەکە ببینێ کە بەو ئومێدە هاتۆتەوە و گەڕاوەتەوە.

لەمـەش زیاتر لە دەسـتدانی یەکێ لەهەرە بەها مـــەزنەکـــان (دایک) تەنگی پێ هەڵدەچنێت و هەست بە نائارامـییـەکی تەواو دەکـات و زیاتر ئەو کەشوهەوایەی لا دەبێتە نامۆ:

**«کێ بەخەندەی دەمی تۆ**
**کێ بەخۆشی دڵی تۆ**
**دەرگام لێ ئەکاتەوە؟**
**کێ وەکو تۆ بەڕێم ئەکا؟**
**هەتیوم و دایکم نەبوو**
**جانتاکەم بۆ بپێچێتەوە» (٤)**

وا دەردەکـــەوێت نەمــــانی دایک برینێکی قووڵی لە دەروونیدا کردووە کـە بە هیـچ دەرمـانێک و دکـتـۆرێک سارێژ نابێ، دایک ئەو نیشـتمـان و زێد و بوونەوەرە مـەزنەیە کـە دڵی گـەورە و دڵسـۆزی لە هەمـوو شـتـە بەهادارەکـانی جیـهـان زیاتر مـایەی سـەرسـام بوون و واق وڕمـانە، هەر بۆیە خـۆشـەویسـتی نیـشـتـمـان لە خـۆشەویسـتی دایکەوە وەرگـیـراوە، کـاتێ مرۆڤ بێ بەش بوو لە دایکی، مـــــانـای ئەوەیە هیـچ ســــۆز و میــهــرەبانیــیــەک شـوێنی دایک

ناگرێتەوە، لەبەر ئەمەشە پێوەندییەکی دایلێکتیکی بەهێز لەنێوان دایک و نیشتماندا هەیە، کە دایک کۆچی دوایی کرد مرۆڤ لە نیشتمانەکەیدا هەست بە نامۆیی دەکات، بۆیە کە ئەو لە شوێنێکدا بژی و دایکێکی خاوەن هەست و دڵێکی بەسۆزی پڕ لە خۆشەویستی ڕەهای لە دەست دابێت، هەرگیز بیر لە گەڕانەوە ناکات، ئەوەتا بەجۆرێک ئەم هەستە دەردەبڕێت و دەڵێ:

**«کە هاتمەوە**
**من وام زانی وەکو جاران**
**لێرە ماوی**
**من نەمزانی ئەو شارەی تۆی لێ نەبی**
**بۆچی بۆی بگەڕێمەوە؟!**
**بۆچی منیش وەک مەولانا**
**جارێکی تر**
**نەڕۆمەوە؟ »(٥)**

تەنانەت خەم لای شاعیر وەک هەور دەبێتە هاوڕێی، ئەگەر هەموو دەرگاکانیش دابخرێن، خەم ئەوەندە بە ئەمەک و وەفا و دڵسۆزە کە بە هاوڕێیەکی ڕاستەقینەی لە قەڵەم دەدات و دەیکاتە کەسایەتییەکی ڕاستەقینە، چونکە هاوڕێکانی تری خۆشی و شادی وازیان لێهێناوە و جێیان هێشتووە، بۆیە وەک مرۆڤێک لەگەڵی دەدوێ کە هەر ئەو هۆگری ئەوە و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات:

**«ئەوەندە بە وەفا و کۆکی**
**پێم ئەڵێی دەرگاکە داخە و**
**تەنیا خۆت وەرە ژوورەوە**
**ئەی خەم»(٦)**

لە شیعری (ئاگرێکم نەکردەوە) شاعیر هەست بەتەنیایی دەکات، هیچ هۆگرێک نییە لەو تەنیایی و تاریکییەدا دەربازی بکات، تەنیا شیعر نەبێ کە دەبێتە هۆگری و دەبێتە باران کە جەستەی گڕ تێبەربووی پێ دەکوژێنێتەوە و خۆی پێ دەشواتەوە، ئەم وێنە شیعرییە تەعبیر لە گیانی کپی شاعیر دەکات کە پێنج نەورۆزە ئاگری لە ژوورەکەیدا نەکردۆتەوە، ئەم جۆرە بۆچوونە ئەوە دەگەیەنێ کە: «ئێمە داوا لە خوێنەری شیعر بکەین کە وێنەی شیعری وەک شتێک، یان لە جیاتی شتێک لە قەڵەمی بدەین، بەڵکو ڕاستی تایبەتمەندییەکەی ڕاو دەکات، شیعر دیاردەی ڕوحە».(٧) شاعیر تەنیا بەوەوە ناوەستێ کە هەر ئاوا دۆش دابمێنێ و هیچ ئەنجام نەدات، بۆیە پەنا دەباتە بەر یەکەم مۆمی تەمەنی ئازیزەکەی کە مۆمەکە پێ بکات و بە پەنجە بچکۆلەکەی بیکوژێنێتەوە، ئەو یادە شیرینە بە بیر بێنێتەوە و ڕاستی تێکەڵی خەیاڵ بکات و دڵنەوایی خۆی بداتەوە و هەوڵی داوە ئەو بێ دەنگی و بێ هاودەم و بێ ئاگر کردنەوەی نەورۆز بەوە پڕ بکاتەوە کە ئەو خەم و پەژارەیەی لە دەروونیدا چەکەرەیان کردووە، لە وێنەیەکی شیعریدا دابڕێژێ و لەو تەنیاییە خۆی دەرباز بکات و خۆی چارەسەری ڕەوشەکە بکات و بڵێ:

**«گەڕامەوە و ئەمشەو**
**ئاگری ئەم یادەم کردەوە**
**منی سووتاو لە تاوا**
**بە بارانی شیعر خۆم شتەوە»(٨)**

خۆ شتنەوە بە بارانی شیعر دەلالەت لە خۆ پاک کردنەوە دەکات کە وەک بڵێی لەو گوناهە بیشواتەوە کە پێنج ساڵی ڕەبەقە لە ژوورەکەی خۆیدا نەیتوانیوە ئاگرێک بکاتەوە، ئاگریش ڕەگەزێکی پیرۆزە لە ڕەگەزەکانی پێکهاتەی گەردوون. هەست کردنی شاعیر بە گوناهێک کە نایشارێتەوە سێ جگەرگۆشە، سێ گوڵەباغ، سێ زارۆک کە هەرچەندە جێی هێشتوون، بەڵام هەمیشە لە دڵ و دەروونیدا دەژین و بیریان دەکات، گەرەکیەتی هەروەکو جاران بەڕوحێکی بەجۆشەوە بە ڕوخسار و سیمایەکی تازەو گەشەوە بۆیان بگەڕێتەوە:

**«من لەو شارە**
**سێ گوڵم جێ هێشتووە**
**شەرتە و کردم بەسێ قوڵفە**
**خۆم بە ئێوە ببەستمەوە**
**شەرت بێ ئەم جارە بێمەوە**
**سەراپا خۆم بکرمەوە**
**دڵ و ڕوخسار**
**لە شوێن و کاتی ئێوەدا**
**نوێ کەمەوە» (٩)**

لێرەدا بەتایبەتی لە کۆتایی شیعرەکەدا مرۆڤ هەست بە جوانکاری شوێن و کات دەکات، مرۆڤیش بەتایبەتی کە تەمەن بەرەو هەوراز هەڵدەکشێ هەست بەو دوو ڕەگەزە دەکات کە یادوەری خۆشی و شادی لەنێوانیاندا هەیە، هەست دەکات بگەڕێتەوە یەکەمین شوێن کە تێیدا لە دایک بووەو لێی ژیاوە، خێزانی پێکهێناوە، بۆیە هەوڵ دەدات کە بەڵێنیشی داوە ئەو قوڵفە

نەپچڕێنێت، کە پێوەندییەکی ڕوحی و ویژدانی پێکدەهێنێ، گەرەکییەتی تەنیا بەستنەوەیەکی وێناکراو نەبێ، بەڵکو بچێتە چوارچێوەیەکی ڕاستەقینە و ئەڵقەیەکی پتەوی نەپچڕاو، چونکە شاعیر دووچاری واقیعێک بووە کە سێ گوڵی جێ هێشتووە: «وێنەی دووچاربوون بنەڕەتی ئەدەبی لیریکە لە هونەری وتەدا، چونکە ئەمە دەربڕی سەرەتای داهێنانە لەم کەرەستەدا».(١٠) ئەمەکی خۆشەویستی بەهەمان هێڵی بەیانیدا تێدەپەڕێ کە هەڵکشان و داکشانە، بەڵام ئەنجامەکەی گەشبینە، دوای دابڕان پرسیار دەورووژێنێ بۆچی دابڕان؟ بۆ خۆشی نازانێ؟ بەڵام گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە شاعیر کوڵ نادات و نائومێد نابێ کە هیوا بڕان و نەبڕان هەزار ڕێگە بۆ خۆشەویستی بچن و ببڕن، هەر دەبێ نەبڕان و خۆشەویستییەکە زاڵ بێن، ئەمەش ئەزموونێکە شاعیر لە نێوان دوو جەمسەردایە و نیگەرانە لەو ڕەوشەی تێی کەوتووە: «لە ئەزموونێکی خودی کتومتدایە، یان خودییە کە مۆرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ ئەوەی وێنە جوانەکەی بگوێزێتەوە و شیعریش داهێنانی ئەدەبی شتی جوانە».(١١) لەم ڕوانگەیەوە شاعیر ڕاشکاوانە دەڵێ:

**«بۆیە چرکەیەک پێم ئەڵێ**
**مەحاڵە ئەو کەسەی خۆشت ویست**
**لە بیرت چێ» (١٢)**

لێرەدا دەتوانین بپرسین ئەو کەسەی کە شاعیر خۆشی ویستووە بۆ یەکەمین جار دڵی بردووە هەرگیز بیری ناچێ و خۆشەویستی بۆ یەکەمین خۆشەویستییە، بۆیە وەکو جەلالەدینی ڕۆمی دەڵێ:

- دڵبەرێک بە دڵدارێکی گوت: گەنجۆ تۆ لە ئاوارەییدا شاری زۆرت بینی، پێم بڵێ: چ شارێک لەوانە خۆشترین شارە؟

وەڵامی دایەوە: ئەو شارەی ئەوەی دڵی منی ڕفاند.

لە ململانێی ژیاندا شاعیر ڕووبەڕووی پاڵەپەستۆی لە قاڵبدان دەبێتەوە کە بیخاتە نێو قەفەزێکی تەنگەبەری داخراو، بەڵام ئەو یاخییە و دەستەمۆ نابێت، چونکە ئەو شاعیرەی لەبەر دەرگای سوڵتاندا دەوەستێ خۆی لە دەست داوە و نۆکەرە، بۆیە بەگژ ئەو کەسەدا دەچێ و پێی دەڵێ:

**«منیش لەوەتەی هەم**
**سۆز و گیان و ویژدان**
**مەلی سەرفرازی ناو چیا و جەنگەڵ**
**شەیدای داری بەڕوو**
**چڵە ڕێواسێکی پەنا تاشە بەردی سەرکەل**
**هەرگیز ناچێتە ناو قەفەز»(١٣)**

گرنگ لە هۆنراوەکانی شاعیردا ئەوەیە کە دەزانێ چۆن کەشێکی وای لەبار بخوڵقێنێ کە لەناو هۆنراوەکەدا دینامیکییەتی خۆی هەبێ و کار بکاتە سەر خوێنەر و بیجوولێنێ. بۆ نموونە لە هۆنراوەی (چەمانەوە)دا دەڵێ:

**«ئەو ڕاستە هێڵە ئەوەندە گەڕا**
**بەشوێن هێڵێکی وەک خۆیا و**
**نەبوو هەتا**
**بە ڕووی خۆیا چەمایەوە**
**ئێستا گۆچانێکەو**
**لەگەڵ خودی خۆیا ئەڕوا» (١٤)**

ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاگوزەر ئەم کۆپلەیە بخوێنرێتەوە لەوانەیە بنیادی سەرەوەی وێنەکە مانای کوڵدان بدات، بەڵام بنیادی قووڵی شاراوەی وێنەکە بە پێچەوانەوە لە ڕێگەی لادانی واتاییەوە تا کرۆک و مۆخ وێنەی کوڵنەدان و خۆڕاگرتن دەکێشێ، بەپێی بنەمای دەروونی و کۆمەڵایەتی خودی مرۆڤ ناتوانێ لە کۆمەڵ و دەوروبەری دابڕێ، لێرەدا ئەگەرچی واقیع سەخت بێت، خود دەیەوێت لە ڕێگای ڕاستەهێڵێکەوە پردی پێوەندی دروست بکات، بەڵام ئەگەر ئەو ڕاستەهێڵەش نەبێت، خود پارچەیەک لە هێڵی ڕاستی خۆی دەچەمێنێتەوە و دەیکات بەهێڵێکی ڕاستی هاوتەریبی خۆی، ئاشکرایە کە دەسکی گۆچان پارچەیەکە لە خۆی بەرانبەر قەدی خۆی دێتەوە، بێجگە لە واتایەکی شاراوەی دی کە وشەی گۆچان دەیگرێتە خۆی لە ڕێگەی پێوەندی گۆچان بە تەمەنی پیرییەوە، واتە هەتا تەمەنی پیری و کۆتایی نابێ مرۆڤ چۆک دابدات و بەردەوامی ئەم واتا و ڕەوتەش لە هێمایەکی دیکەدا لە ڕێگەی گواستنەوەی جووڵە و بەردەوامی ڕۆیشتن لە مرۆڤەوە بۆ خودی گۆچان- کە یارمەتیدەری ڕۆشتنە- کە خۆی دەبێت بە بوونەوەرێکی زیندوو و جووڵەدار و ڕێگەی خۆی دەگرێتە بەر بەبێ کەسێکی دی. لێرەدا لە ڕووی هونەری دارشتنەوە، ئەوەی لە دەوروبەری شاعیردایە بەرجەستەی دەکات و کەشێکی

لەباری بۆ ساز دەکات: «هەر شێواز مرۆڤ نییە و چیتر، بەڵکو هەروەسا ئەوەی دەوروبەریەتی، ئەگەر کەشەکە نەچووە ناو هۆنراوەکەوە، ئەوە هۆنراوەکە مردووە، مردووە چونکە نەیتوانیوە هەناسەبدات». (١٥) کەواتە لە وڵاتێکدا کە هەموو لە ڕێگەی ڕاست لایان دابێت چۆن مرۆڤ دەتوانێ بەگژ واقیعی شێوێنراودا بچێتەوە و بیگۆڕێ، تەنانەت لەم حاڵەتەشدا نابێ چۆک دابدات و ئەگەر کەسیش نەبێت، دەبێت لەگەڵ باوەڕ و ڕاستی خۆیدا بڕوات ئەگەر لە ناویش بچێت دەبێتە ڕەمزی سەربەستی و سەربەرزی، شاعیریش لەو هۆنراوەیەدا بەتەنیا تەعبیر لە کەسایەتی خۆی ناکات بەقەد ئەوەی تەعبیر لە واقیعێکی بەزۆر سەپێنراوی شێوێنراو دەکات.

دواجار ئەوە دەڵێین هەرچەندە هێڵە ڕاستەکە چەماوەتەوە، بەڵام بۆ کەس نەچەماوەتەوە، بەڵکو بەڕووی خۆیدا و لەگەڵ خۆیدا چەماوەتەوە و وەک خۆی ویستوویەتی دەڕوات.

گروگاڵی چاوم، هۆنراوەیەکە مۆرکی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی لەخۆ دەگرێ، کە شاعیر کۆمەڵێک بیرەوەری خۆشی لە هەگبەکەیدایە و بە شیعر دەری دەبڕێ، سەردەمی منداڵی خۆشترین ڕۆژانی ژیانە کە تەژی بێ گەردی و پێوەندی دڵسۆزانەیە، جا ئەگەر ئەم پێوەندییە لەگەڵ هاوڕێ بێ، یان نا، بۆیە دەڵێ:

**«کاتێ تۆم دی لە دوورەوە**
**چاوم پڕ بوو لە گروگاڵ» (١٦)**

لە ڕێگەی دوو دێڕ شیعر لە شێوەی شیعری سۆناتادا جیهانی منداڵی وێنا دەکات و ئاراگۆن وتەنی: «جوانترین هۆنراوە کورت بنیادە». هەموو کارێکی ئەدەبی لەوە دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەک وەرگر (المتلقی) بەرەو ئەو جیهانە دەبات کە تێیدا دەژی، یان ژیاوە، ئاخۆ لێرەدا ئەم شیعرە چڕوپڕە جۆرە هەستێکمان لا ناوروژێنێ کە بەرەو ئاسۆیەکی نوێمان بەرێ و بمانگەڕێنێتەوە سەردەمی منداڵی، بەتایبەتی لە ڕێگەی دیتنی چاوێک کە چاوی کەسێکی خۆشەویستە و جۆرە یادگارییەکی لەگەڵدا هەیە؟

لە هۆنراوەیەکی تردا بەناوی (پشتاوپشت) دەڵێ:

**«من و جەستەم**
**بە دوو ئاراستەی پشت لەیەک**
**ئەڕۆین**
**من بەرەو بەهێزی**
**ئەو بەرەو لاوازی**
**جا نازانم لە کوێ**
**بەیەک ئەگەین؟!» (١٧)**

ناکۆکی نێوان خودی شاعیر و جەستەکەی، بەهێز و لاواز وەک یەکێتی ناکۆکییەکان، سارد و گەرمی کە وەک ئەرێ و نەرێ بەیەک دەگەن، نەک ڕەتکردنەوەی ڕەتکردنەوە بەپێی ماتریالی دایلێکتیکی، بەڵکو گەیشتنی دوو هاودژ، بەڵام کەی؟ پرسیارێکە شاعیر دەیکات کە کەی ئەو هاوکێشەیە دێتە دی؟

هەمان بیرۆکەی دژ بەیەکەکان ئەم جارەیان لەیەکەی خود دێتەدەر بەرەو دەرەوەی خود و بەرانبەرەکەی لە وێنەیەکی جیاواز و نوێدا لە هۆنراوەی (لۆکە)دا بەرجەستە دەبێت، بەشێوەیەکی خەست و چڕ ئەو ململانێیە لەنێوان شەڕ و ئاشتی، کەللە ڕەقی و هەڵەشەیی لەلایەک و نەرمونیانی لەلایەکی ترەوە سەرهەڵدەدات:

**«تۆ هەمیشە شمشێرێکت بەدەستەوە**
**نیازت وایە سەرم ببڕی**
**منیش لۆکە**
**تۆ ئەزانی کە شمشێرت ئەوەشێنی**
**بوون و ڕەنگی منی لۆکە**
**ئەوەندەی تر گەورەتر و جوانتر ئەکەی» (١٨)**

وروژاندنی ئەم بیرۆکەیە فەلسەفەی ژیان دەردەبڕێت کە هەرگیز جەللاد ناتوانێ ڕاستی سەر ببڕێ و بەزەبری شمشێر خۆی بسەپێنێ، ئەمە وەک ئەوە وایە کە لۆکەی نەرمونیان بیوەشێنێ لە جیاتی ئەوەی پەرش و بڵاوی بکاتەوە زیاتر گەشەی پێدەدات و قەبەتری دەکات: «بلیک وەک زۆرترین شاعیرانی ڕۆمانسی ئەو هەستە قووڵەی یاوەری شیعرە بۆ سیستمی ڕاستی دەگەڕێنێتەوە کە لەسەر بوونی ماتریالیدا باڵا دەبێ» (١٩)، بەڵام ئەوەی ئەم کۆپلەیە لە وێنەی پێشوو جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە دوو جەمسەر و ڕەگەزی ناکۆک و جیا ناگەن بەیەک و یەکتر ڕەت دەکەنەوە، واتە دژی دژ بەپێی چەمکی ماتریالیزمی دایلێکتیک.

شیعری (هاوکێشە) پێشبینی شاعیر دەردەخات کە چۆن ژەهر دەکرێتە هەنگوین و ئاسنی ژەنگاوی دەکرێتە زێڕ- هەرچەندە خودی

زێڕیش بەلای وتاری هۆنراوەکەوە خۆی لەخۆیدا پووچەڵە و مایەی پووچەڵیشە- سەدامێکی فاشی دەکرێتە (زێڕە زێڕە) ئەو حاڵەتە شاعیر پاڵدەنێ کە لە ناخەوە ڕقی لەزێڕ بێتەوە کە کوشتەی جوانی و خۆشەویستی بێ گەردە، هەرچی هێما و پیاوەتی و جوامێری هەیە دەخاتە ژێر پێ، بۆیە مافی خۆیەتی کە دەمامک لە ڕووی زێڕپەرستان هەڵماڵێ و ڕاستییە شاراوەکان دەربخات و گرێی دڵی خۆی بکاتەوە و داخی دەروونی دەربڕێ و نەفرەت لە زێڕ بکات و بڵێ:

**«یەک مسقاڵ سەد پلە عەقڵ دێنێتە خوارەوە**
**لەو کاتەشەوە خۆشەویستەکەم**
**بۆ دە مسقاڵ ئاڵتوون**
**پەتی سێدارەی بۆ خۆشەویستی و**
**هێلانەی سێ باڵندەی جوان هەڵخست**
**من ڕەنگ و ڕوخساری ئاڵتوونم**
**لابوو بەڕەشی بنی مەنجەڵ و**
**گەڕامەوە بۆ مێژووی بابە گەورەکانمان» (٢٠)**

ئێستر ئەم جەنگە لەو مێژووە دێرینەوە هەتا ئێستا بەردەوامە و تەنێکی بە ڕواڵەت بریقەدار و بەناوەڕۆک پووچەڵ، ڕوحی پڕ بایەخ و خۆشەویستی ژیان لەتاک و کۆمەڵ دەژاکێنێ و لانە ئارام و گەرمەکانی ئاواتی زارۆڵە و پاسارییەکان دەڕووخێنێ..

لە هۆنراوەی (ژەنگی زەمەن)دا، دوورکەوتنە و ترازانی زەمەن ژەنگێک دروست دەکات زنجیرەی بەردەوامی زەمەن دەپسێنێ و کەلێنێکی نەبینراو دەخاتە ڕەوتی ژیانەوە، مەترسی لەوە دەکرێ ڕەشەبای ئەم ژەنگە ڕووە سادە و بێ گەردە نەژاکاوەکان بگرێتەوە و تەمەن و دیدی جوانی منداڵیمان ڕامالێ و لە دەستمان بدات.

ئەگەرچی لە بۆچوونی پێشکەوتوخوازدا ڕەوتی زەمەن و کۆمەڵ بەرەو پێش دەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم بۆچوونە خۆی لە خۆیدا جێگەی گفتوگۆ لەسەرکردنە، کەچی لە جیهانی دەروون و دیدی خوددا بەپێچەوانەوە ڕەوتی زەمەن گەردەلوولەو تەپوتۆزی ژەنگمان بۆ دێنێ:

بەتایبەتی ئەگەر لە ئازیزمان بپچڕێنی:

**چۆن ئەم زەمەنە ڕاوەستێنم**
**تا نەهێڵم ژەنگی ڕۆژانی دووری**
**لەسەر ڕەنگی منداڵیتان**
**بنیشێ» (٢١)**

شاعیر لە خەمی ئەوەدایە کە ئێستا زەمەنی پچڕان و دووری بەردەوامە و پرسیار دەکات کە چۆن بتوانێت ئەو زەمەنە ڕابگرێ کە ژەنگ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و ئاشکراشە یەکێک لەو واتایانەی ڕاوەستانی زەمەن دەیگەیەنێت نەمرییە و دەقیش چەند واتایەکی شاراوە دەگرێتە خۆی: «وەستان لەسەر سروشتی دەق و شیکردنەوەی بەر لە هەموو شتێک ئەرکی توێژەرە، پاشان زیانی تێدا نییە ئەگەر دیتی وا پێویست دەکات کە دەقەکە بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و دەروونی شاعیر و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بوەستێتەوە کە دەقەکەی تێدا لە دایک بووە». (٢٢) کانی شیعر لای شاعیر و تەقینەوەی قەریحەی سۆزی شیعر لە قووڵایی نیشتمانی دڵەوە سنووری خۆی دەکێشێ لە چوار لاوە سۆزی دایەگەورە و خۆشەویستی دایک و عەشقی خانمێک و خولیای کچەکانی کە هەریەکەیان بەپێی پلەی بوونیان لای شاعیر، چوار جۆگەی بەخوڕن تێکەڵی یەک دەبن و دەریای شیعر پێکدێنن.

ئافرەتیش لەو دەریایەدا سەرچاوە دەگرێ، هەر هەمووشیان لەو خۆشەویستییەدا هەڵقوڵاون کە مرۆڤ هەست بە جوانییەکی بێ هاوتا دەکات، ئەو چوار لایەی کە شاعیر سەیریان دەکات و دەستنیشانیان دەکات پێوەندییان بە ڕابردوو و ئێستاوە هەیە، تەنانەت نەنک و دایکیش کە پێوەندییان بە ئێستاوە نییە، بەڵام لە مێشکی شاعیردا زیندوون، بەگیان نەک بە جەستە، لەم ڕووەوە ڕەخنەگر ئەی. سی. برادلی A. C. Bradley کە کەس ناتوانێ گومان لە ئارەزووە زێدەڕۆییەکەی لە نوێخوازیدا بکات، دەڵێ: «ئەگەر ویستمان هۆنراوە شتێکی مەزن بێ، دەبێ پێوەندی بە هەنووکەوە هەبێ، بابەتەکەی هەر چییەک بێ، دەبێ تەعبیر لە شتێکی زیندوو لەو مێشکە بکات کە لێوەی دەردەچێ و ئەو مێشکانەی وەری دەگرن و جەستەکەی هەر شتێ بێ دەبێ گیانەکەی بێت». (٢٣)

خوێندنەوە و سەرنجدان لە هۆنراوەی (دوو بزربوون) بەرەو ئەزموونێکی ترمان دەبات:

**«مامە پیرە ڕوو لە زەوی**

**دەست بە گۆچان وا بەڕێوە**
**لێیان پرسی: چیت لێ ونە!**
**ئەویش وتی:**
**بەشوێن تەمەنی ڕۆیوا**
**پشت چەماوە**
**هەمیشە چاوم لە پێمە**
**منیش ئێستا، ڕوو لە ئاسمان**
**چاوەکانم لە مێژەوە**
**بە شوێن خۆشەویستی هەڵفڕیوا**
**ترووکەی باڵی پێڵوویان**
**گەڕۆکێکی شەیدای وێڵە»(٢٤)**

دوو تەمەنی لێک جیا و دوو ئەزموون، یەکەمیان دەزانێ چۆن هەنگاو دەنێ و چۆن بەرپێی خۆی دەبینێ، ئەوی تر بەرز دەڕوانێ و بە دوای خۆشەویستی لە دەستچوودا وێڵە، ئەم پەی پێ بردنە هەستەوەرییەی شاعیر، هەست کردنە بە زەمەنێکی هاتنە خوارەوە و زەمەنێکی هەڵکشاو. ئەمەش: «پرۆسەی بنەڕەتی دەروونە، یان عەقڵە، ئەگەر ئێمە هۆشیارییەکی ڕوونمان نەبێ بە وەی ئەم پرۆسەیە بە خۆوەی دەگرێ، کەواتە سەرجەمی لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژیان ساختەیە».(٢٥) ئەم وێنە شیعرییەی تەژی هەست و سۆز، پێوەندی بە بۆچوونی شاعیرەوە هەیە کە درکەی بەکارهێناوە و ئەم جۆرە شێوازەش توانای شاعیر دەردەخات وەک هربرت رید دەڵێ: «پێویستە لەسەرمان هەردەم ئامادەبین بۆ بڕیاردان لە بارەی شاعیر بەهێزی درکە و ڕەسەنایەتییەکەی لە شیعرەکەیدا».(٢٦) شاعیر لە هۆنراوەی (دیدارێکی بێ کۆتایی)دا نیگەرانە و لە بارێکی دەروونی تایبەتدایە، هەرچەندە کۆتایی دیدارە، بەڵام بێ کۆتایی و بەردەوامە لە ناخی شاعیردا.

**«دوا دیدارمان**
**بە چاندنی نەمامێکی خەفەت**
**کۆتایی هات**
**لەو ساتەوە ژیانی من ئاوی ئەدات**
**داری خەفەت**
**هەموو ساڵێ بە بار فرمێسکم بۆ ئەگەرێ**
**ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورە ئەبێ**
**بەشێوەیەک خۆشم نازانم**
**ڕەگ و ڕیشە و لقوپۆپی**
**لە جەستەما و لە ڕوحما**
**بۆ کوێ ئەچێ؟» (٢٧)**

لەم شیعرەدا وەک بڵێی شاعیر (مەحوی) ئاسا کە بۆ مەولانا دەڵێ:

**«لە شینی فیرقەتی ئەودا ئەوەندە ئەشکی سوورم ڕێت**
**بە دەوری جێگەما تا بڕ دەکاتن دیدە گوڵزارە**
..........
**نەمامی قامەتی پەروەردەی ئاوی دیدەکەی من بوو**
**کەچی گوڵچینی باغی وەصڵی ئەو ئێستاکە ئەغیارە»(٢٨)**

هەر بۆیە لە خۆشەویست دابڕان زۆر بارێکی گرانە لەسەر دەروون و هەست بەخەم و شۆکێکی هەتاهەتایی دەکات و یادگارەکان هەرگیزاوهەرگیز لە دیدە بزر نابن، بەڵکو لەگەڵ ڕەوتی زەمەندا زیاتر بەرەو ناخ شۆڕ دەبنەوە. شاعیر ئەوەندە جەخت لەسەر مەرگی دایکی دەکات تا ڕادەیەک دنیای ڕۆشن لەبەرچاوی تاریکە و ئەم حاڵەتەی شاعیر وەک ئەو گەشتەیە: «کە فرۆید وەسفی دەکات لەگەڵ برادەرێک و شاعیرێک کە ناوی شاعیرەکە و کەسایەتییەکەی ناهێنێ کە جوانی دیمەنەکە شاعیری سەرسام کرد، بەڵام هەستی بە دڵشادی نەکرد، بیرۆکەیەک نیگەرانی کرد ئەویش ئەوەبوو کە ئەم جوانییە مردنی لێ دەکەوێتەوە».(٢٩) لێرەدا مەرگی دایک ئەوەندە هەژاندوویەتی و هەمیشە بیری لێ دەکاتەوە کە هەرگیز لە دەروون و مێشکیدا ون نابێ بۆیە دەڵێ:

**«تاوانبارم مەکە بە ڕەشبینی و**
**پێم مەڵێ: خەیاڵت**
**بۆ هەموو ساتێ بەرەو یادی کۆن ئەفڕێ؟**
**کە من زەمەنێ دەنگی دایکمی**
**تیا نەبێ**
**شوێنێک جێ پێی ئەوی**
**پێوە نەبێ**
**فەرشی ڕووداوێ نەخشی چنینی**
**دەستی ئەو نەبێ**
**ئیتر چۆن دنیا لە ڕووما**
**تاریک نەبێ؟!!»(٣٠)**

ئەم هەڵوێستەش بەرانبەر بە دایک و هەموو ئەو کەسانەی کۆچیان کردووە و بەرانبەر ئەوانەی لە ژیاندان دڵسۆزییە و ئەمەکدارییە چونکە: «بەڕاستی سەرچاوەیەکە لەسەرچاوەکانی پیت و بیر کە پیاو ئەم هەڵوێستەی هەبێت بۆ هەموو زیندووان و مردووان، لەم کاتەدا هۆنراوەی باش دەبێتە سەرچاوەی هێز بۆ هەموو شاعیرێک».(٣١) ئەگەر بڵێم ئەم خەمەی دوا کۆچی دوایی دایکی بۆتە هەوێنێک و لە زۆر هۆنراوەدا دەڵەمە دەبێت

بەهەڵەدا ناچم، چونکە مەرگەکەی ئەوەندە سەری کردووە و کاری تێکردووە کە ناتوانێ بەشیعر نەبێ ڕووربەڕووی ببێتەوە، شیعریش کە مەرگێک دەکاتە نەمری و جاویدانی لە مەرگ بەهێزترە.

لە شیعری (دەنگ)دا:

**کاتێ ئەناڵێنم ئەڵێم: ئا**
**ساتێ بانگم ئەکەی ئەڵێم: نا**
**نازانم چۆن ناڵەی من و دەنگی تۆ**
**بوون بە نووری یەک چرا**

* * *

**کاتێ ئەناڵێنی ئەڵێی: ئا**
**کاتێ بانگت ئەکەم ئەڵێی: نا**
**نازانم بۆ بانگی من و تۆ**
**بوون بە دوو کیشوەری جیا (٣٢)**

ناکۆکی نێوان دوو جەمسەر دەردەبڕێ، دوو هاوکێشەی جیاواز لە (ئا. نا) دروست دەکات لەسەر هێڵی دیالێکتیکی یەکەی بوون و جیابوونەوەی بوون بەدوو لەنێوان (من و تۆ)دا.

ئەناڵێنم و بانگم دەکەی+ ئا= ڕووناکی **یەک** چرا

ئەناڵێنێ و بانگت دەکەم+ نا= **دوو** کیشوەری جیا

ناڵینی من و تۆ تەوەرێکی ویژدانی هاوبەش لەنێوانیاندا دەخوڵقێنێ کە دەبێتە ڕووناکی یەک چرا، واتە ئێش و ئازار دەیانکاتە یەک جەستە و گیان، چرایەک کە تاریکی ڕادەماڵێ، کەچی ناڵینی ئەو و بانگ کردنی و وەڵامدانەوە بە (نا) حاڵەتی واق وڕمان لای شاعیر دروست دەکات کە بۆچی ببێ بە دوو کیشوەری جیا؟! وا دیارە شاعیر لە ناخەوە هەست بە ناڵینی بەرانبەرەکەی دەکات، کەچی ئەو هەمان هەڵوێستی نییە و خۆپەرستە، بۆیە لە کێشەی یەکەمدا ناڵینی هەردوو وەڵامدانەوە و بانگ کردنەکەیان بە (ئا) تەبایی دروست دەکات، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا ناڵینی و بانگ کردنی و وەڵامدانەوەی بە ئا و هی بەرانبەر بە (نا) ئەو ناکۆکییەی دەربڕی وەک دوو کیشوەری جیا.

جوانی نیشتمان لای شاعیر ئەوەندە بەرزو باڵایە، کە هیچ نیشتمانێ لە جیهاندا ناگاتە ئاستەکەی:

**«ئاوی دنیا هەمووی یەکە**
**خاکی دنیا هەمووی یەکە**
**هەوای دنیا هەمووی یەکە**
**ئاگری دنیا هەمووی یەکە**
**بەڵام هیچی ناگاتە تۆ**
**ئاو و خاک و**
**ئاگر و هەوای**
**نیشتمانم»(٣٣)**

ڕەسوڵ هەمزاتۆف لە (داغستانی من)دا دەڵێ: «دنیا لە ئاگردانەکەی ئێمەوە دەست پێدەکات»، ئەم وەسفەی شاعیریش بۆ کوردستان لە ئەنجامی خۆشەویستییەوە هاتووە کە شاعیری جووڵاندووە و سۆزی وروژاندووە و «خۆشەویستی وەک خۆشەویستی فیرتەر گیان دەکاتەوە بۆ سۆز و چێژی ئەوەی کە جوانە لەژێر هەر شتێ کە خۆی بۆ پێشکەش دەکات، هەرچییەک بێ».(٣٤).

لە ڕاستیدا شیعرەکانی ناو (چنینەوە) ئەوەندە زۆر و چڕن کە ناکرێ هەڵوەستە لەسەر هەموویان بکرێ، بۆیە دوا شیعر کە ئاوڕی لێ دەدەدەمەوە هۆنراوەی (نامەیەک بۆ دیلان)ی شاعیرە کە لە کۆپلەیەکیدا دەڵێ:

**«ئەو کانییەی ژنێک تێی ئەچێ و ژنێک دێتە دەر**
**قەومی لووت تیایا ئەگەوزێ**
**ئەبێ چی بێ**
**گڕی چاوی چاو چنۆکان**
**ئاڵاوەتە پرچی سونبول؟**
**دەستی نامۆی کەس نەدیوان**
**چەقیوەتە چاوی چاو کاڵ**
**ئەبێ چی بێ**
**ڕۆژگارێکە و**
**پۆستاڵ بەپشتی من فێرە؟**
**نەوەی ئەمڕۆم زادەی خۆ فرۆشی وێڵە**
**لەو ڕۆژەوەی برای خۆم کوشت**
**پەڕەی مێژووم**
**یەک بەیەکی وشە و مانای**
**هەموو لێڵە»(٣٥)**

شاعیر (دیلان)ی شاعیر دەکاتە ماسک و لەڕێگەی ئەوەوە هەستی خۆی دەربڕیوە و ڕووناکی خستۆتە سەر بارە ناهەموار و دزێوەکە و پەردە لەسەر ڕووە شاراوەکان هەڵدەداتەوە، ئەو وێنەیەی کێشاویەتی تەعبیر لە خودی خۆی و واقیعی میللەت دەکات. «وێنە، یان شێوە بڕیاری شتەکان لەسەر بنچینەی بزاڤی ناوەرۆکەکەیەتی، ئەو کارلێکە ناوخۆییەی تیایەتی، یان لە چوارچێوەیدا پێوەندی لەگەڵ فاکتەرە هەمەجۆرەکان کە کاریگەرییان هەیە، یان کاری تێدەکەن دەجووڵێن، هۆنراوە بۆ نموونە دەکەوێتە ژێر حاڵەتی دەروونی شاعیر، یان

سۆزداری و ڕۆشنبیری و میزاج و هەستە زمانەوانییەکەی و بیروباوەڕی و شێوازی بیرکردنەوەی». (٣٦)

له کۆتاییدا دەڵێم ئەم نووسینەم تەنیا ئاوڕدانەوەیەکە له کۆمەڵە شیعری (چنینەوە)ی د. لەتیف محەمەد حەسەن. دەکرا زیاتر لەسەر سەرجەمی، یان بەشێکی زیاتر بوەستم، بەڵام لەم کاتەدا با ئەمە بەس بێت و هیوادارم تاڕادەیەک توانیبێتم ڕووناکیم خستبێتە سەر لایەنێک لە جیهانی خودی شاعیر و هەروەها دەڵێم کە زۆر لایەنی دی لە دووتوێی ئەم دیوانەدا هەیە و دەتوانرێ لەسەریان بنووسرێت و ئەم کارە بۆ ڕەخنەگرانی دی و بۆ مێژوو بەجێ دێڵم.

**پەراوێزەکان:**

**(١) كشف المضامين البرجوازية في الشعر، محسن الموسوي، مطبعة دارالسلام، بغداد، ١٩٧٢، ل٣٦.**

**(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.**

**(٣) چنینەوە، شیعر، دکتۆر لەتیف محەمەد حەسەن، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩ ل١١.**

**(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١١.**

**(٥) هەمان سەرچاوە ل١٢.**

**(٦) هەمان سەرچاوە ل١٧.**

**(٧) جماليات المكان، جاستون باشلار، ت غالب هلسا ل٢١.**

**(٨) چنینەوە ل٢٢.**

**(٩) هەمان سەرچاوە ل٢٥.**

**(١٠) نظرية الادب، مجموعة من الكتاب، ت الدكتور جميل نصيف التكريتي، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٠، ل٤٠٠.**

**(١١) النقد الآدبي الحديث، الدكتور محمد غنيمي هلال، دار العودة- بيروت، ١٩٨٧ ل٣٨٠.**

**(١٢) چنینەوە، ل٢٧.**

**(١٣) هەمان سەرچاوە ل٣١.**

**(١٤) هەمان سەرچاوە ل٣٥.**

**(١٥) مذكرات بابلونيرودا، أعترف بأنني عشت، ت الدكتور محمود صبيح، المؤسسة العربية للدراسة و النشر ص١٣١.**

**(١٦) چنینەوە ل٤١.**

**(١٧) هەمان سەرچاوە ل٤٢.**

**(١٨) هەمان سەرچاوە ل٤٥.**

**(١٩) صناعة الأدب، بعض مبادىء النقد في ضوء نظريات النقد القديمة والحديثة، تأليف: ر.آ. سكوس جيمس، ت هاشم الهنداوي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ل١٧٥.**

**(٢٠) چنینەوە ل٥٢.**

**(٢١) هەمان سەرچاوە ل٥٥.**

**(٢٢) بروانە النقد التطبيقي التحليلي، د عدنان خالد عبدالله، دار الشؤون الثقافية العامة، وزارة الثقافة والآعلام.**

**(٢٣) الصورة الشعرية، سي، دي لويس، ت أحمد نصيف الجنابي، و مالك ميري، وسلمان حسن ابراهيم، دار الرشيد للنشر، بغداد ١٩٨٢ ل١١٢.**

**(٢٤) چنینەوە ل٧٤.**

**(٢٥) ترجمة الذوق الفني، هربرت ريد، ت يوسف ميخائيل أسعد، بغداد ١٩٧٥ ل٦٧.**

**(٢٦) الصورة الشعرية ل٢٠.**

**(٢٧) چنینەوە ل٧٨.**

**(٢٨) دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، چاپی دووەم کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ساڵی ١٩٨٤ ل: ٤٦٢-٤٦٣.**

**(٢٩) قوة الشعر، جيمس منتن، ت الدكتور محمد درويش، وزارة الثقافة بغداد ٢٠٠٤ ل ١١٣.**

**(٣٠) چنینەوە ل ٨٣.**

**(٣١) قوة الشعر ل٢٩.**

**(٣٢) چنینەوە ل١٤٢.**

**(٣٣) چنینەوە ل٢٤٥.**

**(٣٤) ستندال، مجموعة من المقالات النقدية تحرير فيكتور برومسير ت: نجيب المانع، دار الرشيد للنشر بغداد ل ٢٠١.**

**(٣٥) چنینەوە ل ٣٩٠.**

**(٣٦) دراسات نقدية ل٧١.**

*** چنینەوە، کۆ شیعرێکی (د. لەتیف محەمەد حەسەن)ە. (٢٨٤) هۆنراوە لەخۆ دەگرێ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بلاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ساڵی ٢٠٠٩ چاپی کردووە.**

*** کەمال غەمبار، ماجستێر لە ئەدەبی عەرەبیدا.**

# سەفەرێک بەرەو چین

دانا ڕەئووف
(سوید)

ولاتی چین یەکێکە لە شارستانیەتە گەورەکانی جیهان و خاوەنی مێژوویەکی دێرین و کولتوورێکی دەوڵەمەندە، چین تەنیا ولاتێکی جیهان نییە، بەڵکو کیشوەرێکە بۆ خۆی و سنووری بە سێزدە ولاتی ترەوەیە و ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە ١,٣ ملیاردە، ڕووبار و دەریاچە، بیابان و دارستان، چیا و جەنگەڵی گەورە، بەرزی و نزمی و هەزاران گوند و شاری گەورە و بچووک، ئەم ولاتە گەورەیە پێکدەهێنێت. دەمێکە خولیای سەفەرێکی ئەو ولاتەم، زۆرجار سەیری کتێبە ڕەنگاوڕەنگەکانی چین دەکەم، ئەو شانۆنامانەشی کە لەژێر کاریگەری کولتوور و شانۆی چینیدا نمایش دەکرێن هێندەی تر ڕەنگ و ئەفسوونی ئەم ولاتەم لەلا گرنگتر دەکات.

هەلێکی وام بۆ هەڵکەوت کە سەردانی چین بکەم، خۆئامادەکردن، بلیت کڕین و فیزا وەرگرتن بە زوویی هاتن بەدەستەوە و لە ٢٩ی مانگی دوازدەدا بەرەو ولاتی چین بەڕێکەوتین(١).

**١٢/٢٩**

**بە ڕێگاوە/ شەوی یەکەم لە فڕۆکەدا**

بە یەکێک لە فڕۆکە زەبەلاحەکانی چین و هێڵی ئاسمانی ئایر چاینە Air China دەفڕین. کارمەندەکانی ناو فڕۆکەکە بە دەستوبردن، هەمیشە ئامادەن و خزمەتێکی باش پێشکەش دەکەن. هەروەک ئامێر دەجووڵێنەوە و بەهیچ شێوەیەک، هیچ جۆرە پێوەندییەک، زەردەخەنەیەک، هێمایەکی دەموچاو لەگەڵ سەرنشینەکاندا ناگۆڕنەوە، بەبێ ئەوەی بۆ تەنیا ساتێک، یان لە چاوترووکانێکدا تەماشامان بکەن، بەبێ دەنگ دێن و دەچن و وەڵامی هیچ پرسیارێکیشمان نادەنەوە، کە سوپاسیشیان دەکەین، ڕوو وەردەگێڕن و

ئامێرئاسا لەسەر کاری خۆیان بەردەوام دەبن. خەڵکێکی زۆر لە هەموو سوێدەوە لە فڕۆکەکەدان و ڕاڕەوەکانی نێوان کورسییەکان بوونەتە شوێنی گفتوگۆ و یەکترناسین و گێڕانەوەی بەسەرهات، شەو دادێت و هەوڵ دەدەم سەرخەوێک بشکێنم. منداڵێکی بچووک لەبەردەممدا دانیشتووە، جێگا بەخۆی ناگرێت، نە دەتوانێت داسەکنێت و نە دەشتوانێت بۆ خۆی بنوێت، بەردەوام لەسەر کورسییەکەی سەما دەکات و خەو لە منیش تێک دەدات. لە سوێدەوە کە دەکەوێتە باکووری ئەورووپاوە بۆ چین کە دەکەوێتە ئەوسەری ئاسیاوە، دوو جیهان و دوو کێشوەری جیاوازن، ئێمە بەرەو خۆر دەڕۆین و فڕۆکەکەش بە ئاراستە و نیوەی گۆی زەویدا تێدەپەڕێت، بۆ نموونە کاتژمێری دوازدەی شەو بە کاتی سوێد دەگەینە ئەوێ، بەڵام لە چین کاتژمێری حەوت و نیوی بەیانییە.

**١٢/٣٠**

سەرلەبەیانییەکی سارد و تەمومژاوی دەگەینە فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکەی چین، ماندوو و خەواڵوو دێینە دەرەوە و کزەبا ساردەکە دەموچاو و ڕوخسارمان دەتەزێنێ. وریا دەبینەوە و بە ڕاڕەوە درێژە تاریک و ساردەکانی فڕۆکەخانەکەدا دەڕۆین، دیواری بەرزی چیمەنتۆ و ئەتمۆسفێرێکی وشک، توندوتیژ و سەربازگەلی خانووبەرەی فڕۆکەخانەکەی پێکهێناوە. زوو بەڕێ دەکرێین و لەگەڵ ڕێگە پیشاندەرەکەماندا دەچینە دەرەوە، ڕێنما و چاوساغێکی (چین)یشمان هەیە و لە دەرەوە چاوەڕوانمان دەکات.

ئەم چاوساغە چینییە کیژێکی گەنج و جوانە، زیاتر لە بووکەڵەیەک دەچێت، جانتایەکی بچووکی بە پشتیدا هەڵواسیوە و پاڵتۆیەکی کورتی ڕەساسی تۆخی لەبەردایە و بەخێرایی، گورجوگۆڵانە هەڵسوکەوت دەکات. جێگای پێکەنینە، ئەم بووکەڵەیە کە ئەم دوو هەفتەیە ڕێنما و چاوساغمانە، وەک من ناوی (دانا)یە، بەڵام زوو تێگەیشتین کە دانا ناوێکی خوازراوە و وەک ناوێکی هونەری هەڵیبژاردووە.

دوای نان خواردن دەچین بۆ (گۆڕەپانی ئازادی خودایی)، ئەم گۆڕەپانە ٤٤٠٠٠٠ چوار سەد و چل هەزار مەتر دووجا گەورەیە و یەکێکە لە گەورەترین گۆڕەپانەکانی جیهان و پێگەیەکی مێژوویی هەیە و چەندین ڕووداوی گرنگی تێدا ڕووی داوە. هەر لەم



**گۆڕەپانی ئازادی خودایی**

گۆڕەپانەدا (ماوتسی تۆنگ) لە یەکی مانگی دەی ساڵی ١٩٤٩دا بانگەشەی (کۆماری گەلی چین)ی کردووە.

گۆڕەپانی ئازادی خودایی وێنەیەکە بۆ ژیان و شانۆیەکە بە هەموو شێوازەکانییەوە خەڵک و وڵاتێکی گەورەی وەک چین بەرجەستە دەکات. هەر لەم گۆڕەپانەشەوە نەخشە و دروست کردنی شاری پەکین، بنیادنان و بڵاوبوونەوەی شارەکە دروست بووە. ئەرشیتێکتۆری خانووبەرە و سترکتوری شاری (پەکین) بۆ سەردەمی خێزان و بنەماڵەی (مینگ) بۆ دەوروبەری ساڵەکانی سەدەی سێزدەدا دەگەڕێتەوە. خەڵکی چین خۆیان بە گەشتوگوزار دێن بۆ پەکینی پایتەخت و لە گۆڕەپانی ئازادی خوداییدا دەسووڕێنەوە، لە مێژووی خۆیان، ڕابردوو و ئێستایان ورد دەبنەوە و دەچنە سەر مەزاری (ماوتسی تۆنگ) و هەروەک گەشتیارە بیانییەکان گەمە دەکەن، وێنە لەدوای وێنە دەگرن و پاسەوانەکانیش بەبێ جووڵە چاودێرییان دەکەن و لە ئامادەباشیدان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر جووڵە و بزاڤێکی جیاواز و دژ بە ڕژێم.

هەموو هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکەین، بە چاوی خەواڵووەوە لەو بەیانییە سارد و تەمومژاوییەدا، بە گۆڕەپانی ئازادی خوداییدا دێین و دەچین. سەرێک بەرز دەکەمەوە و دەڕوانمە ئاسمانێکی ئێجگار گەورە، وەک ئەوە وایە کە ئاسمانی هەموو جیهانت لێوە دیاربێت. گۆڕەپانی ئازادییەکی داگیرکراو و تەنانەت ئەستێرەکانی ئەم ئاسمانە سانسۆرکراون و خەڵکی چین بە ترسەوە سەیری ئاسمان دەکەن و بەدوای ئەو ئازادییەدا دەگەڕێن کە لەو گۆڕەپانە خوێناوییەدا، لەو شانۆ بێ وێنەیەدا داگیرکراوە.

بەهۆی جیاوازی و گۆڕانی کاتەوە، زیاتر لە شەو و ڕۆژێکە نەنووستووین و ماندووبوونەکە بە هەموومانەوە دیارە، دوای نانخواردن و گوێگرتن لە مۆسیقای میللی چینی، بۆ میوانخانەکەمان دەگەڕێینەوە و بەبێ ئەوەی گوێ بدەمە ڕەنگی ئاسمان، دەنگی باڵندە و ئاوازی مۆسیقای چینی، بەبێ زۆر لەخۆکردن لەناو جێگاکەمدا، بە قووڵی خەوم لێ دەکەوێت.

## ١٢/٣١

## شارە قەدەغەکراوەکە

بە پاسێک دەچین بۆ ناوچەرگەی شاری پەکین و سەردانی شارە قەدەغە کراوەکە و کۆشکی سیزەرەکان دەکەین، ئەم شارە گەورەترین شوێنەوار و خانووبەرەیە لە هەموو جیهاندا.

شارە قەدەغەکراوەکە لە ساڵەکانی ١٤٢١ەوە دەبێتە کۆشکی شاهانەی چین و نزیکەی پێنج سەد ساڵ، بیست و چوار خێزانی مینگ و کیونگ، یەک لەدوای یەک و نەوە لەدوای نەوە، فەرزەند و باوان لە هۆڵە هارمۆنییەکانی ئەم کۆشکەدا خاوەن دەسەڵات بوون.

لەم ناوچە گەورەیەدا، جگە لە سیزەر و خێزان و بنەماڵەکانیان، هەزاران دەستوپێوەند و سپا و سپاسالارەکانیان ژیاون. شارە قەدەغەکراوەکە بە شوورەیەکی گەورە و پۆلایین کە دە مەتر پان و سێ هەزار و چوار سەد مەتر درێژە، دەورە دراوە. ئەم شوورەیە ڕەنگی سوورێکی تاریکە و هەستی گەورەیی و ترسی لەلای خەڵکی دروست کردووە، هەر لەبەر ئەوەش بە شوورە سوورەکەش ناسراوە. لەپشت شوورە سوورە پۆلایینەکەی ئەم شارە پڕ لە نهێنییە قەدەغەکراوەوە، چەندین تاوان، تۆڵەسەندنەوە، خەڵک بەکۆمەڵ هەڵواسین، پیلان و تۆقاندن ڕوویانداوە.

دەروازەی ئەم شارە قەدەغەکراوە ئێجگار گەورەیە، خودی دەرگە سەرەکییەکەی سی و چوار مەتر بەرزە و لە ساڵی ١٦٥١ دا دروست کراوە، دەروازە لەدوای دەروازە و کۆشک لەدوای کۆشک، لە پشت هەر دەروازەیەکەوە، کۆشکێکی گەورە بەرزبۆتەوە. ٩٩٩٩ ژوور لەم شارە ناکۆتاییەدا هەیە. خوای ئاسمان دە هەزار ژووری هەیە، لەبەرئەوە کوڕەکەی لەسەر زەوی، کە سیزەری چینە، نابێت ژمارەی ژوورەکانی کۆشکەکەی لە ژمارەی ژوورەکانی خواوەند زیاتر بێت، سیزەرەکان بە نۆ هەزار و



نووسەر لە شارە قەدەغەکراوەکە

نۆ سەد و نەوەد و نۆ و لە دەدا پێنج ژوور ڕازی بوون. ژوورەکانی ئەم ناوچە کۆشک ئاسایە یادەوەرییەکانی پادشاکان، جەنگ، زەمەنێکی درێژ لە فەرمانڕەوایی و ڕووداوی مێژوویی ئەم وڵاتە دەگێڕێنەوە. ناوزەدکردنی ناوچەکەش بە شارە قەدەغەکراوەکە بۆ ئەو بنەمایە دەگەڕێتەوە کە سیزەرەکانی چین پێیان وا بووە ئەوان کوڕو وەچەی خواوەندن، هەر لەبەر ئەوە دەرگەی کۆشکەکانیشیان بۆ خەڵکی ئاسایی نەخرابووە سەرپشت. ئەم کۆشکە بە سەربازگەیەکی پڕ لە چەک پارێزراوە و بەهیچ شێوەیەک کەس نەیتوانیوە تەنانەت نزیکیشی بکەوێتەوە.

ئەم شارە لەنێوان ساڵانی ١٤٠٦-١٤٢٠ دا بنیادنراوە و ئێستا بە یەکێک لە موزەخانە دەرگە لەسەر پشت و دیارەکانی چین دادەنرێت. هەموو شتێک و هەموو کەسێک موڵکی سیزەر بوون و لەپێناوی دەسەڵات و خۆشی و ئارەزووەکانی ئەودا ژیاون و بچووکترین هەڵە، یان کەموکورتییەکی بێ مەبەست، ئەو کەسانەی تووشی مل پەڕاندن کردووە.

بەشی پێشەوەی کۆشکە قەدەغە کراوەکە تایبەت بووە بە دامودەزگاکانی حوکمڕانی، بەشی پشتەوەی بۆ گوزەران و ژیانی تایبەتی خۆیان. باووباپیران لە پانتاییەکانی دەستە چەپ و خواوەندەکانیش لە دەستە ڕاستدا شوێنیان بۆ تەرخان کراوە. لەم شارەدا شارێکی دەرەکی و یەکێکی ناوەکی هەبووە، لە بەشە ناوەکییەکەیدا سیزەر و خێزانەکەی، دەستوپێوەند و کۆیلە و ژنەکانی تری ژیاون، چوونە نێو ئەم بەشەوە، ئەستەم و سنووردار بووە.

بەشە دەرەکییەکەش لە دەرگە و دەروازە مەزنەکەی ئەم

شارەوە دەستی پێ کردووە و ڕووباری (یون شویی) ئەم دوو بەشە جیادەکاتەوە، لە ساڵی ١٧٩٥دا لەلای خۆرهەڵاتی ناوەوەی ئەم شارەدا کۆشکێکیان بۆ (کییان لۆنگ)ی سیزەر دروست کردووە، ئەم بەشە زۆر قەدەغەکراو دەبێت و دەبێتە شارێکی قەدەغەکراو لەناو شارە قەدەغەکراوەکەدا. هەر لەم بەشەدا باخچەی پادشا دروست کراوە، ئەم باخچەیە بە شێوازێکی جوان و شەنگ، نموونەیەک لە ئیشی دەست و پێکداچوون و ئامادەکردنەوەی سروشت و جیهانێکی هارمۆنی ڕۆنراوە.

لەدوای ئەم دەرگەیانەشەوە، لەسەری ئەو سەرەوە، باخچەیەکی گەورەی جیاواز بە چەندین چرای سوور ڕازاوەتەوە. لەم باخچەیەدا چەندین ڕووبەری ئامادەکراوی بەردین، درەختی کۆنی پێچاوپێچ، چەمی جۆراوجۆر بۆ ماسی ڕەنگاوڕەنگ و چەندین گوڵی هەمەچەشنە هەن، هەروەها چەندین فیگۆری میتۆلۆژی و پەیکەری بەردین باخچەکەیان ڕازاندۆتەوە. لەم شوێنەدا خێزانی سیزەرەکان پشوویان داوە، گەمەیان کردووە و کاتێکی تایبەت، دوور لە دەسەڵات و تەنانەت دەستوپێوەندە نزیکەکانیشیانەوە بەسەر بردووە.

یەکەم زنجیرە خانووبەرە، لەدوای دەروازە سەرەکییەکەوە کۆشکێکە بەناوی (دەروازەیەکی گەورەی هارمۆنی) یەکەم سیزەرەکانی قۆناغی مینگ لەم شوێنەدا حوکمڕانییان کردووە. ئەم شارە قەدەغەکراوە تەنیا ژووری شاهانە و هۆڵی گەورەی ڕازاوە لەخۆ ناگرێت، بەڵکو کۆمەڵێ ژووری ساکار و کۆڵانی باریک و تەنگەبەریشی بۆ دەستوپێوەندەکان تێدایە. دوای ئەوە هۆڵە گەورە هارمۆنییەکە و دوابەدوای ئەمانەش هۆڵە مامناوەندییە هارمۆنییەکە دێت و لەم هۆڵەشدا سیزەرەکان پشوویان داوە و خۆیان بۆ ڕێوڕەسمی هارمۆنییە گەورەکان ئامادە کردووە.

دوای ئەوە هۆڵی پارێزگاری هارمۆنی دێت. دەروازەی پاکوخاوێنی ئاسمان، دەرگەی بەشە ناوەکییەکەی ئەم شارەیە، هەر لەم بەشەدا ماڵی حەسانەوە دێت و سیزەرەکان و بەتایبەتی لەڕۆژی لەدایکبوونیاندا تەماشای ئۆپێرایان کردووە. لەم بەشەی شارە قەدەغەکراوەکەدا شانۆیەکی کۆنی شاهانە کە بە تەختە دروست کراوە، بۆ نمایشەکانی ئۆپێرای پەکین هەیە.

لەسەر سووچی سەربانە بەرزەکانی کۆشک و خانووبەرەکانی ئەم شارەدا، فیگۆری ئەفسانەیی دەبینرێت: ئاژەڵ، باڵندە، مرۆڤی ئاسایی، یان سەرباز و سوارچاک و جەنگاوەرەکان. ئەم کۆشکە گەورەترین خانووبەرەکانی ئەم شارەیە و جیهانێکە لە فیگۆرەکانی ئەژدیهای گڕهاوێژ و میتۆلۆژیاکانی چینییەکان. هەر لەم کۆشکەدا بەشێوەیەکی تەواوەتی وێنەی دە ئاژەڵە نهێنییەکان پارێزراون، ئەمەش تاکە شوێنێکە لەهەموو چیندا کە ئەم دە وێنەیەی تێدا پارێزرابێت. ئەم وێنانە بە ساپیتەی ژوورە گەورەکەدا دروست کراون، وێنەکان خۆیان هەمیشە بەشێوەی تاک دانراون: سێ، پێنج، حەوت، یان نۆ، بەڵام لێرەدا هەر دەیان وەک گرووپێکی پێکەوە بەستراو، وێنەکێشراون. سیزەر و پادشاکانی چین لەنێوان ساڵانی ١٤٢٠-١٩١١ لەم شارەدا حوکمڕانییان کردووە.

## پەرستگەی ئاسمان

لە شارە قەدەغەکراوەکەوە ڕاستەوخۆ دەڕۆین بۆ پەرستگەی ئاسمان کە لە کۆمەڵێ خانووبەرەی گەورە پێکهاتووە و لە ناوەڕاستی باخچەیەکی گەورەدا بڵاوبۆتەوە، لە چینی کۆندا ئاسمان و زەوی وەک خواوەندێکی گەورە تەماشاکراون. تەنیا گیانلەبەرێکی زیندوو کە توانیویەتی لە ئاسمان نزیک بێتەوە، پادشا و سیزەرەکان بوون، کە کوڕی ئاسمانن.

ئەم پەرستگەیە بە بڵندگۆ و ساپیتە شینەکەیەوە، یەکێکە لە گرنگترین شوێنەوار و پاشماوە دێرینە گەورەکانی چین و بەشێکە لە زنجیرە پەرستگەیەک کە دوو ملیۆن و حەوت سەد هەزار مەتر چوارگۆشەیە، تەنانەت لە شارە قەدەغەکراوەکەش گەورەترە. سیزەر و پادشاکانی چین کە بە کوڕی ئاسمان ئاماژەیان بۆ کراوە، نەیانوێراوە کۆشک و شارە گەورەکانی خۆیان لە ڕووبەر و پانتاییەکانی ئەم پەرستگەی ئاسمانە گەورەتر دروست بکەن. ئەم زنجیرە پەرستگەیە بە شوورەیەک چواردەور دراوە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ دەکات و بە شێوەیەکی بازنەیی لە باشورەوە کۆتایی دێت، ئەمەش هێماگەلێکە بۆ زەوی و حەوت تەبەقەی ئاسمان.

دەچینە هۆڵی پەرستن، یان پەرستگە، لەم شوێنەدا پادشاکان کە کەس نەیوێراوە تەماشایان بکات، لەسەر چۆک دانیشتوون و لە خواوەند پاڕاونەتەوە، قسەیان لەگەڵ ئاسمان کردووە و داواکارییەکانیان پێشکەش بە جیهانە پڕ لە ڕاز و نهێنییەکان کردووە.



**پەیکەری شێرەکان، پاسەوانی بەر دەرگای پەرستگاکان**

شوێنەکە تا ئێستا ڕواڵەتە پیرۆزەکەی خۆی پاراستووە و مرۆ هەست بە چاوێکی نهێنی دەکات و بێ دەنگییەکی سەرتاسەری ئەو ژوورە گەورەیەی گرتۆتەوە. ئەم هۆڵە تەنیا شوێنێکە لە هەموو چیندا کە ساپیتەکەی شینە، ئەمەش هێماگەلێکە بۆ ئاسمان و ڕواڵەتەکانی پەرستن. ئەو بیست و چوار پایەیەی کە ساپیتەکەی ڕاگرتووە هێماگەلی چوار وەرزی ساڵ، دوازدە مانگی ساڵ و بیست و چوار کاتژمێری بەدوای یەکداهاتنی شەو و ڕۆژە. خودی خانووبەرە پێچاوپێچەکە کە سی و هەشت مەتر بەرزە، لەسەردەمی بنەماڵەی «مینگ»دا دروست کراوە.

لە پەرستگەی ئاسمانەوە دەچین بۆ ڕاڕەوێکی ساپیتەداری تەختە و پیاسەیەکی دوورودرێژی تێدا دەکەین. ئەم ڕاڕەوە نزیکەی یەک کیلۆمەتر، یان زیاتر درێژ دەبێتەوە، دەچن بەیەکدا و یەکتر تەواو دەکەن و پایەکانی ئەم لاو ئەو لای ساپیتەکەش ڕەنگیان سوورە. لەلای خۆرهەڵاتەوە چەمێکی شین درێژبۆتەوە، لە باکووریشەوە چیایەکی بەرز بە چەندین خانووی بچووک و لاخانوو ڕازاوەتەوە و ساپیتەکەش هەزاران وێنەی جوانی تێداکێشراوە، وێنەکان هیچ کامێکیان لەوی تریان ناچێت و پێشانگەیەکی گەڕۆکیان پێکهێناوە. نزیکەی دە هەزار تابلۆ بەم ساپیتەیەوە دروست کراوە، مۆتیڤی تابلۆکان لە مێژوو، ئەدەب و میتۆلۆژیای چینەوە وەرگیراوە.

ئەوسەری ڕاڕەوەکە موزەخانەیەکی دێرینی کاتژمێرە و هەزاران کاتژمێری جۆراوجۆر و لە زۆربەی وڵاتانی دنیاوە، بە تایبەتی بەریتانیا، فەرەنسا، سویسرا و چین خۆی لەخۆدەگرێت. کەلوپەل و کاتژمێرەکان بۆ سەردەمی خێزان و بنەماڵەی کیونگ دەگەڕێنەوە، جگە لە کاتژمێر چەندین کاری هونەری و هەڵکۆڵینی چینی و ڕۆژئاوایی تێدایە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دیزاینی کۆنی چینی و تەکنیکی ڕۆژئاوا لەخۆدەگرێت. هەرچەندە کات لەم موزەخانەیەدا وەستاوە، بەڵام بۆ من دەبێتە بوونێکی مادی و لە خودی ئەو کاتژمێرە کۆنانەوە بیر لە تەرزی ژیان و لەو زەمەنە دەکەمەوە کە کاتژمێرەکانی تێدا دروست کراوە. دەنگی چرکەچرک و زەنگی کاتژمێرەکان بەنێو سەردەم و سەدە جیاواز و خەڵکە هەمەچەشن و جلوبەرگەکانیاندا دێت و دەچێت، لە گوێیەکانمدا دەزرنگێتەوە و بۆ ئەو کاتە دوور و بەسەرچووانەم دەباتەوە.

## شانۆ لە چین

وڵاتی چین وەک کیشوەرێکی ڕۆژهەڵات هەر لە مێژە شانۆیەکی تایبەتمەندی خۆیان هەیە، شانۆی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی چین، ژاپۆن و هیندستان یەکێکە لە ڕەچەڵەکە هەرە دێرینەکانی ڕۆشنبیری، فەلسەفەیی، شارستانیەتی جیهانی کۆن، هێماگەلێکە لە هێماکانی بەردەوامی و فەلسەفەیی بوون. جۆرێک لە ڕیتواڵێکی پیرۆزی ئایینی و جیهانێکی نهێنی و قووڵ و شکۆمەند لەخۆدەگرێت، جیهانێکی هەست ئامێزی بەرزە، هێما، ئاماژە، سەما، مۆسیقا و زمانێکی جەستەیی دەربڕین ئامێز، ڕیشاڵە نهێنییەکانی ئەو ڕیتواڵە شانۆییانە پێکدەهێنێت، هەر لەسەرەتاوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە بینەران لەو میحرابەوە ڕووبەڕووی خوداکانی خۆیان و نهێنییەکانی سروشت و هێزەکانی خێروشەڕ بوونەتەوە.

من و هاوڕێکەم لە گرووپەکەمان جیادەبینەوە، من نازانم نەخشە بخوێنمەوە، بەڵام ئەو بە باشی لە هونەری نەخشە خوێندنەوە دەزانێت و بەهۆی ئەو نەخشەیەی

بەدەستـمـانەوەیە، لە شـارێکی ئێـجگار گـەورەی وەک (پەکین)دا دەگـەڕێین تا مـەڵبـەندی (پەکین ئۆپێـرا) دەدۆزینەوە. شـانۆکـە جـوانە و خـانووبەرەکـە لە هونەری بینـاسـازی چینە و لە سـەرەتای هەزار و هەشت سەدەکانەوە نمایشی تێدا پێشکەش کراوە. لە رووکاری دەرەوەی شانۆکەشدا، موزەخانەیەکی بچووکی تێدایە.

دوای خـۆناسین و مـۆڵەت وەرگـرتن دەچینە ژووری یەکێک لە مەشقـەکـانیـان. ئەکتـەرەکـان بە داری درێژ گـەمـەی ئەکـرۆپاتیک دەکـەن، پرۆڤـەی هونەری بەرەنگاربوونەوە، جەنگی دەست و پەخە و ئامـاژەکـانی دەست و سـیـمـای دەمـوچاو دەکـەن. کـەم دەدوێن و ڕێژیسـیـۆرەکـەشیـان هەر بە جـووڵە و هەندێک جـار بە بۆڵەبۆڵ جـوولانەوەیەک، یان حاڵەتێکی فـیـزیکیـیـان بۆ بەرجەستە دەکات.

بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بە چڕی کاردەکەن و لە جـووڵە و بزاڤـەکـانیـاندا گـورجـوگـۆڵن، خـێـران و دەیانەوێت فـێـڵ لەچاوی بینەران بکەن. ئەمـە هونەری جەستـەیە، جەسـتـەیەک بە هەمـوو ئەندامـەکانیـیـەوە و لەچاوتـرووکـانێکدا گـۆڕانکاری بەسـەردا دێت و کـرداری توندوتیژ، بەشێوەیەکی هونەری و ئیستێتیکی بەئەنجام دەگـەیەنێت. دەنگ، هاوار و گـۆرانی دەکـەنە بەشێکی کـردەکـانیـان و وەک پەرچەکـردارێک ئەو کـۆریـۆگـرافـیـا جـەسـتـەییـەی لێ بەدی دێت. ئەمـەش بەتەواوەتی بە پێـچـەوانەی شـانۆی رۆژئاواوەیە کە لەسـەر بنەمـاکـانی ریالیزم و فاکتەرە دەروونییەکان کار دەکەن.

گـرووپەکـە خـەریکی ڕاهێنان و خـۆئامـادەکـردنی ئەو شـانۆنامـەیەن کـە ئێـمـە ئەم شـەو بلیـتـمـان بۆ بڕیوە و هەمووومان پێکەوە دەیبینین.

ئەوان بە دڵێکی فـراوانەوە دەرگـەکـانمان بـۆ دەکـەنەوە، پرۆڤەکانیان دەبینین، دواتریش لەگەڵ ڕێژیسیۆرەکەیان، بە زمانی ئاماژە، جەستە و ئەو ئینگلیزییە شەق و شڕەی کە دەیزانێ قسە دەکەین، بەڵام ئینگلیـزییەکەی ئەو، بە هەمـوو تێکشکاوییـەکـیـیـەوە لە ئینگلیـزییـەکـەی من باشـتـرە. هاوڕێکەم کـە نووسـەر و شـانۆکـاریشـە ئینگلیـزییەکی باش قسـە دەکـات و یارمـەتی لەیەکـتـر تێگەیشتنمان دەدات.

ئەم ڕێژیسـیـۆرە چینیـیـە کـە ناوی (یانگ نونگ)ە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ترادیشونی شانۆی چینی لەسـەر ئەوە بنیـادنراوە کـە هەمـوو سنوورەکـانی نێـوان تێکست، مۆسیقا، نواندن و سەما لابراوە و ئەم توخمانە هەمـیـشـە لە یەکـەیەکی هونەریدا کـۆبوونەتەوە. هەمـوو شـتـێک کـە لەسـەر شـانۆ لە ئۆپێـرای پەکین ڕوودەدات، دەبێت لە هەمـوو ڕوویەکەوە بەشێوەیەکی دروست و باڵا ئامـادەکـرابێت، هەمـوو جـوولانەوەیەک دەبێت هەست و فەنتازیای بینەران بوروژێنێت.

نەژادی ئەم هونەرە لە سـەمـای مـیللی، شـێـوازە جـۆراوجـۆرەکـانی گـۆرانی و بەسـەرهاتە کـۆنەکـانەوە سەرچاوەی گرتووە، مۆسیقا، گۆرانی، سەما، تەکنیکی جەنگ، ئەکرۆپاتیک، پانتۆمایم، هونەری ئیشی دەست لە فـۆرمـێکی یەکگرتوودا تواونەتەوە و هونەرێکی تری تایبـەتمەندیان خولقاندووە. لەم هونەرەدا کە بە چینی بە (یینگیـو) ناوزەد کـراوە و لە ڕۆژئاوا بووە بە ئۆپێـرای پەکین، هەرگـیـز ژیان، ڕووداو و جـوولانەوەکـان لە بنەما ناتورالیستی و ریالیستییەکەیەوە ناخرێتە ڕوو. هەموو شـتـێک لە ڕووبەرێکی فـەنتـازی ئامـێـز و جـیـهـانی مـیـتـۆلۆژیایەکی بێ سنووردا دەسورێتەوە، لەو جـیـهـانە مـیـتۆلۆژییەدا خواوەندەکان، جادووگەر و مرۆڤی ئاسایی شان بەشانی یەکتر دەردەکەون.

ڕەنـگ بەهایەکی تـایبـــەتی هەیە لە دیاریـکردنی جلوبەرگـەکـانیـاندا، ئەو جلوبەرگـە ڕەنگاوڕەنگانە لەنێوەندی مۆسیقا، ئەکرۆپاتیک، کۆریۆگرافی، جەنگ و پێکدادان، گۆرانی و دیالۆگدا دیمەنێکی بێ وێنە فەراهەم دەکـەن، بەڵام لەو نێـوەندە ئەفسـوونیـیـەدا مـرۆڤ وەک بوونەوەرێکی زیندوو، سەربەخۆ، ئامادە، ئامرازی هەمـوو پێـوەندییـەکـانە، مـرۆڤ جـەسـتـەیەکی کـارامـە و بزۆز و دەرەوشاوەیە(٢).

کـاتژمێر حەوتی ئێوارە گرووپەکەمـان دەگەنە شانۆکە و کـاتژمـێـر حـەوت و نیـو نمایشـەکـەیان پێـشکەش دەکـەن. نمایشەکە هەڵبژاردەیەکە لە سێ ئۆپێرای جیاواز، سەرەتا وەک سێ بەشی سـەربەخـۆ و دواتر هەر سێ بەشـەکـە لە تێکئـالان و پێکداچوونێکی پێکەوە بەسـتـراودا دەبێـتـە نمایشێکی سەربەخۆ.

دە و نیوی شەو لە ئۆپێرای پەکین دێینە دەرەوە، دنیا بە تەواوەتی تاریکی کردووە و کزەبایەکی ساردیش تەنگی پێ هەڵچنیوین. هەموو تەماشای یەک دەکەین و نازانین چ بڕیارێک بدەین، ئەم شـەو بەکـاتی چین شـەوی سـەری ساڵە. بەرێکردنی ئەم سـاڵ و پێشـوازی کـردن لە سـاڵی نوێ سـاتگەلێکی تایبـەتمەندە و دەمـانەوێت لێـرەش ئەو

یادە بکەینەوە. هیچ پرۆگرامێکمان نییە، هەموومان ماندووین و پرۆگرامی بەیانیش چڕ و دووروودرێژە. تەنیا بڕیاریش ئەوەیە کە بۆ میوانخانەکەمان بگەڕێینەوە و بنووین و سبەی بەیانی کاتژمێر حەوت و بەر لە چوونە دەرەوەمان کە دەکاتە دوازدەی شەو بە کاتی سوێد ئاهەنگەکەمان بگێڕین.

## ١/١

لەگەڵ کازیوەی بەیان هەستاوین، لە هۆڵە گەورەکەی میوانخانەکەمان کۆدەبینەوە و شەراب و شەمپانیا ئامادەکراوە و لەگەڵ زەنگی حەوتی بەیانی، سەری ساڵی تازە لەیەکتر پیرۆز دەکەین و هەر یەکە دەچێتە ئامێزی هاوڕێکەیەوە و ئەتمۆسفێرێکی پڕ لە هارمۆنی لەو کەشە نامۆیەدا دەبێتە چرکەساتێکی لێوانلێو لە خۆشەویستی.

چینی نوێ بەیادی سیزەرەکانییەوە دەژی، کۆمۆنیستەکان وێنەیەکی تری ڕژێمی بنەماڵە و خێزانە دەسەڵاتدارەکانی ئەم وڵاتەن و هەر لەبەر ئەوەشە گرنگییەکی بێ هاوتا دەبەخشنە ئەو شوینەوارە دێرینانە. ئارامگە و گۆڕی سیزەرەکان بووەتە جێگای گەشتیاران و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی داراییش بۆ ئابووری ئەم وڵاتە.

## گۆڕی سیزەرەکان و بنەماڵەی - مینگ

بەرەبەیانی یەکەم ڕۆژی ساڵی تازە بەرەو دوا ئارامگە و گۆڕەکانی سیزەر و خێزان و بنەماڵەی- مینگ بەڕێ دەکەوین و لەدوای سەعات و نیوێک دەگەینە شوینی مەبەست.

سێزدە لەو شازدە سیزەرەی بنەماڵەی- مینگ لە دۆڵێکی گەورەدا کە پەنجا کیلۆمەتر لە باکووری خۆرئاوای پەکینەوە دوورە، نێژراون و بەشێک لەم گۆڕانە، سی هەزار کەس کاری تێدا کردووە و بە شەش ساڵ تەواوکراوە. شوێنەکە بەوپەڕی بایەخپێدان و گرنگییەوە هەڵبژێردراوە. چیایەک لە پشتی ئەوسەری دۆڵەکەوە بەرزبۆتەوە و گیانی سیزەرەکان لە ڕەشەبا و رووبارە تووڕەکان دەپارێزێت و ئەو رووبارەش دەرژێتە دامێنی چیاکەوە، هەموو کارەساتێک لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێ.

هەموو گۆڕەکان چوون یەکن و بەباشی پارێزراون، لە دەسپێکی ئەم گۆڕستانەدا و لە دەروازەیەکی باریکەوە



**پاسەوانی گۆڕەکانی سیزارەکان**

دەچینە هۆڵی یادوەرییەکان و گردی گۆڕەکانیش دەکەوێتە بەشی دواوە. لە سەردەمە دێرینەکاندا، ئەم گۆڕانە و هەموو ناوچەکە بە شوورەیەکی سی و پێنج کیلۆمەتری دەورەدراوە، کە سیزەرەکانیش مردوون، بە کەژاوە لاشەکەیان لە شارە قەدەغەکراوەکەوە بۆ ناوچەی گۆڕستانەکە گوێزاوەتەوە. لە سەرەتادا ئەو کەژاوە شکۆدارە بە بەردەمی پەیکەرێکی بەردیندا تێپەڕیوە کە لە هەموو (چین)دا لەم پەیکەرە گەورەتر نییە، دوای ئەوە و بەرلەوەی بگەینە هۆڵی یادوەرییەکان کە بە تابلۆیەکی بەردینی گەورە بەرگری لێ دەکرێت، دەرگە سوورە گەورەکە دێت. لەم دەرگەیەوە سیزەرەکەیان بە ڕێگەیەکی هەشت سەد مەتریدا بردووە کە بە دوا ڕێگە ناوزەد کراوە. ئەم ڕێگەیەش دەروازەیەکی پیرۆز بووە و لەوێوە سیزەرەکان گەڕاونەتەوە بۆ ئاسمان. یەکێک لە دوا ڕێگەکان کە بەرەو گۆڕەکان دەچێت، بە فیگۆری بەردین پارێزگاری دەکرێن: دوازدە مرۆڤ، سەرباز و پیاوی دەوڵەت، بیست و چوار ئاژەڵ، شێر، حوشتر، فیل، ئەسپ و ئاژەڵی میتۆلۆژی، لەهەر جۆرە ئاژەڵێک چوار دانە هەیە، دوانیان بە پێوەن و دوانەکەی تریان بە دانیشتنەوە. لەلای ڕاست و چەپی ئەم گردی گۆڕانەوە شازدە ئافرەتی گەنج کە مولکی ئەو پادشایە بوون،

نێژراون. ئەم ئافرەتانە وەک کۆیلەی سێکسی وابوون و لەگەڵ مردنی هەر سیزەرێکدا، ئەوانیش زیندەبەچاڵ کراون تا لەگەڵ ئەواندا بڕۆن و چۆن لە ژیاندا لەگەڵیاندا بوون، ئەوە دەبێ لە مەرگیشدا هەر لەگەڵیاندا بن.

## شوورەی چین

دوای مەزاری سیزەرەکان بەرەو (شوورەی چین) کە دەکەوێتە باکووری شاری پەکینەوە، دەڕۆین. ئەم شوورەیە هیچ هێزێک بەری پێناگرێت، لە خۆرهەڵاتەوە زیاتر لە شەش سەد میل بەرەو خۆرئاوا، بەسەر چیا و ناو دۆڵەکاندا، بە کەناری دەریا و بەناو شیو و بیابانەکاندا، ئەو شوورە گەورەیە بەنێو هەناوی سروشتدا درێژبۆتەوە.

یەکەم سیزەرەکانی بنەماڵەی کین شی هیوانگ لە ساڵەکانی دوو سەدی بەر لەدایکبوونی مەسیحدا بڕیاری دروست کردنی ئەم شوورەیە دەدات، لە سەرەتادا چەندین شوورەی کورت کورت، لێرە و لەوێ و بۆ بەرگریکردن ڕۆنراون، لە ئەنجامدا ئەو شوورانە پێکەوە دەبەستنەوە و دەبێتە شوورەی چینی مەزن. ئەم شوورەیە لەنێوان ساڵانی ١٣٠٠-١٦٠٠ ەکاندا و لەکاتی حوکمڕانی بنەماڵەی (کین)دا تەواو دەبێت.

لە تاوەری پاسەوانەکانەوە بە ئاشکرا ئەو شوورە درێژە دەبینین کە وەک ئەژدیهایەک بەسەر چیاکاندا سەردەکەوێت و لەسەر ترۆپکە بەرزەکانەوە ڕووە ئاسمان بە سەرێکی بڵندەوە دەڕوانێت و دواتر بەرەو خوار درێژدەبێتەوە، تا بە تەواوەتی لە چاو ون دەبێت. نزیکەی بیست و چوار هەزار تاوەری پاسەوان و سەربازی بەسەر ئەم شوورەیەوە دروست کراون. زۆربەی زۆری بە شێوەیەکی تەواوەتی پارێزگاریان لێکراوە و وەک خۆیان ماونەتەوە، هەندێکیشیان ڕووخاون و تەنیا چوارچێوەکەیان ماوە.

چین لە باکوورەوە هەمیشە کەوتۆتە بەر هێرشی نومەدەرەکان، کە دەکاتە مەنگۆلیای ئێستا، ئەم هێرشانە شەڕ و پێکدادان و کوشتارێکی زۆری لێ کەوتۆتەوە، چینیش بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە خۆیان، بڕیاری دروست کردنی گەورەترین و درێژترین شوورە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەدەن، ئەم شوورەیە زیاتر لە چوار هەزار کیلۆمەتر درێژە و بە چینی پێیدەوترێت (شوورە دە هەزار لی-یە درێژەکە) یان شانگ شینگ، واتە (شوورە درێژەکە)(٣).

ئەم شوورەیە حەوت تا دە مەتر بەرزە و لە نێوانی ٧-٣،٥ مەتریشدا پانە.

ڕەشەبایەکی سارد ڕێگەی هەنگاوەکانمان پێ دەگرێت و خۆڵ و تەپوتۆز دەچێتە دەموچاومانەوە، سەرمامە و تیشکی ڕۆژەکە ناتوانێ گەرممان بکاتەوە. لە دەروازەی شوورەکەدا و بەرلەوەی بڕۆین، کڵاوێکی فەروو دەکڕم تا لە ڕەشەبا و سەرماکەش خۆم بپارێزم.

نزیکەی یەک کیلۆمەتر بە شوورەکەدا هەڵدەگەڕێم، هەندێک جار بە شێوەی قاڵدرمەی بەرز و ناڕێکوپێک و هەندێک جاری تر بە شێوەی تووڵەڕێی پێچاوپێچدا سەردەکەوم. بەشێک لە قاڵدرمەی پاسەوانەکان داڕووخاوە، ئاماژەیەکە بۆ شوێنەوارێکی دێرین و لەهەمان کاتدا ئەم قاڵدرمە سەربازییە ماندووانە هێماگەلی بەسەرچوونی ئەو سەردەمەیە.

خەڵکێکی زۆر و لە هەموو نەتەوەیەک لەگەڵ ئەو ڕەشەبا ساردەدا دەجەنگن و بە هەنگاوی قورس و خاو سەردەکەون، چەندە بەرز ببینەوە هێندە ڕەشەباکە توندتر دەبێت و خۆم بە شیشی لادیواری ناوەوەی شوورەکەوە دەگرم و هێز دەدەمە بەر خۆم تا ترۆپکی ئەو بەشەی شوورەکە دەڕۆم. لە سەرەوە سەیرێکی ئاسمان، دەوروبەرەکەم، ئاسۆگە دوورەکان، دۆڵەکانی خوارەوە دەکەم، هێز و ئەفسوونی ئەم شوورە مەزنە لەم چاوترووکانەدا دەبێتە واقیعێکی هەست پێ کراو و پڕ لە ژیان.

کە دیمە خوارەوە، ڕەشەباکە لە پشتەوە پاڵم پێوە دەنێت و با ئاسانی غلۆر دەبمەوە، بەدەم ڕێگەوە بیر لەو وزە گەورەیە دەکەمەوە کە مرۆڤ هان دەدات شوورەیەکی ئاوها دروست بکات، شتێکە لە دەرەوەی توانا سروشتییەکانی مرۆڤدایە. کە بە شوورەکەدا دێمە خوارەوە، وەک ئەوە وایە کە بەنێو ڕاڕەوەکانی ئەو مێژووە دێرینەی وڵاتی چیندا بڕۆم. ئەندێشەم بۆ ئەو ڕۆژگارانە دەمباتەوە، بۆ لای ئەو کرێکار و کۆیلە و زیندانی و سەربازانەی کە بە هاوین و زستان ئەم شوورەیەیان ڕۆناوە، بیرم لەو سەربازانە دەکردەوە کە شەو و ڕۆژ پاسەوان بوون و بە دڵێکی ڕەق و مامەڵەیەکی توندوتیژەوە هەوڵی زووتر تەواوکردنی ئەم شوورەیەیان داوە. ڕەشەبا توندەکەی ئەمڕۆ، ئەو ڕەشەبا خۆڵاوییەم دێنێتەوە بەرچاو کە لەکاتی دروست کردنەکەدا، بێ بەزەییانە، بە بارانێکی خوڕەوە ئەو خەڵکەی پێ بریندار



یەکێک لە زەنگە دێرینەکانی شاری سوان

کردووه. هەزاران کەس لەکاتی دروست کردنی ئەم شووره گەوره مێژووییەدا ژیانیان لەدەستداوه و لاشەکانیان لەگەڵ بناغە و دیواره بەردینییەکاندا بێ بەزەییانە شاردراونەتەوه و بوونەتە بەردێک، مشتەخۆڵێک و بەشێک لە بناغەی شوورەکە. ئەم شوورەیە بە ئارەقەی ناوچەوان و خوێن و گۆشتی هەزاران کەس ڕۆنراوه و زۆر بە ئاسانیش پشتی لە قوربانییەکانی کردووه.

**١/٢**

لەگەڵ کازیوەی بەیانیاندا، لەنێوان تاریک و ڕووندا، خەڵکێکی زۆر بە کۆمەڵ پیاو، ژن و منداڵ لە پارکەکاندا، لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکاندا، لەسەر ڕیتمێکی پڕ لە هارمۆنی و پێکەوە جوڵانەوەیەکی جەستەیی سەمائامێز، وەک وەرزشەوانەکان دەکەن و بووەتە بزووتنەوەیەکی میللی بەربلاو. ئەم ڕەهەندە بنەمایەکی هزری هەیە و بە (تای شی) ناودەبرێت و ڕژێمی چین بەرهەڵستییان دەکات.

لە میوانخانەکەمان دێینە دەرەوە، کات هێشتا نەبووەتە حەوت و نیو، تەمێکی چڕ لە فەزای گەردوونەوە، بە قورسی باڵی بەسەر شەقامەکاندا کێشاوە و (تای شی) زانەکانیش، لەم تەمومژەدا وەکو سێبەر دەجووڵێنەوە و تابلۆیەکی جوانیان بە جەستەیان دروست کردووە و لە دیمەنی فیلمێکی سینەمایی دەچێت. لە پەنجەرەی پاسەکەمانەوە تەماشایان دەکەم و بە خێرایی بەلایاندا تێدەپەڕین، تا چاو بڕ بکات و توانای تەماشاکردنم هەبێت، لێیان دەڕوانم.

### باخچەی ئاژەڵان

کە پاسەکەمان لەبەردەم باخچەی ئاژەڵاندا ڕادەوەستێت، بەتەواوی خۆر هەڵاتووە و تەمەکەش لە تیشکی ڕۆژەکەدا تواوەتەوە. باخچەی ئاژەڵان ئێجگار گەورەیە و بەر لە سەد ساڵ لەمەوبەر دروست کراوە و تەنیا بەشێکی بچووکی نەبێ، دەنا فریای بینینی هەمووی ناکەوین. خودی باخچەکە لەسەر ئاسەوارە کۆنەکان ڕۆنراوە. لەبەرئەوە لێرە و لەوێ بناغە و بنەما سەرەتاییەکانی هەندێ شوێنەواری کۆنی خانووبەرە و کۆشکی سیزەرەکانی تێدا ماوە. هەروەها دەریاچەیەکی دەستکردی گەورەشیان تێدا دروست کردووە، لەم دەریاچەیەدا چەندین دۆلفینی تێدایە و بە ڕاهێنەری تایبەتمەند گەمەیان لەگەڵ دەکەن و خەڵکێکی زۆریان لە دەور کۆدەبنەوە.

لە باخچەی ئاژەڵان دێینە دەرەوە، بە پێچەوانەی ئاراستەی ئێمەوە هەزاران خەڵکی چین بەرەو دەرگەکانی باخچەکە هەنگاو دەنێن. باخچەی ئاژەڵان وەک سەیرانگە وایە بۆ ئەوان و کاتی پشووی تێدا دەبەنە سەر و لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەبنە هاودەمی ئەو ئاژەڵ و باڵندانەی لە باخچەکەدان.

### کۆشکی هاوینە

لە باخچەی ئاژەڵانەوە دەڕۆین تا لە باکووری دەروازەی شارەوە دەچینە دەرەوە و خۆمان دەگەیەنینە کۆشکی هاوینەی سیزەرەکان.

ئەم کۆشکە وەک هەموو شوێنێکی تری ئەم وڵاتە، گەورەیە، هەموو شتێک گەورەیە و ئەمەش هێماگەلێکە بۆ دەسەڵات و گەورەیی وڵاتەکە. لە باخچە بێ سنوورەکەی ئەم کۆشکەدا ڕووبەڕووی دوا ڕۆژەکانی ژیانی سیزەرەکان دەبینەوە، کین- ی سیزەر ئەم کۆشکە

گەورەیەی دروست کردووە تا لەدەست گەرمای هاوینی پەکین ڕابکات و بێتە ئێرە.

کۆشک و باخچەکە سادەن و وێنەیەکی هونەری چۆنیەتی باخچەی چین لەخۆدەگرێت و چەم و دۆڵ و گردۆڵکەی ناوچەکەیان بۆ دروست کردنی باخچەیەکی گەورەی سروشت ئامێز بەکارهێناوە.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەم کۆشکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی و کاروباری دەوڵەت تەرخان کراوە، هەر لەم بەشەشدا پێشوازی لە میوانەکان کراوە و ئێستا بووەتە جێگای تەراتێنی گەشتیاران. ئەندازە و خانووبەرە و باخچە و ئەرشیتێکتۆری دروست کردنی کۆشکەکە، ستایل و شێوازەکانی هەموو خانووبەرەی چین لەخۆدەگرێت. بۆ نموونە بەشی لای سەرەوەی باکووری چین بە جۆرە ستایلێکی هونەری دروست کراوە، بەڵام باخچە و چەم و دارودرەختەکانی خۆرئاوا ستایلی باشووری چینە و خانووبەرەکانی باکووریش بە شێوازی (تێبێت) دروست کراوە.

لە سەدەی نۆزدەدا (سیکسی – Cixi) بێوەژن دەسەڵاتێکی گەورەی لەم کۆشکە هاوینەیەدا هەبووە، لە بەشی باکووردا شانۆیەکی تایبەتمەندی بۆ دانراوە و بە درێژایی شەو و ڕۆژ تەماشای شانۆی کردووە و هەندێک جار خۆیشی ڕۆڵی لەگەڵ ئەکتەرەکاندا بینیوە.

شانۆکە دەکەوێتە باخچە هارمۆنییەکەوە و ئێستا موزەخانەیەکی بەبەهای شانۆشیان تێدا کردۆتەوە، لەم موزەخانەیەدا چەندین شتی گرنگی ئەو سەردەمەی تێدا پارێزراوە، بۆ نموونە بەشێک لە کەلوپەلە تایبەتمەندەکانی سیکسی بێوەژن، ئامێری مۆسیقا، دەستنووس، جلوبەرگ، دیکۆر، شانە و ئاوێنەی ئەکتەرە بەناوبانگەکان، شووشەی عەتر ... و

بەو ڕاڕەوە حەوت سەد مەتر درێژەدا دەگەڕێم، کە بەشێکی زۆری کۆشکەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، ساپیتەی ڕاڕەوەکەش هەزاران وێنەی جۆراوجۆری تێدا کێشراوە. لە وێنەکان ورد دەبمەوە، مۆتیڤی میتۆلۆژی، سەرگوروشتەی دێرینی گەلی چین، ژیانی پادشا و سیزەرەکان، جۆرەکانی ڕێتواڵ و لە خواوەند پاڕانەوە، جەنگ و پێکدادان و بە ڕەنگی زەق و گەرم کێشراون. کە دەگەمە ئەوسەری ڕاڕەوەکە، ڕووبەڕووی شانۆیەکی دێرینی بە تەختە دروست کراو دەبمەوە، شانۆکە بچووکە، سەر تەختە و شوێنی بینەران لە یەکترەوە نزیکن، بانیژەیەکی بچووک لەلای ڕاستی بینەرانەوە بۆ سیزەرەکان دروست کراوە، تا لەوێوە نمایشەکان ببینن. هەموو کۆشکەکە و شانۆکەش لە ساڵەکانی سەدەی نۆزدەدا دروست کراون و بە بەراورد لەگەڵ زۆر شوێن و شتی تردا ئەم کۆشکە مۆدێرنە و هێندە کۆن نییە.

لە بازاڕە میللییە هەژارەکانەوە، بە ناوەڕاستی (پەکین)دا و لە شەقامە قەرەباڵغەکانەوە، خۆمان دەگەیەنینە وێستگەی شەمەندەفەر، دوای پشوویەک و کاتژمێر پێنجی ئێوارە بەرەو شاری (سیان) کە نزیکەی هەزار و سەد و شەست کیلۆمەتر لە پەکینەوە دوورە، دەکەوینە ڕێ.

### لە شەمەندەفەرەکەدا

لە دەسپێکی گەشتەکەماندا، ناچاربووین نیو کاتژمێر لە هۆڵی چاوەڕوانی دانیشین. وێستگەی شەمەندەفەرەکە پڕە لە خەڵک، هەزاران کەس دێن و دەچن، بە زەرفی گەورەوە، جانتای جۆراوجۆر، عەرەبانە، پاسکیل، منداڵ بە کۆڵەوە، سەرباز، پیر و گەنج ... ئەمە دەریایەکە، شەپۆلێکە لە خەڵک و ئێمە هەروەک ئەوەی نەتوانین لەجێگای خۆمان بجوولێین، خۆمان لە پاڵ دیوارێکدا پەنا داوە، لە یەک دوور ناکەوینەوە تا لەنێو ئەو هوروژمی خەڵکەدا لەیەک دانەبڕێین.

کاتی بەڕێکەوتن دێت و لە دەرگەیەکی تایبەتمەندەوە، بەر لە شاڵاوی خەڵکەکە دەچینە شەمەندەفەرەکەوە. لە واگۆنێکی تایبەت، نزیک لە یەکترەوە دادەنیشین و سیمای یەکتری لە نزیکەوە دەبینین، نان دەخۆین و بە هەر چوار لادا قسە دەکەین، شەراب دەخۆینەوە و جار بەجار قاقای پێکەنین لێرە و لەوێ بەرزدەبێتەوە. لەتاریکی نیوەشەودا، شەمەندەفەرەکەمان موسافیرە خەواڵوو و نووستووەکانی بەسەر ڕووبارە زەردەکە و بە ناو دڵی تاریکی شەودا دەپەڕێنێتەوە. ڕووبارە زەردەکە زەوییەکی بەپیتی بە چین بەخشیوە، ڕووبارێکی گەورە و دیارە و ناوەکەشی لەو پارچە گەورە گڵینانەوە، کە دەبێتە شێوەیەک لە خاک دروست بوون وەرگرتووە، لەکاتێکدا ڕووبارەکە ئەم خاکە لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێت، ڕەنگێکی زەرد دروست دەکات.

ڕێگەپیشاندەرەکەمان دەڵێت " ئێستا بەسەر ڕووبارە زەردەکەدا دەپەڕینەوە" من ڕادەکەمە ڕاڕەوە باریکەکە، پەنجەرەی شەمەندەفەرەکە دەکەمەوە و دەڕوانمە دەرەوە،



پەرستگای لاما

بەڵام لە تاریکستانێک زیاتر هیچ نابینم و هەوایەکی فێنکیش لە ڕووبارەکەوە، وەک ئەوەی لەو تاریکییەدا و بە نهێنی شتێک بە گوێمدا بچرپێنێت، دێت و دەموچاوم ختووکە دەدات.

## ١/٣

## لە (سیان)

یەکەم هۆز و خێزانە چینییەکان لەم دەڤەرەدا ژیاون و لەکاتی حوکمڕانی بنەماڵەی خێزانی تانگ ٦١٨– ٩٠٧ (سیان) گەورەترین شاری جیهان بووە. زیاتر لە هەزار ساڵیش ئەم شارە پایتەختی یازدە سیزەری ئەو بنەماڵە و خێزانە پادشاییانە بووە.

(سیان) ڕێگەی گواستنەوەی ئاوریشم بووە بەرەو دەرەوە، لەوێوە کاروانی حوشتر، ئاوریشم، داوودەرمان و چایان بارکردووە، ئەم شارە بۆ وڵاتی چین خاڵی پێگەیشتن و لێکترازان بووە بە دنیای دەرەوە.

دوای پشوویەک دەچینە شار و سەیری ئەو شوورە بەردینە مەزنە دەکەین کە بە چواردەوری بەشی ناوەوەی شاردا درێژ دەبێتەوە، ئەم شوورەیە لە سەردەمی بنەماڵەی (تانگ) دا دروست کراوە و زیاتر بە مەبەستی سەربازی و بەرگریکردن بنیادنراوە. دیوارە بەردینەکانی ئەم شوورەیە دوازدە مەتر بەرزە، لە سەریشەوە دوازدە بۆ چواردە مەتر پانە، بەڵام لە خوارەوە و لەسەر بناغەکانییەوە ، پازدە تا هەژدە مەتر پانە. ئەم شوورەیە چوار دەرگەی سەرەکی هەیە، یەکێکیان لە خۆرهەڵات، ڕۆژئاوا، باشوور و باکوورەوە.

شاری سیان دەکەوێتە دەوروبەری، یان ناوچە نزیکەکانی دەریای زەرد و بەهۆی ئاو و بەروبوومی زەوییەکەیەوە بە بێشکەی شارستانیەتی وڵاتی چین دادەنرێت. بەشە دێرینەکەی ئەم شارە بریتییە لە چەندین کۆڵان و شەقامی باریک و تەسک، ئەم کۆڵانانە هەموویان بە شێوەیەک لە شێوەکان پێکەوە بەستراونەتەوە و لەوسەری کۆڵانەکانەوە کە دێتە دەرەوە، لە گۆڕەپانێکەوە یەکسەر دەگەیتە بەردەم مزگەوتێکی گەورە. ئەم مزگەوتە لە سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی مینگ و لە دەوروبەری ساڵی ٧٤٢ دا دروست کراوە، لەو سەردەمەدا بازرگانی زۆر بەهێز بووە و چەندین بازرگانی گەورە لە ئێران و ئەو ناوچانەی کە ئەمڕۆ عێراق و ئەفغانستانە، بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەم شارەدا ژیاون. ئێستاش نزیکەی شەش هەزار موسوڵمان لەم شارەدا دەژین.

یەکەم جارە مزگەوتێکی وا دەبینم، ئەرشیتیکتۆری خانووبەرەکە تێکەڵەیەکە لە هونەری ئەندازەی دێرینی ئیسلامی و چینی، مزگەوتێکی بێ منارە و زیاتر لە پەرستگەیەکی بوودی دەکات، نەک مزگەوتێکی ئاسایی موسوڵمانان. باخچەیەکی گەورە پانتاییە فراوانەکەی بەردەم ژووری نوێژکردنەکەی داگیرکردووە، جگە لەو باخچەیە سێ باخچەی تر وەک کۆشکێکی سیزەرە چینییەکان مزگەوتەکەی ڕازاندۆتەوە.

مجێور و مەلاکانی مزگەوتەکە ڕێگە نادەن بە گەشتیاران بچنە ناو ژووری نوێژکردنەوە، گرووپەکەمان بەنێو باخچەکاندا دەگەڕێن، من لە ئیمامی مزگەوتەکە دەچمە پێشەوە، سڵاوی لێ دەکەم و تێی دەگەیەنم کە من موسوڵمانم. پێڵاوەکانم دادەکەنم و لەگەڵیدا دەچمە ژوورەوە و بە چەشنی مزگەوتەکانی لای خۆمان تا چاو بڕکا فەرش ڕاخراوە.

شارەکە چڕە بە دانیشتوانەکەی، کە لە گۆڕەپانەکەی دەرەوەدا ڕادەوەستم. لەسەری خەڵک کە لە بزافتێکی خێرا و بەردەوامدان، هیچی تر نابینم، هاژەهاژی دەنگ جۆرە ئاوازێکی تایبەتمەند دروست دەکات و پاش قەیرێک هەست بە ماندوێتی دەکەم. هوروژمی خەڵک، دەنگی هەزاران ئۆتۆمبێل، ماتۆڕ و عەرەبانە مرۆ هیلاک دەکات.

لە بەشە کۆنەکەی ئەم شارەدا، کە هێمنترە و زیاتر شوێنەوارە دێرینەکانی پێوە دیارە، کاتژمێرێکی تاوەرئاسا

بەرزبۆتەوە، ئەم تاوەرە بیست و سێ مەتر درێژە و لە ساڵی ١٣٨٤دا دروست کراوە و لە ساڵی ١٥٨٢دا هێنراوەتە ئەم شوێنە و تا ئێستاش هەمان کاتژمێرە گەورەکەی سەردەمی مینگ-ی پێدا هەڵواسراوە. کە لەم کاتژمێرە بەرزە دەڕوانم بیر لە زەمەن و چەمکی زەمەن دەکەمەوە، چینییە کۆنەکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ زەمەندا کردووە، تا بڵندگۆ و تاوەرێکی ئاوا بەرز و گەورەیان بۆ دروست کردووە، لەوانەیە ویستبێتیان لە هەموو شوێنێکی شارەکەوە ببینن و زەنگی تێپەڕبوونی کاتیش هەموو سەری سەعاتێک وریای کردبنەوە.

## ١/٤
## قازە کێوییەکەی پەگۆد

لەم شارە مێژووییەدا شوێنەواری دێرین و پاشماوەی بەنرخ و هێماگەلی مرۆڤایەتی لە ئایینە جیاوازەکان، جوگرافیایەکی هەمەچەشن و ژیانێکی هاوبەشدا ڕەنگی داوەتەوە.

بەیانی زوو لەگەڵ خۆرهەڵاتندا سەردانی پەرستگەی (قازە کێوییەکەی پەگۆد) دەکەین. ئەم پەرستگەیە هێماگەلێکی شارەکەیە و تاکە شوێنێکی بوودیستەکانە کە بە شێوەیەکی تەواوەتی و وەک خۆی ماوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی تانگ لەنێوان ساڵانی ٦١٨- ٩٠٧ دا. پەرستگەکەش بەپێی سەرچاوە بوودییەکان لە ساڵی ٦٥٢ دا بۆ مەبەستی هەڵگرتن و پاراستنی کتێبە پیرۆزەکان دروست کراوە.

(شوان زانگ) کە ڕەبەنێکی بوودییەکان بووە و لە سەدەی حەڤدەمدا و لە گەشتێکی بێ وێنەی میتۆلۆژیدا، یەکەم کتێبە پیرۆزەکانی بوودای لە هیندستانەوە بۆ ئەم پەرستگەیە هێناوەتەوە.

شار کزەیەکی ساردی هەیە و تەمێکی خەستی قورسیش خۆی بەسەر ڕێگەکەدا کێشاوە، لە دەروازەی پەرستگەکەوە دەچینە گۆڕەپانێکی گەورەوە، باخچەیەکی جوان و شەنگیش گۆڕەپانەکەی ڕازاندۆتەوە، هەر لەم پەرستگەیەدا تاوەرێکی حەوت نهۆمی کۆن بەرزبۆتەوە، کە بۆ ساڵانی شەش سەدەکان دەگەڕێتەوە.

لە نهۆمی یەکەمدا ژمارەیەکی زۆر ڕەبەن خەریکی ڕیتواڵێکی ئایینین، لە نماشێکی سەرنجڕاکێشدا نوێژێکی بەکۆمەڵ دەکەن، تەرتیلە، تەپڵی گەورە، سەمایەکی هێمنی ئامێتە بە ڕەهەندێکی ئایینی دەکەن و ئێمەش بە چواردەوریاندا لە دەرەوەی پەرستگەکەی خۆیانەوە ڕاوەستاوین و تەماشایان دەکەین. ژوورەکە هەموو دیوارەکانی بە دیوی دەرەوەدا بە شێوەی دەرگەی گەورە کراونەتەوە و لە هەموو لایەکەوە والآیە.

لەم پەرستگەیەوە دەچین بۆ موزەخانەی میژوویی کە بە یەکێک لە گەورەترین موزەخانەکانی چین دادەنرێت و زۆربەی پاشماوە دێرینەکان و بە شێوەیەکی مێژوویی، لە سەردەمی بەردینەوە بەنێو هەموو مێژووی وڵاتی چیندا تا دەگاتە دوا بنەماڵەی سیزەرەکان، لە پارچەی هونەری، دەستنووسی کۆن، جلوبەرگی پادشاکان، جۆرەکانی چەک و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە مێژوودا، قاپوقاچاخ، بە شێوەیەکی گشتی هەموو شتێک کە لەو کۆمەڵگە کۆنانەدا بەکارهێنراون، لەخۆ دەگرێت. هەروەها ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ڕێگەی ئاوریشم لە مێژوودا، بەشێکی گرنگی موزەخانەکەیە. لەم موزەخانەیەدا دووپاتی مەزنی و دێرینیی شاری (سیان) دەکرێتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی بنەماڵەی (هان) و (تانگ)دا.

## ١/٥
## سوپای قوڕینی چین

گۆڕی زیاد لە حەفتا و دوو سیزەر و پادشا لە شاری سیان و دەوروبەرەکەیەتی، گرنگترین گۆڕیش دوا ئارامگەی کین سیزەری یەکەمە.

هەر لە ساڵەکانی ٢٤٧ دوای لەدایکبوونی کریستەوە، زیاتر لە حەوت سەد هەزار کەس کاریان لە گۆڕی کین دا کردووە، کە ئەو دەمە شازادە و تەمەنی تەنیا سێزدە ساڵ بووە. دوای سی و شەش ساڵ کارکردن ئەم گۆڕستانە بۆ سیزەری یەکەم تەواو دەبێت. بەم سی و شەش ساڵە سوپای قوڕینی چین دروست دەکەن تا پارێزگاری لە ئارامگە و ڕوحی سیزەر بکات.

ئەم لەشکرە قوڕینە پەیکەری شەش هەزار سەربازە، بە هەموو جلوبەرگ و شیر و تیروکەوانەوە، ئەسپ و عەرەبانەی جەنگی و هەمووشیان لە ئامادەباشییەکی بەردەوامدان و بە بارستەی باڵای مرۆڤی ئاسایی دروست کراون. مرۆ هەست بە مەزنی و ترسێکی گەورە دەکات، چی وا لە پادشایەک دەکات بەم شێوەیە بیربکاتەوە، دەزانێت دەمرێت، بەڵام سپایەک لە قوڕ دروست دەکات تا لەژێرزەمیندا پاسەوانی لێ بکەن و دەسەڵاتی فەرمانڕەواییەکەشی، لەو دنیاش هەر بەردەوام بێت.

مەرگ ئامادەییەکی بەردەوامی هەبووە و لەوانەیە وەک پاڵەوانەکانی ئینگمار بێرگمان گەمەی شەترەنجیان لەگەڵ مەرگدا کردبێت. ئەم لەشکرە قوڕینە لە ساڵی ١٩٧٤ دا لەلایەن چەند جووتیارێکەوە دۆزراوەتەوە و دوای هەڵکەندن و پاککردنەوەی، لە شوێنەکەی خۆیدا نەگوێزراوەتەوە، بەڵکو لەبری ئەوە خانوو و بەرەیەکی گەورە، کە ئەمڕۆ موزەخانەیە، بەچوار دەوری شوێنەکەدا دروست دەکەن. ئەم لەشکرە دێرینە ئێستا لەم موزەخانەیەدا لە یازدە ڕاڕەوی درێژ و گەورەدا، بەتەنیشت یەکەوە ڕاوەستاون. سەربازەکان بە شیر و ڕمەوە، بەڕیزی چوار چوار وەستاون، هەندێکیان ئەسپ و عەرەبانەکان ڕادەکێشن، قەوارەی سەربازەکان نزیکەی ١٨٠ تا ١٩٠ سەنتیمەتر درێژن، دەموچاوی هەر سەربازێکیش سیمای تایبەتی خۆی هەیە و لە هیچ دەموچاوێکی تر ناچێت. چینییەکان و لەو سەردەمەدا و بۆ پارێزگاری کردنی فیگۆر و لەشکرەکە، لەژێر زەوییەوە ساپیتەیەکی لە تەختە، دارەڕێژەیان بۆ دروست کردوون. ئەم موزەخانەیە کە ٢٣٠ مەتر دووجا گەورەیە و ٦٢ مەتر دووجا پانە، لەساڵی ١٩٧٩دا کراوەتەوە. گۆڕی دووەمیان کە بەشێکی تری موزەخانەکەیە لە ساڵی ١٩٩٤دا کراوەتەوە، لەم بەشەشدا زیاتر لە هەزار سەرباز و نەوەد عەرەبانەی جەنگ لەخۆدەگرێت، بەڵام بەشی سێیەمیان لە ساڵی ١٩٩٨دا کردۆتەوە.

لە بەرزاییەکەوە بەدیار ئەم لەشکرە قوڕینەوە وەستاوم، لە ساتگەڵێکی کتوپڕدا وا هەست دەکەم دەبزوێن و لە مارشێکی سەربازیدا بەرەو ڕووم دێن، بۆنی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەکانی سەردەمی کۆنیان لێ دێت. کات تێدەپەڕێت و ناتوانم بچمە دەرەوە، کات وەستاوە و لە زەمەنێکی دێرینا گیرم خواردووە، دەدوێم بەڵام ئەو سەربازانە، وەک سەربازە بێ پەروا و بێ بەزەییەکانی ئەمڕۆمان گوێیان لەهیچ نییە و مەرگ و زەمەن لەگەڵ نەمری و ئەبەدییەتدا ڕووبەڕوو وەستاون.

## ١/٦

## گەڕانەوە بۆ پەکین.. پەرستگەی لامە

بەیانی زوو بە فڕۆکە دەگەڕێینەوە بۆ پەکین و ڕاستەوخۆ دەچین بۆ پەرستگەی لامە، ئەمەش جۆرێکە لە پەرستگەی بوودییەکانی (تێبێت). پەرستگەکە لە خانووبەرەیەکی گەورە و مەزندایە و لە سەرەتادا یەکێک بووە لە کۆشکی سیزەرەکانی چین. ئەم پەرستگەیە لە سەرەتادا خانووبەرە و جێگای حەوانەوەی (پیان زێنیس) ی شازادە بووە. کە ئەم شازادەیە دەبێتە سیزەری وڵات و لە ساڵی ١٧٤٤ دا، دوای خۆی کوڕەکەی (کیان لۆنگ) ی سیزەر ئەم خانووە دەکات بە شوێنی ڕەبەندە بوودییەکان. ئێستا ئەم پەرستگەیە موزەخانەیەکی گرنگیش لەخۆدەگرێت.

لە دەروازەی چەندین ژوورەوە یەک لەدوای یەک دەڕۆین، لەهەمان کاتدا لەهەموو لایەکەوە چەندین ژووری تر هەن، لەم ژوورانەدا هەزاران هونەری بوودایی لە پەیکەر، قاپوقاچاخ و چەندین جۆرە شتی تری تێدا پارێزراوە، بەردەرگەی پەرستگەکەش لە ڕووکاری دەرەوە بە چەندین پەیکەری شێر، کە لە بەرد دروست کراون ڕازێنراونەتەوە.

بە ژوورەکاندا دەڕۆین تا لە ئەنجامدا و لەوسەری پەرستگەکەدا گەورەترین پەیکەری بوودا دەبینین. پەیکەرەکە لە دار دروست کراوە و بیست و شەش مەتر بەرزە و لەهەر چوارلاوە بە هەشت بانیژە دەورە دراوە، لەهەر بانیژەیەکدا بەشێکی پەیکەرەکە بە وردەکارییەکانییەوە دەبینین.

تیشکی خۆر لە درزی دیوار و پەنجەرەی بچووکی هەمەچەشنەوە هاتۆتە ژوورەوە و وەک فانۆسێکی ئەفسووناوی، بە ئاراستەی جۆراوجۆر بەسەر دیوارەکانەوەیە. ساپیتەی پەرستگەکە زەردە، دیوارەکانی سوورن و پەیکەرەکانیش بە ڕەنگە گەرم و زەقەکانەوە، لەنێوان ڕەنگی زەرد و سووردا بووەتە دیمەنێکی سینەمایی. ئەم پەرستگەیە لەلایەن کۆمەڵێک ڕەبەنی چینی، مەنگۆلی و تێبێتییەوە بەڕێوەدەبرێت.

## ١/٧

دوای سەردانی شوینەوار و موزەخانە و شوێنی مێژوویی و هۆڵی هونەری، دەمانەوێت ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی، گەر بە شێوەیەکی سەرپێیش بووە بەسەر بکەینەوە، ئاوڕێک لەو ژیانە بدەینەوە و وێنەیەکی گوزەرانی خەڵکی ببینین.

لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان دوور دەکەوینەوە و دەچینە ناوچەیەکی خانووبەرە و ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە. گەڕەکەکە مۆرکێکی کلاسیکی خانووبەرەی چینی لەخۆدەگرێت و لە ڕێگەی چاوساغەکەمانەوە دەبینە

میوانی خێزانێک. ئەم خانەوادەیە هەرچەندە سەر بە چینێکی مامناوەندین، یان دەتوانین بڵێین بەرزی کۆمەڵن و پیاوەکە لەوەوبەر وەک وێنەگرێکی دانپێدانراو کاری کردووە، تەنیا دوو ژوور و مەتبەخێکی بچووک و سەرەتاییان هەیە. پیاوەکە ڕووخۆش و دەم بە پێکەنینە، ژنەکەی بە زمانی ئاماژە و جەستە مەتبەخە بچووکەکەی پیشان دەدات و دەیەوێت پێمان بڵێت کە هیچ جۆرە پێداویستییەکی ئاسایی و ساکاری تێدا نییە.

دوای ئەوە دەچین بۆ باخچەیەکی ساوایان، کۆمەڵێ منداڵی ڕوح سوک خەریکی گەمەن، پێکەوە قسە دەکەن و جیهانێکی تایبەتییان دروست کردووە و بەهیچ شێوەیەک هەڵسوکەوتی دنیای گەورە، بۆ نموونە هاتنەژوورەوەی ئێمە و ئامادەبوونی مامۆستاکانیان جێگەی سەرنج نین و بە وردی و بە قووڵی لەگەڵ جیهانەکەی خۆیان تەبان.

## ١/٨
## گەڕانەوە

زەنگی ئاگادارکردنەوەی کاتژمێرەکەم لە بەرەبەیانییەکی تاریکدا، بەئاگام دێنێتەوە، ژوورەکە تاریکە و چاوەکانم بە تەواوەتی نەکراونەتەوە و خەواڵوم و ڕێگەی دەست بەئاو گەیاندنم بۆ نادۆزرێتەوە. دەستوبرد دەکەم، خۆم دەگۆڕم و لە خوارەوە خەریکی خواردنی بەرچایی دەبم. کاتژمێر شەش لە میوانخانەکەمانەوە بەرەو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی چین بەڕێ دەکەوین.

هەموومان خەواڵووین، کەس تاقەتی نییە لەگەڵ کەس قسە بکات، هەندێک سەری ناوە بە پەنجەرەی پاسەکەوە و نووستووە، هەندێکی تر بە چاوێکی خەواڵووەوە دەڕوانێتە شەقام و ئەو شوینانەی کە پێیاندا تێدەپەڕین، وەک ئەوەی دواماڵئاوایی بکەین و وێنەکان لە هەست و هۆشماندا تۆمار بکەین.

لە پەنجەرەکەوە سەیری ئەو خەڵکە دەکەم کە گەمەی جەستە (تای شی) دەکەن و هێدی هێدی لەنێو تەمە سپییە چڕەکە و دوورکەوتنەوەی مەوداکانی نێوانماندا دیار نامێنن.

کاتژمێر نۆی بەیانی بەکاتی چین لەسەر جێگەکانمان لەنێو فڕۆکەکەدا دانیشتووین، کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ لە فڕۆکەخانەی ئێرلەندا لە ستۆکهۆڵم دەنیشینەوە. سەیری کاتژمێرەکەم دەکەم، بەکاتی چین دەی شەوە و یەکەم شت کە دەیکەم کاتژمێرەکەم لەگەڵ کاتی سوێددا ڕێک دەخەم و لە فڕۆکەکە دێمە خوارەوە. دنیا بەرەو تاریکی ڕۆیشتووە، ساردە و بەفرێکی زۆریش باریوە.

**پەراوێزەکان:**

**(١) ئەم گەشتەم لە ٢٩ی دوازدەی ساڵی ١٩٩٨ دا کردووە و ٨ی مانگی یەکی ١٩٩٩ گەڕاومەتەوە. ڕۆژانی گەشتەکەم بەشێوەیەکی ورد وەک یاداشتنامەیەک و ڕۆژانە تۆمارکردووە، ئەمەی بەردەستتان بەشێکە لەو بیرەوەرییانە.**

**(٢) لە ساڵەکانی ٢٠٠ی دوای لەدایکبوونی مەسیحەوە، گرووپێکی تایبەتمەند کە کاریان ئەوە بووە بەرنامە کولتوورییەکانی کۆشکی پادشا و سیزەرەکان ئامادە بکەن، لەم پرۆگرامانەوە شانۆی چینی لەدایکبووە، بەڵام لە ساڵەکانی ١١٠٠ دا و لە سەردەمی بنەماڵەی هۆنگدا، فۆرم و شێوازی خۆی وەرگرتووە و لە سەردەمی خێزانی پیان- مەنگۆلیدا ١٢٧١ - ١٣٦٨ دەگاتە ئاستێکی بەرز و گەورە. هەر لەم سەردەمەدا گرووپێکی شانۆنامەنووس دەکەونە ڕێکخستن و ئامادەکردنی نمایشەکان، بەپێی سەرچاوە کۆنەکانیش لەو سەردەمەدا زیاتر لە سەدوپەنجا شانۆنامە هەبوون، لەناو ئەو شانۆنامانەشدا، تێکستێک بەناوونیشانی (بازنەی تەباشیر) هەبووە. ئەم شانۆنامەیە لە ساڵەکانی ١٧٠٠ەکاندا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانە ئەورووپییەکان و برێشت بۆ نووسینی شانۆنامە بەناوبانگەکەی (بازنەی تەباشیری قەوقاز) سوودی لێوەردەگرێت. دواتر شانۆ و ئۆپێرا بە شێوەیەکی بەربڵاو بەنێو هەموو شار، هەرێم و ناوچەکانی چیندا بڵاودەبێتەوە، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە پێشبڕکێی ئەم ئۆپێرایانە لەنێوان شار و ناوچەکاندا دروست دەبێت. دوو جۆریش ئۆپێرای پەکین هەیە، یەکێکیان سەبارەت بە ژیان و خەڵکی ئاساییە و ئەوی تریشیان هەمیشە سەربازییە و باسی ژیانی جەنگاوەرەکان، لەشکرکێشی، جەنگ و پێکدادان و شەڕی نێوان هەرێم و داگیرکەرەکان دەکات.**

**(٣) (لی - Li) پێوانەیەکی چینییە و یەک لی نزیکەی پێنج سەد مەترە.**

**(٤) (سیکسی) دوا بێوەژنی سیزەرەکان و لە سەرەتای هەزار و نۆ سەدەکاندا فەرمانی داوە کە ئەم شوێنە بکرێتە باخچەی ئاژەڵان، لە ساڵی ١٩٥٠یشەوە بۆ خەڵکی کراوەتەوە و بووەتە شوێنێکی گشتی و ئەم باخچەی ئاژەڵانەی ئێستا.**

# گەشتێک لە (سۆمەر)ەوە بۆ بەهەشتی (عەدن)

دکتۆر موئەیەد سەتار
لە عەرەبییەوە: وریا ئەحمەد

لە کۆندا مرۆڤە سۆمەرییەکان رێگەی بەهەشت و شوێنەکەشی شارەزابوون و بۆ ئەم مەبەستە (نەخشە)یان، دانابوو و نوێنەرانی خۆشیان بۆی ناردووە. لە کتێبە پیرۆزەکانی ئاسمانیدا چەندین حەکایەت لە سەر (بەهەشت) باسکراوە، گرنگترین وەسفیش بۆ بەهەشت ئەوەیە کە:

(پڕە لە میوە و چەندین رووباری پێدا دەڕوات)، باسی بەهەشت لە (قورئانی پیرۆز) و لە (تەورات)یش لە (سفرالتکوین)دا هاتووە: ئەمەی دوایی باس لە (تۆفان) و لە (بەهەشت) دەکات. ئەگەر بیروباوەڕەکان بخەینە لاوە، سەیر دەکەین ئەوەی لە تەوراتدا هاتووە، بناغەیەکی مێژوویی هەیە، بۆ نموونە: باسی تۆفانی تێدا هاتووە و زاناکانی شوێنەوارناسیش ئاشکرایان کردووە و دۆزیویانەتەوە. باسی (تۆفان) بەر لە تەورات لە سەر (مۆر)ەکانی (سۆمەری) و (ئاشووری) و (بابلی)یدا هەبووە! دیسانەوە ئەو بەهەشتەی لە تەوراتدا باسکراوە، زاناکانی شوێنەوارناس هەندێ (مۆر - کە لە قوڕی سوورەوەکراو دروست کراون)، جگە لەوە (نەخشە)ی سۆمەرییەکانیان دۆزیوەتەوە، باسی بەهەشت و وەسفی چۆنیەتی بە بەهەشت گەیشتن دەکەن، ئەمەشیان بەر لەوەی لە تەوراتدا باس کرابێت. هەروەها لەو کتێبە پیرۆزانەدا بەهەشت:

بە باخێک دەچوێنن، چواردەوری رووبار بێت.

ئەو لێکۆڵینەوە مێژووییانەی دەمێکە ئەنجام دراون، ئاماژە بەوە دەکەن، کە: ڕاستە بەهەشت باخە و لە دێر زەمانەوە لە سەر زەوی بووە و دواتر ئایینەکان بردوویانەتە ئاسمان! تەورات بەم چەشنە وەسفی بەهەشت دەکات: خوداوەندی پەروەردگار بەهەشتێکی لە (عەدن) لە (ڕۆژهەڵات)دا ڕواند، حەزرەتی ئادەمیشی تێدا دانا،

خوداوەندی پەروەردگار لە زەویش هەموو جۆرە دارێکی دیمەن جوان و تام خۆشی ڕواند، داری ژیان داری ناسینی (چاکە و خراپە، خێر و شەڕ)، لە ناوەڕاستی ئەو بەهەشتەدا بوو، ڕووبارێکیش کە لە (عەدن)ەوە، هەڵدەقوڵا ئەو باخەی بەهەشتی ئاو دەدا، ئەو ڕووبارە بۆ چوار لق دابەش دەبوو، ناوی یەکێکیان (فیشون) بوو، دەوری ئەو زەویانەی (حویلە)ی دابوو، کە زێڕی تێدا بوو، زێڕەکەشی لە باشترین جۆرەکانی ئەو کانزایە بوو، جگە لەوە (مرواری) و (عەقیق) یشی هەبوو. لقی دووەمی ڕووبارەکە (جیحۆن)ی ناو بوو، چواردەوری هەموو زەوییەکانی (کووش)ی دابوو. لقی سێیەمیش (دیجلە) و لە ڕۆژهەڵاتی (ئاشوور) بوو، لقی چوارەم و کۆتاییش (فورات) بوو.(١) بە پێی ئەم وەسفەی لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەی تەوراتدا هاتووە، باسی جێگە و شوێنی عاردی کووش دەکات و دەڵێت: عاردی کووش کەوتۆتە خوارووی (میسر)، واتە (سوودان)، یان (حەبەشە)! ئاشکرایە کە ئەو ڕوونکردنەوەیە بۆ عاردی کووش، لەگەڵ جیۆگرافیای ئەو شوێنەی لە تەوراتدا باسکراوە، یەک ناگرێتەوە؟ چونکە بە پێی تەورات بەهەشت دەبێ لە بازنەی ناوچەی جیحۆن و ڕووبارەکانی دیجلە و فورات بێت، کە دیارە ئەو شوێنەش یەکجار لە وڵاتی میسرەوە دوورە، ئەمەش تێکەڵ کردنێکە لە لایەن لێکدەرەوەی ئەو کتێبە پیرۆزەوە کراوە.

### باخچە نهێنییەکان

(دێڤید ڕۆڵ)ی ئارکیۆلۆژناس ئاشکرای کرد، کە ئەو بەهەشتەی لە کتێبی پیرۆزدا ناوی هاتووە، دۆزیویەتەوە! لەو گەشتەیدا ڕۆژنامەنووسی ناسراو (پیتەر مارتن)ی لەگەڵدا بووە، کە دواتر لە (١١/ ١٠/١٩٩٨)، نووسینێکی بە ناوی باخچە نهێنییەکان لە ڕۆژنامەی (ساندەی تایمز)، لەسەر ئەو گەشتە بڵاوکردەوە، گەشتێک بە شوێن پێی حەزرەتی (ئادەم) لەو بەهەشتەدا بوو، ئەمەش دوای بڕینی (٧٠٠) میل، هەر لە (ئەهواز)ەوە، لە باشووری ڕۆژئاوای (ئێران)، تا دوا شوێنی باکوور لە زنجیرە چیاکانی (زاگرۆس) لە ویلایەتی (ئازربایجان)، خوارووی دەشتی میاندووئاو، شوێنی گردە ڕووتەکان و ڕەشماڵە ڕەشەکانی کۆچەرەکان، ئەم دەشتە پانوبەرینەی سەر زەوی لە بەهەشت بترازێت بە هیچ شتێکی تر وەسف ناکرێت! کە بە دیوار لە لای ڕاست و لای چەپی شوورە دراوە، باخچەیەکی جوان، پڕیەتی لە میوە، لە لایەکی ئەو باخچەیە کارگەیەکی (چیمەنتۆ) و کارگەیەکی (پیترۆ شیمیایی) هەیە، جا (پیتەر مارتن) گەشتەکەی بۆ ئەو وڵاتە بەهەشتە بەم شێوەیە وەسف دەکات و دەنووسێ: لەو ڕێگەیەی بەردەممان لۆری سەر والآی پڕ لە میوەکانی سێو و هەرمێ و ترێ و گەنمەشامی کاڵ و گوومەز لە تەماتە، ئێمەش لە نێوان خۆمان زەردەخەنەی بە سەلامەتی گەیشتنمان دەگۆڕییەوە، لەبەر جوانی بۆنەکە (سیامەک سۆفی) کە وەک وەرگێڕی زمانی فارسی لەگەڵماندا بوو، گۆرانییەکی (فارسی کۆن)ی لەبەر خۆیەوە دەست پێکرد، کە هۆنراوەی گۆرانییەکە دەڵێ:

**دوێنێ شەو لە خەومدا بینیم (مانگ) و (ڕۆژ) یەکترییان ماچ کرد**

شاری (تەورێز) دەکەوێتە دامێن ئەو دوو کێوەی دەورەی ئەو باخچەیەیان داوە، لێرە لە هەر گوندێک دیوارێک هەیە، وێنەی تابلۆیەکی فۆلکلۆری ئەو بەهەشتەی لەسەر کێشراوە، بە وێنەی چیایەک جۆگە ئاوی لێوە دێتە خوار و باخچەکانی دامێنی چیاکە ئاو دەدات. ئەم جۆرە تابلۆیە (٦٠٠٠) ساڵ پێش دیواری خودای سۆمەری بە ناوی (ئەنکی – Enki) بووە و لەو سەردەمە کۆنەی مێژوودا ئەم ناوچەیە ناوی (ئاراتا) و (ئایدن – عەدن) بووە، بەڵام ئایا ئەمە ئەو بەهەشتی (عەدن)ەیە، کە لە کتێبی پیرۆزی (تەورات)دا وەسف کراوە؟ لە تەوراتدا هاتووە کە: بەهەشتی عەدن بە هەر چوار ڕووبارەکانی (دیجلە و فورات و جیحۆن و بیشۆن) دەورە دراوە، هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات ناسراون، بەڵام دوو ڕووبارەکەی تر لەسەر نەخشەکان نەناسراون! گەڕیدەی بەریتانی (ڕیناڵد وۆکەر) کە ساڵی (١٩٨٨)ی زایین کۆچی کردووە، ساڵی (١٩٨٦) لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەش کردووە، تێیدا زانیاری گرنگی دەربارەی ئەو ڕووبارانە ئاشکرا کردووە، بۆ نموونە لەو لێکۆڵینەوەدا دەڵێ: ڕووباری (ئاراس)، لە سەدەی هەشتەمی زایین، واتە بەر لە هاتنی سپای موسوڵمانان ئەو ڕووبارە ناوی (جیحۆن) بووە! لە فەرهەنگەکانی (فیکتۆری)دا، هاتووە: ڕووباری (ئاراس) ڕووباری (جیحۆن)ە و ناوی ڕووباری (بیشۆن)یش خوارکراوەی ناوی (ویزۆن)ە، پیتی یەکەمی بە پیتی (ب) و پیتی (ز)یش گۆڕاوە بە (ش)، بۆیە لە

تەوراتدا بە بیشۆن هاتووە. ئەو گەریدەیە دیسان ئاشکرای کردووە کە گوندێک هەیە بە ناوی (نوقدی – Noqdi)، ئاماژە دەدا کە لە تەوراتدا ناوی ئەو گوندە بە (نود) هاتووە. (دێڤید رۆڵ) دەڵێت: (رینالد وۆکەر) زیارەتی ئەم ناوچەیەی نەکردووە، بۆیە قسەکانی لە بواری (تیۆری)دا دەمێننەوە، دیسان دەڵێ: بەڵام من دوای دوو گەشتم بۆ ئەم ناوچەیە، شیکردنەوەکانی سەریان سوڕماندم، چونکە زۆر لە واقیعەوە نزیکن. بۆیە دێڤید رۆڵ لە کتێبەکەیدا:

(The Genesis of civilisation Legend)، کە سالی (١٩٩٩) چاپی کردووە، ئەوەی لە کتێبی دێڤید رۆڵ هاتووە، دەیسەلمێنێ و ئەوەی لە نووسینە کۆنەکانی میسرییەکانیشدا دەربارەی رووبارەکان و بەهەشت هاتووە کە ورد نییە، هەروەها باسی ئەوە دەکا کە کاتی خۆی (سۆمەرییەکان)، یەکەمین کەسانێک بوونە، توانیویانە بە رێگەی دەریا بۆ باکووری (ئەفریکا) بچن و دواتریش بۆ (میسر).

### بەرێکەوتن لە (ئەهواز)ەوە، بەرەو بەهەشتی (عەدن)

لە جیاتی ئەوەی بە سواری فڕۆکە بۆ (تەوریز) بچین، بە سواری ئۆتۆمۆبیل بە ناو دەشتەکانی (سۆمەری)، دامێنی زنجیرە چیاکانی (زاگرۆس)مان هەڵبژارد، ئەم دەشتانە دوای (تۆفان)، یەکەمین نیشتمانی (ئادەم) بوون، ئەم دەشتانە بە پاشکۆی کارگەی قوڕی سوورەوەکراو ناودەبرێت، چونکە کۆنترین جۆری کەرەستەی لە قوڕی سوورەوەکراو دروستکراو، لێرە لە باکووری زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و (٧٠٠٠) ساڵ پێش زایین بووە، دوای (٢٠٠٠) ساڵ ئەم پیشەیە بۆ باشووری زنجیرە چیاکانی زاگرۆسیش پەڕییەوە، بۆیە نموونەی نوێی دروستکراوی قوڕی سوورەوەکراو بە ژمارەی زۆر لە (ئورۆک) دەرکەوتن، کاتێکیش ئەم نموونانە لێرە دروستکران، پیشەسازییەکەی بەرەوپێش چوو، ئیتر بە شێوەیەکی زۆر و فراوان، بەڵام بە کوالیتێکی نزمتر لە بەرهەمەکانی زووتر بەرهەم دەهات. سەرەتای دەستپێکی گەشتەکەمان بە هێڵێکی پێچەوانەی گەشتەکەی حەزرەتی (ئادەم) و گەڕانەوەی بۆ شوێنی سەرەتای دەستپێک، بەهەشتی عەدن، گەشتێک لە سۆمەرەوە بە ناو زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا، دواتریش گەڕانەوە بۆ شوێنی سەرەتا، بەهەشتی عەدن. لە میانی ئەم گەشتەدا رەنگە بە هەندێ (دۆکیۆمێنت) و (رووداو) و (بیروبڕوا) بگەین، کە لەگەڵ گێڕانەوەی ئەفسانەکانی سەبارەت بە (ئادەم) و (حەوا)دا، یەکبگرنەوە. کاژێر (٧)ی سەرلەبەیانی (ئەهواز)مان جێهێلا، لە نێوان گوندەکان و بیرەکانی نەوت کە گڕی ئاگریان لێ بەرز دەبووەوە رەتبووین، ئەم رێگەیە هەمان رێگەیە کە لە مۆرە هەڵکۆڵراوەکاندا بە خەتی (بزماری)، باسی گەشتی پادشایانەی پێش (٣٥٠٠) ساڵ لەمەوبەری پێدا کراوە، یان شاندی مێژوویی کۆن، کە ئەفسانەی (ئان میرکار)ی پێکهێناوە، ئەو قەشەیەی پادشای شاری (ئوروک) بوو، گەشتەکەمان گەشتی قەشەی ئەنمیرکار بۆ لای پادشای (ئاراتا) بوو، سۆمەرییەکان بە بەهەشتی عەدنیان دەگوت ئاراتا. ئەنمیرکار دەیویست پەرستگەیەکی ئەفسانەیی لە (ئوروک) بۆ خوداوەندی گەورە (ئەنانا)، دروست بکات، کە خوداوەندی خۆشەویستی و جووتبوونە، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە زۆرجار و لە بۆنەی جیاجیا لە پادشای ئاراتا داوای دەکرد، زێڕ و خشڵ و کانزای بەهاداری بۆ بنێرێت، لەبەر ئاڵچاغی ئاراتا نەبوو، کە ئەو شتانەی بۆ ئەنمیرکار نەدەنارد، بەڵکو لە ترسی ئەوەبوو، نەوەکا خوداوەندی (ئەنانا)، لە دەست بدات و ببێتە خوداوەندی (ئوروک)، شاری دەشتاییەکان. خوداوەندی (ئەنکی)، لە چیاکانەوە بۆ (ئەریدۆ) گوێزرایەوە، ئێستاش بە هەمان شێوە پادشای ئاراتا خوداوەند ئەنانا لە دەست دەدات و دەبێتە هی شاری ئوروک! ئەم شەڕە بۆ ماوەی چەندین ساڵ درێژەی هەبووە، چونکە گەشت لە ئوروکەوە بۆ ئاراتا (٣) مانگی دەخایاند، بۆیە نامە گۆڕینەوە لە نێوانیاندا بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو.

### زەقوورە

یەکەم قۆناغی ئەم گەشتەمان شاخی (ئەڵلا)بوو، کە لە دروستکردنی مرۆڤە، (زەقورە جۆگا زەنبیل)، لە ناوچەی (ئیلام)ی مێژوویی دێرین، باکووری سۆمەر، کە (٢٠٠٠) ساڵ (پ.ز.)، لە لایەن پادشای ئیلام (ئەنتاش گال)ەوە دروست کراوە، ئەگەر زەینی خۆمان بدەینە (زەقوورە)، یەکسەر پرسیارێکی گەورە سەرنجمان رادەکێشێت، ئەویش ئەمەیە: مرۆڤی کۆن بۆچی (زەقوورەی) دروستکرد؟ ئەو ئاوەی ژیان بەخشە لە لووتکەی ئەو شاخەوە بەرەوخوار شۆڕدەبێتەوە، ئایا ئەو کانییە ئاوە بۆ لەو شاخەوە هەڵدەقوڵێت، ئەگەر خودا

نەیوستبێت و ڕای لەسەر نەبووبێت؟ ئینجا لە شاخەکەوە بۆ ناو دەشتەکان دێت و ژیان دەبەخشێت. مرۆڤی کۆن بەوشێوەیە بۆ خودای ئاو بۆ (ئەنکی) دەیان ڕوانی، بۆیە دەچوونە شاخ تا ستایشی خودای ئاو بکەن، دواتریش کاتێک مرۆڤ بەرەو دەشتەکان چوون، لەوێ (زەقووره)یان لەسەر شێوەی شاخێک دروست کرد، تا پێوەندییان لەگەڵ خودا نەبڕێت، (زەقوورەی جۆگا زەنبیل)، شتێکی لە ڕادەبەدەر جوانە، بنکەکەی سێ جار بەقەد یاریگەیەکی تۆپی پێیە، لە دیوارەکانی زانیاری زۆر هەیە، هەر خشتێکی چواردەوری زانیاری تێدایە کە بە پیتی بزماری نووسراوە، لە ناوەڕاستیشیدا گومەزێک هەیە، بە قادرمەی لە بەرد دروستکراوەوە پێی دەگەیت، لە لووتکەی ئەو گومەزەش، ژوورێکی تاریک هەیە، تا قەشە لەگەڵ خودا پێوەندی تێدا بکات. لێرەوە بۆمان هەیە بپرسین: ئایا پێوەندی لە نێوان زەقووره و ئادەمدا هەیە؟ ناوی سەرکردەی خوداکانی (ئیلام)، (ئەنشوشیناک – Enshushinak) بوو، زاراوەی (ئان – ئەن) بە واتای (بەرێز)، یان (خودا)یە و (سو) شاری (سووسە)یە و (ئیناک)، ڕەنگە بە واتای: ئاغای شاری ئیناک، بێت.

قۆناغی دووەمی گەشتەکەمان لە شاری (سووسە)، بوو، کە (٣٠٠٠) ساڵ پێش زایین دروستکراوە!

## حەفت دەرگەکان، حەفت بەهەشت

لە دەستنووسە مێژووییەکان و ئەفسانە و کتێبی پیرۆزدا هاتووە: بۆ گەیشتن بە بەهەشت دەبێ حەفت دەرگە ببڕین، یان وەک گوتراوە: حەفت هەنگاو بەرەو بەهەشت، ( لە زمانی کوردی و فارسیدا حەفت، یان هەفت بەهەشت واتە حەفت باخ و گوڵزار)، بێ دوودڵی یەکەمینی ئەو دەرگایانەش هی شاری (سووسە)یە، ڕۆژی دووەم دوای تۆزێ وەستان لە شاری (کرماشان) بە شاخی (بێستوون) گەیشتین، سەرچاوەی کانیاوی ڕووباری (کەرخە)، کە هەر لەو ساتەوەی شاری سووسەمان جێهێڵاوە لەگەڵی دەڕۆین، لە دامێنی ئەو چیایە ئاوێکی سازگار هەڵدەقوڵێت، گۆماوێکی ڕوون دروست دەکات، بە دار و قامیش و گوڵ دەورە دراوە، مرۆڤی کۆن بڕوای وابوو، کە زەوی پانە، واتە تەختە! بگرە بڕوایان وابوو کە زەمین لە سەر ئاو وەستاوە، ئەو ئاوەش دەریایەکە لە ژێر زەویدایە، هەر شوێنێکیش لە ناو بەردان ئاوی لێوە بێتەدەر (ئابزو – Abzu)وە، تا ئەمڕۆش وشەی (ئاب) لە زمانی (کوردی) و (فارسی) بە واتای ئاوە! کە ئەمەش لەگەڵ هەمان وشەی سۆمەری بۆ ئاو (ئابزو)، یەکە، لە ئەفسانە کۆنەکاندا ئاماژەی جیاجیا دەربارەی ئەو ئاو و شاخانە دەبینین. لە چیرۆکەکانی (تەورات)یش، دەخوێنینەوە: کاتێک (موسا) و نەتەوەکەی لە بیابان بزربوون و خەریکبوون لە تینوانا بخنکێن، موسا بە دارعەساکەی دەستی لە بەردی دا یەکسەر ئاو هەڵقوڵا، نایابترین شت کە لەسەر شاخی (بێستوون) هەڵکۆڵراوە و تا ئەمڕۆ ماوەتەوە، تابلۆیەکە کارەکانی (دارای یەکەم)ە، بە هەڵکۆڵراوی نووسراوەتەوە. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە: چۆن توانیویانە ساڵی (٥٢١)ی پێش زایین، پەیکەرێک لەسەر ئەو شاخە دروست بکەن و لە ناو تابلۆیەکدا کارەکانی دارای یەکەمی تێدا بنەخشێنن! کە ئیمپراتۆریەتەکەی هەر لە تورکیاوە تا وڵاتی میسر بووە. دەسکەوتەکانی دارا بە پیتی بزماری و بە سێ زمانی جیا لەسەر شاخێک نووسراوە. ئەو چیرۆکە نەتوانرا تا ساڵی (١٨٣٠) زایین، هێماکانی بزانرێت و دواتر بخوێنرێتەوە، کە ئەمەش لە سەر دەستی (هێنری ڕاولنسۆن) ئەنجام درا. کە ماوەی سێ ساڵی ڕەبەق خەریکی شکاندنی تەلیسمی هێمای ئەو نووسینانە و خوێندنەوەیان بوو.

دوای سێ کاتژمێر پێمان نایە ناو خاکی کوردستان، بە شوێنێک گەیشتین پێیان دەگوت: (عەرش، یان تەختی سولەیمان) و چیایەکی تری خوداوەند (ئەنکی)، لەسەر لووتکەکەی دەریاچەیەک هەبوو، کە سەرچاوەی ڕووباری زێڕین بوو، چەند مەترێکیش لە دامێنی ئەو شاخەدا شوێنێک هەبوو، خەڵک بۆ زیارەتی دەچوون، هەر لێرە شوێنەواری کاولگەی پەرستگەیەکی (زەردەشتیان)مان دیت، شوێنی ئاگرپەرستی، یان ئاتەشگە بوو، کە ڕەنگە مێژووەکەی بۆ هەزار ساڵ پێش زایین بگەڕێتەوە.

ڕۆژی دواتر بە ناو حەفت دەرگاکە لە شاخەوە بەرەو دەشتی (میاندووئاو)، چووینەخوار، ئەو دەشتەمان بڕی تا دواجار بە دەشتی (عەدن)، گەیشتین، بە نێوان (گۆمی ورمێ)، کە کەوتبووە لای دەستی چەپمان و شاخی (سەهەند)، کە کەوتبووە لای دەستی ڕاستمان. لێرە باخچەکان شاخەکە بە ڕەنگی سەد تەرز دەڕازێننەوە، دواتر شتێک هات سەرمان لێی سوڕما، بە تایبەتی

(دێڤید ڕۆڵ) و دیوارەکانی شاری گەورەی (ئاراتا)، کە لە دەستنووس و نووسراوی مێژوویی کۆندا وەسف کراوە، کە بە ڕەنگی سوور و زێڕین دەدرەوشانەوە، هەرچەندە دێڤید ڕۆڵ زووتر زیاد لە جارێک بۆ زیارەتی ئێرە هاتووە، بەڵام وەک ئەم جارە ئەو دیوارانەی لەبەر ڕووناکی تیشکی ڕۆژ و گەرمی هاوین بەم ڕەنگانەوە نەبینیبوو، چیای سەهەند دەکەوێتە پشت شاری (تەورێز)ەوە، بە ڕەنگی سوور دەدرەوشێتەوە و ڕاستگۆترین نواندنی ناوی (ئادەم)ە، کە لە زمانی (عیبری)دا بە واتای خاکی سوورە. لە عەرەبیش بە وشەکانی (ئەدام و ئەدیم و ئەدمە و ئادەم) کە لە قوڕ دروست کراوە. لە (ئیسلام)یش هەمان شتە، کە ئادەم لە (تراب – خۆڵ)، دروست کراوە، هەر ئەفسانەیەکیش کەرەستەی خاوی خۆی هەیە، لێرە کەرەستەی خاوی ئادەم خۆڵی سوورە، واتە خۆڵی چیای سەهەند. کاتێکیش بە چیای سەهەند دەگەیت، گەلییەکی بە پیت دەبینیت، کە شارۆچکەیەک بە ناوی (ئۆسکو – Osku) بە سەریدا دەنوارێت، خانووەکانی بچووک و لە قوڕ و خشت دروست کراون، شوێنەکەی بۆ ڕاو و شکار لەبارە، بۆ نیشتەجێبوون نموونەییە، دەڕوانێتە ئەو گەلییە کە پڕیەتی لە باخ و باخچەی میوە و گوێز و باوی، ڕووبارێکی بە ناودا دەڕوات، لە ڕاستیدا ئێرە ئەو شوێنەیە کە بۆ خۆت خانوویەکی تێدا دروست بکەیت. چەند میلێک دوورتر، نزیک لووتکەی ئەو شاخە گوندێکی نایاب بە ناوی (قندوفان) هەیە، کە بە واتای (شانەی هەنگوین)ە، خەڵکی ناوچەکە بە لووتکەی شاخەکە دەڵێن (جام داغ) واتە چیای پەرداغ، (جام)، بە واتای ئەو ئامرازەی ئاوی تێدا دەخورێتەوە و (داغ)یش بە واتای (چیا)یە، ئاوی ئەو ڕووباری (ئاجی چیا)یەشیان لا پیرۆزە، چونکە بۆ نەخۆشی گورچیلە دەرمانە، (چیا)، بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی، واتە (شاخ)، خەڵکی بۆ زیارەتی ئەو شاخە دێن و بە شوێنی دەرماناو و نوێبوونەوە و زیندووبوونەوەی دەزانن، هەروەها قوتابیان و ژن و پیاوی گەشتیاریش کە بە دوای زانست و زانیاریدا دەگەڕێن. چیای (جام داغ) دوو لووتکەی دوانەی هەیە، یەکەمیان شوێنی خوداوەند (ئەنکی) و ئەوی دووەمیان لووتکەی هەڵاتووی خوداوەند (ئەنانا) بووە.

هەموو ئەو شتانەی لێرە دۆزیمانەوە، لە ئەفسانە و بەڵگە و چوار ڕووبارەکە و وڵاتی (نوود – نوقدە)، هەمووی ئاماژەن کە ئێرە بەهەشتی (عەدن)ە، ئەو بەهەشتەی هەموو ئایینەکان و ئەفسانەکان باسیان کردووە.

### داستانی (ئان میرکار) و پادشای (ئاراتا)، بە کورتی لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی وەرگیراوە

ئان میرکار و پادشای ئاراتا داستانێکی سۆمەرییەکانە ڕۆشنبیری و مێژووی سۆمەری – ئێرانی (کوردی – فارسی)، ئاشکرا دەکات، بە پێی ئەم داستانە (ئان میرکار)، کوڕی خودای ڕۆژ (ئۆتۆ)، چاوی لەو هەموو سەروەت و سامانەی پادشا (ئاراتا) لە بەردی پیرۆز و بەهادار و کانزای بەنرخ بووە، کە خۆی زۆری پێویست بووە، بۆ دروست کردن و ڕازاندنەوەی پەرستگەکانی و بە تایبەتیش پەرستگەی (ئەنکی) لە (ئەریدۆ)، بۆیە ئان میرکار لە خوشکی خۆی خوداوەند (ئەنانا)ی داواکرد، هاوکاری بکات لە پەیداکردنی کەلوپەلی پێویست و کەسانی شارەزا لە بواری ئەندازە و وەستایانی بیناکردن، کە بتوانن بۆ خوداپەرستی پەرستگەیەکی بێ وێنە، یان (زەقوورە)یەکی بۆ دروست بکەن، ئەنانا ڕازی دەبێت و لە هەمان کاتدا داوای لێ دەکات، نامەیەکی داواکاری هەڕەشە ئامێز بۆ پادشای ئاراتا بنێرێت. پادشای ئاراتا بەرانبەر بەمە داوای دەغڵودانێکی یەکجار زۆر دەکات و ئان میرکاریش بۆی دەنێرێ، کەچی پادشای ئاراتا وادەکەی خۆی بە جێ ناگەیەنێت، دوای هەڕەشەی هەردوولا لە یەکتری، هەردوولا داوای یارمەتی لە خوداوەند (ئەنانا) دەکەن، ئەو نووسینەی سەر خشتی بزماری دواجار باسی سەرکەوتنێکی کەمی (ئان میرکار) دەکات، لە داستانێکی تردا کە دەربارەی شکانی (ئاراتا)یە، بە ناوونیشانی (ئان میرکار و ئەنشوکیش دانا)، پاشای (ئاراتا) واتە (ئەنشوکیشدانا، یان ئەنسو کوش سیرانا)، داوا لە (ئان میرکار) دەکات، ببێتە سەر بە ئەو، ئەویش ئەوە ناکات و خۆی وەک پادشای هەڵبژێردراوی خواوەند، یان باشترین پادشا لای خوداوەند ئاشکرا دەکات، داواش لە ئەنشوکیش دانا دەکات خۆی بەدەستەوە بدات! هەرچەندە ئەنجوومەنی ڕاوێژکارانی ئەنشوکیش دانا، داوای لێ دەکەن بە قسەی ئان میرکار بکات، کەچی بە قسەی ئەمانە ناکات و ئامۆژگاری لە قەشەیەکی ساکار وەردەگرێت، کاتێ سۆزی پێ دەدات کە (ئۆرۆک) بۆ (ئاراتا) سەر دابنەوێنێت، بۆیە داواکاری

ئان میرکار جێبەجێ ناکات، کاتێکیش ئەو قەشەیە بۆ ئۆرۆک دەچێ، لەوێ یەکێک لە پیاوە داناکان بە ناوی (ساغ برۆ) بە فێڵ بە یارمەتی ڕۆڵەکانی خوداوەند (نیدابا) لە ناوی دەبات، بۆیە کاتێک ئەنشوکیش دانا بەم هەواڵە دەزانێت، یەکسەر مل بۆ داواکەی ئان میرکار کەچ دەکات. داستانێکی سێیەم هەیە بە ناوونیشانی (لوگال بندا) و (ئان میرکار)، باسی گەشتی پاڵەوانانەی بەرەو (ئاراتا)مان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو گەشتەی (لوگال بندا) پێی هەستا لە پێناو (ئان میرکار)دا. بە پێی ئەو داستانە (ئۆرۆک) لە ژێر زۆر بۆ هێنانی هێرشی هۆزە کێوییە خێڵەکییەکانی (سامی)دا بووە، جا بۆ ڕزگارکردنی شارەکەی، (ئان میرکار) داوای یارمەتی لە (ئەنانا) دەکات، کە لە (ئاراتا) بووە، بۆیە ئان میرکار لە کەسێکی خۆبەخش دەگەڕێت بۆ ئەوەی بۆ لای (ئەنانا) کە لە ولاتی (ئاراتا)بووە، بینێرێت، لە لوگال بندا بترازێت کەس بە دەنگییەوە نەهات، جا داستانەکە باس لە ڕووداوەکانی ئەو گەشتە دەکات، هەروەها ئەو نامەیەش کە لوگال بندا لە ئەناناوە بۆ ئان میرکاری لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

## ئادەم و حەوا

(دێڤید ڕۆڵ) وای بۆ دەچێت کە (ئادەم) خوازراوەی مرۆڤی کۆنە، باپیری یەکەم لە خەیاڵدا، مرۆڤی مێژوویی، باوکی یەکەمی بەشەرییەت. سەرکردەی سیاسی و گیانیی لە یەک کاتدا، ئەو یەکەمین مرۆڤە ڕاو و گەڕانی جێ هێشتووە و لە سەر ڕووی زەمین نیشتەجێ بووە، لە بەرەبەیانی مێژووەوە دەستی بە کشتوکاڵ و بە ماڵی کردنی ئاژەڵ کردووە.دیارە نیشتەجێ بوونیش پێویستی بە دەستەیەکی کۆمەڵایەتی و سەرکردەیەکی سیاسی هەیە. قەشەیەک پێوەندی لەگەڵ خوداوەندی سروشتدا هەبێ. ئادەم و حەوا نموونەی هاوسەرگیرییەکی گرنگی نێوان دوو هۆزن، کە وازیان لە گەشت و گەڕان هێناوە و لە شوێنێک نیشتەجێ بوونە، ئەوان بوون خێزانی شارستانییان دۆزییەوە، ئەم جۆرە بابەتانەش لە داستانە جیاجیاکانی مێژوودا دەبینیت، (حەوا) لە کتێبی پیرۆزدا دایکی هەموو زیندەوەرانە، هەروەها (نین هۆرساغ)، خاوەنی (حەزوەی) چیای سۆمەر، هەروەها لەو داستانانەدا دەخوێنینەوە کە (ئەنانا) کچی (نین هۆرساغ) بووە.

ئادەم و حەوا لە بەهەشت دارخورمایەکی بەبەری خاوەن حەوت (لق)یان لە نێواندایە و لە پشت هەر یەکێک لەو لقانەش (مار)ێک هەیە، (دار خورما) و (مار)یش هێمای پیت و بەرەکەتن، لە وێنەی ناو ئەو خشتەیەی سەرەوەدا جلوبەرگی کابرا و ئەو دوو شاخەی بە سەر سەریەوەن، نیشانەی ئەوەیە لە خێزانی خوداوەندانە، یان خوداوەندزادەیە، ئەو خشتەی سەرەوە نیشانی دەدات کە ئادەم و حەوا لە بەهەشتن. ئەم خشتە سوورکراوەیە لە مۆزەخانەی بەریتانی پارێزراوە.

## داستانی (دروستبوون – خلق)ی سۆمەرییان

لە داستانی دروستبوونی سۆمەرییەکان هاتووە: (نین هۆرساغ) لەعنەتی لە (ئانکی) کردووە، چونکە لەو بەرە (تابوو- حەرام)ەی خواردووە کە لە بەهەشت ڕواوە، ئانکی وردە وردە دیارنەماوە، پەراسووەکانی دەستیان بە ژان کردووە، جا (نین هۆرساغ) خوادەوەند (نین تی) کە بە زمانی سۆمەری واتای (خانمی پەراسوو)، یان (خانمی ژیان)ی دروستکرد، ئەمەش لە زمانی سۆمەریدا جۆرێکە لە (توریە) و یاری بە لەفز کردن، بەڵام دانەری کتێبی پیرۆز زاراوەی یەکەمیانی وەرگرتووە، بۆیە چیرۆکی دروستبوونی (حەوا)، لە پەراسووی (ئادەم)، لەو کتێبەدا بەم جۆرە هاتووە: (کاتێک (ئادەم)، جووتیار بووە، خوداوەند بۆ بەهەشتی (عەدن)ی هێنا، تا بیکێڵێت و پاسەوانیشی بکات – سفر التکوین ٢ / ١٥). دیارە زمان و نووسین دەرهاوێشتەی شارستانیەتن، کە بەهۆی کشتوکاڵ کردن و نیشتەجێ بوونەوە هاتە کایە و ناوکی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و (شار، یان دێهات)یش دروست بوو، شایانی باسە لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە: زۆربەی کێڵگە سەرەتاییەکانی کشتوکاڵی دنیا لە (ئاسیا)ن! بۆ نموونە لە نێوان (٦٤٠) کێڵگەی هەرە گەورەی دنیا (٥٠٠)یان دەکەونە باشووری کەرتی ئاسیا! گرنگترینی ئەو کێڵگانەی کشتوکاڵیش دەکەونە ناوچەکانی ئاسیای بچووک و قەوقاز و تورکمانستان و ئێرانەوە. گرنگی ئەو کێڵگانەی کشتوکاڵیش لەوەدایە، لە پیت و بەرەکەتی زەوییەکان و بەرهەمی جۆرە گەنمێک کە توانای بەرگری لە خۆکردنی بەرانبەر ئافاتەکانی کشتوکاڵ هەیە. گرنگی ئەو ناوچانەش بە تەنیا لەبەر زۆری بەرهەمی کشتوکاڵ نییە، بەڵکو لەبەر ماڵی کردنی

ئاژەڵەکانی وەک: گا و مانگا و مەڕ وبزن و وڵاخی بەرزە و...تاد بووە، مەفتەنی سەرەکیش بۆ بەخێوکردنی گا و مانگا و مەڕ و بزن و وڵاخی بەرزە و ئەوانە ئێران و کوردستان بووە. لە میانی ئەو نووسینە مێژووییە گرنگانەشدا ئاسیا بە مەفتەنی یەکەمی گەورەترین کێڵگەی ئاژەڵی ماڵی لە جیهان دادەنرێت. لێکۆڵینەوەکانی (زمان)یش دەری دەخەن کە ڕەگوڕیشەی زمانەکانی هیندوئەوروپی بۆ (٩٠٠٠) ساڵ پێش ئەمڕۆ دەگەڕێنەوە، ئەم تەمەنەش نزیکە لە تەمەنی بڵاوبوونەوەی کشتوکاڵ لە ئێران و کوردستان و ئاسیای بچووک. زمانیش بەرهەمی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەیە کە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی مرۆڤ هەر لە چاخی ڕاوشکارەوە تا کشتوکاڵ و نیشتەجێ بوون لە بەهەشتی عەدن، پێکەوە ڕۆیشتوونە.

**پەراوێزەکان:**

**(١) بەشی یەکەمی کتێبی پیرۆزی (تەورات - بەشی یەکەم - کتێبی دروستبوون) ژمارە (٢)، (٨ - ١٤).**

**(٢) نەخشەی ئەو گەشتە کە لە (ئەهواز) دەستی پێکراوە و بە ناو هەر حەفت دەرگەدا بەرەو بەهەشتی (عەدن) تێپەڕ بووە، دەرگەکان، یان گەلیی نێوان چیاکان وەک خاڵی پەڕینەوەن بە ناو چیاکاندا و مرۆڤ گەرەکە پیایاندا ڕەت بێت، بۆ ئەوەی لە سەر خاکی کوردستان لە نزیک شاری (سەقز) و شاری (تەورێز) بە بەهەشتی عەدەن شاد بێت، دەرگەکانیش ژمارە (٤،٣،٢،١)یان دەکەونە ناو خاکی کوردستان (ئیلام - وڵاتی کوردانی فەیلی) و ژمارە (٧،٦،٥)یش دەکەونە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە سەرچاوە گرنگەکانی ئەم گەشتەش کتێبی (داڤید ڕۆڵ) بە ناوونیشانی:**

**Legend:TheGenesis Of Civilisation by (DavidM.Rohl),UK,1998.**

**هەروەها وتاری (باخچە نهێنییەکانی - پیتەر مارتن) دەربارەی گەشتەکەی لەگەڵ داڤید ڕۆڵ لە ڕۆژنامەی (ساندێی تایمز)ی (١١)ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٨**

**TheSecretGarden ByPeterMartin,TheSundaytimes,11oct98**

**(٣) مۆرێکی لاکێشەیی میزۆپۆتامیا کە مێژووی بۆ (٢٢٠٠)ساڵی پێش زایین دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش مۆرێکی زۆر بڵاوە و ژن و پیاوێک بە دانیشتوویی تیایدا دیارن و دار (خورما)یەکی بەرداریش لە نێوانیان دایە و لە پشت هەریەکێکیشیان (مار)ێک دیارە. قەوارەی ئەو مۆرە: بەرزی (٢,٧) سم و پانی (١,٦٥) سانتیمەترەیە ولە موزەخانەی بەریتانیا هۆڵی ژمارە (٥٦) نیشان میزۆپۆتامیا.**

**(٤) سەیری ئەمەی خوارەوە بکە:**

**Vavilov,N.," Asia: source of Species "in Asia,Feb1937,p.113**

**کە لە وتاری:**

**The Evidences For Recent Dating of Adem**

**هاتووە.**

**(٥) تۆژینەوە مێژووییەکان ئاماژە بۆ: وڵاتی ئاسیای ناوەڕاست، قەوقاز، ئەرمینیا، کوردستان، تورکمانستان، وەک لانکەی یەکەمی چاندنی دانەوێڵە دەکەن، کە دواجار تیایاندا لە تەک کشتوکاڵی پێشکەوتوودا ئاژەڵداریش پەیدا بووە، سەرەتا بەخێوکردنی مەڕ و بزن لە کوردستان و لە ئێران بووە، زانایان ئەمە بۆ نزیکی (١٠٠٠٠) ساڵ پێش ئەمڕۆ دەگەڕێننەوە، کە ئەمەش بە هێڵێکی تەریب لەگەڵ کشتوکاڵ و بەرووبوومی کشتوکاڵدا دەڕوات. لە زۆر تۆژینەوەشدا لەوانە لە هی (مانفرید هیونس)دا هاتووە: دانەوێڵەیەکی گەلێ زۆر بەر لە (٩٠٠٠) ساڵ پێش لە نزیک سەرچاوەکانی ئاوی هەردوو ڕووباری (دیجلە) و (فورات) دەدوورایەوە، هەرچەندە هەندێ لەو تۆژەرانە وای بۆ چوونە کە سەرەتای چاندنی دانەوێڵە لە (ئوردون) و (فەلەستین) بووە، بەڵام تۆژینەوە نوێیەکان جارێکی دی چاندنی یەکەم جاری دانەوێڵە هەر بۆ سەرچاوەکانی هەردوو ڕووبارەکە دەگێڕنەوە.**

**(٦) بۆ نموونە سەیری گۆڤاری زانست ژمارە: (٢٨٧)ی ساڵی (٢٠٠٠) تۆژینەوەی:**

**Melinda A. Zederand Brian Hesse (Science287 (2000)2254 - 57)**

**لە وتاری:**

**The Evidences For Recent Dating of Adem.**

**هەروەها تۆژینەوەی (ڕیگان دبلێسیا):**

**Reagan Duplisea, The Cradle of agriculture**

**(٧) وای بۆ دەچم (ئەمە قسەی نووسەرە - وریا)، کە ناوی خواوەند (ئەنانا) لە ئەسڵدا (نانا)یە، ئەمەش ناوێکی (کوردی - ئێرانی)یە، بە واتای داپیرە یان دایە گەورەیە، هەتا ئەمڕۆش ئەم وشەی نانایە (کە لە زمانی ئەمڕۆی کوردیدا «نەنە»یە - وریا) بەکاردێت، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە خوداوەند ئەنانا سۆمەری کوردییە، هەروەها لە ناوی (ئان میرکار) هەندێ نیشانەی زمان هەن، وشەی (کار) لە زمانی (سۆمەری) بە واتای (ڕاوچی)یە، کە لە زمانی کوردیشدا تا ئەمڕۆش وشەی (شکار) بە واتای (ڕاو)ە! وشەی (کار)، بە واتای (ئیش) یان (پیشە) دێت و لە کاتی لێکدانی لەگەڵ وشەی دیکەدا مانای تر بەدەستەوە دەدات بۆ نموونە: کرێ - کار، کار - کەر، کە بە واتای کرێکارە، کار - نامە، کە بە واتای باسی ژیانی گەورەکانە، کار - وان کە بە واتای قەتار و کاروانچێتییە.**

**(٨) دیسان نووسەری ئەو وتارە وای بۆ دەچێت هەڵەیەک لە وەرگێڕانی ئەوروپاییەکان بۆ وشەی (سووسە) هەیە، چونکە ناوی سووسەیان لە زمانەکانی (سۆمەری، بابلی، ئیلامی) وەرگێڕاوە، نووسەر ناوی شاری سووسە بە (سەوزە)، واتە (کەسک) دەزانێت، بەو پێیەی هەر لە کۆنەوە ناوچەیەکی بە کشتوکاڵ و دار و بار و باخچە و سەوزایی بووە، وشەی (سەوزە) تا ئەمڕۆش لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا بەکاردێت و مانای (کەسک) دەگەیەنێت: سەوز ، سەبز.**

# ورشەی گوڵەستێرەکانی شانۆییەک

د. سەلام فەرەج کەریم
(سلێمانی)

لە نووسینەکانی پێشترمدا چاوڕوونیم لە خەمخۆرانی بزاڤی شانۆییمان کردبوو، مزگێنی داهێنان و بەرەوپێش چوونیشم ڕاگەیاندبوو، بەتایبەتی لە نووسینی پێشوومدا کە بەناوونیشانی (پاڵتۆکەی میر پۆشاکێک بۆ داهێنان) بڵاوکرایەوە، لەوێ باسم لە بەهرەیەکی تری داهێنان و گەشەسەندن کردبوو، ئەویش شانۆیی (من و شێت) کە لە نووسین و دەرهێنانی (کارۆخ ئیبراهیم) بوو.

لە ڕاستیدا لەمەوپێش بۆم نەلوابوو بە کاری ئەو گرووپە ئاشنابم و لە خزمەت بەرهەمەکانیاندا بەشادی ڕابمێنم، چونکە ئەم گرووپە، واتە (گرووپی لاو بۆ شانۆ) ئەمە پێنجەم بەرهەمیانە کە کارۆخ ئیبراهیم نووسیویەتی و کاری دەرهێنانیشی هەر خۆی ئەنجامی دابوو.

جا لێرەدا دەمەوێت ئەو خەمخۆرانەی شانۆی کوردی ئاسوودە بکەم و دڵنیایان بکەمەوە کە شانۆکەمان هێشتا گەشاوەیە... قەیران نەیتاساندووە و هێشتا کپ نەبووە، بەپێچەوانەوە گەشەسەندن بەردەوامە و شانۆیی (من و شێت)یش یەکێکە لەو کارە جوانانەی کە لە ساڵی (٢٠٠٩)دا پێشکەش کراوە و شیاوی ئەوەیە کە لە چەند ڕوویەکەوە تیشکی ئاراستە بکرێت و لایەنە گەشەکانی دیاری بکرێت.

هەر بۆ ئەو مەبەستەش لایەنە جیاجیاکانی ئەو نمایشە لێکدەترازێنم، تا وردتر نیشانی خوێنەرانی بدەم، دەنا بەرهەمەکە خۆی نمایشێکی تۆکمەی توندوتۆڵی یەک پارچەیە، کەرت کردن و پەرت پەرت بوون پەرچ دەکاتەوە، ئێمە بەپێی پلانی ئەم نووسینە ڕێگە بە خۆمان دەدەین ئەو نمایشە بەش بەش بکەین تا بە سانایی لایەنەکانی دەرەوشاندنەوە و گەشبوون بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەستنیشان بکەین:

(١) دەق: شانۆیی (من و شێت) دەقێکی خۆماڵییە و شایانی ئەوەیە وەک دەقێکی پێگەیشتووی خۆماڵی جێگەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت کە لایەنە هونەرییەکانی نووسینی شانۆیی تێدا ڕەچاو کراوە و سەرکەوتووانە لە داڕشتنی ڕەگەزەکانی شانۆییدا وردبینی کراوە، ڕەگەزەکانی

بابەت، ڕووداو، کات، شوێن، کەس و شێوازی دارشتنی زمان زۆر تۆکمە و هونەرمەندانە ئاوێتە کراون و یەکتری تەواو دەکەن و کەشێکی گونجاو بە باڵای دەقەکەدا دەبڕن کە لە زۆر شوێندا شعرییەت دەدرەوشێتەوە و جێ پەنجەی شاعیرێک دەبینرێت، ئەوەیش کە شایانی وردبوونەوە و مایەی سەرنجە و نابێ ڕاگوزەر بەسەرماندا تێپەڕ ببێت بابەت و ڕووداوی دەقەکەیە.. بێ ڕووپامایی دەبێت زۆر شانازی بکەین بەوەوە کە وەک پێشدەستی لاوێکی کورد بابەتێکی زۆر هەستەوەر دەورووژێنێت و هەست بەو دۆخە گرنگە دەکات کە لە ڕۆژهەڵات و سەرتاسەری دنیادا بووەتە کێشە و ژیانی مرۆڤایەتی لە سێبەری ئەوەدا قەتیس کردووە، ئەگەر نەڵێم هەمووی ئەوە زۆر ئاساییە بڵێم زۆرینەی کێشەکان ئەمڕۆ لەسەر گۆڕەپانە جیاجیاکانی دنیادا وابەستەی ئەو بابەتەن کە پێی دەوترێت دژواری، یان کێشەی نێوان ئایینەکان، ئەم دەقەش لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە کێشەیەک بەڕێوەیە پێی دەوترێت فرەئایینی و بوونی ئایینی جیاجیای وەک (ئیسلام و جوولەکە و مەسیحی) واتای بوونی هاڤرک و کێشمەکێش.

نووسەری ئەم دەقە هۆشمەندانە کارەکە ئەنجام دەدات و بە وریاییەکی زۆرەوە ئەمبازی بابەتەکە دەبێت و لە ئامێزی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەیخەملێنێ، کوڕێکی ئیسلام و کچێکی (دیان) نابێت توخنی یەک بکەون، کەچی کارۆخ چرای سەوز بۆ خۆشەویستی دادەگیرسێنێ بەڵام بێ ئاکامە... خۆشەویستی لە جیهانێکی وا ئاڵۆز و پڕ دووبەرەکی و هاڤرک و دژواریدا جێی پێ تەنگ دەبێت دەتاسێت، لێرەدا کاری نووسەر کۆتایی نایەت، بەڵکو لێرەوە دەست پێدەکات. بەڵێ نووسەر لەو دەقەدا مرۆڤایەتی دێنێتە گۆ تابڵێن بۆ؟ بۆ... ئا ئەمە کاری هۆشمەندانەی نووسەرێکی بەهرەمەند و توانایەکە بەو مەبەستە دەقێک بنووسێت و پرسیار بورووژێنێت...؟

نووسەر لە پاڵ کێشەی فرەئایینی و دژوارەکانیدا ئاوڕ لە کێشمەکێشی نێوان نەوەکان دەداتەوە و لە ئاستی پێوەندی دوو نەوەدا دیسان تێڕامان و پرسیاری تر ئاراستەی بینەر دەکات لە بەرانبەری بیرکردنەوەی (باوک و فەرزەند)دا وەک دوو نەوە، دوو خواست، دوو دیدگای جیاواز بۆ شتەکان، یان دوو ئاراستەی جیاوازی شارستانی لە دوو قۆناغدا. لێکترازاندنەکانی ئەو دوو نەوەیە دەکەونە بەر گومان و پرسیارەکانی (کارۆخ)ی نووسەری ئەم دەقە، هۆشمەندانە بینەر بەرپرسیار دەکات و دەیخاتە بەردەم وەڵامدانەوەوە، با ئەویش لە دیدگای خۆیەوە بە دوای وەڵامی پرسیارەکاندا بگەڕێت.... (بۆ)! بۆ وا بین، بۆ وا نەبین؟ بۆ وا بکەین بۆ وا نەکەین؟ و زۆر (بۆ)ی تر کە گشتمان لە وەڵامدانەوەی بەرپرسین.

## دەرهێنان



**شانۆگەری «من و شێت» نووسین و دەرهێنانی (کارۆخ ئیبراهیم)**
**فۆتۆ: سەفین حەمید**

پرۆسەی دەرهێنان لەمڕۆدا بازنەیەکی کار و ئاوێتەبوونی پێکهاتەکانی نمایشی شانۆییە، ئاستی سەرکەوتن و گەشەکردنیش وابەستەی تەکنۆلۆژیایە، ئێستا دەرهێنان لەوە دەرچووە دەرهێنەرەکەی تەنیا پلانێک دارێژێت و ڕێنمایی کردنی ئەکتەرەکان بەپێی پلانەکە بۆشاییەکانی شانۆکە پڕ بکەنەوە. گرنگترین ئەرکی دەرهێنەر لە شانۆی نوێدا بریتییە لە شیکاری دەقەکە و ئاوێتەکردنی لەگەڵ پێکهاتەکانی سینۆگرافیا و تەریب کردنیان بەهێڵی گونجاو لەگەڵ بنیادەکانی نواندنی ئەکتەرەکان و وابەستەکردنی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی پێکهاتەکان بە جەستەوە، ئەمەش بە سوود وەرگرتنی تەواو لە تەکنۆلۆژیا دەبێ.

جا ئەم ئەرکە گرنگە وەک تواناو بەهرەی هونەری ستانداردو پرۆفیشناڵ تا ئێستا لە کوردستاندا کارێکی ئاستەم و ئاڵۆزە و چەند هۆکارێک لێی بەرپرسن، سەرەکییەکانیان دووخاڵی دیارن یەکەم: نەبوونی هۆڵی شیاو بەپێی ستاندارده جیهانییەکان و دووەم: نەبوونی ئامێرو تەکنۆلۆژیای پێویست بۆ نمایشی شانۆیی، جا ئەو تەکنۆلۆژیایە کاریگەرەکانی بواری کارتێکەرە تیشکییەکان، یان دەنگەکان، یان ڕەنگییەکان، یان هی تر... گشتیان لەبەردەم دەرهێنەرەکانی وڵاتی ئێمەدا دەگمەنن... نەک هەر ئەوە، بەڵکو بوارەکانی فێرکردن و داهێنانیش هەر دەگمەنم... نە خولێکی ڕاهێنان نە کۆرسێکی خوێندن لە ئەکادیمیا جیهانییەکان نەدەست گیرۆییەکی زانستی دەرهێنەرەکانمان هەیە تا شارەزایی لە بنەما هاوچەرخەکانی دەرهێنان پەیدا بکە بۆیە ئەگەر بڵێم کە دەرهێنەرە لاوەکانمان کە (کارۆخ ئیبراهیم) یەکێکە لەوان شایەنی دەستخۆشی لێکردنە، بەڵکو لەبەردەم کارێکی وەک نمایشەکەی (من و شێت)دا ڕادەمێنین و لەوە زیاتریش دەبێژین و دەڵێین ئەمە کارێکی ئەفسووناوییە ئەم وتەیەم بەهەڵە لێ وەرمەگرن.

ئاخر گەر ئەفسوون و جادوو لە ئارادا نەبێت، ئەی چ

بەهرە و توانایەکی داهێنەرانە توانی هۆڵێکی پەرپووت و داڕووخاو و شانۆییەکی دارزیوی فەرامۆشکراو بکاتە بەهەشتی جوانکاری و نمایشێکی وای تێدا ساز بدات کە لە هەر (سنتم)٢، لە پانتایی هۆڵ و شانۆکەدا ورشەی جوانکاری و تیشکی گوڵە تێرەیەک فێرگەی چاوەکان بێت. تەنیا مشتێک یاری ئاگرین و بریسکە (کە لە یاری منداڵان)دا دادەنرێن بە دەستی (کارۆخ)ەوە دەبێتە دەزگایەکی تەواو بۆ درەوشانەوە و هێمای پڕ جوانکاری و سیمای تایبەتی بەخۆی دەخولقێنێ.

بەڕاستی پێش هەموو شتێک ئەم نمایشە شایەتی دەدات کە دەرهێنەر بەهرە و سەلیقەیەکی هونەری چاک پەروەردە کراوی هەیە و لە ئاستی جوانسازیدا کەم تەرخەمی پێوە دیار نییە و شایەنی ستایشە. خاڵێکی تر کە ئەو بۆچوونەمان زیاتر بەرەو ڕاستی دەبات، هەڵسوکەوت کردنی دەرهێنەرە لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا کە بەپێی پلانێکی تایبەت هەڵیبژاردوون، نەک هەر هەڕەمەکی بەڵکو بەرنامەڕێژی (کارۆخ)ی بەرەو سلێمانی هێناوە و لەوێ کاک (عومەر دڵپاک) هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی ببێتە کارەکتەری یەکێک لە کەسەکانی دەقەکە، دیارە لە هەڵبژاردنی ئەکتەرەکانی تریشدا بە هەمان شێوە کاری کردووە و سوود لە گشت تواناکانی ئەو ئەکتەرە وەردەگرێت، تا پلانە تایبەتییەکەی جێبەجێ بکات (دەنگ، پۆرترێت، بەژن و باڵا، توانا جەستەییەکان... تاد) لەم ڕووەوە سوود لە (ئەنتوان ئارتۆ) وەردەگرێت.

بەتایبەتی بنەما هزرییەکانی شانۆی توندوتیژی لە دووتوێی پێوەندییەکی هاوتەریبدا دەخەملێنێ و وردە وردە کارەکەی لە شانۆی (وێنە)دا بەرجەستە دەکات و بینەریش لەگەڵ ڕووداوەکاندا تووشی ڕاچەنین و ڕامان دەکات و چەند پرسیارێک لە ناخیدا پەنگ دەخۆنەوە و لەگەڵ بۆشایی شانۆ و سینۆگرافیا و جەستەدا پرسیارەکان جۆش دەداتەوە و بەهەموان بۆ وەڵام دەگەڕێن، تا دەرهێنەر بە هاناوە دێت و ئەگەرەکان دەخاتە پێش چاو، بەڵام خۆی دەستەوسان نابێت، بۆ وەڵامی گشت پرسیارەکان دێتە دەست و بە تابلۆیەکی شێوەکاری گشت بۆچوونەکان پەردەپۆش دەکات...

ئەو تابلۆیە بۆ خۆی شیاوی تێڕامان و وردبوونەوەیە چ لە ڕووی پانتاییەکەیەوە کە پڕ بە پڕی تەختەی شانۆکەیە، چ لە ڕووی ڕەنگەوە کە (ڕەشە)، پاشان شیکاری پێکهاتەکانی تابلۆکە کە بریتییە لە دوو نەمامی وشک هەڵاتووی بێ گەڵا، کە هێمای دوولاوی خێر نەدیون، هێمای هەڵوەرین و وشک بوونەوەن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرهێنەر و نووسەری ئەم شانۆیە لەگەڵ توندوتیژییەکەیدا تارمایی و ڕەشبینی و نائومێدی دەبەزێنێ و بینەر تەنگەنەفەس ناکات و بە ورياييەکی پڕ داهێنانەوە (بە



**شانۆگەری «من و شێت» نووسین و دەرهێنانی (کارۆخ ئیبراهیم)**
**فۆتۆ: سەفین حەمید**

چنگێ بریسکە) چەپکی ئەستێرە دەپڕژێنێ و دوو درەختە وشک هەڵاتووەکە ئەستێرە باران دەکات، شانۆکەش لە گەڵیدا ڕۆشن دەبێتەوە. نمایش و بینەر لە ژێر پڕشنگی گوڵەستێرەدا ماڵئاوایی لەیەک دەکەن.

بەکارهێنانی کەرەستەی سادە و ساکار بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە گرنگەکانی بەردەم پرسیارە بێ وەڵامەکانی بینەر، سیمایەکی تری داهێنان و دەستڕەنگینی و بیر وردی (کارۆخ)ن کە هێندە پڕ وزە و جۆش بەخشین و داهێنانە وەک کورد دەڵێ: (جێ بە خۆی ناگرێت)... لە هەر هەنگاوێکدا پێگەی هەنگاوێکی تر خۆش دەکات، ئامادەگی بازدانێک دەسازێنێ، بۆیە دڵنیام لە داهاتووی پڕ بەخششی ئەم نووسەر و درهێنەرە لاوە.

## نواندن

لە ڕاستیدا هەر یەک لەو ئەکتەرانەی ئەم نمایشەیان بەرجەستە کرد شایانی دەستخۆشی و گوڵبارانن، ئەگەر بمانەوێت وەک پێویست ئاستی تواناو بەهرەی هەریەکەیان هەڵسەنگێنین، ئەوە دەبوو چەند جارێک، بگرە گشت ڕۆژەکانی نمایشەکە بە وردی چاودێری هەر یەکە لە ئەکتەرەکانی ئەم نمایشەمان بکردایە، هاوسەنگی جووڵە و بزاوتن و دەنگ و ئاستی (نواندن)ی دیمەن بە دیمەنمان بکردایە، بۆ ئەوەی لە دیمەنە جیاجیاکانی نمایشەکەدا بەرزترین و نزمترین ئاستی ئەو ئەکتەرە دیاری بکەین...!

ئەوسا دەوترا نواندن وەک پێویست هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، بەڵام لەم بارودۆخەی کە من ئەم نمایشەم تێدا دی

هێنده لواوه كه بەگشتی سەرنج بدەم، به تایبەتی دوو نەوە دەبینرا، یەکێکیان (نەوەی پێشوو) که باوکەکان بوون و (نەوەی نوێ) که فەرزەندەکانن، ئەم دوو ئاستە خۆیان نەوەی دوو ئەزموونی جیان، بۆ نموونه کاک (عومەر دڵپاک) باوکی کوڕ و کاک (حەمه سەعید) باوکی کچ.

دوو کەسی به ئەزموون له بەرانبەر یەکتریدا و له بەرانبەر (بەهمەن حاجی) و (ژیار ئیسماعیل)، واته کوڕ و کچەکانیان هێنده تەباو هاوکێش و هێنده به هۆشیارییەوه ڕۆڵی خۆیان دەبینی، که بینەر له دووتوێی دیمەنەکاندا هەست به ناتەبایی و شلۆقی نەکات، ئەمەش خۆی بەڵگەی به توانایی ئەکتەرەکانه که نەیانهێشتووه کەلێن و بۆشایی له نواندنی ڕۆڵەکانیاندا پەیدا ببێت.

یەکێک له فاکتەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی نواندن بریتییه له هاوسەنگی نێوان کەسایەتییەکان له نواندندا... جا (ژیار ئیسماعیل) و حەمه سەعید ئیبراهیم (باوک و کچ) لەسەر شانۆ هەرچەند دوو نەوەن، که ٣٠ تا ٤٠ساڵی تەمەن و ئەزموون له نێوانیاندایه، کەچی ئەمان و (عومەر دڵپاک و کوڕەکەی) هەر به هەمان شێوه هێنده تەریب و هاوکێشن وەک یەک قەبارە بەرجەستە دەبن، ئەمەش گەواهی به توانایی و سەرکەوتوویی ئەکتەرەکان و پلانی دەرهێنەریشه له بواری نواندندا، که له کەشوهەوای نمایشەکەدا جێگیر بووه و به تۆکمەییەوه ئاوێتەی پێکهاتەکانی تری نمایشەکە بوو.

**نیگاکانی بینین**

له ڕاستیدا نمایشی چالاک و زیندوو ئەو نمایشەیه بینەر له ئامێز دەگرێت و دیدگای ڕۆشن دەکات و سەر لەنوێ به جیهانێکی تری ئاشنا دەکات، که بەکاریگەری نمایشەکە سەرلەنوێ واقیع وێنا دەکاتەوە و به ئەزموونی خۆی ڕاڤەی تایبەت بۆ ئاستەکانی بوون دەکات، لەم نمایشەدا پێوەندی بینەر و نمایشەکە پێوەندییەکی چالاک و نێگەتیڤه بەهۆی سیمانتیکای نمایشەوە زۆر شت بەرینتر و واتای زیاتر دەبەخشێ، هەر بۆ نموونه چەند خاڵێک دەخەینه ڕوو، لەوانه (شووشه) کوڕە عاشقی ئەم چیرۆکە لەبەرانبەری ئەو ستەمەی لێی دەکرێت و له خۆشەویستەکەی دادەبڕێت و ئەم دەچێ درەختێک دەڕوێنێ، بەڵام بەشووشه ئاودێری دەکات، بۆیه ئەوان هەوڵ دەدەن شووشەی لێ قەدەغه بکەن، کەچی ئەم کۆڵ نادات.

ئەم کۆڵ نادات و گشت تواناکانی دەخاته کار بۆ بەدەستهێنانی شووشه، پیاڵه، پەرداخ، هەرچی شووشەیەکی تر پەیدا دەکات و وردوخاشی دەکات، تا درەختەکەی پێ ئاوبدات. باشه بۆ شووشه نووسەر و دەرهێنەر چ نیازێکیان هەبوو، بێ گومان شووشه وەک ڕەمز بەکارهاتووه، دیاره که شووشه ڕەمزی پاکی و جوانی و ناسکییه. واته لاوان دەستەوسان نابن و لەبەردەم گرفت و کۆسپەکانیاندا دەستەپاچه نین و درەختی هیوا بەشووشه ئاودێر دەکەن و ناهێڵن وشک ببێتەوە.

له جوانسازییەکی تری ئەم نمایشەدا گەلێک ئەکسسوار و کەلوپەل و (تیشک) بەشێوازی جۆراوجۆرو بەکارهێنانی تایبەت له نمایشەکەدا بەدەروشاوەیی دەردەکەون. بۆ نموونه بۆچی کورسی کەم ئەندامانی بۆ (عومەر دڵپاک) بەکارهێناوه که باوکێکی توندڕەوی (سەلەفییه) لەسەر کورسی کەم ئەندامانه، دەشکرا لەسەر قاچی خۆی ڕاوەستایه، ئەی بۆ؟ خۆ ئەگەر ئەو کورسییه بێ ئەرک و وەزیفەیەکی هزری و ئیستیتیکی نەبێت، بەکارهێنانەکەی نەشیاو دەبوو، بەڵام زۆر به هێمنی مەبەستی (کارۆخ) لەو کورسییەدا کاریگەری خۆی نواندووه، ئەو کورسییه دەڵێت ئەم مرۆڤه و بیر و ڕەفتارەکانی ئێستا ناتوانن خۆیان بەپێوه بگرن! ئەو کورسییه هێندەی هێما لەبیر و بۆچوونی خاوەنەکەی دەکات هێنده هێما له بوونی خۆی (وەک ئامێر) ناکات، واته ئەو کەسانه له ڕووی ژیاری و شارستانییەوە کەم ئەندامن.

بێ گومان زۆر وردەکاری تر هەن که هێمان و له ئامێزی سیمانتیکادا خۆیان والا دەکەن، به تەنیا نووسین خۆیان بەدەستەوە نادەن! بەڵکو دەبێت له کرۆکی نمایشدا دەستیان بخرێته سەر، له پاڵ ئەوانەدا ڕووناکی و مۆسیقاش بەجیا و پێکەوە له ئاوێته بوونێکی هۆرمۆنیدان و ئەرکی هزری و جوانسازی بەجێ دەگەیەنن و بەپێی پلانێکی هونەری و مەعریفی دانراون و بوونەته ڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکی لەم نمایشەدا و وابەستەی ئاستی سایکۆلۆژی کار و ڕووداوەکانن، ئەمه بێجگه لەوەی که ڕووناکی پێکهاتەیەکی گرنگی سەر شانۆشه وەک دیکۆرە تیشک که سەرجەم ئەم ڕەگەزانه بنیادی گەش و سەرکەوتنی نمایشی شانۆیی (من و شێت)ن، که شیاوی دەست خۆشییه لەم نووسەرە پڕ بەخششه که تەنیا هەر خۆی دەزانێت کێ شێته و بۆ شێته، ئیتر ئەو خۆی لێ دەرباز کرد، بەڵام ئیمەی بینەر ناچار دەکات که بۆ وەڵامی پرسیارەکان بگەڕێین و بزانین کێ شێته؟! بۆ شێته؟! چۆن چارەسەری بکەین.. بەڕێزان نەیبەنه لای شێخ، چونکه شێتتر دەبێت. هۆشمەندانه بچن به هانایەوە با کەسی تر بەدەردی ئەو نەچێت.

به هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی نوێ و ڕێز و خۆشەویستیم ئاراستەی یەکەیەکەی ئەو گرووپه دەکەم و به ڕێزەوە دەڕوانمه ئەرک و ماندووبوونیان. خۆزگه نمایشەکانیان دەبرا بۆ زۆر جێگای تریش، تا عاشقانی شانۆ لەو نمایشه جوانانه بێ بەش نەبن.

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# دیالۆگ– Dialogue

دیالۆگ لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە بریتییە لە گفتوگۆ و ئاخاوتن، بەڵام هەموو گفتوگۆ و ئاخاوتنێک دیالۆگ نییە. لە دیالۆگدا ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بۆ گفتوگۆی دووکەس دەچێ کە هەر یەکەیان پشت بە بیروبۆچوونی خۆی دەبەستێ و هەریەکەیان پشت بە بەڵگە و سەلماندنی خۆی دەبەستێ، لە تیۆری ئەدەبی، دیالۆگ وەک فۆرمێکی وەسف کردن دێتە بەرچاو، یان وەک فۆرمێکی ئەدەبی کە لە وەسف نزیک بێ، یان لاسایی وەسف بکاتەوە. دیالۆگ فۆرمێکی کۆنە و مێژوویەکی سەربەخۆی هەیە. دیالۆگی فەلسەفی تاڕادەیەک لەگەڵ فەلسەفە لە یۆنانی کۆن لە دایکبووە.

ئەفلاتوون بە دیالۆگ بیر و فەلسەفەی سوکراتی نووسیووەتەوە، بە چەشنێک ئەم گفتوگۆیە پیشان دەدات، لەناو دیالۆگەکان هەردەم یەکێ لە فەیلەسووفە سۆفیستەکانی تێدەخا، وەک: پرۆتاگۆراس، یان گۆرگیاس، دێن و گفتوگۆکان ئاڵۆزتر دەکەن.

دیالۆگی فەلسەفی بیروبیرکردنەوە لە شێوەی (کردە) پیشان دەدا، یان لەشێوەی کردە دادەڕێژرێ، کە لەبەرچاوی خوێنەر بنیاد دەنرێ و گەشە دەکات، ئەمەش زۆر جیاوازە لەو دارشتنە فەلسەفییەی کە وەک سیستمێکی داخراو خۆی ڕەپێش دەکات.

دیالۆگ لە فەلسەفەدا تاڕادەیەکی زۆر، لە ئەنجامی سەرهەڵدان و گەشەسەندنێکی سەربەخۆ، شێوەی جۆرێکی فەلسەفی سەربەخۆی وەرگرتووە، ئەم جۆرە (ژانر)ە فەلسەفییە بەتایبەتی لە سەدەی هەژدەم، لەپێش شۆڕشی فەرەنسی دەگاتە ئەوپەڕی گەشەسەندن. یەکێ لە دیالۆگە ناسراوەکانی ئەم سەردەمە، کتێبێکی دیدرۆ-یە بە ناوی (گفتوگۆ لە بارەی کوڕی سروشتی– Entreti-ens sur Le Fils Naturel) کە تێیدا نووسەر لەشێوەی دیالۆگ ڕوانینی خۆی لەمەڕ درامای بۆرژوازی دەخاتە ڕوو.

دیالۆگ لە ڕووی لاسایی کردنەوە (لاساکردنەوە)– mimetique، زۆر لەلای ڕۆماننووسەکان بەکاردەهێنرێ بۆ چالاکی و زیندوێتی خستنە ناو کەسایەتییەکانی کە ڕاستەوخۆ قسە دەکەن. بەشداری و ڕادەی بوون و نەبوونی دیالۆگ بەرانبەر بە وەسف لە ڕۆمانێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، ئەمەش کێشەیەکە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە گێڕانەوەوە هەیە.

لە درامادا دیالۆگ هەمان ئەو هەڵکەوتەی هەیە کە وەسف لە ڕۆماندا هەیەتی، خەسڵەتێکی سەرەکییە، هەموو ڕووداو و پێوەندییەکان لە دیالۆگی دووکەس، یان زیاتر دەردەکەوێ، بەڵام ئەو کاتەی کە مۆنۆلۆگ، یان

مۆنۆدرامای تێدەکەوێ، دیالۆگ بوونی نامێنێ.

زمانی دراما بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن ئێشیل-Eschyle-ەوە داهێنراوە، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە ئەکتەری دووەمی بۆ دیمەنەکان زیادکرد. پێش ئەو، دیالۆگ، یان گفتوگۆ تەنیا لە نێوان ئەکتەرێک و کۆڕاڵدا هەبووە، هەر ئەم دووەش پاڵەوانی سەرەکی دراماکان بوون.

دراماى ڕۆژئاوا، لەم ڕووەوە، بەتایبەتی لە سەدەی هەژدەمەوە، هەندێ تایبەتی هونەری وەردەگرێ، ئەگەر دیالۆگ زۆر درێژبوایە لەنێوان دووکەس، پێی دەگوترا تیراد- Tirades، (تیراد بۆ خۆی لە ڕەگی تیرێ- Tir-er- ەوە هاتووە، کە بە مانای درێژکردنەوە دێ.) ئەمەش لە شانۆ و درامای کلاسیک زۆرە. بە پێچەوانەوە، ئەو دیالۆگەی کە لەشێوەی پەرچەکرداری خێراو کورت لە دراما هەستی پێدەکرێ- کە زۆرجاریش بە چوارینی شیعری دەگوترێ، لە شانۆی کلاسیک پێی دەگوترێ: Stichomythie.

لە درامای هاوچەرخ، بەهۆی نوێبوونەوە، هەروەها ئەمڕۆ بە کاریگەری مۆدێرنیتێ، ئەم تایبەتمەندییانە بزربوونە.

لە ڕۆشنبیری کوردیدا، دیالۆگ پانتاییەکی زۆر کەمی داگیرکردووە. هۆیەکەشی بۆ تایبەتمەندی کولتووری و ڕۆشنبیری کوردی دەگەڕێتەوە، تارادەیەک دیالۆگ لە هەموو ڕۆشنبیری گەلانی موسڵمان لاوازە، چونکە ژانرێکی ئەدەبی لە شێوەی ڕۆمان و دراما و فەلسەفە، لەسەردەمە کۆن و نوێیەکان لەناو ئەم گەلانە لاوازبووە، بگرە هەر نەبووە. لەسەردەمی نوێ، لە ڕۆمان و دراماکان بوونی هەیە، ئەمەش بەڕای ئێمە بۆ کاریگەری ڕۆژئاوا و هێرشی مۆدێرنیتێ و بە جیهانی بوون دەگەڕێتەوە.

### ئەفلاتوونیزمی نوێ - Neo- Platonisme

ئەفلاتوونیزمی نوێ ڕێبازێکی فەلسەفییە، لەناو فەلسەفەی ئەفلاتوون خۆی سەری هەڵداوە. ناسراوترین فەیلەسووف کە بە دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە لە قەڵەم دەدرێ، پلۆتین- Plotin-ە کە لەنێوان (٢٧٠ بۆ ٢٠٥ پ.ز.) ژیاوە.

پلۆتین (کە لەناو عەرەبەکان بە فلوتین ناوی هاتووە.) لە خێزانێکی ڕۆمانی لە دایکبووە و نیشتەجێی میسر بووە، بەتایبەتی لە شاری ئەسکەندەرییە. پلۆتین بە دامەزرێنەری قوتابخانەی فەلسەفەی ئەسکەندەرییەش ناسراوە. (دەبێ بزانین کە لەو سەردەمەدا تەواوی باکووری ئەفریکا، بە تایبەتی شارەکانی لێوار دەریا، زۆربەیان بەشێک بوون لە ئەمپراتۆری ڕۆمانی، هەڵبەت وێڕای تورکیا و سوریا و لبنان و ئیسرائیل و فەلەستینی ئەمڕۆ). پلۆتین خاوەنی کتێبێکە بەناوی -Enneades، تێیدا ڕوانینی خۆی پیشان دەدات. بیروبۆچوون، یان فەلسەفەی پلۆتین لە تەورات و ئینجیل کە لەلایەن باوکانی کڵێسا نووسراوەتەوە ئامادەیی هەیە، ئەمەش تا سەردەمی بووژانەوە درێژ دەبێتەوە، بە پلەی یەکەم بەهۆی کاریگەری وەرگێڕانی لەلایەن بانکێت- Banquet کە لەلایەن مارسیل فیچین Marsile Ficin (١٤٤٣-١٤٩٩) لە فلۆرەنساوە ئامادەکراوە.

لە بانکێت (داوەت کردن) هاتووە (کە لە ٣٨٥ پ.ز) نووسراوە. دیالۆگێکی فەلسەفی لەژێر ناوی- ئاخاوتنێک لە بارەی خۆشەویستی- Discours sur Lamour- لەگەڵ سوکرات هەڵبەت بە ئامادەبوونی هەندێ خەڵکی ئاتێن (أثينا)، لە بارەی پلەکانی خۆشەویستی دەکرێ.

لە خۆشەویستییەوە بۆ خۆشەویستی لەش، بە تێپەڕین بە خۆشەویستی گیان و خۆشەویستنی ئایدیا (فکر). گوایە خۆشەویستی لەش و گیان لە چاو خۆشەویستی ئایدیا لە پەرچەکردارێکی سادە و ساکار زیاتر نییە. بیری ئەفلاتوونیزمی نوێ کە دەکا بیری پلۆتین لەسەر ئەو باوەڕە کۆنە دامەزراوە کە خۆشەویستی مرۆیی جگە لە ڕوخسارێکی سادە و ساکاری خودایی زیاتر نییە.

ئەم ڕوانینەش لەسەردەمی نوێ، بەتایبەتی لەسەردەمی بووژانەوەدا زۆر کاری لە شیعر کردووە، بەتایبەتی لەو جۆرە شیعرەی کە لە ڕۆژئاوا بەشێوەی خۆشەویستی ناسراوە- Poesie delamour- لەم جۆرە شیعرانە ئەوە پیشان دراوە کە ئەو خۆشەویستییەی تیایەتی فۆرمێکی ناتەواوی خۆشەویستی خوداییە، یان کۆپییەکە لەم و لە خوارەوەی ئەوە.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی چواردەمین ساڵەی تەمەنی ڕامان

# چواردەساڵی ڕامان لە حەوت خاڵدا

**عەبدولخالق یەعقووبی**
**(زانکۆی جیهان- هەولێر)**

(١) ڕامان لەسەروبەندی قەیرانێکی قووڵی سیاسی و ملمڵانەیەکی توندوتیژی حیزبایەتی و تاڕادەیەک لە ئاکامی ئەم کێشانەدا لە دایک بوو، بەڵام هیچ کات دەروەستی کایەی ڕووتی سیاسی و ملکەچی ئیرادەی ڕەهای حیزبایەتی نەبوو.

(٢) ڕامان دەرکەوتێک بووە لە میراتی کولتووری سیاسی کوردی، بەڵام دەسکەوتەکانی دەکەوێتە خانەی سیاسەتی کولتوورییەوە؛ ئەگەرچی ئەم سیاسەتە نە لەسەر دەستی عەقڵانییەتێکی سیستماتیک بووە و نە لە چوارچێوەی سیستمێکی عەقڵانی.


(٣) ڕامان یەکێک لەو گۆڤارە دەگمەنانەیە کە دەورێکی بەرچاوی گێڕابێ لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ئەدەب و کولتووری کوردی، لە کاتێکدا خۆی نەبووبێ بە پەڵەی هەڵەیەکی کولتووری بەنێوچاوانی کۆمەڵگاوە. سەرنجی ئەم هەمەوو بلاڤۆکانە بدەن کە ڕۆژانە چۆن گاڵتە بە زمان و هزر و کولتوور دەکەن و لە هەمان کاتدا لە پێناویشیدا لەلایەن میریبە هەمەڕەنگە خۆماڵی و ناخۆماڵییەکانەوە شاباش دەکرێن.

(٤) ڕامان لە ئاست هەمەوو قەڵەمێکی بوێردا سنگفراوان بووە، بەڵام هەندێ جار ئەم دڵاوایییەی ڕێگربووە لەبەردەم لە بێژنگ دانی تاقمێک قەڵەمی بوێر بەڵام بێ ئەزموون. قەڵەمی بوێر ڕەنگە چاونەترس بێ، بەڵام قەڵەمی بە ئەزموون چاوکراوەشە. زۆر بە ڕاشکاوی بیڵێم دەردی ئەدەبی ئێمە دەردی بێ ئەزموونییە؛ ئێمە زۆر لە پڕێک دەبین بە کوڕێک.

(٥) ڕامان گرینگییەکی شایانی سەرنجی بە وتووێژ داوە بە شێوەیەک کە ئەم بەشە لەم گۆڤارەدا وەک نەریتێکی سەقامگرتووی لێهاتووە. تەنیا ڕەخنەیەک کە دەکرێ لەم بەشەدا ڕووی لە ڕامان بێت ئەمەیە کە کەم هەوڵ دراوە وتووێژ نەتەنیا لە پێناوی ورووژاندنی نووسەر، یان هونەرمەند بێ بۆ باس کردن لەخۆی، یان لە کارەکانی خۆی، بەڵکو هاندەریشی بێت بۆ باسکردن لە ئەدەب و هونەر و هزر بە گشتی. ئەو کارەی کە لە زنجیرە وتووێژەکانی شوکور مستەفادا کرا و سەرکەوتووانەش کرا. با نەڵێین ئاستی نووسەری کورد هەر ئەوەندەیە. دڵنیا بن هەندێ جار پرسیاری مشتومڕ وروو‌ژێن وەڵامی هزر هەڵتەکێنی بە دوادا دێت.

(٦) ڕامان لە کاتی ئێستادا و بە درێژایی ئەم چاردە ساڵەش لە گوازتنەوەی دەسپاکانەی بابەتدا ناوبانگی بووە. ئەمە سەلمێنەری یەک ڕاستی حاشا هەڵنەگرە: ڕامان جیدییە لە جیدی بوونی خۆیدا بۆ کارکردن لەو پانتاییەی کە پێی دەگوترێ ڕۆشنبیریی کوردی. لە بیرمان نەچێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆرن ئەوانەی قەڵەمیان بە دەستەوەیە و فشەیان بەو قەڵەمە دێت، لە گۆڤاراندا بابەت بڵاو دەکەنەوە (یان تەنانەت خۆیان خاوەنی گۆڤارەکەن) و گاڵتە بە گۆڤارەکەیان دەکەن.

(٧) ڕامان شایانی ئەوەیە لە دڵەوە پیرۆزبایی لێ بکەین و ئاواتی تەمەن زۆری و پشوودرێژی بۆ بخوازین. زۆر لە پەسندکردن دەترسم، چونکی لای ئێمە پەسندکردن ورەی ڕەخنەگرتن دەکوژێ و شەرمی ملکەچی دەسرێتەوە، بەڵام من لەو کەسانەم کە گوێیەکی سووکم هەیە بۆ بیستنی دەنگی دڵم. بۆ حاشا لە حەزی خۆم بکەم؟ ڕامان لای من بەرێزە، چونکە ڕێز لە ئەدەب و هزر دەنێ.




# هونەری شێوەکاریی کوردی پشتیوانی زیاتری دەوێ

سلێمان شاکر



ڕوون و ئاشکرایە کە هونەری شێوەکاری کاریگەریی زۆری لە پێشکەوتنی میللەتاندا کردووە، ئەم کاریگەرییەش هەر لە دێرزەمانەوە شوێنەواری لەسەر دیواری ئەشکەوتەکاندا ماوە. پاشان دەوری لە پەیدابوونی شارستانیەتەکانی میزۆپۆتامیا و فیرعەونییەکان و یۆنانییەکان و ڕۆمانەکان هەبووە و لە ڕۆژهەڵاتی دوور و سەردەمی حوکمڕانی کڵێسەکانی ئەوروپا و چەرخی ڕێنێسانس تا ئەمڕۆ جێ دەستی خۆی داناوە.

هەر لە دێرزەمانەوەش هونەری شێوەکاری کاریگەریی لەسەر شارستانییەکاندا هەبووە، سەرەتا لە ڕووی بڕوا و ئایین و لە خزمەت بەرژەوەندی پاشا و دەسەڵاتداراندا بووە لە دواییدا بووەتە سیما و نیشانەی پێشکەوتن لە بواری ڕۆشنبیری و شارستانییەتدا، بەمەش هەر شارستانییەتێک بووەتە خاوەن هونەری شێوەکاری تایبەت بەخۆی و پاش سەدان ساڵ لەبەرهەم هێنانی ئەم هونەرە، هونەری هەر میللەتێک بەناوی خۆیەوە ناسراوە، وەک هونەری سۆمەری و ئاشووری و فیرعەونی و یۆنانی و چینی و فارسی.. و تاد.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئێمە زۆر پێویستیمان بەوەیە کە لە دواڕۆژدا ببینە خاوەنی هونەری شێوەکاری تایبەت بە خۆمان کە سیفەت و سیما و تایبەتمەندی و مۆرکی خۆمانی پێوە بێ، ئەمەش هەوڵ و تەقەللایەکی زۆری پێویستە، بۆیە دەبێ ڕۆشنبیریی هونەریی لەناو میللەتەکەماندا بڵاوببێتەوە، بەتایبەتی لە ڕێگای دامودەزگاکانی فێرکردنی هونەریی وەک پەیمانگە و کۆلێژەکانی هونەر. مەرجە ئەم ناوەندانەش کەسانی بەتوانای تێدا بکرێن بە مامۆستا و فێرخوازی خاوەن بەهرەی تێدا وەربگیرێ، دوای ئەوەی پێویستییەکانیان لەلایەن حکومەتەوە بۆ دابین بکرێ، هەروەها دەبێ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە هەموو کەناڵەکانییەوە ڕۆڵێکی دیاریان لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی هونەریی و خوڵقاندنی کەشێکی ڕۆشنبیری لەناو میللەتدا هەبێ، هەروەها ئەرکی حکومەتە کە پشتگیری ناوەندەکانی فێرکردنی هونەر لە قۆناغەکانی خوێندندا بکات لە سەرەتاوە تا پەیمانگە و کۆلێژە هونەرییەکان و دابین کردنی هۆڵی نمایش کردنی هونەریی کە هەموو مەرجەکانی سەردەمیانەی تێدا بێت، بە تایبەتی پشتگیری کردنی هونەرمەندانی خاوەن بەهرە و ئەزموون، هونەرمەندانی بەهرەداری لاو و کردنەوەی پێشانگەی بەردەوام بۆیان و گواستنەوەیان بۆ سەرجەم شارەکانی کوردستان، کە ئەمەش لەلای خۆی دەبێتە مایەی بیروڕا گۆڕینەوەی هونەریی لەنێوان هونەرمەندانی شارەکانی کوردستاندا. نمایش کردنی کاری هونەرمەندانی کورد لە دەرەوەی وڵاتیش بە تایبەتی لە ئەوروپا بە مەبەستی ناساندنی هونەر و هونەرمەندانی کورد بە گەلانی دنیا ئەرکێکی دیکە و دەبێ کاری بۆ بکرێ. کە لە ئەنجامدا وردە وردە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی سیمای هونەرێکی کوردیی گەشاوە و جێی خۆی لەناو هونەری گەلاندا دەکاتەوە.